پەیامەکانی حەق و نوور

پەیامی (١٤)

# عەقیدەی نەسەفی

نوسینی

**ئیمام و عەللامە نجم الدین ئەبو حەفص عومەری کوڕی محمدی**

**کوڕی ئەحمەدی کوڕی لوقمانی نەسەفی حەنەفی (و٥٣٧کۆچی)**

شەڕحکردنی

**باوکی غەزالی مەلا ڕەزوان**

بسم الله الرحمن الرحيم

## دەستپێك بە پێنووسی باوكی غەزالی

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على سيد المرسلين، محمد وآله وصحبه أجمعين.

أما بعد:

خۆشەویستان: تەوحیدو لێكۆڵینەوە لە بابەتەكانی عەقائید واجبێكی سەرشانی گشت پەیامبەران و میراتگرانی پەیامبەران بووە لە كۆن و نوێوە، چونكە لە ڕێی تەوحیدەوە مرۆڤ بە ئیمانی نەزەری و عەمەلی دەگات، بۆ گەیشتن بە مەعریفەتی ئیلاهی و بابەتە غەیبیەكانی ئەو دیو سروشتەوە، وە ئەوەیشی كە مرۆڤ ڕزگار بكات لە سزای خواو ئاگری دۆزەخ ئەوە عەقیدەیەكی ڕاست و دروستە وەك ئەوەی لە پێغەمبەرو هاوەڵان و سەلەفی صالّی ئەم ئوممەتەو پاشینە سەر ڕاستەكانی ئەو شا ڕێگایە وەرگیراوە نەوە دوای نەوە، لە دوای وەفاتی حەزرەتی عومەرەوە دەرگاكانی فیتنە بوونەوە بەرەو ڕووی موسڵمانان، ئینجا لە دوای وەفاتی حەزرەتی عوسمان حاڵی موسڵمانان زیاتر بەرەو خراپی ڕۆیشتوو تاقمەكانی ئەهلی بیدعە سەریان هەڵدا كە لە چڵە پۆپەی توندڕەویدا بوون كە خەواریجەكان بوون، وە لەلایەكیشەوە شیعەكانیش سەریان هەڵدا لەگەڵ قەدەریەكان و موعتەزیلەكان و مورجیئەكان و جەبریەكان و كەڕامیەكان و گروپەكانی تری ئەهلی بیدعەدا، زاناكانیش دەستیان بە ڕەتدانەوەی ئەو تاقمە

گومڕابووانەیان کرد بە ئیستیدلالە عەقڵی و شەرعیەکان، وە ناوێکی مەشهوور بەو ئەهلی حەقە گوترا کە پێیان گوترا: ئەهلی سوننەو جەماعە، واتە: ئەوەی کە لەسەر ڕێبازی سوننەتی پێغەمبەرو کۆمەڵی موسڵمانانندایە، ئەم مەزهەبەش هەتاوەکوو ئەم سەردەمەی ئێمە بەردەوامە لەسەر ئەو حەق گوتنە، کە ناودارترین مەزهەبیش لەناو ئەهلی سوننە سێ قوتابخانەی مەزنن کە (ئەسەریەکان و ئەشاعیرەو ماتۆریدیەکانن) بە درێژایی مێژوو ڕەددی ئەهلی بیدعەیان داوەتەوە بەتایبەتی (ساداتی ئەشاعیرەو ماتۆریدیەکان) کە زۆرینەی زاناکانی ئەم ئوممەتە لەسەر ئەم دوو مەزهەبە موبارەکەن، مەزهەبانێکن هێڵی نێوەڕاستیان گرتووە لە نێوان عەقڵ و دەققدا، ئەمەش داخوازی شەرعی پیرۆزمان و جەوهەری سروشتی مرۆڤە، چونکە کەسانێك هەوڵیاندا بەتەنیا لە ڕێی عەقڵەوە بگەن بەحەقیقەت ئەمەش وای لێ کردن کە کورت هەڵبێنن لە بابەتە ئیلاهیەکان، وە لە هەندێ بابەتە بیستەنیەکانیش وەکوو فەیلەسووفەکان، چونکە دیققەتی تێڕامانیان پشت ئەستوور کردبوو بە عەقڵی ڕووت، ئەمەش وای کرد کە کورت هەڵبێنن، ئەمما ساداتی ئەشاعیرەو ماتۆریدیەکان سەرچاوەی تێڕامانەکانیان پشت ئەستوور کردبوو بە شەرعەوە واتە نەقڵ، لەسەر ئەساسی نەقڵ بونیادی عەقڵیان دانا، ئەمەش وای لێ کردن کە سەرکەوتوو بن، وە چەندەها بابەتی سەرسام ئیستینبات بکەن بۆ خزمەتی موسڵمانان. جا یەکێ لەو زانایانەی کە ئەو هەوڵەی داوە بۆ خزمەتی تەحید ئیمامی نەسەفیە ڕەحمەتی خوای لێ

بیّ، تێکۆشانێکی عەجیبی کردووە لە نوسینەوە بیروباوەڕی موسڵمانان، کە لەم مەتنەدا کۆی کردووەتەوە، وە چەندەها زاناش شەرح و پەراوێزیان لەسەر ئەو مەتنە داناوە، بەناو بانگترینیان شەرحی تەفتازانیە لەسەر عەقیدەی نەسەفی، ئینجا حاشیەی ڕەمەزان ئەفەندی و خەیالی کەستەلی. ئێمەش لێرەدا هەوڵماندواە بە پشت بەستن بەو شەرحەو شەرحی ترو حاشیەکان ئەم مەتنە شەرح بکەین بە زمانی کوردی شیرین بۆ خزمەتی موسڵمانان، چونکە ماوەیەکە دەبینم ئەهلی تەجسیم و گروپەکانی تر هێرشێکی زۆر نارەوا دەکەنە سەر ئەهلی سوننەو جەماعە کە ساداتی ئەشاعیرەو ماتۆریدیەکانن، ناتوانم بڵێم حەقم بەو شەرحە داوە نەخێر، بەڵکوو وەکوو قوتابییەك ویستم چەند زانیاریەکی کەم پێشکەش بە موسڵمانان بکەم، هیوادارم ئەم کتێبە ببێتە جێگای ڕەزامەندی خوای مەزن و، دڵخۆشی فەخری کائینات و هەموو زاناکانی ئەهلی سوننەو جەماعەو ئەولیاکانی خوای گەورە، وە ببێتە مایەی سوودیش بۆ گشت موسڵمانان و غەیرە موسڵمانانیش، وە داواکارم لە کەم و کوڕیەکانم ببووریّ و چاوپۆشیمان لیّ بکات، وە هەر موسڵمانێکی شارەزا بە عەقائیدەی ئەهلی سوونەو جەماعە هەڵەیەکی لەو کتێبە بینی تکایە با ئاگادارمان بکاتەوە مەمنوونی دەبین.

خوێنەری بەڕێز

١ـ هەر كاتێك لە پەراوێز ئەمەت بینی بۆ نموونە: (ب١/ل٥٤/ژ٥٤٢) ئەوە مەبەستمان بەرگی کتێبەکەو لاپەڕەی کتێبەکەو ژمارەی فەرموودەکەیە. وە ئەگەر ئەمەشت بەرچاو کەوت (....) ئەوە مەبەستمان زۆر وشەی تری زاناکە هەبووە پێویستی نەکردووە لەسەر بابەتەکە بیهێنین چونکە درێژەی بە باتەکە داوە، یاخود لەو شوێنە وتەکەی تەواو بووە وتەی شوێنی تریشمان لەدوای ئەو هێناوە.

٢ـ هەر كاتێك وشەی دانەرت لە پەراوێز بینی مەبەستم خۆمە.

٣ـ وە هەر كاتێك ئەمەت بەرچاو کەوت (د٣٤٣هـ_و٤٢٠هـ) ئەوە مەبستم ساڵی لە دایکبوون و وەفاتی ئەو کەسەیە بە ساڵی کۆچی.

٤ـ وە ئەگەر ئەم هێمایەت بینی (ك هـ) ئەوە کۆتایی بە وتەی ئەو کەسە هاتووە.

دانەر

باوکی غەزالی مەلا ڕەزوان

١٤٤٢/٤/٧ کۆچی

٢٠٢٠/١١/٢٢ زاینی

# پێناسەی ئیمامی نەسەفی

ئیمام و زاهیدو عەللامە نجم الدین ئەبو حەفص عومەری کوڕی محمدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی لوقمانی نەسەفی حەنەفیە، خەڵکی سەمەڕقەندە، خاوەنی کتێبی مێژووی خۆیەتی بە ناوی (القند فی تاریخ سمرقند)، لە نەسەف لە دایکبووە لە ساڵی (٤٦١ك) هەر بەهۆی ئەو ناسناوەشە کە دراوەتە پاڵیەوە کە پێی ئەگوترێ (ئیمامی نەسەفی).

ڕەحمەتی خوای لێ بێ ئیمام بووە لە ئوصولّ و فیقهو تەفسیرو فەرموودەو کەلام و نەحو، یەکێکە لە پێشەوا بەناوبانگەکان بەهۆی حیفزو ئیتقانیەوە، وە زاتێکی وەها مەزنە لای خەڵکی عەوام و تایبەت مەقبولە.

زانستی فیقهی لە صدر الإسلام بەزدەوی وەرگرتووە، وە لە إسماعیلی کوڕی محمدی تننوخی، وە حەسەنی کوڕی عبد الملکی قازی، وە مەهدی کوڕی محمد عەلەوی، وە عبد الله کوڕی عەلی کوڕی عیسای نەسەفی، وە عەلی کوڕی حەسەنی کاشغەری و غەیری ئەوانیش لە شێخە زۆرەکان فەرموودەی ئەگێڕایەوە.

وە لە ویشەوە ئەمانە ئەیانگێڕایەوە (محمدی کوڕی إبراهیمی تۆڕبەشتی، وە کوڕەکەی کە ئەبو لیث ئەحمەدی کوڕی عومەر)، وە خاوەنی کتێبی (الهدایة)ـش ئەفەرمووێ: "گوێم لە نجم الدین عومەر بوو ئەیفەرموو: من

فەرموودە لە پێنج سەدو پەنجا شێخەوە ئەگێڕمەوە، وە هەندێ لە دانراوەکانی ئەوم بەسەردا خوێندەوە، وە لەویشەوە گوێبیستی کتێبی (المسندات) بوومە هی خەصصاف بە خوێندنەوەی شێخ و ئیمام ظهير الدين محمدی کوڕی عوسمان، وە ناوی شێخەکانی کۆکردەوە لە کتێبێك و ناوی لێنا (تعداد الشيوخ لعمر).

ئیمامی نەسەفی دانراوی گەلێك زۆرە لە فیقهو فەرموودەو کەلام و غەیری ئەوانیش لە زانستەکان، لەوانە:

ـ مجمع العلوم.

ـ التيسير في تفسير القرآن.

**ـ العقائد (کە ئەو مەتنەیە ئێمە لەو کتێبەدا شەرحمان کردووە).**

ـ شرح صحيح البخاري ناوی لێناوە (النجاح في شرح كتاب أخبار الصحاح).

ـ نظم الجامع الصغير: هی شەیبانی لە بارەی فیقهەوە.

ـ القند في تاريخ سمرقند.

ـ طلبة الطلبة.

ـ قيد الأوابد.

ـ الإشعار بالمختار من الأشعار.

ـ المواقيت.

ئیمامی ئێمه له ساڵی (٥٣٧)کۆچی وەفاتی کردووه ڕەحمەتی خوای لێ بێ[١].

[١] بڕوانه: (المجموعة السنية على شرح عقائد النسفية)(ل٩) ط. إنتشارات كردستان

# شەرحی عەقائیدی نەسەفی

# حەقیقەتی شتەکان جێگیرن

بسم الله الرحمن الرحيم

ئیمامی نەسەفی ڕەحمەتی خوای لێ بێ ئەفەرمووێ

**قَالَ أَهْلُ الحَقِّ: حَقَائِقُ الأشْيَـاءِ ثَابِتَـــةٌ،**

حەقخوازان فەرموویانە: حەقیقەتی شتەکان سابیت و جێگیرە ناتوانرێ ئینکاری ئەو ڕاستیانە بکرێ کە لە دەوروبەرماندایە، بۆ نموونە مرۆڤ گیاندارێکی ژیربێژە بە پێچەوانەی پێکەنینکەرو نوسەر چونکە ئەکرێ بەبێ ئەو دوانەش تەصەوڕی مرۆڤ بکرێ، بۆیە هەرکاتێ تەصەوڕی مرۆڤ کرا یەکسەر ژیربێژیەت بۆ مرۆڤ سابیت دەبێ، بەڵام تەصدیقی پێکەنین و نوسەرێتی بۆ ناکرێ. مەبەست بە (ئەهلی حەق) ئەوە ئەهلی سوننەو جەماعەیە، وە ئەهلی سوننەش مانای وایە ئەوانەی کەوا شوێن سوننەت و ڕێبازی پێغەمبەرو هاوەڵان و شوێنکەوتوان کەوتوون، وە جەماعەتیش ئەوە مەبەست پێی ئەوانەی پێشووە کە باسکرا کۆمەڵی موسڵمانان. وە مانای (حەقیش) ئەوە حوکمێکە بەرامبەری واقیع بێ وەکوو خۆی، وە بەرامبەر حەقیش باتڵ هەیە، وە ئەو شتەش کە جێگیرە ئەوە وجوودە واتە: ئەو وجوودەی کە لەم گەردوونەدا هەیە. ئیمامی تەفتازانی ئەفەرمووێ: "شتیش

ئەو مەوجوودەیە کە جێگیرو تەحیقیقکراوە، وە وجودیش چەند لەفزێکی بەرامبەریەکی هەیە". ك ھ

پوختەی وتە: بڕوامان وایە کەوا حەقیقەتی شتەکان جێگیرەو ناویش لە شتەکان ئەنێین وەکوو مرۆڤ و ئەسپ و ئاسمان و ماددەو هەرچی ئەوەی هەیە لەو وجوودە، ئەمانە شت گەلێکن مەوجوودن ناتوانرێ ئینکاریان بکرێ و بگوترێ ئەمانە خەیاڵن چونکە سوفسطائیەکان پێیان وایە هەرچی ئەوەی لەو بوونەدا وجودی هەیە ئەوە لە خەیاڵێك زیاتر هیچی تر نیە کە ئەڵێن: بەس خەیاڵ ئەکەین. پێم باشە ئەو جۆرە مرۆڤانە بە دارێك دارکاری بکرێن تا بزانن لێدانەکەیان خەیاڵە یان حەقیقەت.

**والعِلْمُ بِــهـَا مُتَحقــِّقٌ خلافاً للسوفسطائية.**

وە هەبوونی زانستیش بەو شتانەوە لە ڕێی تەصەوڕات و تەصدیقکردنەوە تەحقیقکراوەو گومانی تێدا نیەو سابیت بووەو لەبەردەمانە، بە پێچەوانەی سوفسطائیەکان کە ئینکاری ئەو حەقیقەتە ئەکەن.[٢]

---

[٢] سۆفسطاء: ئیمامی تەفتازانی ئەفەرمووێ: ناوێکە بۆ حیکمەتێکی ڕووکەشکراوو زانستێکی جوانکراو (واتە: بەڕووکەش حیکمەتە کەچی لە ناوەڕۆکدا پووچەو پێچەوانەی حەقیقەتەکانە)، لەبەرئەوەی سۆفا بە مانای زانست و حیکمەت دێ، وە سطا بەمانای ڕازێنراوو هەڵە دێ، لەوەوە ناوی سەفسەطە وەرگیراوە، هەروەکوو ناوی فەلسەفەش لە فەیلاسوفا وەرگیراوە کە بەمانای خۆشەویستی حیکمەت دێ یاخود

**وأسْـبَابُ العِـلْـمِ للخَلْقِ ثَلاثَةٌ: الحَواسُّ السَّلِيمَةُ، وَالخَبَرُ الصَّادِقُ، وَالعَقْلُ.**

هۆكارەكانی بە دەستهێنانی زانستە حەقیقی و یەكلایی كەرەوەكان بۆ خەڵكی سێ جۆرە: "هەستە ساغەكان (چاوو گوێ و بۆن و تام و دەست لێدان)، وە هەواڵێكی ڕاستگۆ، لەگەڵ عەقڵ.

**فالحَـوَاسُّ خَـمْـسٌ: السَّمْعُ، والبَصَـرُ، والشَّـمُّ، واللَّمْـسُ، وبكُلِّ حَاسَّةٍ مِنـهَا يُـوقَفُ عَلَى مَا وُضِعَتْ هِـيَ لَهُ.**

پێنج هەستەكان ئەمانەن: بیستن و بینین و بۆنكردن و دەست لێدان، جا بە هەر یەكێ لەم هەستانە لەسەر ئەو شتە ئەوەستێ كە بۆی دانراوە بۆ نموونە (چاو بەس بینینی شتەكانی بۆ دانراوە، ناتوانێ ببیستێ، گوێ

---

حیكمەتی خۆش دەوێ. جا هەیە لەوانە ئینكاری حەقیەقەتەكانیان كردووەو گومانی ئەوە ئەبەن كەوا ئەو شتانە وەهم و خەیاڵاتێكی پووچن ئەمانە پێیان ئەگوترێ: عینادیەكان. وە هەیانە ئینكاری ئەو حەقیقەتانە ئەكات و گومانی ئەوە ئەبات كەوا ئەمانە ئەگەڕێنەوە بۆ بیروباوەڕەكان، هەتا ئەگەر بڕوای شتێكمان كرد كە جەوهەرە (تەنۆچكەو ماددەیە) ئەوە جەوهەرە، وە ئەگەر عەرەزوو لابەلا بوو ئەوە لابەلایە، وە ئەگەر قەدیم بوو ئەوە قەدیمە، دروستكراو بوو ئەوە دروستكراوە، ئەوانەش پێیان ئەگوترێ: عیندیەكان (واتە: ئەوەی لای من و تۆیەو بڕوامان پێی هەیە). وە جۆرێكی تریشیان هەیە ئینكاری زانست ئەكات بە سابیتكردن و سابیت نەكردنی شتەكان، وە گومانی هەیە، وە گومانیشی هەیە لەو گومانەش كە گومانی بردووە، ئەوانەش پێیان ئەگوترێ: لا ئەدریەكان (واتە: نازانمەكان). بڕوانە: (المجموعة السنية على شرح عقائد النسفية)(ل١٠٣ ـ ١٠٩).

بیستنی دەنگەکانی بۆ دانراوە ناتوانیّ ببینیّ، ئیتر هەموو هەستەکانی تریش هەریەکەو بۆ شتیّك دانراوە، وە ئیمامی تەفتازانی ئەفەرمووێ: "هیچ ڕیّگریەکیش لەوەدا نیە کەوا خوای گەورە لە دوای چاوەوە پەی بردن بە دەنگیش دابنیّ"، واتە: هیچ ڕیّگریەك لەوەدا نیەو ئەگەڕیّتەوە بۆ خودا.

## هەواڵی ڕاست و یەك بەدوای یەك

**والخَبَـرُ الصَّـــادِقُ عَـلَى نَوْعَينِ: أَحَدِهِمَا الخَـبَرُ المُتَواتِرُ، وَهوَ الخَـبَرُ الثـــَّابِتُ على أَلْسِنَةِ قَوْمٍ لا يُتصوَّرُ تَـواطُؤهُم، عَـلَى الكَذِبِ، وَهوَ مُوجِبٌ للعِلْمِ الضَّـرُورِيِّ، كالعِلْمِ بالمُلُوكِ الخَالِيَةِ في الأزْمِنَةِ المَاضِيَةِ والبُلْدَانِ النَّائِيَةِ.**

هەواڵی ڕاست و دروست دوو جۆری هەیە: یەکەمیان هەواڵی یەك بەدوای یەکە، کە هەواڵێکە جێگیربووە لەسەر زمانی کەسانێك یاخود گەلێك کە تەصەوڕی ڕێککەوتنیان لەسەر درۆ کردن لێیانەوە ناکرێ، ئەمەش واجبکەرە بۆ زانستێکی زەڕوری و پێویست، نموونەی ئەو جۆرە زانستەش وەکوو هەبوونی زانست بە پاشاکانی سەردەمەکانی ڕابوردوو و شارە دوورەکان ئەوانەی کە نەمان بینیونەو خەڵکانێك بینیویانەو هەواڵەکانیان نەقڵ کردوون. ئیمامی تەفتازانی سەبارەت بە هەواڵی تەواتوڕ ئەفەرمووێ: "دوو فرمانی تێدایە یەکەمیان: هەواڵی یەك بەدوای یەك واجبکەرە بۆ زانست (واتە: بۆئەوەی بڕوام پێی هەبێ واجبە)، ئەمەش بە زەڕوڕەت پێویستە بڕوامان پێی هەبێ، بۆ نموونە: ئێمە لە نەفسی خۆماندا زانستمان بە وجودی مەککەو بەغداد هەیە کە ئەو زانستەش بە هەواڵ پێمان گەیشتووە (ئەوە لەگەڵ ئەو کەسانەیەتی کەوا مەککەو بەغدایان نەبینیوە جا بە حوکمی ئەوەی وجودیان حەتمیەو بوونی ژیان تیایانداو

سەردانی خەڵکی تر لەکاتی خۆی بۆ نێویان گشت ئەو هەواڵانە پلەی یەقینی و حەتمین جێگای زەنن و گومان نیە بەڵکوو واجبە ئەو کەسەی کە نەی بینیوە بڕوا بهێنێ چونکە مەحاڵە ئەو هەموو خەڵکە درۆ بکەن).

دووەم: ئەو زانستەی کە بەهۆی ئەو تەواتورەوە بەدەستهاتووە ئەوە زەڕوریە، لەبەرئەوەی لە بۆ کەسی بەبەڵگەهێنەرو غەیری ئەویش لەسەر وجوودی بەدەست دێ، هەتا ئەو منداڵانەش کە توانای ئەوەیان نیە ڕێگای بەدەستهێنان و ڕێکخستنی پێشەکیەکانیان بگرنە بەر (واتە: ئەو هەواڵە بۆ ئەو منداڵانەش موعتەبەرو زەڕوریەو کاتێ کە بەدەستی ئەهێنن لە حاڵێکدا ئەوان توانای تەصەوڕات و تەصدیقاتی مەنتقی و کەلامیەکانیان نیە)، بەڵام هەواڵی نەصڕانیەکان بە کوشتنی حەزرەتی عیسا سەلامی لەسەر بێ، وە هەواڵی یەهودیەکان بە پشتگیری کردنی دینی موسا سەلامی لەسەر بێ ئەوە تەواتورێکی قەدەغەکراوە".ك ھ. چونکە لەو کاتەی کە گەورەمان مەسیح بەرز کرایەوە کەسێکی تر شکڵی مەسیحی بەبەردا کرا کە لە عیسا دەچوو، جا ئەویان لە خاچدا، لەو کاتەی ئەو خەڵکانەی کە لە نزیکیەوە بوونە، وە ئەوانەش کە لە دوورەوە بوونە سەیریان کردووە ئەوە عیسایە، جا کاتێ ئەو لە خاچدراوە کە مرد ئەوە لە شوێنێکیان دانا دواتر هاتنە لای جەنازەکە کەچی جەنازەکەش نەمابوو، ئیتر ئەو خەڵکەش لەوە سەر سوڕما بوون ئەگەر ئەمە مەسیح نیە ئەی مەسیحی ڕاستەقینەی ئێمە لە کوێیە.

وە ئەگەر ئەویشە ئەی جەستەکەی لە کوێیە، جا ئەو خەڵکە ئەو واقیعەی هەر یەکەو بەجۆرێك لێکدایەوە هەبوو لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کەوا مەسیح لە خاچدراوە بەڵام بێ ئاگان لەوە چونکە قوتابییەکانی لەوە ئاگادار کرابوونەوە لە لایەن خودی عیساوە کەوا ئەو بەرز دەکرێتەوە بۆ ئاسمان، ئەو نە لە خاچدراوە، وە نە کوژراویشە، جا هەواڵی نەکوژران و لە خاچنەدانی نەوە لە دوای نەوە نزیکەکانی خۆیان لێ ئاگادارکراونەتەوە وە ئەوانەی کە گوتیشیان لە خاچدراوەو کوژراوە بەهەمان شێوە تا گەیشتە سەردەمی ئۆگەستین لەو سەردەمەدا یەکتاپەرستەکان کە لەسەر ڕێی حەواریەکان بوون تەواتوری قسەکانی ئەوان تەبەننی نەکراو قەبوڵ نەکرا لەلایەن پاشاوە چونکە لە بنەڕەتدا پاشا بتپەرست بوو ئەی ویست عەقیدەیەکی تەجسیم و بە جەستەکراو تەبەننی بکات، وە لەبەر بەرژەوەندی دەسەڵاتەکەشی ئەوەبوو گەیشتنە ئەو تەواتورە درۆینەی کەوا لە خاچدراوەو کوژاراوەو عەقیدەی سێ کوچکەکەش تەبەننی کرا باوك کوڕ ڕووحی پیرۆز، کە باوك: خودایە، وە عیساش: کوڕی ئەوە، وە ڕۆحی قودسیش: تێکەڵ بوونی خودایە بۆ نێو جەستەی مەریەمەو تێکەڵ بوونیەتی بە جەستەی عیسا، خودا پەنامان بدات. ئەوەی ئەوان تەواوتورێکی درۆینەیە بەو بەڵگانەی پێشووتر، وە لەوەش کە خودا حەقیقەتی ئەو وەزعەی کە ڕوویدا بۆ مرۆڤایەتی ڕوونی کردووەتەوە لە کەلامەکەی خۆیدا.

جا ئیمامی تەفتازانی ڕەخنەی ئەوانەی هێناوە کە ئینکاری ئەوە ئەکەن کە ئەڵێ: ئەگەر گوترا: هەواڵی هەر یەکێك جگە لە زەن شتێکی تری لێوە وەرناگیرێ، وە دانە پاڵی زەننێکیش بۆ لای زەننێکی تر ئەوە دڵنیایی لێ وەرناگیرێ، وە هەروەها دروستیەتی درۆی هەر یەکێك ئەوە درۆی کۆمەڵێکیش واجب ئەکات، لەبەرئەوەی هەمان هەواڵی (ئاحادە) تاکەکەکانە.

ئێمەش ئەڵێین: ئەکرێ لەگەڵ کۆمەڵەبوویەك بێ لەگەڵ تەنیا و تاکدا نەبێ، وەکوو هێزی حەبلێکی گرێدراو لە مووەکان (واتە: وەکوو نموونەی حەواریەکان کە واقیعەکەیان بەچاوی خۆیان بینی بوو).

وە ئەگەر گوترا: زەڕوریاتەکان جیاوازی ڕاجیایەتی تێناکەوێ، ئێمەش ئەزانین کە هەبوونی زانست بە کەرت بوونی یەکدانە بۆ دوو نیوە بەهێزترە لەو زانستەی بە وجودی ئەسکەندەر کە هەیە، وە موتەواتیریش کۆمەڵێك لە ژیرمەندەکان ئینکاریان کردووە کەوا زانستی لێ وەربگیرێت وەکوو سومەنیەکان یاخود سەمەنیەکان لەگەڵ بەڕاهیمەکان.

ئێمەش ئەڵێن: ئەمە قەدەغەکراوە، بەڵکوو جیاوازی هەیە لە جۆرەکانی زەڕوریەت ئەمەش بەهۆی جیاوازی لە خو پێوە گرتن و ڕاهاتن و عادەت و مومارەسەو ئەو خاتیرانەی کە بە مێشکەکاندا دێ و تەصەوڕاتی لایەنەکانی ئەحکامەکان، کەم جارانێ خیلافی تێ ئەکەوێ تەنها لەبەر خۆبەگەورەزانین و

سەرکەشی کردن تیایدا، وەکوو سوفسطائیەکان لە هەموو زەڕوڕیاتەکاندا".

ك هـ[3]

**والنوع الثاني: خبر الرسول المؤيد بالمعجزة، وهو يوجب العلم الاستدلالي، والعلم الثابت به يضاهي العلم الثابت بالضرورة في التيقن والثبات.**

جۆری دووەم: هەواڵێکی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کە پشتگیری کرابێ بە موعجیزە، ئەوەش زانست واجب ئەکات و ئەکرێتە ئیستدلال و بەڵگەیەکی عەمەلی لەسەر هەبوویەتی خوداو ڕاستێتی دین و پەیامبەرەکەی، وە ئەو زانستەی کە جێگیربووە بە هەوالی پێغەمبەرەوە ـ صلى الله عليه وسلم، وەکوو ئەو زانستە جێگیرە زەڕوریە وایە، وەکوو بەرهەستەکان و بەدیهی و بێ تێڕامانەکان و موتەواتیڕە یەك بەدوای یەکەکان لە دڵنیایی و ئیحتیمال نەکردنی هەبوویەتی دژ، وە لە جێگیریدا، واتە: ئیحتیمال نەکردنی لاچوونی ئەو یەقینە بەهۆی گومانەوە، چونکە زانستێکە بەمانای بیروباوەڕێکی بەرامبەری لازم و جێگیر دێ. موعجیزەش کارێکی لە عادەت بەدەرە، بەکوردیش پێی ئەگوترێ پەڕجوو، جا مەبەستیش لەو موعجیزەیە دەرخستنی ڕاستگۆیەتی ئەو کەسەیە کەوا بانگەشەی ئەوە ئەکات کە پێغەمبەری خوایە صلى الله عليه وسلم.

---

[3] (هەمان سەرچاوەی پێشوو)(ل١٣٥).

## عەقڵ

**وأما العقل فهو سبب للعلم أيضاً، وما ثبت منه بالبديهة فهو ضروري، كالعلم بأن كل شيء أعظم من جزئه.**

وە سەبارەت بە عەقڵیش بە هەمان شێوە هۆکارێکە بۆ زانست، وە ئەوەی لەویشەوە جێگیر ئەبێ بە بەدیهیەتی و بێ تێڕامانی ئەوە زەڕوریەو واجبە قەبووڵ بکرێت، وەکوو ئەو زانستە بەدیهیە عەقڵیە کە ئەڵێ: هەموو شتێك گەورەترە لە بەشەکەی، ئەمە شتێکی سابیتی عەقڵیەو بەبێ تێڕامان هەموو کەسێك ئەیزانێ.

عەقڵ: هێزێکە بۆ نەفس ئیتر بەهۆیەوە ئامادە ئەبێ بۆ زانستەکان و پەی بردنەکان، ئەمەش ئەو مانایەیە بە وتەی ئەوان کە ئەڵێن: سیفەتی غەریزەیەکە کە زانستە زەڕوریاتەکان شوێنی ئەکەون لە کاتی ساغ و سەلامێتی ئالەتەکان (واتە: پێنج بەر هەستەکە). وە گوتراویشە جەوهەرێکە پەی بەو شتانە ئەبات کە ئامادەو دیار نین بەهۆی ناوەندەکانەوە، وە پەی بە بەرهەستەکانیش ئەبات بەهۆی بینینەوە.

**وما ثبت بالاستدلال فهو اكتسابي.**

وە ئەوەیشی کە دەسەلمێندرێ بەهۆی تێڕامان لە بەڵگەوە ئەوە زانستێکی پەیدابوو بە دەستخستراوە، کە دەستپێکردنی هۆکارەکانە بە

ویستەوە، وەکوو بیرکردنەوەی عەقڵ و تێڕوانینی لە پێشەکیەکان لەو شتانەی کە ئەکرێنە بەڵگە، وە هەروەها وەکوو جولانەوەی پێڵووی چاوو وێنەی ئەمانەش لە بەرهەستەکان، جا بەدەستخستراو گشتگیرترە لە ئیستیدلال، لەبەرئەوەی ئیستیدلال بەهۆی تێڕامانەوە بەدەست دێت، بۆیە هەموو ئیستیدلالیەك بەدەستخستراوە ئەمما هەموو بەدەستخستراوێك ئیستیدلالی نیە، وەکوو بینین، ئەوەش بە ویست و ئیختیار بەدەست دێ، بەڵام زەڕوری ئەوە ئەگوترێ: لە بەرامبەر بەدەستخستراوە، وە ڕاڤەی ئەوە ئەکات کە ناکرێ بەدەستهێنانەکەی ئەندازەکراو بێ بۆ خەڵکی، وە ئەشگوترێ: لەبەرامبەر ئیستدیدلالیە، وە ڕاڤەی ئەو بەدەستهاتووە ئەکات کە بەبێ فیکرو تێڕامانەوە بە دەست دێت لە بەڵگەدا.

جا لێرەوە هەندێکیان ئەو زانستەی کە بە هەستەکانەوە بەدەست دێ ئەوە بەدەستخستراوە، واتە: بەدەستهاتووە بەهۆی ڕاستەخۆی بەشداری کردنی هۆکارەکان بە ویست وئیختیاریەوە، وە هەندێکیشیان پێیان وایە: زەڕوڕیە، واتە: بەدەستهاتووە بەبێ ئیستیدلال و بەڵگە.

ئینجا ئیمامی تەفتازانی ئەفەرمووێ: "ئەوە دەرکەوت کەوا خاوەنی کتێبی (البداية) دژایەتی تێدا نیە کە ئەڵێ: بێگومان زانستی بەدەستهاتووی دروستکراو دوو جۆرە: زەڕوڕیە وەکوو ئەوەیە کەوا خوای گەورە دروستی ئەکات لە نەفسی بەندەدا بەبێ بەدەستخستن و هەڵبژاردنی

ئەو، وەکوو بوونی زانست بە وجودی خۆی و گۆڕانی ئەحواڵەکەی، وە جۆری دووەمیش بەدەستخستن ئەوەش خوای گەورە لەودا دروستی ئەکات بەهۆی بەدەستخستنی بەندە، واتە: لەگەڵ ڕاستەوخۆیی هۆکارەکانی".

# ئیلهام

**والإلهام ليس من أسباب المعرفة بصحة الشيء عند أهل الحق.**

وە ئیلهامیش یەكێك نیە لە هۆكارەكانی مەعریفەت بۆ بەڕاستدانانی شتێك لای حەقخوازان. ئێمە لە پێشەكی كتێبی (زانستی كەلام و جێ دەستی مەنهەجیێتیەكەی لە فیكری ئیسلامیدا) باسێكی درێژمان لەسەر نەزەڕیەی مەعریفەت نوسیوە ئەوەمان سەلماندووە كەوا دوو جۆر ئیستیدلالمان هەیە نەزەڕی و عەمەلی، كە هەر یەكەیان بۆ مەقامێك بەكاردێن بۆ نموونە: موعجیزە گەورەترین ئیستیدلالی عەمەلیە، وە خوێندنی كتێب جا هەر جۆرێك بێ ئەوە ئیستیدلالێكی نەزەڕیە، جا ئیلهام ئیستیدلالێكی عەمەلیەو گومانی تێدا نیە، ئەوەی ئەیەوێ زیاتر لەو بوارە شارەزاتر بێ ئەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو كتێبەمان.

ئیمامی تەفتازانی ئەفەرمووێ: "ئەوەی بەڕووكەشی ئەو وتەیەوە دیارە كەوا ئیلهام هۆكارێك نیە بۆ بەدەستهێنانی زانست بۆ تێكڕای خەڵكی، وە ئەشگونجێ بۆ ئیلزامكردن بێ لەسەر غەیری تر (واتە: بەكارهێنانی وەك بەڵگەیەك بۆ ناچاركردنی نەیار)، ئەگینا هیچ گومانێكی تێدا نیە زانستی لێوە بەدەست دێ، وە لە هەواڵیشدا وتە لەسەر هاتووە، وە لە زۆرێك لە سەلەف گێڕدراوەتەوە". ك هـ

## گەردوون دروستکراوە

**والعَالَم بجميعِ أجْزَائِهِ مُحْدَثٌ" إذ هو أعيان وأعراض، فالأعيان ما له قيام بذاته، وهو إما مركب، أو غير مركب، كالجوهر، وهو الجزء الذي لا يتجزأ،**

جیهان بە تێکڕای بەشەکانیەوە دروستکراوە، کە ئەعیان و ئەعڕازن، ئەعیان ئەوەیە: کە ڕاگیرەکەی بە زاتی خۆیەوەتی، وە یان پێکهێنراوە وەکوو جەستە، یاخود پێکنەهێنراوە وەکوو جەوهەر (تەنۆچکەو گەردو گەردیلە) کە بەشێکی هێندە بچووکە دابەش نابێ.

ئەم جیهانە گەورەو ئەوەی لە نێویشیەتی جگە لە خوای گەورە نەبێ گشتی دروستکراوە، وە بۆیەش ناونراوە بە عالەم چونکە لەبەرئەوەی نیشانەیەکە لەسەر وجودی بەدیهێنەرەکەی، جا هەرچی ئەوەی هەیە لە ئاسمانەکان و زەوی بە عەڕش و ئاویشەوە بگرە گشتی لە نەبووەنەوە هێناویەتە وجود، وە لە پێش ئەوانیشدا هیچ شتێك نەبووە جگە لە خوای مەزن نەبێ، خوای گەورەش بێ شوێن و زەمەنە، دوای ئەوەش کە بوونەوەرانی دروستکرد هەر لەسەر حاڵەتی پێش دروستکردنەکەیەتی تەنیا تەجەللی ئەکات و کرداری خۆی دەرئەخات بەزانستێکی ئەزەلی، بێ ئەوەش دەستپێك هەبێ بۆ ئەوکارە، چونکە سیفاتی خودا قەدیمە، هیچ کەسێك موخالەفەی ئەم عەقیدە پاکەی ئیسلامەتی نەکرد ئیللا فەیلەسووفەکان

نەبێ هەندێ کە پێیان وابوو ئاسمانەکان و مەوادی ناوی و شێوەو شکڵی ئەوە هەر هەبووەو قەدیم بووە لەگەڵ خوادا، وە توخمەکانیش بە ماددەکانیەوە، وە شێوەکانیشیانەوە ئەوە هەر هەبووەو قەدیمە بە قەدیمیەتێکی جۆرێتی، هەروەك یەکێ لە زاناکانی ئیسلامیش لە چەندین شوێنی کتێبەکانی خۆی پێی وایە لە کەماڵی زاتی خوایە کەوا هەر لە ئەزەلدا لەگەڵ خوایە مەخلوقات هەبێ. ئەو بڕوای بەوە هەیە کە ئەم دونیایەی ئێمە دروستکرایە، بەس بڕوای بەوە نیە کە بەر لە گەردوون هیچ شتێك نەبووبن، زاناکانی ئیسلامیش لە کتێبەکانیان ڕەددی ئەویان داوەتەوە، لێرەدا ناتوانین موناقەشەی لەسەر بکەین، بەس لە شەڕحی (قەواعیدی عەقائیدی ئیمامی غەزالی) ڕەحمەتی خوای لێ بێ موناقەشەمان لەسەری کردووە.

# عەڕەزو جەوهەر

**والعرض ما لا يقوم بذاته، ويحدث في الأجسام والجواهر، كالألوان والأكوان والطعوم والروائح.**

عەڕەز واتە: لابەلا، ئەوەیە کە ڕاگیرەکەی بەزاتی خۆیەوە نیە، وە دروست ئەبێ لە جەستەکان و جەوهەرەکان، وەکوو ڕەنگەکان و کەونەکان و تامەکان و بۆنەکان.

عەڕەز وەکوو سپیەتی و ڕەشێتی و ئەوەی لەو نێوەندەدایە لە ڕەنگەکان لەبەرئەوەی بەزاتی خۆی جێگەیەك ناگرێ واتە: کار ناکات بە تەنیا لە بۆشایی و فەڕاغدا. وە کەونەکانیش ئەوە کۆی کەونە کە بریتیە لە کۆبوونەوەو جیابوونەوە، وە جولانەوەو وەستاوێتی، جا ئەکوانەکان لە عەڕەزەکانن لەبەرئەوەی جێگەیەك ناگرێ بەزاتی خۆی بەڵکوو بۆ ئەوەی جێگەیەك بگرێ شوێن غەیری خۆی ئەکەوێ (واتە: هەتا وجوودی مادده نەبێ جولانەوەو وەستان و جیابوونەو کۆبوونەوە ڕوونادات).

وە بۆ زیاتر ئاشنابوون لەسەر عەڕەز عللامەی سەید شەریفی جورجانی ئەفەرمووێ: "ئەو مەوجوودەیە بۆ هەبوونی وجودی خۆی پێویستی بە شوێنێك هەیە، کە پێیەوە ڕاگیر ئەبێ، وەکوو ڕەنگ بۆ هاتنەکایەوەی وجودی ڕەنگێتیەکەی ئەوە پێویستی بە جەستەیەك هەیە تاوەکوو تێکەڵی

بیٚ و ڕاگیر بیٚ پێیەوە، وە عەرەزەکانیش دوو جۆرن: نزیکبوو لە زات، ئەوەش بەشەکانی کۆئەبێتەوە لە وجود (واتە: هەبوویەك)، وەکوو سپیەتی و ڕەشێتی. وە نزیك نەکراوە لەزات، ئەوەش بەشەکانی کۆنابێتەوە لە وجود، وەکوو جولاٚنەوەو وەستان. وە عەرەزی گشتیش: گشتیەو گوتراوێکە لەسەر تاکەکانی یەك حەقیقەت، وە غەیری ئەویش وتەیەکی عەرەزیە، جا مەبەست بە وتەی ئێمە: غەیری ئەو ئەوە جۆرو فەصلٚ و تایبەت دەرئەچێت، لەبەرئەوەی ناگوترێ ئیللا لەسەر یەك حەقیقەت نەبێ بەتەنیا، وە مەبەست بە وتەی ئێمە: وتەیەکی عەرەزیە ئەوە جنس دەرئەچیٚ، لەبەرئەوەی وتەیەکی زاتیە. وە عەرەزی لازم و پێویست: ئەوەش ڕێگری لە جیابوونەوەی ئەکات لە ماهیەت، وەکوو نوسەرایەتی سەبارەت بە مرۆڤ بەهێزەوە لێی (وەربگیرێتەوە). وە عەرەزی جیابووش: ئەوەش ڕێگری لە جیابوونەوەی ناکات لە شتێك جا یان بەخێرایی لا ئەکەویٚ، وەکوو سووربوونەوەی کەسیٚ لە حاڵەتی خەجاڵێتی، وە زەردێتی پیاویش لە حاڵەتی نەخۆشی و ترس، وە یاخود بەهێواشی لا ئەکەویٚ، وەکوو پیربوون و لاوێتی"[٤].

وە هەروەها سەید شەریفی جورجانی و ئیمامی مونناوی دەربارەی جەوهەر ئەفەرموون: ماهیەت و چیەتیەکە کاتیٚ کە دەرئەکەویٚ لە (ئەعیانەکان) ئەوانەی کە ڕاگیرو وەستاون بە زاتی خۆیان، نەك لە دانراودا،

---

[٤] (التعریفات)(ل ١٥١) العرض.

ئەمەش سنووردارکراوە لە پێنجان: هەیولی (واتە: تەنۆچکەی وردو گەردو گەردیلەو لەوانیش بچوکتر، کاتی خۆی بەو گەردو تۆزو خۆڵە وردانەیان ئەگوت کاتێ کە خۆر لە پەنجەرەیەکی ئەدا ئەو گەردە بچوکانەی لێ بەدیار ئەکەوێ)، وە شێوەو، جەستەو، نەفس و، عەقڵ، لەبەرئەوەی یان بە تەنیان یانیش بە تەنیا نین، جا ئەوەی یەکەم: یان پەیوەندی بە جەستەوە ئەبێ بە پەیوەندیەکی مشورخۆرێتی و ڕاپەڕاند یاخود پەیوەندی ناکات، یەکەم: عەقڵ، دووەم: نەفس، ئەوەش ئەبێ بە تەنیا نەبێ جا یان پێکهێنراو ئەبێ یانیش نا، یەکەم: یان جەستە، دووەمیش: یان حاڵە یانیش شوێنە. یەکەم: شێوەیە، دووەمیش: هەیولیە، وە بەو حەقیقەتە جەوهەریە گوتراوە لە زاراوەی پیاوانی خوا بە نەفسی ڕەحمانی، وە هەیولی گشتی، وە ئەوەیشی لێیەوە دیاری ئەکرێ ئەوە بووەتە هەبوویەك لەو هەبوانە بە وشەکانی خوایەتی. خوای گەورە ئەفەرمووێ: (قُل لَّوۡ كَانَ ٱلۡبَحۡرُ مِدَادٗا لِّكَلِمَٰتِ رَبِّي لَنَفِدَ ٱلۡبَحۡرُ قَبۡلَ أَن تَنفَدَ كَلِمَٰتُ رَبِّي وَلَوۡ جِئۡنَا بِمِثۡلِهِۦ مَدَدٗا) الكهف: ١٠٩. واتە: تۆ ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پێیان بڵێ: ئەگەر دەریا مەرەککەب بێ بۆ نوسینی وشەکانی خوای گەورە ئەوە دەریا تەواو ئەبێ پێش ئەوەی وشەکانی خوای گەورەم تەواو بن، هەرچەند ئەوەندەی ئەو دەریایەو دەریای تریش بهێنین بۆ یارمەتیدانی چونکە زانست و زانیاری خودا سنووری نیە. وە بزانە جەوهەر دابەش ئەبێت بۆ بەسیتێکی ڕووحانی

وەکوو عەقڵەکان و نەفسە تەنیاکان. وە بەسیتێکی جەستەیی وەکوو توخمەکان، وە بۆ پێکهێنراو لە عەقڵدا بێ لەدەرەکی وەکوو چیەتی جەوهەرێتیە پێکهێنراوەکان لە جنس و فەصڵ. وە بۆ پێکهێنراو لە هەردووکیاندا وەکوو سێ پەیدابووەکە. (سەبارەت بە جنس و فەصڵ بۆ نموونە: گشتیەت جنسەو هەموو گشتیاتەکان لە خۆ ئەگرێ، جنسی نزیکمان هەیە وەکوو گیاندارێتی بۆ ئینسان، وە جنسی دووریشمان هەیە وەکوو جەستەیەکی نامی (غێر جامد) بۆ ئینسان. فەصڵیش: گشتیە لەسەر شتێکا هەڵئەگیرێ لە وەڵامی هەر شتێکا ئەو لە جەوهەرێتی خۆیدا وەکوو ژیربێژێتی و هەستیارێتی. وە فەصلی ڕاگیریش: ئاماژەیە بە بەشێك کە لەناوەوەی چیەتیە، وەکوو ژیربێژیەت کە لەناوەوەی چیەتی ئینساندایەو ڕاگیرە بۆی، چونکە بەبێ وجوود بۆ ئینسان نیە لە دەرەوەو زیهندا)[٥].

---

[٥] (التعريفات)(ل ٨٥ـ٨٦ـ١٦٧) الفصل ـ الجنس ـ الجوهر. وە (المواقف على مهمات التعاريف للعبد الرحيم المناوى)(ل١٣٢).

## ماددەو خودا

یا ماددە بەر لە خودا هەبووە؟!

یا خوا بەر لە ماددە هەبووە؟!

یا هەر دووکیان بەیەکەوە هەبوونە؟!

بە پێی یاسای زنجیرەی یەك بەدوای یەك: ئەوەی یەکەم گومڕاییە، چونکە ماددە خوای دروستکردووە، بە زەڕوورەتی عەقڵیش مەحاڵە ماددەیەك خاوەن ویستێکی ڕەها بخولْقێنی، دواتر مەحاڵی دووەمیش کێ ماددەکەی دروستکردووە؟ چونکە لەو کاتەدا ماددەت کردووەتە خاوەن ویست و ئیرادەو خودا، لەوەوە ئەوانەی ئەڵێن ماددە هۆکاری هەموو شتێکەو خاوەن ویستێکی ڕەهایەو لە دەرەنجامی ڕووداوەکانی ئەو ئەم گەردوونە ناوازەیە دروستکراوە، ئەمەش کوفری شیوعیەت و ماددەگەراییەکانە، کە هەبوونی گشت ئەو ڕووداوانە بۆ ماددەیەکی ڕووتی بێ خاوەن ویست دەگەڕێننەوە، بە یاسای زنجیرەی یەك بەدوای یەك ڕەت ئەکرێتەوە، بۆ نموونە: ئێمەی مرۆڤایەتی و ماددەو گەردوون لە ماددەو گەردوونی تر دروست بووینە ئەوانی پێش ئێمەش لەپێشە خۆیان ئیتر بۆ هەمیشەیی و ئەزەلی ئەو زنجیرەیە ئەڕوات و کۆتایی پێ نایێ، ئەمەش بەزەڕوورەتی عەقڵ ڕەتکرایەوە وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا.

به پێی یاسای پەسندکردن بەبێ پەسندکەرێك یاخود بەبێ هەبوونی زاڵکەرێك: ئەکرا مادده هەبێ وه ئەشکرا نەبێ، جا کێ بووه پاڵنەری بۆ جوڵانەوەو تەقینەوەو دروستکردنی شتەکان؟ جا لەمەوه یا خوا بەر لەمادده هەبووه ئەوەش زەرورەتی عەقڵە که داخوازی ئەوه ئەکات چونکه هەموو بەدیهێنراوێك بەدیهێنەرێکی هەیه، ئەو ماددەیه لەو ماددەیه دروستبووه تاکۆتاییەکەی له عەدەم بەویستی خاوەن ویستێك هاتۆته کایەوه، لێرەدا خودا زاڵکەرەکەیه. وه بەو یاسایه ئەوه رەت ئەکرێتەوه کەوا مادده بەر له خوا هەبووبێت، وەك گوتمان یا مادده بەر لەخوا هەبووه یانیش خودا بەر لەو هەبووه، ئەبێ یەکلا پەسند بکرێت و زاڵ بکرێت، چونکه به زەرورەتی عەقڵ مەحاڵە یەکێ پەسند نەکرێ گەر ماددەت پەسند کرد ئەوه ماددەیەکی بێ ئیرادەت کردووەته خودا. ئەوەش مەحاڵە پەسند بکرێ چونکه مادده شتێکی رێژەیی و گۆڕاو خاوەن بێ ئیرادەو کوێرەو شوێن و زەمەنێکی رێژەیی داگیر کردووه بۆیه زەرورەتی عەقلّی و زانستی داخوازی ئەوه ئەکەن خاوەن ویستێکی رەها پەسند بکرێ که وجودی واجبه واته: پێویسته وجودی هەر هەبووبێ و له دەرەوەی ئەشیێ و مومکیناتەکاندا بێ که ئەویش الله یه جل جلاله، وه دواتر کێ وجوودی دا به مادده؟ کێ رێکی خست؟ کێ ئەو هەموو وردەکاریەی پێدا؟ چۆن گۆڕان لەزاتی روویدا؟ ئەگەر هێزێك ئەم کارانەی نەکردبێت ئاخر چۆن ماددەیەکی بێ ئیرادەی کوێر ئەکرێته خاوەن ئیرادەیەکی رەهاو هاوشانی خوایەکی مەزن بکرێ؟!

یاسای دەور: وە بەیاسای دەوریش ئەوە ڕەت ئەکرێتەوە، بۆ نموونە: زەیدو بەکرو عەمر سێ وجوودن، بازنەیەکی دروستکراویان دروستکردووە چۆن؟ زەید لە بەکر دروستبووە، وە بەکریش لە عەمر دروست بووە، وە عەمریش لە زەید دروستبووە، ئەمجارە بەپێچەوانەشەوە زەید لە بەکر دروست بووە، بەکریش لە عەمر، عەمریش لە زەید، بە زەڕوڕەتی عەقڵیش ئەو یاسایە هەمیشەیەتی ماددە ڕەت ئەکاتەوە بەوە ئەو ماددەیە لەو مادەیە دروست بووە ئەوەی تریش لەوی تری پێەشەخۆی، لەوەوە بازنەیەك پێك ئەهێنن وە خوداش لەوان ئەوانیش لە خودا ئەمەش باتڵەو ئەبێ سنوورێك بۆ ماددەیەکی بێ گیان دابنرێ، بۆیە ئەبێ لەسەر زاتی ڕەهای واجبی وجود کە خودایە بووەستێ، کە ئەو بەدیهێنەری ئەم ماددەیە.

وە سەبارەت بە گریمانەی سێیەمیش یا هەر دووکیان بەیەکەوە بوونە: ئەوە مەحاڵە جوڵانەوەی ماددەو هەسارەکان و ماددەکان لە خولگەکانی خۆیان خولانەوەکانیان یان جووتە یان تاکە یانیش تاك و جووت بۆنموونە: گەلەئەستێرەکان سووڕانەوەکانیان بەدەوری خۆیان یان ژمارەیەکی جووت دەرئەچێ یانیش تاك، بۆ نموونە بیست و پێنج هەزار ملیار جارە بەدەوری خۆی ئەسووڕێتەوە، وە یاخود بیست و چوار هەزار ملیار جارە بەدەوری خۆی ئەخولێتەوە، لەوەوە بە زەڕوڕەتی عەقڵ ئەبێ یەکێ لەو ژمارانە دەربچێ، هەر کاتێکیش دەرچوو نیشانەی دەستپێکی دروستبوون و خولانەوەکەی

دەست پێ ئەکات، بەمەش ئەچێتە نێو بازنە مومکینات واتە ئەشێیەکان کە ئەکران وجودیان هەبێ و نەبێ، وە ئەگەر هەر پێداگریشن لەوەی کە لەگەڵ خوایە هەبووبن واتە قەدیم بووبن لەگەڵ خوایە ئەوکاتە خودا خاوەن ئیرادەیەکی موخەییەرو سەرپشك نیە واتە: بکەری سەرپشك نیە لە دروستکردنی شتەکاندا، بەڵکوو بە زەرورەت لەو دەرچووە، ئەوەش دژایەتی ئیرادەی ئەو ئەکات، وە هەروەها ماددەش نابێتە کائینێکی مومکینی وجود بەڵکوو ئەبێتە واجبی وجود واتە: هەبوونی پێویست ئەکات جا لە هەموو بارەکانیشدا بە زەرورەتی عەقڵ ئەوە پووچەڵ ئەبێتەوە کەوا ماددە لەگەڵ خوادا وجودی هەبووبێ، وە یاخود بەر لەو هەبووبێ، بەڵکوو بەدیهێنراوە بەخواستی ئیختیارو سەرپشك، ئەوەی نوسیشمان بڕوای هەموو موسڵمانان و فەیلەسووفە موتەکەللیمینەکانە جگە لە هەندێ فەیلەسووف و زانای موسڵمان نەبێ، ئەمانەش گشتی لەو بابەتە گومڕا بوونەو، ئیمامی غەزالی تەکفیری ئەو بیرو بۆچوونەی کردووە کەوا هەبوویەتی هەمیشەیی، وە چ هەبوویەتی جۆرێتی. ئەمما زاناکانی ئیسلام وەستاون لە تەکفیرکردنی هەندێ لەو زانایانە، ئەمما بۆچوونەکانی ئەوانیشیان پێ کوفرو گومڕاییە.

وە هەروەها زانا موتەکەللیمە ئیسلامیەکان بە جوانی ئەو بابەتەیان خستووەتە بەر دیدی خوێنەران.

مانای خالیق هێنانەکایەوەی شتێکە لە نەبوونەوە، بەر لەگەردوون و دوای گەردوونیش فەڕاغ واتە: بۆشایی ڕەها بوونی نیە، بەڵکوو تەنها زاتی خوایە بەڕەهایی و بێسنوور کە کۆتایی پێ نایێ و ئەتوانێ ملیارەهاو بەبێ هەژماریش گەردوون و عەڕشی تریش بخولقێنێ، وە ئەشتوانێ لەوەی ئێستاکە بچووکتریشی بخولقاندایە. جا ئەوەی لە ناو گەردوونیشە لە نێو فەڕاغێکی ڕێژەیی و نیسبیە، چونکە بە بەرچاوی ئێمە فەڕاغە ئەمما لە حەقیقەتدا فەڕاغ نیە.

بیردۆزی ژێیە بێ هەژمارو بێ سنوورەکان (الأوتار الفائقة) پێشنیاری ئەو بابەتەی کردووە تاوەکوو حەلی ئەو ئیشکالیەتە بکات کە ئەڵێ: ژێیە بێ سنوورەکان وەکوو سەنفۆنیایەك وایە کە مۆسیقا لێ ئەدرێ و دەنگەکان دروست ئەبێ بەهۆی ئامازەکەی دەستی دارە بچووکەکەی ئامازەکەرەکەوە، لەوەوە ژێیە بێ سنوورەکان واتە: دەزووە باریکە بێ سنوورەکانی گەردوون لار ئەبنەوەو ئەلەرێنەوەو، تەنۆچکە وردەکان پێك ئەهێنن وەکوو کوارکەکان و ئەلیکترۆن و پرۆتۆن و ناوك و تەنۆچکەکانی تر، لەوانەشەوە گەردو گەردیلە پێك ئەهێنن، لەوانیشەوە مادده، لە مادەشەوە توخمەکان، لە توخمەکانیشەوە گەردوون و هەرچی ئەوەی هەیە لە وجوود.

ئەوانیش ڕەخنەیان لێگیراوە، چونکە تەنها خەیاڵێکی فەلسەفیەو یەك بەڵگەی فیزیکی لەسەر نیە، وە هەروەها ئەو دەزووە بێ سنوورانەت لە کوێ

هێناو کێ دروستی کرد؟ ئەگەر بڵێی هەیولیە. ئەی باشە کێ هەیولیەکەی دروست کرد؟ وە هەروەها ناویان لەو لەرەلەرانە ناوە بە عەدەم، واتە: نەبوو، لە کاتێکدا تۆ باسی لەرانەوەی ژێیە بێسنوورەکان دەکەی، باشە ئەی خودی ئەو ژێیە بێسنوورانەو لەرانەوەکە بەڵگە نین لەسەر وجود؟ عەدەم لێرەدا چ مەفهوومێکی هەیە؟ وە هەروەها ئێوە ژێیە بێسنوورەکانتان کردە خوداو بوویە ئەزەلی بە هەمیشەیی، ئەمەش بە زەڕوڕەتی عەقڵ پووچەڵ ئەبێتەوە وەك لە پێشەوە باسمان کرد، چونکە یا ژێیە بێسنوورەکان خودان کە ئەوەش مەحاڵە، یانیش خودا دەزووە بێسنوورەکانی دروستکردن لە فەڕاغێکی ڕێژەییدا، فەڕاغی ڕێژەیی جودایە لەگەڵ فەڕاغی ڕەها، فەڕاغی ڕەها ڕاگیر نیە بەهیچ شتێك، ئەمما فەڕاغی ڕێژەیی ڕاگیرە بە فیعلی خودا، وە خوداش فەڕاغ نیە، چونکە یەکێ لە ناوەکانی خودا صەمەدە کە لە یەکێ لە ڕیوایەتەکاندا هاتووە بەمانای (الذي لا جوف له) واتە: ئەو زاتەیە کەوا بۆشایی نیە، جا ئەو فەڕاغە ڕێژەییەی ئیڕادە کردووە بە ئیڕادەیەکی هەر هەبوویی واتە دەستپێکی نیە بۆ ئیڕادە تەنیا دەرئەکەوێ لەو وادەیەدا چونکە خودا هەموو ڕۆژێ کارێ دەر ئەخات، ئەو ڕۆژو زەمەنەش بە نیسبەت ئێمەیە نەك بەو. جا لێرە ئەپرسین یان ژێیە بێسنوورەکان بەر لەخودا هەبوونە، کە مەحاڵە، یانیش لەگەڵ ئەو هەبوونە، ئەوەش مەحاڵە بە یاساکانی سەرەوە، یانیش لە بازنەی مومکینات و ئەشێیدان و دروستکراون کە هەر ئەوەش شایەنە بەو مەخلوقە.

وه ئەوەش بزانە: هەرشتێکی بووێ لە دەرەوەی گەردوون ئەوە فەڕاغێکی نیسبی و ڕێژەیی تەقدیر ئەکات بە تەقدیرکراوێکی ئەزەلی بۆ خەڵق و ئەمرەکەی (کە خەڵقەکەش ماددەیەکە وە ئەمرەکەش ژیان و جووڵانەوەی ماددەیەکە، وەك خودا ئەفەرمووێ: (پرسیارت لێ ئەکەن دەربارەی ڕووح، تۆش پێیان بڵێ: ڕووح لە ئەمرو فەرمانی خودایە) ئەوان پرسیاریان لە چیەتی ڕووح کرد، جا ڕووحیش بە یەك دەنگی زاناکان دروستکراوە، ڕوحیش ژیانی جەستەیەو جەستەی ڕاگیر کردووە، جا لێرەدا ئەوە بێنە پێش چاوت هەرچی لە وجوودە ڕەشی کەوە تەنیا خودا وجودی هەیە، ئینجا بوونەوەران بهێنەوە زیهنت، هیچ لە خودایەتی خودا ناگۆڕێ خودا سابیتەو هەرچی لە گەردوونیشە ڕاگیرە بە توانستی ئەو هەرگیز لەگەڵ بوونەوەرانیشی تێکەڵ نابێ هەرگیز مرۆڤ ناگات بەخودا چونکە سنووری نیە، وە لە خۆشت بۆ خۆت نزیکترە. بیرکەرەوە

## دروستکردنی مادده

**والمحدث للعالم هو الله تعالى،**

بێگومان بەدیهێنەری ئەم جیهانەش تەنها خودایە، وە زاتێکی واجبی وجودە واتە: پێویستە وجودی هەبێ و ناچێتە نێو مومکیناتەکانەوە، جا غەیری ئەویش هەمووی لە بازنەی ئەشیێ و مومکیناتدان، کە ئەکرا وجودیان هەبێ و نەبێ، مادەم وجودی واجبی وجود سەلمێنرا کە خودایە ئەوە مەفهومی دروستبوونی گەردوونیش دەرئەکەوێ ڕاستەوخۆ، کە خودایەك هەموویانی لە نەبوونەوە هێناوەتە وجود.

وەك گوتمان ئەوەی لەگەردوون ئەگوزەرێ و بوونی هەیە کرداری خوایەو ئاوێنەیەکە بۆ بەرزی کەماڵی دارای ڕەهایەتی وجودی.

مادده نەبوو خودا بە ڕەهایی بەبێ ئاڕاستەو بێ کۆتایی وجودی هەبووەو لەسەر حاڵی پێش ماددەشە، وەك گوتمان تۆ گەردوون ببەوە عەدەم تەنیا ئەو ئەمێنێ، گەردووون بهێنەوە زیهنت تەنیا لە فەڕاغێکی نیسبیدا هاتووچۆ ئەکەین، خەڵقی مادده چۆنە؟

خودا سیفەتی ئیڕادەو توانست و حیکمەت و زانست و حەیات و وجوودو گشت سیفەتەکانی تری بەڕەهایی تەجەللی پێ ئەکات بۆ دەرکەوتنی کردارێکی کە دروستکردنی ماددەیە، ئەم کردارە چۆنە؟

زانستی خوا ڕەهایە بەبێ سنوورو وەستاوە بەزاتی پاکی، جا ئەو بۆشاییە ڕێژەییەی کە خودا ئیرادەی پەیوەست ئەکات بۆ خەڵقی مادده یان بوونێکی تر مەعلوماتی کامڵی خەڵقی ئەو شتە لەو عیلمەی زاتی خوایا تەعەللوق ئەکات بەو شتەو لەگەڵ باقی سیفەتەکانی تر، ئیتر هێنانە کایەوەشی دوو جۆرە:

یەکەم: یان شتەکە دەست بەجێ ئەبێ.

دووەم: یانیش لەمەودوا ئەبێ.

جا لە هەردوو بارەکەدا زانست و ئیرادەکە قەدیم و هەرهەبوونەو تازە بەدی نەهێنراون تا دەستپێکیان هەبێ واتە: بۆ نموونە خودا لەوکاتە ئەو ئیرادەی دروست بووبێ لەزاتیدا ئەمەش پێچەوانەی ئەزەلیەتی خودایە چونکە لە پێشدا ئەو ئیرادەی نەبووەو تازە پەیدابووە، نەزانینی لێوە پەیدا ئەبێ، ئەمەش پێکچوواندنە بەمرۆڤ، بێگومان خوداش هاوشانی نیەو هیچ شتێك لەو ناچێ.

سەبارەت بە زانستی گەردوونناسی سەدەی بیستیش ئەوەیان سەلماندووە کەوا گەردوون لە نەبوونەوە دروستبووە، بە بیردۆزی تەقینەوە مەزنەکە، هەر چەندە تێبینیشمان هەیە لەسەری بەس ئەوەی دڵنیا کردووەتەوە کەوا

گەردوون لە نەبوونەوە دروست بووە، بەمەش کوفری ماددیەت کەوتە نێو زبڵدانی مێژوو.[٦]

وە یاسای چوارەمیش (علة الغائیة): تۆ سەیری ئەم گەردوونە ناوازەیە بکە بەو هەموو وردەکاری و جوانیەوە ناکرێ بەبێ هودەو لە خۆڕا پەیدابووبێ، هەر لە گەلەستێرەکانەوە بگرە تا بچوکترین تەنۆچکە، کە داخوازی دارای کەماڵی بەدیهێنەرێکی مەزن ئەکەن، کە ئەوانی دروستکردبێ و هەر یەکەیان لە فرمانگوزاری خۆیاندا بن، ڕووداوەکانی ڕۆژانەو مێژوو، وە هەژاری و دەوڵەمەندی و سەختی خۆشگوزەرانی، وە جەنگ و ستەم و کوشتن و کاولکاری، وە نەخۆشی و لەشساغی، وە حەزە نەبڕاوەکانی نەفسی مرۆڤ، وە ژن و پیاو، منداڵ و پیر، لە دایکبوون و مردن، بەهارو پایز، ئاو و هەواو خۆراك ... هتد، ئایە ئەو هەموو وردەکاریە ئەبێ بەبێ هۆو لە خۆڕا پەیدابووبێ و زاتێکی ڕەها دروستی نەکردبێ؟! بەڕاستی مرۆڤ لەوپەڕی سەرکەشیدایە لە نەناسینی ئەو بەدیهێنەرە مەزنە، کە بە میهرەبانی و سۆزی خۆی ئەم گەردوونە ناوازەیەو ئەم سیناریۆ ڕاستەقینەی بەدیهێناوە تاوەکوو ئەو گەردەن و نێوچەوانە تاری

---

[٦] لە کتێبی "وەڵامدانەوەیەکی زانستی و فەلسەفی بۆ کتێبەکەی ستیڤن هاوکینگ دیزانی مەزن"، کە یەکێکە لە دانراوەکانم لەوێ باسی تەقینەوە مەزنەکەم کردووە، ئەتوانن لەوێ بیخوێننەوە.

کوفری لێ ڕامالّدرێت و کزی کات بۆ مەعبوودی خۆی کە خوای هەموو جیهانیەکانە.

جا ئەگەر لە مانەی پێشوو تێگەیشتی، وە لە خوددی ماددەیەکی زەمەندارو شوێندارو ڕێژەیی تێگەیشتی ئینجا لەوەی کە دێ لەمەودوا تێدەگەی.

# سیفاتی خودا جل جلاله

**الواحد،**

زاتێکی تاك و تەنهایە، ئیمامی ئەبو حەنیفەش لە (فقه الأكبر)ـدا ئەفەرمووێ: خوای گەورە تاکە نەك لە ڕێی ژمارەوە بەڵکوو لەو ڕێیەوە کەوا هاوبەش و شەریکیشی نیە، وە بە هیچ شتێك لە شتەکان ناچێ لە بوونەوەرانی، وە هیچ شتێکیش لە بوونەوەرانی لەو ناچن". واتە: تاکە لە زات و لە سیفات و لە کرداری.

**القدیم،**

زاتێکی قەدیم و هەر هەبووەو هیچ وجودێك بەر لەو نەبووەو پێشی نەکەوتووە، چونکە گەر زاتێك واجبی وجود بێ مەحاڵە مەخلوقات پێشی کەوتبن یاخود هەر هەبووبن لەگەڵی، وە هیچ دژایەتیەکیش لەگەڵ خوایا نیە کە بۆچی لە پێشدا دروستی نەکردوون، چونکە لە پێش لە پاش ئێستا وە مەفهومی زەمەن لە بازنەی مومکیناتدان شموولی واجبی وجود ناکات، لەبەرئەوەی زاتێکە دەستپێك و سەرەتای نیە، هەموو سیفاتەکانیشی هەروان.

هەندێ زانا ڕەخنەیان لەو ناوە گرتووە، گوایە ئەمە لە ناوەکانی خوای گەورە نەهاتووە کەوا ناوێك بێ بۆ خودا (واتە: لەو نۆهەدو نۆ ناوە)، چونکە

پێیان وایە قەدیم بۆ شتێکی کۆن و دێرین و دەستپێك بەکاردێ کۆنە ئەمەش شایەن نیە بەخودا، هەتا هەندێ لەوانە بەڵگە بەو ئایەتەش دەهێننەوە لە ڕەددانەوەی کەوا ناوێك بێ بۆ خودا، ئایەتەکەش ئەمەیە کاتێ کوڕەکانی حەزرەتی یوسف کە بە باوکیان گوت: ﴿قَالُواْ تَٱللَّهِ إِنَّكَ لَفِي ضَلَٰلِكَ ٱلۡقَدِيمِ ۝٩٥﴾[٧]، واتە: وتیان: سوێند بە خودا تۆ ئەوەندە یوسفت خۆش ئەوێ و بیری لێ ئەکەیتەوە، هەر لەسەر بارە کۆنەکەی خۆت ماوی و لە ڕێگای ڕاست لاتداوە.

وە ڕاغیبی ئەصفەهانیش ئەڵێ: "ئەگوترێ قەدیم و نوێیە ئەمەش بە ئیعتیباری زەمانن، وە یاخود بە ئیعتیباری شەرەف و ڕێزە وەکوو فلان کەس پێشکەوتووە بەسەر فلاندا، واتە: ئەشرەفترە لەو، وە یاخود وجودی غەیری خۆی ڕاست و دروست نیە ئیللا بەهۆی وجودی ئەوەوە نەبێ وەکوو ژمارە یەك پێشکەوتووە بەسەر ژمارەکاندا بەو مانایەی ئەگەر وەهمی هەڵگرتنی ژمارە یەك بکرێ (واتە: نەمانی) ئەوە ژمارەکانیش هەڵئەگیرێ (واتە: بوونیان نامێنێ). وە پێشکەوتنیش وجودێکە کە ڕابووردووە، بەقائیش: وجودێکە کە پێشوازی ئەکات (واتە: لەوەو دوا کە ئەمێنێتەوە)، وە لە وەصفی خوای گەورەش هاتووە (یا قدیم الإحسان) واتە: ئەی هەر هەبوویی خاوەن چاکە، وە هیچ شتێکیش لەبارەی وەصفکردنی خوای گەورە بە

---

[٧] سورة یوسف: ٩٥

قەدیمیەت لە قورئان و ئەسەرە صەحیحەکاندا نەهاتووە، وە موتەکەللیمینەکان بەکاری ئەهێنن، وە وەصفی پێ ئەکەن، وە زۆرترین بەکارهێنانیشی بە ئیعتیباری زەمان و کاتە وەکوو ﴿كَٱلۡعُرۡجُونِ ٱلۡقَدِيمِ ۝٣٩﴾، واتە: وەك داری وشك هەڵاتووی کۆنی لێ دێتەوە. ك ھ

بزانین لە ڕووی زمانەوە ئەوەی ئەوانە بۆی چوونە دەقیقترە یان سەید شەریفی جورجانی وەك ئەفەرمووێ: "قەدیم بە مەوجودێك ئەگوترێ کە وجودی لە غەیری خۆی نیە، کە ئەویش قەدیمە بەزات (واتە: هەر هەبووە بەزاتی خۆی)، وە قەدیم بە وجودێك ئەگوترێ کە وجودەکەی نەبوویەتی پێشی نەکەوتووە، کە هەر هەبووە بە زەمان، وە قەدیمیش بەزات بەرامبەرەکەی پەیدابووەکە بەزات، کە وجودەکەی لە غەیری خۆیەتی، هەروەکوو چۆن قەدیم بەزەمان ئەوە بەرامبەرەکەی پەیدابووە بە زەمان، کە نەبوون و وجودی پێشکەوتووە لە ڕووی زەمانەوە، وە هەموو قەدیمێك بەزات تایبەتترە لە قەدیمی زەمان، لەوەوە پەیدابووی بەزات گشتگیرترە لە پەیدابووی بە زەمان، لەبەرئەوەی لە بەرامبەردا تایبەتتر لە دژیەتی تایبەتترە. وە گوتراویشە: قەدیم سەرەتا نیە بۆ وجودە پەیدابووەکەی، وە پەیدابوویش مادەم بەو شێوە نەبێ ئەوە مەوجوودو هەبوویەکە کائینێکی جێگیرو سابیتە، وە نەبوویش دژیەتی، وە گوتراویشە: قەدیم: ئەوەیە نەیەکەمێتی بۆ هەیە وە نە کۆتاییەتیش.

قیدەمی زاتی: شتێکە پێویستی بە غەیری تر نیە

وە قیدەمی زەمانیش: شتێکە نەبوویەتی بە زەمەن پێشی نەکەوتووە"[٨].ك ه

وە هەمان پێناسەش حافیزی مونناوی بۆی کردووە، هەتا شتێکیشی لە ڕاغیبی ئەصفەهانیەوە نەقڵ کردووە کە وادیارە لە نوسخەکانی ئێستاکە نیە، ئەوەش یان بۆ سەرسختنی مەزهەبەکەیتیان و ڕەشیان کردبێتەوە یانیش ئەو نوسخەی بەوانە گەیشتووە تێیدا نیە، یانیش ئیمامی مونناوی سەهووی کردووە، کە ئیمامی مونناوی لە ڕاغیبەوە هێناویەتی و فەرموویەتی: قیدەمی ڕاستەقینە نەبوو پێشی نەکەوتووە، ئەوەش گوتراوە بە قیدەمی زاتی کە تایبەتە بە بەدیهێنەری پاك و پیرۆز، وە قەدیمیش کە نەبوو پێشی نەکەوتووە، ئەوەش مانای وتەکانیانە بەوەی کەوا سەرەتا نیە بۆ وجودی[٩].

---

[٨] (التعریفات)(ل١٧٢) القدیم. ط. دار الطلائع.

[٩] سەیری دەستنووسێکی مفردات ڕاغبم کرد کە ئیبن سەمین ناوێکە نوسیویەتی و دەستنووکە لە وڵاتی تورکیایە. شەبەکەی ئالوکەش لە ئینتەرنێت بڵاویان کردووەتەوە. لەوێدا لەبەشی وشەی قەدیم و قدم نەمبینی و تیای نەبوو. وە لێکۆڵەری کتێبەکەی موناوی ئەڵێ: ئەمەم لە موفرەدات نەدۆزیەوە، وە لە نوسخەکانیشی تریش نەم دۆزیەوە. والله اعلم. بڕوانە: (التوقیف علی مهمات التعاریف)(ل٢٦٩) ط. عالم الکتب.

جا لە قسەکانیانەوە دەرئەکەوێ کەوا ناوی قەدیم سیفەتێکی هەر هەبوویی خودایە کە سەرەتا نیە بۆ وجودی، وە غەیری ئەویش گشتی دروستکراون ئەگەرچی کۆنیش بن.

تێبینی: پێم دروست نیە وشەی کۆن یاخود دێرینیەت بۆ خودا بەکاربێ چونکە ئەصڵی قەدیم بۆ خوای گەورە مانای دێرینیەت و کۆنیەت نادات بەڵکوو هەر هەبوویەتە کە هیچ شتێ پێش هەبوویی ئەو نەکەوتووە. ئەمانە بە هەڵە تێگەیشتوون، گەر سەیری سیفەتی ڕەئوفی ڕەحیمی بکەین ئەبینین دوو سیفەتە بە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دراوە، سەبارەت بەو ڕێژەییە، ئەمە مانای ئەوە نیە کەوا ئەو لە خودا بەسۆزتر بێ، وە هەمیشەییش بێ و سەرەتای نەبێ، نەخێر لەو ڕۆژەوەی کە وەحی بۆ هاتووە، وە ئەشکرێ لەو ڕۆژەوەی کە خۆی فام کردووە سیفەتی ڕەئوف و ڕەحیمیەتی پێدراوە، بەمەش لەگەڵ ئەوەش خودا بۆ خۆیشی بەکاری هێناوە، کە سەبارەت بەخودا ئەزەلی و ئەبەدیە، سەبارەت بە سەروەریشمان پەیدابوو ڕێژەییە، لەکاتێکیشدا بە یەك سیغە هەم بۆ خودا بەکارهاتووە وە هەمیش بۆ ئەو، جا ئەوەی قەدیمیش هەروایە، بۆ هەردوولا بەکاردێ بۆ کائینات نەبوو پێشی ئەکەوێ ئەکەوێتە نێو کاتێکی دیاریکراوەوە بۆ وجودی، بۆ خوداش هەر هەبوویەتەو زەمەن شموولی ناکات. وە ئەشکرێ وەکوو وتەکەی ڕاغب کە گوتی ژمارە یەك ژمارەیەکە پێش هەموو ژمارەکان کەوتووە، گەر

بێت و وجودی ژمارە یەك لابەری ئەوە وجودی ژمارەکانی تریش لائەچێ، جا نموونە بەرزەکان هەر بۆ خوایە خوداش قەدیمەو وجوودی پێش کەوتووەو هەر هەبووە بە هەمیشەیی، ئەو لابەرە وجودی کائیناتیش ئیعتیباری نابێ.

زانای پایە بەرزی ئەهلی سوننەو جەماعە ئیمامی تەحاوی کە ئوممەتی ئیسلام لەسەری یەکدەنگن ئەفەرمووێ: **"خوای گەورە بەردەوام بە سیفەتەکانی هەر قەدیم بووە پێش دروستکراوانی، واتە: هەر هەبووە"**. ئەمەش کافیە کەوا ئیمامێکی وا ئەم عەقیدەی بە سەنەد لە ئیمامی ئەعزەم ئەبو حەنیفەوە وەرگرتووە، لێرەدا پرسیارێك دێتە گۆڕێ ئەبێ ئەمانە هێندە نەزان بووبن سەبارەت بەمانای ئەو وشەیە؟!

ئیمامی بەیهەقیش ئەفەرمووێ: **"قەدیم مەوجوودی بەردەوامە، وە ئەم سیفەتەش شایەنە بە خوای گەورە"**.[١٠]

وە ئیمامی سەفارینی حەنبەلیش لە عەقیدەکەیدا هەر لەسەرەتای دەستپێکی بەیتە شیعرەکانیدا بەوە دەستی پێکردووە: **(الحمد لله القديم الباقي ... مقدر الآجال والأرزاق**. ئینجا لەدوای ئەو سیفەتی وجوودیشی بۆ ئەو بەکارهێناوە. واتای بەیتەکە: سوپاس بۆ ئەوخوایەی کە قەدیم و

---

[١٠] بڕوانە: (الإعتقاد)(ل٦٨).

هەرهەبوو و ماوەیە بە هەتاهەتایی، ئەندازەدانەری وادەو تەمەنەکان و ڕۆزیەکانە.

لە هەمووش سەیرتر تۆ ڕەفزی ئەوە بکەیتەوە کەوا ئەوە ناو و سیفەتێك بۆ خوا لە کاتێکیشدا بەکاری بهێنی ئەوەتە شێخ ئیبن و تەیمیە ئەفەرمووێ: **(الإيمان بأن الله تعالى علم ما خلق عاملون بعلمه القديم الذي هو موصوف به أزلا وأبدا)**[١١]، واتە: بڕوا بەوە بهێنرێ کەوا خوای گەورە ئەیزانی سەبارەت بە بوونەوەرانی خۆی کە چی ئەکەن و چی ناکەن بەزانستێکی قەدیم و هەر هەبوو کە وەصفدارکراوە بەو بە ئەزەلی و ئەبەدی. ئەوەتا خۆی بەکاری هێناوە بۆ زانستی خودا، ئەگەر بەو مانایە بێ واتە کۆنیەت و یاخود دەستپێیکی هەبێ لە زەمان ئەوە شایەن نەدەبوو لێرە بۆ خوا بەکاری بێنێ، بەڵام کارەکە لێرە نیە کارەکە لەوە ئێمە توانای درکردنمان نیە بەشتێك ئینجا کە لەگەڵمان نەگونجا ئەبێ ڕەفزی بکەینەوە ئەوەش هۆکاری ئەو هەموو ئیختیلافەیە لە ناو ئوممەت.

وە ئەمجارە بۆ قەدەریەکانی بەکارهێناوەو بەمانای لەمێژینەو پێشوو وەك ئەڵێ: **(وإذا خلق جسد الجنين قبل نفخ الروح فيه، بعث الله إليه ملكا، فيؤمر بأربع كلمات، فيقال له: أكتب رزقه، وأجله، وعمله، وشقي أم سعيد،**

---

[١١] (متنون في العقيدة ـ عقيدة الواسطية)(ل٦٦) فصل ومن الإيمان باليوم الآخر. ط. دار إبن حزم

**ونحو ذلك. فهذا التقدير قد كان ينكره غلاة القدرية قديما ومنكروه اليوم قليل)**[١٢]. واتە: کاتێ خوای گەورە جەستەی منداڵ لەناو سکی دایکیدا دروست ئەکات پێش فووکردنی ڕووح بەودا، ئەوە خوای گەورە فریشتەیەك ئەنێرێ بۆ لای، کە فەرمانی پێکراوە چوار وشان بنووسێ، پێی ئەگوترێ: ڕۆزی و، تەمەن و، کردەوەو، بەدبەختی و خۆشبەختی بنووسە. بەو شێوازە. جا ئەم ئەندازە دانانە زانا ڕۆچووە قەدەریە کۆنەکان ئینکاریان لێ ئەکرد، بەڵام ئینکاریکەرانی ئیمڕۆکە کەمن. جوان سەیری کەن ئەمەی لەحەقی بوونەوەر بەکار هێنا ئەوەکەی تریش بۆ خودا.

ئیمامی نەوەوی ئەم دوعایە ئەکات: **(یاقدیم الإحسان، ویا من إحسانه فوق کل إحسان.....)**[١٣]، واتە: ئەی ئەوەی چاکەو بەخششت هەر هەبووە، وە ئەی ئەوەی چاکەی لەسەرووی هەموو چاکەکانەوەیە...

وە ئیبن و لقەیمیش لەگەڵ ئەوەی ئینکاری ئەوەی کردووە کەوا ئەمە ناوێك بێ لەو نۆ هەدوو نۆ ناوە، چونکە ئەویش پێی وایە کەوا ناوەکان تەوقیفین، لێرەشدا بەم جۆرە وەصفی خودای کردووە: (وهو قدیم الإحسان أبدی الإحسان....)[١٤]، واتە: خوای گەورە زاتێکە چاکەو بەخششی هەر

---

[١٢] هەمان سەچاوەی پێشووتر(ل٦٧).

[١٣] (الأذکار) کتاب أذکار الجهاد/ باب الدعاء والتضرع.

[١٤] (حادي الأرواح)(ب١/ل٢٤٦).

هەبووەو هەمیشەییە. کەچی کردوویەتی بە سیفەتێکی خواش و وەصفی پێ کردووە.

جا ئیمامی قورتوبی ناوی (شيء، کائن، موجود، مذکور، معبود، قدیم) هەمووی بەناوی خوای گەورە داناوەو بەڵگەشی لەسەر هەموویان هێناوەتەوەو بە ئاسۆیەکی زۆر بەرفراوانتر لەو زانا بەرێزانە بابەتەکانی ڕوونکردووەتەوە. بۆیە حەصری ناوی خوای نەکردووە، جا لە مانای قەدیم ئەفەرمووێ: "سوود لەوەدا ئەوەیە کەوا بزانی وجودی خوای گەورە سبحانە وجودێکی هەمیشەیی ئەزەلیە، نەك وجودێك لە عەدەمەوە (پەیدابووبێ) وەکوو وجودی پەیدابووەکان، لەبەرئەوەی مانای قیدەم ئەوە پێشکەوتوویيە لە وجوددا، وە قیدەمی خواش لە وجوددا ئەوە پێشکەوتوویی ئەوە بەسەر هەموو ئەو شتانەی کە مەوجودو پەیدابوون بەبێ وادە دانان، وە نەك ئەوەی کە بەسەر وادەشدا دێ"[١٥]. وە چەند فەرموودەیەکیشی لەسەر هێناوەو پشتی پێ بەستووەو ڕەددی ئیبن و عەرەبی مالیکیشی داوەتەوە هەروەکوو وتوویەتی لە قورئان و سوننەتدا نەهاتووە، بەڵکوو بێگومان لەشەرعدا هاتووە. شایەت لێرە ئەوانەی مەنعی ئەو ناوانە دەکەن یەك بەڵگەیان بەدەستەوە نیە کە مەنعی بکات جگە لە چەند قسەیەکی بێ بنەمای نا زانستی نەبێ.

---

[١٥] (الأسني في شرح أسماء الله الحسني وصفاته)(ل١٠١).ط. مكتبة العصرية.

لە ڕەددی ئەوانەی کە دەڵێن ناوو سیفەتی قەدیم بۆ خودا نەهاتووە یاخود لە فەرموودەی صەحیحدا نەهاتووە ئەم بەڵگەیان بۆ دەخەینە ڕوو: (**قال أبو داود: حدثنا عبد الرحمن بن مهدي عن عبد الله بن المبارك عن حيوة بن شريح قال لقيت عقبة بن مسلم فقلت له بلغني أنك حدثت عن عبد الله بن عمرو بن العاص رضي الله عنهما عن النبي صلى الله عليه وسلم، إذا كان دخل المسجد قال أعوذ بالله العظيم وبوجهه الكريم، وسلطانه القديم، من الشيطان الرجيم، قال أقط؟ قلت نعم، فإذا قال ذلك قال الشيطان حفظ مني سائر اليوم.**[16]

[16] حەسەنە. ئەبو داود لە (عون المعبود شرح سنن أبی داود)(ب١/ل١٠٥/ژ٤٦٢). ئەبو داود لەسەری بێ دەنگە، ئەبو داود خۆی لە (رسالة أبي داود لأهل المكة)(ل٢٧) ئەفەرمووێ: ئەوەی لە کتێبەکەمدایە لەو فەرموودانە ئەگەر زەعیفیەکی بەهێزی تێدا بێ ئەوە ڕوونم کردیتەوە، وە ئەگەر هیچ شتێکیشم لەسەری نەگوتبێ (واتە: بێ دەنگ بووبم لەسەر ڕیواتەکە) ئەوە فەرموودەیەکی حەسەنەو چاکە، وە هەندێکیان صەحیحترن لە هەندێکیان". ئیبن و عبد البریش ئەفەرمووێ: "هەر فەرموودەیەك ئەبو داود لەسەری بێ دەنگ بوو ئەوە صەحیحە لای ئەو بەتایبەتی ئەگەر لە بابەکەدا غەیری ئەوی نەهێنابێ". ئەو فەرموودەیە ئیمامی نەوەوی ئیبن و حەجەرو سیوطی و موناوی بە حەسەنیان داناوە، وە ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە. بڕوانە: (الأذكار)(ل٤٦). (نتائج الأفكار)(ب١/ل٢٧٧). (فيض القدير)(ب٥/ل١٥٦/ژ٦٦٦٩). (صحيح سنن أبي داود)(ژ٤٦٦).

واتە: حەیەوەی کوڕی شوڕەیح ئەفەرمووێ: بە عوقبەی کوڕی موسلیم گەیشتم و پێم گوت: پێم گەیشتووە کەوا لە عبد الله کوڕی عەمڕی کوڕی عاصەوە لە پێغەمبەری خواوە صلی الله علیه وسلم گێڕاوتەوە هەر کاتێ بچووبایەتە نێو مزگەوت ئەیگوت: پەنا ئەگرم بەو خوایەی کە زۆر مەزن و گەورەیە، وە بەزاتی شکۆمەندی ڕێزدارەوە، وە بە دەسەڵات و پاشایەتیە قەدیم و هەر هەبوویەکەی، لە شەیتانی ڕەجمکراوو دوور خراو لە ڕەحمی خۆی. جا عوقبە بە حەیەوەی گوت (أقط) بەمانای بەسە، واتە: ئەوەندەی کە لەمنەوە پێت گەیشتووە لە فەرموودە بەس نیە؟ منیش گوتم: بەڵێ. ئەویش گوتی: شەیتانیش ئەڵێ: ئەوە لە من پارێزراو بووی هەموو ڕۆژەکە.

جا شاریحی سونەنی ئەبو داود عەزیم ئابادی ئەفەرمووێ: "قەدیم، واتە: ئەزەلی و ئەبەدی. هەر هەبوو هەیشەیی".

لێرە ڕوونە ئەمە ناوو سیفەتە بۆ خودا، نەك بەتەنیا وەصف بێ بۆ سوڵتانیەتی و خودا کە هەندێ لەو زانایانە سنووردایان کردووە. بەوەی کە تەئویلیان بکات و سنورداری بکات لە دەسەڵات، وە نەیکاتە ناوو سیفەتێك بۆ خودا ئەوەش جێگای تێڕامانە بەڕاستی، چونکە فەرموودەکە صەحیحەو ڕوونەو پێویست بە تەئویل ناکات، هەروەك چۆن بۆ سوڵتانیەتی خودا قەدیمی هێناوە بۆ زانست و توانست و زات و باقی سیفەتەکانی تریش هەر هەمووی دروستە بە بەڵگەی فەرموودەو زمانەوانی و عەقڵی و مەنتقی.

وه حاكمیش فەرموودەیەكی لە ئەبو هورەیرەوە گێڕاوەتەوە كەوا ناوی قەدیمیش هاتووە لە ڕیوایەتی ناوەكانی خوای گەورە، جا لەو ڕیوایەتەدا نۆهەدو پێنج ناو باسكراوە[١٧].

وه ئەوەی جێگای سەرسامیە هەندێ لەو زانایانە دەڵێن هەر لە سوننەتدا نەهاتووە، ئەمەش بێ ئاگاییە لە سوننەت.

وه كێ بە ئێوەی گوت كەوا خودا تەنیا نۆهەدو نۆ ناوی هەیەو جگە لەو ناوانە دروست نین؟ یەك بەڵگەی نەقڵێتان بەدەستەوە نیە جگە لەو فەرموودە نەبێ كە نۆهەدو نۆ ناوەكەی هێناوە، ئایا لێرەدا پێغەمبەر صلی الله علیە

---

[١٧] حاكم لە (مستدرك حاكم مع تلخيص الذهبِي)(ب١/ل١٧)ط. دار المعارف النظامية. حاكم ئەفەرمووێ: "ئەمە فەرموودەیەكی مەحفوزە لە ڕیوایەتی ئەیوب و هیشام لە محمدی كوڕی سیرینەوە لە ئەبو هورەیرەوە بە كورتی بێ لە هێنانی ئەو ناوە زیادانەی كە تێیدایە هەموویان لە قورئاندا هاتووە، وە عبد العزيزی كوڕی حوصەینی كوڕی تەرجومان جێگای متمانەیە ئەگەر چی (بوخاری و موسلیم) ڕیوایەتیان لێوە نەكردووە، وە بۆیەش ئەوەم هێنا تاوەكوو ببێتە شاهێد لەسەر فەرموودەكەی یەكەم". چونكە لە پێش ئەو فەرموودەدا فەرموودەی نۆهەدو نۆ ناوەكەی هێناوە. زەهەبیش ئەفەرمووێ: "ئەو پیاوەیان بە زەعیف داناوە". سیوطی و مونناویش ڕیوایەتی ئەبو هورەیرەیان بە زەعیفداناوە، وە شێخمان ئیبن و حەجەر ئەڵێ: یەكدەنگن لەسەر زەعیفیەتی عبد العزيزی كوڕی حوصەین". وە ئەو فەرموودەیە ئەبو شەیخی ئەصبەهانی و ئیبن و مەڕدەوویە لە (معاني التفسير) وە ئەبو نوعەیمیش لە (الأسماء الحسنى) هەموویان لە ئەبو هورەیرەوە گێڕاویانەتەوە. بڕوانە: (فيض القدير)(ب٢/ل٤٩٤/ژ٢٣٦٩).

وسلم دانی بەوە ناوە کەوا جگە لەو ناوانە بۆ خودا ناوی تر دروست نیە؟ بێگومان نەخێر ئەگەرچی ئەوانە دەڵێن ناوەکانی خودا تەوقیفین و وا هاتوون، بۆیە جگە لەوانە پێمان دروست نیە، ئەمەش جەهلە بەدینی خوا، چونکە بە بەڵگەکانی سەرەوە ئەوەمان سەلماند کەوا یەکێکە لە ناوو سیفەتەکانی، ئەگەر خودا قەدیم نەبێ ئەی کێ قەدیمە؟ وە ئایا بیرتان لەو فەرموودەیە کردووەتەوە کە عبد الله کوڕی مەسعود گێڕاویەتیەوە کەوا پێغەمبەرمان صلی الله علیه وسلم ئەم دوعایەی خوێندووە (**أسألُك بكلِّ اسمٍ هو لك سميتَ به نفسَك أوْ علَّمْتَه أحدًا مِنْ خلقِك أو أنزلته في كتابِك أو استأثرتَ به في علمِ الغيبِ عندَك**)، واتە: خودایە داوات لێ ئەکەم بە هەموو ئەو ناوانەی کەوا لە خۆت ناوە یانیش کەسێکت لە بوونەوەرانی خۆت فێرکردووە، یانیش داتبەزاندووە لە کتێبەکەی خۆت، یانیش هەڵتگرتووە لە زانستی غەیبی خۆت لە لای خۆت. ئەمەش بەڵگەیە کەوا خودا هەر ئەو نۆهەدو نۆ ناوەی نیەو پەیوەندی بە تەوقیفیەتەوە نیە، گەر سەیری لەفزە پێغەمبەرایەتیەکەی بکەی ئەزانی کە ئەڵێ یەکێ لە بەندەو بوونەورانی خۆت فێرکردووە، لێرەش ئەو کەسە نەزانراوە کێیە، ئەکرێ پێش پێغەمبەری ئێمە خودا ناوی خۆی فێری پێغەمبەران و زاناکانی ئوممەتەکانیان کردبێ، وە ئەشکرێ پێغەمبەرو زاناکانی ئوممەتەکەی سەروەریشمانی فێر کردبێ، وە هەم دواتر هەر خوداش ئەزانێ چەند ناوی هەیە لە زانستی خۆیدا.

**پوختەی ئەو باسە:**

قەدیم ناوو سیفەتێکی خوای گەورەیە بەمانای هەر هەبوو دێ و سەرەتا نیە بۆ وجودی.

**الحي، القادر، العليم، السميع، البصير، الشائي، المريد،**

خوای گەورە زاتێتی زیندووە بە زیندوویەکی هەمیشەیی، تواناداره بە تواناستیێکی هەمیشەیی، زانایە بە زانایەتیەکی هەمیشەیی، بیسەرە بە بیستنێکی هەمیشەیی، بینەرە بە بینەرێکی هەمیشەیی، خاوەن ویست و ئیرادەیە بە خاوەن ویست و ئیرادەیەکی هەمیشەیی.

خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُۚ لَا تَأۡخُذُهُۥ سِنَةٞ وَلَا نَوۡمٞۚ لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦۚ يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيۡءٖ مِّنۡ عِلۡمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَۚ وَسِعَ كُرۡسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفۡظُهُمَاۚ وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡعَظِيمُ ﴿٢٥٥﴾﴾[18]، واتە: لێرەدا سیفەتی یەکتایی، وە زیندووییەکەی، وە ڕاگیرییەکەی، وە زانایەتی و بەرزی شان و شکۆی، مەزنێتی هێناوە. وە لە شوێنێکی تریشدا ئەفەرمووێ: ﴿قُلۡ هُوَ ٱلۡقَادِرُ عَلَىٰٓ أَن يَبۡعَثَ عَلَيۡكُمۡ عَذَابٗا مِّن فَوۡقِكُمۡ .... ﴿٦٥﴾﴾[19]، واتە: خوای گەورە تواناداره بەوەی کە سزای خۆی بۆتان بنێرێ لەسەرتانەوە... . لێرەش و لە چەندەها ئایەتی ترو فەرموودەدا سیفەتی توانایەتی بۆ خۆی جێگیرکردووە.

[18] سورة البقرة: ٢٥٥

[19] سورة الأنعام: ٦٥

وە هەروەها ئەفەرمووێ: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ﴿١١﴾﴾[20]، واتە: هیچ شتێك وەكوو خودا نیە، لەگەڵ ئەوەش بیسەرو بینەرە. وە هەروەها ئەفەرمووێ: ﴿وَلَوۡ شَآءَ رَبُّكَ .... ﴿١١٨﴾﴾[21]، واتە: ئەگەر خوای گەورە ویستی لەسەر بێ. وە لەو ئایەتەشدا ئەفەرمووێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَفۡعَلُ مَا يُرِيدُ ﴿١٤﴾﴾[22]، واتە: خوای گەورە ئەوە ئەكات كە ئەیەوێ و خواستی لەسەرە.

## لیس بعرض،

وەك لە پێشەوەش باسمان كرد كەوا خوای گەورە عەرەزو لابەلا نیە، چونكە ڕاگیرە بەزاتی خۆی، واتە: وجودی پێویستی بە ڕاگیرێك نیە، وەك زانراویشە عەرەز ڕاگیرە بە غەیری خۆی، وە پێویستی بە شوێنێك هەیە تا ڕاگیر بێ و دەركەوێ، لەوەوەش ئەكەوێتە ناو مومكینات، وە لەبەرئەوەش لە دوو زەماندا نامێنێتەوە، بێگومان خوای گەورەش نزیككراوە نیە بە زەمەن.

## ولا جسم،

---

[20] سورة الشورى: ١١

[21] سورة هود: ١١٨

[22] سورة الحج: ١٤

وه خوای گەورە جەستەو لاشە نیە، چونکە جەستە لە دوو جەوهەر یا زیاتر پێکهاتووه.

**ولا جوهر،**

مە حاڵە خوای گەورە جەستە بێ، چونکە لای موتەکەللیمینەکان لە ئەهلی سوننەو جەماعە ئەوە ناسراوە کەوا جەوهەر ئەو بەشە بچووکەیە (واتە: گەردو گەردیلەو لەوانیش لە خوارتر یاخود تۆزی بینراوی بەر خۆر کاتێ لە پەنجەرەیەك ئەدات) کەوا قەبووڵی دابەش نابێت، ئەمەش لەبەر بچووکی ئەو بەشەو داگیرکردنی شوێنێك بە ئەندازەی حەجمی خۆی هەتاوەکوو ئەبێتە بەشێك بۆ جەستەیەك، بێگومان خوای گەورە پاك و بێگەردە لەمانە.

**ولا مصور،**

خوای گەورە زۆر لەوە پاك و بێگەردترە کەوا شێوەیەکی دروستکراوو پێکهێنراو بێ، بۆ نموونە وەکوو شێوەی مرۆڤ و ئەسپ و غەیری ئەوانەش، چونکە ئەمانە تایبەتمەندی جەستەییێتیان تێدایەو ماددەیەکی ڕێژەیین و لە بازنەی ئەشێیییەکاندان، وە هەروەها ئەمانە چەندایەتی و دەورو جێگەو زەمەنێکی سنووردایان بۆ دروستکراوە، وە هەرگیز خوای گەورە بەوە وەصفناکرێ بگوترێ دەست و چاو و قاچی هەیە لە خۆی بووەشێتەوە،

چونکە ئەمە تەشبیهکردن و جەستە دانانە بۆ خودا، وە پێکچواندنە بە مرۆڤـ، چونکە دەست و قاچ و چاو ئەمانە شایەنی مرۆڤن، وە دەست و چاو و قاچی ئاژەڵان شایەن بەخۆیانن، ئەی چۆن خودا دەشوبهێندرێ و دەست و قاچ و چاو و هەندێ ناوی تر کە هاتووە کردووتانن بە سیفەتی خودا کەوا لەو بووەشێتەوە، ئەمە وەکوو ئەوە وایە بگوترێ: ئەمە فیعلی فلآن کەسە بەس لەویش ناچێ، ئەمە تەناقوزی عەقلّیە. وە یەك هاوەڵیش نەیگوتووە ئەوانە سیفەتی خودان، ئێوە لە کوێتان هێنا؟

**ولا محدود،**

وە هێندە مەزنە سنووری نیە، واتە: دووری ڕەهاو نزیکی ڕەها لە بوونەوەرانی خۆی دوورو نزیکە، واتە: خودا زاتی پیرۆزی کۆتایی و سنووری نیە. چونکە سنوور سیفەتی بوونەوەرانە. خوای گەورەش ئەفەرمووێ: ﴿هُوَ ٱلْأَوَّلُ وَٱلْآخِرُ وَٱلظَّٰهِرُ وَٱلْبَاطِنُ ۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ۝٣﴾[٢٣]، ئەو یەکەمەو بێ سەرەتا، دواییشە بێ کۆتا، وە ئەو بەو هەموو شتانەدا دیارە کە دروستی کردوون، وە هەر خۆیشی نهێنیە کە کەس پەی پێ نابات و ئاگاداری بنج و بنەوانی گەردوونە.

---

[٢٣] سورة هود: ٣

وه ههروهها سهروهریشمان کاتێ لهسهر جێگاکهی پاڵکهوتبایه ئهو نزایهی ئهخوێند: (**اللَّهُمَّ أَنْتَ الأوَّلُ فليسَ قَبْلَكَ شيءٌ، وَأَنْتَ الآخِرُ فليسَ بَعْدَكَ شيءٌ، وَأَنْتَ الظَّاهِرُ فليسَ فَوْقَكَ شيءٌ، وَأَنْتَ البَاطِنُ فليسَ دُونَكَ شيءٌ، اقْضِ عَنَّا الدَّيْنَ، وَأَغْنِنَا مِنَ الفَقْرِ**)[٢٤]..

واته: ئهی خودای من ههر تۆ یهکهمی و بهر له تۆدا هیچ شتێك بوونی نهبووه، وه ههر خۆشت دواینی و له دواتهوه هیچ شتێکی بوونی نیه، وه ئهوهنده دیارو ڕۆشنیشی له ڕێی دروستکراوانتهوه لهسهرووی تۆ شتێك بوونی نیه، وه ههر خۆشت نهێنی به نێوهوهی ئهم وجوودهو بوونهوهرانت وهك بڵێی بوونهوهرانت ههر وجودیان نیه جگه له تۆ نهبێ.

جا ئهوه بیروباوهڕی پێغهمبهره صلى الله عليه وسلم، کهوا سنووری بۆ خودا دانانهوهو بهرههایهتی وهصفی کردووهو له ههموو ئاڕاستهکانهوه، چونکه خودا بێ ئاڕاستهیه، له پێشدا باسمان کرد که بهر لهگهردوون هیچ شتێك وجودی نهبوو جگه لهخوا نهبێ جا فهراغێکی نیسبی ئهندازهکرد که به حیسابی ئێمه فهراغه ئهمما له حهقیقهتدا فهراغ نیه، جا بۆیه مرۆڤ ئهگهر ئیزن بدرێ یاخود بۆی برهخسێ گریمان له عهرشیش ڕۆیشت و بهرز بوویهوه ههرگیز ناگاته کۆتایی خوا، وه ههمووشمان ئاڕاستهمان ڕێژهییه به پێی عهقڵ و تیۆری ئهنیشتاین، بۆ نموونه چوار کهس ههر یهکهیان له

[٢٤] موسلیم له (صحيح المسلم)(ژ٢٧١٣) له ئهبو هورهیرهوه گێڕاویهتیهوه.

جەمسەرێکی زەوی دابنرێ، جا هەر یەکەیان بە ئاڕاستەی خۆیان بڕۆن و بێ ئەوەی لابدەن لە دواجار ئەگەنە سنووری کۆتایی کە عەرشە، جا لێرەدا ئایا خودا ئیزنیان ئەدا لەوە زیاتر بڕۆن یاننا ئێمە زانیاری ئەوەمان نیە، بەس گریمان ئەگەر ئیزنیدا، هەروەك چۆن ئیزنی پیغەمبەر صلی الله علیه وسلم درا کە بە ئەندازەی دوو پێ بەرز بێتەوە لە عەرش وەك ئیمامی اسماعیل حەققی بورسەیی لە تەفسیرەکەی خۆی باسی کردووە کەوا هەندێ لە زاناکان وتوویانە، بەڵام وتەکەی بەبێ سەنەد هێناوە. جا گریمان ئەو چوار پیاوە ئیزندران بۆ نموونە هەر یەکەیان لە ئاڕاستەی خۆی بڕوا هەرگیز ناگەنە کۆتایی چونکە خودا سنووری نیە، وە ئەوەی ئینکاری ئەوەش بکات بڵێتن تۆ چووزانی سنوری چۆنەو چۆن نیە وە چۆن عەرشی خوات سنووردار کرد؟ ئێمەش ئەڵێین: بە دەقی ئایەت و فەرموودە ئەوە سەلماوە کەوا عەرش مەخلوقێکی خوایەو فریشتەکان هەڵیان گرتووە. وە زەوی لە چاو ئاسمان وەکوو حەلقەیەك وایە، ئیتر تا دەگاتە کورسی و عەرشیش کە هەموویان وەکوو حەلقەیەك وانە لە چاو خودا. جا عەجیب لەوەدایە ئەوانەی دەڵێن لەسەر عەرشە کە شایەن بەخۆی بێ، جا ئیبن و لجەوزی حەنبەلی وەڵام ئەداتەوە: "ئەوە وا دەرئەکەوێ کەوا عەرش لە خودا گەورەترەو خودا شویندارو ڕێژەیی کرا". ئەمەش بیروباوەڕێکی عەوامانەیە بەڕای من ئیتر هەر ئەوەندە لە خوا تێگەیشتوون، ئەگینا خوا زۆر لەوە گەورەترە لەسەر عەرشێك بێ کە وەك حەڵقەیەك بگرە دنکە نۆکێکەو بگرە لەوەش لە خوارتر

ئەویش بچێتە سەری و دابنیشیّ، ئەمە یەهودیەکان ئەیان گوت: خودا بەشەش ڕۆژ ئاسمانەکان و زەوی خەڵقکردو دواتر پاڵیداوە لەسەر عەڕش، لە ئاینی بوزی کۆنفۆشیۆسی و هیندۆسی و ئاینە چینیەکان و هیندیەکاندا بڕوای تەواویان بەوە هەیە کە خوداکانی خۆیان لەسەر کورسی و بارەگاکانی خۆیان دانیشتوون، ئاخر چۆن عەقیدەیەکی پاکی ئیسلامەتی تێکەڵ بە عەقیدەیەکی یەهودی و دینەکانی تر ئەکریّ؟ دواتر من دەپرسم لەو کەسانەی کە بڕوای تەواویان بەوە هەیە کەوا خودا هەموو شەویّ دادەبەزێتە ئاسمانی دونیا لە سێیەکی شەودا بە دابەزینیك لەخۆی بوەشێتەوە، باشە ئەگەر عەڕش و کورسی لە چاو خودا حەلقەیەك بیّ ئاسمانەکانیش هەر یەکەیان لەچاو یەکتر وەکوو حەلقەیەکن باشە بەڕای ئێوە خودا دێتە ناو حەلقەیەك؟ وە هەروەها ئێوە دەڵێن: خودا لەسەر عەڕشەو دێتە ناو ئاسمانی دونیاش، باشە وەکوو زانستیەن سەلماوە کەوا لەسەر زەوی لە بیست و چوار کاژێردا لە شوێنێك خۆر هەڵدیّ و لە شوێنێکی تریشدا ئاوا ئەبیّ بەمەش بەبەردوامی شەو وجودی هەیە لەسەر زەوی، جا پرسیارەکە لێرەیە ئەگەر بەقسەی ئێوە بیّ دادەبەزێتە ئاسمانی دونیا کەوایە بیست و چوار کاژێر لەسەر زەویە، ئەوەش دژ بەیەکە ئێوە ئەڵێن لەسەر عەڕشە، کەچی بیست و چوار کاژێریش لە ئاسمانی دونیایە، ئەمە چۆن ڕێکی دەخەن؟ چاکترین مەفهوم بۆ ئێوە ئەوەبوو کە بتانگوتایە فەرمان و ڕەحمی تایبەتی خوا دادەبەزیّ، چونکە خودا دەفەرمووێ (بێگومان ڕەحمەتی من هەموو شتێکی

گرتووەتەوە)، بەڵام سێیەکی شەوان ڕەحمەتی تایبەتی هەیەو خوای گەورە زیاتر دوعاکان قەبووڵ ئەکات. چونکە خودا ئەفەرمووێ: (خودا کێی بووێ تایبەتی ئەکات بە ڕەحمەتەکەی خۆی). باشە پرسیارێکی تریش ماوە ئەبێ لێتانی بکەین، ئێوە دەڵێن خودا دادەبەزێتە ئاسمانی دونیا بە دابەزینێك لەخۆی بووەشێتەوە، باشە خودا لەگەڵ دروستکراوانی خۆی تێکەڵ دەبێ؟ ئەگەر بڵێن نا، ئەی باشە قسەکەی ئێوە ڕوونە کەوا خوداتان دابەزاندە ناو ئاسمانەکان، بێگومان ئاسمانەکانیش هەمووی ماددەن، ئەو کاتە هەموو ئاسمانەکان بۆیان هەیە بڵێن: أنا الحق، من حەققم و خودا لەگەڵ من تێکەڵ بووە، چونکە هاتۆتە ناو ئاسمانی دونیا، ئەی باشە ئێوە حەللاجی قوڕبەسەرتان کافر کرد کە بەس گوتی أنا الحق، ئیتر خەڵك وا تێگەیشت کە دەڵێ خودا لەگەڵ من تێکەڵ بووە، کەچی واش نەبوو، پرسیارەکە لێرەیە، جیاوازی ئێوە لەگەڵ حەللاجدا چیە؟

ئەگەر ئەو عەقیدەی ئێوە کە دیڕاسەم کردووە سەدا سەد لەگەڵ دەقە مەزنەکانی شەرعی و عەقڵی یەکی گرتبایە من یەکەم کەس بووم لەم سەردەمە شوێن ئەو فیکرەیە ئەکەوتم، بەڵام وانیە، ئێوە خوداتان لە شوێنکدا قەتیس کردووەو دەست و قاچ و جەستەو شوێن و جوڵانەوەتان داوەتە خودا کە لە خۆی بووەشێتەوە، بەمەش خودا لە فیکری ئێوەدا ڕێژەییەو ڕەها نیە.

ئەی باشە حەل چیەو تۆ کۆمەڵێ شتت وروژاند بەبێ ئەوەی وەڵامەکەیان بزانین، زۆر چاکە ئەمەوێ بەوپەڕی خۆ بەکەمزانینەوە ئەوەیان پێ بڵێم: حەلی یەکەمم خستە بەردەستان کە تەئویلەکە بوو لە هەمووی سەلامەتتر بوو، هەمان ئەو بۆچوونە بوو کە زاناکانی ئەهلی سوننە لە مەزهەبی ئەشاعیرەو ماتۆریدیەکان لەسەری بوون، وە ئیبن و لجەوزی و غەیری ئەویش لەسەرینە.

وە حەلی دووەمیش: ئەوەیە ئاسمانەکان تەنیا ئاوێنەیەکی جوانی درەوشانەوەی ناو و سیفاتەکانی خوای مەزنن و ناوو سیفاتەکانی لێ دەرئەکەوێ ئەمە چۆن؟

نموونە بەرزەکان هەر بۆ خوایە تەشبیهـ نەبێ ئەمە بۆ تێگەیشتنە نەك تەمسیل و تەشبیه، گەر چیایەك لە بەردەم ئاوێنەیەك دابنێی، بێگومان وێنەی چیاکە لە نێو ئاوێنەکەدا دەرئەکەوێ، جا ئایا چیاکە بەزاتی خۆی هاتۆتە ناو ئاوێنەکە؟ بێگومان نەخێر، ئەی باشە ئەوەی لەناو چیاکە دەرکەوتووە غەیری چیاکەیە؟ نەخێر.

با نموونەیەکی تریشتان بۆ بهێننمەوە، میمۆریەك کە لەم سەردەمە دەرچووەو ئەم هەموو وێنەو ڤیدیۆو وێنەی تێدایە، ئایا شتەکان بە حەقیقەتی خۆیان هاتوونەتە ناو میمۆریەکە ؟ بێگومان نەخێر، ئەی باشە ئەو شتانەی کە تێیدایە غەیری ئەو شتانەن لە حەقیقەتدا؟ بێگومان ئەوەش

نەخێر. جا لەهەموو بارەکان حەقیقەتی شتەکان ئاوێتەو تێکەڵ نەبوونە بە ئاوێنەکەو میمۆریەکە.

جا ئەوەی کە هەموو شەوێ دادەبەزێ بە پێی حەلی دووەم، ئاسمانەکان و ئاسمانی دونیا ئەدرەوشێنەوە بۆ دەرکەوتنی ڕەحمی میهرەبانی خوداو خودای گەورە بەردەوام لە تەجەللی ئەو ڕەحمەتەدایە بیست و چوار کاژێر. جا بێگومان کە ئەو ڕەحمەش کە سیفەتێکی ڕەحمانیەتی خودایە دەرئەکەوێ لە ئاسمانی دونیا هەموو شەوێ بەبەردەوامی، ئەوەی دەرکەوتووە ڕەحمی خودایە بۆیە وا هەژمار ئەکرێ کەوا خودایە، چۆن کەسێ نامەی سەرۆکێکی پێیە بۆ حکومەتەکەی، جا هەموو وەزیرەکانی وا دەزانن کەوا سەرۆکەکە خۆی لایانە چونکە فەرمانی ئەویان لایە، بۆیە ئەوەی دەرکەوتووە لە ئاسمانەکان و ئاسمانی دونیا خودایە وە نە خوداشە (لا هو ولا غیرە) (نەخۆیەتی وە نەغەیری خۆشیەتی). ئەمە بەپێی حەلی دووەم بوو، والله اعلم.

حەلی سێیەمیش: دابەزینی فریشتەی خوای گەورەیە. حەلی چوارەم: دابەزینی ئەمری خوایە هەروەك ئیمامی مالیك فەرموویەتی. وە حەلی پێنجەم: ڕووتێکردنە داواکارانە. لە بەشەکانی کۆتایی شەرحی نەسەفی بەدرێژی لەسەر ئەم بابەتە ڕۆیشتووین بە گشت بەڵگەکانەوە.

وە هەروەها بۆئەوەی لە چوارناوەکەش تێبگەین (یەکەم و دوایین و زاهیرو باتن) بەنموویەك ئەوە ڕوون دەکەینەوە: نموونە بەرزەکان هەمووی هەر

بۆ خوایە، ئەم نموونە تەشبیهــو تەمسیل نیە بەڵکوو بۆ تێگەیشتنمانە لە بابەتەکە زیاتر: گەر تۆپێکمان هەبێ و پڕ لە ئاوی بکەین، ماسیەکی تێبکەین تۆپەکەش بچووك بێ: جا ئەو ماسیە لە نێویدا تەنیا پەی بەوە ئەبات کە ئەیبینێ و لێیەوە دیارە، بێ خەبەرە لەوە چی دەگوزەرێ لەوەی کە لە دەرەوەدایە، جا ئەگەر تۆپەکە بەردەوام فراوانبوو ماسیەکەش هەر لە ڕۆیشتندایە لەگەڵ فراوانبوونەکەی، وە ئەگەر فراوانبوونەکە وەستا ماسیەکەش ئەگاتە سنووری تۆپەکە، باشە ئەگەر تۆپەکە سنووری نەبوو بە ڕەهایی و لە باری جێگیری خۆیدا بوو واتە: ئەندازەی حەجمی بۆ نەکرا چونکە لە ڕەهایەتیدا مەحاڵە خەیاڵی حەجم و سنوور زەمەن و شوێن دانان بکرێ، ئەو کاتە ئەو ماسیە هەرگیز ناگات بە کۆتایی ئەگەرچی کاتێکی بێ کۆتاییشی بۆ دانێی. وە ئەگەر کەشتیەکیشی لە خێرایی ڕووناکی زیاتریشی بۆ دابین بکەی هەرگیز ناگات بە کۆتایی. (ولله مثل الأعلى) عەرش سنوورە، ئەوە نیە لە پاش عەرش خەیاڵی ئەوە بکەی سنووری خودا لەوێیەو لەسەر عەرش جێگیرە، نەخێر ئەمە عەقیدەیەکی عەوامانەیە وەك لە پێشتردا باسمان کرد، ئەگەر عەقیدەیەکی پێغەمبەرانی و شەرعیانی و عەقڵیانی و زانستیت ئەوێ ئەوە خودا سنووری نیە. چونکە گەر کەسێ بپرسێ ئایا خودا ئەیتوانی گەردوون لە ئێستاکە بچووکتر یاخود گەورەتری دروستکردبایە؟ ئەگەر بڵێین ئا کەواتە: چۆن سنوورت دانا بۆ خوداو چۆن ئەو

حەجمەی ئێستاکە بەدی هات و چۆن ئەو فەڕاغە نیسبیە ئەندازە کرا؟ چونکە سنوور لە زەڕوریاتی عەقڵ شتێکە کۆتایی پێ دێ.

هەر سەبارەت بە مەوزوعی گەردوون و عەڕش و خواوە چەند پرسیارێك دەکەین.

١ـ ئایا گەردوون لە باری فراوانبووندایە؟

٢ـ وە ئەگەر لە باری فراوانبووندایە عەڕشیش لەگەڵی فراوان ئەبێ؟

٣ـ یان ئەوەی کە هەندێ لە تاقمەکان لەسەرینە کە پێیان وایە لەسەر عەڕشە ئایا خودا بەرەو سەرەوە بەرز دەبێتەوە ئەگەر عەڕش لە باری فراوانبووندایە؟

٤ـ ئەگەر خوای گەورەش لە باری فراوانبوودایە ئایا بۆشایی یان پڕایی لە دوای خواوە هەیە؟

٥ـ وە ئەگەر لە باری جێگیریدایە ئایا خوای گەورە ئەیتوانی گەردوون دروست بکات لەوەی ئێستاکە بچوکتربێت یاخود گەورەتر؟

٦ـ ئەگەر ئەیتوانی بچوکتر دروستی بکردبایە لەو کاتەدا خودا دا ئەبەزی چونکە عەڕشیش تەسکتر ئەبوویەوە؟

وەڵامی یەکەم: بەگوێرەی زانستی سەردەم ئەوەیان پشتڕاستکردووەتەوە کەوا گەردوون لە باری فراوانبووندایە. دواتر دێینە سەر ئەو بابەتەش.

وەڵامی دووەم: ئەکرێ لە باری فراوانبووندا بێ و هیچ دژایەتیەکیشی تێدا نیە، وە ئەشکرێ گەردوونی ئێمە لە نێو هەزارەها گەردوونی تر بێ، زانستیەن نەسەلمێنراوە، ئەمما تەناقوزی تێدا نیە چ لە ڕووی عەقڵیەوە وە چ لە ڕووی شەڕعیەوە.

وەڵامی سێیەم: ئەگەر عەڕش لە باری فراوانبووندا بێ ئەو کاتە تەناقوزە بۆ فیکری هەندێ لەو تاقمانە، چونکە لەو کاتەدا خوداش لەباری فراوانبوون و کشاندایە ئەمەش مەحاڵە بە مەحاڵێکی شەڕعی و عەقڵی، چونکە خودا لەسەر حاڵەتی خۆیەتی بەر لە گەردوون، وە ئەگەر لە باری جێگیریشدا بێ ئایا خودا ئەتوانێ لە دەرەوەی عەڕش عەڕشێکی تر دروست بکات؟ ئەگەر بڵێ نا، ئەوە بێ دەسەڵاتیە بۆ خواو سنووردار کردنیەتی، وە هەروەها بۆچی تەنیا ئەم فەڕاغە ڕێژەییە ئەندازە کراوە؟ ئایا نە ئەکرا لەوە زیاتر ئەندازە بکرێ؟ ئەگەر بڵێن: ئەوە لە کەماڵی خوادایە کە لە ئەزەلدا بڕیاری ئەوەندە بدات. باشە ئەی لە توانستی خوا نیە ئەندازە لەوە زیاترو کەمتر بڕیار بدات؟ ئەگەر بڵێن نا ئەوە کوفرە، ئەگەر بشڵێن ئا ئەوە قسەکەی ئێمە شەڕعی عەقڵیە کەواتە دروستەو گریمانەی دروستکردنی هەیە.

وەڵامی چوارەم: ئایا بۆشایی یان پڕایی هەیە، ئەوەندەی من زانیبێتم کە زۆربەی فەیلەسوفەکان بە ئیمامی غەزالیشەوە بگرە لەوە یەکدەنگن کەوا لەدەرەوەی گەردوون نە بۆشایی هەیە وە نەپڕایی واتە ماددە بوونی نیە. ئێمە لە سەرەتا گوتمان گەردوون لە زیهنی خۆت لادە تەنیا خوا ئەمێنێتەوە، جا ئەو فەراغە نیسبیەی بۆ گەردوون ئەندازە کردووە گەردوون لەو فەراغە نیسبیەدایە، جا لێرە پرسیارێك ئەکرێ: ئەشێ ئەو ئەندازەیەی کە بۆ گەردوونی داناوە هێشتان نەگەیشتووەتە سنووری کۆتاییەکەی کاتێ دەگاتە سنووری کۆتایی ئیتر لەوە زیاتر ناتوانێ بکشێ ئەمەش وەکوو ئەوە وایە میزڵدانێك لە سنووری خۆی زیاتر هەوای تێ بکرێ ئیتر ئەتەقەوێتەوە چونکە بەرگەی زیاتر ناگرێ، وە ئەشکرێ لە دەرەوەی گەردوونیش لە کاتی فراوانیەکەدا ڕاستەوخۆ بۆشایی نیسبی بۆ فەراهەم بهێنێ با بە نموونەیەك ڕوونی بکەینەوە (بۆ نموونە، من بە خوای گەورە ئەڵێم: خودایە ئەمەوێ لە عەرشی خۆت بمبەیە دەرێ، ئەویش ئەمباتە دەرەوە، ئەڕۆم بە هەزارەها ساڵ کۆتایی پێ نایێ لە نێو بۆشاییەکی نیسبیدا ئەڕۆم لە ژێرچاودێری خوای مەزندا، کە دێمەوە ژێر عەڕشیش هەمان شتە، واتە: بە قانونی عەقڵی ئەم شتە مومیکنە، بەڵام ڕەنگە کەسێ ڕەخنە بگرێ و بڵێتن: ئەوەی تۆ داوای دەکەی ڕەنگە لەگەڵ دەرچوونت لە عەرش بسووتێی لەبەر ئەنواری خودا؟ ئەو کاتە ئێمەش ئەڵێین: ئەکرێ خوای گەورە مواصەفاتی ڕووحی مرۆڤ لەگەڵ جەستە ماددیەکە بەزر بکاتەوە بۆ ئاستێك کەوا بتوانێ بەرگەی ئەو

ئەنوارە بگرێ، وەك لە تەفسیری اسماعیل بورسەویدا ئەوەی هێناوە کەوا پێغەمبەر لەشەوی ئیسراو میعراجدا سەرکەوت لە سیدرەتولمونتەها داخڵی ئەنوارێك بوو زۆر پڕو بەهێز بوو کە لەمەو پێشدا ئەنواری وای نەدیبی بوو لەو کاتەدا هەست خوست نەما، بۆئەوەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم نەترسێ خوای گەورە تەجەللی کرد تاوەکوو دڵی سەروەرمان ئارام بگرێ. جا پرسیارەکە لێرەیە ئایە چ رێگریەك لەوەدایە پیغەمبەر صلى الله عليه وسلم هەر برۆیشتایە کە کۆتایی پێ نایێ؟

وە سەبارەت بە وەڵامی پێنجەم و شەشەمیش: ئەگەر بڵێین ئەیتوانی دروستی بکات ئەو کاتە بە حیسابی ئەوانەی کە دەڵێن: خوا لەسەر عەرشە لە باری یەکەم کە گەردوونی لەوەی ئێستاکە هەیە بچووکتر دروستکردبایە خوای گەورە لە باری ناوەوەییدا ئەبوو واتە: لە باری فراوانبووندا نیە، واتە: بەکورتی و پوختی مەودای خوایەتیەکەی تەسکترو بچوکتر بوویتەوە، جا ئایا ئەمانە بەرای ئێوە ڕاست و دروستن؟ وەڵامەکەی بۆ ئێوە بەجێ ئەهێڵم.

پوختەی ئەو بابەتە دوورو درێژە:

خوای گەورە نە جیایە لە گەردوون و عەرش، وە نە داخڵی گەردوونیش ئەبێ، وە نەخۆیشی ئەگەیێنێتە نێویەوە تا لەدەرەوە نەمێنێ، ئەمەش بیروباوەڕی ئەهلی سوننەو جەماعەیە لە ئەشاعیرەو ماتۆریدیەکانن، وە ئیبن و لجەوزیش لە کتێبی (دفع الشبهة التشبيه) هەمان بۆچوونی ئێمەی

ئەشاعیرەی هەیە. وەك گوتمان گەردوون لابەرە لە زیهنت تەنیا خوا ئەمێنێتەوە بەرەهایی و بێ کۆتایی و بێ سەرەتایی بەزاهیرو باتن، وە بیهێنەوە زیهنت لە فەراغێکی نیسبی ئەندازەکراوداین، جا لەوەوە خودا نەخاریجە وە نەداخڵیشە وە نەفەصڵە وە نەوەصڵیشە وەك گوتمان. وە ئەوەی باسیشمان کرد لە ئایەت و فەرموودەکەی سەروەرمان هەڵێنجانمان بۆ کردووەو لە ڕێبازی ئەو دەرنەچووینە. واللە اعلم

**ولا معدود،**

وە خوای گەورە زاتێکە پاك و بێگەردە لە ژمێردراو و زۆرێتی، لەوەی خوا نەخواستە زاتی دابەش بێ بۆ چەندایەتی و ئەندازەکراوی، بەڵکوو زاتێکی تاك و تەنیایەو هەرگیز دابەشبوون ڕووی تێ ناکات.

**ولا متبعض، ولا متجزئ،**

بێگومان خوای گەورە ئەندام و هەندەکی و بەش نیە، واتە: پێکهێنرابێ لە هەندێ شت یاخود بەش بەش و هەندێ هەندێتی بێ و کەرت بێ، نەخێر ئەمانە سیفاتی بوونەوەرانن، چونکە هەر شتێك کە پەیدابوو بێ پێی ئەگوترێ هەندەکی و بەشی.

ئیمامی عبد الواحیدی تەمیمی حەنبەلی ئەڵێ، ئیمامی ئەحمەد فەرموویەتی: "بێگومان خوای گەورە دوو یەدی هەنە لە زاتی خۆیدا کە

ئەندام نین و پێکهێنراو و جەستە نین، وە جنسێکیش نیە لە جەستەکان، وە جنسێکی سنووردار کراویش نیە، وە پێکهینراوو ئەندام و پەلیش نیە، وە قیاسیش لەسەر ئەوانە ناکرێ، وە ئەنیشك و باسك و جومگە نیە، وە ئەو مانایەش ناگەیەنێ لەو وتەیان کە ئەڵێن یەد، ئیللا لەبەرئەوە نەبێ چونکە قورئان لەفزی پێ کردووە، یاخود بە صەحیحی لە پێغەمبەری خواوە صلی الله علیه وسلم لەبارەیەوە گێڕدراوەتەوە"[٢٥]. ك ھ. جا بزانە: لێرە نەیگوت: خودا دەستێکی ھەیە لەخۆی بووەشێتەوە، چونکە ئەوەی بەناوی سەلەف ئەو قسەیە بکات ئەوە لەسەلەف لایداوە، بەڵکوو وتەکەی ئیمامی ئەحمەد ڕوونە کە ئەڵێ: ئێمە بڕوامان بە یەد ھەیە کەسیفەتی خوایە نەك بشوبھێندرێ بەدەستی مرۆڤ یاخود بگوترێ دەستێك لەخوا بوەشێتەوە، نەخێر چونکە ئیمامی ئەحمەد گوتی قیاسیشی لەسەر ناکرێ، وە ئەو سیفەتە بەئەندام و پەلەکان ناشوبھێندرێ چونکە بەس خودا ئەزانێ مەبەست بەو یەدە چیە. لێرەدا مەزھەبی ئیمامی ئەحمەد لەو ڕووەوە تەفویزە، بڕوای بەئایەتەکە ھەیەو مێشکی خۆیشی خاڵی کردووەوتەوە لەوەی بەئەندام بیشوبھێنێ، چونکە لەبەر یەك شت ئەڵێ بڕوامان بەو یەدە ھەیە چونکە لەقورئاندا لەفزی پێکراوە، وە یاخود لە فەرموودەی صەحیحدا ھاتووە. وە ھەر لە ئیمامی

---

[٢٥] (الإعتقاد الإمام المنبل أبي عبد الله أحمد بن حنبل)(ل٢٣). ط. دار الكتب العلمية.

ئەحمەدیشەوە بە صەحیحیەوە هاتووە هەندێ ئایەت و فەرموودەی تەئویل کردووە، بەڵام لایەنی زۆرینەی تەفویز بووە.

**ولا متناه،**

وەك باسمان کرد خوای گەورە سنووری نیە تاکۆتایی پێ بێ، بۆیە مەحاڵە بە زەڕوڕەتی شەڕعی و عەقڵی زاتێك هەبێ کە پێی بگوترێ واجبی وجود واتە: وجودی پێویست بکات ئەوە سنوورو کۆتایی هەبێ، چونکە گەر کۆتایی و سنووری هەبێ ئەوە خودا نیە، بەڵکوو ئەچێتە ناو بازنە مومکینات، وەك زانراویشە هەرچی مومکینە وجودی سنوورو کۆتایی هەیە، وەك لە بیردۆزی ڕێژەیی ئەنیشتاینیشدا ئەوە سەلمێنراوە کەوا شوێن و زەمەن و مادده ڕێژەییە هەر یەکە سەبارەت بەخۆی. ئەمە زەڕوڕەتێکی شەڕعی و عەقڵیە کەس ناتوانێ خۆی لێ لابدات.

**ولا یوصف بالماهیة،**

وە خوای گەورە وەصف ناکرێت بەوەی کە ماهیەت و چیەتی هەبێ، چونکە چیەتی و ماهیەت شموولی مومکینات ئەکات، لە سەرەتاشدا باسمان کرد ماهیەتەکان چین. واتە: تۆ بیێ بیر لەوە بکەیتەوە ئایا خودا فۆتۆنە یان ڕۆحە یانیش شتی تر، چونکە ئەمانە گشتی جەوهەرو عەرەزن کە مەخلوقی

خودان، خوای گەورەش پێچەوانەی مەخلوقاتی خۆیەتی، بۆیە ماهیەتی نیە، بەڵکوو تەنها خۆی ئەزانێ زاتی پاکی چیە.

**ولا بالكيفية،**

وە وەصفی ئەوەیشی ناکرێ چۆنیەتی خوا چۆنە، چونکە خوای گەورە پاك و بێگەردە لە چۆنیەتی بۆ نموونە لە ڕەنگ و تام و بۆن و گەرمی و ساردی شێداری و وشکێتی، چونکە ئەمانە داخڵی مومکیناتن، گشتی بەدیهێنراون کە لە سەرەتادا بوونیان نەبووە، کە شتێکیش بوونی نەبێ چۆن بۆ خوا بەکاردێ و بەرامبەری خوا ئەکرێ.

**ولا يتمكن في مكان،**

وە وەصفی ئەوەیشی ناکرێ لە شوێن و جێگەداری بێ، چونکە شوێن و جێگە ئەندازەی بۆ دانراوەو لە هەموو ڕوویەکەوەو شتێکی ڕێژەییە، دەلالەت ئەکات لە پانی و درێژی و بەرزی و جەستەییەت، بێگومان خوای گەورەش ڕەهایەو پاك و بێگەردە لە شوێن.

**ولا يجري عليه زمان،**

ئەوە نیە خوای گەورە زەمەن و کاتی بەسەردا بڕوات و تێپەڕ ببێت، چونکە زەمەن ئەندازەیەکی ئیعتیبار بۆ کراوە سەبارەت بە مومکینات،

ئەوانەی کەوا پەیدا بوون، چونکە بۆ نموونە: گەر بڵێین خودا حەرەکە ئەکات ئەو حەرەکەیە زەمەنێکە، ئەمەش مەحاڵە، وە ئەوەیشی کە خوای گەورە باسی کردووە لە ڕۆژەکانی خوای گەورە یاخود یەك ڕۆژ لای خوای گەورە پەنجا هەزار ساڵە، ئەوانە گشتی بۆ حیساب و تەقدیری ئێمەی مرۆڤە، نەك خودا کاتی هەبێ، چونکە کات ئیعتیبارە لە خەتێکی دەستپێك، جا ئەو خەتە درێژ ئەبێتەوە. ڕابووردوو ئێستاو داهاتوو دروست دەکات، وە زەمەن لای ئەهلی سوننە ئاماژەیەکە بە نوێبوونەوە کە بەهۆیەوە ئەندازەی نوێبوونەوەیەکی تر ئەکات. وە لای فەیلەسووفەکانیش ئاماژەیە بە ئەندازەی جوڵانەوەی هەسارە. وە ئەنیشتانیش پێی وایە زەمەن لە بوعدو لای چوارەمە لە ماددە، بۆیە هەرکاتێ کات لار بوویەوە ئەوە زەمەن هێواش دەبێتەوە. ئەی باشە ئەوە بێنەوە زیهنت هەرچی هەیە لەگەردوون لایبەرە تەنیا خودا بێنەرەوە یادت بەبێ پێکچواندن بەڕەهایی و بەبێ سنوورو کۆتایی، ئینجا ئەزانی زەمەن بۆ خوا هەر نیە، بەڵکوو ئەزەلی و ئەبەدیە.

**ولا يشبهه شيء،**

هیچ شتێك لەو ناچێ، چونکە پێچەوانەی بوونەوەرانی خۆیەتی.

ئیمامی عبد الواحیدی کوڕی عبد العزیزی تەمیمی حەنبەلی کە یەکێکە لە زانا بەرزەکانی ئیسلام و هاوڕێی گیانی بە گیانی قازی ئەبو بەکری باقللانی بووە، کە ئەم مالیکی مەزهەب بووەو ئەشعەریش بووە، وە

خۆیشی حەنبەلی مەزهەبەو لەسەر بیروباوەڕی ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلە، ڕەزای خوایان لێ بێ، جا ئەو ئیمامە بەرزە ئەفەرمووێ: "یەك سەرین و بالیف حەوت ساڵان سەری من و سەری قازی ئەبو بەکری طەییبی باقللانی کۆکردەوە، واتە: لەسەر یەك سەرین ئەخەوتین"، الله ئەمە چ ڕووح و خۆشەویستیەك بووە لە نێوان ئەو دوو کەڵە پیاوو زانایەو ئەو دوو مەزهەبە مەزنە، جا ئەو ئیمامە لە وەصفی خودا بیروباوەڕی ئیمامی ئەحمەد ئەخاتە ڕوو کەوا ئیمامی ئەحمەد پێی وایە: "خوای گەورە تاکە نەك لە ڕووی ژمارەوە، دروست نیە بەش بەش و دابەش بێ، ئەو زاتێکە تاکە لە هەموو ڕوویەکەوە، وە غەیری ئەویش تاکە لە ڕوویەکەوە جیا لەو ڕووەی خوای گەورە، وە وەصفکراوە بە وەصفانێك کە (هەواڵە) بیستەنیە یەکدەنگیەکان واجبیان کردووە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر سەلماندنی ئەو، وە ئەو مەوجودە، وە هەر کەسێکیش بڵێتن خوای گەورە وەصفنەکراو بوو هەتا وەصفکەرەکان هاتن وەصفیان کرد ئەوە بەڕاستی ئەو کەسە لە دین دەرچووە، چونکە لەوە وا دەرئەکەوێ کەوا ناچار ئەبێ تاك نەبووبێ هەتا بە تاکگرەکان هاتن بە تاکیان گرت، ئەوەش بەڕاستی فاسدو خراپە"[٢٦]، وە سەبارەت بە سیفەتی قەدیمی خوای گەورەش ئیمامی ئەحمەد فەرموویەتی: "بێگومان خوای گەورە قەدیم و هەر هەبووە بە سیفاتەکانی کە ئیزافەنە بۆ

[٢٦] (إعتقاد الإمام المنبل أبي عبد الله أحمد بن حنبل)(ل١٤)

لای له نەفسیدا، وە پرسیاریشی لیّ کرا، ئایا وەصفکراوی قەدیم وە لەگەڵ سیفەتەکەی هەردووکیان قەدیمن؟ ئەویش فەرمووی: ئەمە پرسیارێکی هەڵەیە، دروست نیە خوای حەق جیا بکرێتەوە لە سیفەتەکانی"[٢٧].

وە پرسیاریشیان لە ئیمامی خەلیلی شافیعی کرد (ڕەحمەتی خوای لیّ بیّ) ئایا خودا ئادەمی لەسەر شێوەی خۆی دروستکردووە؟ وە ئایا ئەو فەرموودەیەی کە لە بوخاریدا هاتووە: (خلق الله آدم علی صورتە (ئەو زەمیری هائە واتە: خۆیەکە) بۆ خودا ئەگەڕێتەوە یان ئادەم)؟

ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی: "عەللامە شەمسی ڕەملی لە فەتاواکەی خۆیدا ئەفەرمووێ: ئەو فەرموودەیە کە هاتووە بۆچوونی دوو مەزهەبی لەسەرە یەکەمیان: بیّ دەنگ بوونە لە ڕاڤەکردنی. (واتە: خوداو سەروەرمان دەزانن مەبەستیان بەوە چیە). دووەمیان: قسە لەسەر ماناکەیەتی، وە خاوەن مەزهەبەکانیش ڕاجیان لەسەر (هاء، خۆیەکە) کە بۆ کیّ ئەگەڕێتەوە؟ جا سیّ وتەی لەسەرە، یەکەمیان: ئەگەڕێتەوە بۆ هەندیّ لە ئادەمیزادەکان، بەڵگەش لەسەر ئەمە پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم، بەلای پیاوێکدا تێپەڕی کە لە پیاوێکی ئەداو ئەیگوت: خودا ڕووت ناشیرین بکات، وە ڕووی ئەو کەسەش کە لە تۆ ئەچیّ، سەروەریشمان فەرمووی: ئەگەر کەسێکتان لە یەکێکی دا با خۆی دوور بگریّ لەوەی کە لە

---

[٢٧] هەمان سەرچاوەی پێشووتر (ل٥٣).

دەم و چاوی بدات، چونکە خودا ئادەمی لەسەر شێوەی خۆی دروستکردووە. جا بۆیە ئادەم تایبەتکراوە بەو باسەوە چونکە لە دوای خۆی نەوەکانیشی لەسەر شێوەی خۆی دروستکراوە، وەك بڵێی ئاگاداری داوە کەوا تۆ جوێن بە ئادەم ئەدەیت، چونکە تۆ لە نەوەی ئەوی، ئەمەش موبالەغەیە لە سەرزەنشتکردن، جا بەو پێیە ئەو (هائە واتە: خۆیەکە) کینایەیە لە لێدراوی واتە: خواستراوە وە هەڵەیەکی زەقیشە کەوا بۆ خودا بگەڕێتەوە لەبەر وتەکەی تری (ڕووی ئەو کەسەش کە لە تۆ ئەچێ)، چونکە ئەگەر وابوایە بۆ خودا بگاڕبوایەوە ئەوە پێکچوونێکی ڕوون و ئاشکرا دەبوو. وە وتەی دووەمیش: ئەو شێوەیە بەمانای سیفەت دێ، ئەو کاتە وای لێ دێ خوای گەورە ئادەمی دروستکردووە لەسەر شێوەی سیفەتی خۆی لە زانست و ژیان و تواناو بینین و ئیڕادی بەوە جیای کردووەتەوە لە هەموو گیاندران، پاشان بەرزی کردووەتەوەو جیای کردووەتەوە بەسەر هەموو فریشتەکان لەوکاتەی کە سوژدەیان بۆ برد، بۆیە ئەو شێوەیەی کە لێرەدا هاتووە مەعنەویە نەك شێوەیەکی کێشراو، وە هیچ گومانیشی تێدا نیە کەوا خوای حەق جل جلالە پاکە لە شێوەو شکڵ و وێنە، خوای گەورەش زاناترە"[٢٨]. ئیمامی ئیبن و لجەوزی و ئەشاعیرەو ماتۆریدیەکانیش کە هەموویان ئەهلی سوونەو جەماعەن هەر لەسەر ئەو ڕایەن کە باسمان لێوە کرد لە حەقیقەتی بابەتەکە

---

[٢٨] (فتاوى الخليلي)(ب١/ل٥٠) ط. مصرية قديمة.

که بۆ چ مەقامێك ئەو فەرمایشتەی فەرمووە. ئەتوانی (بگەڕێیەوە بۆ کتێبی دفع الشبهة التشبیه).

خۆشەویستەکەم بزانە کەوا مامۆستا نورسی بە ڕەحمەت بێ لە بارەی ئەو ئایەتە پێکچووانەوە (متشابهات) چی ئەفەرمووێت: "بزانە کەوا بانگەوازی قورئان بۆ تێکڕای خەڵکیە بەگشتی، جا زۆرینەش لەو خەڵکانە خەڵکی عەوامن، وە ڕێژەی کەمتر شوێنکەوتەی زۆرینەیە لە دیدگای بانگەوازەوە، وە ئاڕاستەکردنی ئەو گوفتارەش بەرەو ڕووی عەوام ئەوە کەسە تایبەتەکان سوود ئەبینن و وە بەشی خۆیان لێ وەرئەگرن، جا ئەگەر بێت و بە پێچەوانەبایە ئەو کاتە عەوامەکان لێی بێ بەش ئەبوون، وە لەگەڵ هەندێش زۆرینەی عەوامەکان بیری خۆیان سەرقاڵ ناکەن بە خەیاڵات و شتە دەق پێوەگرو باوەکان، چونکە ناتوانن پەی بە ڕاستیە پەتیەکان و ئەو شتانە ببەن کە لە بازنەی ژیریدان، مەگەر بە چاویلکەی ئەو شتانە نەبێت کە لە بازنەی ئەندێشەیاندایە، وە بە وێنەکردنی ئەو شتەش کەوا لە ئەندێشەیاندایە بەو شتە دەق پێوەگرو باوانە، ئەمەش بە مەرجێك نابێت لەسەر ئەم وێنەیەی کەوا خەیاڵی بۆ کردیە بوەستێت تاوەکوو مەیلی پێکچوواندنی سیفەت و لاکان و لاشە دروست نەبێت لەو ئەندێشەدا، بەڵکوو سەیرکردنەکەیان لە دیدگای (چاوی سەرو چاوی دڵ)[٢٩] پەی بە حەقیقەت و ڕاستیە هەست پێکراوەکان ئەبات و بەسەریاندا ئەڕوات."

---

[٢٩] ئەوەی نێو کەوانە زیادکراوی خۆمە بۆ ڕوونکردنەوە نوسیومە. دانەر

بۆ نموونە جەماوەر بەگشتی خەیاڵی کاروباری پەروەردگاریّتی وەکوو کاروباری پاشایەك ئەبینن کە لەسەر تەخت و عەرشەکەی خۆیدا دانیشتبێت بۆ بەڕیوەبردنی دەسەلاّتەکەی، هەر بۆیەش خوای گەورە (کینایەی)[30] هەڵبژاردووە لەو ئایەتە ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ﴾[31]، جا مادەم هەست و نەستەکانی جەماوەر لەو نێوەندەدایە ئەوە ڕێبازی ڕەوانبێژی و ڕێگاکانی ڕێنمایی وا پێویست ئەکەن کە ڕەچاوی تێگەیشتنی جەماوەر بکرێت، وە ڕێز لە هەست و نەستیان بگیرێت، وە شان بەشانی ژێری ئەوان هەنگاو بنرێت، وە هزرو بیرەکانیان بە هەند وەربگیرێت. بەوێنەی کەسێك کە لەگەڵ منالّەکانیدا بدوێت، ئەبینی کە چۆن خۆی وەك مندالّ لیّ ئەکات، تاوەکوو ئەو مندالّە لێی تیّ بگات و دڵی بۆ بکاتەوە، جا شێوازی قورئان لەم چەشنە مەنزڵگایەدایە کەوا ڕەچاوی جەماوەریان تێدا کراوە، ئەمەش پێی ئەگوترێت: "دابەزاندنەکانی گوفتاری خوای گەورە بۆئاستی تێگەیشتنی ژیریی مرۆڤـ".

---

[30] كِنَايَةٌ: قسەیەکە مەبەستەکەی شاردراوەتەوە لە کاتی کارپێکردن، ئەگەرچی ماناکەشی دیار بێت لە زماندا (...)، وە ماناکای شاراوەتەوەو ناناسرێت مەگەر بە نزیکێکی زیادە نەبێت بۆ نموونە: (أَنْتَ، إِنَّهُ) ئەم تائو هائە پیتی کینایەن: (كَنَوْتُ الشَّيْءَ وَ كَنَيْتُهُ) واتە: شتەکەم شاردەوە، وە ئەوم شاردەوە. بڕوانە: (التعریفات)(باب الكاف_فصل النون_ل١٨٦) هی سەید شەریفی جورجانی.

[31] سورة طة آية ٥.

ئەم دابەزاندنەش بە مەستی ئەوەیە کە بە زەینی ئەواندا ئاشناو هاوڕاز بێت، جا لەبەر ئەمەیە کە شێوەی شتە پێکچووەکان (متشابهات) بە وێنەی چاویلکەیەك لەسەر چاویان دانراوە.

ئایا نابینی کە ڕەوانبێژەکان بە زۆری **"خواستن"** (إستعارە)یان بەکارهێناوە، تاوەکوو لە شێوەیەکی سادەو ئاساندا تەصەوری واتا قووڵەکان بکرێت، یان وێنەی واتا پەرش و بڵاوەکان بکرێت؟[32].

**ولا يخرج عن علمه وقدرته شيء.**

وە هەرچی هەیە لە وجود لە زانست و توانستی ئەو دەرناچێت و لێی ون نابێت، بەڵکوو گشتی لە زانست و توانستی ئەودایەو چی بووێ ئەوە ئەکات، چونکە پێچەوانەی زانست جەهلە، وە پێچەوانەی توانستیش بێ دەسەڵاتیە، ئەوەش مەحاڵە بۆ خودا، بۆیە هەم توانستی وە هەم زانستی هەر هەبوو هەمیشەییە. وەك ئەفەرمووێ: ﴿وَهُوَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ ٢٩﴾[33]، واتە: زاتێکە زانستی بە هەموو شتێکا هەیەو ئاگادارە. وە هەروەها

---

[32] بڕوانە: پەیامەکانی نوور (ئاماژەکانی ئیعجاز)(ب٧_ل٥٣٢)، یاخود (رسائل النور)(إشارات الإعجاز)(ب٥_ل١٧٠). هی مامۆستا نوڕسی.

[33] سورة البقرة: ٢٩

ئەفەرمووێ: ﴿وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌۢ ۝١٢٠﴾[٣٤]، واتە: زاتێکە تواناداره بەسەر هەموو شتێکا.

**وله صفات أزلية قائمة بذاته، وهي لا هو ولا غيره.**

وه بێگومان خوای گەوره سیفەتانێکی هەن کە وەستاون بە زاتی خۆی، کە سیفەتانێکن نەخۆیەتی وه نەغەیری خۆشیەتی، واتە: سیفەتەکانێکی هەن خودی زات نین، هەروەك موعتەزیلەکان و فەیلەسووفەکان وای بۆ چوونە کەوا سیفەتەکان خودی زاتن. وه غەیری زاتیش نین، هەروەك کەڕڕامیەکان وای بۆ چوونە.

دکتۆر عبد الملك سەعدی لە شەڕحی ئەو عیبارەتە ئەفەرمووێ: ئەم دەقە سێ بابەتی لە خۆ گرتووه:

یەکەمیان: ئایا خوای گەوره سیفاتی هەیە؟

وه دوەمیان: ئایا قەدیمە یاخود پەیدابوو؟

وه سێیەمیان: ئایا وەستاوه بەخۆی یاخود بە غەیری خۆی؟

یەکەم: سیفەتەکانی خوای گەوره ـ وه ڕاجیایی لەگەڵ موعتەزیلەو فەیلەسووفەکان.

---

[٣٤] سورة المائدة: ١٢٠

موعتەزیلەکان بۆ ئینکاری کردنی سیفەتە مەعانیەکانی خوای گەورە چوون، ئیللا ئەوە نەبێ ئەوان ئەوەیان بەخوای گەورە گوت کەوا خودی خۆی تواناداره بەبێ توانست، وە خاوەن ویستە بەبێ ئیڕادە، وە زانایە بەبێ زانست، ئیتر بەو جۆرە، وە ئەمەشیان پێ گوت بە ئیعتیباری پەیوەندی زات بە مومکیناتەکان، نەك بەو ئیعتیبارەی کەوا سیفاتێك بێ بۆی. جا ئەگەر زاتەکەی پەیوەندی کرد بە ئەندازەکراو ئەوە ناونراوە توانا، وە ئەگەریش پەیوەندی کرد بە زانیاریەکان ئەوە ناونراوە زانا، ئیتر بەو جۆرە.

بەڵگەشیان بۆ ئەوە هێناوەتەوە:

کەوا سیفاتەکان ئەگەر جێگیرکران بۆ خوای گەورە ئەوە ناچاری ئەو سیفەتانە ئەکرێ کە قەدیم بێ، وە ئەگەریش قەدیمیەکەی جێگیرکرا ئەوە ناچاری فرەیی قەدیمەکان ئەکرێ، جا فرەیی ئەو سیفاتانەش مەحاڵە.

وەڵامی ئەوەش ئەدرێتەوە بەوەی کە دێ:

١ـ ئەگەر مەحاڵ بێ فرەیی زاتانێك کە قەدیم بن بە زاتەکانیانەوە، خۆ فرەیی سیفەتانێك بۆ تەنیا زاتێك مەحاڵ نیە. وەکوو زاتی خالید یەکەو سیفەتدارە بەکۆمەڵێ فرە سیفات کە یەك زاتە لەگەڵ فرەیی سیفاتیش.

پاشان قەدیمیەکەی بۆ زاتەکەی نیە بەڵکوو سیفەتانێکە بۆ قەدیم، جا مەحاڵێتی فرەیی قەدیمەکان بۆ زاتیان ئەوە وجودی مومکینە، وە بووە واجبی وجود بۆ غەیری خۆی.

٢ـ بێگومان سیفاتەکان وەستاون بەغەیری خۆی نەك وەستاو بێ بەخودی خۆی، جا ئەگەر بێت و ئەو سیفەتانە زاتی خوا بێ ئەوە بووەتە خوداو نەوەستاوە بەزاتی ئەو. ئەمەش مەحاڵە.

٣ـ مەحاڵە ناوێکی وەرگیراو بە زاتێك بگوترێ کە مانایەکی ڕاستەقینەی ئەو ئیشتیقاقە نەدات، بۆ نموونە: ناگوترێ سەربڕە هەتا سەربڕینی لێ ڕوو ئەدات، وە ناگوترێ ئاو خۆر هەتا خورانەوەی لێ ڕوو ئەدات، وە ناشگوترێ توانا هەتا توانستی نەبێ.

وە فەیلەسووفەکانیش بۆ ئەوە چوونە:

کەوا جێگیر نەکردنی سیفاتەکان بۆ خوای گەورە، وە پێشی نەگوترێ.

بەڵگەشیان لەسەر ئەوە:

ئەوەی کە ئەکرێ بە بوونەوەران بگوترێ ئەوە بە خوای گەورە ناگوترێ لەبەر هاووێنە نەبوون، وە لەبەر خودی لەفزەکانی سیفاتەکان بە بوونەوەران ئەگوترێ بۆیە ناکرێ بە خوای گەورە بگوترێ.

وەڵامی ئەوەش دراوەتەوە:

هیچ ڕێگریەك نیە لە گوتنی لەفزێك بەسەر شتێكا وە بەشتێكی تریش بگوترێ بە ئیعتیبارێكی تر، جا توانست لە بەدیهێنەردا وەكوو توانست لە بوونەوەراندا نیە ئەگەرچی هاوبەشن لە پێ گوتنەكەیان.

خوای گەورە زاتێكەو خاوەن سیفاتە، ئەمەش قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم نوتقی پێ كردووە بە سەلماندنی سیفات بۆ خوای گەورە لە زۆرێك لە ئایەتەكاندا.

دووەم: سیفاتی خوای گەورە هەمیشیەیەتی لەگەڵ خۆی ـ ڕاجیایش لەگەڵ كەڕڕامیەكان.

كەڕڕامیەكان وا گومان ئەبەن

كەوا خوای گەورە سیفاتی هەیەو ئیللا ئەوە نەبێ كەوا پەیدابوونە، وە قەدیم نین لەگەڵ خۆی.

بەڵگەشیان لەسەر ئەوە:

كەوا خوای گەورە قسەكەرە، بیسەرە بە یەكدەنگی، وە تەصەوری وجودی ئەو سیفاتانە ناكرێت مەگەر بە وجودی قسە لەگەڵكراو و بیستراو و بینراو نەبێ ئەوانەش پەیدابوون بۆیە واجبە ئەو سیفەتانە پەیدا ببێ.

وەڵامی ئەوانەش دراوەتەوە:

١ـ دەرکەوتنەکەی پەیوەندی ناکات بە وجودی قسە لەگەڵ کراو بیستراو بینراو، بەڵکوو دروستە بەر لەوەش ڕوو بدات، کە ئامادەیە بۆ بینین و قسەکردن و بیستن ئیتر بەو جۆرە.

٢ـ ئەو سیفەتانە کاتێ پەیوەندی ئەکەن بە مەوجوودێکی پەیدابوو نوێ بوونەوە بەدەست دێ لە نوتقەکەی بێ یا لە خودی خۆیان.

٣ـ لە پەیداکردنەکەی ناچاری پەیدابوونی خوای گەورە ئەبێ لەبەرئەوەی خودی ئەو سیفەتانە وەستاون بەزاتی خوای گەورە، جا پەیدابووی وەستاویش بەو ئەمە وەکوو ئەو پەیدابوو ئەبێ.

سێیەم: وەستاوی سیفات بەزات ـ ڕاجیایی لەگەڵ موعتەزیلە.

موعتەزیلەکان ئەگەرچی گوتیان: بێگومان سیفاتەکان ئەوە خودی زاتە ئیللا ئەوە نەبێ ئەوان ئینکاری وەستاوی سیفەتی کەلامیان کرد بە زاتی ئیلاهی و گوتیان: ئەوە وەستاوە بە غەیری خۆی، وەکوو لەوحی مەحفووز یاخود وەکوو فریشتە یاخود وەکوو پێغەمبەرێك یاخود دار لە موناجاتی موسا سەلامی خوای لێ بێ.

وەڵامی ئەوەش دراوەتەوە:

١ـ زەڕوریە مەحاڵێتی وەصفدارکردنی زاتێك بە سیفەتێك کە ئەو سیفەتە وەستاو نەبێ بەو زاتەوە بەڵکوو وەستاو بێ بەزاتێکی ترەوە، جا ئەگەر قسەکردن ڕوویدا لە دارەکەوە بۆ نموونە ـ هەروەك کە ئەیلێن ـ ئەوە پێی ناگوترێ قسەکەر بەڵکوو ئەوە دارەکەیە کە قسەکەرە.

٢ـ ئایەتەکان قسەکردنی خوای گەورەیان سەلماندووە وەکوو: ﴿وَكَلَّمَ ٱللَّهُ مُوسَىٰ تَكۡلِيمٗا ١٦٤﴾[٣٥]، واتە: خوای گەورە لەگەڵ موسایە بە کەلامی ئەزەلی خۆی قسەی لەگەڵ کرد. وە ئەو وتەیەشی: ﴿وَلَا يُكَلِّمُهُمُ ٱللَّهُ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَلَا يُزَكِّيهِمۡ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ ١٧٤﴾[٣٦]، واتە: خوای گەورە لە ڕۆژی دوایی دا قسە لەگەڵ کافرەکان ناکات و پاکیشیان ناکاتەوە، وە سزایەکی ناخۆش و بەئێشیشی بۆ ئامادەکردن و بەشیان ئەبێ. وە ئەو وتەیەشی: ﴿۞ وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ ٱللَّهُ إِلَّا وَحۡيًا أَوۡ مِن وَرَآيِٕ حِجَابٍ أَوۡ يُرۡسِلَ رَسُولٗا فَيُوحِيَ بِإِذۡنِهِۦ مَا يَشَآءُۚ إِنَّهُۥ عَلِيٌّ حَكِيمٞ ٥١﴾[٣٧]، واتە: بۆ هیچ مرۆڤێك نەبووە کە خوای گەورە قسەی لەگەڵدا بکات تەنها بەوەحی نەبێت، یاخود لە پشت پەردەوە

---

[٣٥] سورة النساء: ١٦٤

[٣٦] سورة البقرة: ١٧٤

[٣٧] سورة الشورى: ٥١

نەبێت، یاخود فریشتەیەك ئەنێرێ و بەو فریشتەیەدا وەحی بۆ ئەنێرێ بە ئیزنی خۆی، بێگومان خوای گەورە زۆربەرزو داناو کاربەجێیە.

جا لە هەموو ئەوانە قسەکردن دراوەتە پاڵ خوای گەورە، وە ئەصڵیش لە درانە پاڵ هەڵگرتنیەتی لەسەر حەقیقەت.

ڕوونکردنەوەیەك لەوەی کە ڕابوورد

بێگومان سیفەتەکان ئەوە خودی زاتەو خۆیەتی لای فەیلەسووفەکان و موعتەزیلەکان. وە غەیری خۆشیەتی لەسەر بۆچوونی کەڕڕامیەکان و موعتەزیەلەکان لە سیفەتی کەلامدا بە تەنیا.

ئێمەش ئەڵێین: ئەو سیفەتانە خودی زاتی خوای گەورە نین، وە غەیری خۆشی نین، بەڵکوو وەستاوە بەخوای گەورە، وە لەبەرئەوەش خودی زات نیە چونکە ئەگەر بێت و خودی زاتبایە ئەوە ناچاری یەکگرتنی زات ئەبوو لەگەڵ وەصفە وەستاوەکە بەو. وە ناچاری بەرامبەرێتی ناو و وەصف ئەبوو ئەوەش مەحاڵە.

وە سەبارەت بەوەش کە غەیری خۆی نیە:

چونکە سیفاتەکان ئەگەر بێت و غەیری خۆی بایە ئەو کاتە یان ڕاگیر ئەبوو بە خودی خۆی یانیش بە غەیری خۆی. بەڵام وەستاوێتیەکەی بە خودی

خۆی ئەوەی دیاربێ ئەوە باتڵ و پووچە، لەبەرئەوەی سیفەت ناوەستێ ئیللا بەشتێکی وەصفکراو نەبێ.

وە سەبارەت بە وەستاویشی بە غەیری خۆی:

ناچاری وەصفدارکردنی غەیر ئەکات بەو سیفەتانەوە نەك بە غەیری خۆی. ئەم تەعبیرەش نامۆ نیە چونکە دەستی خالید زاتی خالید نیەو غەیری خۆیشی نیە، واتە ناگوترێ: دەستی خالید ئەوە خودی خالیدە. وە ناشگوترێ: ئەوە غەیری خۆیەتی، لەبەرئەوەی بەشێکیتی، وە ژمارە یەك لە ژمارە دەیە، جا یەك خودی دە نیەو غەیری ئەویش نیە، چونکە بەشێکیەتی"[٣٨]. ك ھ

[٣٨] (شرح النسفية للشيخ الأستاذ الدكتور عبد الملك السعدي)(ل٧٥).

## سیفەتەکانی خوای گەورە دابەش ئەبیٚ بۆ چەند بەشێك بە ئیعتیبارانێکی جیاواز

یەکەم: سیفەتەکانی زات، وە سیفەتەکانی کردار.

سیفەتەکانی زات کە وەصفدارە پێیەوە، وە وەصفی دژەکەی پیٚ ناکریٚ، وەکوو توانست و ئیڕادەو زانست و وێنەی ئەوانەش، کە مە حاڵە خوای گەورە وەصفی بیٚ دەسەڵاتی و زۆر لیٚ کردن و جەهل ببیٚ.

وە سیفەتەکانی کرداریش کە وەصفی پێیەوە ئەکریٚ، وە وەصفی دژەکەشی پیٚ ئەکریٚ، وەکوو بیٚ ئیحتیاج کردن، هەژارخستن، زیندوو کردنەوە، مراندن، عیززەتکردن، زەلیل کردن.

دووەم: دابەشکردنی بۆ نەفسی و سەلبی و جێگیریەتی

نەفسی: ئەوە بریتیە لە وجود، وە ناونراویشە بەوە چونکە دراوەتە لای نەفس وە لەبەر لەگەڵ بوونەکەشی بۆی.

سەلبیە: بریتیە لەو سیفەتانەی کە نەفی دژەکانی ئەکات ئەوانەش پێنجن: (قیدەم) هەر هەبوویی، (وەحدانیەت) یەکتایی، (موخالەفە بۆ حەوادیسەکان) پێچەوانەبوونی لەگەڵ پەیدابووان، (بەقاء) مانەوە، (قیام بەنەفس) وەستاوی بە نەفس).

ثبوتی، جێگیرێتی: هیچ یەکێك لە سیفاتەکان نامێنێتەوە جگە لەو پێنەجە نەبێ کە ڕابوورد.

سێیەم: دابەش ئەبێ بۆ مەعانی و مەعنەوی.

مەعانی: کۆی مەعنایە کە ڕووداو و ـ سەرچاوە ـ ئەگەیەنێ.

مەعنەوی: دراوەتە پاڵ مەعانی کە لەگەڵ ئەوە لەبەرئەوەی لەوەوە وەرگیراوە وەکوو خودی خوای گەورە تواناداره خاوەن ویست و زانایە...هتد.

## سیفەتە مەعانیەكان

**وهي العلم، والقدرة، والحياة، والقوة، والسمع، والبصر،**

بێگومان سیفەتە مەعانیەكانیش بریتیە لە زانست و توانست و حەیات و هێزو بیستن و بینین. كە گرینگترین سیفاتن لەسەر هەموو موسڵمانێكە كە ئەبێ زانیاریان لەبارەوە هەبێ، ئەگینا سیفاتی خوای گەورە سنووردار نیە بەتەنیا لەو چەند سیفەتە، بەڵام هەندێكیان پێویستە مەعریفەتەكەی بە تەفصیلی بزانرێت كە واجبە لەسەر گشت تاكێك، وە هەندێكیشیان. ئەگەر نەشیان زانێت بەو تەفاصیلە كێشەی تێدا نیە.

**والإرادة، والمشيئة، والفعل، والتخليق، والترزيق،**

بێگومان هەندێكی تر لەو سیفاتە مەعانیانە ئیرادەو ویست و فیعل و دروستكردن و ڕۆزیدانە، كەواتە: بەندە ئەبێ بڕوای بەوە هەبێ كەوا خوای گەورە خاوەنی ئەو سیفاتە بەرزو پیرۆزەیەو خۆی تەسلیمی ئەو بكات و ملكەچی بۆ بنوێنێ.

**والكلام،**

قسەكردنیش وەك لەپێشدا ڕابوورد كەوا سیفەتێكی هەمیشەیی خوای گەورەیەو هەر كاتێك خواستی لەسەر بێ قسە ئەكات بە قسەكردنێكی

ئەزەلی بەبێ ئەوەی لێبکۆڵدرێتەوە چۆنەو چۆن نیە، مەشایخەکانمان لە ئەشاعیرەو ماتۆریدیەکان بڕوایان وایە کەوا ئەو کەلامە بەبێ ئەوەی دەنگ هەبێ وەکوو ئەوەی ئێمە گوێمان لەدەنگ ئەبێ ئەو دەنگە لە ڕێی شەپۆلی هەواوە بە گویچکەکانمان دەگات، وە پیتیش نیە چونکە دەنگ و پیت سیفاتی بوونەوەرانەو ڕیژەیین، خوای گەورەش هیچ شتێك لەو ناکات، وە هیچ شتێکیش وەکوو ئەو نیە. بۆیە ئەڵێین: کەوا کەلامی خوا کەلامێکی نەفسی هەمیشەییەو وەستاوە بەزاتی خۆی، ئەوە نیە دروست بێ و نوێبوونەوە ڕووی تێ بکات، جا قوڕئان و تەوڕات و ئینجیل و زەبوورو صحوفەکان و هەموو کتێبە ئاسمانیەکان و کەلامەکانی خوای گەورە بەو کەلامە نەفسیەیە کە هەر کاتێ بیەوێ قسە لەگەڵ یەکێ لە بوونەوەرانی بکات بەبیستنی ئەخات، وە وا ئەکات کەوا هەست بە کەلامی خوا بکات زۆر بە ڕوونیش.

**وهو متكلم بكلامٍ هو صفة له، أزلية، ليس من جنس الحروف والأصوات، وهو صفة منافية للسكوت والآفة، والله تعالى متكلم بها آمر ناه مخبر.**

خوای گەورە قسان ئەکات بە قسەکردنێك کە سیفەتێکی ئەوەو وەستاوە بەو، وە هەمیشەییە، وە لە جنسی پیت و دەنگەکان نیە، کە سیفەتێکە دژی بێ دەنگ بوون و دەردو ئافاتە، واتە: مەحاڵە بشوبهێندرێ بە قسەکردنی مرۆڤ و بوونەوەران، چونکە دەنگ و پیت لە ئەعڕازو لابەلاکانن،

بۆ نموونە کە ئەڵێی بسم الله، ئەوەی زانراوە پیتی باء دێت و دواتر کۆتایی پێ دێت، ئینجا پیتی سین دێ پاشان کۆتایی پێ دێ، ئینجا پیتی میم دێ، ئیتر بەو جۆرە ئەمەش شتێکی بەدیهیە، ئەمانەش بۆ بوونەوەرانن. وە بێگومان خوای گەورە بەهۆی ئەو سیفەتەوە قسە ئەکات و فەرمان و قەدەغەکان و هەواڵەکانی خۆی بەهۆیەوە ڕائەگەیەنێ.

**والقرآن كلام الله تعالى غير مخلوق، وهو مكتوب في مصاحفنا، محفوظٌ في قلوبنا، مقروء بألسنتنا، مسموع بآذاننا، غير حال فيها.**

پوختەی ئەو بابەتە:

کەلامی خوا قەدیمەو وەستاوە بە زاتی پیرۆزی کە نەخۆیەتی وە نەغەیری خۆشیەتی.

ئەمەش پێچەوانەی موعتەزیلەکان کە پێیان وایە کەلامی خودا مەخلوقە واتە: قسە ئەکات بە قسە کردنێك کە لە غەیری خۆیدا دروستی ئەکات.

جا خیلاف لە نێوان ئەهلی سوننەو ئەو تاقمە دروست بوو کە ئایا دروستکراوە یاننا؟

وە ئەو بابەتەش ناونرا بە خەڵقی قوڕئان، کە بابەتێکە بەناوبانگە لە ناو موسڵمانان لە ئەنجامی ئەوەوە فیتنەیەکی گەورە پەیدا بوو لەسەردەمی

خەلیفەی عەبباسی مەئمون، کە بەهۆیەوە خەڵکانێك لەسەری کوژراو سزا دران و سجن کران، یەکێ لەوانە ئیمامی ئەهلی سوننە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، وە ئیمامی شافیعیش ڕای کرد بۆ میسرو لەوێ قەول و مەزهەبی نوێی دەرکەوت، ڕەحمەتی خوایان لێ بێ.

جا بنەڕەتی ئەو ڕاجیاییە بینا کراوە لەسەر جێگیرکردنی کەلامی نەفسی وە نەفی کردنی، چونکە موعتەزیلەکان نەفی ئەو کەلامە نەفسیە دەکەن.

وە ئەهلی سوننەش جێگیری ئەکەن، چونکە بە قورئان و تەواتوری نەقڵ لە پێغەمبەرەکان و یەکدەنگی لەسەر ئەوە هەیە کەوا خوای گەورە قسەکەرە، بێگومان قورئانیش کەلامی خوای گەورەیەو دروستکراو نیە، کەلامێکە لە موصحەفەکانمان نوسراوەتەوە، وە پارێزراوو لەبەرکراویشە لە دڵەکانمان، وە خویندراوەتەوەش بە زمانەکانمان، بیستراویشە بە گوێچکەکانمان، بەبێ ئەوەی تێکەڵ ببێ و لەوانەدا بەرجەستە بێ، چونکە کەلامەکەی قەدیمەو دروستکراو نیە. ئیمامی غەزالی ئەفەرمووێ: "بۆ نموونە ئاگر لە کتێبدا نوسراوەتەوە جا ئەو نوسینەوە ناچاری ئەوە ناکات کەوا زاتی ئاگر تێکەڵ بووەو یەکی گرتیە لەگەڵ کتێبەکە، چونکە ئەگەر بێت و لەگەڵی یەك بگرێت ئەوە موصحەفەکە ئەسووتێ، وە ئەو کەسەش کە ئاگر دەڵێتەوە بە زمانی ئەوە زمانی ئەسووتێ، چونکە ئاگر جەستەیەکی گەرمە، وە دەلالەتێکیش لەسەری هەیە کە دەنگە پچڕ پچڕەکانە کە نوون و

ئەلیف و ڕائی لێوە بەدەست دێ (نار) واتە: ئاگر، جا گەرمی سوتێنەر زاتێکی مەدلولە لەسەری نەك خودی دەلالەتەکە بێ، ئیتر بەو جۆرە کەلامی قەدیمیش وەستاوە بەخوای گەورە کە مەدلولە نەك خودی دەلیل و پیتەکان بکرێنە بەڵگە (لەسەر ئەو)"[39].

وە دکتۆر عبد الملك سەعدیش هەر لەسەر ئاگرەکە بەو جۆرە ڕوونی کردووەتەوە:

ئاگر

وجودی خودیەکەی ـ کە حەقیقەتەکەیەتی، وە ماددەو جەوهەرە سوتێنەرە دەرەکیەکەیەتی.

وجودی زیهنی ـ کە تەبعکردنی وێنەیەکەتی لە زیهندا.

وجودی دەستەواژەیی ـ گوتن و نوتق پێ کردنی وشەی (نار)ە کە (ئاگرە).

وجودی نوسینی ـ ئەوەش هەمان لەفزی (نار)ە (ئاگر).

جا وجودی خودی ئەوە حەقیقەتە، ئەوەی مایەوە (لەوەکانی تر) بەڵگەیە لەسەری نەك خودی خۆی بێ چونکە ئەگەر خودی خۆی بێ ئەوە زمان

---

[39] (الإقتصاد في الإعتقاد)(ل٧٢)ط. دار الكتب العلمية.

ئەسوتا بە نوتقکردنی وشەی (ئاگر) وە لاپەڕەش ئەسوتا لە کاتی نوسینی لەسەری.

کەوایە ئەو سیانەی کۆتایی بەڵگەنە لەسەر ئەوەی یەکەم نەك خودی ئەو بێ، چونکە نوسین مانای دەستەواژە ئەدات، دەستەواژەش مانای ئەوە ئەدات کە لە زیهندایە، ئەوەی لە زیهنیشدایە مانای ئەوە ئەدات کە لە ئەعیانەکاندا هەیە.

وە هەروەها کەلام

وجودێکی خودی هەیە ـ کە ئەزەلیەو وەستاوە بەزاتی خوای گەورە

وە وجودێکی زیهنی هەیە ـ کە لەبەرکراوەو پارێزراوە لە زیهن و خەیاڵەکان.

وە وجودێکی دەستەواژەیشی هەیە ـ کە خوێنەر نوتقی پێ ئەکات لە کاتی قورئان خوێندنەوە.

وە وجودێکی نوسینیشی هەیە ـ هەروەك لە موصحەفەکان و غەیری ئەوانیش نەخشکراوە.

جا ئێمەی ئەهلی سوننە ئەڵێین وجودی یەکەم کە خودیەکەیە ئەوە سیفەتێکی خودایەو قەدیمەو دروستکراو نیە، ئەمما موعتەزیلەکان نەفی ئەو خودیەیان کرد ئەوەی یەکەم گوتیان دروستکراوە، وە کەڕڕامیەکانیش

گوتیان ئەو خودیە پیت و دەنگە لەخۆی بوەشێتەوەو قەدیمیشە. واتە: قسەی من پیت و دەنگەو ماددەیەو لەناو مومکیناتدایە لەخۆم دەوەشێتەوە، قسەکردنی جنەکان پیت و دەنگە لەخۆیان دەوەشێتەوە، قسەکردنی فریشتەکان پیت و دەنگە لەخۆیان بوەشێتەوە، ئەوجا هی خوای گەورەش ئاوا لەخۆی بوەشێتەوە، ئەوەش قسەیەکی بێ ماناو بێ دەلیلێکی صەریحەو شوبهاندنی خودایە بە دروستکراوانی. ئەمەش وەك گوتمان باتڵە وەك ئەوە وایە بەکەسێ بگوترێ: ئەمە فیعلی تۆیە بەس فیعلی تۆش نیە. ئەوانیش دەنگ و پیتی بە حەقیقی بۆ دەسەلمێنن ئەوجا نەفی حەقیقەتەکەی دەکەن، ئەمەش کەلامێکی بیدعیەو سەلەف و خەڵەف شتی وایان نەگووتووە جگە لەو قوتابخانەیە نەبێ.[٤٠]

**والتكوين صفة لله تعالى أزلية، وهو تكوينه تعالى للعالم ولكل جزء من أجزائه لا في الأزل، بل لوقت وجوده على حسب علمه وإرادته. وهو غير المكون عندنا. والإرادة صفة لله تعالى أزلية قائمة بذاته.**

پێکهێنان: ئەوەش دەرهێنانی بوونەوەرانە لە عەدەمەوە بۆ وجود، ئەمەش تەعبیرکراوە بە فیعل و دروستکردن و هێنانە وجودو پەیدابوون و داهێنان.

---

[٤٠] (شرح النسفية للدكتور عبد الملك السعدي)(ل٨٤).

کەواتە خوای گەورە سیفەتی پێکهێنانی هەمیشەییە، کە پێکهێنانی ئەو جیهانەو هەموو بەشێك لە بەشەکانی ئەو جیهانەشە نەك لە ئەزەلدا واتە: لەپێشتردا هەر هەبووبن، بەڵکوو پێکیهێناوە لەو کاتەی کە وجودی دەرکەوتووە بە گوێرەی زانست و ئیرادەی خۆی، ئەمەش لای ئێمە پێکنەهێنراوە، وە ئیرادەش سیفەتێکە بۆ خوای گەورە کە ئەزەلیەو وەستاوە بەزاتی خۆی.

پێکهێنان لای ئەشعەریەکان ئەوە خودی پێکهێنراوەکەیە نەك غەیری خۆی، هەر بۆیەش گوتیان دروستکراوە، ئەمما لای ماتۆریدیەکان ئەوە غەیری ئەو خودەیە، چونکە مەصدەر اسم مفعول نیە. بۆیە لێدان لێدراو نیە، ئەوەی یەکەم مانایەکە وەستاوە بە لێدەر. ئەوەی دووەمیش جێ دەستێکە پەیدابووە لەسەر شتێ. جا پێکهێنان سیفەتێکی ئەزەلیە، وە پێکهێنراویش ئەوە دروستکراوەو پەیدابووە.

ئێمەی ئەشاعیرە پێمان وایە کەوا پێکهێنان سیفەتێکی ئیزافیە نەك حەقیقی واتە جگە لە توانست و ئیرادە نەبێ هی چی تر نیە. چونکە لەو کاتەی کە بەهۆیانەوە پەیدایان ئەکات ئەوە ناونراوە بە پەیدابوون. وە کاتێ رزق و رۆزی بەهۆیانەوە ئەدات ئەوە ناونراوە بە رۆزی. وە کاتێکیش بەهۆیانەوە ئەمرێنێ ئەوە ناونراوە بە مردن. ئیتر بەو جۆرە.

ئەمما ماتۆریدیەکان پێیان وایە کەوا سیفەتێکی حەقیقیەو قەدیمە وەکوو زانست و توانست.

ڕاجیاییەکەشیان ڕاجیاییەکی مەعنەویەو کەس کەسی لەسەر گومڕاو تەکفیر نەکردووە بەدرێژایی مێژووی ئیسلام.

# بینینی خوای گەورە

**ورؤية الله تعالى جائزة في العقل واجبة بالنقل، وَرَدَ الدليل السمعي بإيجاب رؤية المؤمنين الله تعالى في دار الآخرة، فيرى لا في مكان ولا على جهة من مقابلة ولا اتصال شعاع ولا ثبوت مسافة بين الرائي وبين الله تعالى.**

بینینی خوای گەورە دروستە لە ڕووانگەی عەقڵەوە، وە واجبیشە لە ڕوناگەی شەرعیشەوە، وە بەڵگەی بیستەنی کە قورئان و فەرموودەیە واجبێتی ئەو بابەتەی ڕوونکردووەتەوە کەوا بینینی خوای گەورە لە ڕۆژی دوایی لە لایەن ئیماندارانەوە واجبەو ڕووئەدات بەحەتمی، بینینەکەش ئەوە نیە لە شوێنێك بێ واتە: بینینی خوای گەورە ئەوە نیە کە ئێمە ئەیبینین لە ماددەو جەستەکان لە شوێنێك لە شوێنەکان. وە بینینەکەشی ئەوە نیە لە لایەك بێ واتە: نایبینین لە لایەکی سەرو ژێرو بەرامبەرو دواوە، وە هەروەها وەکوو بینینی کەسێك بۆ کەسێك یاخود کەسێك لەبەردەم ئاوێنە ئەوەستێ، بەم جۆرە نیە، چونکە لا شتەو پێویستیەکانی پەیدابوو و مومکیناتەکانە، وە نەبەیەکگەیشتنی تیشکیشەوەیە، واتە: ئەوەش نیە کە وێنە لە بیلبیلەی چاو تەبع ببێ ڕوو بەڕوو، وە هەروەها ئەوەش نیە دووری و مەسافە جێگیر بکرێ بۆ ئەو بینینە، چونکە وەکوو بینینی جەستەکان نیە چاو بۆی بڕوانێ

بۆ شوێنێك تا بۆی دەركەوێ لە دوورە یا نزیك، نەخێر ئەمانە گشتی بۆ جەستەكان بەكاردێ.

بەڵگەی بینینەكەش

خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿وُجُوهٌ يَوۡمَئِذٖ نَّاضِرَةٌ ۝٢٢ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٞ ۝٢٣﴾[41]، واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا ڕووخسارانێك جوان و گەشاوەن، چونكە بۆ خوای خۆیان ئەڕوانن. وە هەروەها لە فەرموودەیەكی مەشهورو بەناوبانگیشدا هاتووە كە سەروەرمان فەرموویەتی: (**إِنَّكُمْ سَتَرَوْنَ رَبَّكُمْ كما تَرَوْنَ هذا القَمَرَ، لا تُضَامُونَ في رُؤْيَتِهِ**)[42]، ئێوە لە ڕۆژی دوایی دا پەروەردگارتان ئەبینن هەروەكوو چۆن مانگ ئەبینن، كە هیچ یەكێكتان ستەم لەوی تر ناكات، یاخود ئیزدیحام دروست بكەن لە بینینی. جا ئەو تەشبیهە بۆ جۆری بینینەكە نیە واتە: خوداش وەكوو مانگ ئاوا لە دوورەوە سەیری بكرێت نەخێر ئەمە وەك شێخمان ئیبن و حەجەرو زاناكانمان ئەوە ئەفەرموون كەوا مەبەست لەو فەرموودە ئەوەیە ئەوكاتەی كە پەروەردگار ئەبینن كێشەتان نیەو بەچاوی سەرو دڵ ئەیبینن و ئیتر هەریەكەو لە شوێنی خۆیشی وە لە

[41] سورة القيامة: ٢٢ ـ ٢٣

[42] بوخاری لە (صحيح البخاری)(ژ٧٤٣٤) لە جەریری كوڕی عبد الله. وە موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ٢٩٩) لە ئەبو هورەیرەوە گێڕاویانەتەوە.

پلەی بەهەشتی خۆیشی. چونکە هەرکاتێ بیەوێ خۆی دەرخات بۆ کەسێ ئەوە دەرئەکەوێ بەبێ تەشبیه.

موعتەزیلەکان و خەواریجەکان و هەندێ لە مورجیئەکانیش ئینکاری بینینی خوایان کرد، ئەمەش پەڵەیەکی ڕەشە بەنێوچەوانیانەوە، ئیمامی نەوەوی ئەفەرمووێ: ڕیوایەتەکان لە بیست هاوەڵەوە هاتووە"، کە ئەمەش تەواتوورە هەم بەبەڵگەی قورئان وە هەمیش بە بەڵگەی فەرموودە واجبە ئیمانمان پێ هەبێ.

## خودا دروستکەری کردەوەکانە

**والله تعالى خالق لأفعال العباد كلها، من الكفر والإيمان والطاعة والعصيان،**

خوای گەورە خۆی بەدیهێنەری کاروکردەوەی بەندەکانیەتی، لە کوفرەوە بگرە تا ئیمان و گوێڕایەڵی و سەرپێچی. بێگومان لای موعتەزیلەکان وا نیە، بەڵکوو مرۆڤ خۆی بەدیهێنەری کاروکردەوەکانی خۆیەتی لە عەدەمەوە بۆ وجود، کە ئەو بەدیهێنانەش نابێ بدرێتە پاڵ هیچ کەسێك جگە لە خوا نەبێ، هەتا ئەو بەدیهێنانەشیان گشتگیر کردووە بۆ هەموو خاوەن ڕووحێك، هەتا مێشوو پێشوولەیەکیش کە بەدیهێنەری حەرەکات و وەستانەکانی خۆیەتی. وە تاقمی جەبریەکانیش بڕوایان وابوو ئەو کاروکردەوەی کە دروست ئەبێ گشتی کە بەندە ئەیکات زۆر لێکراوە لەلایەن خوای گەورەوە، وە هیچ هەڵبژاردنەکیشی تێدا نیە. جا ئەمەش بەسە کە ئەهلی سوننە لە ڕووی عەقڵیەوە ڕەددی ئەوانەیان داوەتەوە کەوا ئەگەر بەدیهێنەری کاروکردەوەی خۆیتی ئەوە زانیاری تەواوی تەفاصیلی کاروکردەوەکانی دەبوو لە پێش و پاشیدا ئەمەش بە زەڕوورەتی عەقڵی، وە هەروەها بەدیهێنەری توانای خۆی و هەڵبژاردنی خۆی ئەبێ ئەمەش باتڵە، وە ئەوەی جەبریەکانیش باتڵەو گشت تەکلیفە شەرعیەکان بەتاڵ ئەکاتەوە، وە بە بەڵگەکانی قورئان و سوننەتیش جێگیر بووە کەوا مرۆڤ خاوەن ویست ئیرادەیە.

بەڕای ئەهلی سوننەو جەماعە کاروکردەوەکان دەبێتە دوو بەش:

یەکەم: پەیوەندی بەبەندەوە نیەو توانای بەدەستهێنانی لەسەر نیە: وەکوو باران بارین، جولاٚنەوەی هەسارەکان، ڕووانی ڕووەکەکان، وە زۆری پیٚ هێنان بۆ خەوتن، وە نەخۆشی، وە هەژاری، تەندروستی، جولاٚنەوە، لەرزین، لێدانی دڵ، جولاٚنەوەکانی ئامێری هەرسکردن، زیرەکی، تەمبەڵی، وە غەیری وانەش.

ئەمانە هیچ کێشەیەکی تێدا نیە کەوا بە ئیڕادەو تەقدیری خوای گەورەیە لە دروستکردنیان، کە هیچ هەڵبژاردنێکی بەندەیی تێدا نیە بۆ پەیداکردنی. بۆ نموونە نەیەویٚ باران بباریٚ یان گەدەی ئیش نەکات، یان دڵی هەرگیز نەوەستیٚ، ئەوەکانی تریش ئەوە بیەویٚ نەیەویٚ ئەوە بەئیڕادەی خوای گەورە ڕووئەدەن جا پێی خۆش بیٚ یاننا، چونکە لەبەرژەوەندی ئەو دروستکراوەو بەندەش تەنیا فەرمانگوزارە.

دووەم: ئەوەش پەیدابوونەکەی بەدەستهاتووی مرۆڤە، وە هەوڵدانی هەڵبژاردنە وەکوو خواردن و خواردنەوە، وە ڕاوەستان و دانیشتن، وە ڕۆیشتن، وە بەدەستهێنانی بژێوی ژیان، وە کردەوە داواکراوەکان، جا ئەمانەش دروستکراوی خوان لە ڕووی زاتیانەوە نەك لە ڕووی سیفەتیانەوە، سەبارەت لە ڕووی زاتیانەوە ئەوە خوای گەورە وا لە ئینسان ئەکات کەوا بەلای ئەو کارەدا بڕوات، وە عەقڵیشی تێیدا دروست کردووە تاوەکوو ڕیٚ نیشاندەری

ئەو کارو کردەوەیە بێ، وە تواناو قابیلیەتیشی تێیدا دروستکردووە بۆ پەیدا کردنەکەی، هەروەکوو هەموو بنەماو هۆکارە ماددی مەعنەویەکانی دروستکردووە بۆ دروستکردنی ئەو کارو کردەوەیە، ئیللا ئەوەندە هەیە کەوا خوای گەورە ئەو شتە دروست ئەکات دوای خواست و ئیرادەی مرۆڤ کە ئەیەوێ بیکات.

بەڵام لە ڕووی وەصفەوە بەوجۆرەی لێ دێ کەوا ئەو کارە کارێکی چاکە، وە کارێکی خراپ و قێزەونە، یاخود جێگای ڕەزامەندی و خێرە، یاخود شەڕە، واتە وەصفەکانیان دراوەتە پاڵ مرۆڤەکان کەوا ئەو کارو کردەوانەی ئەنجام داوە، چونکە بەویست و ئیرادەو بەدەستهێنانی مرۆڤەکەیە، ئەمما دروستکردنی شتەکە بەدەستی خوایە.[٤٣]

خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖۖ ﴿٦٢﴾﴾[٤٤]، واتە: خوای گەورە بەدیهێنەری هەموو شتێکە. وە هەروەها ئەفەرمووێ: ﴿وَٱللَّهُ خَلَقَكُمۡ وَمَا تَعۡمَلُونَ ﴿٩٦﴾﴾[٤٥]، بێگومان خوای گەورە هەم ئێوەی لە نەبووەنەوە دروستکردووەو هێناوەتە وجود، وە هەمیش کاروکردەوەکانتان. وە هەروەها

[٤٣] (شرح النسفية للعلامة الدكتور عبد الملك السعدي)(ل١٠١).
[٤٤] سورة الزمر: ٦٢.
[٤٥] سورة الصافات: ٩٦.

﴿مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فِيٓ أَنفُسِكُمۡ إِلَّا فِي كِتَٰبٖ مِّن قَبۡلِ أَن نَّبۡرَأَهَآۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ ٢٢﴾[٤٦]، واتە: هیچ دەردو بەڵایەك نادا لە شوێنێ وەك وشكە ساڵی و وێنەی ئەویش، وە دردەو نەخۆشی و کەم و کوڕی و وێنەی ئەوانەش لە خۆتاندا ئەوە ئیللا بەر لەوەی کەو ئەو بەڵاو موسیبەتە دروست بکەین لە کتێبێکدا نوسراوەو بڕیاردراوە کە لە (لوح المحفوظ)ەو، ئەمەش کارێکی ئاسانە بۆ خوا. وە هەروەها ئەفەرمووێ: ﴿مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۗ ١١﴾[٤٧]، واتە: هیچ دەردو بەڵاو موسیبەتێك نایەت و دووچاری هیچ کەسێك و گەردوون نابێ ئیللا بە ویستی خوای گەورە نەبێ. وە هەروەها ئەفەرمووێ: ﴿ظَهَرَ ٱلۡفَسَادُ فِي ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِ بِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِي ٱلنَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعۡضَ ٱلَّذِي عَمِلُواْ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ٤١﴾[٤٨]، واتە: خراپە لە زەوی و دەریادا دیارکەوت بەهۆی ئەو شتانەوەی کە دەستی ئادەمیزاد ئەیانکات، بۆئەوەی خوا سزای هەندێ لەم کردەوانەی ئەم خەڵکە کردوویانە پێیان بچێژێ، بەڵکوو پەشیمان ببنەوەو لەو کارانە پاشگەز ببنەوە. جا ئایەت و فەرموودە لەو بارەوە زۆر هاتووە لەوانە: (عن عبد الله بن عمرو- رضي الله عنهما- قال: قال رسول الله -صلى الله عليه وسلم» :-كُلُّ شَيْءٍ

[٤٦] سورة الحديد: ٢٢.

[٤٧] سورة التغابن: ١١.

[٤٨] سورة الروم: ٤١.

بِقَدَرٍ حَتَّى الْعَجْزُ وَالْكَيْسُ)[٤٩]. له عبد الله كوڕی ئیمامی عومەرەوە گێڕدراوەتەوە ڕەزای خوایان لێ بێ کەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: هەموو شتێ بە قەدەری خوایە هەتا بێ دەسەڵاتی و ژیتیەڵ و زیرەکێتی. شێخمان ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێ: "کەیس دژی بێ دەسەڵاتیە، ماناکەی کارامەیی و ژیتەڵێتی دێ لە کاروکارەکانی دونیاو دواڕۆژ، مانای وایە: هیچ شتێك ڕوونادات ئیللا زانست و ویستی خوای گەورە پێش ڕوودانی ئەو کاروبارانە کەوتووە". وە هەروەها ئەو فەرموودەش: (**وَاعْلَمْ أَنَّ الْأُمَّةَ لَوْ اجْتَمَعَتْ عَلَى أَنْ يَنْفَعُوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَنْفَعُوكَ إِلَّا بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللَّهُ لَكَ وَلَوْ اجْتَمَعُوا عَلَى أَنْ يَضُرُّوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَضُرُّوكَ إِلَّا بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللَّهُ عَلَيْكَ رُفِعَتْ الْأَقْلَامُ وَجَفَّتِ الصُّحُفُ**)[٥٠]، واتە: ئەی عبد الله بزانە ئەگەر هەموو ئوممەت کۆ ببنەوە بۆئەوەی سوودێکت پێ بگەیەنن بێگومان ناتوانن ئیللا ئەو ئەندازەیە نەبێ کە خوای گەورە بۆتی نوسیوە، وە ئەگەریش کۆببنەوە بۆئەوەی زیانێکت پێ بگەیەنن ئەوە ناتوانن ئیللا ئەو ئەندازەیە نەبێ کە خوای گەورە بڕیاری بۆت داوە، چونکە پێنووسەکان بەرزکرانەوەو لاپەڕەو صەحیفەکانیش وشکبوونەوە. دواتر وەك گوتم بەتێرو تەسەلی دێمە ناو ئەو بابەتە بە ویستی

---

[٤٩] موسلیم گێڕاویەتیەوە لە (صحيح المسلم)(ژ٢٦٥٥).

[٥٠] ترمذی گێڕاویەتیەوە لە ئیبن و عباس (سنن الترمذی)(ژ٢٥١٦) فەرموودەیەکی صەحیحە.

خوا. وە هەروەها فەرموودەش زۆرە ئێمە ناتوانین بیان هێنین لەبەر قەبارەی کتێبەکە.

**وهي كلها بإرادته ومشيئته وحكمه وقضيته وتقديره.**

جا بەدیهێنانی کاروکردەوەکان و هەموو حەرەکات و سەکەناتەکانی بوونەوەران گشتی بەدیهێنراون بە ئیرادەو توانست و دانایی و قەزاو ئەندازەدانانی خۆی، چونکە بەندە چی بەدەستە هەتا توانای ئەوەی هەبێ کاروکردەوەی خۆی دروست بکات، بەڵکوو گشت بوونەوەران جگە لە هەژارێتی لەبەردەم واجبی وجود هیچی تر نین، زاتێکی صەمەدەو قەدیم و ئەزەلی ئەبەدیە.

**وللعباد أفعال اختيارية يثابون بها ويعاقبون عليها.**

وە بۆ بەندەکانیش کارو کردەوانێکی سەرپشك و هەڵبژاردن هەن کە بەهۆیانەوە پاداشت و سزای لەسەر وەرئەگرن، وەکوو ئیمان هێنان بەخواو دین و پەیامبەرو ڕۆژی دوایی شتە غەیبیە دینیە باسکراوەکان، ئەمانە پاداشتی لەسەر وەرئەگرێ، وە پێچەوانەکەشی کە ئیمانی بەگشت ئەمانە نەبێ یاخود بەیەکێ لەمانە نەبێ ئەوە سزادراوە لە ڕۆژی دوایی.

**والحسن منها برضاء الله تعالى، والقبيح منها ليس برضاه.**

جا بەندە هەركارێكی چاك كە ئەكات ئیللا ڕەزامەندی و فەرمانی خوای گەورەی قەدیمی لەسەرە لە ئەزەلدا، وە هەر كارێكی خراپیش كە بەندە ئەیكات خوای گەورە فەرمان بەو خراپەیە ناكات و پێشی خۆش نیە بەڵام لەگەڵ ئەوەش كە بەندە ئیرادەی كرد خوای گەورەش بۆی دروست ئەكات. لەمەودوا بەدرێژی لەسەری دەڕۆم ان شاء الله كە نهێنی ژینگەو كاروكردەوەی مرۆڤ چ پەیوەندیان بەیەكەوە هەیە.

**والاستطاعة مع الفعل، وهي حقيقة القدرة التي يكون بها الفعل، ويقع هذا الاسم على سلامة الأسباب والآلات والجوارح، وصحة التكليف تعتمد هذه الاستطاعة.**

هەبوونی توانا لەگەڵ كردەوەدایە، كە حەقیقەتی توانستە كە بەهۆیەوە كردەوەكە دروست ئەبێ، ئەمەش بەپێچەوانەی موعتەزیلەكانە، ئیمامی سەعدی تەفتازانی لە خاوەنی كتێبی (التبصرة) نەقڵی كردووە كەوا ئەو توانایەتیە عەرەزێكە خوای گەورە دروستی ئەكات لە گیاندار بۆئەوەی كردەوە ئیختیاریەكان بكات، كە هۆیەكە بۆ كاروكردەوە، جا ئیمامی تەفتازانی ئەفەرمووێ: جومهووری زانایان لەسەر ئەوەنە كەوا توانایەتی مەرجە بۆ ئەداكردنی كاروكردەوە نەك هۆو عیللەت، جا پوختەكەی ئەوەیە كەوا سیفەتێكە خوای گەورە دروستی ئەكات لە كاتی خواستی كردنی

کردەوە ئەمەش لەدوای سەلامەتی هۆکارەکان و ئالاتەکان واتە وەصیتەکان، جا ئەگەر خواستی کردنی چاکەیەکی هەبوو ئەو کاتە خوای گەورە توانای کردنی ئەو کردەوە چاکەی بۆ دروست ئەکات، وە خوای گەورە توانای کردنی کردەوەی خراپیشی دروستکردووە، وە ئەو کەسە خۆی هەدەردەرە بۆ توانایەتی کردەوەی چاکە هەربۆیەش شایەنی زەم و سزایە، هەر بۆیەش خوای گەورە زەمی کافرەکانی کردووە کەوا توانای گوێگرتنیان نیە (واتە: گوێی خۆیان نادەنە بەر وتەی حەق و ئەگەر بشی بیستن ئەوە بڕوای پێ ناهێنن)"[٥١]. جا ئەو ناوە کە توانایەتیە وەك ئیمامی نەسەفی فەرمووی ئەکەوێتە سەر سەلامەتی هۆکارەکان و ئالەتەکان و ئەندامەکان هەروەك خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلْبَيْتِ مَنِ ٱسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلاً ۚ ﴿٩٧﴾﴾[٥٢]، واتە: حەقی خوای گەورەیە بەسەر بەندەکانی کە لە کاتی ژیانیاندا حەجی ماڵەکەی بکەن ئەوانەی کەوا توانای لاشەو پارەیان هەیە، وە ڕێگاش ئەمن و ئاسایش بێ. وە دروستیەتیەتی تەکلیفیش پشت بەو توانابیەتە ئەبەستێ کە بریتیە لە سەلامەتی هۆکارەکان و ئالەتەکان و ئەندامەکان.

---

[٥١] (شرح التفتازاني)(ل٤٠٢).

[٥٢] سورة آل عمران: ٩٧.

**ولا يكلف العبد لما ليس في وسعه.**

بەندە هیچ شتێکی داوا لێ ناکرێ ئیللا ئەوەنەبێ کە لە توانایدایە، ئەم تەکلیفەش ئەوە ناگرێتەوە بۆ نموونە خوای گەورە کوفرو ئیمانی داناوە لە ئینسان کە توانای هەیە یەکێکیان هەڵبژێرێ چونکە ڕێکە لەگەڵ وجودی، بۆنموونە ئەو تەکلیفە لەسەر گیانداران نیە، لەسەر بێ گیانەکان نیە دارو بەردو توخمەکان چونکە یان سەرەتا ترسیان هەبووە نەوەکا ئەو تەکلیفە لە توانایاندا نەبێ و شەرمەزار بن و سزاکەیان وەربگرن، یانیش هەر لە بنەڕەتدا لە توانای ئەواندا نیە ئەو تەکلیفە هەڵبگرن، بەڵام ئینسان هەڵی گرتووە، هەروەك خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿إِنَّا عَرَضۡنَا ٱلۡأَمَانَةَ عَلَى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱلۡجِبَالِ فَأَبَيۡنَ أَن يَحۡمِلۡنَهَا وَأَشۡفَقۡنَ مِنۡهَا وَحَمَلَهَا ٱلۡإِنسَـٰنُۖ إِنَّهُۥ كَانَ ظَلُومًا جَهُولاً ﴿٧٢﴾﴾[٥٣]، واتە: ئێمە ئەمانەتی جێ بەجێ کردنی خۆمانمان خستە بەردەمی ئاسمانەکان و زەوی و چیاکان تا بزانین ئاخۆ ئامادەن لە ئەستۆی خۆیانی بگرن، نکۆڵیان لە ئەستۆگرتنی کردو هەڵیان نەگرت و لەو بەرپرسیە ترسان کە دێتە بەریان. پاشان ئادەمیزاد هەڵیگرت و لە ئەستۆی خۆی گرت. جا بەڕاستی ئادەمیزاد ستەمی لەخۆی کردو نەیزانی چ ئەرکێکی گەورەی لە ئەستۆی خۆی گرتووە.

---

[٥٣] سورة الأحزاب: ٧٢.

وە هەروەها شتێکیش لە توانای بەشەردا نەبێ ئەوە تەکلیفی لەسەر نیەو یەکدەنگیشی لەسەرە هەروەك خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَاۚ ﴿٢٨٦﴾﴾[٥٤]، واتە: خودا لە هەر نەفسێك هەر ئەوە داوا دەکات کە لە توانایدا هەیە. وە لە ئایەتی تریشدا ئەو باس و خواسە هاتووە.

**وما يوجد من الألم في المضروب عقيب ضرب إنسان، والانكسار في الزجاج عقيب كسر إنسان، وما أشبهه، كل ذلك مخلوق لله تعالى، لا صنع للعبد في تخليقه.**

جا بزانە ئەو ئازارەی کە ڕوو ئەدات لە کەسێکی لێدراو دوای ئەوەی کە مرۆڤێك لێیداوە، وە شکانی شووشەش دوای ئەوەی کە مرۆڤێك شکاندوویەتی، وە وێنەی ئەمانەش هەمووی دروستکراوی خوای گەورەیە، هیچ دروستکردنێك لێرەدا بۆ بەندە نیەو بەندە مافی خەڵقکردنی ئەم شتانەی نیە.

**والمقتول ميت بأجله، والأجل واحد.**

وە کەسی کوژراویش ئەمرێ بە هۆی کۆتایی هاتنی ئەجەلەکەی، وە ئەجەلیش هەر یەك ئەجەلە هەروەك خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿لِكُلِّ أُمَّةٍ

---

[٥٤] سورة البقرة:٢٨٦

أَجَلٌۚ إِذَا جَآءَ أَجَلُهُمۡ فَلَا يَسۡتَـٔۡخِرُونَ سَاعَةٗ وَلَا يَسۡتَقۡدِمُونَ ﴿٤٩﴾[55]، واته: هەموو ئوممەتێك ئاكام و ئەجەلێكی تایبەتی هەیە، كە ئەو وادەیە هات نە سەعاتیێ دوا ئەخرێن، وە نەسەعاتێكیش پێش ئەخرێن.

جا موعتەزیلەكان هەندێك فەرموودەیان كردووەتە بەڵگە كەوا هەندیێ گوێڕایەڵی و خواپەرستی هەیە كە ئەبێتە هۆكاری زیادبوونی عومر، وە لەبەرئەوەش كەوا ئەگەر مردبیێ بە ئەجەلەكەی خۆی ئەوە بكوژ حەقی زەمكردنی نەئەبوو لە دونیاو ئاخیرەت، وە خوێن و حەدد لیێ دەكردنیشی لەسەر نە ئەبوو، چونكە مردنی كوژراو بە دروستكردنی خۆی و بەدەستهێنانی خۆی نیە.

ئێمەش وەڵامی یەكەم ئەدەینەوە: بەوەی كەوا خوای گەورە ئەزانیێ ئەگەر ئەم خواپەرستیە نەكات ئەوە عومری چلساڵان ئەبوو، بەڵام ئەزانیێ كە ئەوە ئەكات بۆیە عومری ئەبێتە حەفتا ساڵان، جا ئەو زیادەیە لەبیركراوە بۆ ئەو خواپەرستیانە ئەمەش بەبیناكردن لەسەر زانستی خوای گەورە ئەگەر ئەو خواپەرستیە نەبایە ئەوە ئەو زیادەیە نە ئەبوو.

وەڵامی دووەمیش: بێگومان واجببونی سزاو زامنكردنی لەسەر بكوژ ئیعتیبارە بەوەی كەوا كارێكی قەدەغەكراوی كردووەو ئەو كردەوە خراپەی

[55] سورة يونس: ٤٩

بەدەستهێناوە خوای گەورەش لەدوای ئەو کردەوەی بکوژە مردنی دروستکردووەو بە ڕێگایەکی عادەتی وەك ئەوەی ئەبینین کە چۆن مرۆڤ ئەکوژرێ. جا کوشتن کاری بکوژە لە ڕووی کردن و بەدەستهێنانیەوە ئەگەرچی دروستکردن نیە، وە مردنیش وەستاوە بە مردوو کە دروستکراوی خودای گەورەیەو هیچ دروستکردن و بەدەستهێنانێکی بۆ بەندەی تێدا نیە، جا بیناکردن لەسەر ئەمە ئەوەیە کەوا مردن وجودیەو هەیە بەبەڵگەی خوای گەورە ﴿ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ ﴿٢﴾﴾[56]، واتە: بێگومان خوای گەورە مردن ژیانی بۆ بوونەوەرانی دروستکردووە. جا زۆرینەش لەسەر ئەوەن کەوا مردن شتێکی عەدەمی و نەبوویە، وە مانای (مردنی دروستکردووە) واتە: تەقدیری کردووە.

وە ئەجەلیش یەك ئەجەلە نەك ئەوەی کەعب گومانی بۆ بردووە کەوا کوژراو دوو ئەجەلی هەیە، وە ئەگەر نەکوژرابایە ئەوە ئەژیا تا ئەجەلی خۆی کە مردنەکە بوو. وە نەك ئەوەش کە فەیلەسووفەکان گومانیان بۆ چووە کەوا گیانداران ئەجەلێکی سروشتی و تەبیعیان هەیە، کە وەقتی مردنەکەیەتی ئەمەش بە نەمانی شێداریەکەیی و کوژانەوەی گەرمی غەریزەکانیان، وە ئەجەلانێکی بڕاوەشن بەهۆی دەردو نەخۆشیەکانەوە.

---

[56] سورة الملك: ٢

**والحرام رزق، وكلٌّ يستوفي رزق نفسه: حلالاً كان أو حراماً، ولا يتصور أن لا يأكل إنسان رزقه أو يأكل غيره رزقه.**

وە بێگومان حەڕامیش ڕزق و ڕۆزیەکی خوای گەورەیەو دروستی کردووە بۆ پێداویستی بوونەوەرانی، جا ئەو ڕۆزیە حەڵاڵ بێ یان حەڕام هەرهەمووی دروستکراوی ئەون بوونەوەران لێی ئەخۆن، وە هەر یەکەو ڕۆزی خۆی بەتەواوەتی وەرئەگرێ بۆ خۆی، جا حەڵاڵ بێ یان حەڕام، وە تەصەوڕی ئەوەش نەکات کەوا مرۆڤ ڕۆزیەکەی خۆی ناخوات، یاخود تەصەوری ئەوە بکات کەوا ڕۆزی غەیری خۆی بخوات، چونکە هەریەکەو ڕۆزی خۆی بۆ دانراوە، جا بۆیە ئیمامی نەسەفی لێرەدا یەکەمجار باسی ڕۆزی حەڕامی کرد چونکە موعتەزیلەکان حەڕام بە ڕۆزی نازانن، وە ڕاڤەشیان کردووە بەوەی کەوا ئەوە دەست بەسەر داگیرکراوەو داگیرکەرێك ئەیخوات ئیتر لەوەوە ڕۆزی نەدەست بەسەر داگیرکراوەو وە نە ڕۆزیشە.

وە هەروەها لەبەرئەوەی ڕێگری لە سوودگەیاندنی ناکات وە حەڕامیش ڕێگری لە سوودگەیاندنی نەکردووە بۆیە پێی نابێتە ڕۆزی.

چونکە ئەمانە پێیان وایە:

یەکەم: ڕۆزی ئەدرێتە پاڵ خوای مەزن کە هیچ ڕۆزیدەرێك نیە جگە لە الله نەبێ، وە حەڕامیش ناشیرینە بۆیە نابێتە ڕۆزی هەتاوەکوو ناشیرینی بدرێتە پاڵی.

دووەم: بەندە شایەنی زەمکردن و سزادانە لەسەر خواردنەکەی، وە ڕۆزیش دراوەتە پاڵ خوای مەزن جا ئەگەر بێت و حەڕام ڕۆزی نەبوایە ئەوە شایەنی زەمکردن و سزادان نەئەبوو ئەو کەسەی کەوا ئەو حەڕامەی دەخوارد چونکە دراوەتە پاڵ خوای مەزن.

ئەهلی سوننەش وەڵامی ئەوانەیان داواتەوە:

ڕزق و ڕۆزی حەڵاڵی هەیەو حەڕامیشی هەیە، چونکە ڕاڤەیان کردووە بەوە کەوا ئەوە ناوێکە خوای گەورە بەبەر ئەو ڕزۆیەی داکردووەو گیانداران ئەیخۆن.

١ـ ڕاڤەی یەکەمی موعتەزیلە ئەوە ناچار ئەکات کەوا گیانداران ڕۆزی پێدراو نین چونکە خاوەن موڵکی ڕۆزی نیە لەوەی کە ئەیخوا، وە ئەوەیشی کە ئەخوا ئەوە ڕۆزی نیە، وە حاڵیش وای لێ دێ ئەو ڕۆزی پێدراوەو ئەوەیشی ئەخوا ڕۆزیە.

٢ـ وە ئەوەش ناچار ئەبێ لەسەر هەردوو ڕاڤەکردنەکە: کەوا ئەو کەسەی بە درێژایی ژیانی ئەژێ وە مردو جگە لە حەڕام هیچ شتێکی تری نەخواردبوو، هەر لەبنەڕەتدا خوای گەورە ڕۆزی حەڵاڵی پێنەدابوو ئەوەش باتڵ و پووچە لەبەر وتەی خوای گەورە: ﴿۞ وَمَا مِن دَآبَّةٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ رِزۡقُهَا وَيَعۡلَمُ

﴿مُسْتَقَرَّهَا وَمُسْتَوْدَعَهَا ۚ كُلٌّ فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ ۝﴾[57]، واته: هەر گیانلەبەرێ کە بەسەر زەویدا بڕوات ئەوە ڕزق و ڕۆزیەکەی لەسەر خوای گەورەیە، وە زاناشە بە شوێنی ژیان و مردنیان، ئەمانەش گشتی لە (لوح المحفوظ)دا نوسراون. جا گیاندران و ئەوانەش کە ژیاون لەسەر ئەم ڕۆزیە حەڕامە داخیلن لەو گشتگیریەی ئایەتەکەدا کە هەردووکیشیان ڕۆزی پێدراون بێگومان.

٣ـ وە هەرچی کارو کردەوە هەیە سەبارەت بەخوای گەورە ناشیرین نیە، چونکە ئەو بکەری سەرپشك و خاوەن ویستە ئەوە ئەکات کە ئەیەوێ، جا چاکەو خراپە سەبارەت بە بکەرەکەیە نەك بەدیهێنەر بۆیە دانەپاڵی ڕۆزی حەڕام بۆ لای خوای گەورە زەرەرو زیان ناگەیەنێ.

٤ـ وە سەبارەت بە شایەنێتی زەمکردن و سزادانیش چونکە بەویستی خۆی ئەم کارەی کردووەو هەر لەبەر ئەو خراپەشی شایەنی زەمکردن و سزادانە نەك لەبەر ئەوەی ڕۆزیەکە حەڕامە.

بۆ نموونە کەسێ خواردنی کەسێکی تر ئەدزێ و ئەیخوا، خودی خواردنەکە هەر ڕۆزیە لەبەر ئەوەی مولکی خۆی نیەو قەدەغەیە بیدزێ ئیتر لەوەوە

---

[57] سورة هود: ٦

ناوی حەڕامێتی ئەو خواردنەی بەبەردا کرا چونکە بەفێڵ و گزی پەیدای کردووە ئەمما لە حەقیقەتدا ئەویش ڕۆزیە[٥٨].

[٥٨] بۆ ئەو بابەتە سوودم لە شەڕحی تەفتازانی و دکتۆر عبد الملك سەعدی بینیوە.

## خودا ویستی لەسەر کێ بێ هیدایەتی ئەدات یان گومڕای ئەکات

**والله تعالى يضل من يشاء ويهدي من يشاء،**

وە خوای گەورەش چی بووێ ئەوە ئەکات گومڕایی بەدی دێنێ دوای ئەوەی کەوا بەیانی حەقی بۆ کراو ئەویش شوێنی نەکەوت ئیتر گومڕایی بۆ بەدی دێنێ، وە سەبارەت بە گومڕایش ئەوە ویژدان و تەصوڕاتە چەوت و گومڕاکانیەتی سەبارەت بەخوداو وجودو غەیبیاتەکان، وە هەر کەسێکیشی بووێ هیدایەتی ئەدا ئەمەش دوای ئەوەی کەوا حەقی بۆ بەیانکراو ئەویش قەبووڵی کرد لەوەوەش خوای گەورە هیدایەتی ئەدات و ڕێگای بەختەوەری پێ ئەبەخشێ لە هەردوو دونیا، وە ناوی هیدایەتیش ئەدرێتە پاڵ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەمەش وەك مەجازێك چونكە ڕێنیشاندەری خەڵکە، ئەم خودی هیدایەتە بەدەست ئەویش نیە، وە هەروەها گومڕاییش دراوەتە پاڵ شەیتان ئەوەش مەجازە چونكە ڕێنیشاندەری خەڵکە بۆ گومڕایی ئەمما لە حەقیقەتدا خودی دروستکردنی گومڕاییەکە خودا بەدی ئەهێنێ دوای ئەوەی مرۆڤەکە ویستی ڕێگەی شەیتان بگرێتە بەر، جا هیدایەت لای زاناکانی ئەهلی سوننە دروستکردنی هیدایەتە، وە لای موعتەزیلەکانیش ڕوونکردنەوەی ڕێگاو صەوابە، ئەوەش باتڵە بە وتەی خوای گەورە: ﴿إِنَّكَ لَا

﴿تَهۡدِي مَنۡ أَحۡبَبۡتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يَشَآءُۚ وَهُوَ أَعۡلَمُ بِٱلۡمُهۡتَدِينَ ٥٦﴾[59]،

ئەی محمد صلی الله علیه وسلم، تۆ ناتوانی هیدایەتی ئەو کەسە بدەی کە خۆشت ئەوێ بەڵکوو ئەوە خودایە کە هیدایەتی ئەو کەسە ئەدات کە ئەیەوێ، وە هەر خۆیشی زاناترە بە هیدایەتدراوەکان. وە لەبەر وتەی سەروەریشمان کە فەرموویەتی: (اللهم اهد قومی) خودایە گەلەکەم هیدایەت بدە، کەچی لەگەڵ ئەوەش سەروەرمان ڕێگاکەی بۆ ڕوونکردنەوەو بانگی کردن بۆ هیدایەت.

جا ئەوەی کە بەناوبانگە، لای موعتەزیلەکان: هیدایەت دەلالەتە لە گەیەنەرێك بۆ گەیشتن بە داواکراو. بەڵام لای ئێمەی ئەهلی سوننە: دەلالەتە لەسەر ڕێگایەك کە لەسەریەوە ئەگەی بە داواکراو، جا یەکسانە داواکراو و هیدایەت بەدەست بێ یاننا.

---

[59] سورة القصص: ٦

## کردەوەی چاکترین و بەرژەوەندتر لەسەر خودا واجب نیە

**وما هو الأصلح للعبد فليس ذلك بواجب على الله تعالى.**

وە ئەوەیشی کە بۆ بەندە گونجاوو بەرژەوەندترە ئەوە لەسەر خوای گەورە واجب نیە، ئەگینا کابرایەکی کافری هەژاری دروست نەئەکرد کە هەم لە دونیا سزا دراوە وەهەمیش لە دوارۆژدا، وە ئەگەر واجببایە ئەوە هیچ مننەتێکی خوایی بەسەر بەندەدا نەئەبوو، وە شایەنی شوکرو سوپاسیش نەئەبوو لە هەموو جۆرە خێرو بێرەکان، چونکە لەو کاتەدا واجب ئەبوو، وە لەو کاتەدا هیچ مننەتێك نە ئەما بەسەر پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، لەو کاتەدا ئەبو جەهل و سەرانی وەکوو ئەبو جەهلیش لەعنەتی خوایان لێ دات واجب ئەبوو لەسەر خوا کەوا ئەو منەتە بەسەر ئەوانیشدا بڕژێنێ، چونکە وا بەرژەوەندی تر ئەبوو بۆ خوا، وە بۆ مرۆڤ وا بەرژەوەندی تر ئەبوو کەوا سەرمای نەبێ و گەرمای نەبێ و خواردنی لێ نەبڕێ و نەخۆش نەکەوێ و بەهەشتێکی ئاسای لە دونیا بۆ بڕەخسایە، وە ئیمان و کوفری دروست نەکردبایەو خەڵك لە ڕەفاهیەت و خۆشیدا لێوان لێوبانەو لە نێو شەڕاب و ئافرەت و چێژە نەبڕاوەکاندا بوونایەو مردن نەبایە چونکە ئازارەو شەڕو جەنگەکان نەبایە چونکە کاولکارینەو مرۆڤایەتی قڕ ئەکەن. ئەبوایە لەسەر خودا ئەمانەی بەزۆری بکردایە چونکە لە بەرژەوەندی مرۆڤدانە، بەڵام ئەمە باتڵە چونکە بەندە فەرمانگوزارە نەك خودا، ئەوەی بۆی ڕەخسێندراوە لە

جوانترین و کاملترین حیکمەتدایە، بۆ نموونە ئەگەر بگوترێ ئاگر بۆ دروستکراوەو چ سوودێکی هەیە چونکە زیانی تیدایەو ئەبێتە هۆکاری سووتانی مرۆڤەکان و خانووبەرەو شتی تر، ئەمەش ئەوپەڕی گەلحۆییە چونکە لە کەمالی ژیاندا بوو ئەبوایە ئاگر دروست بکرێ چونکە سوودێکی گەلێك زۆری تێدایە لە پیشەسازی و پێشەکەوتنی کۆمەڵگاو کاروباری چێشتخانە. جا ئەو کەسەی کە نەفرین لە ئاگرێك ئەکات کەوا تۆزێ زیانی بەهۆیەوە بەرکەوتووە ئەوە ئەو پەڕی گەلحۆییە، چونکە جگە لە ئازارەکە چاوی ئەو هەموو سوودە نابینێ، بۆ نموونە باران، کە نیعمەتێکی خواوەندی مەزنەو زەوی پێ ئاوەدان ئەبێتەوەو گژوگیاو مەڕومالات و کانی دەریاکان و ڕووبارەکان و کەژو کێوەکان و مرۆڤەکان سوودی لێ ئەبینن، جا ئەگەر کەسێ تۆزێ زیانی بەرکەوتبێ بەهۆی ڕووخانی خانووەکەی یاخود تەڕبوونی جلەکەی ئینجا بێتن بۆڵە بۆڵ بکات و نەفرین لە باران بکات ئەوەش ئەو پەڕی گەلحۆییە، چونکە هەموو سوودەکانی بارانی لەبیرچووە کە چەندە سوودی هەیە، بۆنموونە ئەگەر وجوودی شەیتان نەبوایە تام و چێژی تەوبەو گریان و پەشیمانی و بەرزبوونەوە بۆ پلەکانی ئیمان و بەهەشتەکان وجودی نە ئەبوو، بۆ نموونە ئەگەر شەیتان نەبایە ڕووحە پاکەکەی گەورەمان ئەبوبەکر هیچ جیاوازیەکی نە ئەبوو لەگەڵ ڕۆحە پیسەکەی ئەبو جەهل، بۆیە لەبەردەم هەر شتێك شتێك دروستکراوە لە جوانترین نەخشەو حیکمەتدا، کە گشتی بەویستی خوای مەزنەو ڕێکە لەگەڵ سروشتی

مرۆڤایەتی، شتێکی وای دروست نەکردووە کەوا مرۆڤ نەتوانێ بەرگەی بگرێ، جا لەوەوە خوای گەورە کردەوەی بەرژەوەندی تر بۆ بەندە دروست ناکات بەڵکوو ئەوە دروست ئەکات کەوا کەماڵی ڕەهایەتی ئەو ویستی لەسەریەتی و منەت ئەخاتە سەر هەر کەسێ کە بیەوێ، چونکە موعتەزیلەکان لێرەش پێچەوانەی ئەهلی سوننەن کەوا ئەصلەح و بەرژەوەندی تر لەسەر خوا واجبە، ئەمەش لە کورتبینی تێڕامانەکانیانە سەبارەت بە چەمکە خوداییەکان و دیدو ژین.[٦٠]

ئەمەوێ لێرەوە بابەتە دریژەکە باس بکەم لەسەر قەدەرو ژینگە کە وات لێ ئەکات هەموو ئەوشتانەی کە لە پێشوودا نوسران بە ئاسانی لەو بابەتەوە تێ بگەی.

---

[٦٠] وەك ئەمانەتێکی زانستی تا دەروونی بەدخوازم سەرکەشی نەکات و ئەو فەهمە بەهی خۆی بزانێ، ئەوەی لەو باتەوە نوسرا کاتی خۆی سوودم لە پەیامەکانی نووری مامۆستاکەم بدیع الزمان وەرگرتووە، نوقمی ڕەحمەتی خوا بێ، وە ڕووحیشم فیدای بێ.

## ئەگەر خوا هەیە بۆچی خێرو چاکە بەدی ناهێنێ؟

## وە ئەگەر نیشە بۆچی شەڕ بەدی دێ؟

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەو لوغزی قەزاو قەدەر بەپێی بیردۆزە فیزیاییەکانەوە خستوومەتە بەر دیدی خوێنەران، کە لەمەو پێشدا لەو جۆرە لەسەر قەزاو قەدەر نەنوسراوەو نەبیستراوە واللّٰە اعلم.

خۆشەویستان لەوەتەی زانست ئەخوێنم زانایەکم نەبینی بابەتێکی لەو جۆرەی نوسیبێ، گشتی باسی قەزاو قەدەر ئەکات لە ڕووە دینی و فەلسەفیەکەی، تەبعەن لە هەردوو بوارەکەش بە فەهمێکی کورت کە هەم خوای گەورە ئەو حیکمەتەی پێ نەبەخشیون، وە هەمیش ئاسۆیەکی بەر فراوانم لە بابەتەکانیان نەبینیون، وەکوو ئەمانەتی زانستیش دوو وتاری دکتۆر عدنان إبراهیمم بینیوە لەسەر (نەزەڕیەی کەیۆس و لەناوچوونی قەومی لوط) کە بەشێوەیەکی زانستی باسی لێوە کردووە، ئیتر ئەم دوو وتارەی بووە هۆکاری کرانەوەی دەرگاکانەکانی ئەو بابەتە گرینگە، کە خودی ئەو بابەتەی نوسراوە دکتۆر عەدنانیش باسی لێوە نەکردووە. بۆیە منیش هەڵسام بە ئاسۆیەکی بەرفراوانتر ئەو بابەتە بە شێوەیەکی پوخت داڕێژم، وە هەروەها وەك خزمەتکارێك تێبینی زۆربەی مولحیدەکانم کردووە کەوا لەو ڕێگەیەوە بەرەو بیابانی ئیلحاد ڕۆیشتوون، بۆ نموونە ئەو پرسیارانە ئەکەن: ئەگەر خوا بوونی هەیە بۆچی شەڕ بەدی ئەهێنێ؟ یاخود خوا بۆچی بێ

دەنگە لە ئاستی شەڕو کاولکاری؟ ئایا نە ئەکرا تەنیا چاکەی بەدی بهێنایە؟ وە ئەو هەموو هەژاری و برسیەتیە چیە کەوا ڕووی لە خەڵکی سەرزەوی کردووە؟ وە وێنەی ئەو پرسیارانەش کە هۆکاربوونە بۆ ئیلحادی خۆیان و ئیمان لاواز کردنی باوەڕداران، ئێمەش حیکمەتی ئەو نهێنیەمان لەو نوسینە دەرخستووە، لەبەر یەك شت خوا پێویستی بە بەرگری ئێمە نیە تاوەکوو پینەو پەڕۆی بۆ بکەین و بڵێین ئەوە تاقی کردنەوەی خۆیەتی، یاخود بڵێین: پرسیار لەو ناکرێت، ئەمانە بەڵگەی ئیماندارەکانن، بەڵکوو حەقیقەتەکە بەو شێوازە نیە، ئەی ئەبێ چی بێ بەڕای ئێوە؟

لە سەرەتا پێویستمان بە پێشەکیەك هەیە بۆ تێگەیشتن ئینجا ئەچینە سەر بابەتەکە.

## پێشەکی

بەر لە گەردوون تەنها زاتی ئەنواری خودا هەبوو بە ڕەهایی و بێ سنوورو بێ کۆتا، دواتر ئەو گەردوونە بچووکە کە لە چاو ڕەهایەتی خوا وەك دنکە نۆکێکە بگرە زۆر لەوەش بچووکترە دروستکردووە، لێرەوە خودا نەخاریجی گەردوونە تا بڵێین لە دەرەوەی گەردوونە، وە نە لە ناوەوەشیەتی تا بڵێین لە ناوەوەیەتی لە دەرەوە نیە، بەڵکوو بە گەورەیی زاتی پاکی ئەنواری لەناوەوەو دەرەوە گەردوونی ڕاگیرکردووە وەك لەسەرەتای ئەم کتێبە باسمان لێوە کرد، ئینجا ئەم مرۆڤە شەڕانگێزو نەفس پەرستەی دروستکرد مەبەستم لە مرۆڤە

سەرکەشەکانە نەك ئیمانداران، کاتێ یەکەم مرۆڤی دروستکرد لە نهێنی فەرمانی خۆی ڕۆحی دروستکرد، کە سیستەمێکی نوورانی ڕەنگ گۆڕاوی ماهیەت نەزانراوە، واتە: تەڕکیباتی ڕۆح چیە؟ ئایە ماددەیە؟ فۆتۆنە؟ یاخود شتێکی تر؟ زانیاری پێمان نەگەیشتووە، وە دەلیلی خەڵقیەتی ڕووحیش شێخ ئیبن و تەیمیە پێمان ئەڵێ کە پرسیاری لێ کرا ئایا ڕووح قەدیمە یان دروستکراوە؟ ئەویش فەرمووی: "ڕووحی ئادەمیزاد دروستکراوەو داهێنراوە بەکۆی یەکدەنگی پێشینەی ئوممەت و پێشەواکان و گشت زاناکانی ئەهلی سوونە، وە لە یەکێ زیاتر لە پێشەواکانی موسڵمانان یەکدەنگیان گێڕاوەتەوە لەوەی کەوا ڕووح دروستکراوە، وەکوو محمدی کوڕی نەصرِی مەڕوەزی کە ئیمامێکی بەناوبانگەو زاناترین کەسی زەمانی خۆی بووە لە بارەی یەکدەنگی زانایان و ڕاجیایی لە بابەتەکان"[٦١]. ك هـ. وە ئەم یەکدەنگیەش مامۆستا نوڕسیش لە عەللامەی سعد الدینی تەفتازانیەوە نەقڵی کردووە[٦٢].

ڕووحیش بە یەکەم مرۆڤـ درا کە ئادەمە سەلامی خوای لەسەر بێ هەروەك خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿فَإِذَا سَوَّيْتُهُۥ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِى

---

[٦١] (مجموع الفتاوى)(ب٤/ل٢٢١) باب العقيدة.

[٦٢] ئەتوانن بگەڕێنەوە بۆ کتێبی ژیانەوەی دڵی ئیمانداران کە یەکێکە لە دانراوەکانمان، لەوێ باسی ڕووحم کردووە بە درێژی.

﴿...﴾[٦٣]، واتە: هەر كاتێ ئەو مرۆڤەم لە دروستكردن تەواو كردو لەو ڕووحە تایبەتیەی كە دروستم كردووە بەبەریدا كرد. وە هەروەها كاتێ یەهودیەكانیش پرسیاری ڕووحیان لە پێغەمبەری خوا كرد صلی الله علیه وسلم، خوای گەورەش ئایەتی دابەزاندو فەرمووی: ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پێیان بڵێ: ڕووح فەرمانی خوای پەروەردگارمە (واتە: پەیوەستە بە ئەمری خواوە، ئەمری خواش ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ڕەهایەتی خۆیەوە) هەروەك فەرمووی: ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِۖ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنۡ أَمۡرِ رَبِّي ۝٨٥﴾[٦٤]. وە هەروەها خوای گەورە لە ئایەتێكی تردا ئەفەرمووێ: ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۖ يُغۡشِي ٱلَّيۡلَ ٱلنَّهَارَ يَطۡلُبُهُۥ حَثِيثٗا وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتِۭ بِأَمۡرِهِۦٓۗ أَلَا لَهُ ٱلۡخَلۡقُ وَٱلۡأَمۡرُۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ۝٥٤﴾[٦٥]واتە: بێگومان خوای ئێوە زاتێكە ئاسمانەكان و زەوی لە ماوەی شەش ڕۆژان یاخود شەش قۆناغان دروستكردووە، پاشان ئیستیوای كردووە لە عەرش، نهێنی ئەو ئیستیوایە لێرەدا بواری ڕوونكردنەوەمان نیە، جا خوای ئێوە ئەو زاتەیە كەوا شەوی بەسەر ڕۆژ پەردەپۆش ئەكاو ڕۆژیش بەسەر شەو دائەپۆشێ وەك بڵێی شەو داوای

---

[٦٣] سورة ص: ٧٢

[٦٤] سورة الإسراء: ٨٩

[٦٥] سورة الأعراف: ٥٤

پۆشینی ڕۆژ ئەکات بەخێرایی و ڕۆژیش داوای شەو ئەکات بە هەمان شێوە، جا ڕۆژو مانگ و ئەستێرەکانیشی گشتی بۆ ئێوە ڕام کردووە بە ئەمرو فەرمانی خۆی، بۆیە ئاگادار بن خەلْق و ئەمر هەر بۆ خوایەو پەیوەستە بەخۆیەوە، پاکی و پیرۆزی هەر بۆ خوای جیهانیانە کە الله یە جل جلالە. وە هەروەها لە ئایەتێکی تردا ئەفەرمووێ: ﴿فَقَضَىٰهُنَّ سَبۡعَ سَمَٰوَاتٖ فِي يَوۡمَيۡنِ وَأَوۡحَىٰ فِي كُلِّ سَمَآءٍ أَمۡرَهَاۚ ١٢﴾[٦٦]، واتە: لە ماوەی دوو ڕۆژان یاخود دوو قۆناغان لە دروستکردنی ئاسمانەکان بوویەوەو وەحی خۆی دابەزاندە هەموو ئاسمانەکان، ئێوە سەرنجی خەلْق و ئەمری هەر سێ ئایەتەکە بکەن لەگەلْ ئایەتی یەکەمی ڕووح.

١ـ مرۆڤـ هەم ماددەیە، وە هەمیش ڕووحە، چونکە لە ئەمری خۆیشی کردە جەستەی ئادەم.

٢ـ خەلْقی ئاسمانەکان و زەوی کرد، دواتر ئەم خەلْقە پێویستی بە سیستەمێکی جووڵە هەیە ئەویش ئەمرە، هەروەکوو چۆن ڕووح جوڵەو ڕەنگی هەیە ئاوەهاش ئەمری هەموو ئاسمانەکان جوڵەو ڕەنگیان هەیە، بینینەکەی تەنیا بە دوو ڕێگا ئەبێ کە یەکێکیان لە ڕێی خەوا ئەوەتا مرۆڤـ لە خەوا هەزارەها ڕووح ئەبینێ، جاری واش هەیە خۆی ئەبینێ، وە حاڵەتی

[٦٦] سورة الفصلت: ١٢

دووەمیش بەچاوی سەرە کە بۆ هەموو کەسێك نارەخسێت جگە لە دۆستانی خوای مەزن نەبێت ئەمەم لە کتێبی ژیانەوەی دڵی ئیمانداران بە درێژی باسکردووە.

٣ـ ئایەتی سێیەم دووپاتی ئەوە ئەکاتەوە کە ئەم ئەمرەی دابەزاندووەتە نێو هەموو ئاسمانەکان و فەزاکان.

جا خۆشەویستان: تەصەرڕوفی خوای گەورە لە دونیای دیارو نادیار (موڵك و مەڵەکوت)، (غەیب و شەهادە) گشتی لە ڕێی ئەم خەڵق و ئەمرەوەیە، بۆ نموونە: هەموو ئەو ئیلهام و خەوانەی ئەیبینی لە ڕێی ئەمرەوە لە بۆت دێ، یاخود گەربیەوێ شتێکت نیشان بدات لە ڕێی عالەمی ئەمرەوە شتەکانت نیشان ئەدات، جا بێینە سەر باسی بیردۆزی کەیۆس کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە قەدەرو ئەمری خوای مەزن هەیە، ئەمە چۆن؟

بیردۆزی فەوزاو بێ سەروبەری گەردوون کە بە ئینگلیزیەکەی ( Chaos theory) بیردۆزی کەیۆس بەناوبانگە.

یەکەم کەسێ: کە ئەو بیردۆزەی دۆزیەوە ئێدوار لۆرێنتز بوو، کە یەکێك بوو لە زانا ڕوانگەییەکان (عالم الإرصاد)، لە ساڵی ١٩٦٠زاینی لە بواری کێشەکانی ئاگادارکردنەوەی کەش و هەوا کاری ئەکرد لە ڕێگەی ئامێرێکی ژمێریارییەوە، کە پێوانەکانی کەش و هەوای هەژمار ئەکرد، ئەوەبوو لە

یەکێك لە ڕۆژەکان لە ساڵی ١٩٦١ ویستی سەیری زنجیرەیەکی دیاری کراوی هەژمارەکان بکاتەوە دووبارە، ئەمجارە سەیری کرد ئەبینێ لە نێوەڕاستی هەژمارەی زنجیرەکەوە ئامێرەکەی دەستی پێکردەوە نەك لە سەرەتاکەی.

ئەوەبوو لۆرێنتز تێبینی ئەوەی کرد کەوا زنجیرەکە بەرەو پێش چووە بەشێوەیەکی جیاواز، جیا لە دووبارەبوونەوەی هەمان هەژماری پێشوو، ئەمجارە لێك دوورکەوتنەوە ڕوویداوە، کە بەلادانێکی گەورە لەسەر وەڕەقە خەت خەتەکراوە ئەصڵیەکە بۆ زنجیرە ئەصڵیەکە کۆتایی هاتووە.

جا لە کۆتاییدا لۆرێنتز توانی ڕاڤەی ئەو کارە بکات، ئامێرەکەی هەڵسابوو خەزنی ژمارەکانی کردبوو لە زاکیرەکەیدا بە شەش پلەی دەیەکی، کەچی تەنیا بە سێ ژمارەی دەیەکی دەرئەکەوێ، جا لەو کاتەی کە لۆرێنتز هەڵسا بە داخڵکردنی ژمارەیەك لە نێوەڕاستی زنجیرەکەوە، ئەوەبوو ئەو ژمارەیەی بۆ دەرخست کە سێ پلەی دەیەکی هەبوو، ئەمەش بووە هۆکاری جیاوازیەکی زۆر کەم لە چاو ژمارە ئەصڵیەکەی کە مەوجوود بوو لە ناو ئامێرەکە، سەرەڕای ئەوەی کەوا ئەو جیاوازیە زۆر کەم و بێ نرخە کەچی بەرەو پێش چوو گەشەی سەند لەگەڵ زنجیرە هەژمارەکان بۆ چەندین لق و فەڕعی گەورە بە شێوەی لادانی گەورە دەرکەوت لەسەر وەڕەقە خەتخەتەکان.

لە دەرەنجامدا دۆزینەوەی ئەو کاریگەرە بچووکە وای کرد کەوا فیکرەی کاریگەری پەڕوباڵی پەوولە وەکوو بیردۆزێك بێتە وجوود، چونکە بڕی ئەو

جیاوازیە کەمە کە لە خاڵە سەرەتاکانی لادانەکان هەیە زۆر زۆر کەمە بە شێوازێك کە لە لێدانەکانی پەڕوباڵی پەپوولە ئەچێ لە هەوادا، بەڵام ئاسەواری ئەو کەمیە زۆر گەورەیە بە ئەندازەیەك بۆ ئاگادارکردنەوەی ڕوودانی تۆڕنادۆیەك (عاصیفەو مەوجەیەکی بای بەهێز) کە لە شوێنێکی ئەو دونیایە ئەدات و کاولی ئەکات.

ئیتر لەو فیکرەوە لۆرێنتز لێدوانی دا کەوا مەحاڵە پێشبینی کەش و هەوا بکەین بە دەقیقی جا لە هەر حاڵەتێکدا بێ[٦٧].

بیردۆزی پەپولەو فەوزا.

زاناکان ئەڵێن: بۆ نموونە پەپوولەیەك لە دارستانەکانی ئەمازۆن ئەفڕێ و ئەیدا لە شەقەی باڵی ئەبێتە هۆکاری دروستکردنی تۆڕەنادۆیەك لە ئەمریکا یاخود لە شوێنێکی تری ئەم جیهانە، ئەمە چۆن؟

با بە نموونەیەك ڕوونی بکەینەوە:

جەنگێك ڕوو ئەدات، جەنگەکەش لەسەر شێوازی کلاسیکە لە نێوان دوو وڵات، وڵاتێکیان هێرشی کردووەتە سەر وڵاتەکەی تر، ئەوەی کە هێرشی کراوەتە سەر جەنگاوەرەکانی بە ئەسپەکانیانەوە بەرەو ڕوویان بوونەوەو شەر دەستی پێ کرد، ئەوەبوو لە کاتی شەڕەکە یەکێك لە سەربازەکان ناڵی

[٦٧] بڕوانە: (نظرية ـ شواش ـ ویکیبیدیا موسوعة الحرة) لە ئینتەرنێت.

پێیەکی ئەسپەکەی کەوت، لەگەڵ کەوتنی نالەکە ئەسپەکەش کەوت، وە لەگەڵ کەوتنی ئەسپەکەش سەربازەکە کەوت، وە لەگەڵ کەوتنی سەربازەکەش سووپایەك بەزی و کەوت، لە دەرەنجام شارەکە کەوتە دەست وڵاتەکەی تر، ئەوەبوو لەکەوتنی ناڵێك شارێکی گەورە کەوت[٦٨].

ڕاستکردنەوە:

ئایە ڕاستە ئەوەی لە گەردوون ئەگوزەرێ فەوزایە؟

وەڵام: نەخێر، بەڵکوو بە سیستەمێکی زۆر ئاڵۆزو دەقیق بەڕێوە ئەچێ لە لایەن توانستی ڕەهای خوای ئەزەلی و ئەبەدی، بەڵام عەقڵی بچووکی ئێمە لەبەرئەوەی پەی بەشتان زۆر بەکەمی ئەبات ئیتر ناوی عەجایب و فیکرەی عەجایب دروست ئەکات. ئەوەتا خوای گەورە لە چەندین ئایەتدا ئەفەرمووێ: ﴿صُنْعَ ٱللَّهِ ٱلَّذِىٓ أَتْقَنَ كُلَّ شَىْءٍ ۚ ﴿٨٨﴾﴾[٦٩]، واتە: ئەمە کارو پیشەی خوای گەورەیە کاتێ کە شتێ دروست ئەکات لەسەر تۆکەمترین و کاملترین شێوە دروستی ئەکات. ﴿قَالَ رَبُّنَا ٱلَّذِىٓ أَعْطَىٰ كُلَّ شَىْءٍ خَلْقَهُۥ ثُمَّ

---

[٦٨] وەکوو ئەمانەتی زانستی هاوەڵێکی قورئانیم هەیە ڕۆژێکیان لەسەر بابەتێك ئەو نموونەیەی بۆ باس کردم، ئیتر لەو نموونەوەش دەرگای زیاتری بابەتەکە بۆ بەندە بوویەوە.

[٦٩] سورة النمل: ٨٨

هَدَىٰ ﴿٥٠﴾[70]، واتە: گەورەمان موسا بە فیرعەونی گوت: پەروەردگاری ئێمە ئەو زاتەیە کەوا حەقی دروستکردنی هەموو شتێکی بە بوونەوەران داوە واتە: بە جوانترین شێوەو دەقیقترین شێوە بەدیان بهێنێ، وە لەگەڵ ئەوەش ئەوانی بەدی هێناوە ڕێنموویی و پڕۆگرامی بۆ هەموویان داناوەو هەر یەکەیان کاری خۆی ئەنجام ئەدات.

جا من لەوە دڵنیام کێشەیەك ڕوویداوە لە پەپوولەکە وەکوو کێشەی کەوتنی ناڵی ئەسپەکەو مەوجە کەمە هەژمارکراوەکەی لۆرێنتز، چونکە سەربازەکە کەمتەرخەمی کردووە لە تۆکمەکردنی ناڵی ئەسپەکەی، وە لە بیردۆزی میکانیکی کوانتۆمەوە پێیان وایە کەوا لەبەرامبەر هەر گەردیلەیەك گەردیلەیەکی تر هەیە با نێوانیشیان ملیارەها ساڵی ڕووناکیش هەبێ، چونکە پێیان وایە ناتوانرێ شوینێی گەردیلە دیاری بکرێ. هەر چەندە ئەنیشتاین بڕوای بەوە نەبوو کە دوو گەردیلە لە یەککاتدا لە دوو شوێنی جیاواز بوونیان هەبێ لەبەردەم یەك بن وەکوو جووتە دەست کێشێك کە یەکێکیان لە شارێك دابنێی و ئەوەکەی تریش لەشارێکی تر بێگومان خاڵێکی هاوبەش لە نێوان هەردوو دەست کێشەکە هەیە کە یەکێکیان هی لای ڕاستەیە ئەوەکەی تریش هی لای چەپەیە، جا بۆ نموونە کە سەیری ئاو ئەکەی بەردێك ئەخەیتە ناو ئاوەکەوە ئەبینی چەندەها شەپۆل دروست

---

[70] سورة طة: ٥٠

ئەکات بە بازنەیەکی فراوان جا نموونەی دەست کێشەکە بخە زیهنی خۆت، چۆنیەتی دروستبوونی شەپۆلەکە بەپێی لێکۆڵینەوەی زاناکانی کوانتۆم میکانیکی گەردیلە دوو حاڵەتی هەیە، هەم وەکوو تەنۆچکە کارئەکات وە هەمیش وەکوو شەپۆل. جا پەیوەندیەك لە نێوان گشت بوونەوەران هەیە لە رێی گەردیلەوە، نێوانیشیان گشتی هێزو شەپۆلە، بۆ نمونە خودی پەپوولەکە پەیوەندیەکی تۆکمەی لەگەڵ ژینگەو ئاسمانا هەیە جا کاتێ هەر هەڵەیەك لە شەقەی باڵی ڕوو بدات ئەوە بەبڕوای من ئەو کارەسات و تۆڕنادۆیانە دروست ئەبن، وە ئەشکرێ شتێکی تر بێ. وە بەهۆی فڕێدانی بەردێکی بچووکەوە بۆ نێو ئاو شەپۆلی فراوان دروست ئەکات بە دەوری خۆیدا، هەرچەندە ئەوان ئەیانەوێ ئەوەمان بە درۆ بۆ بسەلمێنن کەوا کارەکە عەشوائیەو هەرایەکە کەس بەکەس نیە، باشە ئەمە چ پەیوەندی بە خەڵقی شەڕو چاکەوە هەیە؟ زۆر زۆریش هەندێ نموونەت لەسەر تەفاعولی شەپۆل و تیشکی مرۆڤ ئەهێنمەوە تاوەکوو لە بابەتەکە بەتەواوی حاڵی بیت.

لەوحی مەحفووز:

لەوحەیەکی نورانی دروستکراوە، هەموو ئاسمانەکان و زەوی گرتووەتەوە، واتە: لەوحەکە وەك میمۆریەك وایە، هەموو شتەکانی بوونەوەرانیش بە کردار واتە: بە دەنگ و ڕەنگ تیایدا تۆمارکراوە، بەڵام لە زاتی خوا ئەو زانستە هەر هەبووەو ئەزەلیەو گۆڕانی بەسەردا نایێت، بەڵام ئەو لەوحە کە

لەوحلمەحفووزە بەناوبانگە ئەمە دروستکراوەو دەستکاری ئەکرێ و مەفتووحە لەبەردەم مرۆڤەکان. بەڵگەی لەوحەکەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿لِكُلِّ أَجَلٍ كِتَابٌ ۝٣٨ يَمْحُوا اللَّهُ مَا يَشَاءُ وَيُثْبِتُ ۖ وَعِندَهُ أُمُّ الْكِتَابِ ۝٣٩﴾[٧١]، واتە: هەموو ئەجەلێك نوسراوێكی تایبەتی بەخۆی هەیە، جا خوای گەورە ئەوەی ویستی لەسەر بێ ڕەشی ئەکاتەوە یاخود ئەوەی بیەوێ ئەیهێڵێتەوە (هەروەکوو چۆن فۆڵدەرێك لەناو میمۆریەکەت هەیە ئەتەوێ ڕەشی کەیتەوە یاخود بیهێڵیتەوە) وللە المثل الأعلی ئاواش خوای گەورە ویستی لەسەر گۆڕانی قەدەری کەسێك هەبێ ئەیگۆڕێ، وە ئەو ئوممولکیتابەش کتێبی زانستی ڕەهای خوای مەزنە، جا قەدەر لێرەدا هەرگیز گۆڕانی بەسەردا نایەت و جێگیرە بە ئەزەلی ئەبەدی، وە ئەوەی کە لە قورئان و فەرموودەکاندا هاتووە بە عومر درێژی و نەکوژران و کوشتن و ئەو بابەتانەی کە لە گۆڕاندان گشتی پەیوەندی بەو لەوحلمەحفووز هەیە کە جێگای گۆڕینە، وە ئەوانەش کە جێگیرین پەیوەندی بە زانستی خودی خواوە هەیە، چونکە لە گۆڕاندا نیە، ئەگەر بێت و لە گۆڕاندا بێ کەم و کوریە بۆ خوای مەزن، وە شتێك پەیدا ئەبێ و ون ئەبێ لە زاتیدا کە ئەچێتە ژێر یاسای ڕێژەیی بوون نەك ڕەهایی، گۆڕان ڕێژەییەو پەیوەستە بە کات و زەمەن، بەڵام زاتێك هەر هەبێ و شوێن و لای نەبێ

---

[٧١] سورة الرعد: ٣٨ ـ ٣٩

ئەوە ئەچێتە ژێر یاسای ڕەهاو موتڵەقیەت، جا خۆشەویستان قەدەر لە پێش ئێمە کراوەیەو خۆمان هەڵی ئەبژێرین بەڵام هەڵبژاردنەکەش موافەقەی زانستی ئەزەلیەتی خوایە ئەمە چۆن؟

مرۆڤ لە خەڵق و ئەمر پێکهاتووە، کاتێ ئەو مرۆڤە نیەت و ئیرادەی شتێکی هەیە ئەو نیەت و ئیرادەیە کە یەکی گرتەوە لەگەڵ لەوحەکراوەکە یەکسەر خوای گەورە خەڵق و ئەمری شتەکەت بۆ بەدی ئەهێنێ، بۆ نموونە موبایلەکەی دەستت بەرنامەیەکی تێدایە کە ئەتوانی هەم بە لەمس کاری پێ بکەی وە هەم بە دەنگیش یاخود بە کامێراکەت، ئەگەر تۆ یەکێك لەمانە بەگەڕ نەیێخی موبایلەکەشت کارت بۆ ناکات، جا کاتێ نیەت و ئیرادەت بۆ شتێکی چاك تۆ بەگەڕ ئەخات ئەگەر لە گەڵ ڤیدیۆ کرداریەکەی لەوحلمەفوزدا یەکی گرتەوە دەست بەجێ دێتە بوون، بێگومان زمەنی ئەو شتە زۆر خێرایە ئێمە ناتوانین دیاری بکەین، بەڵام ئەوەندە هەیە ئێمە ئەو بوعدە نابینین کە بوعدی قەدەرە کە لە نێو هەموو گەردووندایە واتە: هەموو گەردوونی گرتووەتەوە، وە ئەگەر ئەو نیەت و ئیرادەیە تەفاعولی نەکرد لەگەڵ لەولمەحفوز ئەو کاتە شتەکە نایەتە بوون، وە ئەگەر یەکی گرتەوە لەگەڵ زانستی ئوممولکیتابی خوای گەورە دەست بەجێ بەخێراییەکی وا کە لەسەرووی ژێری مرۆڤەوەیە ئیزافەی ئەو نیەت و یەککگرتنە ئەکات کە لە لەوحلمەفوزدا وجوودی نەبووە، بۆ زانیاریت هیچ شتێکیش نیە کە لە

زانیاری خوادا واته: ئوممولکیتابەکەیدا بوونی نەبێ، لەوەی کە بەسەر دڵت دانایێ و وە لەوەش کە بەسەر دڵتدا دێ گشتی لەوێ بە ئەزەلی ئەبەدی هەیە، وە ئەوەی لە بەهەشتیشدایە بەو جۆرەیە، ئەوەی بەسەر دڵتدا دێ یەکسەر یەك ئەگرێ لەگەڵ ئیرادەی خوایا واتە: لەگەڵ هاتنی خەتەرەی دڵت یەکسەر خودا تەجەللی ئەکات و خەڵق و ئەمری شتەکەت بۆ بەرجەستە ئەکات، وە ئەوەش بزانە قسەکردنی ئێمە لە دەروونی خۆماندا ڕێژەییە، بەڵام کەلامی نەفسی خوای مەزن وینەو پێکچوونی نیەو ڕەهایەو ئەزەلی و ئەبەدیە وە نەگۆڕو جێگیرە. بەڵام هی ئێمە لە حاڵەتی جەنجاڵی و گۆڕاندایە، وە هی ئێمە لە نێو یاسای جەواهیرو ئەعیانەکاندایە، بەڵام واجبی وجود پێچەوانەی بوونەوەرانەو ئەوەی بە خەیاڵت دادێ سەبارەت بەو هەڵەیەو وەسوەسەی شەیتانەکانە، جا کەلامی ئەزەلی خوا گەر ئیرادەی قسەکردنی هەبێ ئەوە یەکسەر (کن فیکون)ــەو دەست بەجێ خەڵق و ئەمری ئەو وتەیە دێتە مەیدان، دەی باشە نموونەمان بۆ بهێنەوە شەڕو خراپەو کاولکاری چۆن بەدی دێ؟

**١ـ (عَنْ زَيْنَبَ بِنْتِ جَحْشٍ: «أَنَّ النَّبِيَّ –صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ– دَخَلَ عَلَيْهَا فَزِعًا يَقُولُ: لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ، وَيْلٌ لِلْعَرَبِ مِنْ شَرٍّ قَدِ اقْتَرَبَ: فُتِحَ الْيَوْمَ مِنْ رَدْمِ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ مِثْلُ هَذَا. وَحَلَّقَ بِإِصْبَعِهِ وَبِالَّتِي تَلِيهَا، فَقَالَتْ زَيْنَبُ: فَقُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَنَهْلِكُ وَفِينَا الصَّالِحُونَ؟ قَالَ: نَعَمْ،**

**إِذَا كَثُرَ الْخَبَثُ)**[72]، واتە: لە دایکی ئیمانداران زەینەبی کچی جەحش گێڕدراوەتەوە کەوا پێغەمبەری خوا ـ صلی اللە علیه وسلم، ڕۆژێکیان بە ترسەوە هاتە لام و فەرمووی: هیچ خودایەك نیە بە حەق جگە لە اللە نەبێ، وەیل و سزاو ناخۆشی بۆ عارەبان بەوەی کەوا شەڕێکیان لێ نزیکبووەتەوە، ئیمڕۆکە لە سەددەکەی یەئجووج کرایەوە بە ئەندازەی حەلقەی پەنجەی گەورەو شایەتوومان کاتێ کە هەر دوو پەنجەکان لێك ئەدرێ، زەینەبیش فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ـ صلی اللە علیه وسلم، ئایا ئێمە بە هیلاك ئەچین لە کاتێکیشدا پیاوچاکانمان لە ناودا بێ؟ ئەویش فەرمووی: بەڵێ، ئەگەر بێت و پیسی زۆربێ، واتە: خراپەکاری و گوناهو ناعەدالەتی زۆر بێ.

٢ـ وە هەروەها خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿ظَهَرَ ٱلۡفَسَادُ فِي ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِ بِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِي ٱلنَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعۡضَ ٱلَّذِي عَمِلُواْ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ﴿٤١﴾﴾[73]، واتە: فەسادی و تێکچوون لە وشکاوی و دەریادا دەرکەوت بەهۆی ئەو کاروکردەوە قێزەونانەی کە مرۆڤەکان کردیان، ئەمەش بۆئەوەی تامی ئەو تێکچوون و ناخۆشیە بچێژن و سزای پێ ببینن لەوەی کە بەدەستی خۆیان لەو کاروکردەوە ناماقوڵانەی کە ئەنجامی ئەدەن، تاوەکوو پەندو عیبرەتی لێ وەربگرن و تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە لای خوای مەزن.

---

[72] بوخاری گێڕاویەتیەوە لە (صحیح البخاری)(ژ٧١٣٥).

[73] سورة الروم: ٤١

٣ـ وەهەروەها ئەگێڕنەوە کەوا گەورەمان ئەنەسی کوڕی مالیك لە ڕێگادا بە ئافرەتێك ئەگات و تووشی نەزەرێك ئەبێ، دواتر ئەچێتە لای ئیمامی عوسمان ڕەزای خوایان لێ بێ، حەزرەتی عوسمانیش سەیری ئەکات و ئەفەرمووێ: یەکێ لە ئێوە دێتە لای من و شوێنەواری زینا بەسەرو چاویەوە دیارە، ئەنەسیش گوتی: ئایە ئەوە وەحیە لەدوای پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم؟ حەزرەتی عوسمانیش فەرمووی: نەخێر، بەڵکوو وتەیەکی حەقەو فیڕاسەتێکی ڕاستە[٧٤].

بەر لەوەی بچینە ناو شەرحی ئەو ڕووداوو فەرموودەو ئایەتە پۆلینی هێزی نوورو عەدالەت و ڕەشی تاوان و فەسادی ئەکەین.

---

[٧٤] ئیمامی موحیببی تەبەری لە (الریاض النضرة). وە ئیمامی ڕازی لە (التفسیر الکبیر) ئایەتی ٩ لە سوڕەتی الکهف. وە ئیبن ولقەیم لە (مدارج السالکین)(ب٢/ل٤٨٦) طبعة دار الکتب العربي ـ بیروت الطبعة الثانیة ١٣٩٣ـ١٩٧٣، بتحقیق محمد حامد الفقي). وە لە (طرق الحکمیة لإبن القیم)(ل٤٣) طبعة مطبعة المدني ـ القاهرة بتحقیق الدکتور محمد جمیل غازي). هێناویانە. وە حافیزی موونناویش باسی کردووە لە (فیض القدیر)(ب١/ل١٤٢) طبعة المکتبة التجاریة الکبري ـ مصر طبعة الاولي ١٣٥٦. وە مەلا عەلی قاریش لە (شرح مسند أبي حنیفة)(ب١/ل٥٦٦)، وە زۆرێکی تریش لە زاناکان لە کتێبەکانی خۆیان هێناویانە.

خۆشەویستان: خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهۡلِكَ ٱلۡقُرَىٰ بِظُلۡمٍ وَأَهۡلُهَا مُصۡلِحُونَ ﴾[٧٥]، واتە: خوای گەورەت هەرگیز خەڵکی شارو دێیەك بەهۆی زوڵم و ستەمەکەیان (واتە: بەهۆی کوفرو شیرکەکەیانەوە) لەناو نابات ئەگەر بێت و کەسانێکی چاکەخوازو موصلێح و دادپەروەر بن لە نێو خۆیاندا. ئیمامی شەوکانی ئەفەرمووێ: "ئەمە صەحیح و جێگیر نیە کەوا خوای گەورە ئەهلی دێی و شارێك لەناو ببات بە ستەمێك کە ئەیکەن ئەویش شیرکە، لە کاتێکدا حاڵی ئەهلی ئەو دێی و شارە بەجۆرێکە کەوا دادپەروەرو موصلێحن لەوەی کە لە نێوانیاندا هەیە لە پێدانی ماف و حەق، وە زوڵم و فەسادیەکەیان زەوی ئەگرێتەوە هەروەکوو چۆن گەلی شوعەیبی لەناو برد بەهۆی حیلەو کەمی لە پێوانەکردن و تەرازوودا، وە کەمکردنەوەی شتەکانی خەڵکی (لە کاتی پێوانەو تەرازوودا)، وە گەلی لوطیشی لەناو برد بەهۆی ئەو پیس و فاحیشە قێزەونەی کە ئەیان کرد کە (لیواتە کردن بوو، واتە: نێربازی)[٧٦].

بە پێی ئەم ئایەتە پۆلینەکە وای لێ دێ:

١ـ هێزی عەدالەت نوورەکەی زیاترە بۆ سەقامگیری سیستەمی زەوی و ئەحواڵی هەموو تاکێکی نێو گەل.

---

[٧٥] سورة هود: ١١٧

[٧٦] (فتح القدير) تەفسیری سورەتی هود ئایەتی ١١٧.

٢ـ هێزی ئیمان و باوەڕ زیاترە بۆ دواڕۆژی تاك و نەجاتبوونی لە سزای دۆزەخ.

٣ـ هێزی ڕەش و لێڵی گوناهەکانیش بە پێی گوناهەکان دەگۆڕێ و کاریگەری لەسەر وێرانکردنی گەل و ژینگە ئەبێ ئەمە چۆن؟

بۆ نموونە: با لاپەڕەیەکی مێژوو هەڵبدەینەوە ئەبینین لەسەردەمی **محمد** خواریزم شاهـداین، ئەمانە وڵاتی فارس و دەوڵەتەکانی کازاخستان و ئەفغانستان و چەندەها شوێنی تریان بەدەستەوەبوو هەموو ئەوانەش لە ژێر خەلافەتی عەبباسیەکاندابوون، کە خەلیفە ئەبو عبد **المجید** عبد الله موستەعصەم بالله فەرمانڕەوایەتی خەلافەتی ئەگێڕا، مەولانای ڕۆمی لە کتێبی (فیه ما فیه) ئەگێڕێتەوە کەوا کۆمەڵێك بازرگانی تەتارەکان هاتنە یەکێك لە شارەکانی ژێر دەسەڵاتی خواریزمیەکان، لە دەرەنجام والی ئەو شارە بە تۆمەتی سیخوڕی یاخود بە هەر تۆمەتێك بێ ئەو کۆمەڵە بازرگانەیان کوشت و کەلوپەلەکەیان دزی، ئەوەبوو **محمد** خواریزم شاهـ فەرمانێکی دەرنەکرد کەوا ئەوانەی ئەو کۆمەڵەیان کوشتووە ئەبێ بکوژرێنەوە، بەڵکوو هەوڵیدا لە ڕێگەی نامەبەرەکانەوە کێشەکە لەگەڵ جەنگیزخان چارەسەر بکات، مەولانا ئەفەرمووێ: "جەنگیزخان بۆ چەند ڕۆژێك چووە ئەشکەوت بۆ بەندایەتی کردنی خوای گەورە، وەك بڵێی لە قەدەردا پێی گوترا بڕۆ تۆ سەرخراوی"، واتە: ئەوە جڵەوی قەدەرمان دا

دەستە تۆ، جا لە ئەنجامی کوشتنی ئەو کۆمەڵە بازرگانەو ناعەدالەتی لە سیستەمی فەرمانڕەوایەتی خەلیفەو والیەکانی ژێر دەسەڵاتی عەبباسی لە دەرەنجام بووە هۆی کوژرانی دوو ملیۆن موسڵمانی مەدەنی و پەنجا هەزار سەرباز زیاتر بەپێی سەرچاوە عەرەبیەکان، کە ئەگەیشتنە هەر شارێکی موسڵمان پیرو پەککەوتەو منداڵ و گەنجیان گشتی ئەکوشت، وە شارەکەشیان ئەسوتاند، تا لە دواجار هاتنە نێو کۆشکی خەلیفەو خەلیفەیان لە یەکێك لە ژوورەکانی کۆشکەکەی سجن کرد، وە هەرچی کەنیزەو جاریەی هەبوو گشتی لێیان بردو بەسەر سەربازە تەتارەکان دابەشکرا، ئەم خەلیفەیە زۆر ناعەدالەت بووە وەك مێژوونووسەکان فەرموویانە یەکێك لەوانە: ئیبن و ئەبی دوادارىە کە ئەفەرمووێ: "موستەعصەم باللە کەسێك بوو گێلایەتی و نەزانی و زوڵم و ستەم و زەعیفی و خۆبەدەستەوادانی بۆ کەسانی سەخیفی تێدابوو، وە خەریکی یاری کردن بوو لەگەڵ کۆتر، وە سواری کەری وەحشی میصری ئەبوو". وە ئیبن و کەثیریش ئەفەرمووێ: "نەرمی و شلی و نەبوونی بێداری و خۆشویستنی ماڵ و سامان و کۆکردنەوەیانی تێدابوو". وە هەمەذانیش ئەفەرمووێ: "هۆلاکۆ فەرمانی کرد کەوا ژنەکانی خەلیفە بژمێرن، ئەوەبوو ژمارەیان گەیشتە حەوت سەد ئافرەت و کەنیزە، وە لەگەڵ هەزار خزمەتکاری ئافرەت، لە دەرەنجام خەلیفە لە هۆلاکۆ پاڕایەوە کەوا خێزانەکانی ئەوانەی لە حەڕەمی ئەودان کە تیشکی خۆرو ڕووناکی مانگ بەریان نەکەوتووە پێی ببەخشێتەوە، بەڵام ئەویش گوێی پێ نەداو دابەشی

کردە سەر سەرکردەکان و سەربازەکان. ئەڵێن: خەلیفە لە سجن داوای نانی کرد لە پاسەوانێك، پاسەوانەکەش بە فەرمانی هۆلاکۆ یەك قاپ زێڕی لە پارە شاراوەکانی خۆی بۆ هێنا کە لە کۆشکەکەیدا شاردبوویەوە، جا کە بینی، خەلیفە پێکەنی، هۆلاکۆش گوتی: بۆ پێدەکەنی؟ خەلیفە گوتی: ئەوە زێڕە کوو دەخورێ؟ هۆلاکۆش گوتی: مادەم کە ئەتزانی زێڕ ناخورێ بۆچی هەڵت ئەگرت و ئەتپاراست، دابەشت بکردایەتە سەر سەربازو میللەتەکەت بۆئەوەی بەهۆی ئەو زێڕانەوە بیانگۆڕیبایە بە شمشێرو ڕمح، وە ڕێگریان لە جەنگی من بکردایە؟ خەلیفەش گوتی: ئەوە ئیرادەی خوابوو. هۆلاکۆش گوتی: کەوایە جەنگی منیش بۆ بەغداو ڕووخانی دەسەلاتی تۆ ئیرادەی خوا بوو، ئەوەبوو هۆلاکۆ قاپە زێڕەکەی بۆ بەجێ هێشت و لە لای دەرچوو، خەلیفەش هەر هاواری بوو لە دەست برسێتی، لە دەرەنجام خەلیفە بە دیار زێڕەکانیەوە بە برسیەتی وەفاتی کرد[٧٧].

لە کوشتنی چەند بازرگانێکەوە بووە هۆی کەوتنی دەوڵەتێکی مەزن، وە بەهۆی ناعەدالەتی لە سیستەمەکەی خەلیفە لە تێکڕای شارەکان بووە هۆ

---

[٧٧] بڕوانە: (سقوط بغداد ـ ويكيبيديا موسوعة الحرة لە ئینتەرنێت). وە (البداية والنهاية) أحداث سنة ٦٥٥ـ ترجمة الخليفة المستعصم بالله. وە (كنز الدرر وجامع الغرر)(ب٧/ل٣٤٩) طبعة الأولي ـ القاهرة ـ مصر. وە (جوامع التاريخ للهمذاني). وە (زبدة الفكرة في تاريخ الهجرة للدواداري).

گۆڕانکاری لە قەدەری خوا، لە کوشتنەکەو ناعەدالەتیەکە هێزی ڕەش لە ژینگە پەیدابوو، نوورەکەش زۆر بێ هێز بوو، ئیتر کە خوای گەورە ئەو هێزە ڕەشەی دروستکردو زاڵی کرد بەسەر ژینگەو نوورەکەی پیاوچاکان هیچ دەورێکی نەبینی لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو هێزو شەپۆلە ڕەشە، فەرموودەکەی پێغەمبەرمان صلی الله علیه وسلم، وە بیرتان بێتەوە کە گوتی ئێوە تیا ئەچن ئەگەر پیاوچاکیشتان لەناو دابێ لەو کاتەی کە پیسی زۆر ئەبێ، ئێ خۆ ئەوە سیستەمێکی خەلافەتی ئیسلامی بوو، بەڵام لەبەرئەوەی هەڵنەستان بە حەقی عەدالەت ئیتر خوای گەورەش لەناوی بردن هیچ گوێی بە ئیمانەکەیان نەدا، چونکە دەوڵەت بە عەدل و دادپەروەری ڕائەوەستێ نەك بە ئیمان، ئەوەتا ئەوڕوپا وڵاتە بێ باوەڕەکان لەچ سیستەمێکی عەدالەتی بەهێزدان، ئیتر نووری ئەو عەدالەتە ئەوانی دەوام کردووە، ئەگەر بێت و یەك گرفت لە عەدالەتەکەیان ڕووبدات ئەوانیش شایی قەدەر ئەخۆن، کاتێ کە پێغەمبەرو هاوەڵەکان صلی الله علیه وسلم ئەزیەت ئەدران لە مەککە بە فەرمانی خوا هاوەڵەکان کۆچیان کرد بۆ حەبەشە، چونکە حەزرەت فەرمووی: پاشایەکی عادلی لێیەو ستەم لە کەس ناکات، بۆ دڵنیایشتان پاشاکە گاور بوو ناویشی نەجاشی بوو، دواتر بەهۆی ئاشنابوونی بە ئاینی ئیسلام ئیسلامی هەڵبژارد، بەڵام ئیسلامەتیەکەی شاراوە بوو لە ترسی دەوروبەرو گەلەکەی، با بێینەوە سەرباسەکەمان باشە چۆن زانیمان چاکەو خراپە ڕەنگ و شەپۆلی هەیە؟

زانای سویسری ڕۆبێرت کێنز کاتێ کە تەمەنی گەیشتە ٦٣ ساڵان ئامێرێکی هەبوو بەناوی ثیرماڵ ڤیۆر، کە بەهۆیەوە ئەیتوانی ئەو شەپۆلە گەرمیانەی کە لە جەستەوە دەرئەچن وێنەیان بگرێت و چۆنیەتی هالەکەیان واتە شێوازو ڕێك و پێکیان دیاری بکات، ئەمەش بەهۆی کامێرای تایبەت کە ئەیتوانی وێنەی تیشکەکان بکات، کە دەوری مرۆڤیان داوە، وە جۆری هالەکەش واتە: ئەو تیشکە یاخود ئەو شەپۆلە حەوت چینی هەیە، سەرەتا بە ڕەنگی سوور دەست پێ ئەکات، جا کاتێ ئەو هالەیە ڕێکخرا ئەوە کەسێکی ئارامی لێ دەرئەچێ.

ئەوەبوو ڕۆبێرت کێنز هەڵسا بە تاقی کردنەوەی پەنجا هەزار کەس کە لە ئەوروپاوە هاتبوونە لای، توانی ئەو شەپۆلە گەرمیە دەرچووانە وێنە بگرێت بۆ هەر یەکێکیان، جا ئەم ڕێگەیەی بۆ دەست نیشان کردنی نەخۆشی بەکار ئەهێنا، ئەو شوێنەی کە هالەکەی یاخود تیشکەکەی بە دیار نەئەکەوت وا ئیعتیباری ئەکرد کەوا دەردێکی هەیە، ئەوەبوو سەیری کرد تیشکی ئەو پەنجا هەزار کەسە ڕێك و مونتەزەم نین، ئیتر بیری کردەوە کەوا هالەکەیان بەو شێوەیە، بەڵام ئەم جارە پیاوێك لە نێجیریایەوە هاتبوو بۆئەوەی دەست نیشانی نەخۆشیەکەی بکات، وە یەکێك بوو لە بازرگانە گەورەکان، کاتێ وێنەی هالەکەی گرت، بینی هالەکەی واتە شەپۆل و تیشکەکەی ڕێك و پێکە، زاناکەش قسەی لەگەڵ پیاوە نێجیریەکە کرد، چونکە پیاوەکە

ئینگلیزی ئەزانی، ئەوەبوو زانا سویسریەکە پرسیاری لێ کرد، ئەویش فەرمووی: من هیچ کاتێك نارۆم ئیللا بە دەست نوێژەوە نەبێ، لەبەرئەوەی دەست نوێژ چەکی ئیمانداره، پاشان دووباره وێنەی وێنەی هالەکەی گرتەوە بینی هەر ڕێك و پێکە، زاناکە گوتی: ئەگەر من دەست نوێژ بگرم وێنەی هالەکەم ڕێك و پێك ئەبێ؟ ئەویش گوتی بەڵێ، بەڵام یەکەمجار پێویستە خۆت بشۆی، زاناکەش خۆی شۆرد، پاشان وێنەی هالەکەی خۆی گرت بینی ڕێك و پێك نیە، ئینجا پیاوەکە بردی دەست نوێژێکی ئیسلامی پێ هەڵگرت، پاشان وێنەی خۆی گرت ئەبینێ هالەکەی ڕێك و پێکە، ئەوەبوو زاناکەش ئەو خۆشۆرینەو دەست نوێژ گرتنەکەی لەسەر ٣٧ کەسی غەیرە موسڵمان تاقی کردەوە بینی هالەو تیشکەکەیان ڕێك و پێکە، ئیتر لەوەوە ئیسلامەتی خۆی ڕاگەیاندو قورئانی پیرۆزیشی هەموو لەبەر کرد، وە ناوی ئامێرەکەشی گۆڕی بە ناوی ئامێری پێوانەی ئیمانی، وە هەر نەخۆشێکیش لەوەو دوا بهاتایەتە لای هیچ دەرمانێکی ئارام کەرەوەی نە ئەدایێ بەڵکوو پێی ئەگوت: برۆ دەست نوێژێکی ئیسلامی بگرە[٧٨].

وە بەندەش بە ئەزموونی خۆمان بۆمان دەرکەوتووە ئەوانەی دووچاری دڵە ڕاوکێی و ترس و قەلەقی و سیحرو چاوزارو جن و ئەو بابەتانە ئەبن هالەیەکی ڕەشی نارێك بە دەوریان ئەبێ بە تایبەتی هالەی چاوزارو جن و

---

[٧٨] http://haramia.com/activities-events/article

سیحر که هالەکەیان زۆر بەهێزەو کەسەکە جاری وا دووچاری نەخۆشی ئەبێ، بۆیە کە دەست بە قورئان و دوعا ئەکەین ئەو هالەیە بەرەو ڕێك و پێکی ئەڕوا، واتە: ڕەشیەکەی نامێنێ و نوورانی ئەبێ، بۆیە کەسەکەش دوای ڕووقیە خوێندن هەست بە ئارامی ئەکات.

هەر نموونەیەك لەسەر ئەو هێزە ڕەشەو هالە ڕەشەیە بهێنینەوە، مامۆستا فەرمایش هاوەڵێکی بەڕێزی ئێمەیە شەوی سەری ساڵی ٢٠١٩ دوای نوێژی عیشا خەوی پیاوکەوت و خۆی لەسەر قەڵای هەولێر بینی، ئیبلیسی لەعین لەسەر شێوەی مرۆڤێك لەبەردەمی بوو، فشەفشی ئەکردو گوایە ئێوە توانای ئێمەتان نیە ئەها سەیرکە ئێمە چەند زۆرین، مامۆستاش سەیری هەولێری کردبوو گشتی ڕەش هەڵگەڕابوو تەنیا مزگەوتەکان نەبێ کە نوورانی بوون، مامۆستاش بەو لەعنەتیەی فەرمووبوو: هەتا ئەو مزگەوتانە مابن ئێوە توانای ئێمەتان نیە.

جا خۆشەویستان بەرزترین نوور بۆ ڕاگیرکردنی دەوڵەت و مافی ڕەوای خەڵك ئەوە دادپەروەری و یەکسانیە، ئینجا ئیمان و باوەڕ، ئینجا کاروکردەوە چاك و پاکەکانە، وە بۆ وێرانکردنی دەوڵەت و تێکچونی ژینگەو کارەساتە نامرۆییەکان و هەژاری و نەداری و گریان و بەڵاکان ئەوە دەرەنجامی خواردنی مافی خەڵك و نادادی و نایەکسانیە لە نێو کۆمەڵگا، بۆیە هیوادارم ئەوانەی کە بەرەو چڵکاوی ئیلحاد ڕێ ئەگرنە بەرو ڕەخنە لە

خوای مەزن ئەگرن نا حەقیەکی گەورەو ستەمێکی زۆر گەورە لە خوای مەزن ئەکەن، چونکە کێشەکە لەودا نیە، ئەو سەیری ئێوە ئەکات و بەپێی حەزو ویستەکانتان کارو کردەوەکانتان بۆ بەدی ئەهێنێ چ چاکە چ خراپە لە ڕێی خەڵق و ئەمرەوە.

جا خۆشەویستان ئەو هالە ڕەش و لیڵەی کە ئیمامی عوسمان لەسەرو چاوی ئەنەسی کوڕی مالیکی بینی، هەمان ئەو هالە ڕەش و تاریکانەن کە ئێمەی مرۆڤەکان ڕۆژانە گوناهو تاوان و خراپەکاری ئەکەین ئیتر بەهۆی ئەو هالە ڕەش و شەپۆلە ڕەشانەوە کاریگەری لەسەر ژینگەو سیستەمی گەندەڵی گەلیش ئەبێ، سەیری گەلانی پێشوو تر بکە گەلی لوط نێربازیان ئەکرد هالەکەیان دروستکراو ژینگە تێکچوو تا سەراو ژێرکران، ئیتر گشت بەسەر هاتەکان هەمووی یەك نیزام و سیستەمە، کە لاتدا ئەوە خوای گەورە بۆت دروست ئەکات بەگوێرەی نیەتت، هیچ نیەتێکیش ناهێنی ئیللا لە ئیرادەی خوادا بوونی هەیە. بیرکەرەوە

دەرەنجامی ئەو لێکۆڵینەوە:

لەگەڵ ئیرادەی چاکی تۆ شەپۆل و هالەی نوورانی ڕێك و پێکت بۆ بەدی ئەهێنێ، سیستەمی ژینگەش لەگەڵی ڕێك و پێك ئەبێ، وە لەگەڵ ئیرادەی پیس و چەپەڵیەکەت شەپۆل و هالەی ڕەش و تاریکت بۆ بەدی ئەهێنێ، کە لە ئەنجامدا کاریگەری دروست ئەکات لەسەر سیستەمی ژینگە بە ئیزنی

خوا، له هەردوو حاڵەتەکەش خوا بەدی ئەهێنێ، بەڵام ئەو سەیر ئەکات کەوا کامە نیەت هەڵئەبژێری تا ئەوت بۆ دروست بکات له ڕێی خەڵق و ئەمرەوە، بۆیه ئەو کورت بینیەی که مولحیدان هەیانبووه بۆ بابەتی ئیمان بەخواو شەڕو چاکه له ئەنجامی حاڵی نەبوونیان بووه، چونکه خوای مەزن هەر له خودی خۆیدا به ئەندازەی گەردیلەیەك زوڵم له هیچ کەسێك ناکات، وه زوڵمیشی لێ ناوەشێتەوه، هیوادارم بەخۆیاندا بچنەوه.

ئامۆژگاریم بۆ گشت دەسەڵاتداران

ئەممان وریابن! عەدالەت و دادپەروەری بەرجەسته بکەن، سوێند بەخوا مێژوو ڕەحمتان پێ ناکات، هالەی ڕەش و نوورانیتان گشتی تۆمار ئەکرێ، بۆیه به خۆتاندا بچنەوه، ڕەنگه ئەمه دوا فرستتان بێ که جڵەوی قەدەرتان بەدەست بێ، ئەگەر عاقڵ و ژیتەڵ نەبن ئەم جاره گشتمان لەناو ئەچین، چونکه گەندەڵی و ستەم زۆر درێژەی کێشا، هیوادارم ئەم لێکۆڵینەوەم ببێته هیدایەتکەرێك بۆ نەفسی سەرکەشی خۆم و ئوممەتی ئیسلام، هەر کەسێکیش لەسەر ئەوبابەته من تەکفیر بکات یان تەبدیع و تەفسیقم بکات ئەوه بابەتەکه له ئاستی ژیری ئەو نەبووه. گەر نموونەکان نەبایه جگه له چینێکی کەم له زانا ڕاسیخەکان ئەوه لەوبابەته هەر تێنەدەگەیشتن.

## سزای گۆڕ

**وعذاب القبر للكافرين ولبعض عصاة المؤمنين، وتنعيم أهل الطاعة في القبر بما يعلمه الله تعالى ويريده، وسؤال منكر ونكير ثابت بالدلائل السمعية.**

بێگومان سزای گۆڕو قۆناغی دوای گۆڕ له بابه‌ته بیسته‌نیه‌كانه، واته: ئه‌و هه‌واڵانه‌ی كه له نه‌قڵه‌وه بۆمان هاتووه، جا سزای گۆڕ بۆ كافره‌كان و مونافیقه‌كان و هه‌ندێ له سه‌رپێچیكاره ئیمانداره‌كانه، وه خۆشگوزه‌رانی و كه‌وتنه نێو خۆشی و نازو نیعه‌متدانیش بۆ ئیمانداره گوێڕایه‌ڵه‌كان له گۆڕداو كه هه‌ر خوا ئه‌زانێ چیان بۆ ئه‌كات و پیان پێ ئه‌به‌خشێ، وه پرسیاره‌كانی نه‌كیرو مونكه‌ریش له گۆڕدا كه پرسیار له ئیماندارو غه‌یره ئیماندار ئه‌كه‌ن كه‌وا خودات كێیه؟ وه پێغه‌مبه‌رت كێیه صلى الله عليه وسلم، وه دینت چیه؟ وه چه‌ندین پرسیاری تریش كه هه‌ر خوا بۆ خۆی ئه‌زانێ، گشت ئه‌مانه‌ش به به‌ڵگه نه‌قلیه‌كان له قورئان و فه‌رمووده جێگیر بووه كه‌وا حه‌قه‌و ڕاسته، هه‌ر كه‌سێكیش لێی لابدات و دووچاری زه‌نده‌قه‌و بیدعه‌ت بووه[٧٩].

---

[٧٩] سه‌باره‌ت به سزای نێو گۆڕو خۆشیه‌كانی به‌نده كتێبێكی سه‌ربه‌خۆی له‌سه‌ر نوسیوه له ژێر ناوی (سزای نێو گۆڕ له میزانی شه‌رع و عه‌قڵدا).

وه سەبارەت بەو کەسانەش کەوا پێغەمبەریان بۆ نەهاتووەو دینیان پێ نەگەیشتووە ئەوە بە ئەهلی فەترە مەشهوورن کەوا ڕای پەسند وایە ئەوانەش ڕزگار ئەبن بە بەڵگەی ئەو ئایەتە: ﴿مَّنِ ٱهۡتَدَىٰ فَإِنَّمَا يَهۡتَدِي لِنَفۡسِهِۦۖ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيۡهَاۚ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٞ وِزۡرَ أُخۡرَىٰۗ وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبۡعَثَ رَسُولٗا ١٥﴾[٨٠]، واتە: هەر کەسێ هیدایەتی خوا قبووڵ بکات قازانجی هیدایەتەکەی هەر بۆ خۆیەتی، وە هەر کەسێکیش گومڕا بێ ئەنجامی گومڕاییەکەی لەسەر خۆیەتی و خۆی زیان ئەکات، هەروەها هیچ گوناهبارێك گوناهی یەکێکی تر هەڵناگرێ و تەنها گوناهی خۆی هەڵئەگرێ. ئێمەش سزای کەس نادەین تا پێغەمبەرێ نەنێرین، کە ناردمان و بەگوێیان نەکرد ئەو کاتە سزامان ئەکەوێتە کار.

---

[٨٠] سورة الإسراء: ١٥

# زیندوو بوونەوە

**والبعث حق، والوزن حق، والكتاب حق، والسؤال حق، والحوض حق، والصراط حق، والجنة حق، والنار حق، وهما مخلوقتان موجودتان باقيتان، لا تفنيان ولا يفنى أهلهما.**

ئیمامی نەسەفی ئەفەرمووێ: زیندووبوونەوەی ڕۆژی دوایی حەقەو گومانی تێدا نیە، وە تەرازووی کێشانی کردەوە چاك و خراپەکانی مرۆڤەکان حەق و ڕاستەو گومانی تێدا نیە، وەرگرتنەوەی دەفتەری کردەوەکانیشمان حەق و ڕاستەو گومانی تێدا نیە، وە پرسیاری ڕۆژی دوایش کە خوای گەورە موحاسەبەی بەندەی خۆی ئەکات حەق و ڕاستە، وە حەوزی کەوسەریش حەق و ڕاستە. وە پردی سیڕاتیش حەق و ڕاستە کە مرۆڤەکانی بەسەریدا تێپەڕ ئەبن، جا یان ئەکەونە نێو دۆزەخەوە یانیش ڕزگاریان ئەبێ بۆ بەهەشت، وە بەهەشت و دۆزەخیش حەقەو دوو جێگەن بۆ ئیمانداران و کافران و مونافیقان دروستکراون، وە ئێستاکەش وجودیان هەیەو هەرگیزیش لەناو ناچن. جا ئیماندارەکان بۆ بەهەشت و دوانەکەی تریش بۆ دۆزەخ ئەبردرێن، وە بە پێی ئیمانداری و کردەوەی چاکی ئیمانداریش ئەگۆڕێ، کەسی وا هەیە سزا دەدرێ لە دۆزەخ ئینجا دەرئەهێنرێ و ئەخرێتە بەهەشت چ بە شەفاعەتی پەیامبەران، وە چ بە شەفاعەتی ئەولیاو شەهیدەکان، وە چ بە فەزڵ و کەرەمی خوای میهرەبان. وە کافرەکان و مونافیقەکانیش بۆ هەتایی

له دۆزەخ ئەمێننەوەو نە ئەتوانن بژین، وە نەدەتوانن بمرن، بەڵکوو لە سزایەکی بە ئێشی هەتاییدا ئەبن خودا پەنامان بدات.

## ڕەفتاری خودا لەگەڵ تاواندا

**والكبيرة لا تخرج العبد المؤمن من الإيمان، ولا تدخله في الكفر.**

وە گوناهە گەورەکان (وەکوو نوێژنەکردن و بەڕۆژوو نەبوون و زەکات نەدان و حەج نەکردن و زیناو لیواتە و مەشرۆب و کوشتن و دزی و ئەزیەتی دایك و باوك و شایەتی بەدرۆو هی تریش مرۆڤ لە ئیمان ناباتە دەرەوە، وە ناشی خاتە نێو بازنەی کوفرەوە، چونکە لای موعتەزیلەکان ئەوە مەشهوورە کەوا گوناهی گەورە لای ئەوان نە کافرە وە نە ئیمانداریشە، بەڵکوو لەو نێوانەدایە. هەر بۆیەش ئیمامی نەسەفی لێرە ئەو باسەی هێنا تاوەکوو خەڵك تەکفیر نەکرێ.

**والله لا يغفر أن يشرك به، ويغفر ما دون ذلك لمن يشاء من الصغائر والكبائر.**

بێگومان خوای گەورە لە شیرك و هاوبەشدانان خۆش نابێ ئەوکەسەی کەوا شیرکی بۆ پەیدا ئەکات و کەسێکی تر لەگەڵ خوادا ئەپەرستێ و بووەتە جێگای ڕازو نیازەکانی و هاواری بۆ ئەبات کە پێی وایە ئەمە خودایەو شایەنی پەرستنی هەیە. وە لە غەیری شیرکیش بەولاوە خوای گەورە لێی ئەبووری لە گوناهە بچووکەکان و گەورەکانەوە بگرە بە ویستی خۆی.

**ويجوز العقاب على الصغيرة، والعفو عن الكبيرة إذا لم تكن عن استحلال، والاستحلال كفر.**

وه دروستیشه خوای گەوره سزای بەندەکەی خۆی بدات لەسەر گوناهی بچووکیش چونکه شایەنی ئەو سزایەیه، وه دروستیشه خوای گەوره له گوناهی گەورەش خۆش ببێ چونکه ئەگەڕێتەوه ویست و حیکمەت و دادی ئیلاهیەتی خۆی، بەڵام بەو مەرجه لێی خۆش ئەبێ که ئەو گوناهه گەورەی پێ حەڵاڵ نەبووبێ هەروەکوو تاقمی بەناو قورئانیەکانی ئەم سەردەمه که ئەڵێن شەراب حەڵاڵەو خودا حەرامی نەکردووەو، ڕۆژوو سونتەو، ڕەجم نیەو، دەست بڕین نیەو، مورتەد ناکوژرێ و، دابەزینی عیسا نیەو، دەججال نیەو، وه چەندین ئەحکامی تر، ئەمانه شەیتانگەلێکی داردەستی کوفری عەلمانیەتی جیهانین که بڵاوەیان پێ کراوه له ناو ئوممەتی ئیسلام، ئەمانه کافرو بێ بڕوان. چونکه حەرامی خوایان حەڵاڵ کردو حەلاڵی خواشیان حەرام کرد. جا هەرکەسێ یەکێ لەم سیفەتانەی تێدا هەبێ که حەلاڵی خوا حەرام بکات و حەرامی خواش حەلاڵ بکات ئەوه کافرو مورتەددە.

خوای گەوره ئەفەرمووێ: ﴿قَـٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلۡحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ

أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ حَتَّىٰ يُعۡطُواْ ٱلۡجِزۡيَةَ عَن يَدٖ وَهُمۡ صَٰغِرُونَ ٢٩﴾[81]، واته: جەنگ بکەن لەگەڵ ئەوانەی کە بڕوا بەخواو بەڕۆژی دوایی ناهێنن و ئەو شتە قەدەغەکراوانە حەڕام ناکەن کە خواو پێغەمبەرەکەی صلى الله عليه وسلم حەڕامیان کردووە، وە ئەوانەش کە ئەهلی کیتابن و دەست بە دینی ئیسلامەوە ناگرن و دینداریێتی بەو دینە ڕاستەوە ناکەن، جا ئەگەر ئەهلی کیتاب دینی ئیسلامیان قەبووڵ نەکرد ئەوکاتە جیزیەو سەرانە ساڵانە بڕێك لەپارە ئەدەن بە دەوڵەتی ئیسلامی، چونکە بەکارو کەسابەتی خۆیان سەرقاڵ بوونەو بەشداریان نەکردووە لە بەرگریکردنی دەوڵەتی ئیسلامی.

عەدی کوڕی حاتەم ڕەزای خوای لێ بێ ئەفەرمووێ: "هاتمە لای پێغەمبەر ـ صلى الله عليه وسلم، وە لە ملیشمدا خاچ و صەلیبی زێڕ هەبوو، (صەلیبیش دروشمی نەصرانیەکانە، عەدیش خۆی نەصرانی بوو)، پاشان هات و بووە موسڵمان، جا پێغەمبەری خوا ـ صلى الله عليه وسلم پێی فەرموو: ئەی عەدی ئەو بتە فڕێدا، واتە: ئەو خاچەی ملت فڕێدا، بتیش ئەوە صەنەمە، وە هەموو شتێکی جەستەکراویش ئەوە بتە، جا لە قوڕ دروستکرابێ یان بەرد یانیش لە دار یان لە ئاسن. وە عەدی گوێی لە سەروەرمان بوو سورەتی بەرائەتی ئەخوێند: ﴿ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ

---

[81] سورة التوبة: ٢٩

أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ﴿٣١﴾[٨٢]، واته: جوولەکەکان زانا ئەحبارەکانی خۆیانیان کردە خوا، وە نەصرانیەکانیش ڕاهیبەکانی خۆیانیان کردە خوداو لە بری خودا ئەوانیان پەرستن، لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە عەدی ئەو پرسیارەی کردووە: خۆ ئەوان زاناکانیان نەدەپەرست، سەروەریشمان فەرمووی: ئەوان کاتێ شتێکیان بۆ حەڵاڵ ئەکردن ئەوانیش شوێنی ئەکەوتن، وە ئەگەر شتێکیشی حەرام کردبانە ئەوانیان لێ قەدەغە ئەکردن، ئیتر بەهۆی ئەو کردەوە ئەوانیان کردە خودا لەبری خوای گەورە، بۆیانیانی حەڵاڵ و حەرام ئەکرد[٨٣].

---

[٨٢] سورة البراءة: ٣١

٨٣ حەسەنە. ترمذی لە (سنن الترمذی)(ژ٣٠٩٥). وە تەبەری لە (تفسیر ـ سورة التوبة). وە تەبەڕانی لە (الکبیر)(ب١٧/ل٩٢/ژ٢١٨). وە بەیهەقی لە (سنن الکبری)(ژ٢٠١٣٧). وە خەتیب لە (الفقیه والمتفقه)(ب٢/ل٦٦). وە سیوتیش ئەو ڕاویەکانەشی زیاکردووەو داویەتە پاڵ ئیبن و سەعدو عەبدو کوڕی حومەیدو ئیبن و لمونژیرو ئیبن و ئەبی حاتەم و ئەبو شەیخ و مەڕدەویهی.(الدرر)(ب٤/ل١٧٤) هەموویان لە ڕێی عبد السلامی کوڕی حەربەوە ئەویش لە غوتەیفی کوڕی ئەعیونەوە ئەویش لە موصعەبی کوڕی سەعدەوە ئەویش لە عەدیەوە گێڕاویانەتەوە. ترمذی ئەفەرمووێ: فەرموودەیەکی حەسەن و غەریبە. ئەلبانیش بەحەسەنی داناوە لە (صحیح الترمذی).

## شەفاعەتكردن لە ڕۆژی دوایی

**والشفاعة ثابتة للرسل والأخيار في حق أهل الكبائر بالمستفيض من الأخبار، وأهل الكبائر من المؤمنين لا يخلدون في النار.**

وە شەفاعەتی پێغەمبەران و پیاوچاكان زاناكان و زاهیدەكان جێگیربووە دەرحەق بە خاوەنی گوناهە گەورەكان، ئەمەش بە پشت بەستن بە قەوڕئان و فەرموودە مەشهوورەكان، وە ئەوانەشی كە خاوەن گوناهی گەورەن لە ئیمانداران بە هەتایی لە دۆزەخدا نامێننەوە بەڵكوو دەرئەهێنرێن. ئەمەش بە پێچەوانەی موعتەزیلەكان چونكە خاوەن گوناهی گەورە لای ئەوان نە كافرە، وە نە ئیمانداریشە، ئیتر لەو نێوانەدایە، هەروەك باسمان كرد خوای گەورە لە بەندەكان ئەبووریٚ بەبیٚ شەفاعەتیش، وە هەركاتیٚ لە ڕۆژی دوایش كەسیٚ شەفاعەتی كرد بێگومان ئەوەش ئەولاترە كە خوای گەورە لێی ببووریٚ لەبەر ڕێزو حورمەتی شەفاعەتكەرەكان لای خوای مەزن، جا لای موعتەزیلەكان ئەگەر ئەوەی یەكەم جائیز نەبیٚ كە لێبوردنی خواییە بێگومان ئەوەیشیان هەر پیٚ دروست نیە.

خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ ﴿١٩﴾﴾[٨٤]، واتە: داوای لێخۆشبوون بۆ گوناهی خۆت و ئیماندارە پیاوو

[٨٤] سورة محمد: ١٩

ئافرەتەكان بكە. وە هەروەها ئەو وتەی خوای گەورەش: ﴿فَمَا تَنفَعُهُمۡ شَفَٰعَةُ ٱلشَّٰفِعِينَ ۝٤٨﴾[85]، واتە: لە پێشدا باسی كافرەكان ئەكات، جا كە ڕۆژی دوایی دادێت تكای تكاكاران سوودی بۆ ئەوانە نابێ. وە هەروەها ئەفەرمووێ: ﴿يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡ وَلَا يَشۡفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرۡتَضَىٰ وَهُم مِّنۡ خَشۡيَتِهِۦ مُشۡفِقُونَ ۝٢٨﴾[86]، واتە: خوای گەورە ئەزانێ چی لە پێشدا چیان كردووەو لە داهاتوشدا چی ئەكەن، وە هەرگیز ناتوانن شەفاعەت بكەن بۆ هیچ كەسێك ئیللا كەسێ ئەتوانێ شەفاعەت بكات كە خوای گەورە لێی ڕازیەو، لە خوای گەورەش ئەترسێ.

وە هەروەها ئەفەرمووێ: ﴿مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦۚ ۝٢٥٥﴾[87]، واتە: كێ هەیە بتوانێ شەفاعەت بكات لە لای ئەو بۆ تاوانبارێ مەگەر بە ئیزنی ئەو نەبێ.

وە هەروەها ئایەتی: (مەقامی مەحموود كە خوای گەورە پێی ئەبەخشێ)[88].

---

[85] سورة المدثر: ٤٨

[86] سورة الأنبياء: ٢٨

[87] سورة البقرة: ٢٥٥

[88] سورة الإسراء: ٧٩

وه سەبارەت بە فەرموودەش ئیمامی تەفتازانی ئەفەرمووێ: "فەرموودەکانی بابی شەفاعەت موتەواتیری مەعنەویە"[٨٩]. فەرموودەی (شەفاعەتی من بۆ گوناهە گەورەکانی ئوممەتی منە)[٩٠]. وە فەرموودە درێژەکەی ڕۆژی دوایی کە خەڵکی ئەچنە لای پێغەمبەران بۆ ئەوەی دەست بە حیساب و کیتاب بکرێ کەچی یەك کەس جورئەتی ئەوە ناکات جگە لە سەروەرمان نەبێ، ئەویش داوا لە خوای گەورە ئەکات[٩١].

وە فەرموودەی پەیامبەران و فریشتەکان و ئیماندارانیش کە شەفاعەت ئەکەن[٩٢].

وە هەروەها فەرموودەی هەندێ کەس شەفاعەتیان لێ وەرناگیرێ[٩٣].

وە زۆری تریش لە فەرموودەکان کە گشتی بەڵگەن لەسەر شەفاعەتکردنی پەیامبەران و فریشتەکان و پیاوچاکان و شەهیدەکان.

---

[٨٩] شرح العقائد النسفية (ل٤٩٥).

[٩٠] ترمذی لە (سنن الترمذی)(ژ١٩٨٣) ڕیوایەتی کردووە.

[٩١] بوخاری لە (صحيح البخاری)(ژ٧٥١٠ ـ ٤٧١٢) لە ئەنەسی کوڕی مالیك ڕیوایەتی کردووە.

[٩٢] بوخاری لە (صحيح البخاری)(ژ٧٤٤٠) لە ئەنەسی کوڕی مالیك ڕیوایەتی کردووە.

[٩٣] موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ٢٥٩٨) لە ئەبو دەردائەوە ڕیوایەتی کردووە.

جا موعتەزیلەکان ئەو دوو ئایەتەیان کردووەتە بەڵگە کەوا هیچ کەسێك ناتوانیێ شەفاعەت بکات: ﴿وَٱتَّقُواْ يَوۡمًا لَّا تَجۡزِى نَفۡسٌ عَن نَّفۡسٖ شَيۡـٔٗا وَلَا يُقۡبَلُ مِنۡهَا شَفَٰعَةٞ وَلَا يُؤۡخَذُ مِنۡهَا عَدۡلٞ وَلَا هُمۡ يُنصَرُونَ ۝٤٨﴾[٩٤]، واتە: خۆتان لە ئازاری ڕۆژی قیامەت بپارێزن کە ڕۆژێکی وەهایە کەس سوودی بۆکەس نیەو فریای ناکەویێ و، کەس تکای لیێ وەرناگیریێ بۆ کەسێکی ترو، کەس فیدیەو برێتی لیێ وەرناگیریێ کە ببێتە هۆی ڕزگاربوونی لەسزاو یارمەتی نادرێن. جا ئەم سەختگیری و ناخۆشیە هەمووی بۆ کافرانە، ئەگەرنا بەئیجماعی ئوممەت شەفاعەت و تکاکردن بۆ ڕزگارکردنی موسڵمانی تاوانبار هەیە"[٩٥]. جا ئەم شەفاعەتە کافرەکان ناگرێتەوە، ڕەمەزان ئەفەندی ئەفەرموویێ: "ئەم ئایەتە لەو کاتە دابەزیوە کەوا یەهودەکان ئەیانگوت: ئێمە لە نەوەی ابراهیم دۆستی خواین سەلامی لەسەر بیێ، جا مانای ئایەتەکە وایە کەوا لەو ڕۆژەدا کەسی ئیماندار ناتوانیێ سوود بەکەسی کافر بگەیەنیێ و شەفاعەتی بۆ بکات، وە ئەو ئایەتەش: ﴿مَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ حَمِيمٖ وَلَا شَفِيعٖ يُطَاعُ ۝١٨﴾[٩٦]، واتە: ستەمکاران نەخزم و کەسێکیان هەیە

[٩٤] سورة البقرة: ٤٨

[٩٥] ئەمە تەفسیری نامیە هی مامۆستا عبد الکریمی مودەڕڕیس کە ئەوزانایە بۆیە لێرە ئاماژەی پیێدا.

[٩٦] سورة غافر: ١٨

بەزەییان پێدا بێتەوەو، وە نەتکاکارێکیشیان هەیە تا تکایان بۆ بکات و بەگوێی تکاکەی بکرێ. جا ستەمکاران خزم و کەسیان نیە ئەم سیاقە نزیکە لە تکاکاری بەگوێکراو قەبوڵکراو نیە واتە: لێیان قەبوڵ ناکرێ و نیەتیان"[97]. ئەمە لەگەڵ کافرەکانە.

وە تەفتازانیش ئەفەرمووێ: "دوای تەسلیم بوونی بەڵگەکانی بەسەر کەسەکان و کاتەکان و ئەحواڵەکان ئەوە پێویستە تایبەت بکرێ بە کافرەکان بەگشتی لە نێوان بەڵگەگاندا، چونکە لەبەرئەوەی بنەڕەتی شەفاعەت جێگیربووە بە بەڵگە یەکلایکەرەوەکان لە قورئان و سوننەت و یەکدەنگی، جا موعتەزیلەکان گوتیان: عەفوویان ئەکات لە گوناهە بچووکەکان بە ڕەهایی، وە لە گوناهە گەورەکانیش دوای تەوبە کردنە، وە شەفاعەتیش بۆ زیاتکردنی ئەجرو پاداشتە. جا هەردووکیان فاسدو خراپن، سەبارەت بەوەی یەکەم: ئەو کەسەی کە گوناهی گچکەی کردووەو خۆی لە تاوانە گەورەکان دوورخستووەتەوە ئەوە شایەنی سزا نیە لای ئەوان واتە لای موعتەزیلەکان، بۆیە لێرەشدا هیچ مانایەك بۆ عەفوو نامێنێتەوە. وە ئەوەی دووەمیش: لەبەرئەوەی دەقەکان بەڵگەن لەسەر شەفاعەتکردن بەمانای داواکردنی لێخۆشبوون دەرحەق بە جینایەت و تاوان"[98].

---

[97] شرح النسفية (ل٤٩٦).

[98] هەمان سەرچاوەی پێشوو: (ل٤٩٧).

## ئیمان

**والإيمان هو التصديق بما جاء به من عند الله تعالى والإقرار به. فأما الأعمال فهي تتزايد في نفسها، والإيمان لا يزيد ولا ينقص.**

ئیمانیش بەڕاستزانینی ئەو دینەیە کە لەلای خوای گەورەوە ڕەوانەکراوە بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی کە دینی ئیسلامەو بڕواکردنە بە پێغەمبەرەکەی کە بەو دینەوە ڕاوانەکراوە، وە بڕوای بە هەموو ئەوشتانەبێ کە پێیان ئەگوترێ زانینی ئەو شتانەی کە لە دیندا واجبەو نابێ کەس لێی بێ ئاگا بێ وەکوو هەر شەش ڕوکنەکانی ئیمان و پێنج ڕوکنەکانی ئیسلام و شتە زەڕوریەکانی دین، جا بەدڵ ئەو بڕوایەت هەبێ و بەزوبانیش دانی پێدا بنێی کە شایەتومان هێنانە، وە کاروکردەکانیش لە خودی خۆیانەوە زیاد ئەبن. وە ئیمانیش نەزیاد ئەکات وە نە کەم ئەکات.

دکتۆر عبد الملك سەعدی ئەفەرمووێ:

١ـ زۆرینەی لێکۆڵەران لەسەر ئەوەن کەوا ئیمان بەڕاستزانینی دڵە بە تەنیا، ئەمما سەبارەت بە دانپێنان بەزمان ئەوە مەرجە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەحکام لە دونیا چونکە تەنیا دەلالەتە لەسەر ئیمانەکەی.

لەمەوە ئەوە دائەمەزرێ: کەسێ بە دڵی ئیمان بهێنێ، وە بە زوبان دانی پێدا نەهێنێ ئەوە ئیماندارە لای خوای گەورە، وە لە ئەحکامی دونیایش

ڕەفتاری کافرانی لەگەڵ ئەکرێ (چونکە بە زاهیر دەری نەخستووە) وە هەرکەسێکیش بە زوبان دانی پێدا بهێنێ، وە بەدڵیش بڕوای پێ نەبێ ئەوە کافرە لای خوای گەورەو لە ئەحکامی دونیایشدا حوکمی موسڵمانێتی بۆ دەدرێ ـ ئەوە پێی دەگوترێ مونافیق و دووڕوو.

٢ـ هەندێ لە زاناکانیش بۆ ئەوە چوونە کەوا ئیمان بەڕاستزانینی دڵە. وە دانپێدانانیش بەزوبان ئەوەش بۆچوونی زۆرینەی لێکۆڵەرەکانە هەروەکوو فخر الإسلام بەزدەوی و ئیمامی سەرخەسی و ئیمامی ئەشعەری هەڵیان بژاردووەو کە هەر ئەمەش حەقە (واتە: بەدڵ بەڕاستی بزانی و بە زوبانیش دانی پێدا بنێیت).

٣ـ زاناکانی تریش بۆ ئەوەچوونە کەوا بەڕاستزانینی دڵەو دانپێدانانە بەزوبان و کارکردنیشە بە ئەرکانەکان. (واتە: لای ئەو زانایانەش ئیمان دڵ و زوبان و کردەوەیە). جا ئەمانە ڕاجیایان تێکەوت:

موعتەزیلەو خەواریجەکان گوتیان: کردەوەکان ڕوکنێکی سەرەکیە لە ئیماندا، لەبەرئەوەی لای ئەوان ئەگەر واز لە ڕوکنێك لە ڕوکنەکانی ئیسلام هێنرا یاخود گوناهێکی گەورەی کردن ئەوە کافرە یان ئیماندار نیە.

ئەمما زۆرینەی موتەکەللیمین و فەرموودەناسان و شەڕعزانان لەسەر ئەوەن هەتا لە شافیعیشەوە نەقلٚ کراوە: ئەمانە وا ئیعتیباریان بۆ کردەوەکان

کردووه کەوا کردەوەکان ڕوکنێکە بۆ ئیمانێکی کامڵ، نەك ئەصڵ و بنەڕەتی ئیمان بێ، جا لەسەر ئەمە کەسێ وازی لە کردەوە هێنا ئەوە ئیمانەکەی ناقصە، وە کەسێکیش کردەوەکەی کرد ئەوە ئیمانەکەی کامڵە.

خاوەن بۆچوونەکانی یەکەم بەڵگەیان بەوانە هێناوەتەوە:

١ـ بەو وتەیەی خوای گەورە: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ ٱلۡإِيمَٰنَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٖ مِّنۡهُۖ ﴿٢٢﴾﴾[99]، واتە: ئەمانە کەسانێکن خوای گەورە ئیمان بە خۆی و پێغەمبەرەکەی لە ناو دڵیاندا نوسیوەو بە ڕووحی خۆی پشتی گرتوون کە ڕووناکی ئەو باوەڕەیە خستوویەتیە دڵیانەوە. جا ئەمە بەڵگەیە کە ئیمان شوێنەکەی دڵە.

٢ـ بەو وتەیەش: ﴿إِلَّا مَنۡ أُكۡرِهَ وَقَلۡبُهُۥ مُطۡمَئِنُّۢ بِٱلۡإِيمَٰنِ ﴿١٠٦﴾﴾[100]، واتە: مەگەر یەکێ زۆری لێ بکرێ لەسەر کەلیمەی کوفرو دڵیشی لەسەر ئیمان دامەزرابێ. جا ئەگەر بێت و دانپێدانان ڕوکنێکبایە لە ئیمان ئەوە کەسی زۆر لێکراو کە بەزوبانی کردووە ئەوە کافر ئەبوو باسی نەئەکرا (کە دڵی ئیمانی تێدایە).

[99] سورة المجادلة: ٢٢

[100] سورة النحل: ١٠٦

٣ـ بەو وتەیەش: ﴿۞ قَالَتِ ٱلۡأَعۡرَابُ ءَامَنَّاۖ قُل لَّمۡ تُؤۡمِنُواْ وَلَٰكِن قُولُوٓاْ أَسۡلَمۡنَا وَلَمَّا يَدۡخُلِ ٱلۡإِيمَٰنُ فِي قُلُوبِكُمۡۖ ﴿١٤﴾﴾[١٠١]، واتە: عەرەبە دەشتەکیەکان گوتیان: ئیمانمان هێنا، تۆش پێیان بڵێ: ئیمانتان نەهێناوە، چونکە ئیمان باوەڕی دڵە، بەڵام پێیان بڵێ: بەدەم موسڵمان بووین و، باوەڕ هێشتان نەچۆتە ناو دڵتانەوە.

٤ـ وە ئەو وتەیەی پێغەمبەری خواش ـ صلی الله علیه وسلم، کە ئەیفەرموو: (**يَا مُقَلِّبَ القُلُوبِ ثَبِّتْ قَلْبِي عَلَى دِينِكَ**)[١٠٢]، واتە: ئەی ئەوەی کە دڵەکان وەرگێڕو ئەو لاو ئەولای پێ ئەکەی دڵەکەم لەسەر دینەکەت جێگیر بکە.

٥ـ وە پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم، ئینکاری ئوسامەی کوڕی زەیدی کرد کاتێ کە لە غەزا کەسێکی کوشت لە کاتێکدا گوتوبوی: لا اله الا الله، وا گومانی بردبوو کەوا لە ترسان ئەو شایەتیەی هێناوە هەتا نەیکوژێ، کەچی سەروەرمان پێی فەرموو: (ئایە دڵت شەقق کردبوو تا بزانی لە ترسانە، ئەی ئوسامە چی ئەکەی لە ڕۆژی دوایی ئەویش بە لا اله الا الله

---

[١٠١] سورة الحجرات: ١٤

[١٠٢] ترمذی ڕیوایەتی کردووەو ئەڵێ: فەرموودەیەکی حەسەنە، بڕوانە: (ریاض الصالحین)(ل٥٢٧).

بێتن، جا ئوسامە فەرمووی: خۆزگە تا ئەوکاتە موسڵمان نەبامایە چونکە زۆر عیتابی لەسەر گرتم)[١٠٣].

خاوەن بۆچوونەکانی دووەم بەڵگەیان بەمانە هێناوەتەوە:

پێغەمبەرو هاوەڵان ئیسلامەتی هیچ کەسێکیان قەبوڵ نەبووە مادەم بە زوبان دانی پێدا نەهێنابێ، وە شایەتوومانیشی نەگوتوبێ، با بەدڵیش ئیمانی بەوانە هەبێ.

جا ئەکرێ وەڵامی ئەمانە بەو جۆرە بدرێتەوە:

خاوەن بۆچوونانی یەکەم دانپێدانان بە مەرج دائەنێن بۆ جێ بەجێ کردنی ئەحکامە دونیاییەکان بەتەنیا نەك لەبەر دروستیەتی بەڕاستدانان کە لە نێوان خۆی و خوادایە.

وە خاوەن بۆچوونی سێیەمیش بەڵگە بەوە ئەهێننەوە:

سەبارەت بە موعنەزیلەو خەواریج باسکرا کەوا ئەوان دەستیان بە دەقانێك گرتووە لەسەر نەمری و هەمیشەیەتی ئەو کەسەی کە گوناهێکی گەورە ئەکات لە نێو ئاگردا یاخود لەسەر کوفرەکەی، ئەمەش ڕەددانەوەکانیان باسیان لێوە کرا.

---

[١٠٣] بڕوانە: (صحيح المسلم)(١/٦٧).

ئەمما زۆرینەی موتەکەللیمین و فەرموودەناسان بەڵگەیان بەوە هێناوەتەوە کەوا کردەوەکان کاریگەری هەیە لە زیادکردنی ئیمان و کەم کردنی، ئەمەش تەنیا لەبەرئەوەیە کەوا ڕوکنێکە بۆ کامڵکردنی ئیمان نەك ئیمانەکە وجوودی نەبێ، هەروەکوو لە مەودوا بەڵگەکان ئەهێنین کە دەلالەت لەسەر ئەوە ئەکەن.

ئایا ئیمان زیادو کەم ئەکات؟

بۆچوونی یەکەم: ئیمان زیادو کەم ئەکات، ئەمەش بۆچوونی ئەو کەسانەیە کەوا کردەوەکان بە ڕوکنی کامڵکردنی ئیمان ئەزانن نەك مەرج بێ بۆ ئیمان.

بەڵگەشیان ئەمانەیە:

١ـ وتەی خوای گەورە: ﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فَزَادَتۡهُمۡ إِيمَٰنٗا وَهُمۡ يَسۡتَبۡشِرُونَ ١٢٤﴾[١٠٤]، واتە: بەڵام ئەوانەی کە ئیمانیان هێناوە کاتێ کە سوورەتێ قورئان یاخود ئایەتێك دائەبەزێ زیاتر ئیمانیان زیاترو کامڵتر ئەبێ و شادومان ئەبن و لە نێو خۆیاندا موژدە بەیەکتری ئەدەن.

---

[١٠٤] سورة التوبة: ١٢٤

٢ـ بەو وتەیەش: ﴿إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتۡ قُلُوبُهُمۡ وَإِذَا تُلِيَتۡ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتُهُۥ ﴿٢﴾﴾[١٠٥]، واته: بێگومان خاوەن ئیمانی ڕاستەقینە ئەوانەن کە ناوی خودا ببرێ دڵیان ئەترسێ و، ئەگەر ئایەتیان بەسەردا بخوێنرێتەوە باوەڕیان بە خوداو پێغەمبەر زیاتر ئەبێ.

٣ـ بەو وتەیەش کە حەزرەتی ئیبراهیم داوای لەخوای گەورە کرد کەوا چۆنیەتی زیندووکردنەوەی مردووی پێ نیشان بدات، ئەویش فەرمووی: بۆ بڕوات بەمردوو زیندووکردنەوە نیە؟ حەزرەتی ئیبراهیمیش فەرمووی: ﴿بَلَىٰ وَلَٰكِن لِّيَطۡمَئِنَّ قَلۡبِي ﴿٢٦٠﴾﴾[١٠٦]، واته: بەڵێ ئیمانم پێ هەیە بەڵام حەز ئەکەم دڵنیا بم و دڵم ئاو بخواتەوەو ئارام بگرێ[١٠٧]. جا دڵ ئەوە زیادکردنی ئیمان و بیروباوەڕە.

---

[١٠٥] : سورة الأنفال: ٢

[١٠٦] سورة البقرة: ٢٦٠

[١٠٧] بەحسێکی درێژم نوسیوە لەسەر نەزەڕیەی مەعریفەت لە کتێبی (زانستی کەلام و جێ دەستی مەنهەجێتیەکەی لە فیکری ئیسلامیدا). کە باسی دوو جۆر ئیستیدلال ئەکات نەزەڕی و عەمەلی بۆ گەیشتن بە مەعریفەت، جا حەزرەتی ئیبراهیم بڕوای بە زیندووبوونەوەی مردوو هەبوو بە ئیستیدلالی نەزەڕی، ئەوەبوو خودای گەورە بۆی کردە ئیستیدلالێکی عەمەلی کە مردووزیندووکردنەوەی بە عەمەلی نیشاندا. ئەو کتێبەمان بخوێننەوە زۆر سوودی لێ وەردەگرن بۆ فراوانکردنی ئاسۆکانی فیکرو مێشك.

٤ـ بەو وتەیەش: لێرەدا جیاوازی لە نێوان ئیمانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەگەڵ ئیمانی تاکەکانی ئەو ئوممەتە هەیە، بە بەڵگەی (ئەگەر بێت و ئیمانی ئەبو بەکر تەرازوو بکرێ لەگەڵ ئیمانی ئوممەت ئەوە ئیمانی ئەبو بەکر گرانترە)[١٠٨]

بۆچوونی دووەم:

ئیمان زیادو کەم ناکات، ئەمەش وتەی ئەو کەسانەیە کە کردەوەیان لە زمنی ئیمان دانەناوە، هەروەکوو گوتویانە: بەڕاستدانانی دڵ ئەگەر بگاتە حەددی دانپێدانان و ملکەچی نواندن ئەوە زیادو کەمێتی تێدا نیە.

بەڵگەشیان بەوانە هێناوەتەوە:

١ـ بێگومان خوای گەورە دانی بە ئیمانی ئەو کەسانە ناوە لە زۆرێك لە ئایەتەکان ئەوانەی کەوا سەرپێچی ئەکەن، ئەمەش بەڵگەیە کەوا کردەوەکان کاریگەری نیە لەسەر ئیمان.

٢ـ بێگومان خوای گەورە عەتفی کردەوەی کردووە بەسەر ئیماندا، جا عەتفیش بەڵگەی پێچەوانەیەتی وەکوو وتەی خوای گەورە: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ

---

[١٠٨] ئیسحاقی کوڕی ڕاهەوەیهی و بەیهەقی لە (شعب) بە سەنەدێکی صەحیح لە عومەرەوە ڕیوایەتیان کردووە/ بڕوانە: (کتاب تمیز فیا یدور علی ألسنة الناس من الحدیث)(ل١٣٤).

وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ﴿١٠٧﴾[109]، واتە: بەڕاستی ئەوانەی کە ئیمانیان هێناوەو کردەوەی چاکیان کردووە. جا لەسەر ئەمە کردەوە چاکەکان ناچێتە ناو ئیمان، وە کاریگەری زیادو کەمی لەسەر نابێ.

٣ـ ئیمانی داناوە بۆ مەرجی قەبوڵبوونی کردەوە لە وتەی خوای گەورەدا: ﴿وَمَن يَعْمَلْ مِنَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ ﴿١٢٤﴾﴾[110]، واتە: هەر کەسێ کردەوەیەکی چاك بکات پیاو بێ یان ئافرەت بەو مەرجەی خاوەن ئیمان بێ. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا کردەوە غەیری ئیمانە چونکە بە مەرجدانراو ناچێتە نێو مەرجەوە.

وە وەڵامی ئەوە دراوە لەو بەڵگانەی کە ڕابورد لەسەر زیادبوونی ئیمان ئەوە مەبەست بەو زیادەیە بەروبووم و درەوشاوەیی نووری دڵی ئەو کەسەیە کە خۆی پێ وەصفدار کردووە، چونکە بەهۆی خواپەرستیەوە زیاد ئەبێ، وە سەرپێچی و تاوانیش کەم ئەبێ، جا دکتۆر عبد الملك پێی وایە کەوا ئیمان بەهێز ئەبێ بەئەندازەی دەرکەوتنی نیشانەو ئایەتە مەزنەکانی پەروەردگاری بۆی، وە لەوەش کە لە شتە عەجایبەکانی بوونەوەرانی ئەیبینێ و بیر لە بەدیهێنانیانی ئەکاتەوە، وە ڕوودانی هەندێ شت کە مرۆڤ پەی بە ڕوودانی ناکات، وە هەروەها بە ئەندازەی دوورکەوتنەوەی موسڵمان لەوانە ئەوە

---

[109] سورة الكهف: ١٠٧

[110] سورة النساء: ١٢٤

ئیمانەکە زەعیف، پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ئەفەرمووێ: (ئیمان دروست ئەبێ لە ناو هەناوتان هەروەکوو چۆن جل و بەرگ دروست ئەبن، بۆیە داوا لە خوا بکەن ئیمانتان نوێ بکاتەوە لە دڵەکانتان).[١١١] ك.ه

شێخمان دکتۆر سەعید فوودە ئەفەرمووێ: "جا لێرەدا ئیمامی محمد ڕەحمەتی خوای لێ بێ فەرموویەتی لە (الخلاصة) سەبارەت بەو بابەتە: پێم ناخۆشە بگوترێ ئیمانی من وەکوو ئیمانی جوبڕائیلە سەلامی خوای لەسەر بێ، بەڵام بابڵێتن: ئیمانم بەوە هێنا کە جوبریل ئیمانی پێ هێناوە سەلامی لەسەر بێ. وتەکەی ئیمامی محمد کۆتایی هات

لەبەرئەوەی ئەوەی یەکەم وەهم ئەکات کەوا ئیمانەکەی وەکوو ئیمانی جوبریل بێ سەلامی لەسەر بێ لە هەموو ڕوویەکەوە، ئەمەش وانیە، لەبەرئەوەی جیاوازی هەیە لەنێوانیان لەوێدا.

---

[١١١] تەبەڕانی لە عومەری کوڕی خەتتابەوە ڕیوایەتی کردووە. هەیثەمی ئەفەرمووێ: "سەنەدەکەی حەسەنە"، وە حاکمیش لە عبد الله کوڕی عەمری عاصەوە ڕیوایەتی کردووەو ئەفەرمووێ: ڕاویەکانی متمانە پێکراون، وە زەهەبیش موافیقە لەسەری. وە حافیزی عێڕاقیش لە (أمالية) ئەفەرمووێ: فەرموودەیەکی حەسەنە لە ڕێگای ئەو". ئەمە قسەکانی موونناویە، وە سیوطیش بە حەسەنی داناوە. بڕوانە: (فيض القدير)(ب٢/ل٤١٠/ژ١٩٥٧). وە (شرح النسفية للدكتور عبد الملك سعدي)(ل١٦١).

ئیمامی ئەعزەم ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە کتێبی (الوصیة) فەرموویەتی: "ئیمان زیادو کەم ناکات، لەبەرئەوەی تەصەوری زیادەی ئیمان ناکرێ ئیللا بە کەمی کوفر نەبێ، وە تەصەوری کەمی ئیمانیش ناکرێ ئیللا بە زیادەی کوفر نەبێ، ئەمەش چۆن دروستە کەسێك لە یەك حاڵەتدا ئیماندارو کافر بێ، ئیماندار ئیمانداری ڕاستەقینەیە، وە لە ئیمانی ئیمانداردا شەك و گومان نیە، هەروەکوو چۆنیش لە کوفری کافردا شەك و گومان نیە، لەبەر وتەی خوای گەورە ﴿أُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ حَقّٗاۚ ٤﴾[112]، بەڕاستی ئەمانە ئیمانداری ڕاستەقینەن. واتە لە شوێنی ﴿أُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ حَقّٗاۚ ١٥١﴾[113]، بەڕاستی ئەمانە کاری ڕاستەقینەن. واتە: لە شوێنێکی تردایە، وە سەرپێچیکارانیش لە ئوممەتی محمدی صلی الله علیه وسلم هەموویان ئیمانداری ڕاستەقینەن، کەسیان کافر نین، واتە: ڕاستەقینە"[114].

جا ئیمامی ئەعزەم ڕەحمەتی خوای لێ بێ ئاماژەی بەو قسەیە کردووە کەوا سەرپێچی و تاوان نەفی ئیمان ناکات، هەروەکوو ئەوەش مەزهەبی ئەهلی سوننەو جەماعەیە، بەپێچەوانەی خەواریج و موعتەزیلە چونکە لای ئەمانە کۆ نابنەوە، وە ئێمەش ئەو حاڵەتە هەڵئەگرینە سەر مەقامی

---

[112] سورة الأنفال: ٤

[113] سورة النساء: ١٥١

[114] شرح ملا علی القاري علی الفقه الأكبر)(ل١٢٦).

کەمال، چونکە نەفی کردنی سەرپێچی کردن بە گشتی لە ئیمانداردا وەکوو مەحاڵێك وایە، وە ئەو وتەیەی خوای گەورەش کە فەرموویەتی: ﴿إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتۡ قُلُوبُهُمۡ وَإِذَا تُلِيَتۡ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتُهُۥ زَادَتۡهُمۡ إِيمَٰنًا ۝٢﴾[115]، بێگومان ئیماندارەکان ئەوانەن کاتێ یادی خوا بکرێت ئەوان دڵەکانیان ترس و لەرز ئەیانگرێ لە هەیبەت و سام و سزای خوای گەورەو شەرم و حەیا ئەیانگرێ، وە هەر کاتێکیش ئایەتەکانی خوای گەورەیان بەسەردا بخوێندرێتەوە ئەوە ئیمانیان زیاد ئەکات. ئەمەش مانای وایە: بە یەقینی، یاخود تەئویل ئەکرێ بەوەی کە مەبەستی پێی: زیادبوونی ئیمانە بەزیادبوونی ئەو شتەی کە ئیمانت پێی هەیە کە قورئانە.

وە سەبارەت بەو وتەیەی پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم کاتێ کە پرسیاری لێ کرا دەربارەی ئیمان زیادو کەم ئەکات یاننا: ئەویش فەرمووی: (بەڵێ زیاد ئەکات هەتاوەکوو خاوەنەکەی ئەخاتە نێو بەهەشتەوە، وە کەمیش ئەبێ هەتا خاوەنەکەی ئەخاتە نێو ئاگرەوە). جا مانای وایە: ئیمان زیاد ئەبێ بە ئیعتیباری کردەوە چاکەکانی هەتاوەکوو ئەیخاتە نێو بەهەشتەوە بە چوونێکی یەکەمجاری، وە کەمیش ئەکات بە کردنی کاروکردەوەی خراپ هەتا خاوەنەکەی ئەخاتە نێو ئاگرەوە بە چوونێکی یەکەمجاری، پاشان ئەخرێتە نێو بەهەشتەوە هەروەکوو داخوازی مەزهەبی

---

[115] سورة الأنفال: ٢

ئەهلی سوننەو جەماعەیە لەسەر ئەمەیە کەوا بەڕاستزانین لە چۆنیەتیەکانی نەفسیە بۆ مرۆڤـ، کە قەبوولّی زیادەو کەمی ئەکات بە ئیعتیباری بەهێزی و بێ هێزیەوە لە پلەکانی دڵنیایی و یەقینیدا، پاشان گوێڕایەڵی و خواپەرستی بەروبوومی ئیمانە، وە دەرەنجامی یەقینە، وە دڵیش نوورانی ئەبێ بە نووری عیرفان، بە پێچەوانەی سەرپێچیەوە، چونکە دڵ ڕەش ئەکات، وە خۆشەویستی خواش کەم ئەکات، وە ڕەنگە بەردەوامێتی سەرپێچی کردن سەربکێشێ و بیبات بۆ تاریکایەکانی کوفر، چونکە تاوانی بچووك سەرئەکێشێ بۆ تاوانی گەورە، وە گەورەش بۆ کوفر، لە خوای گەورە داواکارین بێ بەڵامان بکات و کۆتایمان چاك بێت"[116].

ئەمە پوختەی ڕاجیایی و لێکۆڵینەوە بوو لەو بابەتەو ئەوەیشی پەیوەندی بەوەوە هەیە.

شێخمان دکتۆر سەعید فوودە دووبارە لە ئەمیری ئیمانداران ئیبن و حەجەری عەسقەلانی شێخمانەوە نەقڵی کردووە دوای ئەوەی کەوا ئاماژەی بە پووچی مەزهەبی کەڕڕامیە کردووە کە گوتوویانە: ئیمان بەتەنیا قەول و وتەیە، ئینجا ئەفەرمووێ: "وتەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم، (من لە هەمووتان زاناترم بەخوا) دیارە کەوا هەبوونی زانست بەخوای گەورە

[116] ئەم شەرحانەی لە ئیبن و حەجەری عەسقەلانیەوە نەقڵ کردووە: بڕوانە: (فتح الباری)(ب١/ل٧٠).

به پلەیە، وە هەندێ خەڵك گەورەترن لە هەندێکی تریان، وە پێغەمبەری خواش صلی الله علیه وسلم لەوەدا لە بەرزترینی پلەکانە، وە هەبوونی زانستیش بەخوا دەستاودەست ئەکات بەهۆی سیفاتەکان و ئەحکامەکانیەوە، وە ئەوەیشی کە پەیوەندی بەوەوە هەیە، جا ئەوە بەڕاستی ئیمانە"، وە هەروەها لە بابەتی زیادەو کەمیەکەش فەرموویەتی: "وە سەبارەت بە مەقامی دووەم (واتە: زیادوکەمی ئیمان) ئەوە سەلەفی صالح بۆ ئەوەچوونە کەوا ئیمان زیادو کەم ئەکات، وە زۆرترینی موتەکەللیمینەکان ئینکاری ئەوەیان کردووە، وە گوتویانە: وادیارە هەتا پێش ئەو زیادەیە شەك و گومان هەبووە.

شێخ محی الدین فەرموویەتی: "وە ڕای پەسندترو هەڵبژێردراوە ئەوەیە: کەوا بەڕاستزانین زیادو کەم ئەکات بە هۆی زۆری تێڕامان و ڕوونی بەڵگە، هەر بۆیەش ئیمانی ئەبو بەکری صددیق بەهێزتر بووە لە ئیمانی غەیری خۆی، بەجۆرێ کە هیچ شوبهەیەکی تووش نابێ".

وە پشتیوانیشی ئەکات: بەوەی کەوا هەموو کەسێك ئەزانێ ئەوەی کە لە دڵیایەتی بەرز ئەبێتەوەو گەورە ئەبێ هەتا لە هەندێ کاتدا وای لێ دێ ئیمان گەورەترین یەقین و ئیخلاص و تەوەککولی دەبێ لە هەندێکیاندا، بەهەمان شێوەش بەڕاستزانین و مەعریفەت بەگوێرەی دەرکەوتنی بەڵگەکان زۆرێتی ئەو مەعریفەو بەڵگەکانیانە.

وە لە محمدی کوڕی نەصری مەڕوەزی لە کتێبەکەی خۆی (تعظيم قدر الصلاة) لە کۆمەڵێك لە پێشەواکان و وێنەی ئەوانیش نەقڵکراوە، وە ئەوەیشی کە لە سەلەفەوە نەقڵکراوە کە عبد الرزاق لە (مصنف)ـەکەی خۆی لێدوانی لەسەر ئەمە داوە لە سوفیانی سەوری و مالیکی کوڕی ئەنەس و ئەوزاعی و ئیبن و جوڕەیج و موعەممەرو غەیری ئەوانیش، وە شەڕعزانەکانی شارەکان لە سەردەمی خۆیان.

وە بە هەمان شێوە ئەبو قاسمی لالەکائی لە کتێبەکەی خۆی (السنة) نەقڵی کردووە لە ئیمامی شافیعی و ئەحمەدی کوڕی حەنبەڵ و ئیسحاقی کوڕی ڕاهەوەیهو ئەبو عوبەیدو غەیری ئەوانیش لە پێشەواکان.

وە بە سەنەدێکی صەحیح لە بوخاریەوە گێڕاویەتیەوە کەوا بوخاری فەرموویەتی: "بە خزمەت زیاتر لە هەزار زاناکانی شارەکان گەیشتم، هیچ یەکیکیانم نەبینی ڕاجیایان هەبێ لەوەی کەوا ئیمان: قەول و کردەوەیە، زیادو کەم ئەبێ.

وە ئیبن و ئەبی حاتەم و لالەکائی زیاتر درێژەیان پێداوە لە نەقڵکردنی ئەو بابەتە بە سەنەدانێك لە کۆمەڵێکی زۆر لە هاوەڵان و تابیعیەکان، بەوەی کەوا یەکدەنگی لە هاوەڵان و تابیعیەکانەوە بەسەر ئەوبابەتەدا ئەسووڕێتەوە، وە فوزەیلی کوڕی عیازیش گێڕاویەتیەوە، وە وەکیعیش لە ئەهلی سوننەو جەماعەوە.

وە حاكمیش لە (مناقب الشافعی) ئەفەرمووی: "ئەبو عەباسی ئەصەم بۆی گێڕاینەوەو فەرمووی: گوێم لە شافیعی بووە کە ئەیفەرموو: ئیمان وتەو کردەوەیە، زیادو کەمیش ئەکات.

وە ئەبو نوعەیمیش لە پێناسەی شافیعیەوە لە (الحلیة) گێڕاویەتیەوە لە ڕێگایەکی ترەوە لە ڕەبیعی، وە زیادیشی کردووە، زیاد ئەبێ بە گوێڕایەڵی، وە کەمیش ئەبێ بە سەرپێچی کردن، ئینجا ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وَيَزۡدَادَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِيمَٰنٗا ۙ ﴿٣١﴾﴾[117] ئەوانەی کەوا باوەڕیان هێناوە ئیمانیان زیاد ئەکات.

ئینجا بە چەند ئایەتانێکی قوڕئان بەڵگەی هێناوەتەوە کەوا صەریحە لەسەر زیادبوون، وە بە سەلماندنیشی بەرامبەرەکەی ئەسەلمێ (کە کەمێتیە)، چونکە بەرامبەر هەموو زیادبوونێك قابیلە بۆ کەمێتی ئەمەش بە زەڕوڕەت.

ئەو وتەشی (خۆشەویستی لە پێناو خوا، وە ڕقلێبوونەوەش لە پێناو خوا لە ئیمانەوەیە) ئەوە لەفزی فەرموودەیەکە کە ئەبو داود گێڕاویەتیەوە لە ئەبو ئومامەوە، وە لە فەرموودەی ئەبو زەڕەوە، وە لەفزەکەشی: (**أفضل الأعمال الحب في الله والبغض في الله**)، واتە: باشترین کردەوەیەك

[117] سورة المدثر: ٣١

خۆشەویستیە لە پێناو خوای گەورەو ڕق لێبوونەوەشە هەر لە پێناو ئەو. وە لەفزی ئەبو ئومامەش: (**من أحب لله وأبغض لله وأعطى لله ومنع لله فقد استكمل الإيمان**) واتە: هەرکەسێ لەبەرخوا خۆشی بووێ و هەر لەبەر ئەویش ڕقی لێ ببێتەوە، وە لەبەرئەویش نەفسی خۆی بداتە خوای گەورەو ماڵ و سامان ببەخشی، وە لەبەرئەویش نەفس و ئارەزووی خۆی مەنع بکات لە گوناهو تاوان و ماڵ و سامانەکەی لە حەڕام قەدەغە بکات، ئەوە بەڕاستی ئیمانەکەی کامڵ بووە). وە ئەحمەدیش زیادی کردووە: (ونصح لله) واتە: ئامۆژگاری خەڵکیش بکات لەبەر ئەو. وە لە ریوایەتێکی تردا ئەوەشی زیاد کردووە: (ويعمل لسانه فى ذكر الله) واتە: وە زمانیشی بەکاردێنێ لە زیکرو یادی خوای گەورە. وە هەر لە ڕێی ئەوەوە لە عەمری کوڕی جەموحەوە بەو لەفزە هاتوو: (**لا يجد العبد صريح الإيمان حتي يحب لله ويبغض لله**) واتە: بەندە ناگاتە پلەی صەڕیح و کەماڵێتی ئیمان هەتاوەکوو لە پێناو خوا خۆشی بووێ، وە هەر لە پێناو ئەویش ڕقی لێ ببێتەوە. وە لەفزی بەززاریش بەرزی کردووەتەوە: (**أوثق عرى الإيمان الحب في الله والبغض في الله**)، جا حافیزی ئیبن و حەجەر بەڵگەی بەوانەوە هێنایەوە کەوا ئیمان زیادو کەم ئەبێ، چونکە خۆشەویستی و ڕق لێ بوونەوە جیاوازن"[118].

---

[118] بروانة: (فتح الباري)(ب١/ل٤٧). (شرح الطحاوي للعلامة المتكلم دكتور سعيد

جا شێخ سەعید لە کۆتاییەکەی ئەفەرمووێ: "ئەم وتەیە لەوپەڕی سوودو ئیفادەدایە، کە ڕێگاکانی ئەشێیەتی زیادبوونی ئیمان کەم بوونەکەی ڕوون ئەکاتەوە، وە پوختەکەشی ئەوەیە: کەوا بەڕاستزانین زیاد ئەکات بە وەصفی دووەم لە بابی یەقینەوە کە قابیلە بۆ جیاوازی تووش بوون، لەسەر بەڕاستزانینی جێگیر، وە زیادیش ئەکات بە زیادبوونی کردەوەکان، ئەمەش بە بینا کردن لەسەر ئەو وتەیەی کەوا لە ئیماندایە"[119].

بەندەش مەلا ڕەزوان ئەڵێم:

مەفهوومی موخالەفە لەو فەرموودانەی سەرەوە ئەوە دەرئەخات کەوا ئەگەر ئیمان بەو کردەوانەی سەرەوە کامڵ بێ ئەوە بە نەبوونیشیان ناکامڵ و زەعیف دەبێ نەك نەفی هەبوونی ئیمانەکە بکرێ، بەڵکوو ئیمانێکی زەعیفی هەیە، جا بەهۆی کردەوەکانەوە ئیمانەکەی زیاتر ئەبێ، جا بە عیلمی یەقین بەڵگەیەکی نەزەڕیەو ئیمانێکی یەقینی هەیە، ئەمما بە ئیستیدلالی عەمەلی کە عەینی یەقینە ڕوتبەکەی گەورەترە لە نەزەڕیەکە، وەکوو نموونەی هەبوونی بەغدا لە لایەن خەڵکانێکەوە وە شایەتیدانیان و هەواڵدانیان بۆ کەسانێك کە نەیان بینیوە، ئەوان بە ئیستیدلالی نەزەڕی بڕوا بەڕاستگۆیەتی ئەو خەڵکە ئەکەن لەسەر وجودی بەغدا کە شارێکە هەیە،

---

فودة)(ب٢/ل٩٧٤ـ ٩٧٩).

[119] بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

وە ئەوانەش کە بەغدایان بینیوە ئیستیدلالێکی عەمەلیە، جا هەردووکیان وجودی بەغدا بەڕاست دائەنێن، بەس ئەوەی کە نەیبینیوە ئاستی یەقینەکەی لەسەر بەڕاستزانینەکەی وەکوو ئەو کەسە نیە کە بەچاوی سەر بەغدای بینیوە. وە هەندێ لە زاناکانیش کە وتوویانە ئەصڵی بەڕاستزانین نەزیاد ئەکات وە نەکەم ئەمانە مەبەستیان لە خودی بەڕاست زانینی ئەرکانەکانی ئیمان و ئیسلام و دینە لە ڕووی ژمارەییەوە، جا هەموو خەڵك لەو بەڕاستزانینە یەکسانن چۆن؟ بۆ نموونە بڕوا بەخواو فریشتەو کتێبەکان و پەیامبەران و قەزاو قەدەرو دوارۆژ، وە شایەتومان و نوێژو ڕۆژوو حەج و زەکات و دینی ئیسلام و قورئان و سوننەت، ئەمانە وەکوو ژمارە لە بەڕاستزانینیان یەکسانن گشت خەڵکی، چونکە لێی کەم بکرێ کافربوونە، وە زیادبوونیش نیە چونکە دین ئەوەندەی باسکردووە، جا وەکوو ژمارە هەموو موسڵمانان لە بەڕاستزانینەکە یەکسانن نە زیاد ئەکات وە نە کەم، جا ئەکرێ مەبەستی ئیمامی ئەعزەمیش هەر ئەوە بووبێ کە هەندێ خەڵك بەهەڵە لێی تێگەیشتوون، بەو ئیمامە مەزنەیان گوتووە مورجیئە خودا پەنامان بدات. بەڵام لە ڕووی یەقینی و بەهێزی بەهێزنەبوونی ئیمان و بەهێزی و بێ هێزی بەڕاستزانینەوە ئەوە مرۆڤەکان جۆراوجۆرن، بەپێی کردەوە چاکەکان زیاد ئەکات و بە پێی کردەوە خراپەکانیش کەم ئەکات واللە اعلم.

# ئیمان و ئیسلام

**والإيمان والإسلام واحد.**

وه ئیمان و ئیسلامیش یەك شتەو لێك جیا ناكرێتەوە، چونكە ئیسلامەتی ملكەچی بوون و فەرمانبەری و ملدانە، بە واتای قەبووڵكردنی ئەحكامەكان و ملكەچی بوون دێ، ئەمەش حەقیقەتی بەڕاستزانینە لەوەی كە لە پێشدا باسمان كرد، وە ئەو وتەیەی خوای گەورەش پشتگیری لێ ئەكات: ﴿فَأَخۡرَجۡنَا مَن كَانَ فِيهَا مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٣٥﴾ فَمَا وَجَدۡنَا فِيهَا غَيۡرَ بَيۡتٖ مِّنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ﴿٣٦﴾﴾[١٢٠]، واتە: هەرچی خاوەن باوەڕبوو لە ئاواییەكە دەرمان كردنە دەرەوە بۆئەوەی سزای خوای گەورە بەر ئیمانداره‌كانی گەلی لوط نەكەوێ سەلامی خوای لەسەر بێ، كەچی لە تاقە ماڵێكی موسڵمان بەولاوەمان لەو ئاواییەدا نەدیەوە كە ماڵی لوط بوو سەلامی خوای لەسەر بێ، لە تەفسیری جەلالەین هاتووە: "ئەمانە لوط و كچەكانی بوون، كە وەصفكراون بە ئیمان و ئیسلام واتە: ئەوان بەدڵەكانیان بەڕاستیان زانیوە، وە بە ئەندامەكانیشیان كردەوەی خواپەرستیان كردووە".

جا ئیمامی تەفتازانی ئەفەرمووێ: "لە شەرعدا دروست نیە بڕیار لەسەر كەسێك بدرێ بەوەی كە ئیمانداره بەڵام موسڵمان نیە، یاخود موسڵمانە

---

[١٢٠] سورة الذاريات: ٣٥-٣٦

بەڵام ئیماندار نیە، وە جگە لەم یەکبوونە مەبەستێکی ترمان نیە، (واتە: یەکبوونیان لە زاتی یەکتردا نەك جیابن)، وە قسەی ڕووکەشی شێخەکانیش مەبەستیان ئەوەیە کەوا جیاوازی نەبوونیانە، بەواتای یەکێکیان لەوی تر جیا نابێتەوە، نەك یەکبوون بەگوێرەی تێگەیشتن، لە (الكفاية)شدا هاتووە کەوا ئیمان: بەڕاستزانینی خوای گەورەیە لەوەی کە هەواڵی داوە لە ئەمرو نەهیەکانی، وە ئیسلامیش ملکەچی و ملدانە بۆ خودایەتی ئەو، جا ئەمەش جێ بەجێ ناکرێ مەگەر ئیللا بە قەبووڵکردنی ئەمرو نەهیەکانی نەبێ، چونکە ئیمان لە ئیسلام جیا نابێتەوە لە ڕووی حوکم و بڕیارەوە بۆیە ناگۆڕێن.

جا هەرکەسێ گۆڕان سابیت بکات ئەوە پێی ئەگوترێ: حوکمی ئەو کەسە چیە کە ئیمانی هێناوەو ئیسلام نەبووە؟ (واتە: تەسلیمی شەریعەتی ئیسلام نەبووە)، یاخود ئیسلام بووە بەڵام ئیمانی نەهێناوە؟ جا ئەگەر حوکمێکی بۆ یەکێکیان سابیت کرد ئەوە سابیت و جێگیر نابێ بۆ ئەوەکەی تر، بۆیە پووچی ئەو وتەیە دەرکەوت.

وە ئەگەر گوترا: وتەی خوای گەورە: ﴿۞ قَالَتِ ٱلۡأَعۡرَابُ ءَامَنَّاۖ قُل لَّمۡ تُؤۡمِنُواْ وَلَٰكِن قُولُوٓاْ أَسۡلَمۡنَا ﴿١٤﴾﴾[121]، واتە: دەشتەکیەکان گوتیان: ئیمانمان

[121] سورة الحجرات: ١٤

هێنا، خوای گەورەش بە سەروەرمانی فەرموو پێیان بڵێ: ئێوە ئیمانتان نەهێناوە بەڵکوو موسڵمان بوونە. ئەمەش صەریح و ڕوونە لە تەحقیقکردنی ئیسلامەتی بەبێ هەبوونی ئیمانیش.

ئێمەش ئەڵێین: مەبەست پێی ئیسلامی موعتەبەر پێکراوە لە شەڕعدا کە ناخواو نابێ بەبێ نەبوونی ئیمان، ئەمەش لە ئایەتەکەدا ڕوونە کە بەمانای ملکەچی ڕووکەش دێ بەبێ ملکەچی ژوورەوە کە دڵە ئەمەش وەکوو گوتنی وشەی شایەتومانە بەبێ ئەوەی بەڕاست دابنرێت لە بابی ئیماندا.

وە ئەگەر گوترا: وتەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم: (**الإسلام أن تشهد أن لا إله إلا الله، وأن محمدا رسول الله، وتقيم الصلاة، وتؤتي الزكاة، وتصوم رمضان، وتحج البيت إن استطعت إليه سبيلا**)[١٢٢]، واتە: ئیسلامەتی ئەوەیە کەوا شایەتومان بهێنی و بڵێی: هیچ خودایەك نیە بەحەق جگە لە الله نەبێ، وە محمدیش پێغەمبەری خوایە صلی الله علیه وسلم، وە نوێژەکان بکەیت و زەکاتیش بدەیت و ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانیش بگری و بچیە ماڵی خواش بۆ حەجکردن ئەگەر توانات هەبێ. ئەمەش

---

[١٢٢] بوخاری لە (صحیح البخاری)(ژ٥٠) لە ئەبو هورەیرەوە. وە موسلیم لە (صحیح المسلم)(ژ٨) لە عبد الله کوڕی عومەرەوە ئەویش لە باوکیەوە ڕیوایەتی کردووە، وە لە ڕێگایەکی ترەوە موسلیم لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتی کردووە.

بەڵگەیە کە ئیسلام کردەوەکانە نەك بەڕاستزانینی دڵ، بۆیە ئیمان و ئیسلام یەك نین.

ئێمەش ئەڵێین: مەبەست پێی بەروبوومی ئیسلامەتی و نیشانەکانی ئەوانەن، هەروەکوو پێغەمبەری خوا صلی اللہ علیه وسلم بە قەومێکی فەرموو کە هاتبوونە لای: (**أتدرون مالإيمان بالله تعالى وحده؟ فقالوا: الله ورسوله أعلم، فقال: شهادة أن لا إله الأ الله وأن محمدا رسول الله، وإقام الصلاة، وإيتاء الزكاة، وصيام رمضان، وأن تعطوا من الغنم الخمس**)[١٢٣].

واتە: ئایا دەزانن ئیمان بە تاکو تەنهایەتی خوای گەورە چیە؟ ئەوانیش گوتیان: خواو پێغەمبەرەکەی ئەزانن صلی اللہ علیه وسلم، ئەویش فەرمووی: شایەتومان هێنانە بەوەی کە هیچ خوادەیەك نیە بەحەق جگە لە خوای گەورە نەبێ، وە محمدیش فروستادەو پێغەمبەری خوایە صلی اللہ علیه وسلم، وە نوێژەکان بکەیت و زەکاتی ماڵی خواش بدەیت و لە مانگی ڕەمەزانیشدا بەڕۆژووبی، وە لە مەڕو ماڵاتەکانتان پێنج یەکێکی لێ بدەن.

[١٢٣] بوخاری لە (صحيح البخاری)(ژ٥٣ ـ ٨٧ ـ ٧٢٦٦). وە موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ١٧) لە ئیبن و عەباسەوە ڕیوایەتیان کردووە.

وه هەروەکوو سەروەرمان فەرموویەتی: (**الإيمان بضع وسبعون شعبة، أعلاها قول: لا إله إلا الله، وأدناها إماطة الأذي عن الطريق**)[124]، واتە: ئیمان حەفتاو شتێك بەشە، بەرزترین بەشیان وتەی لا إله الا الله یە، وە نزمترینیشیان لادانی ئازارو نارەحەتیەکە لەسەر ڕێگادا". ك.هـ

پێغەمبەری خوا صلى الله علیه وسلم بە کەسێکی فەرموو: **عمرو بن عبسة رضي الله عنه (يا رسول الله، ما الإسلام؟ قال: أن تسلم قلبك لله، وأن يسلم المسلمون من لسانك ويدك. قال: فأي الإسلام أفضل؟ قال: الإيمان. قلت: وما الإيمان؟ قال: أن تؤمن بالله وملائكته وكتبه ورسله والبعث بعد الموت. قلت: فأي الإيمان أفضل؟ قال: الهجرة. قلت: وما الهجرة؟ قال: أن تهجر السوء. قال: فأي الهجرة أفضل؟ قال: الجهاد)**[125]، ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله علیه وسلم ئیسلام چیە؟ فەرمووی: ئیسلامەتی ئەوەیە دڵت تەسلیمی خوای گەورە بکەیت، وە موسڵمانان لە دەست و زوبانت سەلامەت بن، گوتی: ئەی چ ئیسلامەتیەك گەورەترینە؟ فەرمووی: ئیمانە، منیش گوتم: ئیمان چیە؟ فەرمووی: ئیمان

---

[124] بوخاری لە (صحیح البخاری)(ژ٤٣٦٨). وە موسلیم لە (صحیح المسلم)(ژ١٧) لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە.

[125] صەحیحە. ئەحمەد لە عەمری کوڕی عەبەسەوە ڕیوایەتی کردووە لە (مسند أحمد)(ب٤/ل١١٤/ژ١٧٠٦٨). ئیبن و حەجەری هەیثەمی ئەفەرمووێ: "پیاوەکانی پیاوانێکی باوەڕپێکراون".

ئەوەیە: باوەڕت هەبێ بەخواو فریشتەکانی، وە کتێبەکانی، وە پەیامبەرەکانی، وە زیندووبوونەوەی ڕۆژی دوایی لە دوای مردن، گوتم: ئەچ ئیمانێك گەورەترینە؟ فەرمووی: کۆچ کردنە، گوتم: کۆچ کردن چیە؟ فەرمووی: واز لە خراپە بهێنی، گوتی: ئەی چ کۆچکردنێك گەورەترینە؟ فەرمووی: جیهاد کردن.

ئەم فەرموودە بەڵگەیە کەوا ئیسلامەتی و ئیمان یەك شتە هەروەك ئیمامی نەسەفی و ئیمامی تەفتازانی فەرموویان.

وە هەروەها خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَـٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَـٰسِرِينَ ۝٨٥﴾[١٢٦]، واتە: هەرکەسێ جگە لە دینی ئیسلام دینێکی تر هەڵبژێرێ بۆخۆی و پەیڕەوی بکات ئەوە لێی قەبووڵ ناکرێت لە دونیاو ئاخیرەت، وە بێگومان لە ڕۆژی دوایشدا لە خەسارەتمەندانەو جێگای دۆزەخە بەهەتایی. چونکە دینی ئیسلام کۆتایی هەموو ئەدیانەکانە، نەسخی هەموو دینەکانی پێشە خۆی کردووەو لەسەر گشت مرۆڤایەتیە کەوا ئەم دینە پاك و مەزنە قەبووڵ بکەن.

وە هەروەها ئەفەرمووێ: ﴿وَإِذْ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَـٰقَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ لَمَآ ءَاتَيْتُكُم مِّن كِتَـٰبٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مُّصَدِّقٌ لِّمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِۦ

---

[١٢٦] سورة آل عمران: ٨٥

وَلَتَنصُرُنَّهُۥ ۚ قَالَ ءَأَقۡرَرۡتُمۡ وَأَخَذۡتُمۡ عَلَىٰ ذَٰلِكُمۡ إِصۡرِي ۖ قَالُوٓاْ أَقۡرَرۡنَا ۚ قَالَ فَٱشۡهَدُواْ وَأَنَا۠ مَعَكُم مِّنَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴿٨١﴾ فَمَن تَوَلَّىٰ بَعۡدَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ﴿٨٢﴾ أَفَغَيۡرَ دِينِ ٱللَّهِ يَبۡغُونَ وَلَهُۥٓ أَسۡلَمَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ طَوۡعٗا وَكَرۡهٗا وَإِلَيۡهِ يُرۡجَعُونَ ﴿٨٣﴾﴾[١٢٧]، واتە: یادی ئەوە بکەرەوەو باسی ئەوە بکە کە خودا لە کاتی خۆیدا پەیمانی لە پێغەمبەران وەرگرت و، ئەوانیش ئەو پەیمانەیان ڕاگەیاند بە نەوەو پەیڕەوەکانیان. خودا پێی وتن: ئەوەی بۆم هێناون لە کتێب و حیکمەت ئەبێ باوەڕی پێ بکەن و ئیشی پێ بکەن کە لای خوداوە پێغەمبەرێ ڕەوانە کرا (مەبەست حەزرەتی محمده صلی الله علیه وسلم)، کە باوەڕی بە کتێب و ئاینی ئێوە هەیە، ئەبێ نەوەکانتان و پەیڕەوەکانتان باوەڕی پێ بکەن و ئیمانی پێ بهێنن پشتگیریشی لێ بکەن. ئینجا پاش ئەم پەیمانە ڕووی تێکردن و پێی وتن: ئایا ئیقرارتان و کردو پەیمانتان پێدام؟ ئەوانیش لە وەڵامدا وتیان: بەڵێ بڕیارمان داوە پەیمانەکەت بەجێ بێنین. خودایش فەرمووی: دە شایەتی بدەن لەسەر ئەم پەیمانەو منیش یەکێکم لە شایەتەکان لەگەڵتان. بێگومان ئەوانەی لەوەوپاش ڕوو لەو پەیمانە ناکەن و پشتی تێئەکەن و پەیڕەوی لێ ناکەن، ئەوانە فاسقن و پەیمانی خودایان تێکداوە. ئایا کارێکی تەواو و ژیرانەیە سەرپێچی ئەکەن و غەیری دینی خوایان ئەوێ؟ ئەو خودایەی

[١٢٧] سورة آل عمران: ٨١ ـ ٨٣

هەرچی لە ئەرزو ئاسماندایە ملکەچیەتی، بە خۆشی و ئارەزوو بێ یا بە زۆر، بە ئیختیار بێ وەك ملکەچی مەلائیکەتەکان، یا موسڵمانەکان کە وردئەبنەوە لە دەلیل و موعجیزە، یا بە زۆر بێ وەك کافرەکان کە بە زۆر ئیسلام ئەبن یا دووچاری تەنگانە ئەبن وەك غەرق بوون و زەوی قوتدان کە ناچار ئەبن ئیمانی پێ بهێنن. لە ئەنجامیشدا هەرچی کائینات هەیە سەرەنجامی هەمووی لای خودایە[128].

وە هەروەها ئەفەرمووێ: ﴿إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلۡإِسۡلَٰمُۗ وَمَا ٱخۡتَلَفَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلۡعِلۡمُ بَغۡيَۢا بَيۡنَهُمۡۗ وَمَن يَكۡفُرۡ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلۡحِسَابِ ١٩ فَإِنۡ حَآجُّوكَ فَقُلۡ أَسۡلَمۡتُ وَجۡهِيَ لِلَّهِ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِۗ وَقُل لِّلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡأُمِّيِّـۧنَ ءَأَسۡلَمۡتُمۡۚ فَإِنۡ أَسۡلَمُواْ فَقَدِ ٱهۡتَدَواْۖ وَّإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنَّمَا عَلَيۡكَ ٱلۡبَلَٰغُۗ وَٱللَّهُ بَصِيرُۢ بِٱلۡعِبَادِ ٢٠﴾[129]، واتە: بێگومان دین لای خوای گەورە دینی ئیسلامە کە خودا بەیەکزانینەو پەیڕەوی کردنی ئەو شەریعەتەیە کە حەزرەتی محمد صلی الله علیه وسلم هێناویەتی. کیتابیەکان کە گاورو جولەکەکانن پاش ئەوەی ڕاستیان بۆ دەرکەوت و لایان ئاشکرا بوو کە ئیسلام حەقە کەوتنە ئاژاوەنانەوەو

---

[128] ئەم تەفسیرە هی مامۆستای مودەڕڕیسە لە تەفسیری نامی نەقڵم کردووە.

[129] سورة آل عمران: ١٩ ـ ٢٠

دوژمنایەتی لەگەڵ دینی ئیسلام. ئەمانە لە کاروباری پێغەمبەرە پێشووەکانیشدا هەروا دەستیان دابووە جیاوازی نانەوەو درۆو دەلەسە لەگەڵ ئەوەیش کە ڕاستیان بۆ دەرکەوتبوو. جوولەکە ئەیانوت (عوزەیر) کوڕی خودایەو، گاورەکانیش عیسایان بە کوڕی خودا دا ئەنا! ئەم کارانە زوڵم بوون لە لایەن ئەوانەوە. بێگومان هەرکەسێ کافر بێ و ئیمان و باوەڕی بە ئایەتەکانی خودا نەبێ بە توندی تۆڵەی لێ ئەستێنێتەوە. خودا زۆر زوو حیساب لەگەڵ ستەمکاران ئەکات. جا ئەگەر لە بابەتی دینەوە موجادەلەیان لەگەڵتا کرد تۆ پێیان بڵێ: من و ئەوانەی پەیڕەویم ئەکەن بە هەموو ئیخلاصەوە خۆمان داوەتە دەستی خوداو تەنها ئەو ئەپەرستن کە تاك و بێ هاوڕێ و بێ وێنەیە. بڵێ بەوانەی کە خاوەن کتێبن وەك جولەکەو دیانەکان، هەروەها بڵێ بەو ئومیانەی کە کتێبیان نیە، وەك موشریکەکانی قوڕەیش: ئایا ئێوەش خۆتان تەسلیم کردووە بە خوداو ئاینی ئیسلامتان قەبووڵ کردووە؟ جا ئەگەر موسڵمان بوون ئەوە ڕێگای ڕاستیان گرتووە. خۆ ئەگەر بە گوێیان نەکردی و سەرپێچیان کردو ڕێی چەوتیان گرت ئەوە تۆ ئەی پێغەمبەر تەنها ئەوەت لەسەرە خەبەریان بدەیتێ و ڕێگای ڕاستیان پیشان بدەیت خودایش بینایەو بەندەکانی خۆی و کرداریان ئەبینێ.

وە هەروەها ئەفەرمووێ: ﴿وَإِذۡ قَالَ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ يَـٰبَنِىٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيۡنَ يَدَىَّ مِنَ ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَمُبَشِّرَۢا بِرَسُولٍ يَأۡتِى مِنۢ

بَعۡدِی ٱسۡمُهُۥٓ أَحۡمَدُۖ فَلَمَّا جَآءَهُم بِٱلۡبَیِّنَٰتِ قَالُواْ هَٰذَا سِحۡرٞ مُّبِینٞ ۝٦ وَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ وَهُوَ یُدۡعَىٰٓ إِلَى ٱلۡإِسۡلَٰمِۚ وَٱللَّهُ لَا یَهۡدِی ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِینَ ۝٧ یُرِیدُونَ لِیُطۡفِـُٔواْ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفۡوَٰهِهِمۡ وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡكَٰفِرُونَ ۝٨ هُوَ ٱلَّذِیٓ أَرۡسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلۡهُدَىٰ وَدِینِ ٱلۡحَقِّ لِیُظۡهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّینِ كُلِّهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُشۡرِكُونَ ۝٩﴾[١٣٠]، واته: یادی ئەوەش بکە کە عیسای کوڕی مەڕیەم بە بەنی ئیسڕائیلی گوت: ئەی بەنی ئیسڕائیل من پێغەمبەری خوام بۆ لای ئێوەو باوەڕم بەو کتێبەی خوا هەیە کە لە پێش دەستمایە کە تەوڕاتەو موژدەی پێغەمبەرێکیشم پێیە کە پاش من دێ ناوی (ئەحمەدە) کەچی کە ئەو پێغەمبەرە بە بەڵگەو دەلیلی ئاشکراو ڕوونەوە هات باوەڕیان پێ نەکردو وتیان: ئەم بەڵگەو دەلیلە جادوویەکی ئاشکراو ڕوونە. جا کێ لەوکەسە ستەمکارترە درۆ بەدەم خواوە هەڵبەستێ کەچی ئەو بانگ بکرێ بۆ موسڵمان بوون و بەڵگەی ڕوون و ئاشکرای بۆ بهێنرێتەوە لەسەر ڕاستی ئاینی ئیسلام و، ئەو بەو بەڵگەو دەلیلانە بڵێ: ئەمانە سیحرو جادوون؟ خوا هەرگیز هیدایەتی تاقمی ستەمکار نادا. ئەوانەی ئەیانەوێ ڕووناکی خوا بکوژێننەوە بەو قسانەی ئەیانکەن و، خوایش ڕووناکی خۆی تەواو ئەکاو ئەیگەیەنێتە هەموو لایەك با کافرەکانیش پێیان خۆش نەبێ.

[١٣٠] سورة الصف: ٦ـ ٩

خوا خوایەکی وایە پێغەمبەری خۆی ناردووە بە قورئانەوە کە هۆی هیدایەتدانی خەڵکە بۆ ئیسلامەتی و، بە ئاینی ڕاستەوە کە ئاینی ئیسلامە بۆئەوەی ئەم ئاینە بەرزکاتەوە بەسەر هەموو ئاینێك با هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانیش پێیان خۆش نەبێ.

وە هەروەها ئەفەرمووێ: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا كَآفَّةً لِّلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا ٢٨﴾[131]، واتە: تۆمان ڕەوانە نەکردووە ئیللا بۆ هەموو خەڵکی نەبێ، تاوەکوو موژدەی بەهەشتێ و، لێخۆشبوونی خوایان پێ بدەی و، بشیان ترسێنێ بە سزای خوا. واتە: پێغەمبەرمان بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی و هەموو ئەدیانەکان و بێ دینەکان ڕەوانە کراوە ئیتر پێیان خۆش بێ یاننا.

وە هەروەها ئەفەرمووێ: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ ٣﴾[132]، واتە: ئیمڕۆکە ئاینم بۆ تەواو کردن و ئایەتەکانم هەموو بۆ ناردن و، ڕێوشوێنی ئاینی ئیسلامتان بۆ ڕوون بوویەوەو نیعمەتی خۆمم ڕژاند بەسەرتاندا، ئەوەتە دەستان گرت بەسەر مەککەدا کە بنکەو مەڵبەندی هێزی کافرەکان بوو، نیشانەکانی کوفرتان تێدا نەهێشت. منیش لەناو هەموو ئاینەکاندا ئاینی ئیسلامم بۆتان

[131] سورة سبأ: ٢٨

[132] سورة المائدة: ٣

هەڵبژارد. وە چەندەها بەڵگەی تر لە ئایەتەکان ناتوانین هەموویان بهێنین. کە گشتی دەلالەتە لەسەر ئەوەی جولەکەو دیان و غەیری ئەوانەش لە موشریکەکان و خاوەن دینە دونیاییەکان گشتی لێیان قەبوڵ ناکرێ جگە لە دین و شەریعەتی ئیسلام نەبێ، ئەوەیشی بیڵێ ئەوە ڕاست نیە، هەموو ئەو ئایەتانەی بەدرۆخستووەتەوەو کافر بووە، چونکە کەسانێکی بەناو نوێخوازەکان لەم سەدەی بیست و یەکەمە بەناوی نزیکبوونەوە لە ئەدیانەکان ئەڵێن: جولەکەو دیانەکان مادەم بڕوا بەخواو ڕۆژی دوایی و محمد هەبێ ئەوە لەسەر دینەکەی خۆیشیان بمێننەوە ئەوە لە ڕۆژی دوایی ڕزگاریان ئەبێ لە سزای دۆزەخ، ئەمەش بەدرۆخستنەوەی هەموو شەریعەتی ئیسلام و ئەو بانگەوازەیە کە سەروەرمان و مێژووی ئیسلام و بەجیهانیان گەیاندووە، وە بەدرۆ خستنەوەی هەموو جیهادەکانی سەروەرمان و مێژووی شەهیدەکانی ئیسلامە. دواتر ئەوە ئەهێنین کە ئایەنەوێ بەڵگە بە چ شتێك بهێننەوە.

بابچینە سەر فەرموودەکانیش: (**عَنْ أَنَسٍ أَنَّ نَبِيَّ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَتَبَ إِلَى كِسْرَى وَإِلَى قَيْصَرَ وَإِلَى النَّجَاشِيِّ وَإِلَى كُلِّ جَبَّارٍ يَدْعُوهُمْ إِلَى اللَّهِ تَعَالَى. وَلَيْسَ بِالنَّجَاشِيِّ الَّذِي صَلَّى عَلَيْهِ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ**)[١٣٣]، واتە: لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە گێڕدراوەتەوە ڕەزای خوای لێ بێ کەوا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم نامەی بۆ کیسراو

[١٣٣] موسلیم لە (صحیح المسلم)(ژ١٧٧٤) گێڕاویەتیەوە.

قەیصەرو نەجاشی و هەموو خاوەن دەسەڵاتدارێك نووسی و بانگی كردن بۆ لای خواو دینەكەی، جا ئەو نەجاشیە نەجاشی حەبەشی نیە كە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم نوێژی مردووی بە غائیبی لەسەر كرد كاتێ كە مرد چونكە ئەو موسڵمان ببوو.

جا شێخمان ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێ: "ناردنی نامەكان بۆ پاشاكان لەساڵی جەنگی تەبوك بوو، وە ڕێگری لەمە ناكات ئەوكەسەی كە ئەڵێ: لە ساڵی هودنەو شەڕنەكردنەكە نوسیویەتی بۆ قەیصەڕ، جا كۆكردنەوە لە نێوانیادا ئەوەیە دووجاران بۆ قەیصەری نوسیوە، وە ئەمەی دووەمیان هاتووە لە موسنەدی ئیمام ئەحمەد، وە بۆ نەجاشی نوسی ئەوەی كە موسڵمان بوو، وە نوێژیشی لەسەر كرد كاتێ كە وەفاتی كرد، ئینجا بۆ نەجاشیەكەی تری نوسی ئەوەی لەدوای نەجاشی یەكەم دەسەڵاتی گرتە دەست ئەمەیان كافر بوو"[١٣٤].

نامە بەرەكانیش ئەمانەن:

١ـ عبد الله كوڕی حوذافە بۆ لای كیسرا.

٢ـ دوحیەی كەلبی بۆ لای قەیصەر پاشای ڕۆم.

٣ـ سەلیطی كوڕی عەمر بۆ لای هەوذەتەی كوڕی عەلی لە یەمامە.

---

[١٣٤] (فتح الباري شرح صحیح البخاري)(ب٨/ل١٢٩)

**٤ـ** عەلائی کوڕی حەضرەمی بۆ لای مونذیری کوڕی ساوا لە هەجەڕ.

**٥ـ** عەمری کوڕی عاص بۆ لای جەیفەرو عەبباد هەردوو کوڕەکەی جەلەندی لە عەممان.

**٦ـ** شوجاعی کوڕی وەهب بۆ لای ئیبن و ئەبی شەمیر غەسسانی.

**٧ـ** حاتەبی کوڕی ئەبی بەلتەعە بۆ لای موقەوقەس.

**٨ـ** وە بۆ نەجاشی نوسی موسڵمان بوو.

**٩ـ** وە عەمری کوڕی ئومەییەشی نارد بۆ لای نەجاشیەکەی دووەم کە کافر بوو.

سەروەرمان هەموو ئەو سەرکردەو قەومانەی بانگ کرد بۆ پەرستنی خوای حەق و ئیسلامبوون و کار کردن بەو شەریعەتەی کە بۆ مرۆڤایەتی ڕەوانەکراوە.

ئەمەش وێنەی یەکێك لەو نامانەیە کە بۆ هیرەقڵی ڕۆمی ناردووە: (**بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ. مِنْ مُحَمَّدٍ عَبْدِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ إِلَى هِرَقْلَ عَظِيمِ الرُّومِ. سَلَامٌ عَلَى مَنْ اتَّبَعَ الْهُدَى. أَمَّا بَعْدُ: فَإِنِّي أَدْعُوكَ بِدِعَايَةِ الإِسْلَامِ، أَسْلِمْ تَسْلَمْ يُؤْتِكَ اللَّهُ أَجْرَكَ مَرَّتَيْنِ، فَإِنْ تَوَلَّيْتَ فَإِنَّ عَلَيْكَ إِثْمَ الأَرِيسِيِّينَ (أي أتباعه ورعاياه الذين يتابعونه على الكفر). وَ ﴿يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا**

**إِلَى كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَنْ لا نَعْبُدَ إِلا اللَّهَ وَلا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ﴾)**[١٣٥].

واتە: بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان. لە محمدی بەندەو پێغەمبەری خواوە بۆ هیرەقلی مەزنی ڕۆم، لە دوای ئەمە: من بانگت ئەکەم بۆ بانگەوازی ئیسلامێتی، ئیسلام بەو سەلامەت ئەبی، خوای گەورەش دوو ئەجرو پاداشتت ئەداتەوە، جا پشتت لەم بانگەوازی ئیسلامەتیە کردو قەبوڵت نەکرد ئەوە گوناهو تاوانی ئەریسیەکانت لەسەرتە، (ئەریسیەکان: شوێنکەوتووان و ڕەعیەتەکەی ئەوانەی کە شوێنی کەوتوون لەسەر کوفر). ئەی ئەهلی کیتاب کە جولەکەو دیانەکانن وەرن بۆ وەرگرتنی وتەیەك کە هەموو پێغەمبەران و هەموو کتێبە خودابییەکان یەك قسە ئەکەن و جیاوازیەکیان نیە، ئەویش ئەوەیە کە عیبادەت بۆ کەس نەکەین بۆ (اللّٰہ) نەبێ و، هاوڕێی بۆ دانەنێین لە پەرستنداو، بەتەنها ئەو بپەرستین و، هەندێکمان هەندێکی ترمان نەکەینە خوداو نەیانپەرستین، جا ئەگەر ڕوویان وەرچەرخاندو بەگوێیان نەکردی ئەوە پێیان بڵێن: دەی ئێوە شاهید بن کە ئێمە ئیمانمان بەم ڕاستیانە هەیەو ئێوە ئیمانتان پێی نیە.

---

[١٣٥] بوخاری لە (صحیح البخاری)(ژ٧) وە موسلیم لە (صحیح المسلم)(ژ١٧٧٣). لە ئیبن و عەبباسەوە گێڕاویانەتەوە. وە هەروەها بڕوانە: (زاد المعاد)(ب٣/ل٦٨٨ـ٦٩٧).

جا ئەو پاشايانە كەسيان موسڵمانێتيان هەڵنەبژارد جگە لە نەجاشی يەكەم پاشای حەبەشەو پاشای عەممان و براكەی نەبێ.

وە نزيك بوو هيرەقليش موسڵمان بێ ئەگەر بێت و لە نەفسی خۆی نەترسايە نەوەك گەلەكەی بيكوژن، وە لەوەش ترسا نەوەك موڵكەكەی لەدەست بچێ، ئەوەبوو دونيای هەڵبژاردو خەسارەتمەندبوو.

وە لە صەحيحی بوخاری و موسليميشدا لەو فەرموودەی ڕابوردوودا ئەوە جێگير بووە كە هيرەقڵ لەو كاتەی كە پرسياری لە ئەبو سوفيان كرد لەبارەی سيفەتەكانی پێغەمبەرەوە صلی الله عليه وسلم، وە لە بارەی ئەو بانگەوازەش كە خەڵكی بۆ لای بانگ ئەكات، ئيتر لە دەرەنجامی وەڵامەكانی ئەبو سوفيانەوە بۆی دەركەوت كەوا پێغەمبەرێكی حەق و ڕاستە، وە گوتيشی: ئەوەی تۆ ئەيڵێی ئەگەر ڕاست بێ كەوا ئەو پێغەمبەرە ئەوە شوێن پێكانی منی ئەكەوێتە ژێر دەست واتە: دەسەڵاتی بەسەر ئەو مەملەكەتەی مندا ئەبێ، وە من دەمزانی ئەو دەرچووە، بەڵام نەمئەزانی كە لە نێو ئێوەدا دەركەوتووە، جا ئەگەر بێت و بزانم ڕزگارم ئەبێ بۆلای و توانام هەبوايە ئەوە ئەچوومە ديداری، وە ئەگەر بێت و لە لاشی بامە پێكانيم ئەشۆرد. جا ئەمەش بەڵگەيە كەوا سەلامەت نە ئەبوو لە كوشتنی ئەگەر بێت و كۆچی بكردايە بۆلای پێغەمبەر صلی الله عليه وسلم، وە لەوەوە ڕيوايەتيش كراوە كە گوتويەتی: "ئەزانم ئەو وايە، بەڵام ناتوانم ئەوە بكەم،

چونکە ئەگەر بێت و بیکەم موڵکەکەم لەدەست ئەڕواو ڕۆمەکانیش ئەمکوژن"، وە هەروەها ئەوەشی لێوە ڕیوایەتکراوە: "واللە من ئەزانم ئەوە پێغەمبەرێکی نێردراوە، بەڵام لە ڕۆمەکان ئەترسم نەوەك بمکوژن، ئەگەر لەبەر ئەمە نەبوایە شوێنی ئەکەوتم.

وە ئیبن و قەیمش ئەفەرمووێ: "کاتێ هیرەقل ئیسلام بوونی نەجاشی پێگەیشت گوتی: واللە ئەگەر لەبەر دەستگرتنی موڵکەکەم نەبێ ئەو کارەم ئەکرد هەروەکوو ئەو کردی. جا ئەوەی ڕێگری لێکرد کەوا کۆچ بکات بۆلای پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم ترسی خۆی و موڵکەکەی بوو.

بەڵام ئەگەر بێت و عاقڵ و ژیتەڵ بایە کە ئەو نامەیەی بۆی نوسرابوو: (ئیسلامبەو سەلامەت ئەبی) وە ئەو وتەیەی حەمل ئەکرد سەر گشتیەکەی لە دونیاو دوارۆژ ئەوە سەلامەت ئەبوو لە هەموو ئەو شتانەی کەلێی ئەترسا ئەگەر بێت و موسڵمان بایە، بەڵام تەوفیق بەدەستی خوای گەورەیە، ئەوەتە نەجاشی پاشای حەبەشە موسڵمانیش بوو کەچی موڵکەکەشی لێ نەڕۆیشت"[136].

شێخمان ئیمامی نەوەوی ئەفەرمووێ: "هیرەقڵ لەوەدا هیچ عوزرێکی بۆ نیە چونکە ڕاستگۆیی پێغەمبەری صلی اللە علیە وسلم ئەزانی، بەڵام

---

[136] بڕوانە: (زاد المعاد)(ب٣/ل٦٩٤). وە (فتح الباری)(شەرحی فەرموودەی ٧). وە (شرح المسلم للنووی)(فەرموودەی ١٧٧٣).

پێداگرو چاوی لە موڵکەکەی خۆی بوو، وە ویستی لە سەرۆکایەتیەکەی هەبوو هەربۆیەش ئەمانەی هەڵبژارد بەسەر ئیسلامەتیدا، چونکە لەوبارەوە هەواڵ بە صەریحی لە صەحیحی بوخاری هاتووە، جا ئەگەر خوای گەورە ویستی لەسەر هیدایەتدانی هەبایە ئەوە تەوفیقی ئەدا هەروەکوو چۆن تەوفیقی نەجاشیدا، لەگەڵ ئەوەش سەرۆکایەتیەکەی لێ لانەکەوت...، ئینجا نامەکەی هیرەقلی هێناوەو قسە لەسەر ئایەتەکەی ناو نامەکەش ئەکات کە ئەفەرمووێ: ئەم نامەیە کۆمەڵێك لە قەواعیدو جۆرەها سوودی تێدایە لەوانە: ١ـ بانگهێشت کردنی کافران بۆ ئیسلامەتی بەر لەوەی جەنگیان لەگەڵ بکرێ، جا ئەم بانگهێشت کردنە واجبە، وە جەنگکردنیش بەر لەو بانگهێشت کردنە حەرامە ئەگەر بانگەوازی ئیسلامەتیان پێ نەگەیشتبوو، وە ئەگەر پێیشیان گەیشتبوو ئەوە سوننەتە بانگهێشت بکرێن ئەمەش مەزهەبی ئێمەیە، وە خیلافێکی تێدایە بۆ سەلەف ڕوونکردنەوەی ڕابوورد لە یەکەم کیتابی جیهاد (لە شەرحی موسلیم). ٢ـ واجبە کار بە تاکە هەواڵێك بکرێ ئەگینا لە ناردنی دوحیە هیچ سوودێك نەئەبوو، ئەمەش ئیجماع و یەکدەنگی لەسەرە (لە کار کردن بەوە). ٣ـ باسی بسم الله الرحمن الرحیم ئەکات. ٤ـ باسی نوسینی دەستپێك ئەکات بە الحمد لله. ٥ـ باسی سەفەرکردن ئەکات بۆ لای کافران ئایەتێك یان دوو ئایەتت پێ بێ. ٦ـ دروستە بۆ کافرو بێ دەستنوێژ دەست بداتە ئایەتێك یان ئایەتانێك کە غەیری قورئانیشی تێدابێ. ٧ـ باسی سوننەتێتی دەستپێکی نامە نوسی

کردووە بۆ نموونە لە زەیدەوە بۆ عەمر. ٨ـ باسی خۆپاراستن ئەکات لە کاتی نوسین وەرِع بەکارهێنان بۆنموونە سەروەرمان نەینووسی: بۆ هێرِەقلی پاشای رِۆم، بەلکوو بۆ هیرِەقلی مەزنی رِۆم، چونکە هیچ مولکێتیەك بۆ ئەوو غەیری ئەویش نیە هەتا حوکمی دینی ئیسلام برِیاری بۆ دەداو هیچ پاشایەکیش نیە هەتا سەروەرمان ئەیکاتە کاربەدەست. ٩ـ باسی سوننەتێتی نوسینی بەلاغەو مەجاز ئەکات لە کاتی نوسیندا. ١٠ـ هەر کەسێك لە ئەهلی کیتاب واتە: جولەکەو دیانەکان بگاتە سەردەمی هاتنی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، ئەگەر ئیمانی پیێ هینا ئەوە دوو پاداشتی بۆ هەیە هەروەکوو لێدوانی لەبارەوەدا لەو فەرموودەدا، وە لە فەرموودەیەکی تردا لە صەحیحدا هاتووە سێ کەس پاداشتیان ئەدرێتێ دوو جاران یەکێ لەوانە پیاوێکی ئەهلی کیتابە. ١١ـ رِوونکردنەوەیەکی وازحە بۆ ئەوکەسەی کەوا ئەبێتە هۆکاری گومرِایی کردنی خەلکی یاخود هۆکاری رِێگریکردنی خەلکی لە هیدایەت وەرگرتن ئەوەش تاوانبار ئەبێ لەبەر وتەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم (ئەگەر بێت و پشت لەو بانگەوازە بکەیت ئەوە تاوانی ئەریسیەکانت لەسەرە)، جا هەر ئەو مانایەشە وتەی خودا جل جلالە: ﴿وَلَيَحْمِلُنَّ أَثْقَالَهُمْ وَأَثْقَالًا مَّعَ أَثْقَالِهِمْ ۝١٣﴾[١٣٧]، بەرِاستی ئەو کافرانە باری گرانی تاوانەکانی خۆیان لە ئەستۆ ئەگرن و باری گرانی

---

[١٣٧] سورة العنكبوت: ١٣

تاوانی ئەوانەیش لە ئەستۆ ئەگرن کە گومڕایان کردوون. ١٢ـ باسی سوننەتێتی نوسینی (أما بعد) ئەکات. ئینجا دوای سوودی دوانزەمین ئەفەرمووێ: سەبارەت (بە ئەریسیین یان یەریسیین یان ئیرریسیین چونکە بە هەرسێ لوغە هاتووە) خیلاف هەیە لە مەبەست بەوانە کێن ئەمەش لەسەر چەند ڕایەکن جا صەحیحترینیان و مەشهورترینیان ئەوانە ئەککارونەکانن واتە: جوتیارەکان و زڕاعەتکەرەکان، ماناکەی ئەوەیە: ئەوە گوناهو تاوانی ڕەعیەتەکەت لەسەرتە ئەوانەی کە شوێنت کەوتوون چونکە ئەمانە ملکەچ ئەبن بە ملکەچ بوونی تۆ، بۆیە ئاگاداری کردەوە بەوانە لەسەر هەموو ڕەعیەتەکە چونکە ئەمانە زۆرینەن و خێراتر ملکەچ ئەبن، جا ئەگەر بێت و (هیرەقلێ) موسڵمان بێت ئەوانیش موسڵمان ئەبن، وە ئەگەر ڕێگری لێ بکات ئەوە ئەوانیش ڕێگری لێ ئەکەن لە موسڵمان بوون، جا ئەم وتەیە صەحیحەو لە هەواڵێکدا لێدوانی لەسەر ئەو بابەتە داوە هەروەك ڕیوایەتمان کردووە لە کتێبی (دلائل النبوة) هی بەیهەقی وە لە غەیری ئەویش کە بەو جۆرە هاتووە: فإنما علیك إثم الأكارين، واتە: تاوانی ئەککاریەکانت لەسەرە کە جوتیارو زڕاعەتکەرەکانن واتە: دارودەستەکەی. وە لە ڕیوایەتێکی تردا کە ئەبو عوبەیدە باسی کردووە لە کتێبی (الأموال) کە بەو جۆرە هاتووە: وإلا فلا يَحُلْ بين الفلاحين وبين الإسلام). واتە: ڕێگری لە جوتیارەکان و ئیسلام بوونیان مەگرە. وە لە ڕیوایەتی ئیبن و وەهبیشدا هاتووە: (وإثمهم علیك. واتە: تاوانی ئەوان لەسەر تۆیە. ئەبو عوبەیدیش فەرموویەتی:

مەبەست لە جوتیارو زڕاعەتکەرەکان نیە بەتایبەت واتە: بەس ئەوان نەخێر بەڵکوو هەموو خەڵکی مەملەکەتەکەی، دووەمی کە یەهودو نەصڕانیەکانن شوێنکەوتووانی عبد الله کوڕی ئەریس کە ئەروسیە نەصڕانیەکان ئەدرێنە پاڵی، وە مەقالەیەکیشیان هەیە لە کتێبی (المقالات)، وە پێشیان ئەگوترێ: ئاروسییەونی. سێیەم: ئەو پاشایانەی کە خەڵکی پەڵکێش ئەکەن بۆ مەزهەبی خراپ و فەرمانیان پێ ئەکەن بەو بیروباوەڕە بۆگەنانە، وە ئەو وتەی پێغەمبەری خواش صلی الله علیه وسلم: (أدعوك بدعاية الإسلام) بانگهێشت ئەکەم بۆ بانگەوازی ئیسلامەتی، (سلام على من اتبع الهدى) سەلام لەسەر ئەو کەسەی کە شوێن هیدایەت ئەکەوێ، (لقد أمِرَ أمْرُ إبن أبي كبشة) بەڕاستی کارەکەی گەورەو مەزن بووە کوڕی ئەبو کەبشە، ئەوە پیاوێك بووە لە بەنی خوزاعە کە شیعری پەرستووە، جا هیچ عەرەبێك وەکوو ئەوی نەکردووە لەپەرستنی شیعر بۆیەش پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم (هیڕەقڵی) پێکچوواندووە بە کوڕی ئەبو کەبشەی (إنه ليخاف ملك بني الأصفر) هیڕەقڵ لە موڵکی نەوەی زەرد ئەترسێ کە ڕۆمەکان بەوە مەشهورن"[138].

[138] (صحيح المسلم بشرح النووي)(ب١٢/ل١٠٧/ژ١٧٧٣). ط. دار إحياء التراث العربي

جا ئەم ئایەتەی کە لەناو نامەکەدا هاتووە هەندێ لەوانەی گوتمان لەو بەناونوێخوازانە ئەیانەوێ بیکەنە بەڵگە بە چەواشەکاری خۆیان، چونکە لە کۆتاییەکەدا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: تاوانی ئەریسیەکانت لەسەرە، واتە: خۆت و شوێنکەوتوانت گومڕا ئەبن و لەسەر ئەو شیرکەتان ئەمێننەوە کە بۆ حەزرەتی عیساتان داناوە، بێگومان ئەو دوو ئەجرەش بۆ کەسێکە کە لە پێش ئیسلامەتیدا لەسەر دینی تەوحیدی جولەکەو دیانەکان ما بووبێتەوە نەك عیساو عوزەیریان بە کوڕی خودا زانیبێ و تەحریفی ئینجیل و تەوڕاتیان کردبێ، ئەو کات ئەو ئەجرەیان بۆ نیە، وە ئەگەر ئاریوسیەکانیشی بەوە لێکبدرێتەوە کەوا تاقمێکی خواپەرستی دینی مەسیحیەت بووە، وەك ئەو بەناو نوێخوازانە لێکی ئەدەنەوە کەوا ئەوڕوپا کاتی خۆی پێی گوتراوە ڕۆم و، پێشتر ئەو ڕۆمەش درێژبوونەوەی گریك (ئیغریق) بووە، هەموو ئەوانەش بتپەرست بوون، ئینجا ئەوڕوپای بتپەرست، هەر لەسەدەی یەکەمی زاینیەوە واتە: سەد ساڵێك کەمتریش، دوای بەرزبوونەوەی حەزرەتی عیسا (سەلامی لەسەر بێ)، کە نەصرانیەکان پێیان وایە: حەزرەتی عیسا کۆچی دوایی کردووە، بەڵام ئێمەی موسڵمان پێمان وایە بۆ ئاسمان بەرزکراوەتەوەو نەمردووە، هەر لەو کاتەوە ئەوڕوپا ئاینی نەصڕانی ناسی و، لەسەرەتاوە زۆر دژایەتی کرد، هەتا ئاینی مەسیح ئاینی خوا بە یەکگرتن و تەنیا خواپەرستی بوو، لەلایەن ئەوڕوپای

بتپەرستەوە زۆر دژایەتی دەکرا، چونکە ناکۆك بوو لەگەڵ بیروڕای بتپەرستانەو فەلسفەی بتپەرستانەی ئەوان دا.

بەڵام پاش گرێدانی یەکەمین کۆنگرەی مەسیحی لە (نیقە) لەساڵی (٣٢٥) زاینی لە لایەن قوستەنتینەوە پادشای ئەو کاتی ڕۆمەوەو، بە نەصرانی بوونی ئیمپراتۆر قوستەنتین، کە وای دەرخست بۆتە نەصرانی و، بە فەرمی مەسیحیەت وەك عەقیدەی دەوڵەتی ڕۆم ڕاگەیەنرا، ئیتر لەو کاتەوە ڕۆم لەگەڵ مەسیحیەتدا جۆرێك لە ئاشتەوایی کرد، بەڵام لەسەر حیسابی گۆڕان، بەڵکوو لە نیوەڕۆکی خۆ خاڵی کرانەوەی ئاینی مەسیح سەلامی لەسەر بێ، هەر بۆیەش مێژوونووسەکان زۆر جوانیان گوتووە، هەڵبەتە بە زمانە ئەوروپیەکان گوتوویانە، بەڵام تەرجەمەی عەرەبی کراوەو گوتراوە: نەصرانی بوو بە ڕۆمی و، ڕۆم نەبوو بە نەصرانی، یانی نەصرانیەت تەنازولی کرد لە خوا بەیەکگرتن (تەوحید)و، سێ کۆچکە (ثالوث)ی قەبووڵ کردو، لەگەڵ ڕۆمدا سازشی کرد.

جا بەگوێرەی هەندێ لەو مێژووناسانە ئاریۆس و شوێنکەوتوانی لەسەر تەوحید مابوونەوەو زۆرینەش بوون بەڵام لە کۆبوونەوەی نیقەدا پەراوێزخران و قوستەنتین ئاینی تەوحیدی تەبەننی نەکردو عەقیدەی سێ کوچکەی

تەبەننی کرد (باوك و کوڕو ڕووحی پیرۆز)[139]. باوك واتە: خوا باوکی عسایە، وە عیساش کوڕیەتی، وە ڕوحی پیرۆزیش خودایە بەرجستەبووە لە فەرجی مەریەمەو دواتر لەگەڵ عیسا یەکی گرتووەو تەبعی خودا لەگەڵ عیسادا یەکی گرتووە. پەنا بەخوا.

جا هەرچەندە زاناکانمان هیچ یەکێکیان ئەو تەفسیری ئاریۆسیانەیان بۆ ئەو دەقەی وتەی پێغەمبەر بەوە لێکنەداوەتەوەو کە هەمووشیان بللیمەت بوونە لە زمانی پێغەمبەرو هاوەڵان و مێژوودا، بەڵام کەسانێکی بەناو نوێخوازی خزمەتکاری عەلمانیەت هاتووە ئەو تەفسیرەی بۆ کردووە، کەوا ئەگەر بڕوایان بەخوداو بە محمد کرد صلی الله علیه وسلم ئەوە ئەجرێکیان بۆ هەیە، وە ئەگەر بوونە موسڵمان دوو ئەجریان بۆ هەیە، ئەمەش تێنەگەیشتنە لە خودی دەقەکەو بەکارهێنانی بۆ بەرژەوەندیە گلاوەکانی خۆیان، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە دەقەکە فەرمووی: أسلم تسلم، موسڵمانبەو سەلامەت ئەبی لە موڵك و نەفسی خۆت و سزای خوای گەورەو لە جەنگ کردن لەگەڵ ئیسلام، وە سەلامەت ئەبی لە کوفرو زەندەقێتی. وە لە کۆتایی ڕیوایەتەکەی موسلیم وەك ئیمامی نەوەوی جوانی شەرح کرد

[139] بڕوانە: (ئیمان و ئیلحاد هی مامۆستا عەلی باپیر)(ل٥٥١). وە تەفسیری نامی شەش بەرگەکەی مامۆستای مودەرڕیس. تەفسیری سورەتی آل عمران، لەوێ بەدرێژی هێناویەتی.

کەوا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: لە موڵکی نەوەی زەرد ئەترسێ، ئیتر هێندە پەرۆشی ئیمان و ئیسلامەتی نەبووە، وە ئەوەشمان باس کرد کە ئاینی نەصرانی وازی لە یەکتاپەرستی هێناو سێ کۆچکەی تەبەننی کرد. ئیتر لەوەوە دەرئەکەوێ کەوا هیرەقڵ و داروستەکەی خاچ پەرست بوونەو لەسەر تەوحیدی دینی نەصرانی نەبوونە. وە ئەوانەی کە پێیان وایە مەبەستی پێغەمبەر ئیقرارکردنی ئەجرێکی هیرەقڵە کە لەسەر مەزهەبی ئاریۆسیەکانە بە گومانی ئەوان ئەمە درۆیەکە بەدەم پێغەمبەرەوە صلی الله علیه وسلم چونکە لە کۆتاییی نامەکە فەرمووی: تاوانی ئەریسییەکان لەسەر تۆیە، ئەگەر ئەوەی ئێوە ڕاستبایە ئەبوایە بیگوتایە ئێوە ئەجرێکی خۆتان هەر یەو کێشە نیە لەسەر دینەکەی خۆتان بمێننەوە، ئەمەش بەدرۆخستنەوەی هەمو شەریعەتی ئیسلامە. بۆیە گومانەکەیان ڕاست نیە بگرە چەواشەکاریەکە کردوویانە، وە جگە لە نەزانەکانیش کەس بڕوایان پێ ناکات. وە بەتەنیا ئیمان بەخواو بە پێغەمبەرمان و ڕۆژی دوایی هیچ سوودێکی نیە بۆ خاوەنەکەی، چونکە خودی ئەم دەقەو ئایەت و فەرموودەکانی پێشووتر گشتی دەلالەتن لەسەر ئەوەی ئەبێ ئیسلامەتی قەبوڵ بکەن ئەگینا بەتەنیا ئیمان بەخواو بەڕۆژی دوایی و محمد صلی الله علیه وسلم هیچ دەورێکی نامێنێ، ئێمەش لێرە بەو بەناونوێخوازە عەلمانیانە ئەڵێین چونکە جێگای خۆیەتی پرسیار بکرێ مادەم هیرەقڵ و ڕۆمیەکان ئەگەر خاچ پەرست نەبوونە بۆچی خودا باسی تەحریفی ئینجیل و

عەقیدەی سێ کۆچکەو درۆو کوشتنی پەیامبەران و درۆو دەڵەسەی یەهودو نەصرانیەکانی بۆ لە قورئاندا ئەکرد؟ وە هەروەها بۆچی ئەصلەن سەروەرمان نامەی دەناردو تەوحیدی بلاو ئەکردەوە؟ وە بۆچی موسڵمانان ئیسلامیان بە ئەوروپا گەیاند؟ وە بۆچی موسڵمانان جەنگی قوستەنتینەی ئێستاکەی ئیستامبۆڵیان کرد، وە سەدەها جەنگی تر لە رۆژهەلات و رۆژئاواوە؟ ئەبێ گشت ئەمانە بەدرۆ بخەیەوە، بەدرۆ خستنەوەی ئەم هەموو حەقیقەتانەش کافربوون و مورتەددبوونە.

کۆتا بەڵگە بۆ ئەو گومانەیان شێخمان ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێ: "هیرەقڵ موڵکەکەی هەڵبژارد بەسەر ئیمانەکەیدا، وە بەردەوامیش بوو لەسەر ئەو گومراییەو شەڕی لەگەڵ موسڵمانان کرد لە جەنگی موئتە ساڵی ٨ کۆچی دوای ئەو بەسەرهاتە بێ لە دوو ساڵان، وە لە مەغازی ئیبن و ئیسحاق موسڵمانەکان گەیشتنە مەعان لە خاکی شام، وە هیرەقڵیش سەد هەزار موشریکی دابەزاند بۆ موسڵمانەکان، ئینجا باسی شەڕەکەشی کردووە. وە ئیبن و حیببان لە صەحیحەکەی خۆیدا لە ئەنەسەوە گێڕاویەتیەوە کەوا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لە تەبووکدا بۆ هیرەقڵی نوسی و بانگی کرد بۆ ئیسلامەتی، وە ئەویش نزیك بوو لە بەدەمەوەچوونی نوسینەکەی سەروەرمان کەچی بەدەمیەوە نەچوو ئیسلامەتی هەڵنەبژارد، جا ڕووکەشی ئەمە بەڵگەیە کەوا بەردەوامێتی

ئەوە لەسەر كوفر، بەڵام ئەشكرێ لەگەڵ ئەوەشدا ئیمانەكەی شاردبێتەوەو ئەو كارو كردەوە گوناهانەی ئەنجامداوە لەبەر ڕەچاو كردنی موڵكەكەی و لە ترسی نەكوشتنی لە لایەن گەلەكەیەوە، بەڵام لە موسنەدی ئیمامی ئەحمەد هاتووە كەوا لە تەبووك بۆ سەروەرمانی نوسیوە كەوا من موسڵمانم پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم فەرمووی: درۆ ئەكات بەڵكوو هەر لەسەر گاوری و نەصرانێتی خۆیەتی، وە لە كتێبی (الأموال) هی ئەبو عوبەیدی بە سەنەدێكی صەحیح لە موڕسەلی بەكری كوڕی عبد الله موزەنیەوە هەمان شت گێڕدراوەتەوە بەو لەفزە كە فەرموویەتی: درۆ ئەكات دوژمنی خوا، موسڵمان نیە، جا لەمەوە ئەوەی كە خاوەنی كتێبی (الإستیعاب) فەرموویەتی: ئیمانی هێناوە واتە: بەڕاستدانانەكەی دەرخستووە بەڵام بەردەوام نەبووە لەسەری، بەڵكوو ئەوەی ئەكرد لەبەر داخوازیەكانی و چاوتێ بڕینی لە موڵكەكەی، وە ژیانێكی فانی هەڵبژارد بەسەر ژیانێكی نەبڕاوەی هەمیشەیدا"[١٤٠].

گومانی دووەمی ئەو بەناو نوێخوازانە ئەو ئایەتەیە كە وازی لە هەموو ئەو ئایەت و فەرموودانە هێناوەو بە تەنیا ئەو ئایەتەو ئایەتەكەی تری ناو نامەكەی هیرەقلی كردووەتە بەڵگەی پووچێتی فیكرە بۆگەنەكەی، خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلنَّصَـٰرَىٰ

[١٤٠] (فتح الباري شرح صحيح البخاري)(ب١/ل٣٧).

وَٱلصَّٰبِـِٔينَ مَنۡ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا فَلَهُمۡ أَجۡرُهُمۡ عِندَ رَبِّهِمۡ وَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٦٢﴾[١٤١]، چەواشەکاری ئەمانە ئەلێرەدایە وایان لێکداوەتەوە کەوا: ئەگەر یەهودی و نەصرانیەکان لەگەڵ صابیئەکان بڕوا بەخواو ڕۆژی دوایی بهێنن و کردەوەی چاکە بکەن ئەوە پاداشتیان هەیە لە ڕۆژی دوایی و هیچ ترس و بیمێکیان لەسەر نیە. چەواشەی لەم ئایەتە کردووەو عەوامیش نازانێ مەسەلەکە باسی چی ئەکات و سیاقی ئایەتەکەو چۆنیەتی خیتابەکەی چۆنە، هەموو موفەسسیرەکان تەماشا بکەن بەو جۆرەیان لێکداوەتەوە: ئەوانەی کاتی خۆی لەسەردەمی ئاینی خۆیاندا یەهودی یان نەصرانی یان صابیئە بوون، ئەمانە هەموویان ئەگەر بەدەم ئیمانیان هێناوەو لە دڵیشەوە ڕاست بووبن و بەڕاستی باوەڕیان بەخوداو بەڕۆژی جەزا بووبێ و کردەوەی باشیان کردبێ، ئەوە پاداشتیان لای خوای خۆیانەو نە ترسیان هەیەو نە خەم، ئێستەیش کە ئاینی ئیسلام دوا ئاینە، ئەبێ هەموو موکەللەفێك ئیمانی پێ بهێنێ، چونکە ئاینەکانی لەوەو پێشی نەسخ کردووەتەوە. پوختەی مەبەست لەو ئایەتەش ئەوەیە چوونە بەهەشت و پاداشتی چاك تەنها بۆ پەیڕەوانی ئاینێکی تایبەتی نیە، بەڵکوو ئەهلی هەر ئاینێك لە ڕۆژو سەردەمی خۆیاندا ئەوەی بەڕاستی بووبێ پاداشتی چاکی لای خودایە. جا بەناو نوێخوازەکان حەقیقەتی تەفسیرەکەیان چەواشە کردووەو تەفسیریان کردووە هەتا ڕۆژی دوایی، ئەمەش بەدرۆ خستنەوەی دینی ئیسلامە.

---

[١٤١] سورة البقرة: ٦٢

وه سەبەبی دابەزینی ئایەتەکەش وەك ئیبن و کەثیر باسی لێوه کردووه کە ئەفەرمووێ: "ئیبن و ئەبی حاتەم بە سەنەدی خۆی لە موجاهیدەوە ڕیوایەتی کردووه کەوا سەلمانی فارسی فەرمووی: پرسیارم لە پێغەمبەر کرد صلی الله علیه وسلم سەبارەت بە دینێك کە لە مەوپێشدا لەسەر بوومەو باسی نوێژو پەرستشەکانی ئەوانم بۆ کرد، ئەوەبوو ئەو ئایەتە دابەزی کە باسمان لێوه کرد. وه سوددیش فەرموویەتی: ئەو ئایەتە دابەزیوه لەبارەی هاوەڵانی سەلمانی فارسیەوە لەوکاتەی کە لە بارەی هاوەڵانی خۆیەوە بۆ سەروەرمانی باس ئەکرد کەوا نوێژیان ئەکردو بەڕۆژوو ئەبوون و بڕواشیان بەتۆ هەبوو، وه شایەتیشیان ئەدا کەوا تۆ بە پێغەمبەر ئەنێردرێی، جا لەوکاتەی کە سەلمان لە قسەکانی بوویەوە لەو مەدح و ستایشەی کە بۆیانی کرد، پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم پێی فەرموو: ئەی سەلمان ئەهلی دۆزەخن، جا لەسەر سەلمان سەخت بوو بەبیستنی ئەو هەواڵە، ئەوەبوو خوای گەورە ئەو ئایەتەی دابەزاند، جا ئیمانی یەهودیەکان ئەوانە ئەگرێتەوە کەوا دەستیان بەتەوڕات و سوننەتی حەزرەتی موسا گرتبوو، هەتا حەزرەتی عیسا هات، جا کاتێ عیساش هات، ئەو کەسانەی کە دەستیان بە تەوڕات گرت و هەر شوێن سوننەتەکەی موسا کەوتن و وازیان لێ نەهێناو شوێن حەزرەتی عیسا نەکەوتوون ئەوانە بە هیلاك چوونە، وه ئیمانی نەصڕانیەکانیش ئەوانەی کە دەستیان بە ئینجیل و شەریعەتی عیساوە گرت (واتە: تەوحیدەکە) ئەوە ئیماندارن و قەبووڵ کراون هەتا محمد هات صلی الله علیه وسلم، جا ئەگەر

شوێن محمد نەکەون صلى الله عليه وسلم، وە واز لەوە نەهێنن کە لەوەو پێش لەسەری بوونە لە سوننەتی عیساو ئینجیلەکەی ئەوە بە هیلاك چوونە".(ئەو بەناو نوێخوازانە ئەڵێن ڕزگار بوونە، نازانین بە ڕاستی خواو پێغەمبەرەکەی و زاناکانی ئومەتەکەی بڕوا بکەین یان بە درۆکانی ئەمانە!).

وە ئیبن و ئەبی حاتەم لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە وێنەی ئەو ڕیوایەتەی گێڕاوەتەوە، جا ئیبن و کەثیر ئەفەرمووێ: "ئەم ڕیوایەتەی کە باس کرا دژایەتی ئەو ڕیوایەتە ناکات کە لە عەلی کوڕی ئەبو تەڵحەوە ئەویش لە ئیبن و عەباسەوە ڕیوایەتی کردووە کەوا لەبارەی ئەو ئایەتەوە فەرموویەتی: لە دوای ئەم ئایەتەوە خوای گەورە ئەو ئایەتەی دابەزاند ﴿وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٨٥﴾[١٤٢]، واتە: هەرکەسێ جگە لە دینی ئیسلام دینێکی تر هەڵبژێرێ بۆخۆی و پەیڕەوی بکات ئەوە لێی قەبووڵ ناکرێت لە دونیاو ئاخیرەت، وە بێگومان لە ڕۆژی دوایشدا لە خەسارەتمەندانەو جێگای دۆزەخە بەهەتایی. جا ئەمەی ئیبن و عەباس هەواڵدانە لەبارەی ئەوەی کەوا هیچ کەسێك ڕێگاو کردەوەکەی لێ قەبووڵ ناکرێ مەگەر ئیللا ئەبێ موافیقی شەریعەتی محمد بێ صلى الله عليه وسلم، دوای ئەوەی کە بەو شەریعەتەوە ڕەوانەی کرد، جا پێش ئەو

---

[١٤٢] سورة آل عمران: ٨٥

شەریعەتە هەموو کەسێ شوێن پیغەمبەرەکەی خۆی کەوتبێ لە سەردەمەکەی خۆیدا ئەوە لەسەر ڕێگای ڕزگاربوونە، یەهودیەکان کاریان بە شەریعەتی تەوڕات ئەکرد هەتا عیسا هات ئیتر لەسەر یەهودیەکان واجب بوو کەوا شوێن حەزرەتی عیسا بکەون. هەتا خوای گەورە پێغەمبەر محمدی نارد وەکوو کۆتایی پێەمبەران و پێغەمبەری هەموو ئادەمیزادەکان بە ڕەهایی، بۆیە پێویستە لەسەریان کە بەڕاستی بزانن لەوەی کە هەواڵی لەبارەوە داوەو گوێڕایەڵیشی بکرێ لەوەی کە فەرمانی پێ کردووە، وە خۆ دوور خستنەوەش لەو شتانەی کە قەدەغەی کردووە، جا بەڕاستی ئەمانە ئیمانداری ڕاستەقینەن"[١٤٣].

خۆشەویستمان لەو ڕیوایەتەدا فەرموویەتی: ( **ابن عمر هو قوله صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ :أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَشْهَدُوا أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ، وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ، وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ، فَإِذَا فَعَلُوا، عَصَمُوا مِنِّي دِمَاءَهُمْ، وَأَمْوَالَهُمْ إِلَّا بِحَقِّهَا، وَحِسَابُهُمْ عَلَى اللهِ)**[١٤٤]. واتە: فەرمانم پێکراوە کەوا لەگەڵ خەڵکیدا بجەنگێم هەتاوەکوو شایەتومان ئەهێنن کەوا هیچ خودایەك نیە بەحەق جگە لە الله نەبێ، وە محمدیش پێغەمبەری خوایە

---

[١٤٣] (تفسير إبن كثير)(ب١/ل٢٨٥) ط. دار طيبة

[١٤٤] بوخاری لە (صحيح البخاری)(ژ٢٥). وە موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ٢٢) لە ئیبن و عومەرەوە ڕیوایەتیان کردووە.

صلى الله عليه وسلم، وه هەتاوەكوو نوێژیش ئەكەن و زەكاتی ماڵی خواش ئەدەن، ئەگەر ئەمانەیان كردن ئەوە خوێن و ماڵیان لە من پارێزراو ئەبێ مەگەر ئیللا حەقێكی ئیسلامەتی لەسەریان بێ، وە حیسابی دڵیشیان لەسەر خودایە.

ئیمامی خەتتابی ئەفەرمووێ: "ئەم فەرموودەیە چەند لەفزێكی جیاواز زیادو كەم هاتووە، هەمووشیان صەحیحن، لەوانە فەرموودەی ئەبو هورەیرە كە لە عومەرەوە ڕیوایەتی كردووەو كاتێ كە وتەكەی خۆی كردە بەڵگە بەرامبەر ئیمامی ئەبو بەكر لە جەنگ كردنی زەكات نەدەرەكان كە ئەمە وتەكەیەتی: (**أمرت أن أقاتل الناس حتي يقولوا لا إله إلا الله، فإذا قالوها عصموا مني دمائهم وأموالهم إلا بحقها**). لێرە تەنیا فەرمانی پێكراوە كەوا بجەنگێ لەگەڵ خەڵكی هەتا شایەتومان ئەهێنن، ئەگەر ئەوەیان كرد ئەوجا پارێزراو ئەبن. ئەمەش فەرموودەیەكی كورتە كە باسی نوێژو زەكاتی تێدا نیە.

وە یەكێكی تر لەوانە فەرموودەی ئەنەسە لە پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم كە فەرموویەتی: (**أمرت أن أقاتل الناس حتي يشهدوا أن لا إله إلا الله وأن محمدا عبده ورسوله، أن يستقبلوا قبلتنا وأن يأكلوا ذبيحتنا، وأن يصلوا صلاتنا، فإذا فعلوا حرمت علينا دمائهم وأموالهم إلا بحقها**). لێرەشدا فەرمانی پێكراوە بە جەنگ تا شایەتومان ئەهێنن و ڕوو لە قیبلەی

ئێمە ئەکەن، وە سەربڕاوی ئێمە ئەخۆن، وە نوێژەکانی ئێمەش ئەکەن، ئەگەر ئەمەیان کرد ئەوە خوێن وماڵیان حەڕام ئەبێ لەسەرمان مەگەر حەقێکی ئیسلامەتی لەسەریان بێ.

وە یەکێکی تر لەوانە فەرموودەی ئیبن و عومەرە ئەوە کە زەکاتیش زیادکراوە...، جا ئەمە ڕاجیایی تەرتیب و ڕێکخستنە ئەگەر ئیعتیبارت بۆ کرد بە زەمان و کاتەوە، چونکە فەرزەکان شتێ شتێ دائەبەزین لە کاتە جیاوازەکان. جا فەرموودەی ئەبو هورەیرە کە عومەر ڕیوایەتی کردووە ئەمە حیکایەتی حاڵە سەبارەت بە یەکەم دەستپێکی ئیسلام و بانگەواز، چونکە لەوکاتە کورتکرابۆوە لەسەر وشەی شایەتومان، وە مافەکانیشی پارێزراو بووە لە شوێنی خۆیداو باسی لێوە نەکراوە، وە فەرموودەی ئەنەس و ئیبن و عومەریش تاخیرترن. پاشان گشت فەرموودەکان کە باسی شتانێکی زیادیان کردووە لەسەر ئەو سێ هەواڵە لە بەڕۆژووبوونی مانگی ڕەمەزان و پێدان و پێنج یەك لە مەڕو ماڵاتی باسکراو لە هەواڵی وەفدی عبد القیس ئەمانە دواتر هاتن، وە ئەوەش فەرموودەیەکی صەحیحەو گومان لە جێگیریەکەیدا نیە...، (وە حیسابیشیان لەسەر خوایە) واتە: لەوەی کە ئەیشارنەوە جگە لەو ئەحکامانەی کە لەسەریان واجبە دەری بێخن، ئەمەش بەڵگەیە کەوا ئەو کافرەی کە کوفری خۆی شاردووەتەوە دووچاری (ئەو جەنگە نابێ) ئەگەر بێت و ڕووکەشی حاڵی ئیسلامەتی بێ. وە تەوبەشی قەبووڵە ئەگەر بێتو

تەوبەکەی دەرخست لەو کوفرەی ئەیزانی کە گوتنی کوفرەو بڕواشی وابوو لە پێشدا، ئەمەش وتەی زۆرترینی زانایانە (کە تەوبەکەی قەبووڵە بەزاهیر نهێنیشی لەسەر خوایە)[145].

فەرمووده زۆرە بۆ ئەو بابە بەس کۆتا فەرمووده ئەهێنم کە ئەم ئیسلامە ئەگاتە هەموو شوێنێك پێیان خۆش بێ یانناا.

**(لَيَبْلُغَنَّ هَذَا الْأَمْرُ مَا بَلَغَ اللَّيْلُ وَالنَّهَارُ وَلَا يَتْرُكُ اللَّهُ بَيْتَ مَدَرٍ وَلَا وَبَرٍ إِلاَّ أَدْخَلَهُ اللَّهُ هَذَا الدِّينَ بِعِزِّ عَزِيزٍ أَوْ بِذُلِّ ذَلِيلٍ، عِزًّا يُعِزُّ اللَّهُ بِهِ الْإِسْلَامَ، وَذُلاًّ يُذِلُّ اللَّهُ بِهِ الْكُفْرَ)**[146] واتە: ئەم بانگەوازی ئیسلامە ئەگاتە هەموو ئەو شوێنانەی کە شەو و ڕۆژیان ئەگاتێ (واتە: هەموو جیهان)، وە خوای گەورە هیچماڵێکی نێو شارو دێهاتەکان و وڵاتەکان بەجێ ناهێڵێ

---

[145] بڕوانە: (أعلام الحديث في شرح صحيح البخاري للإمام أبي سليمان حمد بن محمد الخطابي (٣١٩هـ/٣٨٨هـ)(ب١/ل١٥٧). ط. جامعة أم القرى

[146] صەحیحە. ئەحمەد لە (مسند أحمد بتحقيق شعيب الأرنؤوط)(ب٢٨/ل١٥٤/ژ١٦٩٥٧). وە تەبەڕانی لە (مسند الشاميين)(ب٢/ل٧٩/ژ٩٥١). وە حاکم لە (مستدرك)(ب٤/ل٤٧٧/ژ٨٣٢٦). وە بەیهەقی لە (سنن الكبرى)(ب٩/ل١٨١/ژ١٨٤٠٠). لە میقدادی کوڕی ئەسوەدو تەمیمی داریەوە ڕیوایەتیان کردووە. ئیبن و حەجەری هەیثەمی ئەفەرمووێ: "تەبەڕانی و ئەحمەد ڕیوایەتیان کردووەو پیاوەکانی ئەحمەد پیاوانێکی صەحیحن". وە شوعەیب ئەڕنائوتیش ئەفەرمووێ: "سەنەدەکەی صەحیحە لەسەر شەرتی موسلیم".

ئیللا ئەم دینی ئیسلامەی پێ ئەگەیەنێ و دێنە ناو ئیسلامەتی جا بەعیززەت و شکۆمەندیەوە بێ یاخود بە زەلیلی و زەبوونیەوە بێ، شکۆمەندیەك کە خوای گەورە وا لەو کەسە ئەکات دینی ئیسلامی پێ بە عیززەت ئەکات بەهۆیەوە خۆشیان بەعیززەت و شکۆمەند ئەبن کە دینی ئیسلامیان قەبووڵ کردووە، وە زەلیلیەکیش ئەوانەی کە ڕەتی ئەکەنەوە ئیللا خوای گەورە بەهۆیانەوە خۆیان و کوفرەکەیان زەلیل و سەر شۆڕ ئەکات.

جا تەمیمی داری لە دوای ڕیوایەتی فەرموودەکە ئەفەرمووێ: "ئەوەم زانی هەر لە خانەوادەکەی خۆم، هەندێکیان موسڵمان بوون و تووشی خێرو شەرەف و شکۆمەندی بوون، وە هەندێکیشیان کافر بوون و تووشی زەلیلی و بچووکی و جیزیەدان بوون.

وە هەروەها ئەم بەناو نوێخوازانە زۆر گرینگی بە فرەیی ئایینەکان ئەدەن، بۆیە وا پێویست دەکات فەلسەفەی ئەو فرە دینیە باس بکەین بۆ بەرچاو ڕوونی موسڵمانان.

## فرەیی ــ التعددیە ــ Pluralism

خۆشەویستان: فرەیی کە بە پولورالیزم مەشهورە، بیردۆزێکی فرە دینییە، کاتی خۆی قەشەو فەیلسوفێکی بەریتانی کە جۆن هێکە پسپۆڕ بووە لە فەلسەفەی ئاینەکان، وە لەگەڵ بیریاری ئەڵمانی جۆن کارڵ ڕانەر کە زانایەکی لاهوتی ئەڵمانی بووە، توانیویانە فەلسەفەی فرە دینی بە کۆمەڵە چەمکێکی ڕازاوەو هەڵخەڵەتێنەر بخەنە بەر دیدی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بە ئامانجی ئەوەی سیستەمی عەلمانیەت بە پلەی یەکەم سەرکەوێ بەسەر گشت دیدو بیرو بۆچوونەکان، وە بە پلەی دووەمیش وەستاندنی شەڕی فیکری نێوان ئاینەکان، بەو پێیەی کە حەقیقەتی ڕەها بوونی نیە لە هیچ دیدو بۆچوون و ئاینێکدا، وەك عبد الکریم سروشی فارسی پێداگری لەم بیردۆزە ئەکات و کتێبێکیشی لەسەر داناوە بە نێوی (ڕێگا ڕاستەکان. صراطاها مستقیم) کە پێی وایە هەموو ڕێگاکان ڕاستە.

### نێوەڕۆکی فەلسەفەکە

جۆن کارڵ ڕانەر ئەڵێ: کە دەڵێ هیچ بەڵگەیەك نیە لەسەر شوێنکەوتنی دینەکان و نەجاتی هەریەکەیان، بەڵکوو ئاین ئەزموونی مرۆڤەکانە بۆ گەیشتن بە وجودی کائینێکی بەرز کە مەبەستیان خودایە، جا بەتەنها ئەو هەستەی بەرامبەر بەو ئەوە ئەزموونێکی دینداریە، گرینگ نیە لای یەکتایە یاننا، هاوبەشی هەیە یان نا، هاوبەش وەردەگرێ یاننا، لەگەڵ جەستەی تر

تێکەڵ دەبێ یاننا، بەوانەشی گووتووە تەجەللیات، واتە: دەرکەوتنەکان هەر ئاینەو بەجۆرە ئەزموونێك وێنەی خودای کردووەو بەو جۆرە بۆی دەرکەووتووە، جا ئەگەر ئەمە کاکڵەو نێوەڕۆکی دین بێ ئەوە یەکسانە لای ئیسلامیەکان و گاورەکان و یەهودیەکان و هیندۆسیەکان و غەیری ئەمانەش، هەتا لە هەندێ وتەیدا ئاماژەی بە مارکسی و غەیری ئەویش کردووە کەوا ئەوانەش جۆرێکە لە ئەزموون و گەیشتن بە کائینێکی بەرز، بۆیە لای ئەو هەموو ئەو ئاین و بیروبۆچوونانە گشتی ڕزگاربوونە لە ئاگری دۆزەخ لە ڕۆژی دوایی. ئەم وتانەشی بەکۆمەڵێك گومانی فەلسەفی و مێژوویی خستووەتە بەر دیدی خوێنەران.

وە جۆن هێکیش ڕەفزی فەلسەفەی مەسیحی ئەکات و پێی ڕاست نیە، چونکە وا هەست ئەکات کەوا خودا جیاوازەکانی جیهان زۆر بە سادەیی ڕێگایان جیاوازە بۆ سەیرکردنی مەسەلەی خودا، ئەمەش لە دەرەنجامی بیرکردنەوەی دیاریکراودا لە چینەکاندا بەهۆی شارستانیەتیەکانەوە، وە موحازەرەیەکیشی لە تەهرانی ئێران داوە لە ساڵی ٢٠٠٥ز، ئەوەی دڵنیا کردەوە کەوا مەسیحیەت و ئیسلام دوو ئاین پشت بە وەحی دەبەستن، واتە: هەر دوو ئایینەکە پشت بە کتێب دەبەستن، وە ئەڵێ: قورئانی پیرۆز وەحی کراوە بۆ پێغەمبەر محمد ـ صلی الله علیە وسلم، وە کتێبی پیرۆزیش وەحی کراوە لە ڕێی چەندین کتێبەوە، وە هەردوو کتێبەکەش لە ڕێی

لەوحلمەحفوزەوە عەبرِ ئەبن هەروەك قورِئان ئاماژەی پێداوە، جا هێك پێی وایە تەورِات و ئینجیل دەستكاری كراون لە چەندین شوێنیش دژایەتی قورِئان ئەكەن

## حەقیقەتی ڕەهاو ڕێژەیی.

عبد الكریم سروش و ئەو دوو بەرِێزەی سەرەوەو پەیرِەوانیان پێیان وایە لەهیچ دینیك و مەنهەجێكدا ئەگەر چی ئەو دینە مەزنترین دینیش بێ بۆ نموونە وەكوو ئیسلام هەموو ئەو زانیاریانەی كە هەیانە، وە ئەو تەصەورِاتانەی كە لەبارەی خواو ڕۆژی دوایی و دین و دونیا هەیە حەقیقەتێكی ڕێژەییە، واتە: ناكرێ هەموو جیهان لەحەقیقەتێكی ڕێژەییدا پابەند بكرێ، چونكە ئەو حەقیقەتە ڕێژەییە لە دەرەنجامی ئەزموونی كەسە دیندارەكانەوە سەرچاوەی گرتووە، هەر دینەو بانگەشەی حەقیقەتی خۆی دەكات واتە پێی حەقەو پێی حەقیقەتە، ئایا ئەم فەلسەفە بۆ گەنەیان تا چەند ڕاستەو مەقبولە لای خودی ئاینەكان؟ بێگومان ڕەفزە چونكە هەر ئاینەو شتەكانی خۆی پێ حەقیەتێكی ڕەهایەو گومانی تێدا نیە، لەوەوە بانگەشەی فەلسەفەكەیان هەر لە بنەرِەتدا قەناعەت بە ئاینەكان ناكات كە لە كۆتایدا هەموویان ڕزگاربوونە، چونكە كەسێكی نەصرِانی پێی وایە جگە لە باوەرِ هێنان بە یەكێ لە سێیەكەو لەناو ئاو هەڵێنجانی كەسەكە ئیتر ڕزگاری نابێ، یەهودیش وایە، ئیسلامیش وایە، بەهەمان شێوە بوزی و

هیندۆسی و ئاینەکانی تریش، ئیتر فەلسەفەکەیان خۆ هەڵخەڵەتێنەرەو بانگەشەی کۆکردنەوەیانە لە یەك چەتردا ئەویش چەتری هەمووتان ڕزگار دەبن ئیتر هەرچی هەیت.

## مەترسی ئەو فەلسەفەیە

بەر لەوەی باسی مەترسیەکەی بکەین بێگومان دینی ئیسلام باسی تەسامحی ئاینەکانی کردووە بەپێی زەوابیتی خۆی، وە زۆر لە کەسیش ناکات بێتە ناو بازنەکەی، وە ئەو لێبوردەییەی کە لە دینەکەماندا هەیە لە هیچ ئاینێکی تردا نایدۆزیەوە، جا با بێینە سەر مەترسی ئەو جۆرە فەلسەفەیە لەڕوانگەی دینی ئیسلامەوە، خوێنەرانی بەڕێز ئەم فەلسەفەیە کوفرە چونکە بەدرۆخستنەوەی خوداو پێغەمبەرە ـ صلی الله علیە وسلم، چۆن؟

ئەوان ئەڵێن حەقیقەتی ڕەها بوونی نیە لە هیچ ئاینێك و هیزرێکدا، ئێمەش ئەڵێین: بووەستن لەسەرخۆ، ئاینی ئیسلام ئاینی خوڕافی و بێ سروشتی و بێ عەقڵی نیە، بەڵکوو دەستلەملێی گشت ئەمانەیە، وە ئێمە حەقیقەتێکی ڕەهامان هەیە کە قوڕانی دەستکاری نەکراو و پارێزراوە، وە پێغەمبەرێکی ڕاستگۆی ئەمینمان هەیە، وە لەگەڵ ئەوەش فەرموودەمان هەیە کە ئەو فەرموودانەش بە سەنەد گێڕدراونەتەوە هەر لەدوای پێغەمبەرەوە تا سەدەی پێنج سەدی کۆچی، وە هەر لەسەردەمی سێ سەد

ساڵەکە ئەو فەرموودانە کۆکراونەتەوەو قسە لەسەر پیاوی سەنەدەکانی فەرموودەکان کراوە لە ڕووی ڕاستی و زەعیفی و درۆیی فەرموودەکانەوە، ئەوانەی ئەو کارەشیان کردووە لە لوتکەی حیفزی مێشکیدا بوونە، وە لە لوتکەی دەستپاکی و ئەمینیدا بوونە، لەوەوە هەموو ئەو شتانەی کە پێمان گەیشتووە بە حەقیقەتێکی ڕەهای دەزانین، بەتایبەتی موعجیزە دەراسای قورئان کە گەورەترین حەقیقەتی ڕەهای خوای مەزنەو خەڵاتی گەورەترین کەس کراوە کە محمدە ـ صلی الله علیه وسلم، بۆیە ئەوەی لە دینی ئیسلامدا ڕوونکراوەتەوەو بەڵێنی پێدراوە زۆریان لەڕابووردوو هاتوونەتە جێ، وە لەمەودواش بێ شك دێنە جێ، ئەمەش بە شایەتی هەزارەها زانای خواناس و پاك. بۆیە تاکە دینە بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئاینەکان لە ژێر چەتریدا، وە ئاینێکە ئاینی یەکتایی خودای مەزنە، وە ئاینێکە ئەو دڵنیاییەی داوەتە مرۆڤەکان بە پێی دەقەکانی ئایات و فەرموودە کەوا ئەوەی بڕوا بە دینی ئیسلام و خواو پێغەمبەرەکەی و شەریعەتەکەی نەکات ئەوە لە ڕۆژی دوایی ڕزگاری نابێت، ئیتر هەر بانگەشەیەك دەکەی دەربارەی ئەو فەلسەفە پووچە ئەوە چ لە ڕوانگەی ئیسلامەوە وە چ لە ڕوانگەی ئاینەکانی ترەوە ئەوە قەبوڵکراو قەناعەتپێکەر نیە، وە ئەوەش بزانە ئەوەی لە شارستانێتی پێغەمبەرانەوە ڕوویانداوە شەڕێکی فیکری بووە لە دژی بتپەرستی و هاوبەشدانان بۆ خوای مەزن، وە پەیوەستکردنی دڵیان بەخوای ڕەهای بەدیهێنەر، کەوا ئەم گەردوونە بێ بەدیهێنەر نابێ، بێ ئاین نابێ،

بێ پەیڕەو نابێ، بێ ڕێبەر نابێ، بێ ژیانێکی نەمر نابێ کەوا ژیانێکی هەتایی چاوەڕێیانە ئەویش زیندووبوونەوەیە لەدوای مردن، ئیماندارە یەکتاکانی هەر ئاینێك کە بەر لە ئاینێکی تر هاتوونەو بەگەر پێغەمبەرەکەیان کەوتوونەو بەو مەرجەش لەسەر ئیمانەکەشیان مابێتنەوە ئەوە ڕزگاریان دەبێ. دوا ئاینیش ئیسلامەو هەموویانی نەسخ کردووەتەوەو ئەوەی بڕوای پێ نەبێ و نەیەتە ناو بازنەکەی زەرەرمەندی دونیاو دوارۆژەو دۆزەخێکی هەتایی چاوەڕێیەتی.

ئەوەی لێرە مابێتەوە تەنیا پرسیارێکە: ئێوەی عەلمانی چیتان پێشکەش بە مرۆڤایەتی کرد[147]؟

---

[147] https://ar.m.wikipedia.org/wiki/جون_هيك

## گوتنی ئیماندارم إن شاء الله

**وإذا وجد من العبد التصديق والإقرار صحَّ له أن يقول: أنا مؤمن حقاً، ولا ينبغي أن يقول: أنا مؤمن إن شاء الله.**

جا ئەگەر لەبەندەدا بەڕاستزانین و دانپێدانان هەبوو ئەوە دروستە بڵێت: من بەڕاستی ئیماندارم، لەبەر تەحقیقکردنی ئیمانەکەی، وە نابێ بڵێت: من ئیماندارم إن شاء الله، لەبەرئەوەی ئەگەر لەبەر گومان بێ ئەوە بێگومان کافرە، وە ئەگەر لەبەر ئەدەب بێ، وە کاروبارەکەش بداتە لای ویستی خوای گەورە، یاخود گومانی لە چارەنووس و دەرەنجامی خۆی هەبێ نە لە ئێستاکە، وە نە لە کاتێك لە کاتەکان، یاخود بۆ تەبەڕڕوك وەرگرتن بێ بۆ زیکری خوای گەورە، یاخود بۆ بەری کردنی نەفس لە تەزکیەکردن و سەرسامی بوون بە حاڵی خۆی، جا ئەوەی شایەن بێ واز لێهێنانی (ئەو إن شاء الله یەیە) لەبەرئەوەی وەهمی گومان و شەك ئەکات، هەربۆیەش فەرمووی: "نابێ" بێ ئەوەی بڵێت: "دروست نیە". لەبەرئەوەی ئەگەر لەبەر گومان نەبێ ئەوە دروست نەبوون مانایەکی نامێنێ، چۆن لە کاتێکدا زۆرینەی سەلەفی صاڵحیش هەتا هاوەڵان و تابیعیش بۆ ئەوە چوونە کەوا دروستە، ئەمەش وەکوو ئەم وتەیە نیە کە ئەگوترێ: من گەنجم إن شاء الله، لەبەرئەوەی گەنجێتی لە کردەوە بەدەستهاتووەکان نیە، وە لەوانەش نیە کە تەصەوڕی مانەوەی بکرێ لە چارەنووس و ئێستاکەدا، وە لەوانەش نیە کە

به تەزکیەی نەفس و سەرسامی بەخۆبوون بەدەست بیٚ، بەڵکوو وەکوو وتەی تۆیە: من زاهیدو تەقوادرام إن شاء الله.....، وە لە هەندیٚ لە ئەشعەریەکانیش نەقڵکراوە کەوا دروستە بگوتریٚ: من ئیماندارم إن شاء اللە، ئەمەش بە بیناکردن لەسەر ئەو عیبڕەتەی کە لە ئیمان و کوفرو خۆشبەختی و بەدبەختیدایە لە چارەنوسدا، هەتا ئیمانداری خۆشبەخت ئەو کەسەیە کە لەسەر ئیمان بمریٚ، ئەگەرچی بە درێژایی تەمەنیش لەسەر کوفرو سەرپێچیدا بیٚ، وە کافری بەدبەختیش ئەوکەسەیە کەوا لەسەر کوفر بمریٚ پەنا بەخوا، ئەگەرچی بەدرێژایی تەمەنیش لەسەر بەڕاستزانین و خواپەرستی و گوێڕایەڵیدا بیٚ"[148].

وە شێخمان ئیمامی نەوەوی ئەفەرمووێ: "تاقمێك گوتیان: ناڵێن من ئیماندارم، با کورتی بکاتەوە لەسەر ئەوەندە بەڵکوو ئەڵێن: من ئیماندارم إن شاء اللە، وە ئەم مەزهەبەش هەندیٚ لە هاوەڵانمانەوە گێڕاویانەتەوە لە زۆرترینی هاوەڵانمان لە موتەکەللیمینەکان، وە ئەوانی تریش وای بۆچوونە کەوا دروستەو نەشڵێن إن شاء اللە، جا ئەمەش هەڵبژێردراوە، وە وتەی لێکۆلەرانە، وە ئەوزاعی و غەیری ئەویش وای بۆچوونە کەوا هەردووکیان دروستەو هەموویان ڕاست و دروستن بە ئیعتیباری جیاواز جا هەرکەسیٚ وتی من ئیماندارم ئەوە سەیری حاڵ ئەکریٚ و ئەحکامی ئیمانێتی بەسەر حاڵدا

---

[148] (شرح النسفي للتفتازاني)(ل٥٣٤).

جێ بەجێ ئەکرێ، وە هەرکەسێکیش بڵێتن: إن شاء الله گوتویانە: ئەوە یان بۆ تەبەڕڕووکە، یانیش بە ئیعتیبار بە مەبەستی چارەنووسە لەوەی کە خوای گەورە تەقدیری بۆ کردووە، چونکە نازانێ لەسەر ئیمان جێگیر ئەبێ یاننا، پوختەی وتە ئەوەیە سەرپشك بوون لە گوتنەکەی چاك و دروستە بە تێڕوانینی هەردوو وتەکەی یەکەمین، وە بۆ بەرزکردنەوەی حەقیقەتی ئەو خیلافەش. وە سەبارەت بەکافر ئەوە خیلافێکی نامۆی تێدایە بۆ هاوەڵانمان هەندێکیان گوتویانە: ئەوە کافرەو ناگوترێ إن شاء الله، وە هەندێکی تریان گوتویانە: ئەوە لە قەیدو کۆتدایە وەکوو موسڵمان هەروەکوو ڕابوورد، جا لەسەر وتەی کۆتدا ئەگوترێ: ئەوە کارە إن شاء الله بە سەرنجدانی کۆتایی و عاقیبەت چونکە نەزانراوە، وە ئەم ڕایەش هەندێ لە لێکۆڵەرەکان هەڵیان بژاردووە والله أعلم.

وە مەزهەبی ئەهلی حەقیش ئەوەیە: کەوا هیچ کەسێك لە ئەهلی قیبلە تەکفیر ناکرێت بەهۆی گوناهێکەوە، وە ئارەزووپەرستەکان و بیدعەچیەکانیش تەکفیر ناکرێت، وە هەرکەسێکیش ئینکاری شتێکی زەڕوریات بکات لە دینی ئیسلامدا ئەوە بڕیاری کافربوون و هەڵگەڕانەوەی بۆ ئەدرێ مەگەر ئیللا تازە موسڵمان بووبێ یاخود لە دەشت و شیوێکی دووردا پێگەیشتبێ، وە وێنەی ئەوەش کە ئەو زانیاریەی لەبارەوە نەبوو ئیتر ئەمەش فێر ئەکرێت و پێی ئەگوترێ، جا ئەگەر لەسەری بەردەوام بێ ئەوە

بڕیاری کوفری بۆ ئەدرێ، بەهەمان شێوە ئەوکەسەی کەوا زیناو ئارەق و کوشتن و غەیری ئەمانەش لە حەڕامکراوەکان حەڵاڵ ئەکات ئەوکەسەی کە زانینی حەڕامێتی ئەمانە زەڕوڕین (کە هیچ کەسێك نابێ خۆی لێ نەزان بکات)[١٤٩].

[١٤٩] (صحيح المسلم بشرح النووي)(ب١/ل١٥٠) ط. دار إحياء التراث العربي

## چارەنووس

**والسعيد قد يشقى، والشقي قد يسعد، والتغيير يكون على السعادة والشقاوة دون الإسعاد والإشقاء، وهما من صفات الله تعالى، ولا تغير على الله تعالى ولا على صفاته.**

کەسی خۆشبەخت ئەو کەسەیە هەر لە سکی دایکیدا نوسراوە کە خۆشبەختە، وە بەدبەختیش ئەو کەسەیە هەر لە سکی دایکیدا نوسراوە کە بەدبەختە، بەڵێ کەسی خۆشبەخت لە دوای ئەوەی کە ئیمانی بەخواو پێغەمبەرەکەی هێنا صلى الله عليه وسلم ئینجا هەڵگەڕایەوە لە دینی ئیسلام بۆیە خۆی خستە ناو سزای بەدبەختیەوە، وە بە هەمان شێوەش کەسی وا هەیە کافرەو ئیمان ئەهێنێ بۆیە لە بەدبەختیەوە نەقڵی خۆشبەختی ئەبێ بە ویستی خوای مەزن.

وە گۆڕانیش لەسەر خۆشبەختی و بەدبەختی ئەبێ بێ ئەوەی گۆڕان لە خۆشبەخت کردن و بەدبەخت کردن ڕووبدات، چونکە دوو سیفەتی خوای گەورەن، وە هیچ گۆڕانێکیش بەسەر خواو سیفەتەکانی نایەت، ئیمامی تەفتازانی ئەفەرمووێ: "خۆشبەخت کردن پێکهێنەری خۆشبەختیە، وە بەدبەخت کردنیش پێکهێنەری بەدبەختیە، باسمان لێوە کرد کەوا قەدیم نابێتە مۆڵگەی بەدیهێنراوان (واتە: سیفەتی قەدیمیەتی خودا بگۆڕدرێ لەگەڵ گۆڕانی بەدیهێنراوان). جا ئەوەی حەق و ڕاستیش بێ هیچ خیلافێکی

له مانادا نیه لەبەرئەوەی ئەگەر مەبەست بە ئیمان و خۆشەبەختی تەنیا بەدەستهێنانی مانا بێ ئەوە بە دەستهاتووە لەو کاتەدا، وە ئەگەر مەبەستیش ئەوەی کە ڕزگاربوون و بووربوومی لەسەر ڕێك ئەخرێ ئەوە بە ویستی خوای گەورەیە، هیچ یەکلایی کردنەوەیەکی تێدا نیە بۆ بەدەستهێنانی لەو کاتەدا، جا هەر کەسێ یەکلایی کردەوە بە بەدەستهێنان ئەوە مەبەستی یەکەمە، وە هەرکەسێکیش حەواڵەی لای ویستی کرد ئەوە مەبەستی دووەمە"[١٥٠].

---

[١٥٠] (شرح النسفی للتفتازانی)(ل٥٣٩).

## ناردنی پەیامبەران

**وفي إرسال الرسل حكمة، وقد أرسل الله رسلاً من البشر إلى البشر مبشرين ومنذرين ومبينين للناس ما يحتاجون إليه من أمور الدنيا والدين.**

وە لە هەناردەکردنی پەیامبەرانیش حیکمەت و دانایەتی خۆی هەیە بۆ ڕێنیشاندانی بەندەکانی خوای گەورە ڕەوانە ئەکرێن بۆ شا ڕێگای مەعریفەی خواناسین و خۆناسین و خەڵك ناسین و مەعریفەی وجود، بێگومان خوای گەورە پێغەمبەرانێکی هەر لە ڕەگەزی بەشەردا بۆ مرۆڤەکان ناردووە تاوەکوو موژدەی بەهەشتیێیان بدەنێ ئەگەر بێت و گوێڕایەڵی خواو فروستادەکان بکەن، وە ئەشیان ترسێنن بە سزاو خەشمی خوایی ئەگەر بێت و شوێن ڕێبازی پەیامبەران نەکەون و دۆزەخ جێگەو مەکانیان ئەبێ لە دواڕۆژدا، وە کەسانێکی هێندە مەزنن خوای گەورە ئەیاننێرێ تاوەکوو کاروباری دین و دونیای خەڵکی ڕوون بکەنەوەو فێری یاساکانی ژیانیان ئەکەن لە ڕێژنەی ویلایەتی پەیامبەرانەوە کە هیچ سەفسەتەیەك و لێڵی بیرو هیزرێك ناتوانێ بگاتە یەك حەقیقەتی پێغەمبەرایەتی، چونکە نوورەکەی لە خواوە هاتووەو سەرچاوەکەی خوایە، ئەمما بیروبۆچوونە سەفسەتیەکان و فەلسەفە لێڵەکان و یاسا مرۆڤیەکان هەرگیز ناتوانن بەو حەقیقەتە درەخشانە بگەن کە پەیامبەران پێی گەیشتوون، چونکە ئەمان لە

ئیستیدلالی نەزەرِیەوە گەیشتوون بە ئیستیدلالێکی کرداری، لە تێرِوانین لە وجودو خوداو خودو خەڵکەوە کە ئیستیدلالێکی نەزەرِیە گەیشتوون بە پلەی کەماڵی مەعریفەی خوداو وجوودو خودو خەڵك بە ئیستیدلالی کرداری، ئەمەش بەخەڵاتکردنی پەیامی ئاسمانی و بینینی فریشتەو قسەکردن لەگەڵ بەدیهێنەری گەردوون و فێرکردنیان لە لایەن خوداوە، بۆیە هەرگیز ئەمە لەگەڵ فەلسەفەیەکی پووچی زیهن تێکەڵاوی مرۆڤ بەراورد ناکرێت، ئەمما ئەو عەقڵەی کە تێرِا ئەمێنی لەم وەحی پەیامبەرێتیە لەوێوە ئیستنباتی بورِهان و دەلالەتی نەزەرِی و کرداری ئەکات ئەمە زەمکراو نیە بەڵکوو ئەمە ئەو خواستەیە کە خودا رِێزی لە عەقڵی مرۆڤ ناوەو سوپاسی کردووە وەك لە پەیامە نورانیەکەی خۆیدا تەئکیدی لەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤ داوە تاوەکوو قەتیس نەبێ، وە لە چەندەها شوێنیش باسی عەقڵی مرۆڤی کردووە، ئەمانەش گشتی ئەوە دەرئەخەن کە عەقڵ لای خودا پێگەیەکی دیاریکراوی هەیە بەڵام ئەوەندە هەیە ئەبێ ئەو عەقڵە زەبت بکرێت لەسەر کۆدەکانی وەحی پەیامبەران، چونکە وەحی کۆدانێکی مەزنی نوورانی قەدیمی خوای گەورەن، جا بەتێرِامان لەو کۆدانە مرۆڤ تواناکانی بیرو عەقڵی زیاتر بەگەرِ ئەخرێ و توانای ئیستنباتی زیاتر ئەبێ، بۆیە هەتا ئەو سەرچاوە زوڵاڵە هەبێ حەیف مرۆڤ دەستەمۆی فەلسەفەکانی گریگ و یۆنانی و ئەوانی تر بێ.

## موعجیزە

**وأيدهم بالمعجزات الناقضات للعادات.**

وە بە موعجیزە بە دەر لە عادەتەکانی پشتگیری ئەو پەیامبەرانەی کردووە، یەکێ لەو هۆکارانەی کە پەیامبەران وەك تەحەددا بەرامبەر کافرو بێ بڕواکان بەکاریان هێناوە موعجیزەیە کە لە کوردیشدا پێی ئەگوترێ: پەڕجوو یان بەدەر لە عادەت، چونکە شتێکی عادەتی نیە تا خەڵك ئولفەتی پێوە گرتبێ، بەڵکوو شتێکە لەسەرووی ژیری مرۆڤەو مرۆڤ لەبەردەمیدا بێ دەسەڵاتە، جا موعجیزەی پەیامبەران و وەحی ئاسمانیەکان هۆکارێکن بۆ جیابوونەوەی پەیامبەران لە فەیلەسووفان و دانایان و ئەولیاکان، هەرچەندە ئەولیاکانی خوداش کەڕامەت لەسەر دەستیان ڕوو ئەدات، بەس ئەوان بۆ تەحەددی نیەو بانگەشەی پێغەمبەرایەتی پێوە ناکەن، جا ئەگەر بێت و ئەو بانگەشەیە بکەن ئەوە کافرو زەندیقن.

موعجیزەو فیزیا، وە یاساکانی گەردوون حەتمی و نەگۆڕ نین.

بۆ نموونە: ٢+٢=٤ ئەمە شتێکی حەتمیە لە دونیاو دوارۆژ، بەڵام سوتانی ئاگرو گەرمی خۆرو وێنەی ئەمانەش یاساکانیان گشتی ئیحتیمالین، ئەکرێ یاساکە بگۆڕێ، بۆ نموونە نەسووتانی حەزرەتی ئیبڕاهیم لە نێو ئاگردا بەبێ ئەوەی هیچ دژە سوتانێکیشی لەبەر بووبێت، وە هەروەها ئێمە

زانیومانە ئاو لە نێو چیاکان و ناخی زەویدا دێتە دەرەوە بەڵام دەرچوونی لە نێو پەنجە پیرۆزەکانی سەروەرمان وەك کانی ئەمە گۆڕانی یاساکەیەتی، وە هەروەها دەرچوونی حوشترەکەی صالح پێغەمبەر (علیە السلام) لە نێو بەردەکەو گۆڕانی عەصاکەی موسا بە مارو وێنەی ئەمانیش لە شتە عادەت بەدەرەکان گشتی ئیحتیمالی ئەو یاسایانەمان بۆ ئەسەلمێنێت، وە هەروەها زانراوە کە ئێمەی مرۆڤ لەسەر زەوی هاتووچۆ ئەکەین جا ئەکرێ دروستکراوانێکی تر لە هەسارەکانی تری گەردوون هەبن و ئەوان لە هەوادا هاتوو چۆ بکەن بەبێ هیچ ئامێرێك، جا ئەگەر بێت و کەسانێك لەوان بێنە سەر زەوی ئێمە ببینن بەم شێوەیە ئەوە سەرسام ئەبن چۆن ئەمانە لەسەر زەوی ئەڕۆن، وە ئەگەر بێت و ئێمەش بڕۆینە شوێنی ئەوان بەهەمان شێوە سەرسام ئەبین چۆن ئەتوانن بەبێ هیچ هۆکارێك وەکوو فڕۆکەو وێنەی فڕۆکەش لە هەوایە هاتووچۆ بکەن. وە من باسی جنۆکەو فریشتە ناکەم کە بەبێ هیچ هۆکارێك لە زەوی و هەوادا هاتووچۆ ئەکەن، چونکە ئەمە لە دیدگای ئەدیانەکانەوە هاتووە هەر بۆیەش ئێمە لێرەدا نایکەینە بەڵگە بۆ باسەکەمان. وە هەروەها ئەم لینکانە داگرەو سەیریکە بزانە ئەم پیاوەو دەیان کەسانی تریش وەکوو ئەو کە خۆڵ ئەخۆن هەروەکوو ئەوەی کە نان ئەخۆن و هیچیشیان لێ بەسەر نایەت، وە هەروەها میشێل لۆتیتۆ کە پیاوێکی فەڕەنسیە لە دایك بووی ١٩٥٠زاینیە، ئەم پیاوە هەموو شتێك ئەخوات جگە لە هێلکەو مۆز نەبێت ئەمەش لەبەر ئەوەی دووچاری

نەخۆشی ئەکات، کەسێکی بەدەر لە عادەتە، ئەتوانێ ئاسن و شوشەو پلاستیك و چەندین شتی نامۆی تر بخوات، جا ئەگەر یاساکان حەتمی بان ئەو کاتە ئەمانە هەر زوو تووشی کارەسات ئەبوون، وە زاناکان سەرسام و بێ دەسەلاتن لەوەی کەوا ئەم حاڵەتانە ڕاڤە بکەن بۆ خەڵکی. چونکە ئەگەر یاساکان حەتمی و نەگۆڕ بوونایە ئەو کاتە لەگەڵ خواردنی خۆڵ و ئاسن و شتەکانی تر جگە لە خۆراك یەکسەر دووچاری مردن یاخود نەخۆشی ئەبوون، بەلاّم من وا ئەبینم ستیڤن هاوکینگ و پەیڕەوانی ئەویش هەم خۆیان هەڵخەڵەتاندووە هەمیش خەڵکی، ئەمان چۆن لەو ئاستە زانستیە توانیویانە یاسای حەتمی بۆ زانست دابنێن، خۆشەویستەکەم هەر بۆیەش بە درۆی ئەو زانا فیزیاییە مولحیدانە خۆت گومڕا مەکە کە پێیان وایە یاسایەکی نەگۆڕی فیزیایی لە نێو ماددەکاندا هەیەو خۆی خۆی بەڕێوە ئەبات، پاکی و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی کە دروستکەری ماددەو یاساکانەو گۆڕان بەسەر ماددەکان و یاساکاندا ئەهێنێ، تەنها زاتێك لەم گەردوونە هەیە کە حەتمی و ڕەهایە ئەویش خوای پەروەردگارە، کە دانەری یاساکانە. وە هەروەها دکتۆر محمد باسل طائی ئەفەرمووێت: "یاساکانی گەردوون واجیب و پێویست نین بەڵکوو گشتی ئیحتیمالیە، هەروەکوو لە بیردۆزی کوانتۆم میکانیکی ئەوە سەلمێنراوە کەوا ئەکرێ ئەم یاسایانە بگۆڕدرێن"[١٥١].

---

[١٥١] بڕوانە: mwM٥https://www.youtube.com/watch?v=kl_FHEA

جا موعجیزەش ئەو یاسایە تێك ئەشكێنێ. با پرسیارێك بكەین: بۆ نموونە دوو كەس بچنە ناو دۆزەخ لە تەنیشت یەكیشەوە بن، دەستیان لە ناو دەستی یەكتریش بێ یاخود باوەشیش لە یەكتری بگرن، ئایا خوای گەورە ئەتوانێ یەكێكیان نەسووتێنێ ئەوەكەی تر بسووتێنێ؟ بێگومان ئەڵێی بەڵێ، باشە منیش ئەپرسم، پەردەیەكی نەسووتێنەری بەبەر ئەوەكەی تردا كرد یان گۆڕانی لە یاسای سوتاندا كرد؟ ئەگەر بڵێی پەردەی بەبەردا كرد ئەوە خودی ئاگرت كردە سووتێنەرو لە توانای خوا نیە سوتان لە ئاگر بستێنێتەوە بەمەش سوتانت كردە یاسایەكی حەتمی ئەمەش هەڵەیەو پێچەوانەی بیروباوەڕی ئەهلی سوننەیە، بەڵكوو ئەو مەوقیعەی كە كەسەكە لەوێیە گۆڕان لە زەڕڕاتی ئاگر ڕوو ئەدات بەوەی كە توانای سوتاندنی ئەو كەسەی نەبێ، وە ئەو كەسەش كە لە باوەشیەتی شوێنی ئەو گۆڕانی لێ ڕوو نادات و ئەوی ئەسووتێنێ و ئەمیش ناسوتێنێ، وە ئەگەر هەردوو كەسەكە بەدەوری یەكیش بەناو ئاگرەكە بسوڕێنەوە هەر حەرەكەیەك كە كەسی نەسووتاو ئەیكات شوێنی لەگەڵ سوڕانەوەكەی ئاگرەكە نایسووتێنێ و خەرقی یاساكە ئەكات خوای مەزن، جا ئەوەی حەرزەتی ئیبڕاهیمیش هەروابووە كاتێ فڕێیاندایە ناو ئاگرەكە، وە كاتێكیش ئەبو موسلیمی

---

الطبيعيات في علم الكلام.

https://www.youtube.com/watch?v=QENtYGLzhg١ (يأكل التراب)،

https://www.youtube.com/watch?v=QENtYGLzhg١ (الرجل الذي يأكل كل شيء).

خەولانی گەورە پیاو چاکی ئوممەتی ئیسلامیان خستە ناو ئاگر ئەویش نەسوتا وەك مەشهوورە، جا ئەگەر لەم نموونەیە تێگەیشتبی ئەتوانی دۆزەخ پڕ نەفەر بکەی هەمووشیان بەتەنیشك یەکەوە بن هەندێکیان بڕیاری سوتانیان بۆ دەرچووبێ هەندێکی تریشیان بۆیان دەرنەچووبێ، بۆ نموونە هەمان ئەو گۆڕانە لە زەڕڕاتەکانی ئەو ئاگرە ڕووئەدات ناتوانێ ئەو کەسانە بسووتێنێ کە بڕیاری سوتانیان بۆ دەرنەچووە، چونکە سوتان یاسایەکی حەتمی نیە بەڵکوو گۆڕاوە، خواردنیش هەروایە، ئەکرێ کەسێك هەر بخوا بەس تێر نەبێ، چونکە ئەوەی تێرت ئەکات خودایە، وە ئەوەی نەخۆشت ئەکات خودایە، گشت یاساکانی ئەم گەردوونە بەدەست خودایە.

جا دەرچوونی حوشترەکەی پێغەمبەر صالح سەلامی خوای لەسەر بێ لە ناو بەردەکە بەدەر لە عادەتە، گەر کتێبی (سزای نێو گۆڕ لە میزانی شەرع و عەقڵدا) کە بەندە نوسیویەتیەوە خوێندبێتن لەوێ باسی ڕووح و نەفس و خاك و نەفسی ڕووەکی و ئاژەڵێتی و مرۆڤێتی و فریشتەێتیمان کردووە، جا ئەسڵی پێکهاتەی ئاژەڵانیش هەر خاکە، ئەو بەردەش کە حوشترەکەی لێوە هاتووەتەدەر هەر خاکە لە ئەسڵدا، تەنیا ئەوە ئەمێنێ کە نەفسێکی ئاژەڵی بەبەر ئەو ئاژەڵە بکات بە کن فیکون دەرچوو لە عادەتی خۆی کە لە دایکیەوە ببێ بەڵکوو لەو بەردەدا هاتە دەرەوە، جا باوکمان ئادەمیش هەر وایە ئەمە موعجیزەیەو ئەو پەڕی توانستی خودا زیاتر دەرئەخات کە یاساو

هۆکارەکان بگۆڕێ، چونکە ئەوەی یاساکەی دروستکردووە خودایە، ئیتر هەر خۆیشی ئەزانێ چەندین ڕێگا هەیە بۆ دروستکردنی ئەم شتانە، جا دروستکردنی ئادەم بەو شێوازە گەورەترە لەوەی تۆ بێی تەفسیرێکی داریۆنی بۆ بکەی کە پێغەمبەرو هاوەڵان و زاناکانی ئەم ئوممەتە تەفسیری وایان بۆ ئادەم نەکردووە، ئەوەتا گەورەمان عیسا باڵندەیەکی لە قوڕ دروستکرد هەروەك خوای گەورە لە قوڕئاندا باسی لێوە کردووە، دواتر فوویەکی بەبەر ئەو باڵندەیە دا کردو نەفسێکی ئاژەڵی بەبەردا کراو بووبە باڵندەیەك و فڕی، خۆ ئەمە بەرچاوترین نموونەیە خودا لە قوڕئاندا باسی لێوە کردووە، ئەوەیشی بڵێ ئەمە درۆیەو بڕوا ناکەم ئەوە ئایەتی خودای بەدرۆخستووەتەوەو خۆی کافر کردووە، وا دیارە بڕوای بە ڕەهایەتی خودا نیە، بەڵکوو بڕوای بەشتە عادەتیەکان هەیەو پێی وایە ئەبێ گەردوون هەر بەو یاسایانە بەڕێوە بچێ.

مرۆڤ پێکهاتەیەکی زۆر لە ئاو جەستەیدا هەیە، بۆ نموونە جەستەی موبارەکی پێغەمبەرمان صلی الله علیه وسلم کاتێ ئاو لە پەنجەکانیەوە هەڵقووڵا لە عادەت دەرچوو ئەمە شتێکی زۆر ئاسانە بەلای خواوە بڵێ بۆ؟ چونکە گەر ئاو لەناو شاخ و بەردو کون و درزدا بێتەوە دەرەوە کە بێ گیانیشن بۆ پێت عەجایبە کە جەستەی ئەو خۆشەویستەمان کە لەخاکە وەکوو هی ئێمە ئینجا لە نێو پەنجەکانی ئەویش ئاو بێتە دەرەوە لە کاتێکدا

جەستەی مرۆڤ کونی بچووکی تێدایەو عارەقە دێتە دەرەوە، جا خوای گەورە ئەو ئاوەی کە لەجەستەی موبارەکی سەروەرماندا هەبووە لەو کاتەیە وەکوو کانی بەخوڕەمی لێ کردووە، لەوەوە هاوەڵان ئەو واقیعە مەزنە بەچاوی خۆیان ببینن کە ئیستیدلالێکی عەمەلیە لەسەر وجودی ڕاستگۆیی ئەو پەیامبەرە مەزنەو وجودی بەدیهێنەری گەردوون.

کاتێ بە پەنجە موبارەکەکانی ئیشارەی بۆ مانگ کردو بە ئیزنی خودا لەتبوو، ئەوەی لەتی کرد خودایە، نەك خۆشەویستمان، ئەو جگە لە ئیشارەتێك هیچی تری بەدەست نیە. کاتێ گەورەمان موسا دار عەصاکەی ئەبوویە مار بە ئیزنی خودا ئەبوو، چونکە خودی مار پێکهاتەیەکی خاکی هەیە، وەك دارەکەش لە پێشدا هەر لەخاکەوە ڕووابوو دواتر بووبە دارو لێکرایەوەو بوو بەو عاصەیەی موسا سەلامی لەسەر بێ، جا ڕێك نەفسێکی ئاژەڵی بەبەر عاصاکە ئەکات و ئەبێتە مار، وە ئەشتوانێ بیکاتە هەر ئاژەڵێکی تر، وە بگرە بیکاتە مرۆڤێك، چونکە هەموو لە دەرەنجام پێهاتەکەیان ئەچێتەوە سەر خاك. وە ئەشتوانێ بیکاتە فریشتەیەکی نوورانی، وە ئەتوانێ بیکاتە ئەو خۆرو مانگەی ئێمەش. ئەمانە بەلای خوداوە زۆر ئاسانە. وە بەبڕوای من ئەو باسەش دوورە لە حەقیقەتی زانستی ئەگەر بگوترێ: کاتی خۆی ئەو مارە مردووەو دواتر تێکەڵ باخاك بووەو هەر لەو شوێنەی کە جەستەی مارەکە لەو خاکە شی بووەتەوەو دارێکی لێ

ڕوواوەو پاشان ئەو دار عەصایەی لێ دەرچووە، واتە: پێکاهەتەی مارەکە لەگەڵ دارەکە تێکەڵ بووە، ئیتر لەوەوە گۆڕینی ئاسانە بۆ مارەکەو هاتنەوە سەر حەقیقەتی خۆی کە دارەکەیە، ئەمەش جگە لە خەیاڵێك هیچی تر نیەو ڕاست نیە، چونکە ئەگەر بگوترێ ئەی باشە خودا دەتوانێ ئەو عەصایە بکاتە مەیمۆنێك؟ ئەگەر بگوترێ نا ئەوە بێ دەسەڵاتیە بۆ خودا، بۆیە ناچارن واز لەو خەیاڵە فەلسەفیە بهێنن. چونکە ئەو جارە ناچار ئەبن بچن بە شوێن دارێك بگەڕێن کە مەیمونێك بەر لەو دارەدا لەوێ مردبێ و جەستەی شی بووبێتەوە لەگەڵ خاکەکەو ئینجا دارەکە لەسەر ئەو پێکهاتەیە ڕووابێ. ئەی ئەگەر بیکاتە مرۆڤێك؟ بێگومان ئەوەی لەسەرەتا وتمان ڕێك خەتتی پێغەمبەرایەتی و عەقڵ و مەنتقیە والله اعلم.

وە شەقکردنی بەحریش بە ئیشارەی گەورەمان موسا هەمان ئەو ئیشارە مەزنەیە کە سەروەرمان بە پەنجە موبارەکەکانی ئاماژەی بۆ مانگ کرد، چونکە بەحریش تەنیا فەرمان گوزارەو یاسایەکی نەگۆڕ نیە تا نەتوانرێ بگوڕدرێ.

وە هەرگیز سیحرو موعجیزەش تێکەڵ بەیەکتری نابن، سیحر زیاتر فێڵێکی چاوە کە شەیتانەکان لە ڕێی سیستەمی خۆیان خەیاڵی ئەوجۆرە شتانەیان بۆ ئەکەن کە پێیان وایە ئەمە شتێکی زۆر گەورەیەو لە عادەت بەدەرە، ئەمما چونکە هیچ ساحیرو جنێك ئەو توانایەی نیە گۆڕانکاری

لەسیستەمی ماددەو پێدانی نەفس بکات، بۆیە ئەو حەبلانەی کە ساحیرەکان لەبەر چاوی فیرعەون و گەورەمان موساو هارۆون و خەڵکەکە هاوێشتیان لە بنەڕەتدا نەبوونە مار بەڵکوو تەنیا لەبەرچاوی هەموویان خەیاڵی ئەوەیان بۆ کرا کە ئەوە مارە، کە خودی جنەکانی ساحیرەکان خۆیان نیشانی ئەو خەڵکە داوە کەوا خودی گوریسەکە ئەوە مارە، کەچی لە حەقیقەتدا جگە لە گورسێك زیاتر نەبووە، هەربۆیەش کە ساحیرەکان عەصاکەی موسایان بینی چۆن بووە مار دەست بەجێ ئیمانیان هێنا، چونکە زانیان ئەمە موعجیزەیە، ئەگەر موعجیزە نەبایەو سیحر بایە ڕێك بەو فێڵە ئاگادار ئەبوون، چونکە ئەو کاتە ئەیانگوت ئەوە موساش ساحیرە خوا پەنامان بدات بەڵام وانیە، چونکە لە بنەڕەتدا ساحیرەکان ئەوە ئەزانن کەوا حەبل موستەحیلە ببێت بە مارێکی زیندوو، وە ئەیانزانی ئەوەی ئەوان کردیان جگە لە فێڵێکی چاو زیاتر هیچی تر نەبووە، هەر بۆیەش کە بە چاوی خۆیان حەقیقەتی گۆڕینی ئەو عەصایەیان بینی ڕێك ئیمانیان هێنا چونکە زانیان بانگەوازەکەی موسا تەواوەو سیحر نیە، وە ئەگەر سیحر بایەو موساش ساحیر بایە، دڵنیابن جنەکان هەواڵی ساحیرێتیان هەر لە سەرەتاو کۆتایی ئەو واقیعەی کە ڕوویدا بە ساحیرەکانیان ئەگوت، چونکە هەموو ساحیرێك جن و شەیتانی خۆی هەیە، بەڵام پێغەمبەران بەنووری خوداو هاوەڵایەتی فریشتەکان گشت کارەکانیان ئەنجامداوە.

# ژمارەی پێغەمبەران

**وأول الأنبياء آدم عليه السلام، وآخرهم محمد صلى الله عليه وسلم، وقد ورد بيان عددهم في بعض الأحاديث، والأولى أن لا يقتصر على عدد في التسمية" فقد قال الله تعالى: ((منهم من قصصنا عليك ومنهم من لم نقصص عليك))، ولا يؤمن في ذكر العدد أن يدخل فيهم من ليس منهم، أو يخرج منهم من هو فيهم، وكلهم كانوا مخبرين مبلغين عن الله تعالى، صادقين ناصحين.**

یەکەم پێغەمبەریش لە ناو پێغەمبەرەکان ئادەمە سەلامی خوای لەسەر بێ، وە دوایینیشیان حەزرەتی محمدە صلى الله عليه وسلم، وە ژمارەی پێغەمبەرانیش لە هەندێ لە فەرموودەکاندا هاتووە، جا ئەوەی ئەولاترو شایەنتر بێ ئەوەیە کەوا ناوەکان کورت نەکرێتەوە بەس لەسەر ئەوانە، چونکە هەر خودای گەورە ئەزانێ ژمارەو ناوەکانیان چەندەو چیە، هەروەك خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِّن قَبْلِكَ مِنْهُم مَّن قَصَصْنَا عَلَيْكَ وَمِنْهُم مَّن لَّمْ نَقْصُصْ عَلَيْكَ ۗ ﴿٧٨﴾﴾[152]، واتە: بەڕاستی ئێمە بەر لە تۆ چەند پێغەمبەرێکمان ناردووە بۆ سەر خەڵکی جیهان، هی وایان تیایە باسیانمان گێڕاوەتەوە بۆت و هی واشیان تیایە باسیانمان نەگێڕاوەتەوە بۆت.

---

[152] غافر: ٧٨

وه هەروەها ئەفەرمووێ: ﴿إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ بِٱلۡحَقِّ بَشِيرٗا وَنَذِيرٗاۚ وَإِن مِّنۡ أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٞ ٢٤﴾[153]، واتە: بێگومان ئێمە تۆمان ناردووە بە موژدەدەر بۆ خواپەرستان و بە ترسێنەریش بۆ یاخیبوان، وە هیچ میللەتێکیش نەبووە لە پێش تۆدا ئیللا پێغەمبەرێکی ترسێنەریان بۆ هاتووە تاوەکوو بەو ترسانە بگەڕێنەوە لای خواناسین و خواپەرستی.

وە بڕواش ناکرێ بەو ژمارەی کە لە نێویاندا نەبێ و بخرێتە نێویان، واتە: زیاتر لەو ژمارەی خۆیان باس بکرێ، یاخود لێشیان دەربهێنرێ لە کاتێکدا لە نێویاندا بەجۆرێ ژمارەیەکی کەمتر لەژمارەی خۆیان باس بکرێ. واتە: ژمارەی ئەو پێغەمبەرانەی کە باسکراوە لە هەندێ لە فەرموودەی ئاحاددا، کە فەرموودەی ئاحادیش لە فیقهدا ئیفادەی زەن ئەکات و نابێتە بەڵگە بۆ عەقیدە، وەك تەفتازانی فەرموویەتی، یەکێ لەو فەمووودانە: (**عن أبي ذر قال: قلت: يَا رَسُولَ اللَّهِ كَمِ الْأَنْبِيَاءُ ؟ قَالَ:** (**مِائَةُ أَلْفٍ وَعِشْرُونَ أَلْفًا**)، **قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ كَمِ الرُّسُلُ مِنْ ذَلِكَ؟ قَالَ:** (**ثَلَاثُ مِائَةٍ وَثَلَاثَةَ عَشَرَ جَمًّا غَفِيرًا**)، **قَالَ قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَنْ كَانَ أَوَّلُهُمْ ؟ قَالَ:** (**آدَمُ** ....)[154]، لە ئەبو زەڕڕەوە گێڕدراوەتەوە کەوا پرسیارم لە پێغەمبەری خوا

---

[153] سورة الفاطر: ٢٤

[154] ئیبن و کەثیر ئەفەرمووێ: ئەم فەرموودەیە حافیزی ئەبو حاتەم ئیبن و حیببانی سیبتی بە درێژی لە کتێبەکەی خۆی (الأنواع والتقاسیم) ڕیوایەتی کردووەو ئاماژەی بە

کرد صلی الله علیه وسلم چەند پێغەمبەر هاتوون؟ ئەویش فەرمووی: ۱۲۰ هەزار پێغەمبەر هاتوون، منیش گوتم: چەندیان ڕەسول بوونە لەوانە؟ فەرمووی: ۳۱۳ کەسیان ڕەسول بوونە، منیش گوتم: ئەی کێ یەکەمینیانە لەو پێغەمبەرانە؟ فەرمووی: ئادەمە سەلامی خوا لە هەموویان بێ.

وە لەسەر پێغەمبەرایەتی ئادەمیش دوو موسڵمان خیلافیان لەسەری نەبووە، بەڵکوو یەکدەنگی لەسەر ئەوەیە کەوا پێغەمبەرە سەلامی لەسەر بێ، وە ئەوە لای ئەهلی کیتابیش مەشهوورە، نەقڵی یەکدەنگیەکەش ئیمامی ئەبو مەنصوری تەمیمی بەغدادی نەقڵی کردووە[١٥٥].

---

صەحیح بوونی کردووە، وە ئیبن و جەوزی پێچەوانەی کردووەو ئەو فەرموودە لە کتێبەکەی خۆی (الموضوعات) هێناوە، وە ئیبراهیمی کوڕی هیشامی تۆمەتبار کردووە، وە گومانی تێدا نیە زیاتر لە یەکێك لە پێشەواکانی جەرح و تەعدیل قسەیان لەبارەوە کراوە لەبەر ئەم فەرموودەیە. ئەم ئیبراهمی کوڕی هیشامی غەسسانیە زەهەبی بە مەترۆکی داناوەو ئەبو حاتەمیش بە درۆزنی داناوەو ئیبن و لجەوزیش ئەو فەرموودەی بە هەڵبەستراو داناوە، زاناکانی فەرموودە زۆر ئیعتیبار بە هەڵبەستراوو بەزەعیفدانانەکانی ئیبن و لجەوزیان نەکردووە چونکە زۆرینەی بە وەهم بەهەڵبەستراوو زەعیف داناوە. وە شوعەیب ئەرنائوتیش بە زۆر زەعیفی داناوە. بەڵام ئیبن و حیببان متمانەی پێداوەو لە کتێبی متمانە پێکراوەکان هەژماری کردووە. بڕوانە: (تحقيق الشيخ شعيب على صحيح إبن حبان)(ب٢/ل٧٩/ژ٣٦١). وە (تفسير إبن كثير)(ب٢/ل٤٧٠). (تقريب ثقات)(ل١٥١/ذ٢٩٢). (الثقات لإبن حبان)(ب٨/ل٧٩).

[١٥٥] (جامع الرسائل الإيمانية في بيان عقيدة الإسلامية)(٧٠).

وەك ئیمامی نەسەفیش ئاماژەی پێدا زۆر پشت بەو ژمارەیە نابەسترێت چونكە فەرموودەیەكی ئاحادەو هەمیش قسەو باسی زۆر لەسەرەو هەندێ بە هەڵبەسستراویان داناوەو هەندێكیش بە زۆر زەعیف و هەندێكی تریش بە صەحیحیان داناوە، وە باقی فەرموودەكانی تریش لە بارەی ژمارەی پێغەمبەرانەوە خیلافی لەسەرە وەك فەموودەكەی یەكەم.

وە ئیبن و كەثیر ناوی ئەو پێغەمبەرانەی هێناوە كە لە قورئاندا ناویان هاتووە: (ئادەم، إدریس، نوح، هود، صالح، إبراهیم، لوط، إسماعیل، إسحاق، یعقوب، یوسف، أیوب، شوعەیب، موسی، هارون، یونس، داود، سلیمان، إلیاس، ئیلیەسەع، زەكەریا، یەحیا، عیسا علیهم الصلاة والسلام ، وە زولكیفیلیش لای زۆربەی موفەسسیران. وە گەورەی هەموشیان محمدە صلی الله وعلیه وعلیهم أجمعین)[١٥٦].

هەموو پێغەمبەرانیش سەلامی خوایان لەسەر بێ هەواڵدەرو گەیەنەری بانگەوازی دینی خوای گەورەن، واتە: ئەوە نیە تێكۆشانیان كردبێ تاوەكوو گەیشتبێتنە پلەی پێغەمبەرایەتی، چونكە هیچ وەلیەكی خودا، یاخود هیچ فەیلەسووف و حەكیمێك بە تێكۆشان ناگاتە ئەو پلەیە ئەگەر چی هەتا ڕۆژی دوایش هەوڵ بدات، وەك شێخی گەورەمان شێخ عبد القادری گەیلانی (خودا ڕۆحی پیرۆز بكات) لە وتەیەكی جوانیدا ئەفەرمووێ: "ئەگەر

[١٥٦] (تفسیر إبن كثیر)(ب٢/ل٤٦٩).

پێغەمبەرایەتی بە تێکۆشانی نەفس بایە ئەوە شێخ عودەی کوڕی موسافیر ئەگەیشتە ئەو پلەیە"[157] . ك.ه. چونکە پێغەمبەرایەتی هەڵبژاردنی خودایە هەروەکوو فەرموویەتی: ﴿۞ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصۡطَفَىٰٓ ءَادَمَ وَنُوحٗا وَءَالَ إِبۡرَٰهِيمَ وَءَالَ عِمۡرَٰنَ عَلَى ٱلۡعَٰلَمِينَ ٣٣﴾[158] . واتە: بێگومان خودا ئادەم و نوح و ئیبڕاهیم و ئالی عیمڕانی هەڵبژاردووە بەسەر ئادەمیزادی سەردەمی خۆیان، ئالی ئیبڕاهیم: ئیسماعیل و ئیسحاق و نەوەکانیان کە حەزرەتی محمدیشیان بەرئەکەوێ صلی الله علیه وسلم. ئالی عیمڕانیش: یا موساو هاڕونی برایتی یانیش عیساو مەڕیەمەی دایکیەتی. جا ئەوەش بزانن هەندێ ئەیانەوێ قوڕئان لارکەنەوە بۆ حیسابی داریۆنیزم، ئەو ئایەتە بەوە تەفسیر ئەکەن کەوا ئادەم یەکەم مرۆڤ نیە، بەڵکوو لە مرۆڤی پێش خۆی لە دایکبووەو لەسەر دەست و پێکانی ڕۆیشتووە، دواتر خوای گەورە ڕاست و ڕێکی کردووەتەوەو ڕۆحی پێداوە بەرەو تەکامولی نەفسی بردوویەتی. ئەمەش جگە لە درۆیەکی فیلمە سینەماییە هۆلیۆدەکان هیچی تر نیە، سوپاس بۆ خوا لە کتێبی سەربەخۆدا لە ژێر ناوی (گوتیان ئادەم یەکەم مرۆڤ نیە) بڵاوم کردووەتەوەو بەتێروتەسەلی موناقەشەی ئەو بابەتەم کردووە.

---

[157] بڕوانە: (هكذا ظهر جيل صلاح الدين للدكتور ماجد عرسان الجيلاني).

[158] سورة آل عمران: ٣٣

وە هەموو زاناکانیش لەوە یەکدەنگن هیچ پێغەمبەرێکی ئافرەت نەهاتووە، بە بەڵگەی ئەوەی خودای گەورە لە سێ جێیان لە قورئاندا تەئکید لەوە دەکاتەوە یەکێ لەوانە: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ إِلَّا رِجَالٗا نُّوحِيٓ إِلَيۡهِمۡۚ فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ٤٣﴾[١٥٩]، واتە: ئەوانەی کە پێشی تۆ بە پێغەمبەرێتی ڕەوانەمان کردووە پیاوانێکی ناسراو بوون و وەحیمان بۆ ئەکردن، واتە: پێغەمبەران هەمووی پیاو بوونەو لە ڕەگەزی ئادەمیزدابوونەو فریشتە یاخود جن نەبوونە، دە ئەگەر خۆشتان ئەمە نازانن ئەوە پرسیار لە ئەهلی قوڕئان بکەن تا حاڵیتان بکەن و تێتان بگەیەنن. وە هەروەها خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿قَالَ يَٰمُوسَىٰٓ إِنِّي ٱصۡطَفَيۡتُكَ عَلَى ٱلنَّاسِ بِرِسَٰلَٰتِي وَبِكَلَٰمِي ١٤٤﴾[١٦٠]. واتە: خوای گەورە بە موسای فەرموو: ئەی موسا من لە ناو خەڵکی زەمانی خۆتدا هەڵمبژاردی کە ببیتە پێغەمبەری من و سیفرەکانی تەوراتت بدەمێ و، بەتایبەتی و، بێ واسیطە قسەت لەگەڵ بکەم. وە هەروەها ئەفەرمووێ: ﴿وَمَن يَرۡغَبُ عَن مِّلَّةِ إِبۡرَٰهِـۧمَ إِلَّا مَن سَفِهَ نَفۡسَهُۥۚ وَلَقَدِ ٱصۡطَفَيۡنَٰهُ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ ١٣٠﴾[١٦١]، ئەوە کێ بێ لە ئایین و ڕێوشوێنی ئیبراهیم لابدات کەسێ نەبێ کە خۆی بێ نرخ بکات و بە سووکی

---

[١٥٩] سورة النحل: ٤٣ . سورة الأنبياء: ٧. سورة يوسف: ١٠٩

[١٦٠] سورة الأعراف: ١٤٤

[١٦١] سورة البقرة: ١٣٠

سەیری خۆی بکات؟ ئێمە ئیبڕاهیممان لە دونیادا هەڵبژاردووە بۆ پێغەمبەرێتی.

وە جگە لە چەندەها ئایەت و فەرموودەش کە ئەوەندە زۆرە باسی ڕەسوولێتی و نەبییێتی پێغەمبەرەکان ئەکات، کە هەموو ئەمانەش لە شتە پێویستەکانن کە ئەبێ گشت موسڵمانێ بڕوایان پێ بکات و لادان لێی دەرچوونە لە بازنەی ئیمان.

ئەو سیفەتانەی کە واجبە تێیاندا هەبێ و، ئەوەیشی کە دروست نیە تێیاندا هەبێ.

١ـ ڕاستگۆییە، بێگومان ئەبێ ڕاستگۆ بووبن چ لە پێش پێغەمبەرایەتی، وە چ لە دوای پێغەمبەرایەتی، چونکە ئەگەر لە پێش پێغەمبەرایەتی درۆیان لێوە دەرچووبێ ئەوە خەڵك بڕوا بەڕاستگۆیەتیان ناکات لە بانگەوازەکەیان، بۆیە هەرپێغەمبەرێك نێردرابێ هەرگیزاو هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان بچووکترین درۆی بەسەر زاریدا نەهاتووە چ لە پێش پێغەمبەرایەتی، وە چ لە پاش پێغەمبەرایەتی.

٢ـ پارێزراوی لە گوناهو تاوان، زاناکان لەسەر ئەوە یەکدەنگن کەوا بە هیچ جۆرێ پێش پێغەمبەرایەتیان کوفریان لێوە دەرنەچووەو لەسەر کوفر نەبوونە، وە لەوەش یەکدەنگن کەوا لە دوای ڕەوانە کردنیان بە پێغەمبەرایەتی

گوناهێکی گەورەیان کردبێ لە غەیری کوفر، بەڵام گوناهی بچووك ڕوودانەکەی بە دروست دانراوە لێیانەوە بە عەمدیش لە لایەن زۆرینەی زاناکانەوە، وە دروستە بە سەهووش بکرێن بە یەکدەنگی، ئیللا ئەو تاوانانە نەبێ وەکوو دزی و درۆ و زیناو خیانەت و وێنەی ئەمانەش کە پیسن و دوورن لە مەقامی پێغەمبەرایەتی.

جوببائی موعتەزەلی و پەیڕەوانی پێچەوانەی ئەوەیان کردووە کەوا گوناهی بچووکیشیان لێوە دەرچووبێ، هەموو ئەمەش لە دوای وەحی، بەڵام پێش وەحی ئەوە جومهوری زانایان لەسەر ئەو ڕایەن کەوا ڕێگری لەوەدا نیە ئەگەر شتێکی بچووك ڕوویدا بێ لەبەرئەوەی بەڵگەیەك نیە ڕێگری لەوە بکات.

لەبەرئەوە موعتەزیلەکان ڕێگریان لەمە کردووە چونکە ناچاری ئەوە ئەکات خەڵکانێك ڕاکەن لە بانگەوازەکەیان، هەر بۆیەش بەرژەوەندی ناردنیان لە دەست ئەچێ و سوودی نابێ.

بەڵام ئەوەی حەق و ڕاست بێ ڕێگری ئەوانە بکرێ لە تاوانە سووك و ڕیسواییەکان یاخود ئەو شتەی وا ئەکات کە خەڵکی لێیانەوە ڕاکەن وەکوو زیناو درۆو خیانەت، ئیتر لەسەر ئەو ئەساسە هەموو ئەو شتانەی کە لە بارەی پێغەمبەرانەوە هاتووە کە بە ڕووکەش تاوان و سەرپێچیە ئەوە تەئویل ئەکرێ و لە ڕووکەشی خۆی لا ئەدرێ. یاخود لە بابی گەورەییدایە ئەوە

تاوانە سەبارەت بەکەسێکی گەورە، جا لەو ڕووەوە ئیمامی جونەیدی بەغدادی فەرموویەتی: چاکەکانی چاکەکاران گوناهی نزیکەکانن (واتە: ئەو کەسەی چەندە لە خودا نزیك بێ ئەو چاکانەی ئەو کەسانەی کە لەو خوارترن و نەگەیشتوونەتە مەقامی ئەو جا ئەو پێی وایە ئەوەی ئەوان ئەیکەن گوناهو تاوانەو هێشتان ئەو چاکەیە نیە بگاتە ڕەزامەندی خوداو خۆی زۆر پێ بچووکە). یاخود ئەو تاوانە ڕوویداوە بەر لە ناردنەکەی ئەمەش لەسەر بۆچوونی ئەوانەی کە ئەم ڕایەیان پێ دروستە.

بۆ نموونە: کاتێ خوای گەورە فەرمانی بە باوکمان ئادەم کرد کەوا لەو دارە نەخۆن، کەچی شەیتان فێڵی لێ کردن و خواردیان، جا ئەمەش چەند تەفسیرێکی بۆ کراوە لەوانە: بە سەرپێچی کردنی چونکە لەبەر بەرژەوەندی ئەوان ڕێگری لێ کردن کەچی ئەوان سەرپێچیان کرد. لەوانە: ئەوە پێش پێغەمبەرایەتی بووە. لەوانە: خوای گەورە ویستی وابوو کەوا ئادەم فێڵیان لێ بکرێ لە لایەن شەیتانەوە تاوەکوو ئادەم و نەوەکانی فێری تەوبەو گەڕانەوە بن، تاوەکوو مەقامی گەورایەتی ئادەمیش دەرکەوێ هەروەکوو چۆن خوای گەورە فەرمانی بە ئیبلیس کرد کەوا سوجدەی بو ببات ئەویش نەیبردو تەوبەشی لەسەر نەکرد، کەچی کە ئادەم سەرپێچی خودای کرد ئەوە تەوبەی کرد (بەبڕوای من ئەمانە پێش پێغەمبەرایەتی بووە، وە ئەوەیشی کە لە دوای پێغەمبەرایەتی لەو بچوکانەی کە ڕوو ئەدات گشتی تەئویل

ئەکرێ). بۆ نموونە کاتێ موسا بەر لە پێغەمبەرایەتی دووکەس بووە شەڕیان یەکێکیان لە ئالی فیرعەونی بوو، ئەوەکەی تریش لە بەنی ئیسرائیلی بوو، جا کاتێ موسا ئەو شەڕەی لە نێوانیاندا بینی کەچۆن ئەو کەسەی ئالی فیرعەون ستەم لەو بەنی ئیسرائیلیە ئەکات ئەویش چوو لەسەر بەنی ئیسرائیلیەکە بکاتەوە، لە دەرەنجام بەیەك بۆکسی گەورەمان موسا مرد، ئەمەش لەسەر چەند ڕایەکەن لەوانە: بە مەبەستی کوشتنی نەبووە، بەڵکوو زۆر جار شتی وا ڕوویداوە. لەوانە: ئەوە پێش پێغەمبەرایەتی بووە. لەوانە: ئەو پیاوەی ئالی فیرعەون شەڕکەر بووەو لە دوژمنانی بەنی ئیسرائیلیە. وە سەبارەت بە تاوانی براکانی یوسف پێغەمبەر سەلامی خوایان لەسەر بێ ئەوە جومهووری زاناکان لەسەر ئەو ڕایەن کەوا ئەوانە پێغەمبەر نەبوونە. وە ئەوەیشی ئەگوترێ لەبارەی داود پێغەمبەرەوە گوایە وەزیرێکی هەبووەو بە عەمدی ناردوویەتی بۆ شەڕ تاوەکوو ژنەکەی بخوازێت ئەوە جگە لە درۆیەکی بەنی ئیسرائیلەکان زیاتر هیچی تر نیە وەك هەموو زاناکان ئەفەرموون. وە سێ درۆکەی حەزرەتی إبراهیمیش سەلامی خوای لەسەر بێ کاتێ کە قەومەکەی چوونە دەشت بۆ جەژن ئەو گوتی من نەخۆشم نایەم، بەڵێ نەخۆش بووە لەدەست کوفرو بتپەرستی قەومەکەی بۆیە بە ڕووکەش درۆیە ئەمما لە حەقیقەتدا خۆپاریزی و فێرکردنی قەومەکەی بووە. وە کاتێ کە قەومەکەی چوونە دەرەوە ئەویش هەستا هەموو بتەکانی شکاند جگە لە بتە گەورەکە نەبێ تەورەکەشی لای بتە گەورەکە دانا، کاتێ کە خەڵکەکەش

هاتنەوە ئەوەیان بینی زانیان إبراهیم وای کردووەو بانگیان کرد، ئەویش هات و فەرمووی: ئەوە بتە گەورەکە ئەوانی شکاندووە، ئەوانیش گوتیان: ئەوە چۆن شتکی وا ئەکات کە ناتوانێ بجولێ و قسە بکات. ئیتر بە زاهیر درۆیە ئەمما لە حەقیقەتدا خۆپارێزی و فێرکردنی گەلەکەی بووە تاوەکوو هۆشیان بێتەوە بەر مادەم ئەزانن بەردێکی بێ گیان ناتوانێ ئەو بتانە بشکێنێ ئەی چۆن ئێوە ئەی پەرستن. درۆی سێیەمیش: کاتێ لەگەڵ سارەی خێزانی چوون بۆ میسر لەوێ ڕێگریان لێ کرد، چونکە هەر پیاوێك ژنێکی جوانی لەگەڵ بایە ئەوە پاشاکەی میسر دەست درێژی ئەکردە سەر، بۆیە بە سارەی گوت تۆ خوشکی منی، ئەگەر هاتن وا بڵێ، چونکە جگە لە من تۆ لەسەر زەوی موسڵمانی تر نیە، بۆیە لە ئیماندا ئێمە خوشك و براین. ئیتر گشت ئەمانەش بە ڕووکەش درۆ بوونە ئەمما لە حەقیقەتدا درۆ نین، هەروەك لە شەڕعدا کابرایەکی زاڵم بە شوێن کەسێکدا ئەگەڕا بۆ کوشتنی، بۆیە شاردنەوەو درۆکردن بۆ ئەو کەسە ستەملێکراوە واجبە جا بەهەر هۆکارێك بێ بە هەر درۆو دەلەسەیەك بێ، چونکە ژیانی ئەو کەسە زۆر لەوە گەورەترە لەو چەند لەفزەیە. وە هەروەها لە فەرموودەشدا هاتووە ئەو کەسە بە درۆزن هەژمار ناکرێ کە نێوان دووکەسی چاك ئەکاتەوەو درۆ لە نێوانیاندا ئەکات تاوەکوو پێك بێنەوە.

وه سەبارەت بەو ئایەتەش دەربارەی پێغەمبەرمان صلى الله عليه وسلم ﴿لِّيَغْفِرَ لَكَ ٱللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنۢبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ وَيُتِمَّ نِعْمَتَهُۥ عَلَيْكَ وَيَهْدِيَكَ صِرَٰطًا مُّسْتَقِيمًا ۝٢﴾[١٦٢]، واتە: بەهۆی ئەو جیهادو تێکۆشانەتەوە لە پێناو بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلامدا خودا لە گوناهی لەمەوپێش و لەمەوپاشت خۆش بووە. مەبەست لە گوناهی پێغەمبەران هەر کردەوەیەکە بەش بەحاڵی ئەوان بۆ ئەوە بشێ سەرزەنشتیان بکرێ لەسەری. ئەمەش هەمان ئەو بۆچوونەی شێخ جونەیدو زۆرێك لە زانایانی ئیسلامە، وە هیچ یەکێك لەزاناکان ناڵێن پێغەمبەری خودا پێش پێغەمبەرایەتی گوناهی هەبووبێ چونکە لێی نەبینراوە بەکەم و زۆریەوە، پارێزراو بووە، شەوێکیان لە مەککە بە دەم ڕێگەوە گوێی لە دۆڵ و زوڕنای کۆمەڵێك لەخەڵك بوو لە دوورەوە سەروەرمان ویستی بچێتە لایان کەچی خوای گەورە خەوی پیا کەواندو لەگەڵ گەرمایی ڕۆژ خەبەری بوویەوە.

٣ـ دەستپاکی، بێگومان دەستپاکی یەکێکە لە خاڵە گرینگەکانی پێغەمبەرایەتی، گەر کەسێ دەستی پاك نەبووبێ لە کارە دونیاییەکانی خەڵك ئیتر چۆن دەستی پاك ئەبێ لە پەیامی وەحی خودابیدا، هەربۆیەش هەموو پێغەمبەران سیفەتی دەستپاکیان لێ درەوشاوەتەوە، وە ئەوەی خودا پێیانی ڕاگەیاندووە بەبێ زیادو کەمی بە گەلەکانی خۆیانیان گەیاندووە.

---

[١٦٢] سورة الفتح: ٢

٤ـ زیرەکی و کەماڵی عەقڵێتی، بێگومان ئەوەش یەکێکە لە سیفەتە هەرە گرینگەکانی پێغەمبەران بۆ گەیاندنی پەیامی خودا، چونکە بێ ئەقڵێتی خۆی لە خۆیدا تەکلیفی شەرعی لەسەر نیە، چ جای کەسایەتی پێغەمبەران سەلامی خوایان لەسەر بێ کە لە لوتکەی کەماڵی عەقڵیدا بوونە، وە سەبارەت بە ژن و ژنخوازی و منداڵ بوون و خواردن و خواردنەوەو ئەو شتە دونیاییانەی کە گشت مرۆڤەکان تێیدا یەکسانن لەوانیشدا هەبووەو جیا نەبوونەتەوە لە مرۆڤبوون بەڵکوو لە ڕەگەزی ئێمەی مرۆڤایەتینە، هەروەك فەرموویەتی: ﴿قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَىَّ ﴿١١٠﴾﴾[١٦٣]، ئەی محمد صلی الله علیه وسلم تۆ پێیان بڵێ: منیش وەکوو ئێوە مرۆڤم بەڵام ئەوەندە هەیە من وەحیم لە خوداوە بۆ دێت و هەڵی بژاردووم بۆ مەقامی پێغەمبەرێتی[١٦٤].

وە سەبارەت بە ناوی ڕەسول و نەبیش ڕەمەزان ئەفەندی ئەفەرمووێ:"ڕەسول بۆ خەڵکی نێردراوە، ئەمەش بە ناردنی جوبرائیل سەلامی لەسەر بێ بۆ لای بە ئاشکراو قسەکردنی لەگەڵی ڕووبەڕوو، بەڵام نەبی: پێغەمبەرایەتیەکەی بە ئیلهامە یان خەوە، لەوەوە هەموو ڕەسولێك نەبیە، بەڵام هەموو نەبیەك ڕەسول نیە، هەر لەبەر هەندێش خۆشەویست

---

[١٦٣] سورة الکهف: ١١٠

[١٦٤] بڕوانە: (شرح النسفي للدکتور عبد الملك السعدي)(ل١٨٢) سوودم لە چوار خاڵەکەی ئەو وەرگرتووەو بە دەستکاریەکی زۆرەوە نەقڵم کرد. زۆربەی قسەکانی لە تەفتازانی نەقڵ کردووە لە (شرح القائد النسفیە للتفتازانی(ل٥٥٥).

فەرموویەتی: زاناکانی ئوممەتەکەم وەکوو ئەنبیاکانی بەنی ئیسرائیلە، نەی فەرمووە وەکوو ڕەسولەکانی بەنی ئیسرائیلە"[١٦٥].

ئیمامی کەستەلیش لە ئیمامی بەیزاویەوە نەقڵی کردووە کە ئەفەرمووێ: ڕەسول ئەو کەسەیە کەوا خوای گەورە بە شەریعەتێکی نوێوە ناردوویەتی و خەڵکی بۆلای بانگ ئەکات، وە نەبی ڕەسولیش ئەگرێتەوە (واتە: هەموو ڕەسولێك نەبیە، بەس هەموو نەبیەك ڕەسول نیە) جا نەبی ئەو کەسەیە بۆ ڕوونکردنەوەی شەرعی پێشووتر ڕەوانەکراوە وەکوو پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیل، هەربۆیەش پێغەمبەرمان صلی الله علیه وسلم ئوممەتەکەی پێکچواندووە بە پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیل، بەڵام ئەوەی باسی کردووە کە موخالیفی وتەی خوای گەورەیە لە دەرحەق بە حەزرەتی إسماعیل: ﴿وَكَانَ رَسُولاً نَّبِيًّا ۝٥١﴾[١٦٦]، واتە: إسماعیل ڕەسولێکی نەبی بووە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا ڕەسولێتی ناچاری ئەوە ناکات کەوا خاوەن شەریعەت بێ، چونکە نەوەکانی إبراهیم لەسەر شەریعەتی إبراهیم بوونە...، ئاماژەی بەوەش کردووە کەوا جیاوازیەکی تر هەیە کەوا ڕەسول ئەوەیە فریشتەی وەحی بۆ دێ، وە نەبیش ئەوە پێی ئەگوترێ و وەحی بۆ ئەو کەسەش ئەکرێ لە خەودا. وە خاوەنی کتێبی

---

[١٦٥] (شرح عقائد النسفية بحاشية رمضان أفندي)(ل٤٩).

[١٦٦] سورة مريم: ٥١

(الكشاف)یش ئەڵێ: ڕەسول لە ئەنبیاکانە، ئەو کەسەیە کەوا موعجیزەی کتێبی دابەزێنراوی بەسەردا کۆبووتەوە، وە نەبیش غەیری ڕەسوول: ئەو کەسەیە کتێبی بۆ دانەبەزێنراوە، بەڵکوو بانگەواز بۆ شەریعەتی پێشەخۆی ئەکات"[١٦٧] . بەڕای من ئەو ڕایە لە هەموو ڕایەکان صەوابترە چونکە ئەگەر پێغەمبەرایەتی بە خەون بێ ئەوە سەدان کەس بانگەشەی ئەوە ئەکەن، دواتر خەون ئەحکامی شەرعی لێ وەرناگیرێت چونکە زۆربەی حاڵەتەکان شەیتان تەداخول ئەکات، بۆیە ئەکرێ شەیتان فێڵ لەو کەسە بکات[١٦٨] ، وەك لەم سەردەمەش دەججالێکی کورد ئەیگوت من لەخەودا پێیان گوتم پێغەمبەری، وە کێش پێی گوتووە؟ ئەڵێ لە خەودا لە مێشێکەوە ئیلهامم بۆ هات کە من پێغەمبەرم، جارێ دوای پێغەمبەری فەخری کائینات محمد الصطفی بە یەکدەنگی زانایان هیچ پێغەمبەرێك نایەتن، ئەوەی بانگەشەش بکات ئەوە کافرو زندیقە.

---

[١٦٧] (شرح عقائد النسفية)(ل١٣٩).

[١٦٨] کتێبێکم نوسیوە لە ژێری ناوی (گەشتێك بە نێو جیهانی دڵ و دەروندا) لەوێ بەدرێژی باسی خەون و لێکدانەوەی خەون و یاساکانی خەون و یاساکانی دڵ و دەروون و عەقڵ و ڕووح و نەفس و دڵ و شەیتان و ئەمرم کردووە.

## پێغەمبەرایەتی محمد صلی الله علیه وسلم

حەزرەتی محمد صلی الله علیه بانگەشەی پێغەمبەرایەتی کرد لەناو دورگەی عەرەبی، وە موعجیزەی دەرخست و تەحەددای کافرەکانی پێ کرد، جا سەبارەت بە پێغەمبەرایەتیەکەی ئەوە زانراوە بەتەواتور (یەك بەدوای یەك)، وە دەرخستنی موعجیزەکەشی دوو ڕووی هەیە:

یەکەمینیان: وتەی خوای گەورەی دەرخست، وە تەحەددای هەموو زمانزان و ڕەوانبێژەکانی کرد کەوا بتوانن وێنەیەك لەو وتەیە یاخود سوڕەت و ئایەتێك بێنن، کەچی بێ دەسەڵات بوون، وە هەتا ڕۆژی دوایش ئەو تەحەددایە هەر ئەمێنێ لەوەی کە جن و ئینس بتوانن یەك ئایەتیش بێنن لەوێنەی ئەو کەلامە، جا لەگەڵ ئەوەی عەرەبەکانی ئەو سەردەم لە کەماڵی لوغەی عەرەبیدا بوون، وە لەوپەڕی ڕەوانبێژیدا بوون ئینجا نەیانتوانی یەك ئایەتیش بێنن و ئەم تەحەددایە بشکێنن و سەرکەون بەسەر ئیسلامدا، لەوەوە بە قەتعی دەرکەوت بۆ ئەوان و هەتا ڕۆژی دوایش کە ئەم کەلامە کەلامی بەشەر نیە، بەڵکوو کەلامی پاشای ڕەهای ئەزەلی و ئەبەدیە کە الله یە جل جلالە، وە لەوەوەش ڕاستگۆیەتی ئەو خۆشەویستە نازدارەیان بۆ دەرکەوت ڕوح و ئەوەیشی پێمدراوە فیدای بێ، چونکە پێغەمبەرێکی نەخوێندەوار کە هەموو عەرەبیش ئەیانزانی نەخوێندەوارە چۆن توانیویەتی

ئەو کەلامە موعجیزەیە بێنێ و شۆڕشێکی گەورەی فیکری پێ بکات و کۆمەڵگا بگۆڕێ، ئەگەر ئەمە کەلامێکی خودایی نەبێ ئەی چیە.

دووەمیان: هەموو ئەو کارە بەدەر لە عادەتەکانی لێ بینراوە واتە: موعجیزە، بە تەواتوری قەتعی، ئەگەرچی تەفاصیلەکانی ئاحادە وەکوو جوامێرێتی ئیمامی عەلی (کرم الله وجهه)، وە سەخاوەتی حاتەم هەروەك لە کتێبەکانی سیرەدا باسی لێ کراوە.

زانایان بە دوو ڕوو بەڵگە لەسەر پێغەمبەرایەتیەکەی ئەهێننەوە:

یەکەمیان: تەواتوری ئەحوالی خۆشەویستمان پێش پێغەمبەرایەتیەکەی، وە کاتی بانگەوازەکەیی و تەواوکردنی بانگەوازەکەی، وە ڕەوشتە مەزنە سەرسامکەرەکانی، وە حوکم و بڕیارە داناییەکانی، وە چوونە پێشەوەکانی کاتێ پاڵەوانەکانی ئەبەزاند، وە متمانەکانی بە پاراستنی خوای پەروەردگار لە هەموو ئەحواڵەکاندا، وە دامەزراویەکەشی لە هەموو ناخۆشیەکاندا، لەگەڵ ئەوەش کافرەکان زۆر لەگەڵیشی توندو سەرسەخت بوون و دوژمنایەتیەکی بێ سنوریان لە دژی ئەکردو تانەو تەشەرێکی زۆریان لەخۆی و دینەکەی دا، کەچی سڵی نەکردەوە، بەڵکوو زیاتر پشتی بەخوای مەزن بەست و هەر موژدەی سەرکەوتنیشی بە هاوەڵەکان ئەدا، بۆیە ئەم هەموو شتە ناکرێ تانەی لێ بدرێ و عەیبدار بکرێ، وە لە ڕوانگەی عەقڵیشەوە ئەو هەموو شتە بە مەحاڵ ئەزانێ کۆببێتەوە لە غەیری پێغەمبەرەکان،

بەوەی خوای گەورە ئەو وتانە لەسەر پێغەمبەرێك كۆبكاتەوەو سوورِ بشزانێ بەدرۆ ئەخرێتەوە، پاشان مۆڵەتی بدات بیست و سێ ساڵان، ئینجا دینەكەی سەرئەخات بەسەر گشت ئەدیانەكان و دوژمنەكانی، وە شوێنەوارەكەشی بە زیندوویی بهێڵێتەوە هەتا ڕۆژی دوایی.

دووەمیان: ئەو لە نێو قەومێكدا ئەو بانگەوازەی كرد لە كاتێكدا هیچ كتێب و پەیڕەوێكی خودایی لە نێویاندا نەبوو، كەچی ئەو هات و فێری قورئان و فەرموودەو حیكمەت و ناسینی خواو خودو خەڵك و وجودی كردن لە ماوەی بیست و سێ ساڵان، وە فێری دەستوورو ئەحكامە كرداریەكانی دەوڵەتیشی كردن كە چۆن دەوڵەت بەڕێوە ببەن و پشت بەچ ببەستن بۆ ئەم مەبەستە، وە هەموو سیفەتە چاكەكان و ڕەوشتە جوانەكانی تەواو كردو بەهۆیەوە ئەوانەی دەستیان پێوە گرت گەیشتنە لوتكەی ڕەوشت و ئەخلاق، وە بە هەزارەها خەڵكیش بەهۆیەوە گەیشتنە لوتكەی كەماڵ لە زانست و مەعریفەت، هەزارەها زانا بەهۆیەوە دەركەوتن و هەزارەها كتێب و دەستنوس و ڕاڤەكارو حەكیمزان بەهۆیەوە دەركەوتن، كە بەهەموویانەوە دونیایان پڕ لە حەق و نوور كردو مرۆڤایەتی بەهۆیانەوە حەسانەوەو بەرەو شارستانێتی ڕۆیشتن، وە بەردوامیش دینەكەی وا سەردەكەوێ هەتا ڕۆژی دوایی. ئیتر ئەمە پێغەمبەرایەتی و پەیامە.

جا دوای ئەوەی کە پێغەمبەرایەتیەکەی سەلما ئەوە کۆتایەتی پێغەمبەرێتیەکەشی ئەسەلمێنێ لە ڕێی کەلامی خوداو فەرموودەی شەریفیەوە، وە ئەو هێندە مەزنە ڕەوانەکراوە بۆ تێکڕای خەڵکی، بەڵکوو بۆ جنۆکەو ئینس نێردراوە، وە سەلمێنراوە کە دواینی هەموو پێغەمبەرانە، وە پێغەمبەرایەتیەکەی تایبەت نیە بە عەرەب و دورگەی عەرەبی هەروەکوو نەصرانیەکان وا گومانیان بۆ ئەبرد.

جا ئەگەر گوترا: لە فەرموودە هاتووە سەبارەت بە عیسا پێغەمبەر سەلامی لەسەر بێ کە دوای ئەو دائەبەزێ بەر لەهاتنی قیامەت، ئەی چی ئەڵێن بەرامبەر ئەوە؟ ئێمەش ئەڵێن: بەڵێ دائەبەزێ بەڵام وەکوو کەسێکی شوێنکەوتەی دینی ئیسلام و حەزرەتی محمد صلی الله علیه وسلم، چونکە شەریعەتی حەزرەتی عیسا نەسخ بۆتەوە، بۆیە جارێکی تر وەحی بۆ نایەتەوە وەکوو پێغەمبەرایەتی و ئەحکامی بۆ دانابەزێ، بەڵکوو ئەبێتە خەلیفەیەکی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم، ئەوەیشی کە صەحیحتر بێ نوێژ بۆ خەڵکی ئەکات و مەهدیش ئیقتیدای پێ ئەکات و شوێنی ئەکەوێت، لەبەرئەوەی حەزرەتی عیسا گەورەترەو ئیمامەتیەکەشی لە پێشترە. ڕەمەزان ئەفەندیش تەعلیقی لەسەر قسەکەی تەفتازانی هەیە کە ئەفەرمووێ:

"چونکه عیسا پێغەمبەرەو مەهدیش وەلیە، بۆیە وەلیش ناگاتە پلەی پێغەمبەرایەتی"[169].

---

[169] بڕوانە: (المجموعة السنية على شرح العقائد النسفية)(ل٥٤٩). ئەو وتانەی کە لەسەر خۆشەویستمان نوسیمان بە دەستکاریەوە لە تەفتازانی نەقڵم کردووە.

## بەڵگەیەتی سوننە.

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بیست و سێ ساڵان ژیا لە نێو هاوەڵان، لە ماوەی ئەو بیست و سێ ساڵە قورئان ئایەت ئایەت سورەت سورەت یان چەند ئایەتێك دائەبەزی بە پێی کات و ڕووداوەکان بە ویستی خوای گەورە، چونکە ئەگەر بێت و بەیەکجاری دابەزیبایە حیکمەتی خوداو ئایەتەکان بە پێی کاتەکان تێك نەئەکەوتەوە، چونکە بەپێی ڕووداوو کاتەکان هاوەڵان لە دینەکەی خۆیان فێرکران، وە هەندێ ئایەتیش هەبوو ئەبوایە بە تەرتیبی زەمەن بێن و دابەزن، بۆ نموونە ئارەق بە سێ قۆناغ حەڕام کرا، ئیتر هەر سورەت و ئایەتێکیش بەپێی کات و ڕووداوی خۆی، جا ئەوەی لێرە مەبەستمانە ئەو کات و ڕووداوانەی کە ڕوویانداوە ئایەتەکان بەگوێرەی ئەوە دابەزیوە لەوەوە پێغەمبەری خوا صلی الله شەڕحی ئەو ئایەتەی بۆ ئەو ڕووداوە کردووە، لەوەوەش هاوەڵان بیستوویانەو بینیویانەو جا یەك کەس بینیبێتی یان بیستبێتی یان چەند کەسێك یان هەموو، ئەم شەڕحە بۆ ئایەت و ڕووداوەکە پێی ئەگوترێ سوننە، بێگومان هیچ کەسێکی عاقڵ ناتوانێ ئینکاری ئەوە بکات بڵێتن: ئەو قورئانە لەلایەن پێغەمبەرو هاوەڵانەوە شەڕح نەکراوە، ئەوەی وا ئەڵێ جگە لەزندیق و کافرو ئەهلی بیدعە زیاتر هیچی تر نیە، جا ئەوەی لە پێغەمبەرەوە ئەگێردرێتەوە یان کرداری پێغەمبەرە، یان وتەی ئەوە، یان بێ دەنگی و ڕازی بوونی ئەوە لە

ڕووداو بابەتەکە، وە جۆرێکی تری سوننەتمان هەیە کە ئەسەری هاوەڵانە ئەوەش وەکوو ئەوەی سەروەرمانە، جا هاوەڵان ئەو فەرموودانەیان گێڕاوەتەوە لە نێوان یەکتر، وە هەم بۆ شوێنکەوتوان ئەوانەی کە بەخزمەت پێغەمبەر نەگەیشتوون و ئەویان نەبینیوە، ئینجا ئەوانیش لەنێوان خۆیان گێڕاویانەتەوە لە نێو یەکترو ئەوانەش کە هاوەڵانیان نەبینیوە، تا ئەگاتە سێ سەدەکە، کە ئەم سێ سەدەیە باشترین سەردەم بووە بەشایەتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، ئینجا لە ناو ئەو سێ سەدەیە نەوەیەکی زیهن ساف و حافیزو حەدیس لەبەرکردن پەیدا بوو کە لە هیچ شارستانیەتەك نەوەی وای بەخۆیەوە نەبینیوە، ئەوەتا ئیمامی ئەحمەد ملیۆنێك فەرموودەی لەبەربووە، یەحیای کوڕی مەعین و سەعیدی قەتتان و إبن أبی حاتم و بوخاری و موسلیم و باقی فەرموودەناسەکانی تر کە ئەوەندە زۆرە ناتوانین ناویان بهێنین وێنەی ئیمامی ئەحمەد بوونە، لەناو هەموویان هەرچوار پێشەواکە، ئەمانە بەگشتی ئەو زانست و فەرموودەیان پشت بەپشت لە مامۆستاکانی خۆیان وەرگرت، ئەم سێ سەدەیە سەردەمی زەهەبی بووە بۆ کۆکردنەوەی فەرموودە، ئینجا لەناو ئەو حافیزو زانایانە چەندین مەرجیان دانا بۆ صەحیحی و حەسەنی فەرموودە، وەکوو ئەوەی لە زانستی فەرموودەدا ئەخوێندرێ کە زانستێکی سەربەخۆیەو لەناو هیچ شارستانیەتەك شتی وا نیە، ئەم زانستە قسەی لەسەر پیاوەکانی فەرموودەو دەقی فەرموودەکان کردووەو ساغیان کردووەتەوە بۆ ئوممەت کەوا کامە فەرموودە صەحیحەو

کامە حەسەنەو کامە زەعیفەو کامە حەسەنە، وە پیاوەکانی فەرموودە گێڕەرەوەکانیش هەموو قسەیان لەسەر کراوە کێ درۆزنەو کێ باوەڕپێکراوە، ئیتر کۆمەڵێك زاراوەی تریشی هەیە سەبارەت بە تەقیم کردنی پیاوەکان. جا ئەم هەموو واقیعەش نەوە بۆ نەوە هەر لەسەردەمی سەروەرمانەوە تا ئیمڕۆکە بە ئێمە گەیشتووەو پارێزراوە هەروەکوو چۆن قورئان پارێزراوە.

خوای گەورەش ئەفەرمووێ: ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلۡهَوَىٰٓ ۝٣ إِنۡ هُوَ إِلَّا وَحۡيٞ يُوحَىٰ ۝٤﴾[170]، واتە: ئەو پێغمبەرە لە ئارەزووی نەفس و هەواوە قسان ناکات، بەڵکوو ئەوەی ئەیڵێ گشتی لە وەحی خوداوەیە. جا خۆ قسەکردنی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هەر قورئان نەبووە بەڵکوو شەرحی ئەم قورئانەشی کردووە، جا هەم قورئانەکەو وتەو ڕەفتارو تەقریرەکانی هەر لە وەحی خوداوە بووە.

وە هەروەها ئەفەرمووێ: ﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْۚ ۝٧﴾[171]، واتە: پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هەرچی بۆتان هێناوە هێناوە ئێوە لێی وەربگرن و هەرچیەکیشی لە ئێوە قەدەغەکرد ئێوەش مەیکەن و لێی گەڕێن. لە ڕووی عەقڵەوە مەعقولە پێغەمبەر بەس قورئانی

---

[170] سورة النجم: ٣ـ٤

[171] سورة الحشر: ٧

بەو خەڵکە گوتوبێی و قسەی خۆی لەسەر نەکردبێ و کردەوەو تەقریرەکانی ئاماژەی پێ نەکردبێ؟! بۆیە نوسینەوەی فەرموودە بە واجب دانرا لە لایەن زۆربەی زاناکانەوە[١٧٢].

لەسەرەتادا فەرموودە لەسەردەمی پێغەمبەرمان صلى الله عليه وسلم نەنوسرایەوە جگە لە تاك تاكەی هاوەڵان نەبێ وەكوو عبد الله كوڕی عەمری كوڕی عاص و عبد الله كوڕی عباس و هەندێكی تر، چونكە قەدەغەی نوسینەوەی كرد[١٧٣]، بەڵام لە ئەنجامی ئەوەی كە زیاتر ئیعتیماد لەسەر زاكیرەو لەبەر كردن كراو بە شەفەوی و دەم بەدەم ئەو زانستەیان نەقڵ ئەكرد لە سەدەی یەكەمدا ئەوەبوو دەرگا بوویەوە بۆ خەڵكانێك تاوەكوو فەرموودەی درۆو هەڵبەستن بەدەم پێغەمبەری خواوە صلى الله عليه وسلم[١٧٤]، هەتا وای لە بوخاری كرد جگە لە حەفت هەزار فەرموودە هیچی تری لە صەحیحەكەی خۆیدا نەنوسێتەوە، كە سێ هەزاریش لەو فەرموودانە

---

[١٧٢] فجر الإسلام، أحمد أمين، دار الكتاب العربي، بيروت، لبنان، الطبعة العاشرة، ١٩٦٩ م، ل٢٠٨

[١٧٣] صحيح مسلم - كتاب الزهد والرقائق - باب التثبت في الحديث وحكم كتابة العلم

[١٧٤] (فجر الإسلام، أحمد أمين)( ل٢٠٨)

دووبارەن لە کۆی ئەو شەش سەد هەزار فەرموودەی کە لەسەردەمەکەی ئەودا دەستاو دەستی ئەکرد[175].

وەك گوتمان لەسەردەمی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووده نەنوسراوەتەوە بەڵکوو قەدەغەیشی لێ کردووە لە ئەبو سەعیدی خودریەوە گێڕدراوەتەوە کەوا سەروەرمان فەرموویەتی: (**لا تكتبوا عني ومن كتب عني غير القرآن فليمحه، وحدثوا عني ولا حرج. ومن كذب عليّ متعمدًا، فليتبوأ مقعده من النار**)[176]، واتە: هیچ شتێك لە منەوە مەنووسن، هەرکەسێ غەیری قورئان شتێکی نوسیوە با ڕەشی بکاتەوە، لە منەوە فەرموودەکان بگێڕنەوەو هیچ حەرەجێکی تێدانیەو ئاساییە، وە هەرکەسێکیش درۆیەك بەدەممەوە هەڵببەستێ ئەوە با شوێنی خۆی لە دۆزەخدا دیاری بکات.

بەڵام هەندێ حاڵەت هەبووە کەوا سەروەرمان ئیزنی ئەوەی داوە کەوا فەرموودەکانی بنوسرێتەوە وەکوو فەرموودەی ئەبو هورەیرە سەبارەت بە وتارەکەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە ساڵی فەتحی مەککە لەوکاتەی کە هۆزی خوزاعە پیاوێکیان لە بەنی لیث کوشت بەهۆی ئەوەی کە

---

[175] (مختصر تاريخ دمشق لابن منظور)(ب٢٢ /ل٢٧) ط. دار الفكر

[176] موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ٣٠٠٤) - كتاب الزهد والرقائق - باب التثبت في الحديث وحكم كتابة العلم.

کەسێکیان کوژرابوو بەدەستی ئەوانەوە، ئەوەبوو پیاوێکی خەڵکی یەمەن داوای لەسەروەرمان کرد کە وتارێکیان بۆ بنووسیٚ، ئەویش فەرمانی کرد وتارەکەی بۆ بنووسنەوە[١٧٧].

ئیمامی نەوەوی ئەفەرمووێ: "قازی عیاز فەرموویەتی: لە نێوان سەلەف لە هاوەڵان و تابیعیەکانەوە ڕاجیاییەکی زۆر هەبوو سەبارەت بە نووسینەوە زانست زۆرێك لەوان پێیان ناخۆش بووە، وە زۆرترینیشیان پێیان دروست بووەو ڕێگەیان پێداوە، پاشان موسڵمانان لەسەر نوسینەوەی یەکدەنگ بوون و ڕاجیاییەکەش نەما، وە سەبارەت بە فەرموودەی قەدەغەکەش ڕاجیایی هەیە لە مەبەستەکەی، گوتراوە: ئەمە دەرحەق بەکەسێکە کە باوەڕ بە حیفزەکەی ئەکریٚ، وە ترسی ئەوەی لیٚ هەیە ئیتر پاڵکەوێت لەسەر نوسینەوەی ئەگەر بێت و بینووسێتەوە، وە ئەو فەرموودانەش کە ڕێگەی نوسینەوەیان داوە ئەوە هەڵئەگریٚ کە دەربارەی کەسێکە باوەڕ بە حیفزەکەی ناکریٚ هەروەکوو فەرموودەی (بنووسن بۆ ئەبو شاهـ)، وە فەرموودەی لاپەڕەکەی عەلی ڕەزای خوای لیٚ بیٚ، وە فەرموودەی کتێبی عەمرِی کوڕی حەزم کە فەرائیزو سونەن و دیاتی تێدا بوو، وە فەرموودەی کتێبی صەدەقەو نیصابی زەکات کە گەورەمان ئەبو بەکر ئەنەسی پێیەوە ڕەوانەی بەحرێنی کرد ڕەزای خوایان لیٚ بیٚ، وە فەرموودەی ئەبو هوڕەیڕە کە عەمری کوڕی

---

[١٧٧] صحيح البخاري - كِتَاب الدِّيَاتِ - بَاب مَنْ قُتِلَ لَهُ قَتِيلٌ فَهُوَ بِخَيْرِ النَّظَرَيْنِ

عاص فەرموودەی ئەنوسیەوەو من نەم ئەنوسی، وە غەیری ئەمانەش لە فەرموودەکان، وە گوتراویشە: فەرموودەی قەدەغەکە نەسخ بووەتەوە بەو فەرموودانە. وە گوتراویشە: ئەو قەدەغەیە ئەو کاتە بوو کە ترسی ئەوە هەبوو تێکەڵ بەقورئان بکرێ، جا کاتێ موسڵمانان لەوە ئەمین بوو کە تێکەڵ بە قورئان ناکرێ ئیتر ئیزن درا بە نووسینەوەی، وە گوتراویشە: قەدەغەی نووسنەوەی فەرموودەی کردووە لە یەك لاپەڕەدا لەگەڵ قورئاندا بنوسرێتەوە، بۆئەوەی تێکەڵ نەبێ و لە خوێنەر تێك نەچێ لە بەیەکەوە بوونیان لە یەك لاپەڕەدا والله اعلم"[١٧٨].

لە ناوەڕاستەکانی سەدەی دووی کۆچی هەوڵی کۆکردنەوەو ڕێکخستنی فەرموودە درا لە لایەن ڕەبیعی کوڕی صوبەیح و سەعیدی کوڕی ئەبو عرِوبە، ئینجا ئیبن و جورەیج لە مەککەو مالیکی کوڕی ئەنەس خاوەنی (موطأ) لە مەدینەو ئەوزاعی لە شام و سوفیانی سەوری لە کوفەو حەمادی کوڕی سەلەمە لە بەصرەو موعەمەری کوڕی ڕاشیدی صەنعانی لە یەمەن و لیثی کوڕی سەعدیش لە میصر، ئەمانە بەگوێرەی توانا فەرموودەکانیان

---

[١٧٨] (شرح النووي على مسلم)(ب١٨/ل١٢٩).

کۆکردەوەو ڕێکیان خستوو تەبویبی بابەتەکانیان کرد بەگوێرەی بابەتە فیقهیەکان، وە وتەی هەندێ لە هاوەڵانیشیان بەگەردا[١٧٩].

ئیمامی سیوتیش ئەوانەی هۆنیوەتەوە لە شیعرێکدا

أول جامع الحديث والأثر: ابن شهاب آمرا له عمر

یەکەم کەسێ کە بە کۆکردنەوەی فەرموودەو ئەسەر هەڵسا واتە: کۆکەرەوەیەکی ڕێکخراو ڕەسمی ئەوە ئیبن و شیهابی زوهریە کە بە فەرمانی عومەری کوڕی عبد العزیز بەو کارە هەڵسا، ئەگینا هەر لەسەردەمی پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم لەسەر ڕوقعە (پارچە جلد یان وەڕەقە)و ئێسك نوسراوەتەوە.

وأول الجامع للأبواب: جماعة في العصر ذو اقتراب

١٧٩ (فجر الإسلام، أحمد أمين)( ل٢٢٢). (علم فهرسة الحديث نشأته، تطوّره، أشهر ما دُوّن فيه)(ل١٤) يوسف عبد الرحمن المرعشلي، دار المعرفة، بيروت، لبنان، الطبعة الأولى، ١٤٠٦ هـ/١٩٨٦ م. (تاريخ تدوين السنة وشبهات المستشرقين)(ل٨٣)، حاكم عبيسان المطيري، لجنة التأليف والتعريب والنشر، مجلس النشر العلمي، جامعة الكويت، ٢٠٠٢ م. ( ضحى الإسلام)(ل١٠٨)، أحمد أمين، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، مصر، الطبعة السابعة. (تدوين السنة النبوية نشأته وتطوّره من القرن الأول إلى نهاية القرن التاسع الهجري)(ل٨٩)، محمد بن مطر الزهراني، دار الهجرة للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، ١٤١٧ هـ/١٩٩٦ م.

كابن جريج وهشيم مالك: ومعمر وولد المبارك

یەکەم کۆکەرەوەی کتێبی فەرموودەش کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو لە ڕووی ئەبوابی فیقهیەوە کۆکرایەوە کۆمەڵێك لە فەرموودەناسان بوو لەو سەردەمە وەکوو ئیبن و جوڕەیج و هەشیم و مالیك و موعەممەڕو ئیبن و موباڕەك بوو.

وأول الجامع باقتصار: على الصحيح فقط البخاري

ومسلم من بعده، والأول : على الصواب في الصحيح أفضل[١٨٠]

ئینجا لە پاش ئەمانیش بوخاری و موسلیم فەرمووده صەحیحەکانیان کۆکردەوە.

لەسەردەمی هاڕونە ڕەشیدیش قۆناغێکی زێڕینی بوو بۆ نوسینەوەی فەرموودە، هەر لەو سەردەمەدا (موطأ)ی ئیمام مالیك و موصەننەفات و مەسانیدو سونەن و ئەجزائەکان و جەوامیعەکان و موستەدڕەکات و موستەخڕەجاتەکان دەرکەوتن، ئەم نوسینەوە گەییە تا سەدەی سێیەمی کۆچی کە لەو سەردەمەدا کتێبە صەحیحەکان دەرکەوتن و زاناو حافیزە بەناوبانگەکان دەرکەوتن ئەوانەی کە زانستی فەرموودەیان دامەزراند وەکوو ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و ئیسحاقی کوڕی ڕاهەوەی و ئیبن و مەدینی و

---

١٨٠ (شرح الأثيوبي على ألفية السيوطي)(ل٣٧).

یەحیای کوڕی مەعین و بوخاری و موسلیم و ئەبی زورعەی ڕازی ئەبو حاتەمی ڕازی و عبد الله کوڕی عبد الرحمانی داڕەمی و وێنەی ئەوانیش[181].

جا کۆکردنەوەی فەرموودەو ڕێکخستنی بەردەوامبوو تا سەدەی پێنجەمی کۆچی، ئینجا گەیشتە قۆناغێکی تر کە نەقد بوو لە فەرموودە لە بارەی صەحیحکردن و زەعیفکردنی فەرموودەکان، وە نەقد لە پیاوەکانی گێڕەرەوەی فەرموودەکان لەبارەی جەرح و تەعدیلەوە کە کەشفی هەموو سەنەدی فەرموودەکان ئەکات، وە شەرحکردنی فەرموودەکان لەوەی کە زانا سەرەتاییەکان کۆیان کردبوویەوە، لەوەوە چەندەها زاراوە تایبەت بە زانستی فەرموودە پەیدابوو[182].

---

[181] (تدوين السنة النبوية نشأته وتطوّره من القرن الأول إلى نهاية القرن التاسع الهجري)(ل٩٥).

[182] (علم فهرسة الحديث نشأته، تطوّره، أشهر ما دُوّن فيه)(ل١٦). بۆ نوسینی ئەم بابەتە سودم لەمە وەرگرتووە: (تدوين الحديث ـ ويكيبيديا موسوعة الحرة).

| بەناوبانگترین کتێبەکان | بەش |
|---|---|
| صحيح البخاري، صحيح مسلم، صحيح ابن حبان، صحيح ابن خزيمة | الجوامع، الصحاح |
| موطأ مالك، موطأ ابن أبي ذئب | الموطآت |
| مصنف عبد الرزاق، مصنف ابن أبي شيبة | المصنّفات |
| مسند أحمد، مسند البزار، مسند إسحاق بن راهويه | المسانيد |
| سنن النسائي، سنن الترمذي، سنن أبي داود، سنن ابن ماجه، سنن الدارقطني، سنن البيهقي | السنن |
| مجابو الدعوة لابن أبي الدنيا، الفتن لنعيم بن حماد | الأجزاء |
| المستدرك على الصحيحين للحاكم النيسابوري | المستدركات |
| مستخرج أبي عوانة على صحيح مسلم، مستخرج أبي نعيم على صحيح مسلم لأبي نعيم | المستخرجات |

| | |
|---|---|
| المعجم الكبير، المعجم الأوسط، المعجم الصغير للطبراني | المعاجم |
| مصباح الزجاجة في زوائد ابن ماجه للبوصيري، **مجمع** الزوائد ومنبع الفوائد لعلي بن أبي بكر الهيثمي | الزوائد |
| أطراف الصحيحين لأبي مسعود الدمشقي | الأطراف |
| فتح الباري (شرح صحيح البخاري( لابن حجر العسقلاني، المنهاج في شرح صحيح مسلم للنووي، وعشرات أخرى من الشروحات | الشروحات |

من بەو کەسانە ئەڵێم کە ئەیانەوێ ڕەفزی فەرموودە بکەن و ئیکتیفا بەقورئان بکەن بەفەهمی خۆیان نەك بەفەهمی پێغەمبەرو هاوەڵان و سەلەفی صالح و زاناکان، ئێمە چۆن بزانین کە ئێوە باپیرە گەورەیەکتان هەیە کە ئێوە بە ١٠ پشت ئەگەڕێنەوە سەری؟

ئەگەر بڵێین: پشت بەپشت نەوە دوای نەوە زانیویانە تا گەیشتووەتە ئێمە کە باپیرە گەورەمان فلانە کەسەو شایەتمان هەیەو گومانمان لێی نیە.

زۆرچاکە ئەو کاتە ئێمەش ئەیڵێین: ئەوە نەسەبێکی دونیایییە کە بەرگری لێ ئەکەن لەسەر ئەساسی پشت بەپشت بێ ئەوەی ئەوت بینی بێ و چۆن ژیابێ و چی گوتبێ، ئەی چی بە پێغەمبەرێکی ڕاستگۆو ئەو هەموو هاوەڵە ڕاستگۆیەو شوێنکەوتە ڕاستگۆیەو نەوە دوای نەوە ئەو قورئان و سوننەت و دینەیان بە ئێمە گەیاندووە، سوێند بەخودا ئێمە ئەگەر گومانمان لە باوك و باپیرانمان هەبێ لە قورئان و سوننەت و دینەکەمان نیمانە، بۆیە ئەوەی ئێوە کە بڕواتان باپیرە گەورەتان هەیە زانستێکی زەننیەو بەدرۆش ئەخرێتەوەو جێگای متمانەیی تەواو نیە، ئەمما ئوممەتێك نەوە بە نەوە ئەو شتە مەزنانەیان بۆ ئێمە نەقڵ کردبێ بەڵگەیەکی بەدیهی و بێ تێڕامانیە، وەك ئەوەیە ئێوە بەغداتان نەدیوە بەڵام خەڵکانێك دیویانە جا ئێوە ڕەفزی وجودی بەغدا ئەکەنەوە کەوا شارێك هەبێ بەو ناوەوە ئەوەش جۆرێکە لە سەفسەتەو گەلحۆیی.

ئەگەر بشڵێن: ئەمە چ پەیوەندی بەو بابەتەوە هەیە کوا بەڵگەی فەرموودەکان؟

ئێمەش ئەیلێین: زۆر پەیوەندی بەوەوە هەیە، پێمان بڵێن: کوا بەڵگەی وجودی باپیرانتان کە ڕۆژێ لە ڕۆژان وجودیان هەبووە لە ژیان؟

ئێوە وتەی باپیرانی خۆتان ئەگێڕنەوە کە ئاواو ئاوایان گوتووە، کەچی بڕواتان بە سیرەی پێغەمبەرو هاوەڵان و ئەو هەموو مرۆڤە ڕاستگۆیە نیە کە ئەو شەریعەتەیان بە ئێمە گەیاندووە لە ڕێی قورئان و سوننەتەوە.

ئەو بابەتە وەکوو خۆری بەری بەیان ڕوونەو گومانی تێدا نیە، بۆیە زۆریش لەسەری ناڕۆم و خۆمی پێوە ماندوو ناکەم لەو کتێبەدا. ئەوەی بڕوای بە فەرموودە نەبێ بەڕەهایی واتە: فەرموودە دەربخات لە شەریعەتی ئیسلام ئەوە کافرو زندیقە بە یەکدەنگی زانایانی ئیسلام. ئەمە کردەوەی تاقمە گومڕابووەکان و عەلمانیە مونافیقەکانە، ئەوانەی کە ڕەواج بەو بابەتە ئەدەن و ئەیانەوێ شەریعەتی ئیسلام پەکبخەن.

ئیمامی سیوطی ئەفەرمووێ: "ڕەحمەتی خوات لێ بێ بزانە هەرکەسێ بوونی فەرموودە ڕەتبکاتەوە جا ئەم فەرموودەیە فەرموودەی وتە بێ یان کردار بەمەرجێك ناسراو بێ لە ئوصولڵدا کە حوججەو بەڵگەیە ئەوە کافربۆتەوەو دەرچووە لە بازنەی ئیسلامەتی، وە لەگەڵ یەهودی و نەصڕانیەکان حەشر دەکرێ یانیش لەگەڵ ئەو فیڕقە کافرانەی کە خودا ویستی لەسەرە"[183].

[183] (مفتاح الجنة في الإحتجاج بالسنة)(ل٦). ط. الجامعة الإسلامية.

وه له کتێبی تەکمیلەی شەڕحی موهەززەبی ئیمامی نەوەوی ئیمام ئەبو ئیسحاقی شیرازی بابێکی داناوه له ژێر ناونیشانی (إنكار حجية السنة موجب للردة) واته: ئینکاری کردنی بەڵگەیەتی فەرمووده هۆکارێکه بۆ هەڵگەڕانەوه له دین تەکفیر ئەکرێ.

حافیزی ئیبن و عبد البر ئەفەرمووێ: "بنەماکانی زانست قورئان و سوننەته، وه سوننەتیش ئەکرێته دوو بەش:

یەکەمیان: یەکدەنگیه که هەمووان نەقڵ ئەکەن له هەمووانەوه، ئەمه له بەڵگه یەکلایی کراوو بڕەڕەکانه هیچ عوزرێکی تێدانیه، ئەگەر بێت و خیلافێکی تێدا نەبێ، جا هەر کەسێ ڕەددی یەکدەنگیەکەیان بکاتەوه ئەوه دەقێك له دەقەکانی خوای گەورەی ڕەتکردووەتەوه، بۆیه واجبه تەوبەی پێ بکرێ، وه خوێنیشی بڕێژرێ ئەگەر هاتوو تەوبەی نەکرد، ئەمەش لەبەر دەرچوونەکەیەتی لەو یەکدەنگیەی که موسڵمانان لەسەرینه، وه ڕێگای ئەو جۆره کەسەش ڕێگای ئیمانداران نیه، (واته: ڕێگای کافرانه).

دووەمیان: هەواڵی ئاحاده تاك و متمانه پێکراوو ئەثبات و سەنەده گەیەنراوەکانه، ئەمەش پێویسته کاری پێ بکرێ لای کۆمەڵێك له زاناکانی ئوممەت ئەوانەی که بەڵگەو پێشەنگن، وه هەشیانه گوتویانه: ئەو جۆره ئەبێته زانست و واجبیشه کاری پێ بکرێ.

وه ئیبن و حەزمی زاهیریش ئەفەرمووێ: "خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ۝٥٩﴾[١٨٤]، واتە: ئەی ئەوانەی کە ئیمانتان هێناوە بەگوێی خوداو پێغەمبەرەکەی بکەن و گوێڕایەڵیان بکەن، وە هەروەها بەگوێی ئەوانەش بکەن کە کاروباری موسڵمانان بەڕێوە ئەبەن، مەبەستی سەرکردەی موسڵمانانە چ لە سەردەمی حەزرەتدا، وە چ دوای ئەویش، کەواتە خولەفای ڕاشیدین و قازی و سەرکردەکانی سوپای ئیسلامیش ئەگرێتەوە. جا ئەگەر لە شتێکا لێتان بووە ناکۆکی و کێشە ئەوە بگەڕێنەوە بۆ لای خواو پێغەمبەر کە قورئان و سوونەتە ئەگەر ئیمانتان بەخواو بە ڕۆژی دوایی هەیە. ئەمە بەڵگەیە کە مەبەست پێی گەڕانەوەیە بۆ قورئان و هەواڵی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم کە لێیەوە گێڕدراوەتەوە، وە بێگومان ئوممەت یەکدەنگە لەسەر ئەوەی کەوا ئەو جۆرە خیتابە ڕووی لە ئێمەو هەموو دروستکراوێك کردووە کە ڕووحی لە جەستەدایە، وە ئەم ئایەتەشی هێنایەوە ﴿وَمَا ٱخۡتَلَفۡتُمۡ فِيهِ مِن شَيۡءٖ فَحُكۡمُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبِّي عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُ وَإِلَيۡهِ أُنِيبُ ۝١٠﴾[١٨٥]، واتە: هەر کاروبارێکی دین و دونیا کە ئێوەو کافرەکان تیایدا ناکۆك بوون

---

[١٨٤] سورة النساء: ٥٩

[١٨٥] سورة الشورى: ١٠

بڕیارتیادانی ئەگەڕێتەوە بۆ خوا، ئەو ڕاست و چەوتی تێدا لێك جیا ئەکاتەوە، ئەو خوایەی کە خوای پەروەردگاری منە، من لە هەموو شتێکدا پشت بەو ئەبەستم و لە هەموو گیروگرفتێکدا بۆ لای ئەو ئەگەڕێمەوە.

ئینجا ئیبن و حەزم ئەفەرمووێ: بینیمان کەوا خوای گەورە ئەمان گەڕێنێتەوە بۆ وتەی پێغەمبەرەکە صلی الله علیه وسلم هەروەکوو سەلماندمان لە پێشدا، وە بۆ هیچ موسڵمانێکیش نیە کە دانی بە تەوحیددا هێنابێ لە کاتی ناکۆکیدا بگەڕێتەوە بۆلای غەیری قورئان و هەواڵی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم، وە نەشیەوێ لەوەی کە دەستی ئەکەوێ لەو دوانەدا، جا ئەگەر ئەمەی کرد دوای ئەوەی قیامی حوجەی لەسەر کرا ئەوە فاسق ئەبێ بەهۆی ئەو کارەیەوە، بەڵام ئەگەر وەك حەڵاڵ کردنێك بۆ دەرچوون لە فەرمانیان یاخود واجبە گوێڕایەڵی یەکێکیان بکرێ ئەوە کافرەو گومان لەوەدا نیە لای ئێمە.....، ئینجا ئەو ئایەتەشی کردووەتە شایەت لەسەر قسەکانی ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴿٦٥﴾﴾[186]، واتە: بێگومان ئیمان بەو جۆرە نابێ کە ئەوان گومان ئەبەن، سوێند بەو خودایەی کە دروستی کردوویت ئەمانە نابنە ئیمانداری ڕاستەقینە تا وایان لێ دێ کە بە ڕەزای دڵ و باوەڕەوە تۆ ئەکەنە حەکەم لەو

[186] سورة النساء: ٦٥

ناکۆکییانەدا کە لەناویاندا ڕوو ئەدەن و، هیچ گرێ لە دڵیاندا نەبێ لەو حوکمەی کە تۆ ئەیدەیت و بەتەواوی ملکەچت ئەبن و بەگوێت ئەکەن.

ئینجا هەندێ وتەی تری لەسەر ئایەتەکە کردووە کە بە پێویستمان نەزانی بیهێنین. ئەوجا ئەفەرمووێ: ئەگەر بێت و کەسێك بڵێت: هیچ شتێکمان ناوێ ئیللا لە قوڕئانەوە نەبێ ئەوە کافرە بە یەکدەنگی ئومەت، چونکە ناچاری ئەوەی ئەکات تەنیا یەك ڕەکعەت بکات لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوابووندا، وە ئەوەکەی تریش لە کاتی بەیانی، چونکە ئەمە کەمترین ناوی نوێژی بەسەرا ئەکەوێ، هیچ سنوورێکی تری زیادکردن لەوەدا نیە، بێژەری ئەم وتەیەش موشریکەو خوێن وماڵیشی حەڵاڵە، وە ئەگەر کەسێکیش گوتی وەرناگرین ئیللا ئەوە نەبێ کە ئومەت لەسەری یەکدەنگن، وە واز لە هەموو ئەوانە ئەهێنین کە ڕاجیان تیایدا ئەوە فاسقە بە یەکدەنگی ئومەت"[187].

ئەم فەرموودەیەش بۆ بەناو قوڕئانیە کافرو مورتەددەکان کە میقددای کوڕی مەعدی یەکریب لە پێغەمبەری خواوە صلى الله عليه وسلم ئەگێڕێتەوە کەوا فەرموویەتی: (**ألا إني أوتيت الكتاب ومثله معه، ألا يوشك رجل شبعان على أريكته، يقول: عليكم بهذا القرآن فما وجدتم**

[187] (تكملة المجموع شرح المهذب)(ب٢٤/ل٩) ط. دار الكتب العلمية

**فيه من حلال فأحلوه، وما وجدتم فيه من حرام فحرموه)**[188]، واتە: ئاگاداربن! من كتێب و وێنەی ئەویشم پێدراوە واتە: قورئان و سوننەتم پێدراوە، ئاگاداربن! نزیکە پیاوێکی تێر لەسەر سیسەم و قەنەفەو جێگەکەی خۆی پاڵکەوتووەو ئەوجا لەسەر ئەو تێرایەتیەی خۆیشی ئەڵێ: لەسەرتانە دەست بەو قورئانە بگرن، هەرچیەکتان لە حەڵاڵ تێدا بینی ئەوە حەڵاڵی بکەن، وە هەرچیەکیشتان لە حەرام تێدا بینی ئەوە حەرامی بکەن. واتە: تەفسیری قورئان لەسەر ئەساسی هەواو ئارەزوو بەرژەوەندی کوفری عەلمانیەت و وێنەی ئەوانیشە هەروەکوو لەم سەردەمە بەچاوی خۆمان ئەوانەمان بینی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و کەناڵە ئاسمانیەکان کە چۆن حەڵاڵی خوایان حەرام ئەکردو حەڵاڵی خواشیان حەرام ئەکرد. زاناکانیشمان یەکدەنگن لەوە ئەو جۆرە تاقم و کەسانە مورتەددو کافرن.

---

[188] ئەبو داود لە (سنن أبی داود)(ژ٤٦٠٤). وە ئەحمەد لە (مسند)(ب٤/ل١٣٠/ژ١٧٢١٣). ڕیوایەتیان کردووە.

# گەورەترینی پەیامبەران

**وأفضل الأنبياء عليهم السلام محمد صلى الله عليه وسلم.**

گەورەترینی هەموو پێغەمبەران حەزرەتی فەخری کائینات گەورەمان محمدە صلى الله عليه وسلم.

خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿كُنتُمۡ خَيۡرَ أُمَّةٍ أُخۡرِجَتۡ لِلنَّاسِ ١١٠﴾[189]، ئێوە چاکترین ئوممەتێکن کە لە نێو خەڵکیدا دەرچوو‌بێتن. سەعدی تەفتازانی ئەفەرمووێ: "گومانی تێدا نیە ئەو چاکێتی ئوممەتە بە گوێرەی کەماڵیان لە دین، ئەمەش شوێن کەماڵی پێغەمبەرەکەیانە کە شوێنی کەوتوون، وە کردنە بەڵگەش بە وتەی (من گەورەی ڕۆڵەی ئادەمم بەبێ شانازی) زەعیفە (واتە: لە ڕووی کردنە بەڵگەیەتی ئەمما خودی فەرموودەکە صەحیحە)، لەبەرئەوەی (فەرموودەکە) دەلالەتی ئەوە نادات کە لە ئادەمیش گەورەتر بێ بەڵکوو لە نەوەکانی ئادەم گەورەترە". وە ڕەمەزان ئەفەندیش ئەفەرمووێ: "ڕاجیایی هەیە لە بەگەورەدانانی ئادەم و حەزرەتی محمد سەلامیان لەسەر بێ، هەندێ وتویانە: ئادەم گەورەترە لەو، وە هەندێکی تریش گوتویانە: ئەو گەورەترە لە ئادەم، ئەمەش صەحیحترو ڕاستترە لە ڕاکەی یەکەم، لەبەر وتەی (كنتم) کە خیتابە بۆ ئوممەتی محمد صلى الله

---

[189] سورة آل عمران: ١١٠

عليه وسلم، وه لەبەر وتەی سەروەرمان کە فەرموویەتی: (من ڕێزدارترینی یەکەمینەکان و دواییینەکانم بەبێ شانازی کردن بەخۆم)، وە سەبارەت بەو وتەیەشی کە فەرموویەتی: (جیاوازی بە چاکترزانینم مەکەن بەسەر موسادا) وە (بۆ هیچ کەسێك نیە بڵێێت من چاکترم لە یونس) هەموو ئەو فەرموودانە لەبەر تەوازوع و خۆبەکەمزانینی ئەوە بۆیە وای فەرمووە، وە سەبارەت بە فەرموودەی من گەورەی نەوەی ئادەمم گوتراوە: مەبەست پێی ڕەگەزی ئادەمیزادە هەروەکوو زانستێك بەو ڕەگەزە"[١٩٠].

وە هەروەها ئەو ڕیوایەتانەش هاتووە: (**فضلت على الأنبياء بست**)[١٩١]. واتە: گەورە کراوم بەسەر پەیامبەراندا بە شەش شت. (**فضلنا على الناس بثلاث**)[١٩٢]. واتە: گەورە کراوین بەسێ شت بەسەر خەڵکیدا.

ئیبن و کەثیر ئەفەرمووێ: "**إبراهیم خەلیل** پێش هاتنی ئەم ئوممەتە لە هەموو پەیامبەرەکان گەورەتر بووە، وە **محمدیش** کە لە دوای ئەوانەوە هات لە هەموو خەڵکی گەورەترەو گەورەی ئادەمیزادەکانە لە دونیاو دوارۆژ صەڵاَت و سەلامی خوا لەوان و لە پەیامبەرەکانی تری براکانی بێت"[١٩٣].

---

[١٩٠] (شرح النسفى للتفتازانى)(ل٥٥٩).

[١٩١] بوخاری لە (صحیح البخاری)(ژ٥٢٣) لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتی کردووە.

[١٩٢] موسلیم لە (صحیح المسلم)(ژ٥٢٢) لە حوزەیفەوە ڕیوایەتی کردووە.

[١٩٣] (تفسیر إبن کثیر)(ب١/ل٢٥٥).

وە ئیمامی نەوەویش لە شەرحی موسلیمدا بابێکی کردووەتەوە لە ژێر ئەو ناونیشانە: (باب تفضيل نبينا محمد صلى الله عليه وسلم على جميع الخلائق).

زانایان لەوە یەکدەنگن کەوا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم گەورەترین بەندەی خوایە لە نێو هەموو بوونەوەراندا، وە لەوەش یەکدەنگن ئەو شوێنەی کە جەستەی پیرۆزی تێدا نێژراوە لە عەرشی خوای گەورەش گەورەترە، چونکە عەرش مەخلوقە، وە خۆشەویستیشمان لە عەرش و هەموو بوونەوەران گەورەترە، بۆیە ئەو شوێنەی کە تێیدا نێژراوە گەورەترین مرۆڤی هەڵگرتووە، قسەکەشیان زۆر تەواوەو هیچ خیلافێکی شەرعی تێدا نیە. ئەمەش فەتوای زاناکان: شێخ شهاب الدين أحمدی خەففاجی شافیعی لە ئیمامی سوبوکی و سوڵتانی زاناکان عیززی کوڕی عبد السلام نەقڵی کردووە هەمان وتە ئەفەرموون، قازی عیازی یەحصەبی ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە کتێبی (الشفاء) ئەفەرمووێ: "شوێنی گۆڕەکەی صلى الله عليه وسلم گەورەترین جێگای زەویە". جا شێخ خەففاجی تەعلیقی لەسەر وتەکانی داوە کە ئەفەرمووێ: "بەڵکوو گەورەترە لە ئاسمانەکان و عەرش و کەعبە هەروەکوو سوبوکی نەقڵی کردووە"[١٩٤].

---

[١٩٤] (نسيم الرياض في شرح الشفاء)(ب٣/ل٥٣١).

ئیمامی حەصفەکی حەنفی لە مەشهورترین کتێبی (الدر المختار)دا ئەفەرمووێ: "مەککە لای ئێمە لەسەر قەولی ڕاجیح لە مەدینە گەورەترە، ئیللا ئەو جێگەیە نەبێ کە ئەندامە پیرۆزەکانی (صلی الله علیه وسلم)ی لە خۆ گرتووە ئەو جێگەیە گەورەترە بە ڕەهایی لە کەعبەو عەڕش و کورسیش، وە زیارەتی گۆڕەکەشی سوننەتە، بەڵکوو واجبە بۆ ئەوکەسەی کە تواناداره"[195].

شێخ محمدی کوڕی عولەیشی مالیکی ئەفەرمووێ: "ڕاجیایی لە غەیری ئەو جێگەیەی هەیە کە (صلی الله علیه وسلم)ی لە خۆ گرتووە، چونکە ئەو جێگایە گەورەترە لە کە عبەو ئاسمان و عەڕش و کورسی و لەوح و قەلەم و بەیتی مەعموریش"[196].

حافیزی سەخاوی ئەفەرمووێ: "یەکدەنگی لەگەڵ گەورایەتی ئەو جێگەیە کە (صلی الله علیه وسلم)ی لە خۆ گرتووە، هەتا لە کەعبەش هەرچەندە کەعبە لە خودی مەدینە گەورەترە، بەڵکوو لە عەڕشیش گەورەترە، هەروەکوو ئیبن و عەقیل لە حەنبەلیەکان لێدوانی لەسەر داوە، وە گومان لەوەدا نیە کەوا جێگەکانی پێغەمبەران و ڕووحەکانیان بە شەرەفترن لە غەیری خۆیان لە زەوی و ئاسمان، وە گۆڕی پیرۆزی ئەویش گەورەترینیانە،

[195] (الدر المختار)(ب٥/ل٤٨١).

[196] (منح الجلیل شرح مختصر الخلیل)(ب٥/ل٤٨١).

لەبەر ئەو ڕەحمەت و بەرەکەت و ڕەزامەندی و فریشتانەی کە دادەبەزنە سەری"[197].

مەلا عەلی قاری حەنەفی ئەفەرمووێ: "یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کەوا گەورەترین بیلاد مەککەو مەدینەیە، خودا شەرەف و گەورایەتیان زیاد بکات، پاشان ڕاجیایی کەوتووتە نێوانیان لە گەورایەتی کامیان، گوتراوە: مەککە گەورەترە لە مەدینە، ئەوەش مەزهەبی هەر سێ پێشەواکەیەو ڕیوایەتیش کراوە لە هەندێ هاوەڵەوە، وە گوتراوە: مەدینە گەورەترە لە مەککە، ئەوەش وتەی هەندێ لە مالیکیەکان و ئەوانەش کە لە شافیعیەکان شوێنی کەوتوون، وە گوتراویشە: یەکسانن....، ئەو ڕاجیاییەی کە باسی لێوەکرا سنووردارە جگە لە شوێنی گۆڕی پیرۆز نەبێ، زۆرینەی زاناکان ئەفەرموون: ئەو شوێنەی کە ئەندامەکانی (صلى الله عليه وسلم)ی لە خۆگرتووە گەورەترین جێگای زەویە بە یەکدەنگی هەتا لە کەعبەو عەرشیش"[198].

ئیمامی بوهوتی حەنبەلیش ئەفەرمووێ: "کەعبە گەورەترە جگە لە حوجرەی شەریف نەبێ، ئەمما پێغەمبەری تێدایە (صلى الله عليه وسلم)، نەخێر واللە لە عەرش و هەڵگرانی عەرش و بەهەشتیش گەورەترە،

---

[197] (التحفة اللطيفة في تاريخ المدينة الشريفة السخاوي)(ل١٢).

[198] (المسلك المتقسط في المنسك المتوسط)(ل٣٥١/٣٥٢).

لەبەرئەوەی ئەوەی لە حوجرەکەدایە جەستەیەکە گەر بێت و بکێشرێت بە هەمووی ئەوەی باسکرا لە هەمووان گرانترە"[١٩٩].

شەڕعزانی بەناوبانگ ئیبن و عابدین ئەفەرمووێ: "ڕاجیایی لە غەیری کەعبەیە، چونکە کەعبە گەورەترە لە مەدینە جگە لە گۆڕی پیرۆزی نەبێ، وە بەهەمان شێوە گۆڕی پیرۆزی گەورەترە لە مزگەوتی حەڕام. وە قازی عیازو غەیری ئەویش یەکدەنگیان نەقڵ کردووە لەسەر گەورایەتی (شوێنی گۆڕەکەی) هەتا بەسەر کەعبەشدا، جا ڕاجیایی لە غەیری ئەوەدایە، وە لە ئیبن و عەقیلی حەنبەلیش نەقڵ کراوە کەوا ئەو شوێنە گەورەترە لە عەڕشیش، ئەم بۆچوونەش ساداتی بەکریەکان موافەقەیان لەسەر کردووە، وە تاجی فاکیهیش لێدوانی داوە بە گەورایەتی زەوی بەسەر ئاسمانەکان لەبەر ئەوەی (صلى الله عليه وسلم)ی تێدایە، وە نەوەوەیش ئەفەرمووێ: "زۆرینە لەسەر گەورایەتی ئاسمانن بەسەر زەویدا، بەڵام پێویستە هەڵاوێرد بکرێ (إستثناء) چونکە جێگایانێکی تێدایە کە ئەندامی پێغەمبەرەکانی تێدا لە خۆ گرتووە، ئەمەش بۆ کۆکردنەوە لە نێوان وتەی زاناکاندا"[٢٠٠].

شێخمان ئیبن و حەجەری هەیتەمیش ئەفەرمووێ: "ئەوەش وەکوو باقی حەڕەم وایە، گەورەترین خاکی زەویە لای ئێمەو لای زۆرینەی زاناکان لەبەر هەواڵە صەحیحەکان کە باسی لەوە کردووە، ئەوەیشی موعارەزەی ئەکات هەندێکیان زەعیفن و هەندێکی تریشیان هەڵبەستراون هەروەکوو ڕوونم

---

[١٩٩] (شرح منتهى الإرادات)(ب٢/ل٥٢٥).

[٢٠٠] (رد المحتار علي الدر المختار)(ب٢/ل٦٨٨).

کردەوە لە پەراوێزدا، یەکێ لەو هەواڵانە: (مەدینە خۆشەویسترین شارە لای خوای گەورە) ئەمەش هەڵبەستراوە بە یەکدەنگی، بێگومان ئەوەی صەحیح بێ و بەبێ ناکۆکی تیایدا مەککەیە جگە لەو گۆڕە نەبێ کە ئەندامەکانی بەڕێزی (صلى الله عليه وسلم)ی لەخۆ گرتووە، چونکە ئەمە گەورەترە بە یەکدەنگی هەتا لە عەرشیش"[٢٠١].

وە ئەم یەکدەنگیە ئیمامی شەمسی ڕەمەلیٚ و نەوەوی و بوجەیرمی و نەفراوی و ئیبن و عبد السلام و مونناوی و شمس الدینی شامی و سوبوکی و قازی عیازەوە نەقڵ کراوە، وە محب الطبری و ئیبن و قازی شوهبەش لێدوانی گەورایەتیەکەیانداوە"[٢٠٢].

[٢٠١] (تحفة المحتاج بشرح المنهاج)(ب٥/ل١٦٧).

[٢٠٢] (حاشية الشوبري على أسني المطالب)(ب٥/ل٤٣٥). (حاشية البجيرمي على الخطيب)(ب١/ل١٢٢). (الفواكه الدواني للإمام النفراوي)(ب٤/ل٣٧). (فيض القدير)(ب٦/ل٣٤٣). (سبل الهدى والرشاد في سيرة خير العباد للإمام محمد بن يوسف الصالحي الشامي)(ب١٢/ل٣٥٣).

## فریشتەکان

**والملائكة عباد الله تعالى العاملون بأمره، لا يوصفون بذكورة ولا أنوثة.**

فریشتەکانیش کۆمەڵە بەندەیەکی خوای گەورەن، هەر فەرمانێکیان پێ بگوترێ دەست بەجێ جێ بەجێی ئەکەن بەبێ دواخستن، وە هەر گوناهو تاوان ناکەن، وە نەنێرن وە نەمێشن، هەر بۆیەش وەصف ناکرێن بە نێرایەتی و مێیایەتی.

موسلیم لە دایکمان عائیشەوە گێڕاویەتیەوە کەوا نووری چاومان فەخری کائینات محمد المصطفى فەرموویەتی: (**خُلِقَتِ الملائِكَةُ مِنْ نُورٍ، وَخُلِقَ إبْلِيسُ مِنْ مَارِجٍ مِنْ نَارٍ، وَخُلِقَ آدَمُ مِمَّا وُصِفَ لَكُمْ**)[٢٠٣]، واتە: فریشتەکان لە نوور دروستکراون، وە ئیبلیسیش لە ئاگرێکی پاك و ساف و بێ خەوش دروستکراوە، وە ئادەمیش بەو جۆرە دروستکراوە کە وەصفتان بۆ کراوە لە قورئان سوننەت کە لەقوڕو قۆناغەکی قوڕ دروستکراوە تا ئەگاتە نەفخی ڕووح.

وە لە ڕیوایەتێکی تردا ئیبن و مەڕدەویهی گێڕایتیەوە لە عائیشەوە کە صلی اللە علیە وسلم فەرموویەتی: (**خلق الله الملائكة من العرش، وخلق الجان من مارج من نار، وخلق آدم من مما وصف لكم**) جا ئیبن و مەڕدەوەیهی ئەفەرمووێ: بە نوعەیمی کوڕی حەممادم گوت: لە کوێ ئەمەت گوێ لێ بووە لە عبد الرزاق؟ فەرمووی: لە یەمەن. وە ئیبن و کەثیریش

---

[٢٠٣] (صحيح المسلم)(ذ٢٩٩٦).

ئەفەرمووێ: "لە هەندێ لەفزی تری ئەو فەرموودەیە لە غەیری صەحیحەکاندا هاتووە: کەوا حۆریە چاوگەشەکانیش لە زەعفەڕان دروستکراوە"[٢٠٤].

ئەنەسی کوڕی مالیك بۆمان ئەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لە شەوی ئیسڕاو میعڕاجدا کاتێ بەرزکرایەوە کۆمەڵە شتێکی پێ نیشاندرا، جا سەروەرمان ئەفەرمووێ: (بەرزکرامەوە بۆ (بيت المعمور) گوتم: ئەی جوبریل ئەوە چیە؟ ئەویش فەرمووی: ئەوە بەیتی مەعمووڕە کە

---

[٢٠٤] عبد الرزاق لە (مصنف عبد الرزاق)(ژ٢٠٩٠٤). وە تەبەڕانی لە (معجم الكبير)(ب٨/ل٢٣٧) لە ڕێی ئەبو ئومامەوە گێڕاویەتیەوە تەبەڕانی. ڕیوایەتی تەبەڕانی عبید الله کوڕی زەحری تێدایە هەندێك ئەیانەوێ زەعیفی بکەن، وە ئیبن و مەعینیش لە بارەیەوە فەرموویەتی: "شتێکی وا نیە"، وە عیجلیش ئەفەرمووێ: "فەرموودەی ئەنوسرێتەوە بەس بەهێز نیە"، وە عەلی کوڕی مەدینیش فەرموویەتی: "فەرموودەی مونکەڕە"، وە ئەبو زورعەی ڕای و نەسائیش فەرموویانە: "خراپ نیە". جا شێخمان ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێ: "ڕاستگۆیەو هەڵەش ئەکات". بڕوانە: (تقريب التهذيب)(ل٦٣٨/ذ٤٣١٩). وە (تاريخ الثقات للعجلي)(ل٣١٦/ذ١٠٥٤). وە (تفسير ابن كثير)(ب٣/ل٣٩٢). حافیزی غوماری ڕیوایەتێکی تری هێناوە (فوائد العراقيين) لە ئەبو سەعیدی نەققاشەوە بەسەنەدی تا ئەگاتە ئەبو ئومامە. (المداوي لعلل الجامع الصغير وشرح المناوي)(ب٣/ل٤٦٢/ژ٣٨٥٤).

هەموو ڕۆژێ حەفتا هەزار فریشتە ئەچنە نێویەوە، کاتێ کە دەرئەچن ناگەڕێنەوە نێویەوە)[٢٠٥].

وە هەروەها سەبارەت بەوەی کە جێگای چەند پەنجەیەك لە ئاسمانەکان نیە بە بەتاڵی ئیللا فریشتەیەکی لێیەو لە حاڵەتی پەرستشدایە هەروەك لەو ڕیوایەتەو چەند ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (**إني أرى ما لا ترون، أطّتِ السماءُ وحُق لها أن تئط، ما فيها موضع أربع أصابع إلا وملك واضع جبهته ساجدًا لله تعالى، والله لو تعلمون ما أعلم لضحكتم قليلاً ولبكيتم كثيراً، وما تلذذتم بالنساء على الفرش، ولخرجتم إلى الصُّعُدات تجأرون إلى الله تعالى**)[٢٠٦]. ئەوەی من ئەیبینم ئێوە نایبینن، ئاسمان لەبەر قورسیەکەی و زۆری فریشتەکانی دەنگی لێوە دێ، وە حەقی خۆشیەتی کە دەنگی لێوە بێ، چونکە جێگای چوار پەنجە نیە لەو ئاسمانە ئیللا فریشتەیەکی لێیە نێوچەوانی خۆی لە سوجدە دانەوە بۆ خوای گەورە (واتە: جێگای چوار پەنجە فەڕاغ نادۆزیتەوە لەو ئاسمانە ئیللا فریشتەیەك لێیەو پەرستشی خوا ئەکات)، سوێند بەخوا ئەوەی من ئەیزانم ئێوە بتانزانیبایە ئەوە زۆر کەم پێ ئەکەنین و زۆر ئەگریان، وە تام و چێژیشتان لە ئافرەتانی خۆتان لەسەر جێگاکان وەرنەئەگرت، وە دەرچوون بۆ ڕێگاوبانەکان و ئەگریان و هاوارو ناڵەتان ئەکرد بۆلای خوا جل جلالە.

---

[٢٠٥] بوخاری لە (صحیح البخاری)(ژ٣٢٠٧/٣٣٩٣/٣٤٣٠/٣٨٨٧). وە موسلیم لە (صحیح المسلم)(ژ١٦٤). ڕیوایەتیان کردووە.

[٢٠٦] ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٢٣١٢).

ئەوانەی کە بە زاهیری لە فەرموودەی دابەزینی خوا تێگەیشتن و وا ئەزانن خودا هەموو شەوێك دێتە ناو ئاسمانی دونیا با سەیرێکی ئەم فەرموودەیە بکەن خۆ ئەمەش فەرموودەیە، دینیش گشتگیرە، ئیتر چۆن فەرموودەیەك تەفسیر دەکەی و واز لە فەرموودەیەکی تر ئەهێنی، ئەوەتا سەروەرمان فەرمووی جێگای چوار پەنجە لە ئاسمان نیە ئیللا فریشتەیەك خواپەرستی ئەکات، باشە لە پێشەکی ئەم کتێبەش باسی ئەوەمان کرد هەموو ئاسمانەکان لە چاو ڕەهایەتی خودا حەڵقەیەکە فڕێدرێتە بیابان، باشە خودایەکی ڕەهاو بێ سنوور کە بۆ شوێن نیە ئەو لەخۆ بگرن چۆن ئەو زاتە ڕەهایەتان بەحەقیقی هێنایە ناو ئاسمان لە کاتێکدا جێگای چوار پەنجەش نیە، ئێوە خوداتان تێکەڵ بە ماددەو فریشتەکان کرد، واتە خودا دێتە لای فریشتەکان لە ئاسمان بەپێی بیروباوەڕی ئێوە، ئەوەشمان پوچەڵکردەوە لە پێشدا، وە گوتیشمان بیست و چوار کاژێر لەسەر زەوی لەشوێنێ ڕۆژە لە شوێنێکی تر شەوە بەمەش خودا لای ئێوە هەم لەسەر دانیشتووە، وە لە هەمان کاتیشدا لەناو ئاسمانە، ئەی باشە کاتێ ئاسمانەکان و ئەوانەی کە لەناو ئاسمانەکانن لە ڕۆژی دوایی خوای گەورە ئەیانمرێنێ و ئاسمانەکان تێك ئەدا لە کاتێکیشدا خۆیشی لەناو ئاسمانە، ئێوە ڕووبەڕووی کۆمەڵە پرسیارێك بوونەتەوە هەر بەخودی دەقی شەرعی و وەڵامیشتان لا نیە جگە لەوە نەبێ خودا دێتە ئاسمانی دونیا بەهاتنێك لە خۆی بووەشێتەوە واتە دابەزینێکی حەقیقی. ئەمەش جۆرێکە لە موراوەغات، جگە لە کەسانی کەمزانست نەبێ کەس بڕوا بەو چەواشەکاریە ناکات. ئەوەتە خودا ئەفەرمووێ: ﴿يَوْمَ تُبَدَّلُ ٱلْأَرْضُ غَيْرَ ٱلْأَرْضِ وَٱلسَّمَـٰوَٰتُ ۖ وَبَرَزُوا۟ لِلَّهِ ٱلْوَٰحِدِ

ٱلۡقَهَّارِ ﴿٤٨﴾﴾[٢٠٧]، واتە: ڕۆژێ دێ ئەم زەویەو ئاسمانەکان ئەگۆڕدرێن بە غەیری ئەو ئەو زەویەو ئاسمانەکان، وە هەرچی ئادەمیزادە لە گۆڕ دەرئەچن و هەمووی لەبەردەم خوای پەروەردگار ڕائەوستێنرێن. باشە بە حیسابی ئێوە کە خودا لە ئاسمان بێ ئەبێ بەر لە گۆڕینی ئاسمانەکان و زەوی لە ئاسمانەکان دەربچێ نەقڵی ئاسمانەکانی تر بێ چونکە گۆڕیویەتی بە ئاسمانی تر، لە زیهنی ئێوەش خودا هەر لە ئاسمانە، لێرەدا خودا جێگەدار کراو پێکچوێندرا بە ماددەیەکی دروستکراوی گواستراوە لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر، ئەمانەش گشتی باتڵن.

وە هەروەها خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى فِى ٱلسَّمَآءِ إِلَـٰهٌ وَفِى ٱلۡأَرۡضِ إِلَـٰهٌ ۚ وَهُوَ ٱلۡحَكِيمُ ٱلۡعَلِيمُ ﴿٨٤﴾﴾[٢٠٨]، زاهیری ئایەتەکە لێکی دەینەوەو تەئویلی بۆ نەکەین چونکە لەسەر مەزهەبی ئێوە تەئویل نیە لە سیفاتە خەبەریەکان بە حیسابی خۆتان: خودا ئەو خودایە لە ئاسمان و لە زەویش. (في) ئەگەر بەمانای زەرفیە وەربگیرێ بەزاهیریەکەی (واتە: خودا لە ئاسمانە، وە بۆ زەویش بەمانای عەلاش دێ وە هەمیش بەمانای زەرفیەش دێ واتە: خودا لەسەر زەویشە، وە هەمیش لەناو زەویشە) ئەمە بەپێی زاهیری دەق، بەس لێرە ڕائەکەن و تەئویلی دەکەن ناڵێن خودا لەسەر زەویە بەڵکوو دەڵێن خوای گەورە هەروەك چۆن لە ئاسمانەو ئەپەرسترێ ئاواش لەسەر زەوی ئەپەرسترێ بەڵام نەك لەسەر زەوی بێ، حاشا لەو تەئویلە باتڵە،

---

[٢٠٧] سورة إبراهيم: ٢٦١

[٢٠٨] سورة الزخرف: ٨٤

باشە ئەوە لە ئاسمان بوو، ئەو ئایەتەی پێشوو ترو ئەو ئایەتەش چی لێ ئەکەن: ﴿وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُۖ ﴿٦٨﴾﴾[209]، واتە: کاتێ کە فوو ئەکرێ بە صوردا هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە ئەمرن ئیللا ئەوانە نەبێ کە خودا ویستی لەسەریانە. باشە ئەوە ئیسمی شەرتی (مَن)ی بەکارهێنا، ئێوە نالێن ئەوەتە خودا ئەفەرمووێ: ﴿أَمۡ أَمِنتُم مَّن فِي ٱلسَّمَآءِ أَن يُرۡسِلَ عَلَيۡكُمۡ حَاصِبٗاۖ فَسَتَعۡلَمُونَ كَيۡفَ نَذِيرِ ﴿١٧﴾﴾[210]، بە تەفسیری ئێوە ئایەتەکە بەو جۆرەیە واتە: ئایا ئێوە ئەمینن لەو خوایەی کە لە ئاسمانە بە حەقیقی لە ئاسمانەوە بەردتان بەسەردا ببارێنێ؟! باشە خۆ لێرەش إسمی ئیشارەی (مَن)ی بەکارهێنا کە بۆ عاقڵە لە هەردوو ئایەتەکە، پرسیارەکە لێرەوە دەست پێ ئەکات خودا لە ئاسمانەو لەگەڵ فریشتەکانیشە بە بڕوای ئێوە، باشە کاتێ نەفخی صور لێدرا هەرچی لە ئاسمانەکان بێ ئەمرێنێ ئایا خودا خۆیشی ئەمرێنێ؟ بێگومان ئەڵێن: نەخێر، ئەی نەتانگوت لە ئاسمانە، با من پێتان بڵێم چی ئەڵێن: ئەڵێن خودا ئەکشێتەوە، بەمەش خوداتان پێکچوواند بە ماددەو تێکەڵ بەماددەی ئاسمانەکانتان کرد، جیاوازی ئێوە لەگەڵ حلولیەکان چیە؟ ئێوەش ئەڵێن: نا وانیە ئەوەتە ئەی خوای گەورە نەیگوت تەنیا ئەوانە ئەمێننەوە کە خودا ویستی لەسەر هەنە، باشە ئێمەش ئەیلێن: واتە: ئەگەر ویستی لەسەر بایە خۆیشی لەناو ئەبرد؟ بێگومان ئێوەش ئەڵێن: نەخێر ئەوە مەحاڵە، ئەوکاتە

[209] سورة الزمر: ٦٨

[210] سورة الملك: ١٧

ئێمەش ئەڵێین: ئایەتەکە صەریحە کە ئەڵێ هەموو لەناو ئەچن تەنیا ئەوە نەبێ کە خودا ویستی لەسەرە، ئەی باشە خۆ خوداش لەناو ئاسمان نەبوو؟ چۆن ئیمکانیەتی مردنی خودا گریمانە ئەکرێ؟ بێگومان ئێوە گریمانەی ناکەن بەڵکوو ئەوە ئێمەین ئەمانەوێ بەو پرسیارانە ئیلزامتان بکەین و لەو عەقیدە پووچە پاکتان بکەینەوەو بەرەو عەقیدەیەکی پاك و بێگەردی پێغەمبەرو هاوەڵان و سەلەف و خەڵەف بتان بەین. گریمانەی لەناوچوونی خودا مەحاڵە وەك لە زانستی کەلامدا ئەگوترێ: (فرض المحال محال) گریمانەکردنی شتێکی مەحاڵ ئەوە مەحاڵە، وجودی خودا واجبەو خاریجی مومکیناتە، بۆیە هەرگیز لەناوچوون ڕووی تێ ناکات، وە فەرموودەی دابەزینی خوداو ئەو ئایەتانەی کە بەزاهیر وا نیشان ئەدرێن کە خودا لە ئاسمانە بەو فەرموودەیە تەفسیری کراوە بەڵام سەرەتا با ئەو فەرموودەیە بێنین کە ئێوە کردووتانە بەڵگەی خۆتان بە زاهیری: **(ینزل ربنا تبارك وتعالى إلى السماء الدنيا كل ليلة حين يبقى ثلث الليل الآخر فيقول: من يدعوني فأستجيب له، من يسألني فأعطيه، من يستغفرني فأغفر له، حتى ينفجر الفجر)**[٢١١]. واتە: هەموو شەوێ خوای پەروەردگار دائەبەزێتە ئاسمانی دونیا کاتێ کە سێیەکی کۆتایی شەو ئەمێنێ و ئەڵێتن: کێ لێم ئەپاڕێتەوە تاوەکوو وەڵامی بدەمەوە، کێ داوام لێ ئەکات تاوەکوو پێی ببەخشم، کێ

---

[٢١١] بوخاری لە (صحیح البخاری)(ژ١١٤٥/٦٣٢١/٧٤٩٤). وە موسلیم لە (صحیح المسلم)(ژ٧٥٨/١٦٨/١٦٩/١٧٠). وە ئەبو داود لە (سنن أبی داود)(ژ١٣١٥/٤٧٣٣). وە ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٤٤٦/٣٤٩٨). وە ئیبن و ماجە لە (سنن إبن ماجە)(ژ١٣٦٦). وە نەسائی لە (سنن الکبری)(ژ١٠٢٤٠). ڕیوایەتیان کردووە.

داوای لێخۆشبوونم لێ ئەکات تاوەکوو لێی خۆش بم، هەتاوەکوو بەیانی دادێ). جارێ شەرحی ئیمامی نەوەوی ناهێنم لەسەری با سەرەتا ڕیوایەتەکەی نەسائی بێنم چونکە شەرحی ئەم فەرموودەیەو زۆرکەس چەواشەکاری کردووەو خۆی لە خەت ئەدا وەك بلێی دینی ئیسلام تەنیا لەو فەرموودەیە کۆبووەتەوە، ئێمە وەك گوتمان بەڵگەی دین گشتگیرە، بۆیە ستەم لە فەرموودەکان مەکەن بۆ هەواو ئارەزووی خۆتان کامەتان بەدڵ بوو ئەوی وەربگرن و کامەتان بەدڵ نەبوو وازی لێ بهێنن. هەمان ئەو فەرموودەیە نەسائی بە چەند ڕیوایەتێك هێناویەتی، لەوانە: لە ریفاعەی کوڕی جوهەنیەوە یەك ڕیوایەت، لە ئەبو هوڕەیڕەوە کە بە نۆ ڕێگا هێناویەتی، وە بە یەك ڕێگاش لە نافعی کوڕی جوبەیری کوڕی موتعیمەوە. وێڕای ڕیوایەتی ئەو فەرموودەیە هەر لە ئەبو هوڕەیڕەو ئەبو سەعیدەوە ئەو ڕیوایەتەشی هێناوە کە باسی دابەزین ناکات: (**أَخْبَرَنِي إِبْرَاهِيمُ بْنُ يَعْقُوبَ، حَدَّثَنَا عُمَرُ بْنُ حَفْصِ بْنِ غِيَاثٍ، حَدَّثَنَا أَبِي، حَدَّثَنَا الْأَعْمَشُ، حَدَّثَنَا أَبُو إِسْحَاقَ، حَدَّثَنَا أَبُو مُسْلِمٍ الْأَغَرُّ، سَمِعْتُ أَبَا هُرَيْرَةَ، وَأَبَا سَعِيدٍ يَقُولَانِ :قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ " :إِنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ يُمْهِلُ حَتَّى يَمْضِيَ شَطْرُ اللَّيْلِ الْأَوَّلُ، ثُمَّ يَأْمُرُ مُنَادِيًا يُنَادِي يَقُولُ :هَلْ مِنْ دَاعٍ يُسْتَجَابُ لَهُ، هَلْ مِنْ مُسْتَغْفِرٍ يُغْفَرُ لَهُ، هَلْ مِنْ سَائِلٍ يُعْطَى**)[٢١٢]، واتە: ئەبو موسلیمی ئەغەڕ ئەفەرمووێ: گوێم لە ئەبو هوڕەیڕەو ئەبو سەعید بوو کە ئەیانگوت: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: خوای گەورە لێ ئەگەڕێ هەتاوەکوو نیوەی شەوی یەکەم ئەڕوا، پاشان فەرمان بە

---

[٢١٢] نەسائی لە (سنن الکبری)(ژ١٠٢٤٣). ڕیوایەتیان کردووە.

بانگەرێك ئەكات كە بانگ بكات و بڵێت: كێ هەیە بپاڕێتەوەو وەڵامی بدرێتەوە، وە كێ هەیە داوای لێ خۆشبوون بكات تاوەكوو لێی ببووردرێت، وە كێ هەیە داوا بكات تاوەكوو پێی بدرێت.

ئەم بانگكەرە فریشتەی خوایەو لە ئاسمانی دونیا بە فەرمانی خوای گەورە بانگ ئەكات بەگوێرەی فەرموودەكە، بۆیە ئەو فەرموودەیە تەفسیرە بۆ هەموو ئەو ڕیوایەتانە. جا تۆ بێی واز لەم ڕیوایەتە بێنی لەبەرئەوەی پێت خۆشە ئیللا خوا دابەزێنیە ناو مەخلوقات و تێكەڵی بكەیت لەگەڵیان. خوای گەورەش پاك و بێگەردە لەوەی لەگەڵ مەخلوقات تێكەڵ ببێ.

شێخ ئیبن و عبد البر لە زۆربەی ئەو بابەتانە لەسەر مەزهەبی زۆرینەی سەلەف بووە كە تەفویزە، وە لە چەندین جێش تەئویلی كردووە لەوانە فەرمودەی پێكەنینی خوای گەورە، غەیری ئەویش كە لە كتێبی (الإستذكارو التمهید) باسی لێوە كردووە، وە سەبارەت بە فەرموودەی دابەزینەكە ئەفەرمووێ: "خەڵكانێك گوتیان: ئەوە فەرمان و ڕەحمەت و نیعمەتی دائەبەزێنێ، ئەمەش شتێكی وا نیە (واتە: قەولێكی وا نیە پشتی پێ ببەسترێ)[٢١٣]، لەبەرئەوەی فەرمانی خوای گەورە بەوەی كە ویستی لەسەر هەیە لە ڕەحمەت و نیقمەتی ئەوە شەو ورۆژ دائەبەزێ بەبێ تەوقیتی سێیەكی شەوو غەیری ئەویش. وە ئەوەیشی كە ڕیوایەتكراوە لە مالیكەوە ئەگەر صەحیح بێ ئەوە ماناكەی بەو جۆرە ئەبێ زیاتر وەڵامی دوعای ئەو كەسانە ئەدرێتەوە كە ئەپاڕێنەوە لە بەندەكانی بە ڕەحمەت و لێخۆشبوونی

---

[٢١٣] ڕوونكردنەوەی خۆمە.

لەو کاتەدا[214]. ئینجا ئەم ڕیوایەتەش ئەهێنێ کە بەڵگەیە لەسەر تەئویل کردنەکەی کە ئەڵێ: لە فەرموودەی ئەبو زەڕەوە گێڕدراوەتەوە کەوا پرسیاری لە پێغەمبەری خوا کرد صلی الله علیه وسلم، ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم کام شەو زیاتر بیستراوترە (واتە: دوعاکانی وەڵامدراو ترو گیرا ترە)؟ ئەویش فەرمووی: نیوەی شەو کاتێ بەسەر ئەچێ و ئەوەکەی تر ئەمێنێتەوە).

وە خەڵکانێکیش کە مونتەسیبن بۆ لای ئەهلی سوننە گوتیان: خوای گەورە بە زاتی خۆی دا ئەبەزێ، ئەم وتەیەش واز لێهێنراوو تەرککراوە، لەبەرئەوەی یادی هەر بەرزو بڵند بێ ئەوە نیە شوێن و جێگای حەڕەکات و جوڵانەوە بێ، وە هیچ نیشانەو عەلامەتێکی مەخلوقاتێکی تێدا نیە (واتە: هیچ شتێك لە خودا ناچێ)[215]. بەمەش فەهمی بەتاڵی کەڕرامی و موشەببیهەو موجەسسیمەکانی پوچەڵ کردووە.

لە کتێبی تەمهیدەکەشی ئەفەرمووێ: "محمدی کوڕی عەلی جەبەلی گێڕاویەتیەوە کە یەکێکە لە باوەڕپێکراوەکانی موسڵمانان لە قەیرەوان، کە فەرمووی: جامیعی کوڕی سەوادەت لە میصر بۆی باسکردین و فەرمووی: موطەڕڕیف لە مالیکی کوڕی ئەنەسەوە بۆی باس کردین کە پرسیاری لێ کرا دەربارەی فەرموودەی دابەزینەکە (خوای گەورە دائەبەزێ بۆ ئاسمانی

---

[214] بێگومان ئەم ڕیوایەتەی ئیمامی مالیك تەئكید كراوەتەوە لە لایەن ئیمامی نەوەویەوە هەروەك لە دوای وتەی ئەو وتەی ئیمامی نەوەویمان هێناوە.

[215] (الإستذكار لإبن عبد البر)(ب٢/ل٥٢٩) ط. دار الكتب العلمية

دونیا) ئیمامی مالیکیش فەرمووی: فەرمانی دائەبەزێ. جا ئیبن و عبد البر ئەفەرمووێ: ئەکرێ و ئیحتیمالی هەیە وەکوو ئەو بۆچوونە بێ کە مالیك فەرموویەتی ڕەحمەتی خوای لێ بێ لەسەر ئەو مانایەی کە ڕەحمەت و قەزاو لێبوردن و وەڵامدانەوەی دوعاکەران بێ ئەمەش لە فەرمانی ئەوە واتە: زۆرترین ئەم شتانەی کە باسی لێوەکرا لەوکاتەدا ئەبێ"[216].

ئیمامی نەوەوی لە شەڕحی موسلیمدا ئەفەرمووێ: "ئەم فەرموودەیە لە فەرموودەکانی سیفاتە، کە دوو مەزهەب و بۆچوونی مەشهووری زاناکانی تێدایە، زۆرینەی سەلەفی صالّح و وە هەندێ لە موتەکەللیمینەکان لەسەر ئەوەیە کەوا ئیمان بە فەرموودەکە ئەکرێ بەوەی کە شایەنی خوای گەورە بێ (مەبەستی نەوەوی ئەوە نیە دابەزینێك شایەن بەخوا نەخێر، چونکە خۆی یەکێکە لە ئەشاعیرە)، وە زاهیرەکەشی هەروەك لە ئێمە دیارە ئەو مەبەستە نیەو قسە لەسەر تەئویلکردنی ناکرێ وێڕای ئەوەش باوەڕ بە پاکڕاگرتنی خوای گەورەش هەبێ لە پێکچواندن بە سیفاتی مەخلوق و ڕۆیشتن و نەقلّ بوون و جولّانەوەو گشت سیفەتەکانی بوونەوەر.

وە مەزهەبی دووەمیش مەزهەبی زۆرترینی موتەکەللیمین و کۆمەڵانێك لە سەلەفی صالّحە، ئەوەش گێڕدراوەتەوە لە مالیك و ئەوزاعی کە تەئویل ئەکرێ (واتە: مانایەکی تری بۆ لێکدانەوە دائەنرێت) کە شایەنی خودا بێ، بەگوێرەی شوێنەکان، جا لەسەر ئەمە ئەم فەرموودەیان بە دوو جۆر تەئویل

---

[216] (التمهيد لما في الموطأ من المعاني والأسانيد لإبن عبد البر)(ب٧/ل١٤٤) ط. وزارة عموم الأوقاف والشؤون الإسلامية

کردووە، یەکێکیان: تەئویلی مالیکی کوڕی ئەنەس و غەیری ئەوە کە ڕەحمەت و فەرمان و فریشتەی دائەبەزێ هەروەکوو ئەگوترێ: پاشا کارەکەی ئاوا کرد کاتێ شوێنکەوتوانی ئەیکەن بە فەرمانی ئەو. وە دووەمیان: ئەمە ئیستیعارەیە، ماناکەی وای لێ دێ ڕووتێکردنە پاڕانەوەکەران و داواکەرەکان ئەمەش بە وەڵامدانەوەو لوتفی خۆیەوە، والله أعلم"[٢١٧].

مەزهەبی سێیەمی هەندێ لەوانەی کە مونتەسیبن بۆ لای ئەهلی سوننە ئەوەیە: کە دەڵێن: خودا بە حەقیقی دائەبەزێ بەس دابەزینێك لەخۆی بوەشێتەوە، واتە: کاتێ تۆ دائەبەزی لە شوێنێك بۆ شوێنێك ئەو دابەزینە شایەنی خۆتەو لە خۆت دەوەشێتەوە، وە کاتێ ئاژەڵێك یان فریشتەیەك دائەبەێ لە شوێنێك بۆ شوێنێك ئەو دابەزینەیان شایەنی خۆیانن، ئەمانە خوایان پێکچواند بە مەخلوق و تێکەڵیان کرد بە مەخلوقات و جوڵانەوەو گواستنەوەو شوێنیان دا پاڵ خوایەکی ڕەهای مەزن کە هەروەك خۆی فەرموویەتی: ﴿هیچ شتێك وەکوو خودا نیەو بیسەرو بینەریشە﴾.

سەبارەت بەو ئایەتانەش کە لەسەرەوە هێنامان بێگومان خوای گەورە ئاسمانەکان و زەوی ئەگۆڕێ و زۆر ئاسانیشە بەلایەوە، بەبێ ئەوەی بچوکترین گۆڕان لە ڕەهایەتی سیفاتی ڕووبدات، چونکە سیفاتەکانی قەدیمن و هەرگیز دووچاری نوێبوونەوەو گۆڕان و لەناوچوون نایەن. بێگومان خوای گەورەش لە ئاسمان و ژێرەوەی خۆشمان سزامان بۆ ئەنێرێ ئەوەش مانای ئەوە نیە خودا لە

---

[٢١٧] (شرح النووي على المسلم)(ب٦/ل٣٦).

ئاسمان بێ هەروەك گوتمان. وە بێگومانیش ئەو خودایەی کە لە ئاسمانەکان ئەپەرسترێ هەر ئەو خودایەشە لەسەر زەوی ئیمانداران ئەیپەرستن.

وە سەبارەت بەو فەرموودەیەش کە هاتووە نەهی کراوە تف بەرەو قیبلەو لای ڕاستە بکرێ چ لە نوێژ وە چ لە غەیری نوێژدا: (**فلا یبصق قبل وجهه فإن الله قبل وجهه**). واتە: با تف نەکاتە بەرەو ڕووی خۆی واتە: بەردەمی، چونکە خوای گەورە لەبەردەمیەتی. بەزاهیری فەرموودە خودا لەسەر زەویشە چونکە ئەوەتە دەڵێ خودا لەبەردەمیەتی، ئەگەر ئەمە تەئویل بکرێ ئەوەی عەرشیش تەئویل ئەکرێ. ئیمامی نەوەوی لە تەئویلی ئەو فەرموودەیە ئەفەرمووێ: "واتە: ئەو لایەی کە تەعزیمی کردیەو بەگەورەی زانیوە، وە گوتراویشە: چونکە ئەمە قیبلەی خوای گەورەیە، وە گوتراویشە: ئەجرو پاداشت و وێنەی ئەوەش، ئەم جیهەت و لایەی کە تفەکەی ئاڕاستەکراوە بەرامبەر ناکرێ بەوەی کە وەکوو بەکەمزانین و ئیهانە تفی ئاڕاستە ئەکات"[٢١٨].

حافیزی زین الدینی عێراقیش سەبارەت بەو فەرموودەیە ئەفەرمووێ: (هۆکاری قەدەغەکردنی تف نەکردنی ڕوونکردووەتەوە لەبەرئەوەی خەریکی موناجاتی خوای گەورەیە، وە هۆکاری فەرموودەی ئیبن و عومەریشی ڕوونکردووەتەوە بەوەی خوای گەورە لەبەردەمیەتی کاتێ کە نوێژ ئەکات، وە لە فەرموودەی ئەبو هورەیرەش لای موسلیم کە هاتووە: (کەسی وا هەیە لە ئێوە هەڵئەستێ ڕوو لە قیبلە ئەکات بەرامبەر پەروەردگاری کەچی چڵم و

٢١٨ (شرح النووي علی المسلم)(ب٥/ل٣٨/ذ٥٤٧).

بەڵغەمی لەبەردەمی خۆی فڕێ ئەدات) جا لە نێوان ئەوانەدا دژایەتی نیە چونکە مەبەست پێی ڕووتێکردنی خوای گەورەیە (واتە: بە دوعا قەبوڵکردنیان و ڕەحم پێکردنیان وەکوو تەئویلی دابەزینەکەی سەرەوە)[219]، جا ئیبن و عبد البر فەرموویەتی: "ئەمە وتەیەکە دەرچووە لەسەر بەگەورەزانینی گەورایەتی قیبلەو ڕێزلێنانی، وە بەهۆی ئەو فەرموودەیەوە چەند جۆرێك پەیدابوون، هەندێکیان بەلای مەزهەبی موعتەزیلەدا ڕۆیشتن بەوەی کەوا خوای گەورە لە هەموو شوێنێکەو لەسەر عەرش نیە، ئەمەش نەزانینی بێژەرەکەیەتی لەبەرئەوەی لە فەرموودەکەدا هاتووە تف لە ژێر پێکانی خۆی و لای چەپی ئەکرد ئەمەش ئەوەی ئەوان بۆی چوونە پوچەڵ ئەکاتەوە بەوەی کە لە هەموو شوێنێك بێ". جا حافیزی عێڕاقی لە پاش وتەکەی ئەفەرمووێ: ئەمە وتەی ئیبن و عبد البرە کە یەکێکە لەوانەی کە بێژەری جیهەت و ئاڕاستەن و بەوجۆرە وەری گرتووە(ئەدەنە پاڵ خوای گەورە کە دەڵێ لەسەر عەرشە)، ئەمەشم بۆیە باس کرد هەتاوەکوو ئاگاداری ئەو کەسانە بکەمەوە کەوا بە وتەکەی مەغرور نەبن، ئەوەی صەواب و پێکاو بێ لەوەی کە لە پێشدا باسمان لێوە کرد بەبەڵگەی قازی ئیسماعیل بە سەنەدێکی صەحیح لە حوزەیفەوە گێڕدراوەتەوە کەوا پێغمبەری خوا صلی الله علیه وسلم (کاتێ پیاو هەڵئەستێ بۆ نوێژەکەی خوای گەورە ڕووی تێ ئەکات، بۆیە با هیچ کەسێ لە ئێوە تف و بەڵغەم فڕێنەداتە بەرەو قیبلە)، وە خاوەنی (المفهم) فەرموویەتی: کاتێ کە نوێژ خوێن بەهەموویی خۆی و ویستەکەی ڕوو ئەکاتە ئەو ئاڕاستەیە ئەوە وجودی پایەو مەقامی خوای

---

[219] ئەوە ناوکەوانەکە ڕوونکردنەوەی خۆمە.

گەورە دەرحەق بەو دائەبەزێ ئەمەش لە بابی ئیستعارەیە هەروەکوو سەروەرمان فەرموویەتی: (بەردە ڕەشەکە ڕاستەی خوای گەورەیە لە زەویدا) واتە: لە جێگەی پایەی ڕاستەی خوای گەورەیە (واتە: نەك ڕاستەی لاو جیهەت بێ)، جا ئیمامی ئەحمەد ئەم فەرموودەیەی تەئویل کردووە، قورتوبی ئەفەرمووێ: دروستەو لە بابی ڕەشکردنەوەی موزافەکە بێ، وە ئیقامەی موزافە دراوەکە پاڵە ئەبێتە مەقامی ئەو وەك بڵێی فەرموویەتی: ڕووتێکردنە قیبلەی پەروەردگاری یاخود ڕەحمەتی پەروەردگاری هەروەکوو لە فەرموودا فەرموویەتی: (تف بەرەو قیبلە مەکەن چونکە ڕەحمەتی خودا بەرەو ڕووی دێ) جا منیش ئەڵێم: ئەم فەرموودەیەم لەبەرم نیە بەو لەفزە لەمەڕ تف کردن، بەڵکوو ئەوە لە دەست لێدانی وردە بەردە هەروەکوو خاوەنی هەر چوار سونەنەکان گێڕاویانەتەوە لە ئەبو زەڕەوە لە پێغەمبەری خواوە صلی الله علیه وسلم کە فەرموویەتی: (کاتێ یەکێ لە ئێوە بۆ نوێژەکەی هەڵدەستێ با دەست لە بەردان نەدات چونکە ڕەحمەتی خوای گەورە ئاڕاستەی ئەکرێ و بۆی دێ)"[٢٢٠]. وتەکەی حافیز تەواو بوو.

شێخولئیسلام ئیبن و حەجەریش ئەفەرمووێ: "مەبەست بە موناجات لە لایەن بەندەوە حەقیقەتی قسەیە، وە لە لایەن خوداشەوە لازمی ئەوە ئەکات لەمەوەش ئەبێتە مەجازو خواستراو ماناکەی وای لێ دێ: ڕووتێکردنەکەی بەهۆی ڕەحمەت و ڕازی بوون، وە ئەمما سەبارەت بەو وتەیە: (خوای پەروەردگاری لە نێوان ئەو و قیبلەدایە)، وە بەهەمان شێوە لەو

---

[٢٢٠] (طرح التثریب في شرح التقریب)(ب٢/ل٣٨٢) ط. دار إحیاء التراث العربي.

فەرموودەیەش کە لەدوایەوە هاتووە: (خوای گەورە لەبەردەمیەتی)، خەتتابی فەرموویەتی: "مانای ئەوە ڕووتێکردنی ئەو کەسەیە بەرەو قیبلە بەهۆی ئەو نیەت و ویستەی کە هەیەتی سەبارەت بە ڕووکردنە خوای گەورە لە تەقدیرو ئەندازەدا، چونکە ئەوەی ئەو مەبەستیەتی لە نێوان خۆی و قیبلەدایە (واتە: مرۆڤ لە دڵ و دەروونیدا کاتێ ڕوو لە قیبلە دەکات ئەو مەبەستە تەقدیرکراوە وا لەو کەسە ئەکات لە نێوان ئەو مەبەستەو قیبلەدایە کە مەبەستەکەی خوایە، ئەگینا مرۆڤ ڕوو لە کوێ بکات ڕووگەی خوای گەورە لەوێیە)[221]"، وە گوتراویشە بە ڕەشکردنەوەی موزافەکە واتە: عەزەمەتی خوای گەورە یاخود ئەجرو پاداشت، جا ئەمە ڕددێکە بۆئەوانەی کە وا گومان ئەبەن خودا بەزاتی خۆی لەسەر عەرشە، جا مادام پێیان دروستە ئەمە تەئویل بکەن کەوا ئەوەی عەرشیش دروستە تەئویل بکرێ والله اعلم"[222].

وە سەبارەت بە فەرموودەی جاریەکەش بە چەند ڕیوایەتێکی (مُضْطَرِبْ) واتە: تێکەڵ و پێکەڵ و پێکپڕژاو ڕیوایەتکراوەو جێگای باوەڕ پێکردن نیە.

ئیمامی مالیك لە عومەری کوڕی حەکەمەوە ڕیوایەتی کردووە کە عەمر فەرمووی: (**أتيت رسول الله صلى الله عليه وسلم، فقلت: يا رسول**

[221] ڕوونکردنەوەی خۆمە.

[222] (فتح الباری)(ب١/ل٥٠٨). هەر سێ حافیزی گەورەی ئوممەت لە نووری قوتابخانەی ئەهلی سوونەو جەماعە کە گەورەکانی ئەشاعیرەن پێگەیشتوون و فەرموودەو ئایەتەکانیشیان لەسەر ئەو ڕێگە پاکە شەرحکردووە.

**الله صلى الله عليه وسلم إن جارية لي كانت ترعى غنما لي فجئتها وقد فقدت شاة من الغنم فسألتها عنها فقالت: أكلها الذئب، فأسفت عليها وكنت من بني آدم فلطمت وجهها وعلي رقبة أفأعتقها؟ فقال لها رسول الله صلى الله عليه وسلم أين الله فقالت: في السماء، فقال: من أنا؟ فقالت رسول الله صلى الله عليه وسلم، فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم أعتقها)**[٢٢٣].

ئیبن و عبد البری مالیکی ئەفەرمووێ: "ئەوەی مالیك فەرمووی وەهمە لای هەموو زاناکانی فەرموودە، وە عومەری کوڕی حەکەم لە هاوەڵان نیە، بەڵکوو موعاویەی کوڕی حەکەم لە هاوەڵانە هەروەکوو فەرمووی: هەموو کەسێ ئەو فەرموودەیەی کە گێڕاوەتەوە لە هیلال یان غەیری ئەو، وە موعاویەی کوڕی حەکەم ناسراوە لە نێو هاوەڵان و فەرموودەشی ناسراوە، بەڵام عومەری کوڕی حەکەم ئەوە تابیعیەکی ئەنصاری مەدینەییە، واتە ڕاست نیە ئەو گوتوبێتی من هاتوومەتە لای پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم، وە پێی گوتوبێ من جاریەکەم هەیە"[٢٢٤].

وە لە ڕیوایەتێکی تری ئیمام مالیك لە عوتبەی کوڕی مەسعودە گێڕدراوەتەوە کەوا پیاوێکی ئەنصاری بەخۆی و جاریەکی ڕەش پێستەوە هاتنە لای پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم، کابرا گوتی: **(یا رسول**

---

223 (موطأ مالك)(ب٢/ل٧٧٧).

٢٢٤ (شرح الزرقاني)(ب٤/ل٨٤). (كتاب القبس في شرح موطأ مالك)(ب٣/ل٩٦٧) ط. دار الغرب الإسلامي

**الله علي رقبة مؤمنة فإن كنت تراها مؤمنة أعتقها، فقال لها رسول الله صلى الله عليه وسلم: أتشهدين أن لا اله إلا الله؟ قالت: نعم، قال: أتشهدين أن محمدا رسول الله؟ قالت: نعم، قال: أتؤمنين بالبعث بعد الموت؟ قالت: نعم، قال رسول الله صلى الله علية وسلم أعتقها)**[225].

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم، من جاریەکم لە گەردەنە جا ئەگەر تۆ ئەیبینی ئیماندارە ئەوە ئازادی ئەکەم، سەروەریشمان پرسیاری لێ کرد، ئایە شایەتومان ئەهێنی بەوەی کە هیچ خودایەك نیە شایەنی پەرستن بێ جگە لە الله نەبێ؟ وتی: بەڵێ، ئایە شایەتی ئەدەی کەوا محمد پێغەمبەری خوایە؟ وتی: بەڵێ، ئایە بڕوات بە زیندووبوونەوە هەیە دوای مردن؟ وتی: بەڵێ، سەروەریشمان فەرمووی: ئازادی بکە چونکە ئیماندارە.

ئەم ڕیوایەتە تەفسیری هەموو ئەو ڕیوایەتە پێکپڕژاوانەیە کە لەبارەی پرسیارکردن هاتووە بەوەی کە خودا لە کوێیە. وەك گوتمان دینی ئیسلام دینێکی شموولی و گشتیە ناکرێ تۆ هەندێ فەرموودە بکەیە بەڵگەو واز لەوەکانی تر بهێنی. وە ئەم ڕووداوە دوو ڕووداویش نیە بەڵکوو یەك ڕووداوەو بەس ڕیوایەتەکان پێکپڕژاوە.

قازی ئەبو بەکری عەرەبی ئەشعەری ئەفەرمووێ: "بەڵام ئەو جاریەیە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم حاڵی ئەو جاریەی بۆ دەرکەوت کەوا کەسێك بووە پەیوەست بووە بە پەرستراوێك لە زەویدا، بۆیە ویستی ئەو پەیوەندیە قەلبیەی لەگەڵ هەموو خوداکانی زەوی بچڕێنێتەوە، جا ئەگەر

---

[225] (موطأ مالك)(ب٢/ل٧٧٧).

گوترا: ئەوە پێی گوت: خودا لە کوێیە؟ وە ئێوەش لە کوێیەتی شوێن نالێن، ئەوە ئێمەش ئەلێین: سەبارەت بە جێگەو شوێن ئێمە نایلێین، وە سەبارەت بە خودا لە کوێیە ئەوە ئەیلێین لەبەر ئەوەی پرسیارە لە شوێن و مەکانەت واتە: پلەو پایەی خودای گەورە، جا پێغەمبەری خواش صلى الله عليه وسلم ئەم لەفزەی گوتووەو مەبەستی پێ ئەوەی واجبە بۆ خوای گەورە کە شەرەفی پایەو مەکانەت کە پرسیاری لە جاریەکە کرد بەوەی لە کوێیە، وە دروست نیە مەبەستی پێ جێگەو مەکان بێ چونکە ئەوە مەحالە لەسەری، وە سەبارەت بەوتەکەشی بۆ جاریەکەی دووەم دلنیایت لە ڕۆژی زیندووبوونەوە دوای مردن؟ جا پێغەمبەری خوا صلى الله حالی ئەو جاریەی زانی بۆیە پرسیاری لێ کرد کە ئایا بڕوات بە ڕۆژی دوایی هەیەو دلنیایت کە ئەمە مەبەستە، وە ئەم ژیانی دونیایەش پردێکە بۆ لای ئەو، بۆیە ئەگەر ئەمەی زانی ئەوە بیروباوەڕو کردەوەکەی صەحیح و سەلامەت بووە"[٢٢٦].

یەکێ لەو بوختانانەی کە بە ئێمەی ئەشاعیرە ئەگوترێ: گوایە ئێمە ئەلێین: خودا لە هەموو شوێنێکە، پەنا بەخوا ئەوە وتەی جەهیمەکانە کە ئەلێن خودا لە هەموو شوێنێکە، بەلکوو ئێمەی ئەهلی سووننە لە ئەشاعیرەو ماتۆریدیەکان ئەلێین: خوای گەورە بێ شوێن و مەکانەو پێویستی پێیانەوە نیە، هەروەك چۆن بەر لەگەردوون پێویستی پێیان نەبووە ئاواش دوای بەدیهێنانی گەردوونیش پێویستی پێیانەوە نیە، وە ئەگەر پێویستی پێیانەوە هەبێ ئەوە ئەکەوێتە ناو بازنەی مومکیناتی دروستکراوان و

---

[٢٢٦] (كتاب القبس في شرح موطأ مالك)(ب٣/ل٩٦٧)

نیشانەی بێ دەسەڵاتی ئەو و ناخودایەتی ئەو دەرئەخات. لە عەرشەوە تا فەرش خودا ڕاگیری کردوون بە هێزو توانای خۆی. بە سەدان بوختانی ئاوا بە گەورەکانی ئەهلی سوننە کراوە بەتایبەت لە لایەن کەڕڕامیەکان و موجەسسیەمەکان و موشەببیهیەکان ئەوانەی کە خودا سنووردار ئەکەن و جوڵانەوەو گواستنەو شوێن و مەکان ئەدەنە پاڵی. وە پێکی ئەچوێنن بە مرۆڤ بەوەی دەست و قاچ و چاوی هەیە بەحەقیقی بەڵام شایەن بەخۆی بێ و لەخۆی بووەشێتەوە، ئەوە عەقیدە پووچەکەی ئەو تاقمە گومڕابووانەن.

شێخمان ئیمامی نەوەوی ئەفەرمووێ: "ئەم فەرموودەیە لە فەرموودەکانی سیفاتە کە دوو مەزهەبی لەسەرە، یەکەمیان: ئیمان هێنانی پێی واجبە بەبێ ڕۆچوونە نێو ماناکەی، وە لەگەڵ هەبوونی ئەو بیروباوەڕەش کەوا (هیچ شتێك وەکوو خودا نیەو هاوشانی نیە)، وە بەپاکڕاگرتنیشی لەوەی کە بە سیفاتی مەخلوقات بشوبهێندرێ. دووەمیان: تەئویل ئەکرێ و بەوەی کە شایەنی ئەو بێت، جا ئەوەی کە ئەمەی گوت ئەوە مەبەستی پێ ئیمتیحان کردنی جاریەکە بووە کەوا ئایا یەکتاپەرستەو دانی بەوە داناوە کەوا بەدیهێنەرایەتی و مشورخۆریی و بکەری کارەکان ئەوە تەنها خودایە، ئەو کەسەی کە دوعا ئەکات و ڕوو لە ئاسمان ئەکات هەروەکوو چۆن کاتێ نوێژ ئەکات ڕوو لە کەعبە ئەکات، ئەمەش مانای ئەوە نیە کە حەصرِ کرابێ لە ئاسمان هەروەکوو چۆن ئەو حەصرِ نەکراوە لە جیهەت و ئاڕاستەی کەعبە بەڵکوو لەبەرئەوەیە کەوا ئاسمان قیبلەی دوعاکەرانە، هەروەکوو چۆن کەعبە قیبلەی نوێژخوێنانە، یاخود ئەو جاریە یەکێك بووە لەوانەی بتی پەرستووە، قازی عیاز ئەفەرمووێ: "خیلاف لەنێوان موسڵماناندا نیە

بەگشتی شەڕعزانەکانیان، وە موحەددیسینەکانیان، وە موتەکەللیمینەکانیان، وە بیریارەکانیان، وە شوێنکەوتوانیان بەوەی کەوا ئەوەی لە زاهیرو ڕووکەشی ئەو ئایەت و فەرموودانەی کە هاتووە بە باسکردنی خوای گەورە لە ئاسمان هەروەکوو وتەی خوای گەورە (أم أمنتم من في السماء أن يخسف بكم الأرض) وە وێنەی ئەوەش وەکوو مانای ڕووکەش و زاهیر نیە (واتە: بە زاهیری وەربگیرێت و بگوترێ لە ئاسمانە)، بەڵکوو تەئویلکراوو مانایەکی تری بۆ لێکدراوەتەوە لە لای هەموویانەوە، جا ئەوانەی لە موحەددیسینەکان و شەڕعزانەکان و موتەکەللیمینەکان گوتیان: ئاڕاستەی سەر جێگیری ئەکەین بەبێ دیاریکردن و چۆنیەتی، تەئویلی لە ئاسمانیان کرد واتە: لەسەر ئاسمان (بێگومان خوای گەورە لەسەرووی هەموو شتێکە هەر لەعەرشەوە بگرە تا هەموو چینەکانی زەوی و زەڕڕەیەکی ئەم وجودەش، وە ئەم لەسەر بوونەش بەرهەست نیە بەڵکوو مەعنەویە، چونکە بەرهەست لە یاسای بەدیهێنراوانە)[٢٢٧]، وە ئەوانەیشی گوتیان لە زۆربەی بیریارو موتەکەللیمینەکان و هاوەڵانی بە پاکڕاگرتن ئەمەش بە نەفی کردنی حەددو سنوور مەحاڵێتی جیهەت و لا دەرحەق بەخوای گەورە، وە تەئویلیان کرد بە تەئویلاتێك بەگوێرەی داخوازی ئەو تەئویلاتە، وە باسی ئەوەیشی کرد لەوەی کە ڕابورد، ئینجا فەرمووی: خۆزگە بە شیعرم چ شتێك ئەهلی سوننەی کۆکردووەتەوە، ئەوەی حەق بێ هەموویان لەسەر ئەوەن کەوا واجبە خەیاڵ و ئەندێشە بگیردرێتەوەو بووەستێنرێ لە تەفەککور کردن لە زاتی خوای گەورە هەروەکوو فەرمانیان

[٢٢٧] ئەوەی نێو کەوانەکە ڕوونکردنەوەی خۆمە.

پێ كراوە، وە بێ دەنگیش بوون لەبەر جۆشدامان و حەیڕەتی عەقڵ، وە یەكدەنگ بوون لەسەر حەڕامێتی چۆنیەتی دان و شكڵدانان، وە ئەم وەستاوی ئەوان و خۆگرتنەوەیان لەبەر گومانێتی نەبوو لە وجودو مەوجووددا، وە عەیبی و نەنگیش نەبوو لە تەوحیددا بەڵكوو ئەوە حەقیقەتەكەیەتی، پاشان هەندێكیان چاوپۆشیان كرد لە جێگیركردنی جیهەت و لا لەبەر ترسی ئەم جۆرە چاوپۆشیە، ئایا لە نێوان چۆنیەتی و جێگیركردنی جیهەتدا جیاوازی هەیە؟ بەڵام ئەوەی كە شەرع گوتویەتی ئەوەیە كەوا خوای گەورە قاهیرە واتە: زاڵە بەسەر بەندەكانیەوە، وە ئەو ئیستیوای كردووە لە عەرشدا، وە لەگەڵ دەستگرتنیش بە گشت ئایەتەكان لەبەر پاكڕاگرتنی گشتی كە ڕاست نیە لە هەست پێكراوەكانی عەقڵ غەیری ئەمانە، هەروەكوو فەرموویەتی: (هیچ شتێك وەكوو خودا نیە) ئەمەش پارێزراویە بۆ كەسێ كە خودا تەوفیقی داوە"[228].

وە شێخمان حافیزی سیوتی هەمان وتەكانی ئیمامی نەوەوی نەقڵ كردووە لە ڕیوایەتەكەی نەسائی[229].

خۆشەویستان: خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ١١﴾[230]، واتە: (هیچ شتێك وەكوو خودا نیە، وە زاتێكیشە

[228] (شرح النووي على المسلم)(ب٥/ل٢٤).

[229] (حاشية السيوطي على سنن النسائي)(ب٣/ل١٨)ط. مكتبة المطبوعات الإسلامية.

[230] سورة الشورى آية ١١.

بیسەرو بینەرە). وە لە شوێنێکی تردا ئەفەرمووێت: ﴿وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ ﴿٤﴾﴾[٢٣١]، واتە: هیچ کەسێك و هیچ شتێك لەم گەردوونەدا هاوتاو هاوشانی خوای گەورە نیە). جا تۆ ئەتەوێت خوا بشوبهێنی بە دروستکراوەکانی لە شێوەو ئەندام دانان و دابەزین و کات و خێرایی و شوێن، پەنا بەخوا، خوای گەورە لە هەموو ئەو شتانە پاکە، من ئەپرسم، ئەگەر ئێوە ئەڵێن خوا لەسەر عەرشەو شوێنی هەیە، ئەوە کەم و کوڕییە بۆ خوای گەورە، چونکە وەك لە پێشدا ئاماژەمان پێکرد خوای گەورە پێش دروست کردنی عەرش و هەموو شتێك زاتی هەر هەبووە، ئیتر چۆن خوایەك ئەگەر پێش دروستکردنی گەردوون شوێنی نەبێت دوای دروستکردن شوێن بۆ خۆی دروست ئەکات؟ وە من ئەپرسم بە بەڵگەی قورئان و فەرموودە چەسپاوە کەوا هەشت فریشتە عەرشی خوای گەورە هەڵئەگرن، باشە ئەگەر ئێوە بڵێن فریشتەکان خوای گەورەیان هەڵگرتووە لەبەر ئەوەی لەسەر عەرشە ئەو کاتە ئەو خوایە گۆڕانی بەسەردا هاتووەو سیفەتی ناتەواوی لە زاتی خۆی پەیدابووە، بۆیە ئەگەر خوایەکیش گۆڕانکاری بەسەردا بێت بە کەڵك پەرستن نایەت، بەڵام پەنا بەخوا لەو وەسفە باتڵە کە دراوەتە پاڵ خوای مەزن، بەڵکوو هەموو گەردوون بەفریشتەکانیشەوە گشتی خوای گەورە بەزانست و توانست و خۆی ڕاگیری کردوون، بەڵکوو ئەگەر بێت و بۆ یەك

---

[٢٣١] سورة الإخلاص آية ٤.

چرکە ساتیش بێ ئاگا بێت لەم گەردوونە ئەوە گشتی ئەفەوتێت و لە ناو ئەچێت، ئەی نەتبیستووە یەکێك لە ناوە جوانەکانی خوای گەورە (**القَيُّومَ**)ـە واتە: ڕاگیرکەر. وە ئەگەر دەشڵێین خودا لە ئاسمانە بەزاتی خۆی ئایە ئەم فەرموودەت نەبیستووە کەوا پێغەمبەری خوا چۆن وەصفی یەکێك لە هەڵگرەکانی عەرشی خوا ئەکات وەك ئەفەرمووێ: (**أُذِنَ لِي أَنْ أُحَدِّثَ عَنْ مَلَكٍ قَدْ مَرَقَتْ رِجْلاهُ الأَرْضَ السَّابِعَةِ، وَالْعَرْشُ عَلَى مَنْكِبِهِ، وَهُوَ يَقُولُ: سُبْحَانَكَ أَيْنَ كُنْتَ؟ وَأَيْنَ تَكُونُ؟**)[٢٣٢]، واتە: ڕێگەم پێدرا کەوا وەصفی یەکێك لە فریشتەکانی هەڵگری عەرشی خوا بکەم کە پێیەکانی لەو دیوی زەوی حەوتەمەوە دەرچووە، وە عەرشیش بەسەر شانیەوەیەتی، جا فریشتەکە ئەم زیکرە ئەکات: پاکی و بێگەردی بۆ تۆ خوایە لە کوێی و لە کوێ ئەبیت.

جا ئەگەر کەسێك ڕەخنە بگرێت و بڵێ: مەبەست بەوە ئەوە نیە بەڵکوو مەبەستەکەی ئەوەیە کەوا ئەو فریشتە سەرسامە لەوەی کە نازانێ

---

[٢٣٢] صەحیحە. تەبەڕانی لە (معجم الأوسط)(ژ٦٦٢٢). وە ئەبو یەعلا لە (مسند أبو یعلی)(ژ٦٦١٩). ڕیوایەتیان کردووە. جا ئیبن و حەجەری عەسقەلانی ئەفەرمووێت: فەرموودەیەکی صەحیحە. بڕوانە: (المطالب العالیة)(ب١٤_ل١٩١_ژ٣٤٣٦). وە هەیثەمیش ئەفەرمووێت: "پیاوەکانی ئەم فەرموودەیە پیاوانێکی صەحیحن". بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب١_ل٨٠) باب في عظمة الله سبحانه وتعالى.وە فەرموودەناس حوسێن ئەسەد بە صەحیحی داناوە سەیری (مسند أبی یعلی بتحقیق حسین أسد)(ب١١_ل٤٩٦_ژ٦٦١٩).

خوای گەورە لە کوێیە، وە شوێنی ئەو پێ نازانێت بۆیە لە خوای گەورە داوا ئەکات کە لە کوێیت. باشە ئەگەر لە ئاسمانبایە وەك ئەوەی ئێوە ئەیڵێن بێگومان هەموو فریشتەکان زانیاریان لەبارەوە ئەبوو چ جای فریشتەیەکی زەبەلاحی هەڵگری عەرشی خودا کە نازانێ و لەسەر سامی خۆی پرسیاری لە کوێیەتی ئەکات. ئایا ئێوە پێتان وایە خودا لە ئاسمان خۆی شاردبێتەوە؟! بێگومان نەخێر، خودا زۆر لەوە گەورەترە لەگەڵ مەخلوقێکی ماددی تێکەڵ ببێ. بۆیە ئەمە بەڵگەیە کە ئەهلی ئاسمانەکان کە فریشتەکانن نازانن خوای گەورە لە چ جیهەتێك و ئاڕاستەیەکە چونکە خودا ڕەهایەو پێویستی بە جێگەو ئاڕاستەو لا نیە، بۆیە گشت فریشتەکانیشی لەوە دۆشداماون، ئەگەر ئەهلی ئاسمان پرسیاری لە کوێیەتی بکات کە ئەو جیهانی پەنهانی بە ئاشکرایی لێ دیارە ئەی چی بە مەخلوقێکی وەکوو من و تۆ کە لەنێو ماددەیەکی چڕو پڕدا هاتووچۆ ئەکەین و دەمیشمان کردووەتەوە خودا لە ئاسمانە.

وە ئەگەر هەر پێداگریشن لەسەر ئەوەی کەوا ئەو فریشتە لەبەر سەرسامیەکەی ئەو پرسیارەی کردووە.

ئەوکاتە ئێمەش ئەڵێین: ئەم وتەیە لە چەند ڕوویەکەوە پووچ و باتڵە.

ڕووی یەکەم: ئەو تەفسیر کردنەی ئێوە وا دەرئەخات کەوا ئەو فریشتەیە نەزان و جاهیلە بە پەروەردگاری جیهانیان.

ڕووی دووەم: چۆن پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لە فریشتەیەکی نەزانەوە ڕیوایەت ئەکات، بەڵکوو چۆن پێغەمبەری خوا بۆ بیروباوەڕی خەڵکی ڕاست ناکاتەوە لە کاتێکدا کەوا بەڕێزیان ئەو وتەیە بۆ خەڵکی ئەگێڕنەوە.

ڕووی سێیەم: چۆن خوای گەورە مۆڵەتی پێغەمبەرەکەی ئەدات بە ڕیوایەتکردنی لە فریشتەیەکی نەزانەوە سەبارەت بە بیروباوەڕی بەرزبوونەوە (**العُلُوُّ**)[٢٣٣].

ڕووی چوارەم: چۆن ئەم فریشتەیە نەزان ئەبێت لەوەی کەوا خوای گەورە لە ئاسمانە، وە هەروەکوو ئەوەی زانراوە لای قوتابخانەی کەڕڕامیەکان و موشەببیهەکان و موجەسسیمەکان کەوا خوای گەورە لەسەر عەڕشەکەی خۆی دانیشتووە، وە لەسەر شانی ئەو فریشتەیەشە، وە لە هەمان کاتیشدا لە ئاسمانەو شەوانیش دێتە ناو ئاسمان.

جا ئەوانە لە نێوان دوو هەڵبژاردەدان:

یەکەم: لەوەی کەوا ئەوانە زاناترن لەو فریشتە نزیکە کە بە یەکێك لە هەڵگرەکانی عەڕشی خوا هەژمارکراوە، جا ئەوان کەسانێکی خاوەن

---

[٢٣٣] واتە: خوای گەورە بەرزبووەتەوە لەسەر عەڕش.

بیروباوەڕی ڕاست و دروستن، وە ئەو فریشتەش کەسێکی بیدعەکارەو بیروباوەڕەکەشی فاسیدە.

دووەم: ئەبێ واز لەو بیروباوەڕە پووچ و بەتاڵە بێنن کەوا خوای گەورە لەسەر عەرشەو لە ئاسمانەو دائەبەزێتە ناوی.

وە ئەگەر بەو ڕوونکردنەوانەش دڵت قەناعەتی نەکرد ئەوە سەیری ڕوونکردنەوەکەی خۆت بکە کەوا هەرچی لەو گەردوونە هەیە بە فریشتەکانیشەوە بگرە هیچ کەسێك نازانێ خوای گەورە چۆنەو چۆن نیەو بە بیروباوەڕی ئێوە[٢٣٤] لە کوێیەو لە کوێ نیە. واتە هەموو سەرسامن، ئیتر بۆ ئەڵێن لەسەر عەرشە ئەوە فریشتەیەکە نازانێت ئێوە چین؟

وەك ئامۆژگاریەك لە برای بچوکتانەوە ئەم وتەیە وەرگرن بڕەك خواتان بەگەورە بگرن و بچووکی مەکەوە (تَعَالَى اللّٰهُ عَمَّا يَقُولُونَ عُلُوًّا كَبِيرًا).

---

[٢٣٤] چونکە بە بیروباوەڕی ئێمەی ئەهلی سوننەو جەماعە لە ئەشعەری و ماتۆریدی وشەی شوێن و جێگا بۆ خوای گەورە دروست نیە، چونکە لە کوێیەتی و شوێن بۆ مەخلوقاتە.

## کتێبە دابەزێنراوەکانی خوای مەزن

**ولله كتب أنـزلها على أنبيائه، وبيَّن فيها أمره ونهيه ووعده ووعيده.**

خوای گەورە کتێبگەلێکی هەن کە دایبەزاندوون بەسەر پەیامبەرەکاندا، کە فەرمان و قەدەغەو بەڵێن و تۆڵەسەندەوەکانی تێدا بەیان کردووە بۆ مرۆڤایەتی بە پێی سەردەمەکان تاوەکوو دەستی پێوە بگرن و نەبنە بەندەی هیچ کەسێ جگە لە خوای پەروەردگار نەبێ، وە تاوەکوو کاری دینی و دونیایی خۆیان لە ڕێی ئەو کتێبەوە بەڕێوە ببەن.

ئەم کتێبانەش قورئان و تەورات و ئینجیل و زەبوورە، لەگەڵ صوحوفەکانی إبراهیم. ئیمامی تەفتازانی تەرتیبی گەورایەتی کتێبەکانی بەو جۆرە هێناوە کە ئێمە نوسیمان، لە هەموویان گەورەتر قورئانەو نەسخکەرەوەی هەموو کتێبەکانی پێش خۆیەتی، وە واجبە موسڵمانان دەستی پێوە بگرن بۆ کاری دین و دونیایان، چونکە دینی ئیسلام کۆتا دینی ئاسمانیەو بۆ تێکڕای خەڵکی جیهان ڕەوانە کراوەو ئەبێ گشت مرۆڤەکان شوێنی بکەون و گشت مەملەکەتەکانی جیهان بکەونە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامەوە تاوەکوو خەڵکی لە کوفرو بتپەرستی و گومڕایی ڕزگار بکەن و ببنە بەندەی ڕاستەقینەی خوای مەزن، وە ئاشنایەتیان لەگەڵ دادپەروەری ئەم ئیسلامە ببێ، کە بە درێژایی هەزارو سێ سەد ساڵ تا خەلافەتی عوسمانیەکان خزمەتیان بە مرۆڤایەتی و شارستانیەت کرد، وە خەڵکیان لە گومڕایی ڕزگار کرد.

ئەمما سەبارەت بەو کتێب و دەستووره دونیاییه دەستکردانەی مرۆڤ کە عەلمانیەکان و غەیری ئەوانیش سەپاندوویانە بەسەر میللەتانی موسڵمانان ئەوە گەورەترین ستەمە لە دین و کەلامی خوای مەزن.

موسڵمانان لەم سەردەمە دۆشداماون دەستووری قورئان و شەریعەت وەکوو ڕەسمیات لە هیچ وڵاتێکی ئیسلامی بەرکار نیە جگە لەوە نەبێ زۆربەی وڵاتە ئیسلامیەکان لە دەستوورەکانیاندا ئەڵێن: سەرچاوەی یەکەمی دەستوور ئیسلام و قورئانە ئەمەش لەبەر زۆرینەی موسڵمانان لە ناو ئەو دەوڵەتانە، وە کەم و زۆریش ئەبینین یاسای وا دەرئەچێ کە دژی کەلامی خواو شیعاری موسڵمانانە، گوتیان: ئەبێ میللەت نوێنەر هەڵبژێرێ و پەرلەمانەکانیش جێگای بەڕێوەبردنی سیستەمی دەوڵەتن، لەوێ ئەندام پەرلەمانەکان بەپێی زۆرینە یاساکان پەسند ئەکەن جا گرینگ نیە دژی کەلامی خوا بێ یاننا.

خەڵکانێکی خوێن گەرمیش پەیدا بوون لەوەی کە سەرۆکی وڵاتە ئیسلامیەکانیان کافر کرد نەك هەر ئەوان بگرە ئەوانەیشیان کافر کرد کە ئەو نوێنەرانە هەڵئەبژێرن کە ئەچنە پەرلەمانەکان، ئەمەش پەڕگیری و دەرچوونە لە خەتتی محمدی صلی الله علیه وسلم، ئەم حوکمە هەموو کەسێك ناگرێتەوە، وە جوانترین و ڕاستترین و صەوابترین فەتوا کە لە ژیانمدا دیبێتم فەتواکەی ئیبن و عەبباسە ڕەزای خوای لێ بێ هەر وەك ئیمامی حاکم ڕیوایەتی کردووە کە فەرموویەتی: (**ليس بالكفر الذي يذهبون إليه، إنه ليس كفرا ينقل عن الملة، "ومن لم يحكم بما أنزل الله فأولئك هم**

**الكافرون"، كفر دون كفر)**[٢٣٥]. واتە: ئەوەی کە کار بە قورئان ناکات وەکوو قەزاوەت ئەوە ئەو کوفرە نیە کە ئێوە بۆی ئەچن، ئەو کوفرە نیە کە

---

[٢٣٥] فەرموودەیەکی صەحیحە. حاكم لە (المستدرك مع تلخيص الذهبِي)(ب٢/ل٣١٣). ڕیوایەتی کردووە، حاکم ئەفەرمووێ: "سەنەدەکەی صەحیحە"، وە زەهەبیش موافیقە لەسەر صیحەتەکەی. خوێن گەرمەکان ئەیانەوێ ئەو ئەسەرەی ئیبن و عباس زەعیف بکەن لەبەر هیشامی کوڕی حوجەیر گوایە زەعیفە بەڵام ئەمە ڕاست نیە، ئیبن و حەجەر لەبارەیەوە ئەفەرمووێ: "ڕاستگۆیەو وەهمانێکیشی هەیە". ئیبن و حیببان متمانەی پێداوە. زەهەبیش لە (الميزان) ئەفەرمووێ: "ئیبن و مەعین ئەو پیاوەی بە زەعیف داناوە، وە لەبارەشیەوە پرسیار لە یەحیای کوڕی قەگگانەوە کرا لێی ڕازی نەبوو، وە دای بەسەریدا (واتە: خەتەی بەسەر فەرموودەکانی داهێنا)، ئیبن و جورەیج لێیەوە گێڕاویەتیەوە، وە ئەوانی تریش بە بەهێزیان داناوە، وە هەردوو شێخەکانیش (کە بوخاری و موسلیمە) کردوویانەتە بەڵگە. وە دووبارە زەهەبی لە (الكاشف)دا ئەفەرمووێ: "کەسێکی مەککیەو جێگای متمانەیە، لە تاوس و مالیکی کوڕی عامرەوە ئەیگێڕایەوە، وە ئیبن و جورەیج و سوفیانیش لەوەوە ئەیان گێڕایەوە، وە ئەحمەدیش گوتویەتی: بەهێز نیە". وە هەروەها ئیبن و شاهین متمانەی پێداوە، وە حافیزی عیجلیش فەرموویەتی: "جێگای متمانەیەو خاوەنی سوننەتە". بۆیە ئەم ئەسەرە صەحیحە، جا هەر هەوڵدانێك بۆ زەعیفکرنی ئەوە بەرژەوەندیەکی هەواو ئارەزووی لە پشتەوەیە، والله اعلم. بڕوانە: (التقريب التهذيب)(ب١/ل١٠٢٠/ژ٧٣٣٨) ط. دار العاصمة. (التقريب الثقات)(ب١/ل١٢٤٠/ ژ١٤٨٤٧). (ميزان الإعتدال في نقد الرجال)(ب٤/ل٢٩٥/ ژ٩٢١٩) ط. دار المعرفة. (الكاشف في معرفة من له رواية في الكتب السنة)(ب٢/ل٢٣٥/ ژ٥٩٥٨) ط. دار القبلة للثقافة الإسلامية. (تاريخ الأسماء الثقات)(ب١/ل٢٥١/ ژ١٥٣٦) ط. دار السلفية. (تاريخ الثقات)(ب١/ل٤٥٧/ ژ١٧٢٩) ط. دار الكتب العلمية

دەری بکات لە ئوممەتی ئیسلام و پێی کافر ببێ و مورتەد بێ، هەر کەسێ حوکم بەوە نەکات کەوا خوای گەورە دایبەزاندووە ئەوە لەگەڵ کافرەکاندایە، کوفرێکە جیا لەو کوفرە، واتە: کوفری بچووك وەکوو ڕیا کە شیرکی بچووکە. جا ئیبن و عباس ئەفەرمووێ: ئەوەی بڕوای بە قورئان نەبێ ئەوە کافرە، وە ئەوەیشی بڕوای پێ هەبێ و کاری پێ نەکات ئەوە زاڵم و فاسقە.

وە ئەم فەتوایانەش هاتووە:

ئیمامی فخر الدینی ڕازی ئەفەرمووێ: "عیکرەمە فەرموویەتی: وتەی خوای گەورە (ومن لم یحکم بما أنزل الله) بێگومان ئەمە بۆ کەسێکە کە بەدڵ و زوبان ئینکاری بکات، ئەمما کەسێ بە دڵ ناسیبێتی کە ئەمە حوکمی خوای گەورەیە، وە بە زوبانیش دانی پێدا بنێ کە ئەمە حوکمی خوای گەورەیە، بەڵام ئەوەندە هەیە بە شتێکەوە هاتووە کە پێچەوانەی ئەو حوکمەیە، ئەوە حاکمە بەوەی خوای گەورە دایبەزاندووە، بەڵام وازی لێ هێناوە، ئەوە ناچاری ئەوەی ناکات بچێتە ژێر ئەو ئایەتەوە، جا ئیمامی ڕازی ئەفەرمووێ: ئەمە وەڵامێکی ڕاست و دروستە"[٢٣٦].

حوججەتولئیسلام ئەبو حامید غەزالی ئەفەرمووێ: "واتەی خوای گەورە دوای باسکردنی تەورات و ئەحکامەکانی: (ومن لم یحکم بما أنزل الله فأولئك

[٢٣٦] (التفسیر الکبیر)(ب٦/ل٣٥) ط. دار الغد العربي.

هم الكافرون) ئەڵێین: هەر کەسێ حوکم بەوە نەکات بەوەی خوای گەورە دایبەزاندووە کە بەدرۆی بخاتەوەو ئینکاری لێ بکات"[٢٣٧].

ئیمامی ئەبو محمد ئیبن و عەطیەی ئەندەلوسی ئەفەرمووێ: "لەفزی ئەم ئایەتە لەفزێکی گشتی نیە، بەڵکوو لەفزێکی هاوبەشە، بەزۆری بۆ تایبەت ئەکەوێ، وەکوو وتەی خوای گەورە: (ومن لم يحكم بما أنزل الله فأولئك هم الكافرون)، ئەمە سەرکردەو حاکمە ئیماندارەکان نیە ئەگەر هاتوو حوکمیان بە غەیری ئەو حەقە کرد لە کاروبارێکدا کە کوفر بێ بە ڕوویەکەوە"[٢٣٨].

وە شێخ ئوسامە ئەزهەری شافیعی ئەفەرمووێ: "مەزهەبی زانا موسڵمانەکان نەوە دوای نەوە لە چینی هاوەڵانەوە ڕەزای خوایان لێ بێ بە پێچەوانەی تەکفیرو توندڕەوی بووە، وە زانایان دەربارەی ئەو ئایەتە بۆ چەند ئاڕاستەو وتە چوونە لەمەڕ تێگەیشتن لەو ئایەتە، لە هەمووان ڕاجیحترو پەسندتر دەربارەی ئەم ئایەتە (ومن لم يحكم بما أنزل الله فأولئك هم الكافرون) مەبەستی کەسێکە کە ئینکاری ئەو ئەحکامانە بکات کە وەحی خودایی بێ بە ڕاستی، ئەمەش کوفرە بەبێ شەك، ئەمما کەسێك دانی پێدا بنێ کەوا حەقەو وەحی و فەرمانی خودابیە بەڵام لە جێ بەجێ کردنەکەی هۆکارو عوزرێك هەبێ ئەوە کافر نیە"[٢٣٩].

---

[٢٣٧] (المستصفي)(ل١٦٨).

[٢٣٨] (المحرر الوجيز في تفسير الكتاب العزيز)(ب٢/ل٩٥).

[٢٣٩] (الحق المبين في الرد على من تلاعب بالدين)(ل٢١) ط. دار الفقيه

## تەعامولی ئیسلام لەگەڵ چینەکان بەو جۆرەیە

موسڵمان / مونافیق / کافر/ ئەهلی زیمە کە جولەکەو دیانەکانن، وە مەجوسیەکانیش هەر تەعامولی ئەهلی کتابیان لەگەڵ ئەکرێ.

هەر شوێنێك لە تاریخ کەوتووبێتە ژێر دەسەڵاتی ئیسلام و ئیسلام تێیدا حوکمی کردبێ ئەوە بووەتە دار الإسلام، ئیتر لەمەو دوا کافرو بێ باوەڕەکان داگیریان کردبێت ئەوە هەر دار الإسلامەکەیە. وە سەبارەت بە وڵاتانی ئیسلامی هەموویان دار الإسلامن، خوێن گەرمەکان لە خەتتی محمدی لایانداو پێیان وایە هەر شوێنێك قەزاوەتی شەرعی لەسەر حوکمی قورئان و شەریعەت نەبێ ئەوە دار الکفرە ئەگەرچی زۆرینەش موسڵمان بن، وە ئەگەر جێگایەکیش با کەمینە موسڵمان بن و مادەم قەزاوەتی شەرعی بە حوکمی قورئان بوو ئەوە پێی دەگوترێ دار الإسلام، ئەمەش ئەو پەڕی جەهلە بە مەزاهیبی ئیسلام و تێنەگەیشتن لە مەفهوومە عەقیدەیی و فیقهیەکان.

جا با بگەڕێینەوە سەر سێ چینەکە:

بێگومان تەعامولی ئیسلام بەگوێرەی زاهیری خەڵکەو لەسەر زاهیرەکەی بڕیاری موسڵمانێتی لەسەر ئەدات، لە دڵی ناکۆڵێتەوە. بۆیە پێغەمبەری خواش صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: (ئەگەر پیاوێکتان بینی ئەچووە مزگەوت و هۆگری ببوو ئەوە شایەتی ئیمانی بۆ بدەن. ئێستاکە کەسی وا هەیە هەر حیساب بۆ ئەو یاسایەی سەروەرمان ناکات کە فێری ئەوەمانی کردووە خۆمان لە تەکفیر بەدوور بگرین.

ئەوەی حوکم بە قورئان و شەریعەت ناکات ئەگەڕێتەوە سەر زوبانەکەی کە ئایا ئەم نەکردنەی لەبەر چ هۆکارێکە. نیەتی دڵیشی لەسەر ئێمە نیە چونکە سەروەرمان لە کۆتایی فەرموودەکە فەرمووی: (حیسابیان لەسەر خودایە واتە: نهێنی ژوورەوەیان عایدی من نیەو پەیوەندی بەخواوە هەیە).

با نموونەك لەسەر کوفری مونافیقێکی مەدینە بهێنینەوە لە کاتێکدا گەورەترین کوفرو بێ ئەدەبی کرد ئینجا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بەحوکمی زاهیر قەزاوەتی کرد، چونکە کەسەکە ئینکاری کرد لە کاتێکیشدا ئایەت لەسەری دابەزی. ئەوەتا خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿يَقُولُونَ لَئِن رَّجَعْنَآ إِلَى ٱلْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ ٱلْأَعَزُّ مِنْهَا ٱلْأَذَلَّ ۚ وَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِۦ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَٰكِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٨﴾﴾[٢٤٠]، عبد الله کوڕی سەلول گوتی: ئەگەر بگەڕێینەوە مەدینە ئەبێ شکۆمەندەکان زەلیلەکان دەربکەن، بێگومان عیززەت و شکۆمەندی هەر بۆ خواو پێغەمبەرو ئیماندارانە، بەڵام مونافیقەکان پەی بەمە نابەن و نازانن.

ئیمامی ئەحمەد لە زەیدی کوڕی ئەرقەمەوە گێڕاویەتیەوە کەوا ئەفەرمووێ: "لە سەفەرێکدا لەگەڵ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەرچووین، خەڵکی تووشی ناخۆشی و شیددەت بوون، عبد الله کوڕی ئوبەی بە هاوەڵەکانی گوت: مەبەخشنە ئەوانەی کە لە دەوری پێغەمبەردان هەتاوەکوو کەس لە دەوری نامێنێتەوە، وە کاتێ گەڕاینەوە بۆ مەدینە ئەبێ شکۆمەندەکان زەلیلەکان دەربکەن (مەبەستی لە شکۆمەندەکان خۆی و

---

[٢٤٠] سورة المنافقون: ٨

هاوەڵەکانی بوو، ئەوەکەی تریش سەروەرمان و هاوەڵەکانی بوو خواپەنامان بدات)، جا منیش هاتمە لای پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم وە هەواڵم پێدا، ئەویش کەسێکی ناردە لای عبد الله کوڕی ئوبەی تا پرسیاری لێ بکات، ئەوەبوو سوێندی خوارد کەوای نەگوتووە، وە گوتوویشی: زەید درۆی کردووە ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم، منیش لەبەر وتەی ئەو شتێك کەوتە دڵمەوە، هەتاوەکوو خوای گەورە ڕاستگۆیەتی منی دابەزاند (إذا جاءك المنافقون)، ئەوەبوو سەروەرمان بانگی کردن تاوەکوو داوای لێخۆشبونیان بۆ بکات[241].

سەیری ئەو تەعامولە پێغەمبەرایەتیە بکە

کابرای بە زاهیر موسڵمان گەورەترین کوفری کرد، دواتر کەسێك هەواڵەکەی هێنا، ئەویش یەکەو سەر حوکمی دەرنەکرد هەتاوەکوو کەسێکی ناردە لای تاوەکوو قەزیەکە ڕوون بێتەوە نەوەك زەید بەهەڵە تێگەیشتبێ، ئینجا کابرای مونافیق سوێندی بە زاهیر خوارد، سەروەرمان قسەی زاهیری قەبوڵکردو نەیگوت تۆ کافری و مورتەد بوویتەوە، بەڵکوو بەزاهیر تەعامولی موسڵمانانی لەگەڵ کرد، لە ڕیوایەتی تردا هاتووە یەکێ لە هاوەڵان گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لێم گەڕێ با بیکوژم، ئەویش فەرمووی نەخێر چۆن بیکوژین ئینجا عەرەب بڵێن ئەوەتە محمد هاوەڵانی خۆی دەکوژێ. واتە: بەزاهیر ئەو سەرکردە مونافیقە کە عبد الله کوڕی ئوبەیە هاوەڵی سەروەرمانەو موسڵمانە، وە کاتێکیش ئایەتەکە

---

[241] (تفسیر إبن کثیر)(ب٨/ل١٣٠).

دابەزی هێشتان پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم عبد الله تەکفیر نەکردو نەیگوت تۆ مورتەددی لە کاتێکدا گەورەترین کوفرو سوکایەتی کرد. ئەوەی ئێستاکە لەناو موسڵمانان ئەیبینین بەڕاستی جێگای ئەسەفە، کافر کردن بووەتە بنێشتی سەرزارەکی، سەرکردەکان و دەوڵەت و میللەت گشتی تەکفیر ئەکرێن زۆر بە ئاسانی، وەك ڕۆژێکیان یەکێ لەو خوێن گەرم و بیر تەسکانە بەمنی گوت: کوردستان ١٣٪ موسڵمانە، ئەوەکەی تری هەمووی پێ کافر بوو. قیاسێکی فاشلیش هەیە ئەیکەن کە ئەوەیە ئەڵێن: عەلمانیەت کوفرە، وە ئەوەی دەنگیش بەوان بدات کافرە، وە ئەوەی بچێتە پەرلەمانیش کافرە چونکە یاسای شەرعی نیەو یاسای دەستکردە، جا حیزبی ئیسلامی بێ یا غەیری ئیسلامی گشتی بە کافرو مورتەد ئەزانن، وە قیاسێکی لەوەش فاشلتریان هەیە کە ئەڵێن: ئەوەی شەکی لە کافرێتی ئەمانەش هەبێ ئەویش کافرە، واتە: بەگوێرەی ئەوان موسڵمانێك نیە لە ناو دەوڵەتی ئیسلامی بگرە هەمووی لە جەهالەتی سەردەمی قورەیشی و کافریدان تەنیا ئەوان موەحیدو یەکتا پەرستن، ئەمەش گەورەترین نیشانەی خەواریجە کە لە پێشدا ئیمامی عەلی و ئەبو موسای ئەشعەری و هاوەڵانی ئەوانیان تەکفیر کرد.

سەبارەت بە وشەی تاغوتیش: ئیمامی نەوەوی ئەفەرمووێ: "لیث و ئەبو عوبەیدەو کەسائی و زۆرینەی ئەهلی لوغە گوتویانە: تاغوت، هەموو شتێکی پەرستراوە لە غەیری خوای گەورە. وە ئیبن و عەباس و موقاتیل و

کەلبی و غەیری ئەوانیش گوتویانە: تاغوت شەیتانە، وە گوتراویشە بت و صەنەمە"[٢٤٢].

وە سەبارەت بە جەنگیزخانیش کە سەرکردەی تەتارەکان بوو، ئەم جەنگیزخانە یاسقی هەبوو، کە چەند دەستوورێکی تێدا نوسیبۆوە، ئەمەشی لە جولەکەو دیانەکان و موسوڵمانەکان وەرگرتبوو و تێکەڵی کردبوو، جا ئیبن و کەثیر و شێخ ئیبن و تەیمیە جەنگیز خانیان پێ کافر بوو چونکە کاری بەو قورئانە نەکردووە، بەڵام ئەگەر سەیر بکەین هەم خودی ئیبن و کەثیر وە هەمیش ئیبن و تەیمیە سەرکردەکانی مەمالیکەکانیان تەکفیر نەکردووە کە ئەوانیش کاریان بە یاسق ئەکرد، وە هۆکاری تەکفیری تەتارەکانیش وەك هەندێ لێکۆڵەران وای بۆ دەچن تەتارەکان وێڕای دەستیان بەو یاسقەوە گرتبوو کوشتارێکی زۆری موسڵمانانیان کرد، کەچی مەمالیکەکان وا نەبوون دیفاعێکی چاکیان لە موسڵمانان و خاکی موسڵمانان ئەکرد، بۆیە وەکوو خۆم یەك فەتوای زانایانی سەردەمی مەمالیکەکان و دوای ئەوانیشم نەبینیوە کەوا سەرکردەکانی مەمالیکەکانیان تەکفیر کردبێ و بە تاغوتیان ناوبردبێ، مەقریزی مێژووناس ئەفەرمووێ: "مەمالیکەکان هەر لە ڕۆژگاری زاهیر پێپێرسەوە هەموو ئەو کاروبارانەی کە پەیوەندیان بە دینەوە هەبوو حەواڵەی قازیەکانیان ئەکرد، وە بۆ پێویستی خودی خۆیشیان ئەگەڕانەوە بۆ

---

[٢٤٢] (شرح النووي على المسلم)(ب٣/ل١٨).

عادەتی جەنگیزخان واتە ئەگەڕانەوە بۆ دەستوورەکەی جەنگیزخان و شوێنی ئەکەوتن و حوکمیان بە یاسا یان یاسق ئەکرد"[٢٤٣].

کێشەی ئەم خوێن گەرمانە لەم دابەشکردنە بیدعەکاریەدایە کە تەوحیدی خوای گەورەیان دابەشکردووە بۆ چوار بەش پێشتر سێ بوو کە ئەویش بیدعەیەکە داهێنرا کە ئەمانەن:

١ـ تەوحیدی ربوبیەت:

٢ـ تەوحیدی ئولوهیەت:

٣ـ تەوحیدی ئەسمائو سیفات:

٤ـ حاکمیەت.

لای ئەو خوێنگەرمانە ئەگەر سێیەکەی یەکەمیشت تەواو بێ کار بەقورئان نەکەی کافری. ئەمەش جەهلێکە ئەمانە تێیکەوتوون. ئەمە دابەشکردنێکە تەکفیری موسڵمانان و وێرانکردنی شاری موسڵمانان و کوشتنی موسڵمانانی لەسەر بونیات نراوە، چونکە ئەگەر ئەمانە نەهێنە جێ ئەوە کافرو مورتەددن و سەرو ماڵ و خوێنیان حەڵاڵە.

لە پاشکۆی عەقیدەی ئەم کتێبە ئەم دابەشکردنە پووچەڵ کراوەتەوە بە بەڵگەی شەرعی بۆت دەرئەکەوێ کە ئەمانە چەندە نەزانن بە مەفهوومی دین.

---

[٢٤٣] (كتاب المواعظ والأعتبار بذكر الخطط والآثار)(ب٢/ل٢٢٠).

بۆیە بەڕای بەندە با سەرکردەکانی وڵاتانی ئیسلامی و ئەو خەڵکە تەکفیر نەکرێ، بەڵکوو تەعامولیان وەکوو موسڵمان لەگەڵ بکرێ و خوداش بە ژوورەوەیان ئاگادارە، ئەوەتە سەروەرمان لە مەدینە گەورەترین دژایەتی ئەکرا لە لایەن مونافیقەکان و لەناو موسڵمانان بە ئاشکرا جوێنیان بە سەروەرمان ئەدا بەڵام کاتێ دەهاتنە لای ئینکاریان لێ ئەکرد کە شتی وایان گوتبێ، وە سەروەریشمان لە لایەن خوای گەورەوە وا فێرکراوە کەوا پەیوەندی بە ژوورەوەی خەڵك نەبێ بەڵکوو بە حوکمی زاهیر قسە لەسەر کەسەکان بکات، بۆیە ئەو مونافیقانەی بە زاهیر بەموسڵمان لە هەژمار ئەداو تەعامولی موسڵمانانی لەگەڵ ئەکردن، وە ڕۆژێ لە ڕۆژان نەیگوت ئێوە کافرن.

وە سەبارەت بە دەنگدانیش پێم وایە ئەگەر بۆ دیفاعکردن لە دین و قوتی خەڵکی بێ هیچ کێشەیەکی تێدا نیە، بەمەرجێ هەرکاتێ لە پەرلەماندا سوکایەتی بەدین و یاسای ئیسلام کرا ئەبێ وەڵامی هەبێ و نەترسێ، چونکە ئەو نوێنەری ئەو خەڵکە موسڵمانەیە کە نێردراوە تاوەکوو تۆ بەرگریان لێ بکەی، ئەگەر پۆستەکەت بۆ بەرژەوەندی حیزبی بەکارهێناو ئەوەی خوداو پێغەمبەرەکەی صلی الله علیه وسلم فەرمانیان پێکردووە تۆ لێی بێ دەنگ بووی لەبەر بەرژەوەندی حیزبەکەت ئەو کاتە تۆش بەشدار ئەبی لەو گوناهو تاوانە، یانیش هەڵسە دانیشتنەکە بەجێ بهێڵە بە پێی ئایەتی قورئان هەتاوەکوو دێنە سەر باسێکی تر. وە پێم باشە موسڵمانان بەشدار بن تاوەکوو چاودێری گەندەڵکاران بکەن لەوەی کەوا بە ئاسانی نەتوانن قوت و سامانی میللەت بدزن.

کاتی خۆی عدنان مەندەلیس بەڵێنکی زۆری بە موسڵمانانی تورکیادا ئەگەر بێت و دەنگی پێ بدەن ئەوە بانگی عەرەبی ئیسلامی ئەگەڕێنمەوە، لەوەوە شێخمان بدیع الزمان مامۆستا نورسی (خودا نهێنی پیرۆز کات) بە خەڵکەکەی گوت کەوا دەنگی پێ بدەن چونکە گەڕانەوەی دروشمێکی گەورە زۆر گرینگە بۆ موسڵمانان، خەڵکەکەش بە گوێی مامۆستا نورسیان کرد.

هەتا خۆشم گوێم لە شێخ عبد الله عەززام بووە لە یوتوب لە تەفسیری سورەتی التوبە، وتەیەکی لە ئەبولحەسەنی نەدەوی نەقڵ ئەکات کەوا ئەبولحەسەن پێی باش بووە موسڵمانان بەشدار بن لە حکومەت تاوەکوو چاودێری دەسەڵات بکەن، لەبەر بەرژەوەندی موسڵمانان.

هەرچەندە شێخمان ئیمامی هەرتەلی بەر ڕەحمەتی خودا بکەوێ لە کتێبی (مێرگ و گوڵزاری ئیسلام ژیانی پێغەمبەری ڕێزدار) پێی دروست نەبووە دەنگ بە هیچ کامێکیان بدرێ و بەشداریش بن لە پەرلەمان، چونکە هیچ کامێکیان مەرجی خۆ هەڵبژاردنیان تێدا نیە. والله اعلم.

## میعڕاجی پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم

**والمعراج لرسول الله عليه الصلاة والسلام في اليقظة بشخصه إلى السماء، ثم إلى ماشاء الله تعالى من العلى حقٌ.**

بەرزبوونەوەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بۆ ئاسمانەکان و قسە کردنی لەگەڵ خوای گەورەو فریشتەکان و پەیامبەرەکان لە شەوی ئیسڕاو میعڕاجدا لە حاڵەتی بێداری خۆیدا بووە، ئینجا لەوەش کە لە ئاسمانەکاندا بەرزبوویەوەو تا ئەو جێگەیەی کە خوای گەورە ویستی لەسەر بووە، گشت ئەمانەش حەقەو ڕاستەو ئیمانمان پێی هەیە.

"بەڵێ میعراج جێگیر بووە لە هەواڵی مەشهوردا، هەتا ئەوەی ئینکاری بکات ئەوە ئەبێتە بیدعەچی...، ئیسڕاء ئەمە شەوڕەوی سەورەرمان بوو لە مزگەوتی حەڕامەوە کە مەککەیە بۆ بەیتولمەقدیس، ئەمەش جێگیربووەو یەکلایی کراوەتەوە بە قوڕئان، وە میعڕاجیش کە بەرزبوونەوەیە لە زەویەوە بۆ ئاسمان ئەوە فەرموودەی مەشهوورە، وە لە ئاسمانەوە بۆ بەهەشت یاخود سەر عەڕش یاخود غەیری ئەمانەش فەرموودەی ئاحادو تاکە، وە ئەوەیشی صەحیح بێ سەروەرمان بە چاوی دڵی پەروەردگاری بینی نەك بەچاوی سەری"، ئەمە قسەی تەفتازانی بوو.

وە کەستەلیش ئەفەرمووێ: "لە دەرەوەی سوننەت ئەبێ، بە گومڕا ئەزانرێ و تەکفیری ناکرێ لەسەر ئەو تەفسیلەی کە باسی لێوە کرا، ئەمما ئینکاری کردنی ئەصلی میعراج ئەوە کوفرە بەبێ شەك".

ئیمامی هەرتەلیش لە ژیاننامەکەی سەروەرمان ئەفەرمووێ: "ئەوەی ئینکاری میعڕاج بکات پێی کافر نابێ وەك هەندێ لە زاناکان ئەفەرموون بەڵکوو پێی فاسق ئەبێ، ئەمما ئینکاری کردنی شەوڕەویەکە ئەوە پێی کافر ئەبێ چونکە ئینکاری ئایەتی خوای گەورەی کردووە کە لە سوڕەتی الإسراء باسەکەی هاتووە".

منیش ئەڵێم: قسەکەی ئیمامی کەستەلیم پێ پەسندترە، چونکە باسی بەرزبوونەوەی سەروەرمان واتە میعڕاجەکەی لە سوڕەتی النجم هاتووە، ئەتوانن بگەڕێنەوە بۆ هەموو تەفسیرەکانی زاناکان، وەهەروەها کاتێ بە گەورەمان صددیق گوترا: هاوەڵەکەت دەڵێ ئیمشەو چوومە بەیتولمەقدیس و نوێژم لەوێ کرد، ئەویش فەرمووی: ئەگەر بڵێن چوومەتە ئاسمانەکانیش بڕوای پێ ئەکەم، لەوەوە سەروەرمان ناوی لێنا ئەبوبەکری ڕاستگۆ. وە فەرموودەی ئیسڕاو میعڕاجیش لە صەحیحەکان و سونەنەکان و موسنەدەکان و موستدەڕەکاتەکان موعجەمەکان و غەیری ئەوانەش هاتووە، ئینکاری ئەم هەموو بەڵگەیەش نزیکە لە کوفر چونکە ڕەفزی سوننەی کردووەتەوە.

وە هەردوو جۆر معیڕاجیشی پێکراوە هەم لەخەو وەهەمیش بەجستەو بەڕووح.

پرسیار لە ئیمامی نەوەوی کرا کە ئایە لەشەوی ئیسڕاو میعڕاجدا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم خوای گەورەی بینیوە؟

ئەویش لە وەڵامدا فەرموویەتی: "بەڵێ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لەشەوی ئیسڕادا بە چاوەکانی سەری پەروەردگاری بینی، ئەوە صەحیح و ڕاستە هەروەکوو ئیبن و عەباس و زۆرترین هاوەڵ و زانایان فەرموویانە ڕەزای خوایان لێ بێ.

وە عائیشەو کۆمەڵێك لە زانایان ڕێگریان لەو بینینە کردووە ڕەزای خوایان لێ بێ، وە ئەوانەی کە ڕێگری لەو بینینە ئەکەن بەڵگەیەکی ڕوونیان نیە، بەڵکوو ئەوەی عائیشە کردوویەتی بەبەڵگەیە ئەو وتەی خوای گەورەیە کە ئەفەرمووێ: (لا تدركه الأبصار)، واتە: چاوەکان پەی بەخوا نابەن، کەچی زۆرینەی زانایان بەوە وەڵامیان داوەتەوە کەوا ئەو پەی پێ بردنە ئەوە دەورەدانی خوایە، (واتە: تۆ بەو بچوکیەی خۆت پەی بە ڕەهایەتی و بێ سنووریەتی و گشتیەتی زاتی خودا نابەی)، لە کاتێکدا خوای گەورە دەورە نادرێ، بەڵام ئیمانداران لە ڕۆژی دواییدا بەبێ دەورەدان خوای گەورە ئەبینن، بە هەمان شێوە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم شەوی ئیسڕا ئەوی بینیوە"[٢٤٤].

[٢٤٤] (فتاوى الإمام النووي)(ل٣٥) ط. دار البشائر الإسلامية.

## کەڕاماتی ئەولیا

**وكرامات الأولياء حق، فتظهر الكرامة على طريق نقض العادة للولي من قطع المسافة البعيدة في المدة القليلة، وظهور الطعام والشراب واللباس عند الحاجة، والمشي على الماء وفي الهواء وكلام الجماد العجماء واندفاع المتوجه من البلاء وكفاية المهم من الأعداء، وغير ذلك من الأشياء، ويكون ذلك معجزة للرسول الذي ظهرت هذه الكرامة لواحد من أمته" لأنه يظهر بها أنه ولي، ولن يكون ولياً إلا وأن يكون محقاً في ديانته، وديانته الإقرار برسالة رسوله.**

کەڕاماتەکانی ئەولیاکانی خودا حەق و ڕاستەو گومانی تێدا نیە، ئەبینی خوای گەورە کەڕامەتێك دەرئەخات بۆ وەلیەك بە ڕێگای بەدەر لە عادەت، وەکوو بڕینی دووری و مەسافەیەکی زۆر بە ماوەیەکی کورتدا، وە دەرکەوتنی خواردن و خواردنەوەو جل و بەرگ لە کاتی پێویست بووندا، وە ڕۆیشتن بەسەر ئاو و فڕین لە هەوادا، وە قسەکردنی بێ گیانەکان و ئاژەڵان و ڕێگری کردن لەوەی کە بەڵاو موسیبەتی ڕوو بەڕووی بووەتەوەو پاراستنی لە دەست دوژمنان، وە غەیری ئەمانەش لە شتەکان، جا ئەمانە ئەبنە موعجیزە بۆ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کە لەسەر دەستی یەکێ لە تاکەکانی ئوممەتەکەی دەرکەووتووە، وە بۆ ئەو پیاوچاکەش ئەبێتە کەڕامەت، چونکە خوای گەورە بۆی دەرئەخات کە ئەوە وەلی خۆیەتی، وە هەرگیز هیچ کەسێکیش نابێتە وەلی خواو شایەنی ئەو پلەیە نابێ هەتاوەکوو دەستی بە دینەوە نەگرتبێ لە ژوورەوەو دەرەوەدا دینداریەکەی

ئەوی گەیاندبێتە ئەو پلەیە، دین و دینداریەکەشی ئەوەیە کە دانی بە پەیامەکەی پێغەمبەرەکەی نابێ.

وەلی مەرتەبەی خۆی هەیە، بە پێی تەقواو دینداری و خزمەتکردنی بۆ ئوممەتی ئیسلام، بە گشتی هەموو ئیمانداران وەلی خودان، ئەمما ویلایەتی تایبەت ئەوەیە، کە خودا لە فەرموودەی قودسی باسی کردووە، کە ئەگەنە پلەیەك هەر کەسێك ئەزیەتیان بداو دوژمنایەتیان بکات ئەوە خوای گەورە ئیعلانی شەڕی ڕاگەیاندووە لە دژیان، وە وەلی خوا هیچ ترس و بیمێکی نیە لە دونیاو دوارۆژ، وە کاتێ خەڵکی غەمبار ئەبن ئەوان غەمبار نین، وە بەردوام لە خودا پەرستی و موراقەبەی خوای پەروەردگارن تا ئەگەنە پلەی شهودی بەرهەست بەچاوی سەرو دڵ، ئەمانە چڵك و پیسی دونیا لە هەناوەکانیان ڕەشبووەتەوە بە موڕاقەبەی ئیلاهی و تێکۆشان و زیکرو خزمەتکردنەوە، دڵیان بووەتە دەلاقەیەکی ئەنواری باری تەعالا، لەوێوە گەیشتوونەتە پلەی فیڕاسەت، تاوەکوو بتوانن بەنووری خوای مەزن شتەکان ببینن و خزمەتی مرۆڤایەتی بکەن، ئەمانە زۆر جیاوازن هەرگیز لەگەڵ ساحیرو شەیتان مرۆڤەکان تێکەڵ بەیەکتری ناکرێن، بۆیە زۆر جاران ئەو وەلی خوایانە ستەمیان لێکراوەو بە ساحیرو شەیتان لەقەڵەم دراون لە کاتێکدا خۆیان پەردەپۆشن لە ناو تاریکایی نەفس و نەخۆشیە دەرونیەکان و زینەتی دونیا. ئەولیاکانی خودا هەرکاتێ ئەبینرێن یادی خوای گەورە ئەکرێت بەهۆی بینینیانەوە، هەرکەسێ لە نێو دڵی ئەم وەلیانە بێ خودا بەهۆی ئەوانەوە لێیان ئەبووری و دەفعی بەڵاو موسیبەت ئەکات لەبەر حورمەتی ئەوان، وە ئەوان جگە لە بەندەیەکی فەرمانگوزاری عابید هیچی

تر نین، هەرگیز ناگەنە پلەی پێغەمبەرایەتی و خوایەتی (حاشا وکلا)، وە خەڵکانێك لەبەر نەزانینیان لێیان تێکچووە لە نێوان مەفهومی پێنج شتە غەیبیەکەو فیڕاسەتی وەلی خودا، ئەم باسەم بە درێژی لە کتێبی (ژیانەوەی دڵی ئیمانداران) باسکردووە کە یەکێکە لە دانراوەکانمان.

کەڕامەت پەیوەندی بە هیچ سەردەمێکەوە نیە، چونکە ئەوەی مشورخۆری ئەم گەردوونەیە پاشای ئەزەلی و ئەبەدیە ئەو ئەزانێ لە چ کاتێك و لە چ شوێنێکدا کەڕامەت لەسەر دەستی وەلیەکان دەرئەخات، بۆیە سنووردار کردنی بە تەنیا لە سێ سەدەکە ئەوە بەر تەسککردنەوەی دینی خوای مەزنە، وە سەیری موسڵمانانی ئەم سەردەمەم کرد جگە لە بیر تەسکەکان نەبێ هیچ کەسێك ئینکاری کەڕامات و فیڕاسەتی وەلیەکانی خوای نەکرد، خودا هیدایەتی ئەوان و ئێمەش بدات.

قاعیدەیەکیش هەیە بیزانن هەروەك زۆربەی زاناکان فەرموویانە: (**كُلُّ مَا جَازَ أَنْ يَكُونَ مُعْجِزَةٌ لِنَبِيٍ جَازَ أَنْ يَكُونَ كَرامَةً لِوَلِيٍّ بِشَرْطٍ أَنْ لايَدَّعِيَ النُّبُوَّةَ**)[٢٤٥]، واتە: (ئەکرێ هەموو ئەو شتانەی کە دروستە ببنە موعجیزە بۆ

---

[٢٤٥] ئەم زانایانە فەرموویانە: ئیمامی سعد الدینی تەفتازانی لە (شرح المقاصد)(ب٢_ل٢٠٣). ئیبن و حەجەری عەسقەلانی لە (الفتح الباري شرح صحيح البخاري)(ب٧_ل٣٨٣_ژ٤٠٨٧). وە ئیمامی حەڕەمەین لە (الإرشاد)(ل٢٦٧)، طبعة مؤسسة الكتب الثقافية. وە ئیبن و حەجەری هەیتەمی لە (الفتاوى الحديثية)(ل١٠٨). وە ئیمامی نەوەوی لە (شرح صحيح المسلم)(ب١١_ل١٠٨).

پێغەمبەرێك ئەوە دروستەو ئەكرێ ببێتە كەرامەتێك بۆ وەلیەك بە مەرجێ بانگەشەی پێغەمبەرێتی پێوە نەكات.

وە ئیمامی عەلی قاری ئەفەرمووێت: "ئەوەی بە ڕووكەشی دیاربێ لە وتەی ئیمامی ئەعزەم ئەبو حەنیفە ڕەحمەتی خوای لێ بێ بۆ ئەو مەقامە ئەوەیە كەوا موافقە لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی زانا بەرزەكان كە لەسەری ڕێككەوتوون لەسەر ئەوەی هەموو ئەو شتانەی كە دروستە ببنە موعجیزە بۆ پێغەمبەرێك ئەوە دروستەو ئەكرێ ببێتە كەرامەتێك بۆ وەلیەك و هیچ جیاوازییەكی لە نێوانیاندا نیە تەنیا ڕكابەرێتی نەبێت (واتە: تەحەددای پێغەمبەرێتی نەكات)[٢٤٦].

وە سەبارەت بەوەی كە لەناو هەندێ تاقمی برایانی تەصەوف بەربڵاوە گوایە هیچ كەسێك نابێتە وەلی خوا هەتاوەكوو ئەم سیانە تەوقیعی لەسەر نەكەن.

١ـ حەزرەتی رسول الله صلی الله علیه وسلم.

٢ـ حەزرەتی عەلی كوڕی ئەبو تالب (كرم الله وجهه).

٣ـ حەزرەتی شێخ عبد القادری گەیلانی (قدس الله روحه).

ئەم وتەیە باتڵەو هیچ دەلیلێكی شەرعی لەسەر نیە، چونكە هەمووی بەدەست خودایە، چونكە ڕێگای خودا وەكوو ئەم نموونەیە: كەسێك لە سەرەتاییەوە دەست بەخوێندن ئەكات، بێگومان پێویستی بە مامۆستاو

---

[٢٤٦] بڕوانە: (شرح فقه الاكبر)(ل١٣١) طبعة دار الكتب العلمیة.

چاوساغ هەیە تاوەکوو فێری وانەکانی بکات، بەبێ مامۆستا هیچ شتێك فێر نابێ، دوای قۆناغی سەرەتایی ناوەندی و دواناوەندی دێتە پێش و ئەوانیش ئەبڕێ بەهۆی هەوڵدان بۆ خۆ فێرکردن و تێکۆشانی مامۆستا بەڕێزەکان، ئینجا قۆناغی زانکۆو پەیمانگا دێتە پێش بەگوێرەی نمرەکەی لە یەکێ لە باشترین جێگاکان وەرئەگیرێ، لەوێ بەهۆی هەوڵی خۆی و تێکۆشانی مامۆستاکان ئەو کەسە دەرەنجامێکی چاك بەدەست ئەهێنێ، جا ئەمە ڕێك وەکوو حاڵی موریدو کەسی ئیمانداره، کە ئەیەوێ بەرەو خواو پلەوپایەکانی ئیمان و کەماڵی ئیمان و عیرفان و حەقائیق و موشاهەدە بڕوات، ئەبێ هەوڵبدات لە ڕێگای موجاهەدەی دەروونەوەو تەقواو خۆپارێزی و خزمەتکردنی دینی ئیسلام و موسڵمانانەوە، ئینجا کەسێکی ڕێبەرو موڕشیدو مامۆستاو شێخێکی پڕ زانستی بەتەقواو عارف باللە دەستی ئەو کەسە بگرێت و بەرەو خوای ببات و ڕێگای دڵ و ڕێگای چاوی سەری پێ نیشانبدات، بێگومان ئەو ڕێگایە بەبێ مامۆستا نابێ ئەوەی بڵێ بەبێ مامۆستا ئەبێ ئەوە قوڕئان و سوننەت کافیە ئەوکاتە وەکوو قوتابییەکە وایە هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە بڵێتن ئەوە کتێبەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی و زانکۆو پەیمانگەکان مەوجوودەو خۆم دەیانخوێنم و کافیەو پێویستم بە چاوساغ و مامۆستا نیە، ئەوەی ئەم قسەیە بکات زۆر گەلحۆیە، ئەگەر زانستێکی دونیایی پێویستی بە مامۆستا هەبێ ئەی چی بەڕێگای خودا کە شەیتان خۆی حەشارداوە لە ڕێگاکەت، وە ئەم هەموو زانستە گرانە لە بەردەمتەو نازانی چۆن خواناسیەکی ڕاست و دروست بکەی؟! بۆیە زۆربەی مەشایخەکانی ئیسلام گوتویانە: ئەوەی شێخی نەبێ شەیتان

شێخیەتی. واتە: هەر قوتابییەك مامۆستای نەبێ هەواو ئارەزووی خۆی و شەیتانی کردووەتە ڕێبەرو مامۆستای خۆی. من گومانم لەوەدا نیە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم شەفاعەت ئەکات بۆ هەرکەسێ لەلای خوای گەورە گەر خوای گەورە ویستی لەسەر بێ تا ئەو کەسە بێتە ناو ویلایەتی تایبەتی خۆی، کە لەو ڕێگەوە سەیرو سلوك ئەکات و مەقاماتی عاریفان ئەبڕێ، ئەمما بگوترێ تا ئەو دوو زاتەکەی تر ئیمزا نەکەن و ڕازی نەبن نابێتە وەلی ئەمە ڕاست نیە، وەکوو لەسەرەوە گوتمان چونکە دەقێکی شەرعی لەسەر نیە. ئەی باشە کێ ئیمزای دەکرد پێش شێخ عبد القادر تا خەڵك ببێت بە وەلی خوا؟

وە سەبارەت بەو وتەیەش کە گوایە حەزرەتی گەیلانی فەرموویەتی: (پێی من لەسەر گەردەنی هەموو وەلیەکە) ئەمە دوو لێکدانەوەی بۆ ئەکرێ، یەکەم: هەر وتەکەی ڕاست نیە. چونکە ئەمە شایەتیەکی گەورەیە وەکوو ئەوەی لێ دێ پێی لەسەر گەردەنی هەرچوار خەلیفەو هەموو هاوەڵان و ئیمامی شافیعی و ئەحمەدو مالیك و ئەبو حەنیفەو سوفیانی سەوری و شێخ مەعرووف و إبراهیمی ئەدهەم و شێخ جونەیدو سەید ئەحمەدی ریفاعی و شاهی نەقشبەندو ئیمامی نەوەوی قوشەیری و هەزارەها وەلی تر بێ. ئەمەش ڕاست نیەو هیچ دەلیلێکی شەرعی لەسەر نیە، بەڵکوو پەیڕەوانی جەنابی شێخی پایە بەرز دروستیان کردووە، بگرە هەر وەلیەکی خودا گوێی لەمە بێ هەست بە قۆرخکردن و سوء ئەدەب ئەکات، چ جای ئەوەی

بیكرێته بەڵگە، ئەمەش بە دڵنیایەوە دوورە لە شێخی پایەبەرزمان حەزرەتی گەیلانی (خودا نهێنی پیرۆز بكات).

دووەم: لەسەردەمی شێخ عبد القادر خوای گەورە ئەوی بەرزكردەوە بەسەر هەموو وەلیاكانی سەردەمی خۆی نەك هەموو سەردەمێك، ئەمەش پێم وایە شتێكی تا حەددێك مەعقوولە، هەروەك دكتۆر عرسان ماجد گەیلانی لە كتێبی (هكذا ظهر جیل صلاح الدین) لەوێ باسی ئەوە ئەكات مەشایخەكانی وڵاتانی ئیسلامی كە ژمارەیان دە دوانزە مەشایخی گەورەو ئەولیای خوابوون لە بەغدا لای شێخی گەیلانی ئامادەبوون، بە كۆی یەكدەنگی هەموویان شێخی پایەبەرزیان كردە قوتب و گەورەی هەموویان بۆ بەڕێوە بردنی كاروباری موسڵمانان بە سەركردایەتی شێخی گەیلانی، هەمووشیان بەوە ڕازی بوون، هەتا یەكێ لەو وەلیانەی كە ئینكاری ئەوەی كرد خوای گەورە شتێكی پێ نیشانداو بەناچاری هات و گەردەنی بۆ شێخی گەیلانی دانا ئیعتیڕافی كرد كە تۆ گەورەو سەردارمانی، ئەمە تاحەددێك ڕێی تێدەچێ، ئەمما ئەوە بەهەموو سەردەمێكەوە موقەییەد بكرێ ڕاست نیە.

وە سەبارەت بەو وتەشیان كە بەناوبانگە لە نێویان كە ئەڵێن: لە شەوی ئیسڕاو میعڕاج كاتێ پێغەمبەری خوا صلى الله علیه وسلم ویستی سواری بوڕاقەكەی بێ ڕووحانیەتی شێخی گەیلانی لەوێ بووەو پشتی بۆ

چەماندووەتەوەو سەروەریشمان پێی موبارەکی لەسەر داناوەو دوعای بۆ کردووە کەوا پێی گووتووە: پێت لەسەر گەردەنی هەموو وەلیەك بێ. ئەمەش بەبڕوای من جگە لە درۆیەك زیاتر هیچی تر نیەو هیچ سەنەدو ڕیوایەتێکمان بەدەست نەگەیشتووە، بەڵکوو هەر قسەیەکە لەناو پەیڕەوانی شێخی پایەرزمان بەربلاّوە، ئاخر خەڵك ئەم خورافیاتەی لەناو تەصەوف بینی بۆیە تەصەوفیان زەڕبی سفر کردو پێمان بڵێن ئێوە لە نێو خورافیاتدان، ئەگینا تەصەوف ڕێگای پێغەمبەران و ئەولیاکانی خودایە، زۆر لەوە پاکترو گەورەترە لەوەی کە وەصفی ئەکرێ بە هەڵە لە لایەن هەندێ تاقمەوە.

خوای گەورە یەك یاسای گشتی فێرکردووین کێ بەتەقواتر بێ ئەو ڕێزدارترینە ئیتر پەیوەندی بەسەردەمەکانەوە نیە، وە من بڕوای سەدا سەدیشم هەیە شێخی گەیلانی خودی خۆی بەو وتانە ڕازی نیە، بەڵکوو هەندێ کەس لەبەر زیادە خۆشەویستیان بۆی ئەم جۆرە شتانەیان هەڵبەستووە.

دەرەنجام مرۆڤ ئەبێ شێخ و مامۆستایەکی کامڵی هەبێ تاوەکوو بەرەو خوای گەورەی ببات و ڕێگای بۆ ڕۆشن بکاتەوە چونکە شارەزانەبوونی ڕێگا بە بێ ڕێبەر دووچاری زۆر شت ئەبێ، وە ڕەنگە تووشی هەلاکەتیش بی.

## گەورەترین مرۆڤ دوای پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم.

**وأفضل البشر بعد نبينا أبو بكر الصديق، ثم عمر الفاروق، ثم عثمان ذي النورين، ثم علي المرتضى، وخلافتهم ثابتة على هذا الترتيب أيضا.**

گەورەترین مرۆڤ دوای پێغەمبەرمان ئەبو بەکری صددیقە، ئینجا ئیمامی عومەرە، ئینجا ئیمامی عوسمانە، ئینجا ئیمامی عەلی مورتەزا، وە بەهەمان شێوە خەلیفایەتیەکەشیان لەسەر ئەو ڕیزبەندیە سابیت و جێگیر بووە بە یەکدەنگی هاوەڵان و هیچ کەسێك ڕەخنەی لێ نەبووە جگە لە شیعە گومڕابووەکان نەبێ، کە ئەوان پێیان وایە خەلافەت زەوتکراوەو ئیمامی مەعصوم مەوجود بووە کە ئیمامی عەلیە کەچی زوڵمیان لێ کردووەو ئەویان نەکردووەتە خەلیفە، ئەمەش جگە لە درۆیەك زیاتر هیچی تر نیە، ئیمامی عەلی ئەوەندە بێ غیرەت نەبووە حاشا لەو، خۆ ئەیتوانی بەیعەتیان نەداتێ، بەڵام ئەمە ڕاست نیە، بەڵکوو بە ڕەحابەتی دڵەوەو بەوپەڕی پێخۆشبوونەوەش بەیعەتی بە یەکە یەکەیان داوە هەروەك لە کتێبەکانی مێژووی ئیسلامی پڕشکۆ باسی لێوە کراوە.

بێگومان لە شەڕحی قەواعیدی عەقائیدی ئیمامی غەزالیش باسمان کردووە کەوا حەزرەتی عیسا لە هەموو ئەوانە گەورەترە، چونکە کاتێ دائەبەزێ وەکوو پێغەمبەرایەتی دانابەزێ تا تەشریع بکات چونکە بابی پێغەمبەرایەتی کۆتایی پێ هات دوای گەورەمان فەخری کائینات بەڵکوو وەکوو یەکێك لە ئوممەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، بێگومان کەسێکیش ببێتە ئوممەتی پێغەمبەر کە لە پێشیشدا پێغەمبەر بووبێ

بێگومان ئەو گەورەترە لە هەموو ئوممەتەکەی لە دوای خۆی، ئەم ڕایە ئیمامی زەهەبیش لەسەریەتی هەروەکوو ئیمامی تاج الدینی سبوکی لە (الطبقات الشافعیة) باسی لێوە کردووە لە شێخی خۆیەوە کە ئیمامی زەهەبیە، وە ئەم ڕایە ئیمامی تەفتازانی و ڕەمەزان ئەفەندی و کەستەلی و خەیالی لەسەرینە[٢٤٧].

وە ئەوەیشی کە لە فەرموودەدا هاتووە سەبارەت بە گەورەمان ئەبو بەکر هیچ دژایەتیەکی لەگەڵ ئەو ڕایە حەقیقیە نیە چونکە ئەو لە هەموو ئووممەتەکەی گەورەترە جگە لەو.

---

[٢٤٧] (مجموعة السنیة علی شرح عقائد النسفیة)(ل٥٧٥).

# خەلافەت

**والخلافة ثلاثون سنة ثم بعدها ملك وأمارة.**

وە خەلافەتیش سی ساڵ ئەخایەنێ، ئینجا دوای ئەو سی ساڵە ئەبێتە پاشایەتی و میرنشینایەتی.

ئیمامی تەفتازانی ئەفەرمووێ: "ئیمامی عەلی لەسەری ساڵی سی کۆچی شەهیدکرا لە دوای وەفاتی پێغەمبەری خواوە صلی الله علیه وسلم، جا موعاویەو ئەوەی کە لەدوای موعاویەش هاتووە نابنە خەلیفە بەڵکوو ئەبنە مەلیك و پاشاو میرایەتی، ئەمەش کێشەو موشکیلەیە، لەبەرئەوەی ئەهلی حەللو عەقد (واتە: ئەهلی مەککەو مەدینەو تێکڕای موسلمانان) لە ئوممەت یەکدەنگ بوونە لەسەر خەلیفایەتی خەلیفەکانی عەبباسی و هەندێ لە مەڕوانیەکان وەکوو عومەری کوڕی عبد العزیز، وە ڕەنگە مەبەست پێی خەلیفایەتیەکی کامڵە کە هیچ شتێکی موخالەفەی لەگەڵ تێکەڵ نەکرێ، وە مەیل بەلای بەیعەتدان ئەبێتە سی ساڵ، ئیتر دوای ئەمە ئەکرێ ببێ، وە ئەشکرێ نەبێ.

پاشان یەکدەنگی لەسەر واجببوونی دانانی ئیمام هاتووە، بێگومان ڕاجیاییەکە لەسەر ئەوەیە کە ئایا واجبە لەسەر خوای گەورە یاخود لەسەر خەڵکی، بەبەڵگەی نەقلی یاخود عەقڵی؟ مەزهەب و بۆچوونی هەڵبژێردراو لەسەر ئەوەنە: کەوا واجبە لەسەر خەڵکی بە بەڵگەی نەقڵی لەبەر وتەی صلی الله علیه وسلم **(من مات من أهل القبلة ولم يعرف إمام زمانه مات**

**ميتة جاهلية**). واتە: هەرکەسێ لە ئەهلی قیبلە بمرێ و ئیمام و پێشەوای زەمانی خۆی نەناسیبێ کە کێ سەرکردەو پێشەوایەتی ئەوە مردنەکەی لەسەر مردنێکی جاهیلانەیە.

وە لەبەرئەوەش کە ئوممەت دانانی ئیمامیان بەشتە هەرە گرینگەکان داناوە لە دوای وەفاتی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم، هەتا ئەم کارەیان پێشخستووە بەسەر شاردنەوەی پێغەمبەریشمان صلی الله علیه وسلم، وە هەتا لە دوای وەفاتی هەموو ئیمامێکیش، لەبەرئەوەی زۆربەی واجبە شەرعیەکان ئەوەستێتە سەری هەروەکوو ئیمامی نەسەفی ئاماژەی پێ کرد.

جا ئەگەر گوترا: بۆچی دروست نیە ئیکتیفا بە هەموو خاوەن هێزو دەسەڵاتێك بکرێ لە هەموو شوێنێك، وە لە کوێ واجبە کە سەرۆکایەتی گشتی تەنیا بەو بدرێ؟

ئێمەش ئەڵێین: لەبەرئەوەی ئەمە سەرهەڵئەکێشێ بۆ دووبەرەکی و ناکۆکی دوژمنایەتی و تێکچوونی کاروباری دین و دونیا، هەروەکوو ئەیبینین لە زەمانی خۆمان (واتە: زەمانی ئیمامی تەفتازانی).

وە ئەگەر گوترا: ئیتر ئیکتیفا ئەکرێ بە دەسەڵاتی کەسێك کە سەرۆکایەتی گشتی بەو بدرێ، ئیتر ئیمام بێ یان غەیری ئیمام، چونکە ڕێکخستنی کاروبار بەوە بەدەست دێ، هەروەکوو لە سەردەمی تورکەکان (بەدەست هات).

ئێمەش ئەڵێین: بەڵێ ئەمە بەدەست دێ لە کاروباری دونیا، بەڵام کاروباری دینی تێك ئەچێ، کە ئەمەش مەبەستە گرینگەکەو کۆڵەگە هەرە گەورەکەیە.

وە ئەگەریش گوترا: جا لەسەر ئەوەی کە باسکرا ماوەی خەلافەت سی ساڵە، وە زەمانی دوای خەلیفە ڕاشیدینەکانیش خاڵیە لە ئیمام، ئوممەتی ئیسلامیش هەموویان سەرپێچیان کردووەو مردنەکەشیان مردنێکی جاهیلانە ئەبێ.

ئێمەش ئەڵێین: باسکرا کەوا مەبەست بە خەلافەتی کامڵە، ئەگەر چی تەسلیم کرابێ کەوا سی سال بووبێ، لەوانەیە ڕۆڵی خەلافەت کۆتایی پێ بێ بەهۆی ڕۆڵی ئیمامەتەوە، ئەمەش بەبینا کردن لەسەر ئەوەی کە ئیمامەت گشتگیر ترە، بەڵام ئەم زاراوەیە لە لای ئەو قەومە نەمان بینیوە، بەڵکوو لە شیعەکاندا هەیە گومانی ئەوە ئەبات کەوا خەلیفە گشتگیر ترە، هەر بۆیەش دان بە خەلافەتەکەی هەر سێ ئیمامەکە ئەنێن جگە لە ئیمامێتیان نەبێ، وە ئەمما دوای خەلیفەی عەبباسیە کارەکە موشکیلەو کێشەیە.

## پێشەوای موسڵمانان

**والمسلمون لا بد لهم من إمام، يقوم بتنفيذ أحكامهم، وإقامة حدودهم، وسد ثغورهم، وتجهيز جيوشهم، وأخذ صدقاتهم، وقهر المتغلبة والمتلصصة وقطاع الطريق، وإقامة الجمع والأعياد، وقطع المنازعات الواقعة بين العباد، وقبول الشهادات القائمة على الحقوق، وتزويج الصغار والصغائر الذين لا أولياء لهم، وقسمة الغنائم.**

وە موسڵمانانیش پێویستە ئیمام و پێشەوایان هەبێ، تاوەکوو هەڵسێ بە جێ بەجێ کردنی قەزاوەت و حوکمەکانیان، وە بەرپاکردنی حەددەکانیان، وە پاراستنی سنوورەکانیان، وە ئامادەکردنی سوپاکانیان، وە زەکاتەکانیان لێ وەربگرێ، وە زاڵبوون بەسەر دزو جەردەو ڕێگرەکان و زەبوون کردیان و نەهێشتنی ئەو تاوانانە لە ناویان، وە بەرپاکردنی نوێژی بەکۆمەڵ و جەژنەکان، وە نەهێشتنی ئەو ناکۆکیانەی کە لە نێوان بەندەکاندا هەیە، وە قەبووڵی شایەتحاڵەکانیش بکات لە وەرگرتنەوەی حەق و مافی بەندەکان، وە بەشوودانی ئەو کیژووڵانەی کە خۆیان ناسیوەو ئەو کوڕانەش کە تازە بالغ بوونە ئەوانەی کە هیچ کەسێکیان نیە وەکوو وەلی ئەمر سەرپەرشتیان بکات، وە دەست و غەنیمەکانی جیهادیش دابەش بکات بەسەر موجاهیدان و خەڵکدا بەدادپەروەری.

## مەرجەکانی بوون بەخەلیفەو ئیمامی موسڵمانان

**ثم ينبغي أن يكون الإمام ظاهراً، لا مختفياً ولا منتظراً، ويكون من قريش ولا يجوز من غيرهم، ولا يختص ببني هاشم. ولا يشترط أن يكون معصوماً، ولا أن يكون أفضل أهل زمانه، ويشترط أن يكون من أهل الولاية المطلقة الكاملة، سائساً قادراً على تنفيذ الأحكام وحفظ حدود دار الإسلام وإنصاف المظلوم من الظالم.**

١ـ پاشان پێویستە ئیمام دیارو حازر بێ، تاوەکوو کارەکان بگەڕێندرێتەوە لای ئەو، ئەویش هەڵسێ بۆ جێ بەجێ کردنی بەرژەوەندیەکانی خەڵك تاوەکوو مەبەست لە دانانی ئیمامەتی بەدەست بێ کە بۆ چ مەبەستێك دائەنرێ.

٢ـ وە نابێ بزرو شارەوە بێ لەبەر چاوی خەڵکی ئەمەش لەترسی خەڵك و ستەم لێ کردنی و بەسەردا زاڵبوونی.

٤ـ وە ناشبێ ئەو ئیمامە چاوەڕوان کراویش بێ تا ئەو کاتەی کە گونجاوە بۆ دەرکەوتن، وە شەڕو فەسادیش نەمابێ، چونکە شیعەی ئیمامی پێیان وایە ئیمامی حەق دوای پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم تەنیا ئەمانە هەون: ئیمامی عەلی و کوڕەکەی حەسەن و براکەی حوسێن و ئینجا عەلی زین العابدین و کوڕەکەی محمد باقرو کوڕەکەی جەعفەری کوڕەکەی موسا کازم و کوڕەکەی عەلی ڕەزاو کوڕەکەی محمدی کوڕی عەلی و کوڕەکەی عەلی و کوڕەکەی حەسەنی عەسکەری و کوڕەکەی محمد قائم چاوەڕوانکراو

مەهدی، کە ئەمەی کۆتایی پێیان وایە بزر بووە لە ترسی دوژمنەکانی، وە ڕۆژێ دێ دەرئەکەوێ و دونیا پڕ لە دادپەروەری ئەکات، هەروەکوو چۆن لە پێشدا پڕ ببوو لە تاوان و ستەمکاری[٢٤٨]، وە پێیان وایە هیچ ڕێگریەك نیە لە تەمەنەکەی، وە عیساو خضر، وە تۆش ئەزانی خۆشاردنەوەی ئیمام نەبوونەکەی یەکسانە ئەمەش لەبەر بەدەست نەهێنانی مەبەستە داواکراوەکان بەهۆی هەبوونی وجودی ئیمامەوە...

٥ـ پێویستە ئیمام لە نەسەبی قوڕەیشی بێ و دروست نیە لە غەیری ئەوان بێ، وە تایبەت نیە بە بەنی هاشم و نەوەکانی عەلی ڕەزای خوایان لێ بێ، واتە: بەمەرجگیراوە کەوا خەلیفەو سەرکردە ئەبێ لە نەژادی قوڕەیشی بێ، لەبەر وتەی سەروەرمان (الأئمة من قريش) پێشەواو ئیمام لە قوڕەیشە، ئەمەش ئەگەر چی هەواڵێکی ئاحادە بەڵام ئەبو بەکر ڕیوایەتی کردووەو کردوویەتی بە بەڵگە بەسەر ئەنصارەکان، هیچ یەکێکیش لە هاوەڵان ئینکاری ئەو وتەی گەورەمان ئەبو بەکری نەکردووە، بۆیە بووەتە بەڵگەو هیچ کەسێك پێچەوانەی ئەوەی نەکردووە جگە لە خەواریج و موعتەزیلە نەبێ.

٦ـ وە بەمەرجنەگیراوە کەوا هاشمی بێ یان عەلەوی، لەبەر ئەو بەڵگەی خەلافەتی گەورەمان ئەبو بەکرو عومەرو عوسمان ڕەزای خوایان لێ بێ.

---

[٢٤٨] سوپاس بۆ خوا کتێبێکم لەسەر محمدی مەهدی نوسیوە.

٧ـ وه بەمەرنەگیراوه لە ئیمامەتیدا کەوا ئیمام مەعصوم و پارێزراو بێ لە گوناهو تاوان لەبەر ئەو بەڵگەی کە ڕابوورد لەسەر ئیمامەتی ئەبو بەکر ڕەزای خوای لێ بێ وێڕای نەبوونی عیصمەت و پارێزراویەکەی، (واتە: ئەوەی ئەبێتە سەرکردەو خەلیفەی موسڵمانان ئەوە بەمەرجنەگیراوە تاوانی لێ دەرنەچێ، چونکە جگە لە پێغەمبەران هیچ کەسێکی تر لە گوناه پارێزراو نیە، ئەمەش ڕەددی شیعەکانە کە بەمەرجیان داناوە ئەبێ مەعصوم بێ لە گوناهو تاوان).

٨ـ وه بە مەرج نەگیراوە کەوا گەورەترین و چاکترین خەڵکی زەمانی خۆی بێ، لەبەرئەوەی یەکسانی بوون لە پلەو پلەوپایەو تایبەتمەندیدا ئەکرێ کەسێکی گەورەتر لەو هەبێ و زانست و کردارەکەشی لەو کەمتر بێ، وە ڕەنگە ئەو زاناتر بێ بە بەرژەوەندیەکانی ئیمامەت و خراپیەکانی، وە توانادار تر بێ لەسەر ڕاپەڕاندنی ئەرك و واجباتەکان، بەتایبەتی ئەگەر دانانی ئەو کەسە ڕێگریتر بوو بۆ نەهێشتنی خراپەو دوورتر بوو لە هەڵگیرساندنی فیتنە، هەربۆیەش ئیمامی عومەر ڕەزای خوا لێ بێ هەڵبژاردنی ئیمامەتی کردە شوڕا لە نێوان شەش کەسدا، وێڕای ئەوەش هەندێکیان لە هەندێکیان گەورەتر بوون.

* جا ئەگەر گوترا چۆن دروستە ئیمامەتی بکرێتە شوڕا لە نێوان شەش کەسدا لەگەڵ ئەوەش دروست نیە دوو ئیمام لە یەك کاتدا هەبن؟

ئێمەش ئەڵێین: دروست نیە دوو ئیمامی سەربەخۆ دابنرێت لە یەك کاتدا (واتە: دوو سەرکردەو خەلیفە هەبێ لە یەککاتدا)، چونکە پێویستە

گوێڕایەڵی هەردووکیان بکرێ بە جیا، ئەمەش ناچاری جێ بەجێ کردنی ئەکامی دژ بەیەك ناکات، بەڵام لە شوڕادا هەموو بە پلەی یەك ئیمامدان.

**٩ـ** وە بەمەرج گیراوە کەوا کەسێکی ئەهلی ویلایەت بێ واتە: موسڵمان بێ و ئازاد بێ واتە: عەبد نەبێ، وە پیاو بێ و عاقڵ و بالغ بێ، چونکە خوای گەورە ڕێگای بۆ کافرەکان دانەناوە تاوەکوو قیادەو سەرکردایەتی ئیمانداران بکەن، وە سەبارەت بە عەبدیش ئەوە سەرقاڵە بەخزمەتی گەورەکەی، وە بە سوك سەیرکراویشە لە لایەن خەڵکیەوە، وە ئافرەتانیش لە ڕووی عەقڵ و دینەوە کەم و کورپیان هەیە، وە منداڵ و شێتیش پێیان ناکرێ مشورخۆری کاروباری خەڵکی بن و تەصەوڕڕوف بکەن لە بۆ بەرژەوەندیەکانی خەڵکی جەماوەر.

١٠ـ ئەبێ کەسێکی سەرکارو ڕامیار بێ بۆ تەصەڕڕوفکردنی کاروباری موسڵمانان ئەمەش بەهۆی هێزی بۆچوونەکانی و تێڕوانیەنەکانی، وە پشتگیریە بەهێزو شان و شەوکەتەکانی.

**١١ـ** تواناداربێ بەهۆی زانست و دادپەروەری و هەبوویی و جوامێریەکەی لە جێ بەجێ کردنی ئەحکامە شەڕعیەکان و پاراستنی سنوورەکانی ئیسلام

و سەرخستنی ستەملێکراوان و بە ئینصابوون لەگەڵیان بەرامبەر کەسانی زاڵم و ستەمکار، بۆیە پێویستە ئیمام دابنرێت[٢٤٩].

تێبینی: وەلی ئەمر واتە: کەسێك کاروباری خەڵکی دراوەتە دەست بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان، واتە: کاربەدەست، جا لە ڕووی زمانەوانیەوە سەرکردەکە موسڵمانێکی عەلمانی بێ یان موسڵمانێکی دیندار ئەوە پێی ئەگوترێ وەلی ئەمرو کاربەدەست پێمان خۆش بێ یاننا، ئینجا ئەو وەلی ئەمرایەتیەی ئەگەرێندرێتەوە بۆ ڕوانگەی شەرع کە ئایە ئەو وەلی ئەمرایەتیەی مەرجەکانی شەرعی تێدا هاتۆتەجێ یاننا یاخود دانی پێدا ئەنێ یاننا، ئەمە شەرع بڕیاری بۆ ئەدات.

---

[٢٤٩] ئەو بابەتەی لەسەر ئیمامەتی نوسیم وتەی ئیمامی تەفتازانیە، ئەویش وتەی خۆی نیە بەڵکوو ئەو مەرجانەیان لەسەلەف و لەخەلەف وەرگرتووە. بڕوانە: (مجموعة السنية)(ل٥٨٣ـ ٥٩٥).

## لانەبردنی ئیمام لە دەسەڵات بەهۆی گوناهو ستەمەوە

**ولا ينعزل الإمام بالفسق والجور.**

ئیمام یان وەلی ئەمر لانابردرێت لە دەسەڵات بەهۆی گوناهەوە کە لێی دەرچووە واتە: دەرچووە لە گوێڕایەڵی کردنی خوای گەورە، یاخود جەورو ستەمی لە بەندەکانی خوای گەورە کردووە. لەبەرئەوەی گوناهو تاوان دەرکەوتووەو ستەمیش بڵاوبووەتەوە لە پێشەواکان و سەرکردەکان و ئەمیرەکان لە دوای خەلیفەکانی ڕاشیدەنەوە، وە سەلەفی صاڵحیش ملکەچی ئەوانیان ئەکرد، وە جومعەو جەژنەکانیان بە ئیزنی ئەوان ئەکردن، وایان نەئەبینی دەربچن بۆی و لە دەسەڵات بیهێننە خوارەوە، چونکە عیصمەت و پارێزراوی مەرجێك نیە بۆ ئیمامەتی هەر لەسەرەتاوە، بۆیە مانەوە ئەولاترە.

وە لە ئیمامی شافیعیشەوە گێڕدراوەتەوە ڕەحمەتی خوای لێ بێ: ئیمام و سەرکردە لائەبردرێت بەهۆی گوناهو زوڵمەوە، وە بەهەمان شێوەش هەموو قازیەك و ئەمیرێکیش.

وە ئەصڵی بابەتەکەش ئەوەیە: کەسی فاسق ئەهلی ویلایەت نیە لای ئیمامی شافیعی ڕەحمەتی خوای لێ بێ، چونکە گوناه نەکردن و زوڵم نەکردن بۆ خودی خۆی ناڕوانێ ئیتر چۆن بۆ غەیری خۆی ئەڕوانێ.

وە لای ئیمامی ئەبو حەنیفەش: ئەو کەسە لە ئەهلی ویلایەتە، هەتا دروستیشە بۆ باوکێکی فاسق کچە بچووکەکەی بەشوو بدات.

وه ئەوەیشی لە کتێبەکانی شافیعیەکاندا هاتبێ ئەوەیە: کەوا قازی لا ئەبردرێت بەهۆی گوناهو تاوان بە پێچەوانەی ئیمامەوە.

وه لە ڕیوایەتی کتێبی (النوادر) کە فەتوای هەر سێ زاناکەن (ئەبو حەنیفەو محمدی کوڕی حەسەنی شەیبانی و قازی ئەبو یوسف) هاتووە: دروست نیە قازی فاسق قەزاوەت بکات، وە هەندێ لە شێخەکان گوتویانە: ئەگەر هەر لەسەرەتا بە فاسق سپێردرا صەحیح و دروستە، وە ئەگەر پێشی سپێردرا کە عەدلە ئەوە بەهۆی فیسقەکەیەوە لائەبردرێت، لەبەرئەوەی کەسی موقەللید پشتی بە عەدالەتەکەی بەستاو ڕازی نەبوو بە قەزاوەتەکەی بە غەیری ئەو عەدلە. وە لە کتێبی (فتاوى قاضيخان) هاتووە: کەوا یەکدەنگ بوون لەسەر ئەوەی کەوا ئەگەر قازی ڕەشوەی وەرگرت ئەوە قەزاوەتەکەی جێ بەجێ ناکرێ لەوەی کە تێیدا ڕەشوەی وەرگرتووە، وە لەبەرئەوەش ئەگەر بێت و قازی قەزاوەتی بە ڕەشوە کرد ئەوە نابێتە قازی، وە ئەگەر قەزاوەتیشی کرد ئەوە قەزاوەتەکەی جێ بەجێ ناکرێت.

ئیمامی کەستەلی ئەفەرمووێ: "یەکدەنگی سەلەف لەسەر ئەوەبووە کەوا ئیمامەتی کەسی فاسق و زالّم صەحیح و دروستە"[٢٥٠].

ئیمامی نەوەوی ئەفەرمووێ: "ڕکابەرایەتی و ناکۆکی لەگەڵ وەلی ئەمرەکان مەکەن دەرحەق بە وەلی ئەمرایەتیەکەیان، وە ڕووبەڕوویان مەبنەوە (واتە: لێیان دەرمەچۆن) هەتا ئەوکاتەی گوناهێکی لێکۆڵدراوتان

---

[٢٥٠] قسەکانی سەرەوە هی ئیمامی تەفتازانی بوو، ئەوەکەی تریش هی ئیمامی کەستەلی بوو بڕوانە: (المجموعة السنية)(ل٥٩٥).

لیَ بینی کە ئەتانزانی ئەو مونکەڕەی ئەو کردوویەتی یەکێکە لە قەواعیدو بنچینەکانی ئیسلام، جا ئەگەر ئەمەتان بینی ئێوەش ئینکاری لیَ بکەن و ڕەددی بدەنەوەو وتەی حەق بکەن لە هەرجێگایەك بوون، بەڵام سەبارەت بە دەرچوون لێیان و شەڕکردن لەگەڵیان حەڕامە بە یەکدەنگی موسڵمانان ئەگەرچی فاسق و زاڵمیش بوون، وە کۆمەڵێك لە فەرموودە هەیە کە مانای ئەوە ئەگەیەنیَ کە باسمان لێوە کرد، وە ئەهلی سوننەت یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کەوا سوڵتان لا نادرێت بەهۆی گوناهو تاوانەوە، وە ئەوەیشی کە باسکرا کە لە هەندیَ کتێبەکانی فیقهی هی هەندیَ لە هاوەڵانمان هاتووە کەوا ئەڵێن: لا ئەبردریَ و، لە موعتەزیلەکانیشەوە گێڕدراوەتەوە ئەوە هەڵەی ئەو بێژەرەیە کە گوتویەتی چونکە پێچەوانەی یەکدەنگیە، وە زاناکانیش فەرموویانە: هۆکاری لا نەبردنی و حەڕامێتی دەرچوون بۆ سەر سوڵتان بۆ ئەوە ئەگەڕێنەوە کە فیتنەو خوێن ڕشتن و فەسادی لیَ ئەکەوێتەوەو لەوەوە خراپی لابردنەکەی زۆرترە لەوەی کە لەسەریەتی، قازی عیازیش فەرموویەتی: زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کەوا ئیمامەت واتە: وەلی ئەمرایەتی دانامەزرێت بۆ کەسێکی کافر، وە ئەگەر بێت و کوفریش لە ئیمامێکەوە دەرچوو ئەوە لا ئەبردیَ، وە فەرمووی: بەهەمان شێوە ئەگەر بێت و نوێژەکانی تەرك بکات، وە ئەفەرمویَ: بەهەمان شێوە لای زۆرینەیان بە بیدعەش، وە هەر سەبارەت بە ئیمامی بیدعەچی فەرمووی: هەندیَ لە بەصریەکان گوتوویانە: ئیمامەتیەکەی دائەمەزریَ وە بەردەوامیش ئەکریَ بۆی، لەبەرئەوەی تەئویلی کردووە، وە قازی عیاز فەرمووی: ئەگەر بێت و کوفرو گۆڕانی شەریعەتی لێوە دەرچوو یاخود

بیدعەیەك (واتە: بیدعەیەك کە لە کوفرەوە نزیك بێ) ئەو کاتە دەرچووە لە حوکمی ویلایەت، وە گوێڕایەڵی کردنیشی نەماوەو کەوت، وە واجبیشە لەسەر موسڵمانان هەڵسن و لای بەن و ئیمامێکی عادل دا بنێن ئەگەر تواناyان هەبوو لەسەر ئەمە، وە ئەگەر ئەمە ڕووی نەدا ئیللا بۆ تاقمێك نەبێ واجبە لەسەریان کە کافر لاببەن، وە واجب نیە بۆ کەسێکی موبتەدیع ئیللا ئەگەر زانیان کە تواناyان هەیە لەسەری، وە ئەگەر بێ دەسەلاٌت بوون ئەوە واجب نیە لەسەریان، با موسڵمان کۆچ بکات لە خاکی خۆی بۆ شوێنێکی تر، وە ڕابکات بەدینەکەیەوە، وە فەرمووی: وە داشنامەزرێ بۆ کەسێك کە هەر لە سەرەتادا فاسق بێ، وە ئەگەر فیسق لە خەلیفەیەك دەرچوو هەندێکیان گوتویانە: واجبە لا بردرێت ئیللا ئەوکاتە نەبێ ئەگەر فیتنەو حەڕبی لێ پەیدا ئەبوو، وە جومهوری ئەهلی سوننە لە شەرعزانەکان و فەرموودەناسان و موتەکەللیمینەکان فەرموویانە: بەهۆی فیسق و زوڵم و پەکخستنی مافەکان لا نابردرێت، وە لا نابردرێت و دروستیش نیە بۆی دەربچن و خروجی بەسەردا بکەن بەهۆی ئەمانەوە، بەڵکوو واجبە ئامۆژگاری بکرێت و بترسێندرێت بەو فەرموودانەی کە لەو بارەوە هاتوون، وە قازی عیاز فەرمووی: ئەوەی ئەبو بەکری کوڕی موجاهید لەوبارەوە بانگەشەی بۆ کردووە گوایە یەکدەنگیە ئەوە هەندێکیان ڕەددی ئەوەیان داوەتەوە بە هەڵسانی حەسەن و کوڕی زوبەیرو ئەهلی مەدینە لەسەر بەنی ئومەییەکان و هەڵسانی کۆمەڵێکی مەزن لە تابیعیەکان و سەدەی یەکەم لەسەر حەججاج لەگەڵ کوڕی ئەشعەس، وە بێژەری ئەو وتەیەش تەئویلی کردووە کەوا ڕکابەرایەتی ئەو کارە ناکەین ئەوەی ئەهلە لە پێشەوا

عادلەکان، وە جومهوریش وەڵامیان داوەتەوە بەوەی هەڵسانی ئەوان لەسەر حەججاج بەتەنیا لەبەر فیسق نەبووە بەڵکوو شەرعی گۆڕیوەو کوفری دەرکەوتووە، وە قازی عیاز ئەفەرمووێ: گوتراوە ئەو خیلافە یەکەمجار بوو پاشان یەکدەنگی بەدەستهات لەوەی کە ڕێگری دەرچوون کراوە بەسەریاندا والله أعلم"[٢٥١].

* خولاصەی حوکم: ئیمامی نەوەوی لە سەرەتا فەرمووی: (ڕکابەرایەتی و ناکۆکی لەگەڵ وەلی ئەمرەکان مەکەن دەرحەق بە وەلی ئەمرایەتیەکەیان، وە ڕووبەڕوویان مەبنەوە (واتە: لێیان دەرمەچن) هەتا ئەوکاتەی گوناهێکی لێکۆڵدراوتان لێ بینی کە ئەتانزانی ئەو مونکەرەی ئەو کردوویەتی یەکێکە لە قەواعیدو بنچینەکانی ئیسلام جا ئەگەر ئەمەتان بینی ئێوەش ئینکاری لێ بکەن و ڕەددی بدەنەوەو وتەی حەق بڵێن لە هەرجێگایەك بوون، بەڵام سەبارەت بە دەرچوون لێیان و شەڕکردن لەگەڵیان حەرامە بە یەکدەنگی موسڵمانان ئەگەرچی فاسق و زاڵمیش بوون).

وە ئێمە لە پێشتریشدا ئەوەمان گوت کەوا سەرکردەکانی وڵاتانی ئیسلامی حوکمی موسڵمانێتیان بەسەردا ئەدەین حەرامە تەکفیر بکرێن بەبێ ئەوەی کوفریان لێوە بینرابێ، وە ئەگەر زاڵم و فاسقیش بوون دەبێ ئامۆژگاری بکرێن، چونکە گەورەترین تێکۆشان ئەوەیە وتەیەکی حەق بکرێت لای سوڵتانێکی زاڵم و تاوانبار، وە هەرکەسێکیش بڵێت: ئەگەر بەسوڵتانت گوت ئەو کارەت خراپەو ئەوە مەکەو ئەوە بکە ئەوە بیدعەیە ئەوە زۆر

---

[٢٥١] (شرح النووی علی المسلم)(ب١٢/ل٢٢٩).

جاهیل و نەزانە بەشەرعی خوا بەڵکوو هەر قسەکەی خۆی بیدعەیەو پێچەوانەی هەموو تاریخی ئیسلامە، وە ئەوەش بزانن گوێڕایەڵی هیچ کەسێك ناکرێ بۆ کردنی کاری خراپە، بەڵکوو گوێڕایەڵی لە کاری چاك و پاکدایە، ئەگەر سوڵتان فەرمانی بە خراپە کرد ئەوکاتە خەڵك ناچار نین گوێڕایەڵی بکەن، بەڵکوو واجبە ئامۆژگاری بکرێت، واللە اعلم.

## نوێژکردن لە دواوەی هەموو کەسێکی چاك و خراپ

**وتجوز الصلاة خلف كل بر وفاجر، ونصلي على كل بر وفاجر إذا مات على الإيمان.**

وە دروستە نوێژ لە دواوەی هەموو کەسێکی چاك و خراپ بکرێت، وە نوێژیش لەسەر هەموو کەسێکی چاك و خراپ ئەکەین ئەگەر بێت و لەسەر ئیمان مردبێ.

چونکە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ئەفەرمووێ: (صلوا خلف كل بر وفاجر) واتە: نوێژ بکەن لە دوای هەموو کەسێکی چاك و خراپ، وە لەبەر ئەوەش زاناکانی ئوممەت نوێژیان لە دوای هەواخوازەکان و ئەهلی بیدعە ئەکرد، بەبێ ئەوەی ئینکاری ئەوەیان کردبێ، وە ئەوەیشی کە لە هەندێ لە سەلەفەوە نەقلکراوە لەوەی کەوا ڕێگری لە نوێژکردن کراوە لەدواوەی بیدعەچیەکەوە ئەوە بارکراوەتە سەر پێ ناخۆش بوون، چونکە هیچ وتەیەك نیە لە پێ ناخۆش بوونی نوێژ لە دواوەی فاسق و بیدعەچی، ئەمەش ئەگەر بێت و فیسق و بیدعەکەی نەگەیشتبێتە حەددی کوفر، ئەمما ئەگەر گەیشتبووە حەددی کوفر ئەمەش وتەیەك نیە لەوەی کەوا دروست نیە نوێژ". واتە: ئەگەر بیدعەکەی کوفر بوو ئەوە نوێژ کردن لەدواوەیەوە دروست نیە.

وێڕای ئەوەی کە موعتەزیلەکان فاسقیان بە ئیماندار دانەناوە کەچی نوێژکردن لە دوایەوە بە دروستیان داناوە، چونکە لای ئەوان مەرجی

ئیمامەتی نەبوونی کوفرە، نەك وجودی ئیمان بەمانای بەڕاستزانین و دانپێدانان و کردەوەکان بەگشتی.

وە سەبارەت بە نوێژکردنەکەش لەسەر مردوو ئەوە سەروەرمان ئەفەرمووێ: (**لا تدعوا الصلاة على من مات من أهل القبلة**) واتە: واز لەنوێژکردن مەهێنن کاتێ کە یەکێ لە ئەهلی قیبلە ئەمرێ واتە: نوێژی لەسەر بکەن[٢٥٢].

[٢٥٢] ئەم وتانەشم لە ئیمامی تەفتازانیەوە نەقڵ کرد بڕوانە: (المجموعة السنية)(ل٥٩٨).

# ڕێزگرتنی هاوەڵان

**ونكف عن ذكر الصحابة إلا بخير.**

وە بێگومان لە باسکردنی هاوەڵانیش جگە بە چاکە نەبێ هیچی تر ناڵێین و خۆمان ئەگرینەوە لە هەر وتەیەك کە بێ ڕێزی هاوەڵانی تێدا بێ، چونکە لە چەندەها فەرموودە باسی گەورایەتی و جوێن پێنەدانی ئەوان دووپات کراوەتەوە یەکێ لەوانە: (**لا تسبوا أصحابي فلو أن أحدكم أنفق مثل أحد ذهبا ما بلغ مد أحدهم ولا نصيفه**)، واتە: جوێن بە هاوەڵانم مەدەن ئەگەر بێت و ئێوە بە ئەندازە کێوی ئوحد زێر ببەخشن ناگاتە مشتێکی ئەوان یاخود نیوەی ئەو مشتەش. وە هەروەها (**الله الله في أصحابي، لا تتخذوهم غرضا من بعدي، فمن أحبهم فبحبي أحبهم، ومن أبغضهم فببغضي أبغضهم، ومن آذاهم فقد آذاني، ومن آذاني فقد أذي الله تعالى، ومن أذى الله فيوشك أن يأخذه**)، واتە: ئاگادارین خواتان ئەکەمە شاهێد لەسەر هاوەڵانم، لە دوای منەوە غەرەزو حیقدیان لێ مەگرن، چونکە هەرکەسێ ئەوانی خۆش بووێ ئەوە بەهۆی خۆشویستنی منەوە ئەوانی خۆشویستووە، وە هەرکەسێکیش ڕقی لێیان بێتەوە ئەوە بەهۆی ڕق لێبوونەوە لە من ڕقی لەوان ئەبێتەوە، وە هەر کەسێك ئەزیەتیان بدات ئەوە ئەزیەتی منی داوە ، وە هەرکەسێکیش ئەزیەتی من بدات ئەوە ئەزیەتی خوای گەورەی داوە، وە هەر کەسێکیش ئەزیەتی خوا بدات ئەوە نزیکە بیگرێ و لەناوی ببات.

وه هەروەها ئەفەرمووێ: (**أكرموا أصحابي فإنهم خياركم**)، واتە: ڕێز لە هاوەڵانم بگرن چونکە ئەوان چاکترینی ئێوەن.

وه جگە لە چاکەش نەبێ باسیان ناکەین، وە ئەو شەڕانەش کە لە نێوانیان ڕوویداوە لە جەمەل و صفین ئەوە بەهۆی فیتنەگێڕی مونافیق و خەوارجیەکان و بوو ئەگینا هەموویان نیەتی کوشتاری یەکتریان نەبووە، وە کەمترین حوکم کە لەبارەیانەوە بگوترێ ئەکرێ بەهۆی هەڵەی ئیجتیهادیان یاخود تەئویلاتیانەوە بووبێ هەروەك تەفتازانی وای فەرمووە، بۆیە دروست نیە لە عنەت لە هیچ یەکێکیان بکرێت، ئیمامی تەفتازانی ئەفەرمووێ: "لە زاناو موجتەهیدان و پیاو چاکانی سەلەفەوە نەقڵ نەکراوە کەوا لەعنەتکردن لە موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان و پشتیوانانی بە جائیزیان زانیبێ، لەبەرئەوەی مەبەستی کارەکەیان یاخی بوون و دەرچوون بووە بەسەر ئیمامدا، ئەمەش لەعنەت واجب ناکات"[٢٥٣].

پێم وایە دەقی کۆتایی وتەکەی ئیمامی پایەبەرزمان تەفتازانی صەواب نیە کە دەڵێ: (لەبەرئەوەی مەبەستی کارەکەیان یاخی بوون و دەرچوون بووە بەسەر ئیمامدا) واتە دەرچوون بووە بەسەر ئیمامی عەلیدا، چونکە زۆر لە مێژوو نوسان ئەوەیان تەئکید کردووەتەوە کەوا دەرچوونی حەزرەتی موعاویە لەبەر پایەو دەسەڵات نەبووە، بەڵکوو هەم ئەو لەگەڵ حەزرەتی عائیشەو تەڵحەو زوبەیر داوای خوێنی حەزرەتی عوسمانیان ئەکرد، ئیمامی عەلیش ئەیفەرموو: ئێوە جارێ بەیعەت بدەن ئینجا دواتر تۆڵەی ئیمامی

---

[٢٥٣] (المجموعة السنية شرح عقائد النسفية)(ل٦٠١).

عوسمان ئەکەینەوە، چونکە یەك کەس و دووکەس نەبوو زۆر بوون وە هەمووشیان لەناو سوپاکەی ئیمامی عەلی بوون، بۆیە نەئەکرا وا بەئاسانی حەددی شەرعی لەو کەسانە وەربگرێتەوە، ئەمانیش گوتیان: ئێمە هەتا بکوژانی ئیمامی عوسمان نەکوژینەوە بەیعەت نادەین، ئیتر کار گەیشتە ئەوەی سوپای موعاویەو عائیشەو تەڵحەو زوبەیر گەیشتنە عێراق، لەبەردەم یەك وەستان بەبێ ئەوەی ببێتە شەڕ، کاتێ کەشەو داهات خەواریج و مونافیقەکان فێڵێکیان دانا بۆئەوەی هەردوو لا یەکتر بکوژن، هەندێ کەسیان نارد بۆ سەر سوپاکەی ئیمامی عەلی، وە هەندێکی تریشیان نارد بۆ سەر سوپاکەی حەزرەتی موعاویەو عائیشە، ئیتر هەردوولا وایان زانی کە هەردوولا هێرشیان کراوەتە سەر لە لایەن یەکتریەوە، لەوەوە موسڵمانێکی زۆر شەهید کرا، هەتا خەواریجەکان گوتیان عائیشە غەنیمەتەو بووەتە جاریە چونکە لەشەڕدا دەستمان کەوتووە، ئەوەبوو ئیمامی عەلی زۆر تووڕە بوو بەو قسەیەو ڕەددی دانەوەو حەزرەتی عائیشەی ناردەوە مەدینە.

ئیتر کێ لەوانە لەسەر حەقە یاخود کامەیان صەوابتربوونە لەو ئیجتیهادە ئەوە ئەمێنێتەوە بۆ ڕۆژی دوایی، چونکە هەر قسەکردنێك بەرد هاوێشتنە بۆ غەیب، ئەوەی لەسەر ئێمەیە بێ دەنگبوونە، چونکە ئەمە خوێنێك بوو خوای گەورە دەستی ئێمەی لێ پاراست دەبا دەمی خۆشمانی لێ بپارێزین.

ئەمما سەبارەت بە یەزیدی کوڕی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان ڕاجیایی هەیە لەسەر لەعنەت لێ کردنی، پوختەی وتە ئەوەیە کەوا دروست نیە لەعنەت لەوو لە حەجاجیش بکرێ چونکە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه

وسلم قەدەغەی کردووە لەعنەت لە ئەهلی قیبلە بکرێ، وە هەندێکیش لەعنەتیان لێ کردووە لەبەرئەوەی فەرمانی بەکوشتنی حوسێن کردووە ڕەزای خوای لێ بێ، وە ئیمامی تەفتازانی ئەوەشی گوتووە کەوا هاوڕان لەسەر دروستیەتی لەعنەت لێ کردنی ئەوەی کوشتی و فەرمانی کوشتنیشی پێ کردو بە دروستی زانی یاخود ڕازی بوو پێیەوە، جا ئەڵێ ڕازی بوونی یەزید بەکوشتنی حوسێن ڕەزای خوای لێ بێ، وە موژدەدانی دڵخۆشبوونەکەی بەوە، وە ئیهانەکردنی ئال و بەیتی پێغەمبەر صلی الله علیه وآله وسلم هەواڵەکان تەواتورن ئەگەرچی تەفاصیلەکەشی ئاحادە، ئێمە ناوەستین لە سەر ئەوکارەی کەکردی بەڵکوو لەسەر ئیمانەکەی، لەعنەتی خوا لەسەر خۆیی و یارمەتیدەران و پشتیوانکەرەکانی بێ"[٢٥٤].

من لەگەڵ ئەو ڕایەی ئیمامی تەفتازانی نیم، وە پێشم جائیز نیە لەعنەت لە هیچ موسڵمانێك بکرێت، ئەگەر وابێ ئەبێ لەعنەت لە بکوژی ئیمامی عەلی و ئیمامی عوسمانیش بکرێت کە هەردووکیان لە گەورەمان حوسێن گەورەتر بوونە، وە ئەو ئامۆژگاریەی سەروەرمان کافیە کە ئەفەرمووێ: (ئینسانی ئیماندار تانە لێدەرو نەفرینکەرو خراپەکارو دەم پیس نیە). وە هەتا سەر ئێسقانیش لە دژی ئەو کارە قێزەونەی یەزیدم، چونکە بەزوڵم و ستەم ئەو سەیدو سەردارەی ئێمەی شەهید کرد هەرچی پێم دراوە فیدای ئیمامی حوسێن و ئال و بەیتی غەدر لێکراوی سەروەرمان بێ.

---

[٢٥٤] (المجموعة السنية)(ل٦٠٢).

## ده كەسە موژدە پێدراوەکە.

**ونشهد للعشر المبشرة الذين بشرهم النبي عليه الصلاة والسلام.**

وە شایەتیش ئەدەین بۆ ئەو دەکەسە موژدە پێدراوە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم، موژدەی پێداون کە ئەمانەن: (ئەبو بەکرو، عومەرو، عوسمان و، عەلی و، تەڵحەو، زوبەیرو، عبد الرحمانی کوڕی عەوف و، سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص و، سەعیدی کوڕی یەزیدو، ئەبو عوبەیدەی کوڕی حەڕڕاح). وە هەروەها موژدەی بەهەشتی بە فاطمەو حەسەن و حوسێنیش داوە، هەروەکوو لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە: (فاطمە گەورەی ئافرەتانی بەهەشتە). وە(حەسەن و حوسێن گەورەی گەنجانی بەهەشتن).

وە بڕواشمان وایە شایەتی بە بەهەشت و بە دۆزەخ بۆ هیچ کەسێك نادەین، بەڵکوو شایەتی ئەدەین بەوەی کە ئیمانداران لە بەهەشتیەکانن، وە کافرەکانیش لە دۆزەخیەکانن.

## مەسحكردنی خوف

**ونرى المسح على الخفين في السفر والحضر،**

ئیمامی نەسەفی چەند بابەتێكی فیقهی لێرە هێناوە كە ئەو بابەتانە ئەهلی سوننەو جەماعەی پێ جیا ئەكرێتەوە لە ئەهلی بیدعە، هەر بۆیەش لە كتێبی عەقیدە باسی لێوە كرد.

وە پێمانوایە كەوا مەسحكردنی خوف لە كاتی سەفەرو ئامادەیی شوێنی نیشتەجێ بووندا دروستە، چونكە لای شیعەی ڕافیزی مەسحكردن لەسەر خوفیان پێ دروست نیە، بۆیە ئیمامی تەفتازانی ئەفەرمووێ: "هەر كەسێ مەسحكردن لەسەر خوففی پێ دروست نەبێ ئەوە لە ئەهلی بیدعەیە، وە چەندەها بەڵگەشی لەسەر جائیزێتی لەسەرە.

خوف چیە؟

خوف: جووتە گۆرەویەكە لە پیستە، یان شتێكی تر دروستكراوەو، ئاوی تێناچێ، جا لە كاتی دەستنوێژ هەڵگرتندا دروستە مەسح بكرێت واتە دەستێكی تەڕ بەسەر خوففەكەدا ئەهێنی لە جیاتی شۆردنی پێت.

جا كەسێ لە سەفەردا بوو بۆی هەیە سێ شەوی تەواوو سێ ڕۆژی تەواو مەسح لەسەر خوففەكەی بكات، وە ئەوكەسەش كە لەماڵەوەیە بۆی هەیە شەو و ڕۆژێكی تەواو مەسح لەسەر خوففەكەی بكات[٢٥٥].

---

[٢٥٥] بڕوانە: (ڕۆژی پڕشنگدار مەتنی فتح القريب هی ئیمامی هەرتەلی)(ل٢٦).

## خۆشاوی نێو گۆزه.

**ولا نحرم نبيذ الجرة.**

وه خۆشاوی نێو گۆزه بەحەڕام نازانین، دکتۆر عبد الملك سەعدی ئەفەرمووێ: "موسڵمانان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کەوا هەموو سەرخۆش کەرێك حەڕامە، ئەمما ئەو جۆرە خۆشاوە کە ئاوێکە خورمای تێدا دەخوسێندرێت (واتە: ئاو و خورما لە ناو گۆزە یاخود دەفرێك دەکرێ) هەتا تامی خۆش ئەبێ وە کاریگەری لەسەر دروست ئەبێ بەهۆی خورماکەوە، جا ئەگەر توندو خەستکرا وە گەرمکرا یاخود خورایەوە بۆ گاڵتەو گەپ یاخود بۆ بەزم و کەیف خۆشی ئەوە حەڕامە بە یەکدەنگی.

ئەمەش ئەندازەی بۆ دائەنرێ بە تێپەڕبوونی سێ ڕۆژان بەسەریدا، جا ئەگەر خەستتر نەبوو یاخود توندتر نەبوو ئەوە حەنبەلیەکان و ئەبو حەنیفەو ئەبو یوسف و مالیك بە جائیزیان داناوە، وە ئیمامی شافیعی و محمد حەڕامیان کردووە.

جا ئەوانەی کە بە حەلاڵیان زانیوە بەڵگەیان بەو فەرموودەی ئیبن و عەباس هێناوەتەوە کە ئەیفەرموو: (**كان النبي صلى الله عليه وسلم ينبذ له الزبيب فيشربه اليوم والغد الى مساء الثالثة، ثم يأمر به فيسقي الخدم أو يهراق**). واتە: پێغەمبەری خوا صلى الله خۆشاوی مێوژیان بۆ دروست ئەکرد، ئەویش لە ڕۆژەکەو بەیانیەکەی ئەیخواردەوە هەتا ئێوارەی ڕۆژی سێیەم، دواتر فەرمانی ئەکرد کەوا خزمەتکارەکان بیخۆنەوە یاخود

بڕژێندرێت. وە غەیری ئەوەش لە ڕیوایەتەکان کە بەڵگەن لەسەرئەوەی پێغەمبەری خوا صلی اللہ علیه وسلم (**كان يشرب نقيع التمر**) لە خۆشاوی خورمای ئەخواردەوە کە بۆیان دروست ئەکرد.

ئەوانەی کە بە حەڕامی ئەزانن:

ئەمانەش قیاسیان لەسەر عارەق و مەشڕوب کردووە لەبەرئەوەی پێی گوتراوە خەمرٍ بە مەجازی واتە: هەر ناوەکەی بەو جۆرە هاتووە شەڕاب و عارەق نەك عارەق بێ، چونکە عارەق بەوە ئەگوترێ لەوەی کە لە ترێ دروست ئەکرێ بە تەنیا، هەربۆیەش مادەم بەو خۆشاوە گوترا خەمرو عارەق ئەوە حوکمەکەی وەرگرتووە، وە لەبەر قەدەغەکردنی پێغەمبەریش صلی اللہ علیه وسلم لەوەی خۆشاو لە نێو گۆزەدا بگوشرێت و بخوسێندرێت: (**كان النبي صلى الله عليه وسلم نهى عن الجرار ينتبذ فيه**). پێغەمبەری خوا صلی اللہ علیه وسلم قەدەغەی دروستکردنی خۆشاوی نێو گۆزە کردووە.

وەڵامی ئەوەش دراوەتەوە:

یەکەم: بە فەرموودەکانی پێشووتر.

دووەم: هۆکارو عیللەت لە حەڕامکردنی عارەقی حەقیقی ئەوە سەرخۆش بوونە، جا مادەم غەیری ئەو لە خوراوەکان مرۆڤ سەرخۆش ناکەن ئەوە حەڕام ناکرێت ئەگەرچی ناوی عارەق و شەڕابیشی بە مەجازی پێ بگوترێ.

وه ئەمما فەرموودەی قەدەغەکردنی خۆشاوەکەی ناو گۆزەکە ئەوە بارکراوەتە سەر ئەوەی ئەگەر بێت و بەجێ بهێڵدرێت هەتاوەکوو ئەبێتە سەرخۆشکەر، پاشان پێچەوانەی کردەوەی پێغەمبەرە صلی اللە علیە وسلم"[٢٥٦].

ئیمامی تەفتازانی ئەفەرمووێ: "خورما یان ترێ خۆشاو بکرێ لە نێو ئاودا، جا لە نێو دەفرێکی وەکوو خەزەف دابنرێت واتە گۆزە یاخود غەیری ئەویش، جا گەرمیەك تێیدا ڕوو ئەدات و بڵقی لێ پەیدا ئەبێ وەکوو دەنگ، وەك بڵێی لەسەرەتای ئیسلامەتیدا بۆیە قەدەغەکرا کاتێ گۆزەکان دەفرو قاپی عارەقەکان بوو، پاشان نەسخ بۆوە، جا حەڕام نەکردنی یەکێکە لە بنچینەکانی ئەهلی سوننە، بە پێچەوانەی شیعەی ڕافیزی، ئەمەش بە پێچەوانەی ئەوەی ئەگەر توندو خەست ببێ و ببێتە سەرخۆشکەر، لەبەرئەوەی زۆرێك لە ئەهلی سوننە وای بۆچوونە کە حەڕامە جا کەمێکی بێ یا زۆر بێ.

خولاصەی کەلام:

١ـ نابێ دوو جنس تێکەڵ بەیەك بکرێ بۆ نموونە: خورماو ترێ یاخود شتێکی تری لەگەڵ تێکەڵ بکرێ. واتە: یان مێوژو ئاو یانیش خورماو ئاو.

---

[٢٥٦] (شرح العقائد النسفیة للدکتور عبد الملك السعدي)(ل٢٢٧)

**٢ـ** له كاتی كولاَن نابیَ بلَق بكات، هیَنده ناكولیَندریَ، چونكه بلَقی پەیدا بكات ئەچیَتە بابی سەرخۆشكەر، وه نابیَ خەست و توندیش بیَ، چونكه خەست و توندبیَ ئەچیَتە بابی سەرخۆشكەر.

**٣ـ** سیَ ڕۆژ زیاتر بخایەنیَ ئەبیَتە سەرخۆشكەر، هەتا سیَ ڕۆژان بۆت هەیە بیخۆی، دوای ئەوه بیخۆی ئەبیَتە عارەق و حوكمی عارەقت لەسەر جیَ بەجیَ دەبیَ كە جەلَدە.

## پلەی ئەولیاو پەیامبەران

**ولا يبلغ الولي درجة الأنبياء،**

بێگومان وەلی خوا هەرگیز ناگاتە پلەی پێغەمبەرەکان هەروەك لە پێشتردا باسمان لێوە کرد.

عیبادەت لەسەر ئیماندار هەر ئەمێنێ

**ولا يصل العبد إلى حيث يسقط عنه الأمر والنهي.**

هەرگیز بەندە ناگاتە ئەوەی کەوا تەکلیفاتی شەرعی لەسەر نەمێنێ، بۆیە هەتا ڕوحی لە لاشە مابێ فەرمان و قەدەغەکراوانی شەرعی هەر لەگەڵی ئەمێنن، وە هەرگیز بەوەش لاناچێ هەڵسێتن زۆر عیبادەت بکات دواتر بڵێتن زۆر عیبادەتم کردووەو ئیتر پێویست ناکات، وە لەو ڕێگایەی خوایەدا شەیتان بەردەوام لە فێڵە تاوەکوو بەندەکانی خوا بەتایبەتی وەلیەکان لە خشتە ببات و دووچاری گومڕاییان بکات، وە چەندەها چیرۆکیش هەن کە شەیتان لێیان پەیدا بووەو پێیانی گوتووە کەوا من خودای تۆم ئیتر عیبادەتم لەسەرت هەڵگرت و چی تر عیبادەت مەکە، بۆیە ئەوەی زانا نەبێ لە ڕێگای خوای گەورە دووچاری گومڕایی ئەبێ، بۆیە ئامۆژگاریم بۆ ئەهلی تەصەوف و غەیری ئەوانیش لەم سەردەمە مەچوونە نێو کەلاوەکان و چیاکان و دەشت و دۆڵەکان چونکە شەیتانێکی زۆر بلاو بۆتەوە بەسەر زەویدا بەتایبەتی جنە ماسۆنیەکان کە پیسترین چینن لەسەر زەوی، ئەمانە هەوڵی تەواوی کۆنترۆڵکردنی خەڵکی ئەدەن، بە چەندەها شێوە کە

ئێره جێگای باسکردنیان نیه، بۆیه ئەگەر خەڵوەشت کرد هەوڵدە لە ماڵەکەی خۆت بیکەی، وە ئەممان وریابە نەکەی خۆت گومڕا بکەی بەو جۆره بەناو زیکرانە کە پێت ئەڵێن یان لە هەندێك کتێبدا ئەیخوێنیتەوە بەوەی (ئەوەندە جار ئەو سوورەتە بخوێنە یان ئەوەندە جار ئەو ئایەتە بخوێنەوە، کە تەواوت کرد لە فلانە مەوعید بانگی خادمی ئەو ئایەت و سوورەتانە بکە لە فلانە کەوکەب و لە فلانە شوێن، ئەمانە شیرکن بەدڵنیاییەوە، بۆیه گومڕا ئەبی، کەسێکم ئەناسی هەڵسا بوو بەناوی سوورەتی جنەوە ئەوەندە ژمارەی خوێندبوو بەماوەی سێ ڕۆژان وە هەرسێ ڕۆژەکەش بەڕۆژوو ببوو لە کۆتایی کە تەواوی کردبوو بانگی خادمی سوورەتی جنی کردبوو لەوەوە سەقفی ژوورەکەی نورێکی سپی لێ پەیدا بوو لە ترسان خۆی لە ژێر باتنیەکەی دانابوو، بە حیساب ئەو خادمە ناوی ئەبو یوسفە، لە دەرەنجام ئەو کوڕە خوا هیدایەتی دا بەڵام ئەمجارە بووە کەسێکی توندڕەو وای لێ هات دەیگوت سەدا سێزدەی خەڵکی کوردستان موسڵمانە، واتە هەمووی کافرە جگە لەوەندە نەبێ، جا ئێوە سەیرکەن لە فیعلی شەیتانیەوە بوو بەچی، ئەم جۆرە شتانە شیرکەو مرۆڤ پێی گومڕا ئەبێ.

بەندە شەوێکیان لە نێوان خەوو بێداریدا واتە: نە لە ناو خەو بووم، وە نە لە حاڵەتی بێداریدا بووم، سێ کەس هاتن یەکێکیان لەسەر شکڵی شێخێك بوو، یەکێك لەوانەی کە لەگەڵی بوو بەمنی گوت ئەبێ ئەوە بپەرستی منیش گوتم: ئەکرێ گوێڕایەڵی بکرێ بەس پەرستن نەخێر، ئەوەبوو لە ترسان چاوم کردەوە، وە دووبارە چاوم داخستەوەو وەنەوز گرتمی هەمان کەسەکان لەبەردەمم بوون بەس شوێنەکەیان گۆڕابوو، دووبارە هەمان قسەیان کرد،

منیش ئەمجارە بەرەو ئاسمان ڕامکرد چونکە شەیتان بە دوو کەسەکەی گوت بڕۆن بیگرن، لە ترسان چاوم کردەوە، ئەمجارە قورئانم لەسەر سینگم دانا نوستم بەخەوێکی ئاسایی، الحمد لله خوای گەورە منی پاراست لەو بەڵایە، بۆیە ئەبێ زۆر وریابن.

هاوەڵێکی خۆشەویستم بۆی گێڕامەوەو گوتی: "ڕۆژێکیان تەماشای ئاسمانم کرد سەرکە بزنێك خۆی بە دەرخست و بەوە ئیلهامی کرد کەوا من خودام، ئەمنیش دەستم بە ئایەت خوێندن کرد ئیتر نەماو ڕۆیشت".

هاوەڵێکی خۆشەویستی زۆر دیندارم هەیەو ئەهلی دڵەو کوڕێکی زۆر موبارەکەو ئیمام و خەتیبیشە، لەم دواییانە نامەیەکی بۆ ناردم گوتی مامۆستا ڕەزوان ئەم ماوەیە ئەحواڵم زۆر غەریبە، گوتم: چۆن؟ گوتی لەوەتەی هاتوومەتەوە ماڵەوە واتە مزگەوتەکەی خۆی ئەم دوعایە زۆر ئەکەم، کامە دوعا؟ فەرمووی: خوایە هەرچی ڕووحانیەتی پێغەمبەران و فریشتەکان هەیە لێرە ئامادەی بکەی واتە لە مزگەوتەکەی، ئەمەی بەنیەتێکی چاکەوە گوتووەو شەرعیشە، منیش گوتم ئەوجا چی ڕوویدا؟ گوتی: چاوم لەسەر یەکدانا واتە: ئاگاداری خۆم بووم و لە خەودا نەبووم، بەچاوی دڵی پیرەمێردێکی جل شڕ لە حەوشەی مزگەوت پەیدابوو، منیش چوومە لای و گوتم تۆ کێی؟ گوتی: من خدری زیندەم، منیش دەستم ماچ کرد، پیرەمێردەکەش پێی گوتم: تۆ لە دوارۆژ ئەبیتە زانایەکی بەرزو پیاوێکی چاك، ئینجا بەیەکەوە چووینە ناو میحرابی مزگەوت بۆئەوەی نوێژ بکەین بەیەکەوە، گوتی: من ئیمامەتیم بۆی کرد بەس سەیرم کرد دواوەم

هەموو مرۆڤ بوو بەس یەك شكڵ ئەویش شكڵی ئەو پیرەمێردە بوو، دیار بوو ئەو هاوەڵەم دڵی زۆر سەغڵەت بوو، منیش بە هاوەڵەكەم گوت: ئەگەر ئەمجارە هاتەوە قورئان بخوێنەو هەندێ ئایەت بخوێنە بزانە ئەڕوات یاننا، من و هاوەڵەكەم لەناو چات لە فەیسبوك بەیەكەوە قسەمان ئەكرد لەناكاو گوتی: پیرەمێردەكە هاتەوە، بەس پێم گوت دەچم دەستنوێژ هەڵدەگرم كە ئەوەم گوت شكڵی لەبەر چاوم غێم و ناڕوون بوو تا بزر بوو، گوتم: براكەم ئەوە خدری زیندە نیە ئەوە شەیتانی لەعینە، هاتووە لە خشتەت ببات، ئەو ئەحواڵە دینداریەی كە هەتە نەیهێڵێ و قوڕت بەسەربكات، كەوام پێ گوت، بێزی لەخۆی كردەوە دەستی كێی ماچ كردووە، بۆیە ئامۆژگاریەكی چاكم كردو قۆناغەكانی بڕینی ئەو مەقامانەشم پێ گوت كە چۆن خۆت دەپارێزی لە شتی وا، وە پێشم گوت: خوای گەورە تۆی تاقی كردەوە چونكە دوعایەك كرد پێویستی بەوە نە ئەكرد ئەم دوعایە بكەی، چونكە بەبێ ئەوەی تۆش ئەم دوعایە بكەی فریشتەكان بە شوێن مەجلیسی ئەهلی زیكردا ئەگەڕێن، بۆیە لێرەدا شەیتان ئەو دوعایەی تۆی بەهەلزانی تاوەكوو لە خشتەت ببات، بەڵام عینایەتی خوایی لەسەرووی هەموو شتێكە بۆ پاراستنی خۆشەویستانی خۆی، الحمدلله لەو وەزعە قورتاربووی، وە دڵێشی خۆشبوو.

ئیتر ڕووداو زۆرە ئەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ژیاننامەكان، بۆیە ئاگاداربن! مرۆڤ بەبێ مورشیدێكی خوایی ڕەببانی عارف باللە دووچاری زۆر شت ئەبێ، بۆیە ئامۆژگاریم بۆ خەڵكی ئەوەیە گەر خەڵوەتان كرد هەر لەماڵەكانی خۆتان یاخود لە مزگەوتەكان بیكەن، بە زیكرێكی شەرعی، ئەوەیشی گوتی خادمی ئایەت و سووڕەت بڵێ درۆمان بۆ مەكە، چونكە هیچ ئەسڵ و

ئەساسێکی نیە، ڕاستە جنی ئیماندار هەیەو یارمەتی موسڵمانانیش ئەدەن بەس ئەوان لە بوعدێکن ئێمە لە بوعدێکی تر، سیستەمی ئەوان جیایەو سیستەمی ئێمە جیایە، بۆیە هەر دەرکەوتنێکی ئەوان لەسەر شکڵی مرۆڤ یاخود ئاژەڵان ئەوە جێگای تێڕمانەو نابێ مرۆڤی ئیماندار خۆی تەسلیمی قسە باق و بریقەکانیان بکات، وە هەرگیز نابێ لێیان ئەمین بی چونکە بە بڕوای من هەموویان سیحر ئەزانن و لە سیستەمی ئەوان کاری پێ ئەکرێ، بۆیە بەهەموو شێوەیەك ئەتوانن سیحری تەخەیوولیت لێ بکەن لەبەرچاوی تۆ شێوەیان ئەگۆڕن بۆ هەرشتێ بیانەوێ جگە لە شێوەی پێغەمبەری خوا نەبێ صلی الله علیه وسلم، چونکە ڕێگەیان پێ نەدراوە بۆ ئەوکارە، وە هەمیش خۆشەویستمان خۆی فەرموویەتی کە شەیتان ناتوانێ خۆی بخاتە سەر شێوەی من، بۆیە تکا ئەکەم ئەمان وریای ئیمان و ئیسلامەتی خۆتان بن زانست زانست سەری هەموو شتێك زانست و تەقوایە[257].

[257] سوپاس بۆ خوا کتێبێکم داناوە لەسەر (گەشتێك بە نێو جیهانی دڵ و دەرووندا) لەوێ فێری زۆر شت دەبی و ئیلهامە خوایی و شەیتانیەکان دەناسی و لە خواوو خودو خەڵك دەگەی، کتێبێکی دەروونناسی مەزن و دەگمەنە.

## دەقە شەرعیەکان

**والنصوص على ظواهرها، فالعدول عنها إلى معانٍ يدعيها أهل الباطن إلحاد،**

بێگومان ئەو دەقانەی کە لە قورئان و سوننەتدا هاتووە بارئەکرێن بەسەر ڕووکەشەکەی، ئەوانەی کە ناکرێ لە زاهیرەکەی لابدەین چونکە بەڵگەی یەکلایی کراوەن، ئەمما ئەوانەی کە باسی جیهەت و جەستەو نزول ئەمانە ئەکات هەروەك لە پێشدا گوتمان دوو مەزهەبی لەسەرە، یەکێکیان بڕوامان بە ئایەتەکە هەیە، وە زیهنی خۆمان لە کەیفیەت و شوبهاندن بەمەخلوقات ئەپارێزین، بێ ئەوەی زیهنیش بۆ ئەوە بچێ دەست واتە وەکوو دەستی مرۆڤ یاخود دەستێك لە خۆی بوەشێتەوە، مەزهەبی دووەمیش تەئویلەو مانایەکی بۆ دائەنرێت کە شایەنی ڕەهایەتی خوای مەزن بێ، وە ئاگاداری ئەوە بن ئیمامی نەسەفی خۆیشی لە ئوصولڵدا ماتۆریدیەو تەئویل لای ئەوان وەکوو ئێمەی ئەشاعیرەیە، کە هەردوو قوتابخانەش ئەهلی سوننەو جەماعەتن. بۆیە لێرە ئەمەی هێنا چونکە گروپی باتنیەکان و شیعەکان لە زاهیری قورئان لایانداو تەفسیری باتنیان ئەکرد کە گشتی کوفریات و زەندەقایەتی بوو، جا لادان لە زاهیری ئەو دەقانە بۆ مانایانێك کە ئەهلی باتن بانگەشەی بۆ ئەکات ئەوە ئیلحادە، واتە: لێرە ئەصڵی گوفتارەکە ئاڕاستەی تەئویل نیە بەڵکوو ئەو چەند تاقمە گومڕایەیە کە لە مێژوو سەریان هەڵدا، هەروەکوو لەم سەردەمەش بەناو قورئانیە کافرەکان چۆن تەفسیری ئایەتە

موحکەماتەکان ئەکەن کە ئەڵێن: ڕۆژوو واجب نیەو سوننەتە، ئافرەتیش وەکوو پیاوە لە میرات، زۆرێکی تریش لە بابەتەکان.

با هەندێ تەئویل بهێنینەوە لەسەر ئایەتە موتەشابیهەکان کە حافیزی ئیبن و کەثیر تەفسیری کردووە لەسەر خەتتی ئەهلی سوننە.

١ـ ﴿وَلَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ وَنَعۡلَمُ مَا تُوَسۡوِسُ بِهِۦ نَفۡسُهُۥۖ وَنَحۡنُ أَقۡرَبُ إِلَيۡهِ مِنۡ حَبۡلِ ٱلۡوَرِيدِ ١٦﴾[٢٥٨]، واتە: ئێمە ئینسانمان دروستکردووەو خۆیشمان ئەزانین کە چ وەسوەسەیەك بەسەر دڵ و نەفسیدا دێ، وە فریشتەکانمان لە شا دەمار لەو نزیکترە، ئیبن و کەثیر بە فریشتەی تەفسیر کردووەو نەیگوتووە واتە ئێمە خۆمان لەو نزیکترین، کەچی زاهیری قورئان ئەڵێ: ئێمە لە شادەمار نزیکترین لەو ئینسانە، ئەگەر بەزاهیری ئایەتەکە بێ خودا لە ناو جەستەمانەو لە خۆشمان نزیکترە، ئەو تەفسیرەش یەکزانا نەیگووتووە بەڵکوو کوفرە، بۆیە بە ناچاری تەئویلی تاوەکوو لەو مەفهوومە دەربچێ جا ئەوانەی دەڵێن: ئەوەی لە قورئاندا هاتووە مەجازی تێدانیەو هەمووی حەقیقەتە، ئەمە جگە لەسەفسەتەیەك زیاتر هیچی تر نیە، باشە ئێوە ناڵێن: ئەوەی خوای گەورە وەصفی خۆی پێ کردووە ئێمەش وەصفی پێ دەکەین؟ ئەی باشە بۆ لێرە وەصفتان نەکردو تەئویلتان کرد ؟!

---

[٢٥٨] سورة ق: ١٦

٢ـ ﴿تَجۡرِي بِأَعۡيُنِنَا ١٤﴾[٢٥٩]، واته: کەشتیەکە بە چاودێری ئێمە بەسەر ئاودا ئەڕۆیشت. ئیبن و کەثیر ئەفەرمووێ: "کەشتیەکە ئەڕۆیشت بە فەرمانی ئێمەو چاودێری ئێمەو لە ژێر حیفزو پاراستنی ئێمە". واتە: ئەعیون، کە چاوەکانە بە زاهیر، بەوەی سەرەوە تەئویل و تەفسیری کردووە، چاوی بەوانە تەئویل کرد.

٣ـ ﴿فَإِذَا قَرَأۡنَٰهُ فَٱتَّبِعۡ قُرۡءَانَهُۥ ١٨﴾[٢٦٠]، بە زاهیری ئایەت واتە: کاتێ ئەو قورئانەمان خوێندەوە تۆیش ئەی محمد صلی الله علیه وسلم شوێنی خوێندەوەکە بکەوەو بیخوێنەوە، ئەمما نەك ئیبن و کەثیر بگرە هەموو موفەسسیرەکانیش بە جوبریلیان داناوە، وەك ئیبن و کەثیر ئەفەرمووێ: کاتێ فریشتە لە لایەن خواوە بەسەرتا قورئان ئەخوێنێتەوە تۆش گوێبیستی بەو وەکوو ئەو بیخوێنەوە. لێرە خوێندمانەوە کە (قرآنه) بە فریشتە لێکدراوەتەوە کە جوبریلە". هەموو ئوممەتی ئیسلام لەوە موتتەفیقن کە قورئان لە ڕێی جوبریلەوە ئەویش لەخوداوە هێناویەتی، واتە: پێغەمبەری خودا صلی الله علیه وسلم ڕاستەوخۆ ئەم قورئانەی لەخوداوە وەرنەگرتووە بەڵکوو لە ڕێی جوبریلەوە. هەر بۆیەش تەئویلکراو بە فریشتە تەفسیر کرا، جا ئەوانەی دەڵێن تەئویل نیەو هەمووی حەقیقیە ئەوە زۆر نەزانن.

---

[٢٥٩] سورة القمر: ١٤

[٢٦٠] سورة القيامة: ١٨

٤ـ ﴿يَدُ ٱللَّهِ فَوۡقَ أَيۡدِيهِمۡ ۝١٠﴾[٢٦١]، به زاهير واته: دەستی خودا لەسەرووی دەستی بەیعەت پێدەرەکانە، ئیبن و کەثیریش ئەفەرمووێ: "خوای گەورە ئامادەیە لەگەڵیان و گوێبیستی وتەکانیانەو شوێنیان ئەبینێ و ئەزانێ چی هەیە لە ویژدانەکانیان و ڕووکەشەکانیان". لێرەش تەئویلی کرد.

٥ـ ﴿وَلَهُۥ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ كُلٌّ لَّهُۥ قَٰنِتُونَ ۝٢٦﴾[٢٦٢]، ئەوانەی کە ئیسمی ئیشارەی مەنیان (من) لە ئایەتەکانی تری وەکوو سورەتی موڵك بۆ خودا ئەگەڕاندەوە واتە: ئەیانگوت خودا لە ئاسمانە، بزانە لێرەش ئیسمی ئیشارەی (مَنْ) هاتووە، ئیبن و کەثیر ئەفەرمووێ: "هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە واتە: موڵکەکەیی و بەندەکانی هەمووی هی خوای گەورەیە".

٦ـ ﴿أَمۡ أَمِنتُم مَّن فِي ٱلسَّمَآءِ أَن يُرۡسِلَ عَلَيۡكُمۡ حَاصِبٗاۖ ۝١٧﴾[٢٦٣]، واتە: ئایە ئێوە ئەمینن لەو خودایەی کە هێزو قودرەتی لە ئاسماندایە بەرد بەسەرتاندا ببارێنێ، ئیبن و کەثیر ئەفەرمووێ: "واتە: بایەك کە بەردی تێدابێ و بەرتان بکەوێ مۆرتان بکات".

٧ـ ﴿وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ يَدُ ٱللَّهِ مَغۡلُولَةٌۚ غُلَّتۡ أَيۡدِيهِمۡ وَلُعِنُواْ بِمَا قَالُواْۘ بَلۡ يَدَاهُ مَبۡسُوطَتَانِ يُنفِقُ كَيۡفَ يَشَآءُۚ ۝٦٤﴾[٢٦٤]، یەهودیەکان گوتیان: دەستەکانی خودا

---

[٢٦١] سورة الفتح: ١٠

[٢٦٢] سورة الروم: ٢٦

[٢٦٣] سورة الملك: ١٧

[٢٦٤] سورة المائدة: ٦٤

بەستراوەو زنجیر کراوەو ڕۆزی بەخەڵکی نادا، یاخوا دەستیان زنجیر بکرێ و زەلیل بن، لەعنەتی خودایان لێ بێ لەوەی کە گوتیان، نەخێر بەڵکوو دەستەکانی والآن و کراوەن، چۆنی بووێ ئاوا ئەیبەخشێ. خیتابی خودا بەپێی مەفهوومی عەقڵی بەشەریەتە بزانە یەهودیەکان خودایان بە جەستە کرد، موجەسسیمەی ئەو ئوممەتەش خودایان بە جەستە کرد، جا خودا هەر بەخیتابی خۆیان وەلآمی دانەوە نەك ئەوەی خودا دوو دەستی هەبێ چ لە خۆی بووەشێتەوە یان لە هی مەخلوقێکی بچێ ئەمانە گشتی پووچ و باتڵن، ئیبن و کەثیر تەئویلی کردووەو ئەفەرمووێ: "ئیبن و عەبباس زینجیرکراوەی بە ڕەزیلی تەفسیر کردووە، وە سەبارەت بە دەستە بلآوو کرانەوەکانیشی بەو جۆرە تەئویلی کردووە: بەڵکوو ئەو پێدەری فەزڵە و زۆریش ئەبەخشێ".

٨ـ ﴿كُلُّ شَيۡءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجۡهَهُۥۚ ﴿٨٨﴾﴾[٢٦٥]، بە زاهیری ئایەت واتە: هەموو شتێ لە ناو ئەچێ جگە لە ڕووی خودا نەبێ، ئیبن و کەثیر ئەفەرمووێ: "مەبەست لە وەجهـ واتە: زات". وە ئیمامی بوخاری ئەو ئایەتەی تەئویل کردیە لە صەحیحەکەی ئەگەر کەسێ موعەططیلە بێ ئەوە ئیبن وکەثیرو ئیمامی بوخاری لە پێش هەموو کەسێك شایانترن پێیان بگوترێ موعەططیلە بەڵام دوورە دوور ئەوان لە خەتتی فەهمی محمدی لایان نەداوە. ئەو ئایەتە کە خوای گەورە فەرمووی: هەموو شتێ لەناو ئەچێ ئیللا وەجهی ئەو نەبێ جا بوخاری ئەفەرمووێ: "ئیللا موڵکەکەی"، واتە: موڵك و

[٢٦٥] سورة القصص: ٨٨

دەسەڵاتی ئەو هەر باقیە، پاشان ئەفەرمووێ: "گوتراوە: ئیللا ئەوەی کە خوای گەورە مەبەستیەتی".

شێخمان ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێ: "ئیبن و بەتتاڵ فەرموویەتی: "ئەو ئایەتە دەلالەت لەوە ئەکات کەوا خوای گەورە وەجهی هەیە کە سیفەتی زاتیێتی، کە ئەندام و پەل نیە، وە هەروەها وەکوو ئەو وەجهانەش نیە کە ئێمە ئەیانبینین لە مەخلوقاتەکان، هەروەکوو ئەڵێین ئەو زانایە، بەڵام ناڵێین: ئەو وەکوو زاناکانە ئەوانەی کە ئەیانبینین، وە غەیری ئیبن و بەتتاڵیش فەرموویانە: ئایەتەکە دەلالەت لەسەر ئەوە ئەکات کەوا مەبەست بە وەرگێڕانەکەی زاتی پاکی پیرۆزیەتی، ئەگەر بێت و سیفەتێك بایە لە سیفاتی فیعلی ئەوە لەناوچوون ئەویشی ئەگرتەوە هەروەکوو چۆن غەیری خۆی گرتەوە[٢٦٦] ئەوەش مەحاڵە، وە ڕاغیبیش فەرموویەتی: "ئەصڵی وەجه ئەندامە هەروەك ئەوەی ناسراوە، جا کاتێ وەجه یەکەم پێشوازی لێکراو بێ کە بەڕێزترین ئەندامە لە ڕووکەشی جەستەدا بۆیە بەکارهێنراوە بۆ پاشەڕۆژی هەموو شتێك لە دەستپێك لە درەوشانەوەکەی"، وە گوتراویشە:

---

[٢٦٦] بەشی دووەمی ئەو وتەیە ڕوویەکی تێدایە کە ئیلزامی کەڕامی و موجەسسیمەکان و موشەببیهەکان ئەکات، کە ئەڵێن: "دەست و چاو قاچ سیفەتانێکی خەبەرین"، ئەگەر وابێ دەست و چاو و قاچ لەناو دەچن بەگوێرەی ئایەتەکە جگە لە ڕووی نەبێ ئەو ئەمێنێتەوە، ئەمەش باتڵ و پووچە، چونکە خودا جەستەو جسمانیەت نیە. ئەوەی کە لە ئایەتی (کل شيء هالك إلا وجهه) سەدا سەد ڕاستە کە ئەڵێ: وەجهی خودا واتە: خودی زاتی خوا، واتە: هەموو لەناو ئەچن تەنها زاتی خوا ئەمێنێتەوە.

﴿وَجۡهَ ٱلنَّهَارِ وَٱكۡفُرُوٓاْ ءَاخِرَهُۥ ٧٢﴾[٢٦٧]، واتە: بەڕۆژ ئیمان بهێنن و کۆتایی ڕۆژەکەش کە شەو دێ کوفری پێ بکەن. وە گوتراویشە: وجە کذا، واتە: ڕووکەشەکەی، وە لەوانەشە وجە بە زات گوترابێ، هەروەکوو وتەی ئەوانە کە ئەڵێن: کرم الله وجهە، واتە: خودای گەورە ڕێزی لێ بگرێ، وە هەروەها وتەی خوای گەورەش: کل شيء هالك الا وجهە، هەموو شتێ لەناو ئەچێ جگە لە زاتی ئەو نەبێ، وە گوتراویشە: لەفزی وەجە صیلەیە ماناکەی بەوجۆرە دەبێ، هەموو شتێ لەناو ئەچێ جگە لەو نەبێ بەهەمان شێوە وەجهی پەروەردگاریشت ئەمێنێتەوە. وە گوتراوە: مەبەست بە وەجە خواست و قەصدە، واتە: ئەمێنیتەوە ئەوەی کە ئەو مەبەستیەتی، منیش ئەڵێم واتە ئیبن و حەجەر ئەڵێ: ئەمەی کۆتایی نەقڵکراوە لە سوفیان و غەیری ئەویش، وە کرمانیش فەرموویەتی، گوتراوە: مەبەست بە وەجە لە ئایەت و فەرموودە ئەوە زاتە یان وجودە یاخود لەفزەکەی زیادەیە یاخود وەجهێکە نەك وەکوو ئەو وجوهانە لەبەر مەحاڵێتی بارکردنی بەسەر ئەندامی ناسراو (واتە: مەحاڵە فەهمی ئەو وەجهە بشوبهێندرێت بە ئەندامی مەخلوقات، یاخود بشگوترێ وەجهێك لە خۆی بووەشێتەوە ئەمانە گشتی باتڵن)، بۆیە تەئویل دیاری کراو تەئویل ئەکرێ یانیش تەفویز ئەکرێ واتە: ماناکەی هەر خودا ئەیزانێ، وە بەیهەقیش فەرموویەتی: باسکردنی وەجە لە قوڕئان و فەرموودەی صەحیحدا دووبارە بووەتەوە کە هەندێکیان سیفەتی زاتە وەکوو وتەی: (إلا رداء الکبریاء علی وجهە) کە لە صەحیحی بوخاری هاتووە لە ئەبو موساوە واتە: ئیللا پۆشاکی گەورەیی عەزەمەتی لەسەر زاتێتی، وە

---

[٢٦٧] سورة آل عمران: ٧٢

هەندێکیشیان بە مانا هاتووە لەبەر ئەو وتەیەی ﴿إِنَّمَا نُطۡعِمُكُمۡ لِوَجۡهِ ٱللَّهِ ۝٩﴾[٢٦٨]، واتە: ئێمە هەر لەبەر خاتری خودا خواردنتان ئەدەینێ. وە هەندێکیشیان بە مانای ڕەزامەندی دێ وەکوو وتەی ﴿يُرِيدُونَ وَجۡهَهُۥ ۝٢٨﴾[٢٦٩]، واتە: تەنها ڕەزامەندی خوای گەورەیان ئەوێ. ﴿إِلَّا ٱبۡتِغَآءَ وَجۡهِ رَبِّهِ ٱلۡأَعۡلَىٰ ۝٢٠﴾[٢٧٠]، واتە: مەبەستی ئەو کەسە لەو خێرو حەسانەتەی کە ئەیکات تەنها ڕەزامەندی خوای بەرزو بالای خۆی بێ. جا لەمانە مەبەست پێی ئەندام نیە بە قەتعی والله اعلم"[٢٧١].

٩ـ ﴿فَأَيۡنَمَا تُوَلُّواْ فَثَمَّ وَجۡهُ ٱللَّهِۚ ۝١١٥﴾[٢٧٢]، بە زاهیری ئایەت واتە: ڕوو لە هەر جێگایەك بکەن ڕووی خودا لەوێیە، ئەمما بزانە ئیبن و کەثیر چۆن وەکوو باقی زاناکانی تر تەفسیری کردووە: "عیکرِمە لە ئیبن و عەباسەوە ئەگێڕێتەوە کەوا فەرموویەتی: ڕووگەو قیبلەی خوای گەورەیە ئیتر ڕووت لە ڕۆژهەلات کرد یان ڕۆژئاوا. وە موجاهیدیش بە قیبلەی کەعبەی لێکداوەتەوە واتە: ڕوو لە هەر جێگایەك بکەن لەوێ ڕوو لە کەعبە ئەکەن". ئەمە صەحابەو

---

[٢٦٨] سورة الإنسان: ٩

[٢٦٩] سورة الكهف: ٢٨

[٢٧٠] سورة الليل: ٢٠

[٢٧١] (فتح الباري شرح صحيح البخاري)ب١٣/ل٣٨٨/ژ٧٤٠٦). وە گەڕانەوە بۆ وتەکەی بوخاریش بڕوانە: (صحيح البخاري)(تفسير سورةِ القصص) کە کەوتووەتە نێوان (ژ٤٧٧١_ ٤٧٧٢).

[٢٧٢] سورة البقرة: ١١٥

تابیعی بەو جۆرە تەفسیرو تەئویلیان کردووە ئیتر ئەوانەی ئینکاری تەئویل ئەکەن ئەبێ ئاگاداری ئەم دەقانەش نەبن؟!!

١٠ـ ﴿قُلْ إِنَّ ٱلْفَضْلَ بِيَدِ ٱللَّهِ يُؤْتِيهِ ﴿٧٣﴾﴾[٢٧٣]، ئیبن و کەثیر ئەفەرمووێ: هەموو کاروبارەکان لە ژێر تەصەڕڕوفی ئەو دایە، هەر خۆی ئەبەخشێ و ئەیگرێتەوەو نایبەخشێ..."

١١ـ ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ﴿٥٤﴾﴾[٢٧٤]. واتە: خوای پەروەردگاری ئێوە ئەو زاتە مەزنەیە کەوا ئاسمانەکان و زەوی لە نەبوونەوە هێناوەتە وجوود لە ماوەی شەش ڕۆژان یان شەش قۆناغان ئینجا ئیستیوای کردووە بەسەر عەرشدا. ئیبن کەثیر ئەفەرمووێ: "خەڵکی سەبارەت بە ئیستیوا چەندەها وتەی زۆر هەیە کە ناکرێ لێرەدا هەموویان بخەینە ڕوو، بەڵکوو لێرەدا ڕێگای مەزهەبی سەلەفی صالح ئەگرینەبەر کە مالیك و ئەوزاعی و سەوری و لیسی کوڕی سەعدو شافیعی و ئەحمەدو ئیسحاقی کوڕی ڕاهەوەی و غەیری ئەوانیش لە پێشەوای موسڵمانان لە قەدیم و نوێوە کەوا تێپئەڕین بەسەر ئەو جۆرە ئایەت و فەرموودانە هەروەکوو ئەوەی هاتووە بەبێ ئەوەی چۆنیەتی و پێکچواندن و پەکخستن و ئەوەیشی کە بە ڕووکەش بە زیهن و مێشکی موشەببیهەکاندا دێ ئەوە نەفی کراوە لە خوای گەورە چونکە هیچ شتێك لە بونەوەرانی لە خوا ناچێ، وە هیچ شتێك وەکوو خودا نیەو بیسەرو بینەریشە، بەڵکوو کارەکە

---

[٢٧٣] سورة آل عمران: ٧٣

[٢٧٤] سورة الأعراف: ٥٤

هەروەکوو ئەوەیە کە پێشەواکان گوتویانە: لەوانە: نوعەیمی کوڕی حەمادی خوزاعی شێخی بوخاری کە ئەڵێ: هەرکەسێ خودا بشوبهێنێ بە بوونەوەرانی کوفری کردووە، وە هەرکەسێکیش ئینکاری ئەوە بکات کە وەصفی خۆی پێ کردووە ئەوە کوفری کردووە، وە ئەوەیشی کە خوداو پێغەمبەرەکەی وەصفیان پێ کردووە پێکچوواندن نیە، بۆیە هەرکەسێك بۆ خوای گەورە جێگیر بکات لەوەی کە لە ئایاتە ڕوونەکان و فەرموودە صەحیحەکاندا هاتوو بە جۆرێ کە شایەنی خوای گەورە بێ، وە هەرچی کەم و کوڕیشە نەفی بکات لە خوای گەورە ئەوە ڕێگای هیدایەتی گرتووەتە بەر".

بێگومان ئەو مەزهەبەی کە ئیبن و کەثیر لەو مەقامە هێنای ئەوە مەزهەبی تەفویزە کە زۆرینەی سەلەف لەسەری بوونە، ئەو تەفویزەش ئەوە نیە بگوترێ: دەستی هەیە بەڵام دەستێك لە خۆی بووەشێتەوە یاخود قاچی هەیە بەس قاچێك لە خۆی بووەشێتەوە یاخود دادەبەزێتە ناو ئاسمان بە دابەزینێك لە خۆی بووەشێتەوە، وە باقی ئایەت و فەرموودەکانی تریش، بەڵکوو ئیمانیان پێیە نەك وەکوو ئەوەی ئەندامێك بێ چونکە گوتی بەبێ چۆنیەتی و پێکچوواندن، وە خاڵی کردنەوەی زیهنیان لە پێکچواندن وەکوو لەسەرەوەش گوتی ئەوەی موشەببیهەکان ئەیشوبهێنن جا ئەوەی کە نوسیمان خوا دەستی هەیە بەس دەستێك لە خۆی بووەشێتەوە ئەوە مەزهەبی کەڕرامی و موشەببیهەو موجەسسیمەکانە، کە ئیبن و لجەوزی ڕەددی چاکی داونەتەوە لە کتێبی (دفع الشبهة التشبیه)، وە غەیری ئەویش لە پێشەواکانی ئەهلی سوننەو جەماعە ڕەددی ئەوانەیان داونەتەوە بەتایبەتی گەورەکانی ئەشاعیرەو ماتۆریدی، وە سەبارەت بەوەی کە ئەگەر

مەبەستی لێرەو لەوەکانی تری تەئویل نیە ئەوە ڕاست نیە، بەڵکوو ئەمە پێچەوانەی سەلەف و خەلەفە هەتا دژ ئەبێ لەگەڵ ئوصوڵی تەفسیری زاناکان لەناو هەمووشیان ئیبن و کەثیر کە چۆن تەفسیری قورئانیان کردووەو چۆن یەدو وەجهو هاتن و دابەزینیان تەئویل کردووە، هەتا ئەو کاتە دژی ئیمامی بوخاریش ئەبێ چونکە ئەویش تەئویلی وەجهی کردووە، وە هەتا دژی تەئویلی ئیمامی مالیکیشی کردووە لەبارەی دابەزینی خوای گەورە واتە دابەزینی فەرمانی، وە هەتا دژایەتی وتەی ئیمامی ئەحمەدیشی کردووە لە تەئویلکردنی هەندێ فەرموودەو ئایەت، ئایە ئەم هەموو زانایە وەصفی خوایان بە کەم و کوڕی کردووە. وە هەر سەبارەت بە ئیستیواش زیاتر لە دوانزە مانای هەیە لە زمانی عەرەبی ئاخر چۆن ئەتوانی بە خەیاڵی خۆت ئیستیوا بە لەسەری و جێگیربوون تەفسیر بکەی؟! وە ئەمەوێ لێرەدا بە ئینکاریکەرانی تەئویل بڵێم: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لە خوداوە فەرموودەیەکی نەقڵ کردووە کەوا خوای گەورە فەرموویەتی: (**وما ترددت عن شيء كترَدد قبض عبدي المؤمن**). بە زاهیری فەرموودەکە خوای گەورە ئەفەرمووێ: لە هیچ شتێکدا دوو دڵ نەبوومە جگە لە کێشانی ڕووحی بەندە ئیماندارەکەم نەبم، باشە پرسیارێ: خودا سیفەتێکی هەیە بە ناوی دوو دڵی و قەلەقی؟ ئەگەر گوتتان نەخێر، ئەوکاتە ئێمەش ئەیلێین: زۆرچاکە ئەی بۆ وەصفی خواتان نەکرد بەوەی کە وەصفی خۆی پێ کردووە؟ ئێوەش ئەڵێن: ئاخر ئەوە شایەن نیە بەخوای گەورە. ئەوکاتە ئێمەش ئەڵێین: زۆرچاکە ئەوەی ئێوە ئەیلێن هەمان بۆچوونی ئێمەیە، ئەی باشە بۆ لێرە تەئویلتان کرد لە ئەوەکانی تر تەئویلتان نەکرد؟ بۆ لێرە دروستە تەئویل

بکرێ لەوەکانی تر کە لەفزی موشتەڕەکە لە زمانی عەرەبی تەئویلی ناکەن؟ وە ئەی چی ئەڵێن: دەربارەی ئایەتی لە بیرکردن ﴿نَسُواْ ٱللَّهَ فَنَسِيَهُمْ ۝٦٧﴾[275]، واتە: ئەوان لە دونیا خودایان لەبیر کرد خودای گەورەش لە دوارۆژدا ئەوان لە بیر ئەکات، باشە خودا سیفەتی لە بیرکردنی بۆ خۆی وەصف کرد ئەی بۆچی لێرە ئێوە تەئویلی ئەکەن؟! چونکە ئەڵێن: مەحاڵە خودا شت لە بیر بکات، بێگومان ئێمەش وەکوو ئێوە ئەیلێین مەحاڵە خودا شت لە بیر بکات ئەی باشە چۆن تەئویلی ئەکەن، واتە: گوێیان پێ نادات و ئیهمالیان ئەکات ئەوەش وەك بڵێی لە بیرکردنە، ئەگینا خوای گەورە ئەفەرمووێ: (وما کان ربك نسیا) بێگومان پەروەردگاری تۆ هیچ شتێك لە بیر ناکات، ئێ باشە ئێوە لێرە تەئویلتان کرد چونکە شایەنی خودا نەبوو، ئەی باشە بۆ لە وەکانی تریش ڕێگری لە ئەهلی سوننەو جەماعە دەکەن کە تەئویلی لەفزە موشتەڕەکەکان بکەن؟! ئایەت هەر ئایەتە فەرموودە هەر فەرموودەیە.

وە چەندەها شوێنی تر کە ناتوانین بیان هێنین: شێخمان ئیبن و حەجەر لە شەڕحی فەرموودەی دوو دڵیەکە ئەفەرمووێ: "خەتتابی فەرموویەتی: تەڕەددو دوو دڵی دەرحەق بەخوای گەورە دروست نیە، دەرکەوتنی شتێك بەسەریدا دوای ئەوەی کە نەبووبێ ئەوە جائیز نیە، بەڵام چەند تەئویلاتێکی هەیە یەکەمیان: بەندە دووچاری هیلاك چوون ئەبێ لە ڕۆژەکانی تەمەنیدا بەهۆی دەردو نەبوونیەوە کە دووچاری بووە، بۆیە داوا لە خوای گەورە ئەکات تاوەکوو شیفای بدات و دووری بخاتەوە لێی جا ئەمە ئەبێتە کرداری

---

[275] سورة التوبة: ٦٧

ئەو وەکوو تەڕەددو دوو دڵی ئەو کەسەی کە شتێکی ئەیەوێ پاشان بۆی دەرئەکەوێ ئینجا وازی لێ ئەهێنێ و پشتی تێ ئەکات، وە پێویستە بە دیداری ئەو بگات کاتێ کە ئەگاتە وادەو نوسراوی خۆی، چونکە خوای گەورە لەناوچوونی نوسیوە لەسەر بوونەوەرانی خۆی، وە مانەوەیشی بۆ خۆی نوسیوە. وە دووەمیان: هیچ نێردراوێکی خۆم نەگەڕاندووەتەوە کە من بکەری ئەو کارە بووبم وەکوو گەڕاندنەوەی ئەو نێردراوانە سەبارەت بە کێشانی نەفسی ئیماندار هەروەکوو گێڕدراوەتەوە لە فەرموودەی چیرۆکی موسا سەلامی خوای لەسەر بێ ئەو کاتەی کە شەقێکی لە فریشتەی گیان کێشان داو گەڕایەوە لای خوای گەورە دوای ئەوەی کە هاتبوو بۆ گیان کێشانی، جا خەتتابی ئەفەرمووێ: حەقیقەتی مەعنا لەسەر دوو شێوازە: سۆزی خوای گەورە بەسەر بەندەدا، وە ڕەحم پێ کردن و سۆز نواندنی بەسەریەوە. وە چەند تەئویلێکی تریشی هێناوە ئەتوانن بگەڕێنەوە بۆ وتەکەی ئیبن و حەجەر"[٢٧٦].

وە هەر سەبارەت بە ئیستیوا لەسەر عەرشیش موفەسسیری مەزن ئیمامی واحیدی ئەفەرمووێ: "عەڕوزی لە ئەزهەریەوە هەواڵی پێدام ئەویش لە مونزیریەوە گێڕاویەتیەوە کەوا فەرموویەتی: پرسیار لە ئەحمەدی کوڕی یەحیا کرا دەرحەق بە وتەی خوای گەورە (الرحمان على العرش استوى) فەرمووی: ئیستیوا، واتە: ڕوو تێکردنە سەر شتێکە". وە هەروەها ئەخفەش فەرموویەتی: "ئیستەوا واتە: بەرزبۆتەوە، تۆ ئەڵێی: استويت فوق الدابة

---

[٢٧٦] (فتح الباري)(ب١١/ل٣٤٥).

وعلى ظهر البيت أي علوته، واتە: ئیستیوام کرد لەسەر ولاغەکە وە لەسەر بانی خانووەکە، واتە: بەرزبوومەوە. وە وێنەی ئەوەش ئەبو عوبەیدە فەرموویەتی، جا لەسەر ئەم تەفسیرە مانای ئایەتەکە بەوجۆرە ئەبێ: خوای گەورە عز وجل لەسەر عەرشە بە توانست و هێزی خۆی[٢٧٧]، وە بۆیەش عەرش تایبەتکراوە بە باسکردن لەبەرئەوەی مەزنترینی مەخلوقاتەکانە، جا سەلەف بە گشتی پشتیان لەوە کردووە قسە لەبارەی ئەو ئایەتەو هاوشێوەکانی بکەن، ئەمەش ڕێگای مالیك و شافیعی و ئەوزاعی سەوری بووە ڕەحمەتی خوایان لێ بێ"[٢٧٨]. ك.هـ

قسەکەی جێگای نەزەرە سەحابەش وەك ئیبن و عباس تەئویلی لە هاوشێوەی ئایەتە موتەشابیهەکان کردووە ئەوەی (فثم وجه الله) کە گوتی قیبلەی خودایە، وە پێچەوانەی ڕیوایەتی ئیمامی مالیکە کە تەفسیری دابەزینی خوای بە دابەزینی فرمانی ئەو کردووە، وە پێچەوانەی ئیمامی ئەحمەدیشە کە چەند فەرموودەیەکی لەگەڵ ئایەتی هاتنی خودای لە ڕۆژی

---

[٢٧٧] فەرمووی بە توانست و هێزی خۆی لەسەر عەرشە نەك بەزاتی بۆیە ئاگاداری ئەمە بن، ئەو بەرزبوونەوەش بەرزبوونەوەی مەعنەویە نەك حسسی، چونکە حسی ئەندام و جەستە ئەگرێتەوە، ئەمما مەعنەوی خودا هەر بەرزو بڵندەو لەسەرووی هەموو شتێکە لە ناوکی زەویەوە بگرە تا هەموو بوونەوەرانیش، واتە: هەرگیز هیچ بوونەوەرێك ناچێتە سەرووی خوای گەورەوە. وە گوتیشی بەرزبووەتەوە، بەڵام نەی گوت بەرزبوتەوە بەزاتی، چونکە ئەمەی بگوتایە ئەو کاتە تەفسیری کردووەو چۆنیەتی بۆ داناوەو لەسەلەف لایداوە. بۆیە وتەکەی تەئویلە، وەکوو مەزهەبی ئەهلی سوننەو جەماعە.

[٢٧٨] (التفسير البسيط)(ب١٤/ل٣٥٥) ط. عمادة البحث العلمي

دوایی تەئویل کردووە، هاتنەکەی خودای بە فرمانی ئەوی تەئویل کردووە، ئەمەش بەڕاستی بێ ئاگاییە لە دەقی سەلەف، ئەگەر بیگوتایە زۆرینەی سەلەف وەکوو ئیمامی نەوەوی و غەیری ئەویش کە دووپاتی ئەکەنەوە پیشەیان تەفویز بووەو تەفسیرو تەشبیهیان نەکردووەو بڕواشیان وابووە ئەوەی لە زاهیر گوتراوە خوای گەورە پێچەوانەی مەخلوقاتی خۆیەتی، ئەوکاتە وتەکەی ڕاست ئەبوو، بەس کە ئەڵێ بەگشتی سەلەف ئەوە ڕاست نیەو جێگای نەزەرە.

بە بەڵگەی ئەوەش ئەزانین کە ئیمامی واحیدی ئەوەی تەئویل کردووە تەئویلەکەشی لە ئەخفەشەوە وەرگرتووە هەروەك ئیمامی ئەخفەش لە سوڕەتی طە ئەفەرمووێ: (علی العرش استوی) ئەڵێ: بەرزبووەتەوە، وە مانای بەرزبووەتەوە توانادار بوو، بەردەوام تواناداربووە بەڵام هەواڵی توانستەکەی داوە"[٢٧٩].

ئەمەش تەئویلێکی جوانە کە شایەنە بە خوایەتی خودا. واتە: هێزو توانای خوای گەورە بەرزبووەتەوە بەسەر عەڕش و باقی مەخلوقات. بە بەرزبوونەوەیەکی مەعنەوی نەك حسسی، (چونکە حسسی ئەکەوێتە ناو یاسای ئەندام و شوێن و لا ئەمما مەعنەوی لە دەرەوەی مومکیناتە).

وە لە ئایەتێکی تردا (ثم استوی إلی السماء) واتە: ئیستیوای کرد بۆ ئاسمان، ئیمامی واحیدی ئەفەرمووێ: "خواست و مەبەستی کرد بۆ ئاسمان،

---

[٢٧٩] (معاني القرآن للأخفش)(ب٢/ل٤٤٣).

هەروەکوو ئەڵێی: فرغ الأمير من بلد كذا ثم استوى إلى بلد كذا، واتە: ئەمیرەکە لەو شارە لێ بۆوەو پاشان مەبەستی شارێکی تری کرد، وە ئیبن و عباسیش فەرموویەتی: (إستوى إلى السماء) واتە: بەرزبۆوە، ماناکەی بەجۆرەیە واتە: فەرمان و ئەمرەکەی بەرز بۆوە بۆ ئاسمان.

وە دووبارە ئەفەرمووێ: ئەهلی لوغە فەرموویانە: عەرەب ئەڵێ: "كان الأمير يدبر أهل الشام ثم استوى إلى أهل الحجاز، أي تحول فعله وتدبيره إليه. واتە: ئەمیرەکە کارەکانی ئەهلی شام بەڕێوە ئەبات و ڕێکی ئەخات پاشان ئیستیوای کرد بۆ لای ئەهلی حیجاز، واتە: کارەکان و بەڕێوەبردن و ڕێکخستنەکانی تەحویل کرد بۆ لایان"[٢٨٠].

وە لە ڕەددی ئەوانەش کەوا خودا بەزاتی خۆی لەسەر عەرش دائەنێن هەروەکوو چۆن کەسێك لەسەر جێگاگەی خۆی دائەنیشێ یاخود ئەوانەش کە ئەڵێن: دانیشتنێك لە خۆی بووەشێتەوە یاخود لەسەر عەرشە لە خۆی بووەشێتەوە ئەوەتە ئیمامی واحیدی ئەفەرمووێ: "(ثم استوى على العرش) ئیحتیمالی ئەوە هەیە لە لوغەدا وەکوو ئیستیوای کەسێکی دانیشتوو لەسەر جێگاکەی خۆی بێ، وە ئیحتیمالیشی هەیە بە مانای دەست بەسەردا گرتن بێ، وە یەکێ لەو ڕووانە جائیز نیە بەکاربهێنرێ دەرحەق بەخوای گەورە لەبەر ئەو وتەیەی (ليس كمثله شيء) شورى: ١١. واتە: هیچ شتێك وەکوو خودا نیەو بێ وێنەیە لە سیفات و زات و کرداری. جا ئەمە لە ئایەتە موحکەمەکانە، کە ئەصڵێکە موتەشابیهەکان ئەگەڕێندرێنەوە بۆی (واتە:

---

280 (التفسير البسيط)(ب٢/ل٢٩٦).

هەر ئایەتێکی موتاشابیھ هەبێ ئەوە ئەگەڕێندرێتەوە بۆ ئەو دەقە موحکەمەو کێشەکە یەکلایی ئەکاتەوە)، وە گوتیشمان ئیستیواکەی بە مانای زاڵ بوون و دەست بەسەردا گرتن دێ"[281].

وە لە شوێنێکی تردا ئەفەرمووێ: "ئیستەوا مانای ئیستەولا دێ واتە: دەست بەسەرا گرتن جا خاوەنانی ئەم بۆچوونەش بەڵگەیان بەو بەیتە شیعرەی بەعیث[282] هێناوەتەوە کە گوتوویەتی: (ثم استوى بشر على العراق ... من غير سيف ودم مُهْراق). پاشان بیشر زاڵبوو بەسەر عێراقداو دەستی بەسەر داگرت، بەبێ شمشێرو خوێن ڕێشتن.

قازی بەیزاویش ئەفەرمووێ: "(ثم استوى إلى السماء)، واتە: بە ئیرادەتی خواستی بۆ لای ئاسمان کرد، وەکوو ئەڵێن: استوى إليه كاسهم المرسل، إذا قصده قصدا مستويا من غير أن يلوي على شيء، واتە: خواستی بۆ لای کرد وەکوو تیری هەڵدراو، ئەگەر خواستی لەسەر بووبێ بە خواستێکی ڕێك و پێك بەبێ ئەوەی لار بێتەوە بەسەر شتێکا. جا ئەصڵی ئیستیواش داواکردنی یەکسانیە، وە گوتنیشی بەسەر ئیعتیدالدا لەبەرئەوەی ڕێکخستنی دانانی بەشەکانی تێدایە، وە ناکرێ باربکرێ بەسەر خوای

[281] (التفسير البسيط)(ب٥/ل٤٥).

[282] بەعیث: ئەوە خیداشی کوڕی بەشیری کوڕی خالیدی مەجاشیعیە، ئەبو مالیك بەصری ناسراو بە بەعیثە، شاعیرێکی ئومەویەو، خەتیبی بەنی تەمیم بووە. لەساڵی ١٣٤ کۆچی وەفاتی کردووە. بڕوانە: (طبقات فحول الشعراء)(ب٢/ل٣٨٦). (التفسير البسيط)(ب٩/ل١٦٩).

گەورەدا چونکە ئەوە لە تایبەتمەندی جەستەکانە. ئینجا وتەکەی بیشریش ئەهێنێ"[283].

وە ئیمامی ئەبو لفەزڵ عبد الواحیدی تەمیمی حەنبەلی ئەفەرمووێ: ئیمامی ئەحمەد ئەفەرمووێ: "خوای گەورە ئیستیوای کردووە لەسەر عەرشی مەزن، وە کۆمەڵێکیش لە ئیمامی ئەحمەدیان گێڕاوەتەوە کە فەرموویەتی: ئیستیوا لە سیفاتەکانی فیعلە (واتە: وەکوو ڕزقدان و ڕەحم کردن و مراندن.... هتد)، وە کۆمەڵێکیش هەر لە ئیمامی ئەحمەدیان گێڕاوەتەوە کە فەرموویەتی: ئیستیوا لە سیفاتی زاتە (واتە: پەیوەستە بەزاتی خوا وەکوو بیستن و بینین و باقی سیفەتەکانی تر)، وە ئیمامی ئەحمەد لە مانای ئیستیوا ئەیفەرموو: ئەوە بەرزی و بڵندیە، خوای گەورە بەردەوام بەرزو بڵندبووە بەر لەوەش کە عەرشەکەی دروست بکات، ئەو لەسەرووی هەموو شتێکە، وە بەرزو بڵندە بەسەر هەموو شتێکدا، وە بۆیە عەرشی تایبەت کردووە لەبەر مانایەك تێیدا کە پێچەوانەی گشت شتەکانە". جا دوای ئەمە ئەبولفەزڵ ئەفەرمووێ: عەرش گەورەترین شت و بەرزترینیانە، خوای گەورە مەدحی کردووە بەوەی کە لەسەر عەرش ئیستیوای کردووە واتە: بەرزو بڵندە بەسەریدا، وە جائیزیش نیە بگوترێ: ئیستیوای کردووە بە بەریەکەوتن لەگەڵ عەرش و بەیەکگەیشتن و پێکەوە نوسان چونکە خوای گەورە بەرزو بڵندو گەورەیە لەوەی کە بەوجۆرە وەصفی بکرێ، خوای گەورە هیچ گۆڕانێك و تەبەددول و سنوور شموولی ناکات پێش

[283] (تفسير البيضاوي)(ب١/ل٦٦) ط. دار إحياء التراث العربي

دروستکردنی عەرش و دوای دروستکردنی عەرشیش (واتە: گۆڕان ڕووی تێ ناکات و هەر لەسەر حاڵەتی خوایەتی خۆیەتی)، جا ئیمامی ئەحمەد ئینکاری ئەوکەسەی ئەکرد کە بیگوتایە: خوای گەورە لە هەموو شوێنێکە، چونکە شوێن هەمووی سنووردارە، وە لە عبد الرحمانی کوڕی مەهدیەوە لە مالیکەوە گێڕاویەتیەوە کە فەرموویەتی: خوای گەورە ئیستیوای کردووە لەسەر عەرشە مەزنەکەی هەروەکوو هەواڵی داوە، وە زانستەکەشی لە هەموو جێگایەکە، وە هیچ شتێك خاڵی نیە لە زانستی ئەو، (جا ئەگەر کەسێك بیگوتایە خودا لە هەموو شوێنێکە) ئەوە لای زۆر قورس ئەبوو، وە وتەکەی بە ناشیرین دائەنا، چونکە ئەو زانایە بە هەموو شتەکان، وە مشوخۆریتیان بە بێ تێکەڵاوبوون و چوونە ناوەوەیەك، بەڵکوو بەرزو بڵندە بەسەریانەوە تاك و مونفەریدە لە هەمووان "[٢٨٤]. ئەمەش بۆچوونی ئیمامی ئەحمەدو ئیمامی مالیك و هەندێ لە زانا گەورەکانی حەنبەلیەکانمان زانی کە چۆن خوای گەورە بە پاك ئەگرن لەوەی کە سیفاتی خوا بیشوبهێندرێ بە مەخلوقات، وە ئەوەی ئەوان ئەیڵێن هەمان بۆچوونی گەورەکانی ئەهلی سووننەن لە ئەشاعیرەو ماتۆریدیەکان، ئەمما هەندێ لە تاقمە گومڕابووەکان ئەیانگوت: لەسەر عەرشە بەبەریەککەوتن لەگەڵ عەرش نەك هەر ئەوە تاقم هەیە پێی وایە لەسەر عەرشیش دانیشتووە. پاکی و بێگەردی بۆ خوا لەو جۆرە بیروباوەڕە فاسیدە.

---

[٢٨٤] (الإعتقاد الإمام المنبل أبي عبد الله أحمد بن حنبل لأبي الفضل عبد الواحد التميمي الحنبلي المتوفي ٤١٠هـ) ط. دار الكتب العلمية

وە ئیبن ولجەوزی حەنبەلی لە بابەتی ئیستیوا ڕەددێکی توندی کەڕڕامی و موشەببیهەکانی داوەتەوە ئەوانەی کە دەڵێن خودا بەزاتی خۆی لەسەر عەرشەو دانیشتووە"[285].

کۆتا شت لەو بابەتە تەنیا پرسیارێکە ئاڕاستەی ئەوانەی دەکەم کە دەڵێن خودا بەزاتی خۆی لەسەر عەرشەو دانیشتووە، باشە پێغەمبەری خوا صلی الله علیەو وسلم فەرمووی: "هەموو ئاسمانەکان و عەرش لە چاو خودا وەکوو حەلقەیەکی بچووك وایە فڕێبدرێتە نێو دەشتێك"، بێگومان خودا ڕەهاو بێ سنوورەو کۆتایی نایێ زاتێکی ڕەهای بێ سنوور چۆن ئەوتان دانیشاند لەسەر حەلقەیەك؟!

[285] (دفع شبهة التشبيه للإمام عبد الرحمن أبي الحسن الجوزي بتحقيق العلامة الشيخ محمد الزاهد الكوثري)(ل١٩) ط. المكتبة الأزهرية

# کۆمەڵە باسێکی گرینگ

**وردُّ النصوص كفر،**

بێگومان ڕەتکردنەوەی ئەحکامە یەکلایی کراوەکانی قورئان و سوننەت بۆ نموونە زیندووبوونەوەی مرۆڤەکان بە ڕووح و جەستە ئەوە کوفرە لەبەرئەوەی بەدرۆ خستنەوەی خواو پێغەمبەری تێدایە، وە هەر کەسێك بوختان بە دایکمان عائیشە بکات بەوەی کە زینای کردیە ئەوە کوفری کردووە. وە باقی ئەحکامەکانی تریش.

**واستحلال المعصية كفر،**

بێگومان بەحەڵاڵ زانینی گوناهو تاوان کوفرە جا گوناهەکە بچوك بێ یان گەورە ئەگەر بێت و بە بەڵگەی یەکلایی کراوە سەلما کە ئەوە گوناهە.

بۆ نموونە هەموو ئوممەتی ئیسلام لەسەر حەڕامێتی ئەمانە یەکدەنگن (زەواجکردن لەگەڵ مەحرەم، وە خواردنەوەی عارەق، وە خواردنی مردارەبوو، وە گۆشتی بەراز بەبێ هیچ زەڕوڕەتێك، جا هەر کەسێك ئەم تاوانانە بکات ئەگەر پێی حەڵاڵ بێ کە ئەیکات ئەوە بە یەکدەنگی زانایان کافرە، بەڵام ئەگەر پێی حەڵاڵ نەبوو بەڵام لەبەر نەفس و ئارەزوو کردی ئەوە فاسق و تاوانبارە).

**والاستهانة بها كفر، والاستهزاء على الشريعة كفر،**

بێگومان هەر کەسێك ئیهانەو گاڵتە بە ئەحکامەکان و دەقەکانی قورئان و سوننەت بکات، وە ئیهانەو گاڵتە بە حەرامێتی گوناهو تاوانە بچوك و گەورەکانیش بکات ئەوە کوفری کردووە. چونکە بەدرۆخستنەوەی خواو پێغەمبەری تێدایە صلی الله علیه وسلم، خوا پەنامان بدات.

**واليأس من الله تعالى كفر،**

وە بێ هیوابوون لە سۆزو بەزیی خواو مەئیوس بوون لێی کوفرە، بۆیە ئینسان با هەرگیز مەئیوس نەبێ چونکە مەئیوس بوون سیفەتی کافرانە.

**والأمن من الله تعالى كفر،**

وە بێگومان ئەوەیشی پاڵیداوەتەوەو خۆی ئەمین کردووە لە خوای گەورەو بە تەمای ڕەحمی خوداشەو نازانێ بە ئیمانەوە ئەمرێنێ یان بە کافری، بۆیە ئەمین بوون لە خوا کوفرەو سیفەتێکی کافرانە.

**وتصديق الكاهن بما يخبره عن الغيب كفر.**

بەڕاستزانینی فاڵچی و ساحیرەکان سەبارەت بەو هەواڵە درۆییانەی کە بەناوی غەیبەوە ئەیڵێن کوفرە، وە چوونە لای فاڵچی و ساحیران بۆ کردنی نوشتە کوفرە، چونکە سەروەرمان قەدەغەی کردووە، بۆیە ئەوەی بچێتە لایان تاوەکوو فاڵیان بۆ بگرێتەوە یاخود سیحریان بۆ بکات ئەوە کوفری

کردووه بەو قورئانەی کە بۆ سەر پێشەوامان محمد صلی الله علیه وسلم دابەزیوە.

بێگومان زانستی غەیب پەیوەستە بەخوای مەزنەوە، شموولیەتی غەیب هیچ کەسێك نایزانێ، بەڵام جاری وا هەیە خوای گەورە بەندەیەکی خۆی وەکوو پێغەمبەران و ئەولیاکانی خۆی بەشێك لەو زانستە غەیبیە بۆیان دەرئەخات ئەمەش بۆ پێغەمبەرەکان ئەبێتە موعجیزە، وە بۆ ئەولیاکانیش ئەبێتە کەرامەت، خەڵکی ئەم سەردەمەش ئەولیای خوایشیان لێ بووەتە ساحیر چونکە جاهیلن بە دینی خودا، ئەو بابەتەم بە درێژی لە کتێبی (ژیانەوەی دڵی ئیمانداران) لەگەڵ (گەشتێك بە نێو جیهانی دڵ و دەروونا) نوسیوە، کە چۆن بتوانین ئەولیاو ساحیرو فاڵچیەکان لێك بکەینەوە.

# نەبوو ( عەدەم )

**والمعدوم ليس بشيء.**

نەبوو شتێك نیە چونکە دژی نەبوون و هەبووە.

ئایە بە نەبوو ئەگوترێ شت؟

نەبوو دوو جۆری هەیە:

یەکەم: مەحاڵە وجودی هەبێ وەکوو شەریك و هاوبەشێك بۆ خوای گەورە، هەمووش لەسەر ئەوە یەکدەنگ کەوا پێی ناگوترێ شتێکی بینراو.

دووەم: ئەکرێ وجودی هەبێ و نەبێ وەکوو کوڕی زەیدی کە هێشتان لە دایك نەبووە، ئەمەش خیلافی تێدایە، ئەهلی سوننەو جەماعە بۆ ئەوە چوونە کەوا لەفزی شتی پێ نەگوترێ چونکە بینراو نیە.

جمهور بەڵگەیان بەوە هێناوەتەوە:

١ـ نەبوو نەفی کردنەکی ڕووتەو شتێك نیە، کاتێ شتی پێ ئەگوترێ کە مەوجوود بوو.

٢ـ تاڵە مووی ڕەش سپیاتیەکەی نەبووە لەوکاتەدا، جا ئەگەر سپیاتی بینراو بێ لەو کاتەدا پێویستە خوای گەورە بینەری ئەو مووە بێ یاخود لە مووەکی تردا لە شوێنێکی تردا یاخود لە شوێنێکدا.

جا ئەگەر لەو مووەدا بینی ئەوە پێویستە بە ڕەش و سپیایەتی ببینێ لە یەك كاتدا ئەوەش مەحاڵە، وە ئەگەر لە شوێنێكی تردا ببینێ پێویستە نیوەكەی ئەو شوێنەی سپی نەك یەكەمین، وە ئەگەر لە ناشوێنیشدا بینی ئەوە مەحاڵە، مەحاڵیش بینراو نیە بە یەكدەنگی.

٣ـ خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿وَقَدْ خَلَقْتُكَ مِن قَبْلُ وَلَمْ تَكُ شَيْـًٔا ﴿٩﴾﴾[٢٨٦]، واتە: خوای گەورە بە حەزرەتی زەكەریای فەرمووو كاتی خۆی تۆم دروستكردوو لە كاتێكدا كە وجودت هەر نەبوو و شتێك نەبووی كە هەر باسیش بكرێی. جا ئەوەی كە لەو ئایەتە بكرێتە ئیستدلال ئەوەیە كەوا نەفی شت بوونی كرد لە پێش دروستبوونی.

٣ـ خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿وَقُلِ ٱعْمَلُوا۟ فَسَيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُۥ وَٱلْمُؤْمِنُونَ ۖ ﴿١٠٥﴾﴾[٢٨٧]، واتە: پێیان بڵێ: چی ئەكەن بیكەن، خودا ئاگای لە كردەوەتانەو هیچی لێ ون نابێ، هەروەها پێغەمبەرو موسڵمانانیش بە كارتان ئەزانن چونكە خودا پێیان ئەڵێت و لێیان ناشارێتەوە. جا ئەوەی لەو ئایەتەش بكرێتە ئیستیدلال ئەوەیە كەوا بینینی كردەوە لە مەودوا دوای دەركەوتنی ئەبێ نەك لە پێشیدا.

موعتەزیلەكانیش ئیستدلالیان بەمانە كردووە:

---

[٢٨٦] سورة مريم: ٩

[٢٨٧] سورة التوبة: ١٠٥

١ـ ئەم دونیایە بینراوە بۆ خوای گەورە پێش ئەوەی بێتە وجودیشی، لەبەرئەوەی بینین سیفەتێکە لە سیفاتی خوای گەورە، بۆیە پێویستە پەیوەست بێ بە عالەمی مەوجود لەگەڵ نەبووش، چونکە ئەگەر بەم شێوازە نەبێ ئەوە کەمتەرخەم و کەم و کوڕیە، خوای گەورەش واجبە پاك و بێگەرد بکرێ لە کەم و کوڕیەکان.

وەڵامی ئەوەش دراوەتەوە بەوەی ئێمە تەسلیمی ئەوە نابین کەوا کەمتەرخەمی پەلبکێشێتە ئەو سیفەتە بەوەی کە خوای گەورە نەبوو نەبینێ، لەبەرئەوەی ئەوەی فەرزکراوە سیفاتەکەی هەموو ئەوانە بگرێتەوە کە مەحاڵ نین، جا دەرچوونی مەحاڵ لەو سیفاتە کەم و کوڕی نیە. (هەروەکوو مووە ڕەشەکە کە لە ئێستادە سپی نیە، جا کە ئێستاکە مەوجود نیە ئەوە کەم و کوڕی نیە بۆ خوا چونکە مەوجود نیە).

٢ـ خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿إِنَّ زَلْزَلَةَ ٱلسَّاعَةِ شَىْءٌ عَظِيمٌ ۝١﴾[٢٨٨]، واتە: بەڕاستی بومەلەرزەی زەوی کە لە پێش قیامەتدا ڕوو ئەدات شتێکی گەورەو سامناکە. ئەوەی لەو ئایەتە کراوەتە ئیستیدلال ئەوەیە کەوا بومەلەرزەی زەوی نەبووە ئێستاکە، کەچی هەواڵیشی لەبارەوە داوە کە شتە.

وەڵامی ئەوەش بە دوو ڕووان دراوەتەوە:

یەکەم: بە بەرداکردن و گوتنی شتێتی بەسەردا بە بیناکردنە لەسەر تەحقیقکردنی ڕوودانیەتی وەك بڵێی مەوجودە.

---

[٢٨٨] سورة الحج: ١

دووەم: بە بەرداکردن و گوتنی شتێتی بەسەردا دوای هاتنە وجودیەتی واتە: دوای ئەوەی بومەلەرزە ڕوویدا ئەبێتە شتێکی گەورەو سامناک نەک ئێستاکە[٢٨٩].

[٢٨٩] (شرح عقائد النسفية للدكتور عبد الملك)(ل٢٣٥). ئەو وتانەی سەرەوە لە بارەی نەبوو هەموویم لە دکتۆر عبد الملك سەعدیەوە نەقڵ کردوو.

## دوعاکردن و خێر کردن بۆ مردووان

**وفي دعاء الأحياء للأموات وتصدقهم عنهم نفع لهم.**

بێگومان دوعاکردن و خێرکردن سوودی هەیە بۆ مردووی ئیمانداران.

پرسیار لە شێخمان ئیمامی نەوەوی کرا، کە ئایا خێرو چاکە کە بۆ مردوو ئەکرێت یاخود دوعاو خوێندنەوەی قورئانی بۆ ئەکرێت و ئەگاتە مردوو؟

لە وەڵامدا فەرمووی: "پاداشتی خێرو چاکەو صەدەقە ئەگاتە مردوو بە یەکدەنگی زانایان، وە زاناکان ڕاجیاشن لە پاداشتی خوێندنەوەی قورئان، ئیمامی ئەحمەدو هەندێ لە هاوەڵانی مەزهەبی شافیعی ئەفەرموون: ئەگاتێ، وە ئیمامی شافیعی و زۆرینەی زاناکانیش ئەفەرموون: ناگاتێ"[٢٩٠]. ك.هـ

لە کتێبی (الروح)ـی ئیمامی ئیبن و لقەیمی جەوزی ڕەزای خوای لێ بێ هاتووە کە ئەفەرمووێ: "ڕاجیایی هەیە لە هەدیەکردنی پاداشت لە زیندووەوە بۆ مردوو، گوتراوە: صەحیح و ڕاستە لەبەر وتەی ئیمامی ئەحمەد، ئەو کەسەی کە خێرو چاکە دەکات و نیوەی پاداشتەکەی بۆ باوکی یاخود بۆ دایکی تایبەت ئەکات و ئەینێرێ". ك.هـ

---

[٢٩٠] (فتاوى الإمام النووي)(ل٨٣).

وه گوتراویشه: ناگاتێ، چونکه پێویستی پێ نیه، ئەکرا خۆی کردەوەی بۆ خۆی بکردایه.

بەڵام ئیمامی شافیعی و مالیك عیبادەته جەستەییەکانیان جیا کردووەتەوه وەکوو نوێژو قورئان خوێندن، وه لای ئەم دوو ئیمامه بەڕێزه پاداشتەکەی ناگاته مردوو جیا له صەدەقەو حەج و عومرە که ئەوانیش پێیان وایه پاداشتەکەی ئەچێ (واته پاداشتی هەدیەکردنی قورئان لای ئەم دوو ئیمامه بەڕێزه ناگاته سەر تەرازووی چاکەکانی ئەو مردووه نەك وا لێیان حاڵی ببن کەوا سوودی بۆیان نابێ، چونکه له ئیمامی شافیعیەوه گێڕدراوەتەوه ئەگەر هەموو قورئان لەسەر مردوو له گۆڕستان بخوێندرێ ئەوه سوودی بۆ مردووەکه ئەبێ).

بەڵام ئیبن و عابیدین ئەفەرمووێ: "زانا پاشینەکانی مەزهەبی شافیعی ئەوانەی کەوا لێکۆڵینەوه له وتەکانی ئیمامەکانیان ئەکەن ئەو بۆچوونەیان پەسندکردووه کەوا پاداشتی قورئان ئەگاته مردوو ئەگەر مردووەکه له پێشی بێ یاخود له پاش شاردنەوه دوعای بۆ کرد ئەگەرچی لەوێش ئاماده نەبێ، چونکه لەگەڵ قورئان و دوعا کردندا بەرەکەت و ڕەحمەت دائەبەزێ (سوڕەتی فاتیحەش هەر خودی خۆی دوعایه)"[٢٩١]، هەر بۆیەش دوعاکردن له دوای شاردنەوەی زیاتر ئومێدی قەبوڵبوونی لێوه ئەکرێ، وه داخوازی ئەوەش

[٢٩١] ئەوەی نێو کەوانەکه ڕوونکردنەوەی خۆمه.

ئەکات کەوا دوعای بۆ بکرێت، چونکە مەبەست بەوە سوود وەرگرتنی مردووەکەیە نەك گەیشتنی پاداشتەکەی"[٢٩٢].

ئیمامی شافیعی ئەو ئایەتەی کردووەتە بەڵگە: ﴿وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَـٰنِ إِلَّا مَا سَعَىٰ ﴿٣٩﴾ وَأَنَّ سَعْيَهُۥ سَوْفَ يُرَىٰ ﴿٤٠﴾﴾[٢٩٣]، واتە: ئینسان هیچی دەستگیر نابێ جگە لەبەرهەمی کردەوەی خۆی نەبێ و، ئەو تێکۆشان و سەعیەی کردوویەتی لە دونیا لە دوارۆژ ئەبینرێ. زاهیری ئایەتەکە گشتیە واتە: ئینسان هیچ کردەوەی کەسێکی تر سوودی پێ ناگەیەنێ جگە لە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی نەبێ، بێگۆمان بەهۆی فەرموودەوە ئیستیسنا کراوە بۆ نموونە سەروەرمان باسی دوعاو صەدەقەو زانستێکی بەسودی کردووە کە ئەو مردووە لە دوای خۆی جێی هێشتووەو خێرو چاکەی ئەمانە بەو ئەگات، کەوایە ئەو فەرموودەو فەرموودەکانی تر تەفسیری ئەم ئایەتەن بۆیە ناکرێ ئەم ئایەتە بکرێتە بەڵگە چونکە فەرموودە تەفسیری ئایەتە، مادەم ئایەتەکە تایبەتکرا بە فەرموودە کەوایە یەکێ لە بەڵگەکانی قیاس لەسەر ئەو سێ جۆرە خێرە قورئانە ئەمە یەك، دووەمیش لە فەرموودەدا هاتووە.

دکتۆر عەلی جومعە ئەفەرمووێ: "زانایان یەکدەنگن لەوەی کەوا قورئان خوێندن لەسەر گۆڕ حەرام ناکرێ، وە ئەوەیشی ئەیخوێنێ گوناهبار نابێ، وە جمهوری زانایانیش لە حەنەفیەکان و شافیعیەکان و حەنابیلەکان بۆ

---

[٢٩٢] وتەکانی ئیبن و قەیم و ئیبن و عابیدین هەر لە پەراوێزی فەتاواکەی ئیمامی نەواوی نەقلم کردووە.

[٢٩٣] سورة النجم: ٣٩ ـ ٤٠

ئەوەچوونە کەوا قورئان خوێندن لەسەر گۆڕ سوننەتە، لەبەرئەوەی ئەنەس بە مەرفوعی ڕیوایەتی کردووە کە فەرموویەتی: **(من دخل المقابر فقرأ فيها (يس) خفف عنهم يومئذ، وكان له بعددهم حسنات)**. واتە: هەرکەسێ چووە گۆڕستان با (يس) تێدا بخوێنێ چونکە لەو ڕۆژەدا سزایان لەسەر سوك ئەکرێ، وە بە ئەندازەی ژمارەی ئەوانیش خێرو چاکەی بۆ ئەنوسرێ. (وە لە ئیبن و عومەریش بە صەحیحی ڕیوایەتکراوە کەوا وەصیەتی کردووە ئەگەر شێردرایەوە لە گۆڕدا لە لای سەرەتای بەقەڕەو کۆتاییەکەی بخوێندرێ)[٢٩٤].

ئەمما مالیکیەکان خوێندنی قورئانیان لەسەر گۆر پێیان مەکرۆهە، بەڵام شێخ دەردیر ڕەزای خوای لێ بێ ئەفەرمووێ: "زانا پاشینەکانی مالیکیەکان پێیان خراپ نەبووە کەوا قورئان و زیکر بخوێندرێ، وە ئەجرو پاداشتی ئەو قورئان خوێندنەو زیکرکردنە بنێردرێت واتە: هەدیە بکرێ بۆ مردوو، وە إن شاء الله ئەجرو پادەشتەکەی بۆ بەدەست دێ و بۆی ئەبێ"[٢٩٥].

ئیمامی قورتوبی مالیکیش بابێکی داناوە لە کتێبی (التذكرة أحوال الموتى وأمور الآخرة) لە ژێر ناونیشانی (بابی دەربارەی ئەوەی هاتووە لە خوێندنەوەی قورئان لای گۆڕ لە کاتی ناشتن و دوای ناشتنیش، وە ئەجرو پاداشتی ئەو خوێندنەوە ئەگاتە مردوو، وە دوعاو خێریشی بۆ ئەکرێ).

---

[٢٩٤] خەللال بە سەنەدی خۆی ڕیوایەتی کردووە هەروەکوو ئیبن و قودامەی مەقدیسی حەنبەلی داویەتە پاڵی لە (المغني)(ب٢/ل٢٢٥). وە بڕوانە: (تحفة الأحوذي)(ب٣/ل٢٧٥).

[٢٩٥] (الشرح الكبير للعلامة الدردير)(ب١/ل٤٢٣) ومطبوع بهامشه حاشية الدسوقي.

وە ئیمامی دەسسوقی لە پەراوێزی کتێبەکەی ئەحمەد دەرڕدیرڕدا ئەفەرمووێ: لە کۆتایی نەوازیلەکەی ئیبن و ڕوشدا سەبارەت بە پرسیاری وتەی خوای گەورە (وأن ليس للإنسان إلا ما سعى) فەرموویەتی: "بێگومان ئەگەر پیاوێ قورئانی خوێندو پاداشتی خوێندنەوەکەی هەدیە کرد بۆ مردووەکە ئەوە جائیزەو دروستە، وە بۆ مردووەکەش بەدەست دێ ئەو پاداشتە، وە ئیبن و هیلالیش لەو نەوازیلەی کە ئیبن و ڕوشد فەتوای پێداوە فەرموویەتی: "زیاتر لە یەکێك لە پێشەوا ئەندەلوسیەکانمان بۆ ئەوەچوونە کەوا مردوو سوود لە خوێندنەوەی قورئان وەرئەگرێ، وە سوودەکەشی ئەگاتێ ئەگەر بێت و خوێنەرەکە پاداشتەکەی هەدیە بکات، جا فەرمووی: موسڵمانان کاریان بەوە کردووە هەر لە ڕۆژهەڵاتەوە بگرە تا ڕۆژئاوا، وە چەندین وەقفیان لەسەر ئەم کارە داناوە (ئەوەی موسڵمانان شتێك وەقف ئەکەن بۆ خێرو خێرات)، ئەم کارەش بەردەوام بوو هەتا سەردەمەکانی ڕابووردوو (واتە: ئەم وەقف و خێرو خێراتە خەڵك هەر بەردەوام لەسەری بوونە لە ڕابووردوو).

وە ئیبن و قودامەش یەکدەنگی لەسەر ئەوە نەقڵ کردووە وەك ئەفەرمووێ: "هەر نزیکخەرەوەیەك بکاتن و پاداشتەکەشی بۆ مردووی موسڵمان بنێرێ ئەوە سوودی لێ ئەبینێ إن شاء الله.....، ئینجا ئیبن و قودامە ئەفەرمووێ: ئەگەر قورئان خوێنەك قورئانی لە لای مردوو خوێند، یاخود پاداشتەکەی هەدیە کرد بۆی، ئەوە پاداشتەکەی بۆ خوێنەرەکەیە، وە مردووەکەشی وەك بلێی ئامادەی کردووە، جا ڕەجای ڕەحمەتیش بۆ ئەو هەیە، وە باسی ئەوەشمان کرد ئەوە یەکدەنگی موسڵمانانە، چونکە لە

هەموو سەردەمێك و شارو ئاوەدانیەكدا كۆئەبوونەوەو قورِئانیان ئەخوێند، وە پاداشتەكەیان هەدیە ئەكرد بۆ مردووەكانیان بەبێ ئەوەی ئینكاری لەوە بكرێ"[٢٩٦].

وە شێخ عوسمانی یەكدەنگی نەقلێ كردووە ئەوەش دەستەواژەكەیەتی: "یەكدەنگبوون لەسەر ئەوەی كەوا داوای لێخۆشبوون و دوعاو صەدەقەو حەج و بەندە ئازادكردن سوودی بۆ مردوو هەیەو پاداشتەكەشی ئەگاتێ، وە خوێندنەوەی قورِئانیش لە لای گۆڕ سوننە"[٢٩٧].

وە زاناكان ئەوەش ئەكەنە بەڵگە هەروەكوو چۆن بەدەل حەج بۆ كەسێ ئەكرێ و پاداشتەكەی بۆ ئەچێ، ئەمەش لەبەرئەوەی حەج نوێژیشی لە خۆگرتووە، وە نوێژیش فاتیحەو غەیری ئەویشی تێدایە، جا ئەوەی كە هەمووی بگاتێ ئەوە هەندێكیشی ئەگاتێ (واتە: بەدەل حەج فەرِیزەكی گشتیەو ئەو هەموو پەرستشەی تێدایە كە بۆ مردوو ئەچێ، جا مادەم ئەو گشتیەیتە بچێ بێگومان هەندێكی ئەولاترە كە بچێ (واتە: هەندێ لەو پەرستشانەی كە تێیدایە) كە یەكێ لەوانە فاتیحەو قورِئان خوێندنە، جا ئەوەی ئەو كارە ئەكات با بڵێتن (خودایە ئەجرو پاداشتی ئەو زیكرو دوعاو خێرو صەدەقەیە بۆ فلاّنە كەس و فلاّنە كەسە).

بەرِای بەندە ئەوەی توندی ئەنوێنێ لەو بابەتەو خەڵكی لێوە مەنع ئەكات صەواب نیە والله أعلم

---

[٢٩٦] (المغني لابن قدامة)(ب٢/ل٢٢٥).

[٢٩٧] (رحمة الأمة في اختلاف الأئمة، للشيخ العثماني).

وە سەبارەت بە تەڵقینی مردووش خۆم بە حسێکی دووروو درێژم لەسەر ئەم بابەتە نووسیوە، کە هەر چوار مەزهەب بە سوننەتی ئەزانن تەڵقینی مردوو بدرێ، جگە لە کەم زانایەك نەبێ کە پێیان دروست نیە، هەتا ئیبن و تەیمیەش پێی دروستە بەس ئەو پێی وایە سوننەتی ڕەواتیب نیە. بەڵام زۆرینەی زاناکانی ئوممەت لەسەر سوننەتێتی ئەو تەڵقینە یەکدەنگن.

## داواکردن له خودا

**والله تعالى يجيب الدعوات ويقضي الحاجات.**

بێگومان خوای گەورە وەڵامی پاڕانەوەو دوعای ئیمانداران ئەداتەوە، وە پێداویستیەکانی خەڵکیش جێ بەجێ ئەکات، وە من پێم وایە ئەگەر کافرێکیش داوا لە خوا بکات خودا وەڵامی ئەداتەوە، ئەبو جەهل بەر لە دەستپێکی شەڕی بەدر دوعای کرد (خودایە کامەمان لەسەر حەقین ئەو سەر بێخە) خودا دوعاکەی قەبووڵ کرد، وە چەندەها بەسەرهاتی تر، ئەوەتا خوای گەورە باسی کافرەکان ئەکات کاتێ لە نێو کەشتیدان بەسەر دەریادا ئەڕۆن خەریکە بمرن و کەشتیەکەیان نقووم بێ کەچی لەو دەمەدا هاواری خوا ئەکەن.

پێغەمبەری خواش صلی الله علیه وسلم بە ئیبن و عەبباسی فەرموو: (ئەی غولام ئەگەر داوات کرد داوا لە خوا بکە، وە ئەگەر پەناشت گرت ئەوە پەنا هەر بەخوا ببە).

خەڵکانێك بەهۆی ئەو فەرموودەو هەڵە تێگەیشتن لە چەند ئایەتێك کە دابەزیوە بەسەر کافرەکاندا ستەمێکی زۆریان لەوانە کرد ئەوانەی تەوەسسول بە زیندوو مردوو ئەکەن لەگەڵ داوای یارمەتی لە کەسێکی مردووی پیاوچاك ئەکەن ئەمانەش زۆر بە هەڵەدا چوونە، چونکە تەوەسسول بە یەکدەنگی زانایانی کۆن و نوێ دروستە بە زیندوو مردوو، ئەوانەی مەنعی دەکەن تاقمێکی کەمن کە پێیان وایە بەس بەزیندوو دروستەو بە مردوو

دروست نیە، ئەمانە لە فەهمی دەقیقی دین لایانداوەو خەڵكانێكیان بەناڕەوا تەكفیرو موشریككرد، وە هاواركردنیش لەغەیری خوا بەوجۆرە نیە كە ئەمانە وا گەورەیان كردووە، ئێمە لە دوو كتێبی جیاواز لە ژێر ناوی (تەوەسسول لە میزانی شەرع و عەقڵدا) وە (ئیستیغاسەو هاواركردن لە میزانی شەرع و عەقڵدا) بەدرێژی ڕوونم كردووەتەوە، بۆیە ئەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ئەو دوو كتێبەم، بەڵام لێرەشدا بۆچوونی زاناكانی هەر چوار مەزهەبەكە دەهێنم بۆ دڵنیاییتان كە ئەو بابەتە زۆر لەوە ساناترەو بابەتێكی فیقهیە كەچی كراوەتە نێو عەقیدەوەو خەڵكی لەسەر كافرو موشریك كراوە.

# بۆچوونی هەر چوار مەزهەب

لە کتێبی (الموسوعة الفقهية الكويتية)(ب١٤/ل١٥٦) هاتووە:

زاناکان ڕاجیاییان هەیە لەسەر دروستیەتی تەوەسسول بە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە پاش وەفاتی هەروەکوو وتەی ئەو کەسەی کە ئەڵێ: (پەروەردگارم لێت ئەپاڕێمەوە بە پێغەمبەرەکەت یاخود بە خاتری پێغەمبەرەکەت یاخود بەحەققی پێغەمبەرەکەت)، ئەمەش چەندین وتەی لەسەرە:

وتەی یەکەم: زۆرینەی شەرعناسەکانی مەزهەبی (مالیکی و شافیعی و پاشینەی حەنەفیەکان وە هەمان مەزهەبە لای حەنبەلیەکانیش) کەوا دروستە ئەو جۆرە تەوەسسولە بگوترێت، جا یەکسانە لە کاتی ژیانی خۆیدا بێت یاخود لە دوای وەفاتیدا بێت.

ئیمامی قەصطەلانی ئەفەرموێت: "لە ئیمامی مالیك ڕیوایەت کراوە لەو کاتەی کەوا ئەبو جەعفەری مەنصورکە دووەم خەلیفەی عەبباسی بوو پرسیاری لێ کرد ئەی باوکی عبد الله ئایا ڕوو لە پێغەمبەری خوا بکەم و بپاڕێمەوە یاخود ڕوو لە قیبلە بکەم و بپاڕێمەوە؟ ئەویش پێی فەرموو: "بۆچی ڕووی خۆت وەرئەگێڕیت لەو ئەو وەسیلەی تۆو وەسیلەی باوکت

ئادەمە لە ڕۆژی دوایی بۆلای خوای مەزن، بەڵکوو ڕووی تێکەو داوای شەفاعەتی لیّ بکە، ئیتر خوای گەورەش شەفاعەتەکەی قەبووڵ ئەکات"[298].

ئەم ڕیوایەتەی مالیك یەکێکە لەو شاهێدانەی بۆ فەرموودەکەی تەوەسسولی ئادەم.

وە سەبارەت بە تەوەسسولەکەی ئادەم کاتیّ گوناهی کرد لە خوا پاڕایەوە بەخاتری حەزرەتی رسول الله صلى الله عليه وسلم **(عن عمر – رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: لما اقترف آدم الخطيئة قال: يارب أسألك بحق محمد لما غفرت لي، فقال الله: ياآدم وكيف عرفت محمداً ولم أخلقه ؟ قال: يارب لأنك لما خلقتني بيدك ونفخت فيَّ**

---

[298] ئیبن و حەجەر لە (جوهر المنظم) ئەفەرمووێ: "ڕیوایەتەکەی ئیمام مالیك بەسەندێکی صەحیح هاتووە کە هیچ تانەو تەعنێکی تێدا نیە". وە عەللامەی زەرقانیش لە (شرح المواهب) ئەفەرمووێ: "ئیبن و فەهد ڕیوایەتی کردووە بە سەنەدێکی چاك". شێخ یوسف نەبهانیش ئەفەرمویێ: "قازی عیاز لە (شفاء) بە سەنەدێکی صەحیح ڕیوایەتی کردووە کە پیاوەکانیشی هەموی باوەڕپێکراون، ئەمەش وەکوو ڕەددێك بۆ ئەوانەی کە تانە لە ڕیوایەتەکەی ئیمام مالیك ئەدەن گوایە ڕوو کردنە گۆڕی پیرۆزیان کەراهیەتی هەیە". بڕوانە: (شواهد الحق في الإستغاثة بسيد الخلق)(ل١١٦). ط. دار الكتب العلمية. وە ئەم بەسەرهاتە ئەبو حەسەن عەلی کوڕی فەهر لە کتێبەکەی خۆی (فضائل مالك) بە سەنەدێك ڕیوایەتی کردووە کە هیچ خراپەکی پێوە نیە (واتە سەنەدەکەی چاکە). (شرح المواهب)(ب٨/ل٣٠٤ – ٣٠٥)، (والمدخل)(ب١/ل٢٤٨، ٢٥٢، (ووفاء الوفاء)(ب٤/ل١٣٧١)، (وشرح أبى الحسن على رسالة القيرواني) (ب٢/ل٤٧٨)، (والقوانين الفقهية)(ل١٤٨).

**من روحك رفعت رأسي فرأيت على قوائم العرش مكتوباً لا إله إلا الله محمد رسول الله، فعلمت أنك لم تضف إلى اسمك إلا أحب الخلق إليك، فقال الله: صدقت يا آدم، إنه لأحب الخلق إليَّ، أدعني بحقه فقد غفرت لك ، ولولا محمد ما خلقتك)**[٢٩٩]، له گەورەمان عومەری کوڕی خەتتابەوە

---

[٢٩٩] حاكم له (مستدرك مع تلخيص الذهبی)(ب٢/ل٦١٥) ڕیوایەتی کردووه. جا حاکم ئەفەرمووێ: "ئەم فەرموودەیە سەنەدەکەی صەحیحە، وە یەکەم فەرموودەشە کە لەو کتێبەدا باسم کردووه لەبەر عبد الرحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم". زەهەبیش ئەڵێ: "بەڵکوو هەڵبەستراوە، وە عبد الرحمانیش کەسێکی وەهمکەرە"، وە حافیزی سیوتی له (الخصائص النبوية) هێناویەتی و بە صەحیحی داناوە، وە بەیهەقیش له (الدلائل النبوة) هێناویەتی کە کەسێکیشە لە پێشەکی کتێبەکەشیدا ڕوونی کردووەتەوە کەوا فەرموودەی هەڵبەستراو مەوزوع لە کتێبەکەیدا ڕیوایەت ناکات. یەعنی ئەوانەی دەڵێن مەوزوعە پێکاو نیە. وە ئیمامی قەصطەلانی و زەڕقانیش بە صەحیحیان له (المواهب اللدنية)(ب١/ل٦٢). وە سوبوکیش له (شفاء الأسقام) هێناویەتی و بە صەحیحیشی داناوەو ئەفەرمووێ: "ئەم فەرموودەیە دانابەزێتە پلەی حەسەنیەت". وە هەیثەمیش ئەفەرمووێ: "تەبەڕانی له (الأوسط) ڕیوایەتی کردووە، کەسانێکی تێدایە نایاننناسم (المجمع الزوائد)(ب٨/ل٢٥٣). وە بە ڕێگەیەکی تریشەوە هاتووە لە ئیبن و عەبباس بە لەفزی: (فلولا محمد ما خلقت آدم ولا الجنة ولا النار). حاکم ڕیوایەتی کردووە له (المستدرك)(ب٢/ل٦١٥)، وە حاکم ئەفەرمووێ: "سەنەدەکەی صەحیحە". وە شێخی خۆیشی کە ئیمامی بولقینیە لە فەتاواکەی خۆی بە صەحیحی داناوە، وە ئیبن و لجەوزیش لە سەرەتای کتێبەکەی خۆی (الوفا) ڕیوایەتی کردووە. وە ئیبن و کەثیریش سەبارەت بە ڕیوایەتەکەی یەکەم لە بەیهەقیەوە نەقڵی

کردووه له (البداية النهاية)(ب١/ل٨١) ط. مكتبة المعارف. که فەرموویەتی: "عبد الرحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم لەو ڕێگایەوە تەفەڕڕدووی کردووەو زەعیفە والله أعلم". شێخمان ئیبن و حەجەریش هەمان وتەکەی بەیهەقی نەقڵ کردووە کەوا زەعیفە. بڕوانە: (إتحاف المهرة)(ب١٢/٩٧). وە لە (النكت على كتاب إبن صلاح)(ل٣١٨) ئەفەرمووێ: "یەکێ لە شتە عەجیبەکان کە لە حاکمدا ڕوویداوە ئەوەیە ئەو لە عبد الرحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە ڕیوایەتی کردووە دواتر قسەکانی سەرەوەی حاکمی نەقڵ کردووە، کەچی لەگەڵ ئەوەش لەکتێبەکەی خۆی کە لەگەڵ زەعیفەکاندا کۆی کردووەتەوە ئەڵێ: عبد الرحمانی کوڕی زەید فەرموودەیانێکی لە باوکیەوە ڕیوایەتکردووە بە هەڵبەستراوی، کە ون نابێ لەوانەی کە تێڕائەمێنن لە ئەهلی صەنعەتی (فەرموودە)، وە لە کۆتایی کتێبەکەش ئەڵێ: ئەمانەی کە باسم کردن جەڕحەکەیان لام دەرکەوتووە، لەبەرئەوەی جەرحکردن بە حەڵاڵی دانانێم بە تەقلیدکردن". جا بەپێی جەڕح و تەعدیل ئەو فەرموودەیە هەڵبەستراو نیە، وە لەسەر وتەی هەر سێ حافیزی فەرموودەناس بەیهەقی و ئیبن و کەثیرو ئیبن و حەجەر زەعیفە، جا بە پێی ئەو سێ بۆچوونە فەرموودەی زەعیفیش کاری پێ ئەکرێ بە یەکدەنگی زانا حافیزەکان هەروەك ئیمامی نەوەوی لە پێشەکی (أربعين النووي) وا ئەفەرمووێ، وە بۆ زانیاریشتان تەوەسسول بابەتێکی ئوصوڵی نیە واتە عەقیدەیی بە یەکدەنگی زانایان، بەڵکوو بابەتێکی فیقهیە.

هەر سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی ئەو فەرموودەیە سوودێکم لە لێکۆڵینەوەیەکی شێخ أحمد عبد الكريم ئەزهەری وەرگرت کە ئەمەی خوارەیەوە:

سەبارەت بە عبد الرحمانی کوڕی زەید ئەگەر فەرموودەی هەڵبەستراو بایە ئیمامی ئەحمەد چۆن لە موسنەدەکەی خۆی ڕیوایەتی لێوە ئەکرد کە موسنەدەکەی بەوە مەشهورە فەرموودەی هەڵبەستراوی تێدا نیە، وە ئیبن و تەیمیە ڕیوایەتێکی صەحیحی لە ئیبن و جەوزیەوە نەقڵ کردووە لە (الوفا بفضائل المصطفى) لە ڕێگەی ئیبن و بیشرانەوە کە وەکوو شاهێدەکە بۆ ئەو ڕیوایەتە، ئەمەش فەرموودەکە بەرز ئەکاتەوە بۆ حەسەنێتی بە غەیری خۆی، وە کاریشی پێ ئەکرێ. بڕوانە: (مجموع الفتاوى)(ب٢/ل١٥٩). وە ئیمامی تقی الدینی حوصەنی دیمەشقی ئەو فەرموودەی سەرەوەی بە صەحیح داناوە، وە سیوتیش بە صەحیحی داناوە لە (الخصائص النبویه)(ل٤٩). وە ئەم بەسەرهاتە ئەبو لحەسەن عەلی کوڕی فەهر لە کتێبی (فضائل مالك) ڕیوایەتی کردووە، وە قازی عیازیش ڕیوایەتی کردووە لە (الشفا) بە سەنەدی خۆی خۆی بە صەحیحی لە شێخەکانێك کە جێگای متمانەن لای قازی عیاز. وە خەفاجیش لە شەرحەکەی (ب٣/ل٣٩٨) ئەفەرمووێ: "بە سەنەدێکی صەحیح ڕیوایەتی کردووە، وە باسی ئەوەیشی کردووە کە لە کۆمەڵێك مەشایخی باوەڕپێکراوەوە ئەو ڕیوایەتەی پێگەیشتووە". وە ئیمام محمدی کوڕی یوسفی صالحی شامی لە (سبل الهدى والرشاد): "ئیبن و لجەوزی بە سەنەدێکی جەید کە خراپ نیە ڕیوایەتی کردووە لە مەیسەرەوە ڕەزای خوای لێ بێ، کە ئەفەرمووێ: بە پێغەمبەری خوا گوت صلى الله علیه وسلم، کەی تۆ بووی بە پێغەمبەر؟ فەرمووی: لەو کاتەی کە زەوی دروستکردو خواستی ئاسمانی کردو حەوت ئاسمان و عەرشی دروستکرد، وە لە پایەکی عەرشەکەی نوسیویەتی: محمد رسول الله کۆتایی پێغەمبەرانە، وە بەهەشتیشی دروستکرد کە ئادەم و حەووای تێدا حەواندەوە، وە ناوی منی لەسەر گەڵاکان و دەرگاکان و گومەزەکان و ڕەشماڵەکان نوسی، وە ئادەمیش لەو کاتەدا لە نێوان ڕووح و جەستەدا بوو، جا کاتێ

گێڕدراوەتەوە ڕەزای خوای لێ بێ ئەویش خۆشەویستمانەوە کەوا فەرمووی: لەو کاتەی کە ئادەم سەرپێچی فەرمانی خوای گەورەی کرد، گوتی: خودایە داوات لێ ئەکەم بە حەقی محمد کە لێم خۆش بێ، ئەویش فەرمووی: چۆن محمدت ناسی کە هێشتان دروستم نەکردووە؟ ئادەمیش گوتی: لەوکاتەی کە منت دروستکردو لە ڕووحی خۆشت بە بەرتدا کردم سەرم بەرزکردەوە بینیم لەسەر کۆڵەگەکانی عەرش نوسرابوو (لا إله إلا الله محمد رسول الله)، ئیتر لەوەوە زانیم کە تۆ ناوی هیچ کەسێك لەگەڵ ناوی خۆت نزیك ناکەیتەوە ئیللا خۆشەویسترین کەس نەبێ، خوای گەورەش فەرمووی: ڕاستت کرد ئەی ئادەم محمد صلی الله علیه وسلم خۆشەویسترین دروستکراوی منە، بۆیە تۆش بپاڕێوە بە حەقی ئەو لەمن ئەوە لێت خۆش بووم، ئەگەر لەبەر محمدیش نەبایە ئەوە تۆم دروست نە ئەکرد.

---

ژیانی بەبەردا کرد سەیری عەرشی کردو ناوی منی بینی، خوای گەورەش هەواڵی پێدا کە گەورەترین ڕۆڵەی ئادەمە، بۆیە کاتێ شەیتان تووشی گوناهەکەی کردن ئەوە تەوبەی کردو شەفاعەتی بەناوی من کرد". جا بەسەرهاتەکەی ئیمامی مالیکیش هەر هەمان ئەسڵە ئەگەر لای ئەمان دروست نەبایە چۆن ئەم کارەیان ئەکرد. هەر بۆیەش ئەوانەی بە هەڵبەستراوی دادەنێن ئیعتیبار بۆ وتەکەیان ناکرێ چونکە لە لێکۆڵینەوەکەیان کورتیان هێناوەو لە ڕوانگەی یەك ڕیوایەتەوە حوکمەکەیان داوە. وە ئەبو نوعەیمیش لە (کتاب دلائل النبوه) بەسەنەدی خۆی ڕیوایەتێکی تری هێناوە. هەر بۆیەش ئەگەر کەمترین حوکم لەبارەی ئەو فەرموودەوە بدرێ ئەوە حەسەنیەتە بە غەیری خۆی نەك هەڵبەستراوێتی.

وە ئیمامی نەوەویش لە ڕوونکردنەوەی ئادابەکانی زیارەتی گۆڕی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەفەرمووێ: "پاشان کەسی زیارەتکەر ئەگەڕێتەوە شوێنی وەستانی بەردەم ڕووی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم، وە تەوەسسولی پێ ئەکات و داوای شەفاعەتی لێ ئەکات بۆ لای پەروەردگاری، وە چاکترین وتەیەکیش کە کەسی زیارەتکەر بیڵێ ئەوە هەروەکوو ماوەردی و قازی ئەبو طەییب و گشت هاوەڵەکانمان ئەیگێڕنەوە لە عیتبییەوە ئەمەش لەبەر بەچاك زانینیان بۆی، کە فەرموویەتی: لە لای گۆڕی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دانیشتبووم، پیاوێکی دەشتەکی هات و فەرمووی: سەلامی خوات لێ بێت ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم، گوێم لە خوای گەورە بووە کەوا ئەفەرمووێ: ﴿وَلَوۡ أَنَّهُمۡ إِذ ظَّلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ جَآءُوكَ فَٱسۡتَغۡفَرُواْ ٱللَّهَ وَٱسۡتَغۡفَرَ لَهُمُ ٱلرَّسُولُ لَوَجَدُواْ ٱللَّهَ تَوَّابًا رَّحِيمًا﴾[٣٠٠] واتە: (ئەگەر ئیمانداران و غەیری ئەمانیش ستەمیان لە نەفسی خۆیان کرد بە گوناهو تاوان یاخود بە کوفر جا هاتنە لای تۆ ئەی محمد صلی الله علیه وسلم وە داوای لێبوردنیان لە خوای گەورە کرد بۆ گوناهەکانیان، وە تۆش داوای لێبوردنت بۆیان کرد، ئەوە خوای گەورە تەوبەکەیان لێ قەبوڵ ئەکات، چونکە خوای گەورە زۆر تەوبە وەرگرو

---

[٣٠٠] سورة النساء: ٦٤.

میهرەبان و بەسۆزە). ئەوە هاتووم بۆ داوای لێ خۆشوون لە گوناهەکانم، وە ئێوە بکەمە تکاکار لای پەروەردگارم، دواتر ئەم بەیتە شیعریەی خوێندەوە:

يَا خَيْرَ مَنْ دُفِنَتْ بِالْقَاعِ أَعْظُمُهْ ....... فَطَابَ مِنْ طِيبِهِنَّ القَاعُ وَالأَكَمُ

نَفْسِي الفِدَاءُ لِقَبْرٍ أَنْتَ سَاكِنُهْ ....... فِيهِ العَفَافُ وَفِيهِ وَالجُودُ وَالكَرَمُ

ئەی چاکترین کەس لەو جێ یە مەزنە کە خەوێنراوی..خاك و خۆڵی ئەو جێ یە بۆن خۆش بوون لەگەڵ هێنراوی...ڕۆحم فیدای ئەو گۆڕە بێ کە تۆ تێیدا ساکینی...پاك و بەخشندەو خاوەن میهرەبان وا نەخشێنراوی.

پاشان دەشتەکیەکە ڕۆیشت، منیش خەو زۆری پێ هێنام و خەوتم، ئەوەبوو پێغەمبەری خوام صلى الله عليه وسلم لە خەوا بینی و فەرمووی: ئەی عیتبی خۆت بگەیێنە بەو دەشتەکیەو موژدەی پێ بدە کەوا خوای گەورە لێی خۆش بوو)[٣٠١].

خۆشەویستان ئەوەتا ئیمامی قورتوبی و غەیری ئەویش ڕەزای خوایان لێ بێ لە تەفسیری ئەم ئایەتە ﴿وَلَوۡ أَنَّهُمۡ إِذ ظَّلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ جَآءُوكَ

---

[٣٠١] (تفسير ابن كثير)(ب٢_ل٣٤٨) سورة النساء: ٦٤.

﴿فَٱسۡتَغۡفَرُواْ ٱللَّهَ وَٱسۡتَغۡفَرَ لَهُمُ ٱلرَّسُولُ لَوَجَدُواْ ٱللَّهَ تَوَّابًا رَّحِيمًا﴾[٣٠٢] واته: (ئەگەر ئیمانداران و غەیری ئەمانیش ستەمیان لە نەفسی خۆیان کرد بە گوناهو تاوان یاخود بە کوفر جا هاتنە لای تۆ ئەی محمد صلی الله علیه وسلم وە داوای لێبوردنیان لە خوای گەورە کرد بۆ گوناهەکانیان، وە تۆش داوای لێبوردنت بۆیان کرد، ئەوە خوای گەورە تەوبەکەیان لێ قەبوڵ ئەکات، چونکە خوای گەورە زۆر تەوبە وەرگرو میهرەبان و بەسۆزە).، ئەم چیرۆکەیان گێڕاوەتەوە کە ئەبو صادق لە ئیمامی عەلیەوە (کرم الله وجهه) ڕیوایەتی کردووەو ئیمام فەرموویەتی: (سێ ڕۆژ دوای ئەوەی کە پێغەمبەری خوامان ناشت صلی الله علیه وسلم، کەسێکی دەشتەکی هاتە لامان و خۆی هەڵدایە سەرگۆڕی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم، وە خۆڵی سەرگۆڕی پیرۆزی بەسەر خۆی دا ئەکرد، وە فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ئێوە فەرمووتان و ئێمەش گوێبیستی بووین، ئێوە لە خواوە گوێبیست بوون و ئێمەش لە ئێوەوە، ئەوەتا خوای گەورە ئەم ئایەتەی بەسەر ئێوەدا دابەزاندووە کە ئەفەرمووێت: ﴿وَلَوۡ أَنَّهُمۡ إِذ ظَّلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ جَآءُوكَ فَٱسۡتَغۡفَرُواْ ٱللَّهَ وَٱسۡتَغۡفَرَ لَهُمُ ٱلرَّسُولُ لَوَجَدُواْ ٱللَّهَ تَوَّابًا رَّحِيمًا﴾، جا من ستەمم لە نەفسی خۆم کردووە، ئەوە هاتووم بۆ لای ئێوە تا داوای لێ

---

[٣٠٢] سورة النساء: ٦٤.

خۆشبوونم بۆ بکەی. ئەوەبوو لە گۆڕەکەی پیرۆزیەوە دەنگێك بیستراو فەرمووی: خوای گەورە لەو کەسە خۆش بوو)[٣٠٣].

وە سوڵتانی زاناکان عزی کوڕی عبد السلام ئەفەرمووێت: "ئەم تەوەسسولە پێویستە کورت بکرێتەوە لەسەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم چونکە گەورەی نەوەی ئادەمە، وە سوێند بەسەر خوایە نەخوا بە غەیری ئەو نەبێ واتە: سەروەرمان لە پەیامبەرەکان و فریشتەکان و ئەولیاکان لەبەر ئەوەی ئەوان لەپلەی ئەو نین، وە ئەبێ تایبەت بکرێت بۆ ئاگادارکردنەوە لەسەر پلەوپایەکەی (مەبەستی ئەوەیە ئەو کەسەی کەوا تەوەسوول ئەکات با تەوەسسول بە پێغەمبەر بکات چونکە لە هەمووان پلەی بەرزترە، ئەمما بۆ ئەوەکانی تریش ئەویش پێی دروستە).

وە ئیمامی سبوکی ئەفەرمووێت: "تەوەسسول و (ئیستیغاثة) واتە داوای کۆمەکی و داوای شەفاعەتکردن بە پێغەمبەر بە چاك دائەنرێت بۆ

---

[٣٠٣] ئەم ڕیواتە ئیبن و عبد البر لە (بهجة المجالس)(ب٣_ل٢٧٥). هێناویەتی جگە لە وتەی (دەنگێگ لە گۆڕەکەیەوە). وە ئیمامی نەوەویش لە (المجموع شرح المهذب)(ب٨_ل٢١٧) هێناویەتی. وە ئەبو صادقی ئەزدی کوفیە، وە گوتراوە: ناوی موسلیمی کوڕی زەیدە، وە گوتراویشە: عبد الله کوڕی ناجیذەیە، کەسێکی ڕاستگۆیە، وە فەرموودەکانیشی لە ئیمام عەلیەوە بە مورسەلی ڕیوایەت کراوە. بڕوانە: (حاشیة جامع الأحکام للقرطبِي بتحقيق الدكتور عبد الله بن عبد المحسن التركي )(ب٦_ل٤٣٩).

لای خوای مەزن"[٣٠٤]. ئەمانە وتەکانی مالیکیەکان و شافعیەکان بوو لەسەر دروستێتی تەوەسسول بە پێغەمبەر لە کاتی ژیانی و وەفاتی.

وە هەرچی حەنبەلیەکانە ئەوە ئیبن و قودامەی مەقدیسی لە (مغني) دوای ئەوەی بەسەرهاتەکەی عیتبی لەگەڵ دەشتەکیەکە ئەهێنێ و ئەفەرمووێت: "سوننەتە بۆ ئەو کەسەی کەوا ئەچێتە مزگەوت پێی ڕاستەی پێش بخات.....، تا ئەفەرموێت: پاشان دێتە لای گۆڕەکەو ئەڵێ: ئەوە هاتووم بۆ داوای لێ خۆشبوون لە گوناهەکانم، وە ئێوە بکەمە تکاکار لای پەروەردگارم..." وە هاوێنەی ئەوەش لە (الشرح الكبير) هاتووە[٣٠٥].

هەرچی حەنەفیەکانیشە ئەوە زانا پاشینەکانیان دروستیەتی تەوەسسول بە پێغەمبەریان ڕوون کردووەتەوە یەکێك لەوانە شێخ کەمالی کوڕی هومامە لە کتێبی فتح القدير)دا ئەفەرمووێت: "پاشان لە شوێنی وەستانەکەی ئەڵێ: (سەلامی خوات لێ بێ ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله

---

[٣٠٤] المجموع ٨ / ٢٧٤، وفيض القدير ٢ / ١٣٤ - ١٣٥، وإعانة الطالبين ٢ / ٣١، ومقدمة التجريد الصريح بتحقيق الدكتور مصطفى ديب البغاص.

[٣٠٥] بڕوانە: (كشاف القناع)(ب٢/ل٦٨). (المبدع)(ب٢/ل٢٠٤). (الفروع)(ب٢/١٥٩). (المغني مع الشرح)(ب٣/ل٥٨٨). (الشرح الكبير مع المغني)(ب٣/ل٤٩٤-٤٩٥). (الإنصاف)(ب٢/ل٤٥٦).

علیە وسلم.... ئینجا حاجات و پێویستیەكانی خۆی لەخوای گەورە بەخاتری پێغەمبەرەكەی داوا ئەكات".

هەروەها لە كاتی زیارەتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەمە ئەگوترێ هەروەك خاوەنی كتێبی (الإختیار) ئەفەرمووێ: "لە وڵاتێكی دوورەوە هاتوین .... بۆ ئەوەی شەفاعەتمان بۆ بكەی لەلای پەوەردگارمانەوە.... پاشان ئەڵێ: پێغەمبەرەكەی تۆمان كردووەتەوە شەفاعەت و تكاكار لەلای تۆ ئەی پەروەردگار.

وە هەروەها وێنەی ئەم وتانەش لەم كتێبانەیاندا هاتووە.

وتەی ئەم زانایانە لە كاتی زیارەتی گۆڕی پێغەمبەر ئەوەیە: "خودایە .... گوێبیستی وتەی تۆ بوین و هاتووینەتە لای تۆ، وە گوێڕایەڵی فەرمانی تۆین، پێغەمبەرەكەی تۆمان كردووەتە تكاكار لەلای تۆ"[٣٠٦].

---

[٣٠٦] بڕوانە: (الاختیار)(ب١/١٧٤-١٧٥). (فتح القدیر)(ب٢/ل٣٣٧). (مراقي الفلاح بحاشیة الطحاوي)(ل٤٠٧). (حاشیة الطحاوي علی الدر المختار)(ب١/ل٥٦٢). (الفتاوی الهندیة)(ب١/ل٢٦٦). (تحفة الأحوذي)(ب١٠/ل٣٤). (تحفة الذاكرین للشوكاني)(ل٣٧).

## نیشانەکانی قیامەت

**وما أخبر به النبِي عليه الصلاة والسلام من أشراط الساعة من خروج الدجال ودابة الأرض ويأجوج ومأجوج ونـزول عيسى عليه السلام من المساء وطلوع الشمس من مغربها فهو حق.**

ئەوەیشی کە پێغەمبەر صلی اللّٰه علیه وسلم هەواڵی لەبارەی نیشانەکانی قیامەتداوە هەمووی حەقە وەکوو دەرچوونی دەججال و داببە لە زەوی و، یەئجوج و مەئجوج و، دابەزینی عیسا سەلامی لەسەر بێ لە ئێوارەو هەڵاتنی خۆر لە خۆر ئاوابوونەوە.

ئەم هەواڵانە هەمووی موتەواتیرن بۆیە ئەوەی بڕوای پێ نەبێ لە کافرێتیەوە نزیکە نەك لە ئەهلی ئیمان.

**(عن حذيفة رضبى الله عنه قال: قال النبِي صلى الله عليه وسلم في الساعة، إنها لن تقوم حتى تروا قبلها عشر آيات: فذكر الدخان، والدجال، والدابة، وطلوع الشمس من مغربها، ونزول عيسى ابن مريم عليه السلام، ويأجوج ومأجوج، وثلاثة خسوف: خسف بالمشرق، وخسف بالمغرب، وخسف بجزيرة العرب، وآخر ذلك نار تخرج من اليمن تطرد الناس إلى محشرهم).**

لە خوزەیفەوە ڕەزای خوای لێ بێ گێڕدراوەتەوە کەوا پێغەمبەرمان صلی اللّٰه علیه وسلم لەبارەی نیشانەکانی هاتنی قیامەتەوە فەرمووی: دونیا وێران نابێ تا دە نیشانە ئەبینن پێش وێرانبوون:

١ـ دوکەڵێك دێ هەموو دونیا ئەگرێتەوە تا ماوەی چل ڕۆژان.

٢ـ هاتنی دەجال کە پیاوێکی کافرو فێڵبازو سیحربازە، چاوی ڕاستەی کوێرەو ئەڵێ: من خوامە، ماوەی چل ڕۆژان لەسەر زەوی ئەمێنێتەوە، جگە لە مەککەو مەدینە ئەچێتە هەموو شوێنێك، دواتر حەزرەتی عیسا دێتە خوارەوە ئەیکوژێ.

تێبینی: کەسانێك پەیدابوونە گوایە دەجال ئیبلیسە واتە: ئیبلیس خۆی ئەخاتە سەر ئەو شێوەو ڕۆڵی دەجال ئەگێڕێ، ئەمەش هەڵەیە.

٣ـ هاتنی (دابة الأرض) کە جۆرە ئاژەڵێکە لە مەککە دەرئەکەوێ، دار عەسای موسا پێغەمبەرو ئەنگوستیلەی سلێمان پێغەمبەری پێیە سەلامی خوایان لەسەر بێ، موسڵمان و کافرەکان نیشانە ئەکات.

٤ـ گەڕانەوەی ڕۆژ لە لای ڕۆژ ئاوا.

جا بزانە: بە هاتنی (دابة الأرض) یان بە گەڕانەوەی ڕۆژ دەرگای تەوبە دائەخرێت و کافریش ئیسلامبوونی لێ وەرناگیرێ.

٥ـ هاتنە خوارەوەی حەزرەتی عیسایە سەلامی لەسەر بێ، ماوەی چل ساڵ ئەمێنێتەوەو بە شەریعەتی ئیسلام ڕەفتار ئەکات، هەر کە هاتە خوارەوە دەجال ئەکوژێ.

**٦ـ هاتنی یەئجوج و مەئجوجە، ئەویش چینە خەڵکێنن دونیا داگیر ئەکەن و برسیەتی بڵاو ئەبێتەوە، ئینجا حەزرەتی عیسا دوعا ئەکاو خوای گەورە لە ناویان ئەبات.**

**٩,٨,٧ـ سێ ڕۆچوون ڕوو ئەدات یەکەم: لە ڕۆژهەڵات، دووەم: لە ڕۆژئاوا، سێیەم: لە دورگەی عەرەبی[٣٠٧].**

**١٠ـ کۆتایی ئەم نیشانانە ئاگرێك لە لای یەمەن هەڵئەگیرسێ و خەڵکی ڕاو ئەنێ تا لە شوێنێك کۆیان ئەکاتەوە.**

---

[٣٠٧] شەڕحی ئەم فەرموودەیەم لە وەرگێڕانەکەمدا (فیتنەکانی ڕۆژگار) بە جوانی باس لێوە کردووە دەتوانن سەیری بکەن.

## موجتەهید

**والمجتهد قد يخطئ ويصيب.**

بێگومان زانا موجتەهیدە گەورەکان ئیجتیهاد ئەکەن لە بابەتە شەرعیەکان جا ئەو ئیجتیهادەیان یان هەڵەیە یانیش پێکاو و صەواب، جا ئەگەر صەواب بێ دوو پاداشتی بۆ ئەنوسرێ، وە ئەگەریش هەڵە بێ ئەوە یەکی بۆ دەنوسرێ.

**مرۆڤ گەورەترە یان فریشتە**

**ورسل البشر أفضل من رسل الملائكة، ورسل الملائكة أفضل من عامة البشر، وعامة البشر أفضل من عامة الملائكة.**

وە ئەو مرۆڤانەی کە لە نێو مرۆڤایەتیدا نێردراون گەورەترن لەو فریشتانەی کە نێردراوی خوان بۆ لای پێغەمبەران، وە نێردراوە فریشتەییەکانیش گەورەترن لە گشت مرۆڤەکان، وە گشت مرۆڤەکانیش گەورەترن لە گشت فریشتەکان.

ئیمامی تەفتازانی ئەفەرمووێ: "ئەمما بە گەورەزانینی نێردراوە فریشتەییەکان بەسەر تێکڕای بەشەر ئەوە بە یەکدەنگیە، بەڵکوو بە زەڕوڕەتە"[٣٠٨]. بەڵگەکانیشی هەمووی هێناوەو بۆچوونە خیلافیەکانیشی هێناوە ئێمە ئەوەندەمان هێنا کافیە بۆ ئەو مەقامە.

---

[٣٠٨] (مجموعة العقائد النسفية)(ل٦٢٨).

## کۆتایی

**تمت العقائد النسفية، والحمد لله رب العالمين.**

کۆتایی بە شەڕحی عەقائیدی نەسەفی هات، سوپاس بۆ خوای هەموو جیهانیان.

## پاشكۆی عەقیدە

**هەڵەی دابەشكردنی تەوحید بۆ ڕبوبیەت و ئولوهیەت و ئەسمائو سیفات.**

دابەشكردنی تەوحید بۆ ئەم سێ چەمكە بە یەكدەنگی زانایانی ئەهلی سونەت بیدعەیەو تەكفیری موسڵمانانی لەسەر بونیاتنراوە، هەر بۆیەش لەوەوە زۆر كەس ئەو جورئەتە بكەن بڵێن: ئەوەی ئێوە بڕواتان پێی هەیە موشریكەكانی عەڕەبیش بڕوایان پێی هەیە، ئەوان هاواری بتەكانیان ئەكرد ئێوەش هاواری پێغەمبەرو پیاوچاكان ئەكەن، وە هەندێكیان جورئەتەكەی ئەوەندە زۆرە كە بڵێتن: ئەبو جەهل لە ئێوە ئیماندارتر بووە، ئەمە بەڕاستی لوتكەی تیرۆرو حەڵاڵ كردنی خوێنی موسڵمانانی تێدایە، بۆ زانیاریشت لە هەر سێ سەدەكە ئەو دابەشەكردنە نەبووە، وە هەر وتەیەكی ئولوهیەت و ڕبوبیەت باسكرابێ لای هەندێك لە سەلەف ئەوە بەیەك مانابووە لایان نەك دابەشیان كردبێ، وە زانایانی پاشینەش نەیان كردووە هەتا ئەو نەهات، جا هەندێ لەو زانا پاشینانە پێیان وایە كەوا چەمكی ڕبوبیەت تەنها بۆ خالقیەتی خودا بەكارهاتووە لە قوڕئان و سوننەتدا واتە: هەركاتێ گوترا ڕبوبیەتی خودا ئەوە مانای بەدیهێنەرێتی خودا ئەدات، وە هەركاتێكیش ناوی إله وە ئولوهیەت هات ئەوە مانای پەرستن و هاواركردن و داواكردن و پەرسشتەكان دێ، وە ئەسماء و سیفاتە خەبەریەكانیش هەمووی جێگیر كردووە بۆ خودا هەر لە دەست و پەنجەو چاوو قاچ و شوێن و سنوورو بەرزی

لەسەر عەرش و بەریەککەوتنی لەگەڵ عەرش و لە ناو ئاسمان و دابەزینی بۆ ناو ئاسمانی بۆ خودا چەسپاندووە کە ئەڵێ ئەمانە عەینی سیفاتن واتە: ئەندام و جەوارحن و سیفەتی حەقیقی خودان بەس هەمووی لە خودا بووەشێتەوە، ئێمەش لەسەرەتا پووچی ئەم تەجسیمەمان ڕوونکردەوەو دووبارە ناگەڕێینەوە سەری، بەس تیشك ئەخەینە سەر دوو بەشەکەی یەکەم، چونکە لای ئەو ئەبێ لەو سێ فلتەرە بڕوات ئەوجا ئەبێتە ئیماندار، وە لەم سەردەمە تەکفیریەکان فلتەری چوارەمیشیان دانا کە حاکمیەتە وەك لە ڕابووردوودا باسمان لێوە کرد، با سەرەتا بەڵگەکانی بێنین ئینجا هەڵەکانی بۆ ڕاست ئەکەینەوە.

یەکەم: بۆ ڕبوبیەت

١ـ ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۚ قُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٢٥﴾﴾[٣٠٩]، واتە: ئەگەر لێیان بپرسی کێ ئاسمانەکان و زەوی دروستکردووە؟ ئەڵێن: خودا، تۆیش بڵێ: حەمدو سەنا بۆ خوا کەوا قسەتان نەماو دانتان بەو ڕاستیەدا نا، بەڵام ئەمانە بەشی زۆریان نازانن کەوا قسەیان نەماو بەداوی قسەی خۆیانەوە بوون.

---

[٣٠٩] سورة لقمان: ٢٥

٢ـ ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۚ قُلْ أَفَرَءَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ إِنْ أَرَادَنِيَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ هَلْ هُنَّ كَٰشِفَٰتُ ضُرِّهِۦٓ أَوْ أَرَادَنِى بِرَحْمَةٍ هَلْ هُنَّ مُمْسِكَٰتُ رَحْمَتِهِۦ ۚ قُلْ حَسْبِىَ ٱللَّهُ ۖ عَلَيْهِ يَتَوَكَّلُ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ ﴿٣٨﴾﴾[٣١٠]، واته: ئەگەر تۆ پرسیاریان لێ بکەی کێ ئاسمانەکان و زەوی دروستکردووە بە جەختەوە ئەڵێن: خودا. دەی تۆ پێیان بڵێ: دیتتان ئەوانەی کە ئێوە هاواریان لێ ئەکەن و لێیان ئەپاڕێنەوەو هاوار ناکەنە خواو لێی ناپاڕێنەوە، ئەگەر خوا بیەوێ زیانێ بە من بگەیەنێ ئەوان ئەو زیانەم لەسەر لا ئەبەن، یا ئەگەر بیەوێ ڕەحمەتێکم بەسەردا بڕژێنێ ئەوان ئەتوانن ئەو ڕەحمەتەی خوام لێ بگرنەوە؟ تۆ بڵێ: من خوام بە تەنها خۆی بەسە، کەواتە با هەرکەسێ ئەیەوێ بە یەکێ پشت ئەستوور بێ، بەو خوایە پشت ئەستوور بێ. تەبەری ئەفەرمووێ: "ئەی محمد صلی الله علیه وسلم ئەگەر پرسیارت کرد لەو موشریکانەی قەومەکەت کە هاوبەشیان بۆ خودا پەیدا کردووە (من خلق السماوات والأرض ليقولن الله، قل الحمد لله)، خوای گەورە ئەمەی بۆ پێغەمبەرەکەی خۆی محمد باسکردووە صلی الله علیه وسلم، جا ئەگەر گوتیان: الله بە دیهێنەری ئاسمانەکان و زەویە تۆش بڵێ: سوپاس بۆ ئەو کەسەی کە ئەوەی دروستکردووە، نەك بۆ کەسێ کە هیچ

[٣١٠] سورة الزمر: ٣٨

شتیٚ دروست ناکات و خۆشیان دروست ئەکریٚن، بەڵکوو زۆرینەی ئەو موشریکانە نازانن حەمدو سوپاس بۆ کیٚ یە!"[311].

٣ـ ﴿وَلَئِن سَأَلۡتَهُم مَّنۡ خَلَقَهُمۡ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُۖ فَأَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ ﴿٨٧﴾﴾[312]، واتە: ئەم هاوبەش بۆ خوادانەرانەی هاوار ئەکەنە بت و ئەیپەرستن، ئەگەر لیٚیان بپرسی کیٚ دروستی کردوون؟ لە وەڵامدا ئەڵیٚن: خوا. کەواتە لیٚیان گەڕیٚ و وازیان لیٚ بهیٚنەو بانگیان مەکە بۆ ئیمان هیٚنان و پیٚیان بڵیٚ: ئاشتی و ئارامی و، نە من دەنگ و نە ئیٚوە دەنگ بیٚ لە نیٚوانماندا. بیٚگومان ئەوانە لەمەوپاش ئەزانن سەرەنجام چۆن ئەبیٚ و چی ڕووئەدات.

٤ـ ﴿قُلۡ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱلسَّبۡعِ وَرَبُّ ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡعَظِيمِ ﴿٨٦﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِۚ قُلۡ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٨٧﴾ قُلۡ مَنۢ بِيَدِهِۦ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيۡءٖ وَهُوَ يُجِيرُ وَلَا يُجَارُ عَلَيۡهِ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴿٨٨﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِۚ قُلۡ فَأَنَّىٰ تُسۡحَرُونَ ﴿٨٩﴾ بَلۡ أَتَيۡنَٰهُم بِٱلۡحَقِّ وَإِنَّهُمۡ لَكَٰذِبُونَ ﴿٩٠﴾﴾، واتە: تۆ بڵیٚ: کیٚ خوای حەوت ئاسمانەکان و خوای عەرشی مەزنە؟ ئەڵیٚن: هی خوایە، بڵیٚ: کەواتە لەو خوایە ناترسن کە خاوەنی هەموو ئەوانەیە؟ بڵیٚ: ئەوە کیٚیە تەصەڕڕوف لە هەموو شتیٚکدا بکاو بە دەستی بیٚ، لە کاتیٚکدا خوای گەورە ئەتوانیٚ پەنای

---

[311] (تفسير الطبري)(ب٢٠/ل١٥١).

[312] سورة الزخرف: ٨٧

داماوان بداو هیچ کەسێکیش نیە پەنای ئەو بدات، ئەگەر ئەمانە ئەزانن؟ لە وەڵامدا ئەڵێن: هی خوایە. کەوایە بڵێ: چۆن وا جادووتان لێ ئەکرێ و عەقڵتان لێ ئەسەندرێ؟ بەڵکوو ئێمە بە ئایینی ڕاستەوە هاتووینەتە لای ئەوان و ئەوان بەڕاستی درۆزنن. لێرە سەیرکە خوای گەورە درۆزنێتی ئەمانەی خستە ڕوو کە بەزمان دانیان بە خودایەتی خودا نا کە ئاسمانەکان و زەوی دروستکردووەو هەموو شتێك بەدەست ئەوە کەچی خوای گەورە درۆزنێتی ئەم وتەیانی خستە ڕوو فەرمووی: درۆ ئەکەن. جا ئایەتێك هەر لە دوای ئەو ئایەتانەوە ڕاستەوخۆ دێ کە پەیوەندی بەو باسەوە هەیە بەس جارێ نایهێنم.

دووەم: ئولوهیەت

ئایەت زۆرە ئێمە چەند ئایەتێك ئەهێنین کافیە.

١ـ ﴿وَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ ۖ لَّا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الرَّحْمَٰنُ الرَّحِيمُ ﴿١٦٣﴾﴾[٣١٣]، بە تەفسیری ئەوان واتە: پەرستراو واتە: پەرستراوی ئێوە تەنیا یەك پەرستراوە، هیچ پەرستراوێك بە حەق نیە جگە لە ڕەحمان و ڕەحیم نەبێ کە خودایە. ئەمما ئەم تەفسیرە ڕاست نیە، چونکە نەفی ڕبوبیەتی تێدا نیە، واتە: ئەکرێ کابرا بڕوای بەوە هەبێ کە هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە الله نەبێ ئەمما لە

---

[٣١٣] سورة البقرة: ١٦٣

هەمان کاتیشدا ئاساییە بڕوای بە فرەیی خودای تر هەبێ لەگەڵ خودایە بەس لەناو ئەو خودایانە تەنیا الله شایستەی پەرستنە. بۆیە ئەم جۆرە ئەم دابەشکردنە زۆر ترسناکە. وە ئەگەر بە خوداش تەفسیری بکەن ئەو کاتە دابەشکردنەکەیان هەڵئەوشێتەوە.

٢ـ ﴿فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ ﴿١٩﴾﴾[٣١٤]، هەمان تەفسیری سەرەوەی بۆ ئەکرێ بە تەفسیری ئەوان: کە هیچ مەعبوودێکی بەحەق نیە جگە لە الله نەبێ. بە تەفسیری ئەهلی سوننەش کە گشتگیرە ئەڵێن: هیچ خودایەك نیە بە حەق کە شایستەی پەرستن بێ جگە لە الله، چونکە لەفزی خودا گشتگیرەو موڕادیفی الله یە لە زمانی کوردیدا. بۆیە کە ئەگوترێ خودا ئەوە مەبەست پێی گشتیە هەم بەدیهێنەرەو پەرستراوەو زاتێکە خاوەن دارای سیفاتی ڕەهایە، وە خودای درۆینەش زۆرن، لە دارو بەردو مرۆڤ و جن و شەیتانەکان، کە هەموویان باتڵن و هیچیان بە دەست نیە بۆ خۆیان چ جای ئەوەی بکرێنە خوداش.

وەڵامی ئەهلی سوننە:

نەخێر ئەو دابەشکردنەی ئێوە هیچ بنەمایەکی زانستی و شەرعی نیە بە پێی ئەو دەقانەی خوارەوە.

---

[٣١٤] سورة محمد: ١٩

١ـ ﴿مَا ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ مِن وَلَدٍ وَمَا كَانَ مَعَهُۥ مِنْ إِلَٰهٍۚ إِذًا لَّذَهَبَ كُلُّ إِلَٰهِۭ بِمَا خَلَقَ وَلَعَلَا بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍۚ سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ ۝٩١﴾[٣١٥]، واته: خوا منالّی بۆ خۆی بڕیارنەداوەو داینەناوە وە هیچ خوایەکیشی لەگەڵ نەبووە، چونکە ئەگەر لەگەڵی بایە ئەوە هەر خودایەك ئەوەی بۆ خۆی دروستی ئەکردو ئەیبردو ئەیکردە بەشی خۆی، وە هەروەها هەندێکیان بەسەر هەندێکیاندا زاڵ ئەبوون، پاکی و بێگەردی بۆ خوای گەورە لەوەی کە ئەو بێ باوەڕانە وەصفی خوای پێ ئەکەن. سەیرکەن لێرە خودا دروستکردنی شتانی داوەتە پاڵ ئیلاهەکان واتە ئەگەر لەگەڵی هەبایە ئەوە هەر یەکەو شتی خۆی دروست ئەکرد، جا بە پێی ئەو ئایەتە دابەشکردنەکە پوچەڵ بوویەوە.

٢ـ ﴿لَّقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ ثَالِثُ ثَلَٰثَةٍۘ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّآ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌۚ ۝٧٣﴾[٣١٦]، واتە: بێگومان ئەوانە کوفریان کرد کە گوتیان: خودا یەکێکە لەو سیانە (باوك کوڕ ڕوحی پیرۆز)، سەیرکەن گاورەکان خوایان دابەش کردبوو بۆ سێ خودا: باوك کە خۆیەتی کوڕ کە عیسایە ڕوحی پیرۆزیش هەر خودایە تێکەڵ بە مەریەمە بووەو عیسا بەوەلد بووە، جا لێرەوەش کاروبارو تەدبیری کائینات لە ژێر تەصەڕوفی ئەو سیانەدایە ئەمانە چۆن لە ربوبیەت ئیماندار

315 سورة المؤمنون: ٩١

٣١٦ سورة المائدة: ٧٣

بووینە لەکاتێکدا خوایان دابەشکردووە؟! جا خودا ڕەددی دانەوەو فەرمووی: هیچ خودایەك نیە ئیللا خوایەکی تاك و تەنیا نەبێ، لێرەدە نەفی فرەیی خۆی و ئیسپاتی وەحدانیەتی خۆی کرد بەمەش ئیلاھ ھەم ربوبیەتە وەھەم ئولوھیەتە.

٣- ﴿يَٰصَٰحِبَيِ ٱلسِّجۡنِ ءَأَرۡبَابٞ مُّتَفَرِّقُونَ خَيۡرٌ أَمِ ٱللَّهُ ٱلۡوَٰحِدُ ٱلۡقَهَّارُ ٣٩﴾[٣١٧]، واتە: ئەی هاوڕێیانی بەندیخانەم ئایە چەند خودایەکی جیاواز چاکترن لە خوایەکی تاك و تەنهاو زاڵ کە الله یە؟!. سەیرکەن (أرباب) کۆی (رب) واتە خودایەکان، جا ئەمانەش خودای میسریەکانیان ئەپەرست و بڕوایان بە خودایەك نەبووە کە ناوی الله بێ، بەڵکوو چەند خوایەکیان هەبوو وەکوو ئامون کە بڕوای موتڵەقیان پێی هەبووە. ئەگەر وابوایە بڕوایان بەخودای ئێمە هەبووەو تەنیا لە پەرستن خوای تریان لەگەڵ بڕیارداوە ئەوە ڕاست نیە، وە ئەگەر گریمان ئەوەش ڕاست بێ ئەبوایە خودا لەو ئایەتە بیفەرمووبایە (أآلهة خير) نەك (أأرباب خير)، لێرەش دابەشکردنی تەوحیدمان بۆ ئەو سێیە پوچەڵ کردەوە.

---

[٣١٧] سورة يوسف: ٣٩

٤ـ ﴿لَوۡ كَانَ فِيهِمَآ ءَالِهَةٌ إِلَّا ٱللَّهُ لَفَسَدَتَاۚ فَسُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ رَبِّ ٱلۡعَرۡشِ عَمَّا يَصِفُونَ ٢٢﴾[318]، واته: ئەگەر بێت جگە لە خوای گەورە کە الله یە خودایانێکی تر هەبوونایە لە ئاسمانەکان و زەوی ئەوە ئاسمانەکان و زەوی تێك ئەچوون، چونکە هەریەکەیان تەدبیری بۆ شتێك ئەکرد، ئیتر لە دواجار ڕێك نە ئەکەوتن و تێك ئەچوو، جا پاکی بێگەردی بۆ خوای گەورە لەوەی کە بێ باوەڕەکان وەصفی خودای خاوەن عەڕشی پێ ئەکەن. سەیرکەن لێرە باسی ئیلاھ ئەکات ئەگەر لە ئاسمانەکان و زەوی هەبانە، جا هەر یەکەیان تەدبیری شتێکیان ئەکرد بۆ دروستکردن بۆیە لێرەدا ئیلاهو ڕەب یەك واتایان هەیە، هەم بەمانای ربوبیەت دێ، وە هەمیش بەمانای ئولوهیەتیش دێ، وە هەمیش بەمانای ئەسمائو سیفاتی دێ چونکە بێگومان ئەگەر زاتێك پێی بگوترێ خودا سیفەتانێکی هەر هەن نەك تۆ بێی خودا دابەش بکەی تا تەکفیری موسڵمانانی لەسەر دابمەزرێنی. ئیمامی تەبەڕی لە تەفسیری ئەم ئایەتە ئەفەرمووێ: "ئەگەر لە ئاسمانەکان و زەوی خودایانێك (ئالیهەتانێك) هەبوایە کە دەستیان بدایە بۆ پەرستش بێجگە لە خوای گەورە کە خۆی بەدیهێنەری هەموو شتەکانە، وە عیبادەت و ئولوهیەتیش هەر بۆ ئەوە، وە بۆ هیچ کەسێکی تر نیە جگە لەو نەبێ، (لفسدتا) ئەوە ئەهلی ئاسمانەکان و زەوی تێك ئەچوو، (فسبحان الله رب العرش عما یصفون) ئەمەش بە

---

[318] سورة الأنبیاء: ٢٢

پاككڕاگرتنی خوای گەورەو بێ بەری بوونیەتی لەوەی كە بوهتانی پێ ئەكرێ لە لایەن موشریكەكانەوە كە بەدرۆی ئەخەنەوە"[319]. سەیركە ئیمامی تەبەری چۆن لێكی داوەتەوەو باسی بەدیهێنەرێتی خوای كردووە. بێگومان یەك تەفسیری زانایان نیە كە لەسەلەف و لە خەلەف تەوحیدیان دابەش كردبێ، بۆیە لێرەش جیانەكراوەتەوە واتە: ئەگەر ڕەببانێك هەبوایە لە ئاسمانەكان و زەوی بەڵكوو بە ئالیهەی هێنا كە هەمان مانا بەدەستەوە ئەدا، وە لەكۆتاییەكەی خودا بەدرۆ خراوەتەوە لە لایەن موشریكەكانەوە كەواتە ئەوانە هەر بڕوایان بەخودا نەبووە. وە هەروەها ئیمامی بەغەوی شافیعیش ئەفەرمووێ: "مانای فەسادو تێكچوون لە ئاسمان و زەوی ئەوەیە ئەگەر دوو ئیلاهـ هەبوایە واتە: دوو خودا، ئەوە تێكچوون و فەسادی بەڕێوەبردن و نەبوونی ڕێك و پێكی لە كاروبارەكاندا ئەبوو بەهۆی كەوتنەوەی ناكۆكی و دژیەكی، وە خوای گەورەش خۆی بەپاككگرتووە لەوەی كە موشریكەكان وەصفی ئەكەن لە هاوبەشدانان و كوڕدانە پاڵی"[320]. لەمەوەوە دابەشكردنەكە پوچەڵ بوویەوە.

---

[319] (تفسير الطبري)(ب١٨/ل٤٢٥).
320

٥ـ ﴿۞ وَإِذۡ قَالَ إِبۡرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ ءَازَرَ أَتَتَّخِذُ أَصۡنَامًا ءَالِهَةً إِنِّيٓ أَرَىٰكَ وَقَوۡمَكَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ٧٤﴾[٣٢١]، واتە: یادی ئەوکاتە بکەوە کە ئیبڕاهیم بە ئازەری باوکی گوت: چۆن بتانێکی داتاشراو ئەکەنە خودایانێك تاوەکوو بیان پەرستن؟! بەڕاستی من تۆو قەومەکەت لەنێو گومڕاییەکی ئاشکرادا ئەبینم. بە قەتعی قەومی ئیبڕاهیم بڕوایان هەر بەخودا نەبووە، نەك بڕوایان بە پەرستنەکەی نەبووبێ نەخێر ئەتوانن بگەڕێنەوە بۆ مێژوو، جا لێرە ئالیهەی بەکار هێنا کە گشتگیرە واتە: چۆن ئەم خودا درۆینانەتان کردووەتە خوای خۆتان بڕواتان بە دروست بوونی وجودو کارگێڕانی گەردوون و شت بەدەستی ئەو خودایانە هەیە، لە کاتێکدا خوایەکی تاك و تەنها هەیە کە الله یە عز وجل، بۆیە ئەگەر جیاوازی هەبوایە ئەو کاتە قەومەکەی ئیبڕاهیم بڕوایان بە بەدیهێنەرایەتی خوای تاك و تەنها ئەبوو بە بەڵگەی ئەم ئایەتە: ﴿أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِي حَآجَّ إِبۡرَٰهِـۧمَ فِي رَبِّهِۦٓ أَنۡ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلۡمُلۡكَ إِذۡ قَالَ إِبۡرَٰهِـۧمُ رَبِّيَ ٱلَّذِي يُحۡيِۦ وَيُمِيتُ قَالَ أَنَا۠ أُحۡيِۦ وَأُمِيتُۖ قَالَ إِبۡرَٰهِـۧمُ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَأۡتِي بِٱلشَّمۡسِ مِنَ ٱلۡمَشۡرِقِ فَأۡتِ بِهَا مِنَ ٱلۡمَغۡرِبِ فَبُهِتَ ٱلَّذِي كَفَرَۗ ٢٥٨﴾[٣٢٢]، واتە: سەیری ئەو کەسە ناکەن کە نمرودە لەگەڵ ئیبڕاهیم کەوتە موجادەلەو غەوغا دەربارەی خودا، چونکە خودا دەسەڵاتی پێدابوو لە خۆی گۆڕابوو، ئیبڕاهیم پێی گوت: خودای من ئەو زاتە بێ

[٣٢١] سورة الأنعام: ٧٤

[٣٢٢] سورة البقرة: ٢٥٨

وێنەیە کە لە ڕۆژی قیامەتدا مردوو زیندوو ئەکاتەوەو لە دونیادا ئەیمرێنیٚ؟ ئەویش گوتی: منیش مردوو زیندوو ئەکەمەوەو زیندووش ئەمرێنم، واتە: حوکمی ئیعدام یان عەفووی بۆ دەرئەکات، بەمەش ئەوەی ئیعدامی ئەکات و ئەیکوژێ ئەوە مراندوویەتی، وە ئەوەیشی عەفووی ئەکات بە زیندوویی بەجێی هێشتووە. ئینجا ئیبراهیم گوتی: خودای من خۆر لە ڕۆژهەڵاتەوە ئەهێنێ، تۆ ئەگەر توانات هەیە لە خۆر ئاوابوونەوە بیهێنە؟ نەمردووی کافر مات بوو دەمی بەسترا. سەیرکەن کابرا ئەسڵەن هەر بڕوای بە خودا نیە، بەڵکوو هەر خۆی بەخوا ئەزانێ، هەر بۆیەش خوای گەورە لەوێ ئالیهەی بەکارهێنا کە هاوواتایە لەگەڵ ناوی ڕەب. لێرەش دابەشکردنەکە پوچەڵ بوویەوە.

٦ـ ﴿فَقَالَ أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلۡأَعۡلَىٰ ﴿٢٤﴾﴾[٣٢٣]، واتە: فیرعەون بە موساو هارونی گوت: من خودای گەورەی ئێوەم. دارو دەستەی فیرعەون و قەومی فیرعەون جگە لە بەنی ئیسرائیلی نەبێ فیرعەونیان بە خودا ئەزانی و کە ژیان و مردنیان هەر بەدەستی ئەوەو شایستەی پەرستنیشە. واتە: فیرعەون بڕوای هەر بە وجودی خودا نەبوو و نەی ئەناسی. ئینجا دوای ئەوەی کە حەزرەتی موسا خوایان پێ ناساند ئینجا زانی کە خوایەك هەیە ناوی الله یە، بەس دانی پێدا نەنا. لە ئایەتێکدا بە هامان دەڵێ: ﴿أَسۡبَٰبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ فَأَطَّلِعَ إِلَىٰٓ

[٣٢٣] سورة النازعات: ٢٤

إِلَـٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّي لَأَظُنُّهُۥ كَـٰذِبًاۚ ﴿٣٧﴾﴾[٣٢٤]، واتە: لە پێشدا بە هامانی گوت کەوا تەلارێکی بەرزی بۆ دروست بکات بەڵکوو بەهۆی ئەو تەلارانەوە بگاتە چەند ڕێگاییێ. واتە: ڕێگای ئاسمانەکان، دواتر فیرعەون ئەڵێ: بەهۆی ئەو ڕێگایانەی ئاسمانەکانەوە کە وەکوو ڕوانگە لێیانەوە بڕوانم و لە بارەی خواکەی موساوە ئاگاداری پەیدا بکەم، چونکە من گومانم وایە موسا درۆ ئەکات (پەنا بەخوا). جا لە ئایەتی یەکەم فیرعەون دووپاتی ئەوەی کردەوە کەوا ئەو خوایەکی گەورەیە پەنا بەخوا بۆیە داروودەستەکەی و میللەتەکەی جگە لە بەنی ئیسرائیلەکان نەبێ ئەویان ئەپەرست و وایان ئەزانی ژیان و مردن و کاروباری جیهان هەمووی بەدەست ئەوەو ئەو شایستەی پەرستنە. بۆیە لەمەوەش دەرکەوت جیاوازی نیە لە نێوان ئولوهیەت و ڕبوبیەت و ئەسمائو سیفات.

٧ـ ﴿وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنۢ بَنِىٓ ءَادَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْۖ قَالُوا۟ بَلَىٰۛ ﴿١٧٢﴾﴾[٣٢٥]، واتە: ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بیری ئەوە بکەرەوە کە خودای گەورە لە پێش لە دایکبوونی هەر ئینسانێ لەو کاتەدا کە تۆو بووە لە پشتی باوکیدا ئەو تۆوەی هۆشیار کردووەتەوەو قسەی لەگەڵ کردووە: ئایا من خودای ئێوەم؟ ئەوانیش گوتیان:

---

[٣٢٤] سورة غافر: ٣٧

[٣٢٥] سورة الأعراف: ١٧٢

بەڵێ خوای ئێمەی. سەیرکەن بزانە چۆن لێرە ڕەببی بەکار هێنا نەك ئیلاه، چونکە هەر دوو مانا ئەدات، بە بەڵگەی ئەوە وا ئەگەیەنێ کەوا ئێمە تەنیا بڕوامان بە بەدیهێنەرایەتیەکەی هەیە نەك پەرستنەکەی، مولحیدەکانیش بڕوایان بە ڕبوبیەتیش نیە، ئەمما ئەوە ڕاست نیە، لەفزەکە گشتیەو هەر سێ دەگرتەوە ڕبوبیەت ئولوهیەت ئەسمائو سیفات، ئەگەر جیای بکەیەوە وەکوو ئەوە وایە خودا پێیانی گوتوبێ ئایا من بە دیهێنەری ئێوەم؟ ئەوانیش گوتیان بەڵێ، ئەمما بۆ پەرستن نا من خودای ئێوە نیم. ئەی نەتان بیستووە لە گۆڕدا کە یەکەم پرسیار لە مرۆڤ ئەکرێ چیە ئەویش (مَنْ رَبُّكَ) خودات کێیە، ئەگەر بە قسەکەی هەندێ لەو زانایانە بێ ئەوانەی کە دانیان بە بەدیهێنەرایەتی خوداناوە تەواو ڕزگاریان دەبێ، وە پرسیاری پەرستنیان لێ ناکرێ چونکە مەفهومی ڕەببی جیا کردووەتەوە لە ئولوهیەت، ئەمەش ئەوپەڕی هەڵەیە، چونکە کە پێی ئەگوترێ ڕەببی تۆ کێیە ئەوە واتای هەموو ئەگەیەنێ هەم ئولوهیەت، وە هەمیش ئەسمائو سیفات، ئەوەتە خوای گەورە بزانە چی بە پێغەمبەرمان دەفەرمووێ لە دەیان ئایەتی تری قورئاندا کە ڕەببی دووبارە کردووەتەوەو هەمان مەفهومی ئولوهیەت ئەگەیەنن لەوانە: ﴿وَٱذۡكُر رَّبَّكَ فِي نَفۡسِكَ تَضَرُّعٗا وَخِيفَةٗ وَدُونَ ٱلۡجَهۡرِ مِنَ ٱلۡقَوۡلِ بِٱلۡغُدُوِّ وَٱلۡأٓصَالِ وَلَا تَكُن مِّنَ ٱلۡغَٰفِلِينَ ﴿٢٠٥﴾﴾[٣٢٦]، واتە: یادی خودای

[٣٢٦] سورة الأعراف: ٢٠٥

خۆت بکەوە لە نەفسی خۆتداو بە نهێنی بێ ئەوەی دەری بێخی.... سەیرکە لێرە باسی پەرستنی کردووەو لەگەڵ ئەوەش وشەی ڕەببی بەکار هێناوە، ئاخر گەلحۆییە بگوترێ: ئەی محمد یادی بە دیهێنەرت بکەوە نەك پەرستراوت، چونکە ئەوەی لێرەدا ئەم جیاکاری بکات لە کوفرەوە نزیکترە نەك ئیمان، چونکە پێغەمبەر صلی الله هەر یەك خودای هەبووەو هەر ئەوی پەرستووە کە الله یە جل جلالە. وە لەوانە: ﴿وَٱذۡكُر رَّبَّكَ كَثِيرًا وَسَبِّحۡ بِٱلۡعَشِيِّ وَٱلۡإِبۡكَٰرِ ٤١﴾[327]، واتە: زۆر یادی خوای خۆت بکەوەو تەسبیحاتی بکە لە دەمەو بەیانیان و ئێواراندا. سەیری خیتابی قورئان بکەن هەمان مەفهومی ئولوهیەت و ڕبوبیەتە کە ئاڕاستەی سەروەرمانی کردووە. وە لەوانە: ﴿وَٱذۡكُر رَّبَّكَ إِذَا نَسِيتَ وَقُلۡ عَسَىٰٓ أَن يَهۡدِيَنِ رَبِّي لِأَقۡرَبَ مِنۡ هَٰذَا رَشَدًا ٢٤﴾[328]، واتە: ئەگەر لەبیرت چوو بڵێی إن شاء الله ئەوە کاتێ بەبیرت هاتەوە ئەی محمد صلی الله علیه وسلم ئەوە یادی خوای گەورەت بکە کە بڵێی إن شاء الله، وە بشڵێ تکام وایە خودا شارەزام بکات بۆ زانینی شتێ کە لەزانینی بەسەرهاتی (یارانی ئەشکەوت) زیاتر لە پێغەمبەرایەتیم بگەیەنێ. سەیرکە گوتی گەر خوای گەورەت لەبیرکرد لەکارەکانت بڵێی إن شاء الله یادی ڕەببی خۆت بکە واتە یادی ئیلاهی

[327] سورة آل عمران: ٤١

[328] سورة الكهف: ٢٤

خۆت بکە، هەمان مەفهوومە. لێرەش باسی یادی خوای گەورەیە کە لقێکە لە پەرستشەکان. وە لەوانە: ﴿وَٱذۡكُرِ ٱسۡمَ رَبِّكَ وَتَبَتَّلۡ إِلَيۡهِ تَبۡتِيلٗا ﴾[329]، واتە: ناوی خوای خۆت بهێنەو بە دابڕان بۆی دابڕێ لە هەموو شتێ. سەیرکەن هەمان خیتابەو هیچ جیاوازیەکەی نیە، مەفهومی پەرستنەو لەگەڵ ئەوەش ڕەببی بەکارهێناوە.

٨ـ ﴿وَلَقَدۡ قَالَ لَهُمۡ هَٰرُونُ مِن قَبۡلُ يَٰقَوۡمِ إِنَّمَا فُتِنتُم بِهِۦۖ وَإِنَّ رَبَّكُمُ ٱلرَّحۡمَٰنُ فَٱتَّبِعُونِي وَأَطِيعُوٓاْ أَمۡرِي ﴾[330]، واتە: بەڕاستی هاڕونیش پێشتر پێی وتبوون: ئەی قەومەکەی من ئێوە بەهۆی ئەو گوێرەکەوە گرفتار بوون، ئەمە خودای ئێوە نیە، خودای ئێوە خودای میهرەبانە، دە شوێنی کەون و بەگوێی فەرمانی من بکەن. سەیرکەن بزانە چۆن بە بەنی ئیسڕائیلیەکانی گوت: ڕەببی ئێوە، ئەمەش هەمان واتا ئەگەیەنێ کە بۆ یەك زاتە ئەویش خوای گەورەیە.

٩ـ ﴿أَمِ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةٗۖ قُلۡ هَاتُواْ بُرۡهَٰنَكُمۡۖ هَٰذَا ذِكۡرُ مَن مَّعِيَ وَذِكۡرُ مَن قَبۡلِيۚ بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ٱلۡحَقَّۖ فَهُم مُّعۡرِضُونَ ﴾[331]، واتە: چەند

---

[329] سورة المزمل: ٨

[330] سورة طه: ٩٠

[331] سورة الأنبياء: ٢٤

خوایەکیان لە زاتی (واجبی وجود) بەولاوە بۆ خۆیان دایانناوەو ڕایانگرتووە، دەی پێیان بڵێ: بەڵگەی خۆتان بێنن لەسەر ڕاستی ئەوەی کردووتانە، ئەم کتێبەی بۆ من هاتووە پەندو ئامۆژگاری من و ئەو پێغەمبەرانەی ترە کە پێش من هاتوون کە هەموویان خوایان هەر بە یەکێ داناوە، بەڵکوو زۆرتری ئەمانە کە هاوبەش بۆ خوا دائەنێن ئەزانن ڕاستیەکە کامەیەو لێی لائەدەن و پشتی تێ ئەکەن. ئیمامی تەبەڕی ئەفەرمووێ: "ئەو موشریکانە جگە لە خوای گەورە ئالیهەتانێکیان واتە: خودایانێکیان بۆ خۆیان داناو بڕیاردا کە سوود ئەگەیەنن و زیان ئەگەیەنن، وە دروست ئەکەن و ئەژێنن و ئەمرێنن، ئەی **محمد** پێیان بڵێ: حوججەو دەلیلتان بێنن ئەگەر ئێوە لەوەی کە بڕواتان پێیەتی و بە حەقی ئەزانن لە وتەکەتان دەربارەی ئەوە تاوەکوو ببێتە بەڵگە لەسەر ڕاستگۆییتان"[٣٣٢]. ئەمەش بەڵگەیە کە لێکیان جیا نەکردووە کە موشریکەکان بڕوایان بە سوودو زەرەرگەیاندن دروستکردنی شتان و ژیان و مراندنی خواکانی خۆیان هەبووە.

١٠ـ ﴿وَقَالُواْ مَا هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنۡيَا نَمُوتُ وَنَحۡيَا وَمَا يُهۡلِكُنَآ إِلَّا ٱلدَّهۡرُۚ وَمَا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنۡ عِلۡمٍۖ إِنۡ هُمۡ إِلَّا يَظُنُّونَ ٢٤﴾[٣٣٣]، واتە: کافرەکان وتیان: لە ژیانی ئەم دونیایەمان بەولاوە ژیانێکی تر نیەو پاش ئەم ژیانە ئەمرین و

[٣٣٢] (تفسير الطبري)(ب١٨/ل٤٢٦).

[٣٣٣] سورة الجاثية: ٢٤

ژیان ئەبڕێتەوە، لە چەرخ و گەردوون بەولاوە کەس نامانمرێنێ و هیچ زانیارییەکیشیان لەم بارەوە نیەو لە خۆیانەوە قسە ئەکەن و هەر بە خەیاڵ و گومانی خۆیان وا ئەڵێن. تەبەڕی ئەفەرمووێ: ئەمە وتەی موشریکەکانی عەڕەبە......، (وما يهلكنا إلا الدهر) خوای گەورە لە بری ئەو موشریکانە هەواڵێداوە کە گوتیان: هیچ شتێك لە ناومان نابات تا تیا بچین جگە لەو شەوو ڕۆژە ڕۆیشتووانەو تەمەن درێژیە نەبێ، ئەمەش وەك ئینکاریەك لەوانەوە کەوا خوایەکیان هەبێ لەناویان ببات"[334]. سەیرکە باسی موشریکی عەڕەب ئەکات کە باوەڕیان هەر بەخودا نەبووە کە خودایەك هەیە لەناویان دەبات، کابراش هاتووە دەڵێ موشریکی عەڕەب هەمووی ئیمانیان بە ڕوبوبیەت هەبوەو جیاوازی خستووەتە نێوان ئەو دوو ناوەوە، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەش ﴿وَضَرَبَ لَنَا مَثَلاً وَنَسِيَ خَلْقَهُۥ ۖ قَالَ مَن يُحْىِ ٱلْعِظَٰمَ وَهِىَ رَمِيمٌ ﴿٧٨﴾﴾[335]، واتە: کابرای خوانەناس ئێسقانێکی ڕزیوی بە نموونە بۆ هێنایەوە کە گوایە مردوو زیندوو ناکرێتەوە، کەچی دروستکردنی خۆی لە یادچوو کە چۆن لە دڵۆپێ ئاو دروستمان کردووە، وتی: کێ ئێسقانی ڕزیو زیندوو ئەکاتەوە؟ مەبەستی ئەوەبوو کەس ناتوانێ زیندووی بکاتەوە، تەبەڕی لە موجاهیدەوە گێڕاویەتیەوە کەوا ئوبەی کوڕی خەلەف بەخۆو

---

[334] (تفسير الطبري)(ب٢٢/ل٧٨).

[335] سورة يس: ٧٨

ئێسکێکەوە هاتە لای پێغەمبەری خوا صلی اللە علیە وسلم، وە هەمان شت لە قەتادەوەش ڕیوایەتی کردووەو ئەو زیادەشی هێناوە: ئوبەی هات و ئێسکەکەی ورد کرد لەبەر دەستی پاشان بەبایداو گوتی: کێ ئەمە زیندوو ئەکاتەوە لە کاتێکدا پوکاوەتەوە؟ خۆشەویستیشمان فەرمووی: خوای گەورە زیندووی ئەکاتەوەو پاشان ئەیمرێنێ، پاشان تۆش ئەخاتە ناو ئاگرەوە، هەندێکیش گوتویانە: ئەوە عاصی کوڕی وائیل بووە"[336].

١١ـ ﴿وَجَعَلُوا۟ لَهُۥ مِنْ عِبَادِهِۦ جُزْءًا ۚ إِنَّ ٱلْإِنسَـٰنَ لَكَفُورٌ مُّبِينٌ ﴿١٥﴾ أَمِ ٱتَّخَذَ مِمَّا يَخْلُقُ بَنَاتٍ وَأَصْفَىٰكُم بِٱلْبَنِينَ ﴿١٦﴾ وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِمَا ضَرَبَ لِلرَّحْمَـٰنِ مَثَلًا ظَلَّ وَجْهُهُۥ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ ﴿١٧﴾ أَوَمَن يُنَشَّؤُا۟ فِى ٱلْحِلْيَةِ وَهُوَ فِى ٱلْخِصَامِ غَيْرُ مُبِينٍ ﴿١٨﴾ وَجَعَلُوا۟ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةَ ٱلَّذِينَ هُمْ عِبَـٰدُ ٱلرَّحْمَـٰنِ إِنَـٰثًا ۚ أَشَهِدُوا۟ خَلْقَهُمْ ۚ سَتُكْتَبُ شَهَـٰدَتُهُمْ وَيُسْـَٔلُونَ ﴿١٩﴾ وَقَالُوا۟ لَوْ شَآءَ ٱلرَّحْمَـٰنُ مَا عَبَدْنَـٰهُم ۗ مَّا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنْ عِلْمٍ ۖ إِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ ﴿٢٠﴾﴾[337]، واتە: ئەم کافرانە بەشێ لە بەندەکانی خوایان داناوە لەبەرچی؟ گوایە ئەوانە ئەولادی ئەون وەك ئەوە کە وتوویانە فریشتە کچی خوان. بەڕاستی ئادەمیزاد کافرە بەخواو بە ئاشکرا کوفری خوای خۆی ئەکاو کوفرەکەی دەرئەبڕێ. یاخود خوا لەوانەی

[336] (تفسیر الطبري)(ب٢٠/ل٥٥٤).

[337] سورة الزخرف: ١٥ـ٢٠

که خۆی دروستیان ئەکات کچی بۆ خۆی بڕیارداوەو ئێوەی هەڵاوێردکردووە بەوە کە کوڕی داونیێ؟ کەچی ئەگەر موژدەی لە دایکبوونی وێنەی ئەوە بدرێ بە یەکێکیان کە خۆیان بە نموونە بۆ خوایان هەڵبژاردووە کە کچە ئەوەبوو وتبوویان خوا فریشتەکانی خۆیی بە کچ دروست کردووە، ڕووی لە خەفەتبارییان ڕەش هەڵئەگەڕێ و، لە ڕقاندا کە لە دڵیان پەنگی خواردووەتەوە، خەم و پەژارە سەرو سیمای دائەگرێ، چونکە ئەوان کچیان بەولاوە زۆر هیچ و ناچیز بووەو زۆر جار کە کچیان بووە لە داخاندا زیندەبەچاڵیان کردووە. ئایا ئەم کافرانە نەوەیەك بۆ خوا قەرار ئەدەن وەکوو کچ بێ کە لەناو خشڵ بە نەرمی و نیانی پەروەردە ئەکرێ و، کە کەوتیشە هەرایەکەوە ناتوانێ مەبەستی خۆی دەربڕێ و داکۆکی لە خۆی بکات. فریشتە کە بەندەکانی خوان، ئەم کافرانە بە کچیان داناون و وتوویانە: ئەمانە کچی خوان، ئایا ئەمانە لە کاتی دروستکردنی فریشتەدا لەوێ بوون و بەچاو دیتیان کە خوا بە مێ دروستی کردن؟ ئەم شایەتیەی ئەمانە داویانە لە بارەی فریشتەوە کە گوایە کچن، لەسەریان ئەنوسرێ و لە ڕۆژی قیامەتدا پرسیاریان لێ ئەکرێ لەسەری. کافرەکان ئەڵێن: ئەگەر ڕەحمان واتە: خودا مەیلی لێ بوایە ئێمە ئەم بتانەمان نە ئەپەرست، ئەوانە هیچ لەم بتانە نازانن و هەر لە خۆڕایی قسەی پووچ ئەکەن. سەیرکەن بڕوایان بە فرەیی خودا هەیەو فریشتەکانیان بە کچی خودا داناوەو تەصەڕڕوفی بەڕێوەبردنی گەردوونیش لەگەڵ خوادا بە فریشتەکانیش دراوە چونکە ئەمانیش کچی

خوان، هەروەکوو نەصرانیەکانیش عیسایان کردە ڕۆڵەی خوا، کە تەصەڕوف ئەکات وەکوو باوکی کە الله یە پەنا بەخوا لە گەردوون و کاروباری ژیان، کە مردن و ژیان بەدەستی ئەوانە، ئیتر ئەم بیرۆچکە کوفرەو فرەیی کردنی زاتی خوا لەناو عەرەب مەشهوورە، وە گەلەکانی ئیبراهیم و لوت و وێنەی ئەمانیش ئەسڵەن هەر خوایان نەناسیوە.

پوختەی بابەت: هیچ جیاوازیەك نیە لە نێوان وشەی ڕبوبیەت و ئولوهیەت، وە سەبارەت بە قوڕەیشیەکانیش بە بەڵگەی ئایەتەکانی تر لە دوو حاڵەت بەدەر نین:

١ـ بڕوایان بە خوداو فرەیی و ئەولادی هەبووەو ئەمانەش لەگەڵ خوایە تەصەڕوف لەگەردوون ئەکەن، بەمەش ئەو ئایەتانەی کە دەڵێ (ئەگەر پرسیاریان لێ بکەن کێ ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە، ئەڵێن: خودا) ئەوە درۆ ئەکەن دەعواکەیان هەر بەزارە بەبەڵگەی تەبەڕی وەك لەسەرەوە گوتی ئەگەر گوتیان خوایە تۆش بڵێ الحمدلله. وە خودی فرەیی دانان بۆ زاتی خوا ئەمە ڕەفزی خوایەتی خوا دەکات چ بەمانای بەدیهێنەرایەتی بێ چ بەمانای پەرستن، چونکە ئەگەر ڕەفزی پەرستنی خوایەك بکرێت کەواتە ڕەفزی تەصەڕووفی خوایەتی خواش کراوە، وە لە هەمان کاتیشدا ڕەفزی سیفات و ناوەکانیشی کراوە، وە حاڵەتی دووەمیش خودا بە ئەگەر هێناویەتی ئەگەر پێیان بگوترێ، جا کاتێکیش پێیان ئەگوترێ بە زمان

ئەڵێن ئەمما بە کردار دانی پێدا نانێن، چونکە بەهۆی هەبوونی سێ سەدو شتێك لە خواکانیان. بۆیە خۆشەویستەکەم بزانە لەگۆڕیشدا ئەوەت پێ دەگوترێ: (من ربك) کێ خواتە، پێت ناگوترێ: (من ربك ومن الهك) تا لێك جیا بکرێتەوە. بۆیە ئەوکەسە بڵێتن الله ئیتر تەواو ڕزگاری دەبێ لەم پرسیارە ئەگەر لە دونیا بە دڵ و زوبان دانی پێدا نابێ.

٢ـ گریمان ئەگەر بڕواشیان بە بەدیهێنەرایەتی خوا هەبووبێ، ئایە بوونی سێ سەدو شتێك بت لە مەککە بەڵگەی ڕەفزی بەدیهێنەرایەتی نیە؟! چونکە تەصەڕووفی هەموو گەردوون و ژیان و مردنیان و ڕۆزی دانیان و چارەنووسیان بەسەدا سەدی بەبڕوای خۆیان لە ژێر تەصەڕڕوفی ئەو بتانەدا بووە.

تێبینی: ئایەت گەلێکی زۆر هەبوو لەسەر ئەو بابەتە نە ئەکرا لەوە زیاتر درێژی بکەینەوە.

## هەڵواسینی نوشتە

ئایە هەڵواسینی نوشتە شیرکە؟

* لای مالیکیەکان:

ئیبن و عبد البر ئەفەرمووێ: "ئیمامی مالیك ڕەحمەتی خوای لێ بێ فەرموویەتی: خراپ نیە هەڵواسینی ئەو نوسراوانەی کە ناوەکانی خوای گەورەی تێدایە بە گەردەنی نەخۆش گەر بە مەبەستی تەبەڕڕوك وەرگرتن بێ، جا ئەگەر بەو هەڵواسینەی مەبەستی دەفعی چاووزار نەبێ، ئەمە مانای پێش دابەزینی ئەوەیە شتێکی بەرکەوتبێ لە چاووزار، وە ئەگەر بێت و شتێکیشی بەرکەوتبێ لە چاووزار ئەوە لای مالیك دروستە ڕووقیە بکرێت و نوسراو هەڵبواسرێ"[٣٣٨].

وە لە کتێبی (تاج الإكليل)یشدا هاتووە: ئەشهەب فەرموویەتی: خراپ نیە ئەوەی کە ئافرەتی حەیزدارو دووگیان و منداڵ هەڵیئەواسن لەبەر نەخۆشی یاخود چاووزار، وە ئەسپ و ئاژەڵەکانیش"[٣٣٩].

* لای شافیعیەکان:

---

[٣٣٨] (التمهيد لإبن عبد البر)(ب١٧/ل١٦١).

[٣٣٩](التاج الإكليل)(ب١/ل٣٠٤).

ئیمام نەوەوی لە حافیزی بەیهەقیەوە ئەم ڕیوایەتانەی هێناوە (بەیهەقی بە سەندێکی صەحیح لە سەعیدی کوڕی موسەیبەوە گێڕاویەتیەوە کەوا فەرمانی ئەکرد قوڕئان هەڵبواسن، وە ئەیفەرموو: هیچ خراپەیەکی تێدا نیە. جا بەیهەقی ئەفەرمووێ: "ئەمە هەمووی ئەگەڕێتەوە بۆوەی کە گوتمان: ئەگەر ئەو کەسەی کە ڕوقیە ئەکات بە شتێك کە نازانرا (واتە: غەیری قوڕئان و ئەو دوعایانەی کە ناسراون)، یاخود ئەو جۆرە ڕوقیە بوو کە لە سەردەمی جاهیلیەتدا ئەکرا ئەوە دروست نیە، بەڵام ئەگەر بە قوڕئان ڕوقیەی کرد یاخود بە شتێك کە زیکرەکانی خوا بە نیەتی تەبەڕڕوك وەرگرتن لەو ڕوقیانەوە، وە پێشی وابێ دابەزینی شیفا لە خواوەیە ئەو کاتە خراپ نیە خوای گەورەش زاناترە"[٣٤٠].

ئیمامی قوڕتوبیش ئەفەرمووێ: "خراپ نیە ئەگەر قوڕئان بنوسرێتەوە پاشان پێی دەرخواردی نەخۆش بدرێ"[٣٤١]. وە لە ئەبو جەعفەرەوە ڕیوایەتکراوە کەوا فەرموویەتی: ئەگەر کەسێ هەستی بە دڵڕەقی کرد با سورەتی (یس) لە جامێکدا بە زەعفەڕان بنوسێتەوەو ئاوی تێبکات و بیخواتەوە.

---

[٣٤٠] (المجموع الفتاوى)(ب٩/ل٧٤).

[٣٤١] (تفسير القرطبِي)(ب١/ل٣١).

وە هەروەها هەر لە هەمان کتێبدا لە بەیهەقیەوە نەقڵی کردووە کەوا بەیهەقی فەرموویەتی: "ئەو ڕێگری کردن و پێ ناخۆش بوون لە نوسینەوەی نوشتە ئیحتیمالی ئەوە ئەکرێ ئەو کەسەی کە هەڵیئەواسێ لە کاتێکدا ساغ و بێ بەڵایە، جا لاچوونی عیللەتەکەش لە هەڵواسینەکە ئەوە لەسەردەمی جاهیلیەتدا بووە، ئەمما ئەو کەسەی کە هەڵیئەواسێ بە نیەتی تەبەڕڕوك کردن بە زیکری خوای گەورە کە تیایدایە، وە ئەوەش بزانێ کە هیچ کەسێك نیە لابەری دەردو خەمەکان بێ، وە لێشی دوورخاتەوە جگە لە خوای گەورە نەبێ، ئەگەر بەو نیەتەوە بێ إن شاء الله خراپ نیە"[٣٤٢]. وە بەیهەقی بە سەندی خۆیشی لە عائیشەوە ڕەزای خوای لێ بێ ڕیوایەتی کردووە کە فەرموویەتی: نوشتە ئەوە نیە پێش بەڵا هەڵواسرێ، بەڵکوو نوشتە ئەوەیە دوای هاتنی بەڵا هەڵواسرێ، تاوەکوو دەفعی شتە تەقدیرکراوەکان بکات. وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە فەرموویەتی: نوشتە ئەوەیە پێش بەڵا هەڵواسرێ، وە ئەوەی دوای هاتنی بەڵا هەڵئەواسرێ ئەوە نوشتە نیە. جا بەیهەقی ئەفەرمووێ: ئەم ڕیوایەتە صەحیحترە، پاشان بە سەنەدێکی صەحیح هەر لە دایکمان عائیشەوە ڕیوایەتی کردووە کە فەرموویەتی: ئەوە نوشتە نیە کە دوای ئەوەی کە بەڵا ئەکەوێ ئینجا هەڵواسرێ. جا بەیهەقی

[٣٤٢] هەمان سەرچاوە (ب٩/ل٦٣).

ئەفەرمووێ: ئەم ڕیوایەتە بەڵگەیە لەسەر صەحیحی ڕیوایەتەکەی پێش خۆی".

شێخ زەکەریای ئەنصاریش ئەفەرمووێ: "دروستە دەست لێدان و هەڵگرتنی ئەو شتەی کە شتێك لە قورئانی تێدا نوسراوەتەوە ئەمەش لە بۆ غەیری دیڕاسەکردن وەکوو تەمائم کە نوشتەیە، کۆی تەمیمەیە واتە: پەناگرتن و خۆپاراستنێکە کە بە منداڵان هەڵئەواسرێ"[343].

* لای حەنەفیەکان:

ئیبن و عابیدین ئەفەرمووێ: "ئەوەی بینیومە لە کتێبی (المجتبى) ئەوەیە کە نوشتەی ناپەسەند ئەوەیە بە غەیری قورئان بێ....، جا ئەفەرمووێ: بێگومان نوشتە ناپەسەندە ئەگەر بە غەیری زمانی عەرەبی بێ، چونکە نازانێ ئەمە چیە ڕەنگە سیحری تێ کردبێ یاخود غەیری ئەمە بێ، ئەما ئەوەی بە قورئان ئەنوسرێتەوە یاخود شتێك لە دوعایەکان ئەوە خراپ نیە"[344]. وە لە شوێنێکی تردا ئەفەرمووێ: "ڕاجیایی هەیە لە شیفا وەرگرتن بە قورئان بەوەی کەوا فاتیحیە بەسەر نەخۆش یاخود پێوەدراو بخوێندرێتەوە یاخود بنوسرێ لە کاغەزێك و پێوەی هەڵبواسرێ یاخود لە تەشتێکدا هەم لێی بخواتەوە، وە هەم خۆی پێ بشوا، وە لە پێغەمبەریشەوە

---

[343] (أسنى المطالب)(ب١/ل٦١).

[344] (حاشية إبن عابدين)(ب٦/ل٣٦٣).

صلى الله عليه وسلم ڕیوایەتکراوە کەوا خۆی پەنا ئەگرت (واتە: دوعای ڕوقیەی بۆ خۆی خوێندووە کە ئەمەش پەناگرتنە بەخوا لەڕێی ئەم ئەسبابانەوە)[٣٤٥]، جا ئیبن و عابیدین ڕەزای خوای لێ بێ ئەفەرمووێ: ئەوەی ئیمڕۆکە خەڵك ئەیکەن دروستە، چونکە چەند ئەسەرێك بەو بۆنەوەیە ڕیوایەتکراوە، وە هیچ خراپیش نیە ئەگەر کەسێکی جەنابەتدارو حەیزدار نوشتە بە باسکی خۆی ببەستێ ئەگەر هاتوو پێچراو بێ"[٣٤٦].

※ لای حەنبەلیەکان:

ئیمامی مەرداوی ئەفەرمووێ: "هەڵواسینی تەمائیم و غەیری ئەویش ناپەسەندە، وە دروستە گەردانەیەك هەڵبواسرێ کە قورئانی تێدایە یان زیکرێك غەیری ئەویش، چونکە دەقی لەسەرە، بەهەمان شێوە تەعویزەش دروستە، وە دروستە قورئان بنوسرێتەوە یاخود زیکرێك لە غەیری قورئان بە عەرەبی، وە بە نەخۆش یاخود ئافرەتی دووگیان هەڵبواسرێ، یاخود لە نێو دەفرێکدا (بنوسرێتەوە) پاشان لێی بخورێتەوەو ڕوقیەی پێوە بکەن، وە بەوەش کە لە قورئان و زیکرو دوعاکاندا هاتووە"[٣٤٧]. بەشی یەکەمی فەتواکەی جێگای سەرنجە ئەڵێ تەمائیم ناپەسندە کەچی هەر خۆیشی

---

[٣٤٥] ئەمەی نێو کەوانەکە ڕوونکردنەوەی دانەرە.

[٣٤٦] هەمان سەرچاوەی پێشوو (ب٦/ل٣٦٤).

[٣٤٧] (تصحيح الفروع)(ب٢/ل١٧٣).

دروستیەتی نوسینەوەو هەڵواسینی داوە. وە ئەشکرێ کە بەشی یەکەمی مەبەستی نوشتە کوفریەکان و غەیری قورئان و دوعاکان بێ کە لەسەردەمی جاهیلیەتدا ئەیانکرد والله اعلم.

وە ئیبن و موفلحیش ئەفەرمووێ: "دروستە گەردانەیەك کە قورئانی تێدا بێ یاخود زیکرێك لە غەیری قورئان، وە هەڵواسینیان چونکە دەقی لەسەرە، وە بە هەمان شێوە تەعوزاتەکانیش، وە دروستە قورئان یاخود زیکرێك لە غەیری قورئان لە دەفرێکی بۆشدا بە عەرەبی بنوسرێتەوە پاشان لەو دەفرەوە ئاو بدرێتە نەخۆش و ئافرەتی تەڵاقدارو، وە بشنوسرێتەوە لەوەی کە دروستە بۆ گرانەتاو نەمەڵە (زیبکەو زامێکە لەسەر جەستە دەردێت بەهی سوتاوی و لە شوێنێکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ شوێنێکی تر)، وە دوپشك و مار پێوەدان و سەر ئێشەو چاووزار، وە ڕوقیە بەوە بکات بە قورئان و زیکرو ئەو دوعایانەی کە هاتوون، وە کەڕاهیەتیشی هەیە ئەگەر بەغەیری عەرەبی بێ، وە حەڕامیش ئەکرێ ئەگەر ڕوقیەو تەعووز بە تەڵیسم و عەزیمەی (ساحیرەکان) بکرێ"[٣٤٨].

وە شێخ ئەبو عەبباس تقی الدین ئیبن و تەیمیە ئەفەرمووێ: "دروستە بۆ کەسێکی بەرکەوتوو موصاب لە کتێبی خوای گەورەو زیکری ئەو بنوسرێتەوە بۆی بە حوبرێکی دروست و موباح، پاشان خۆی بەو نوسراوە

[٣٤٨] (الآداب لإبن المفلح)(ب٢/ل٤٥٥).

بشوات و بیخواتەوە (واتە: ئەگەر لە جامێك بوو ئاوی تێدەکرێ)[349]، چونکە دەقی ئیمام ئەحمەدو غەیری ئەوی لەسەرە، وە عبد الله کوڕی ئیمامی ئەحمەد فەرمووی: بۆ باوکم خوێندەوە (سەنەدی ڕیوایەتەکە ئەهێنێ) کە فەرموویەتی: ئەگەر ئافرەت ویلادەتەکەی سەخت بوو با ئەمە بنووسێ (بسم الله، لا إله إلا الله الحليم الكريم، سبحان الله رب العرش العظيم، الحمد لله رب العالمين ﴿كأنهم يوم يرونها لم يلبثوا إلا عشية أو ضحاها﴾، ﴿كأنهم يوم يرون ما يوعدون لم يلبثوا إلا ساعة من نهار بلاغ فهل يهلك إلا القوم الفاسقون﴾، جا باوکم فەرمووی: ئەسوەدی کوڕی عامر بە سەنەدی خۆی بە ماناکەی فەرمووی: لە ناو دەفرێکی پاکدا ئەنوسرێتەوەو پێی ئەخورێتەوە، وە لە ڕیوایەتی وەکیعیشدا ئەو زیادەیە هەیە کە ئەخواتەوەو لە ناوکی بەرەوخوارەوە ئەپڕژێنێ"[350].

وە فەتوای ئیبن و لقەیمی جەوزیش لە هی ئیبن و تەیمیە نزیکە[351].

وە سەبارەت بەو کەسانەش کە ئەو فەرموودەیە ئەکەنە بەڵگە (هەرکەسێ نوشتە هەڵبواسێ ئەوە شیرکە) ئەمە ڕاست نیە، زاناکان وەڵامیان داوەتەوە

---

[349] ڕوونکردنەوەی دانەرە.

[350] (مجموع الفتاوى)(ب٤/ل١٨٧).

[351] (زاد المعاد)(ب٤/ل١٧٠).

کەوا مەبەست بەو جۆرە نوشتەیە کە شیرك و کوفرو تەڵیسم و عەزائیمی ساحیرانی تێدایە، بێگومان ئەو جۆرە نوشتەیە سیحرە.

ئامۆژگاریم بۆ خەڵکی ئەم سەردەمە:

١ـ تکایە کەسێك ئەگەر نوشتەی هەڵواسی کافرو موشریکی مەکە، چونکە ئەگەر کوفریشی تێدابێ ئەو نایزانێ و هەڵیان خەڵەتاندووە، بۆیە سەیریکە ئینجا بڕیار بدە.

٢ـ هەتا پێتان ئەکرێ نوشتە مەکەن، چونکە بە پێی ئەوەی زۆر لەناو کاری ڕوقیە خوێندن بوومە هەتا پێتان ئەکرێ خۆتان زیکرو حیجاباتەکان بخوێنن، وە کە ئەڵێم مەیکەن لەبەر هۆکاری زۆربوونی ساحیرو فێلبازەکانە، کە خەڵك نازانێ ئەمانە چ دەججالێکن، وە چیان بۆ ئەنووسن.

٣ـ ئەو کەسەی کە نوشتەت بۆ ئەکات ئەگەر گوتی ئەو نوشتە نابێت بکرێتەوە ئەوە بزانە سیحرە.

٤ـ هەرگیز نەکەن بچنە لای ساحیرو فالگرەوەکان چونکە بێ ئیمان دەبن.

٥ـ زۆر کەسی جاهیل ئەو دوعایانەی کە شەرعینە بە جەهلی خۆیان گووتوویانە ئەوە شیرکە، ئەمەش ئەو پەڕی نەزانین و بەگومڕازانینی خەڵکە.

بۆیه تکا ئەکەم گەر لە شتێك نازانی ئەوە قسەی لەسەر مەکە چونکە سەروەرمان ئەفەرمووێ: ئەوەی بێ دەنگ بێ ڕزگاری بووە.

* ئەگەر کەسێ لە ئێوە سیحری لێ کرا، بۆئەوەی سیحرەکە بدۆزیتەوە با ئەم کارە بکات.

١ـ سورەتی ﴿قال موسى ما جئتم به السحر إن الله سيبطله إن الله لا يصلح عمل المفسدين﴾ بخوێنیێتەوە لەبەرەخۆی، وە لەگەڵ گوتنەوەیشی با بگەڕێ بەناو هەموو ماڵەکەیدا هێواش هێواش، هەتا ناو کەنتۆڕو جلەکانیشی، وە حەمام و سەر خانوو و بەردەرگاش، وە نەچێتە ناو توالێت بەڵام لەبەردەمی بوەستێ و بیخوێنێتەوە. جا ئەگەر لە هەرجێگایەك جەستەی تێکچوو یاخود لە هۆش خۆی چوو، یاخود سەری زۆر ژانی کرد ئەوە یان سیحرەکەو جنەکان لەوێنە، یانیش ئەسەری سیحرەکە لەوێوە، جا بۆئەوەی ئەو سیحرە بەتاڵ بکرێتەوە چی بکەین؟ چونکە جاری وا هەیە سیحرەکە لە ژێر خانووەکەیە، ناکرێ کاشی ماڵ و چەمەنتۆ بشکێندرێ، خاڵی دووەم جێ بەجێ بکە.

٢ـ گەڵای وشکی سیدر بکڕە. دواتر لەناو مەنجەڵێکی چێشت لێنان کە پڕ ئاو بێ مستێك لەو سیدرەی تێکە، ئینجا با بکوڵێندرێ، کە تۆزێ بڵقی کرد ئیتر ئەوەندە بەسە، لێی گەڕێ با سارد ببێتەوە، کە ساردبوویەوە دەببەیەك ئاوی گوڵ بکڕە، جا چارەگێك لەو ئاوی گوڵە یاخود چارەگێك زیاتر تێکە ناو ئاوە سیدرەکە. پاشان ئەگەر بتوانی حەوت حیجابەکەی ناو

کتێبی (قلوب الضارعة) هی مامۆستا فتح الله گوڵەن لەسەر ئاوی سیدرەکە بخوێنی زۆرچاکە، ئەم حیجابانە هی ئیمامی جەعفەری صادقەو هەمووی قورئان و دوعایە، بەس هەتاوەکوو ئێستاکە هیچ حیجابێکم نەبینوە لەوە بەهێزتر بێ، وە لەسەر کەسێك بخوێندرێ کە سیحری لێ کرابێ یان جنی لە لاشە بێ ئەوە ڕێك بە ئیزنی خودا شیفای بۆ دێ، وە جنەکانیش زۆر لەو حیجابە ئەترسێن، چونکە زۆر زوو ڕائەکەن، خۆم زۆرم لەسەر نەخۆشان خوێندووە، بۆیە کاریگەریکەی بەچاوی خۆم بینیومەو زۆر بەهێزە. جا ئەگەر ئەویشتان دەست نەکەوت ئەوە ئەتوانن سەرەتای سوڕەتی بەقەڕەو ئایەتی کورسی و کۆتاییەکەی، وە لەگەڵ سەرەتای سوڕەتی یس، وە الصافات، وە ئایەتەکانی بەتاڵکردنەوەی سیحر، وە سەرەتای سوڕەتی جن، وە لەگەڵ قولەکان سێ جار سێ جار لەسەر ئاوەکە بخوێنەوە، جا کە تەواوبووی لێی بخۆرەوە چونکە ئەگەر سیحری خواردن و خواردنەوەت لێکرابێ ڕێك ئەڕشێیتەوە، وە هەوڵدە ناومالّی پێ بڕشێنی بەتایبەت ئەو جێگەیەی کە لێی تێکچووی لەکاتی دۆزینەوەی شوێنی سیحرەکە، وە هەتا جلەکان و ناو کەنتۆڕو هەموو ماڵەکەو بەردەرگاو سەرخانوو بڕشێنە، جۆری ڕشانەکەش سیدرەکە لەناو دەببەی سپڕای جام خاوێنکەرەوە بکە تاوەکوو سیدرەکە بەشت بکات. ئینجا ئەتوانی لەو ئاوی سیدرەی کە ماوە ئاوی ساردی تێبکەی چونکە ئاوی سارد زۆر گرینگە، ئینجا خۆتی پێ بشۆ.

تێبینی١: ئەی ئەگەر سیحرەکە بەتاڵ بوویەوە کەسەکە جن لەلاشەی هەبوو لەو کاتە چی بکەین باشە؟ وەڵام: لەوەیان وا چاکە بچنە لای کەسێکی چاو نەترسی دیندارو زیرەك و ئیزندراو لەلایەن خوای گەورەوە کە ئیجازەی ڕووقیەی شەرعی پێدرابێ، چونکە بابەتی ڕوقیە وا ئاسان نیەو بەبێ ئیزن دەکەویتە نێو جەنگی جنەکان و ئازارت پێ دەگات و ژیانت تاڵ دەبێ لە دەستیانەوە، بۆیە کە ئیزن درایت ئەوکاتە پاسەوانت دەبێ و سوپای ئیلاهی لەگەڵت دەبێ، جا بە شوێن ئەوکەسانەدا بگەڕێن، ئەگەر دەستان نەکەوت ئەوە خۆت هەوڵدە بە دوو ڕێگە ئەو جنە وێران بکە تا دەرئەچێ.

١ـ ئاوی ساردو خوێ تێکەڵاو بکە خۆتی پێ بشۆ.

٢ـ ئەو حەوت حیجابە ڕۆژێ جارێك بخوێنە تا سددانی دەگاتێ ئەو مەلعونە.

تێبینی٢: ئەتوانن لەبری سیدرەکە ئاوو خوێش بەکار بهێنن بەڵام ئەمجارە کێشەیەك دێتە پێشتان ئەوکەسەی کە جۆری سیحرەکەی خواردن و خواردنەوەیە بێ ئەوە ناتوانێ لەو ئاوە سوێراوە بخوات بۆیە بەندە پێی باشە سیدرەکە بکەن، چونکە زۆر زۆر بەهێزترە لە خوێکە.

تێبینی٣: ئەگەر جۆری سیحرەکە مەدفون شاردراوە بێ لەو کاتەدا ناچاری لە ڕێی ئیستیخارەوە هەوڵبدەی تاوەکوو خوای گەورە شوێنی سیحرەکەت پێ

نیشان بدات، بەزۆریش لە گۆڕستان ئەشاردرێتەوە، وە ناشکرێ بەو ئایەتەی گوتمان کە چۆن سیحر دەدۆزرێتەوە بچیتە گۆڕستان تا ئەو کردارە لەوێ ئەنجام بدەی، چونکە ڕەنگە سەدەها سیحر لەوێ شاردرابێتەوە هی چەندەها ساڵ پێش ئێستا، چونکە لەگەڵ خوێندنەوەی لە هەرجێگایەکی ئەو گۆڕستانە بیخوێنێتەوە ئەوە تێك ئەچێ، بەس یەك ئیحتیمالیش هەیە، ئەوەی سیحرت لێ ئەکات عادەتەن کەسێکی نزیکی خۆتە، بۆیە ئەگەر گومانی گۆڕستانت کرد، یان بەزۆری لەخەو گۆڕستانت ئەبینی، ئەوە هەوڵدە برۆ لای گۆڕی کەس و کاری خۆت لەوێ ئایەتەکە بخوێنەرەوە، إن شاء الله ئەیدۆزنەوە.

وصلى الله على سيدنا محمد وآله وصحبه أجمعين، والحمد لله رب العالمين

# ناوەڕۆك


| بابەتەكان | لاپەڕە |
|---|---|
| دەستپێك بە پێنووسی باوكی غەزالی | ١ |
| پێناسەی ئیمامی نەسەفی | ٦ |
| حەقیقەتی شتەكان جێگیرن | ١١ |
| هەواڵی ڕاست و یەك بەدوای یەك | ١٥ |
| عەقڵ | ٢٠ |
| ئیلهام | ٢٣ |
| گەردوون دروستكراوە | ٢٤ |
| عەرەزو جەوهەر | ٢٦ |
| ماددەو خودا | ٣٠ |
| دروستكردنی ماددە | ٣٧ |
| سیفاتی خودا جل جلاله | ٤١ |
| سیفەتەكانی خوای گەورە دابەش ئەبێ بۆ چەند بەشێك بە ئیعتیبارانێكی جیاواز | ٨٩ |
| سیفەتە مەعانیەكان | ٩١ |
| بینینی خوای گەورە | ١٠٠ |
| خودا دروستكەری كردەوەكانە | ١٠٣ |
| خودا ویستی لەسەر كێ بێ هیدایەتی ئەدات یان گومڕای ئەكات | ١١٩ |
| كردەوەی چاكترین و بەرژەوەندتر لەسەر خودا واجب نیە | ١٢١ |
| ئەگەر خوا هەیە بۆچی خێرو چاكە بەدی ناهێنێ؟ وە ئەگەر نیشە بۆچی شەڕ بەدی دێ | ١٢٤ |

| | |
|---|---|
| سزای گۆڕ | ١٥٠ |
| زیندووبوونەوە | ١٥٢ |
| ڕەفتاری خودا لەگەڵ تاواندا | ١٥٤ |
| شەفاعەتکردن لە ڕۆژی دوایی | ١٥٨ |
| ئیمان | ١٦٣ |
| ئیمان و ئیسلام | ١٨٢ |
| فرەیی ـ التعددیە ـ pluralism | ٢١٧ |
| گوتنی ئیماندارم إن شاء الله | ٢٢٣ |
| چارەنووس | ٢٢٧ |
| ناردنی پەیامبەران | ٢٢٩ |
| موعجیزە | ٢٣١ |
| ژمارەی پێغەمبەران | ٢٤٠ |
| پێغەمبەرایەتی محمد صلی الله علیه وسلم | ٢٥٥ |
| بەڵگەیەتی سوننە | ٢٦٠ |
| گەورەترینی پەیامبەران | ٢٧٩ |
| فریشتەکان | ٢٨٦ |
| کتێبە دابەزێنراوەکانی خوای مەزن | ٣١٣ |
| تەعامولی ئیسلام لەگەڵ چینەکان بەو جۆرەیە | ٣١٨ |
| میعراجی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم | ٣٢٦ |
| کەراماتی ئەولیا | ٣٢٩ |
| گەورەترین مرۆڤ دوای پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم | ٣٣٧ |
| خەلافەت | ٣٣٩ |

| | |
|---|---|
| پێشەوای موسڵمانان | ٣٤٢ |
| نوێژکردن لە دواوەی هەموو کەسێکی چاك و خراپ | ٣٥٤ |
| ڕێزگرتنی هاوەڵان | ٣٥٦ |
| دە کەسە موژدە پێدراوەکە | ٣٦٠ |
| مەسحکردنی خوف | ٣٦١ |
| خۆشاوی نێو گۆزە | ٣٦٢ |
| پلەی ئەولیاو پەیامبەران | ٣٦٦ |
| دەقە شەرعیەکان | ٣٧١ |
| کۆمەڵە باسێکی گرینگ | ٣٩١ |
| نەبوو (عەدەم) | ٣٩٤ |
| دوعا کردن و خێر کردن بۆ مردووان | ٣٩٨ |
| داوا کردن لە خودا | ٤٠٥ |
| نیشانەکانی قیامەت | ٤٢٠ |
| موجتەهید | ٤٢٣ |
| پاشکۆی عەقیدە (هەڵەی دابەشکردنی تەوحید بۆ ڕبوبیەت و ئولوهیەت و ئەسمائو سیفات | ٤٢٥ |
| هەڵواسینی نوشتە | ٤٤٧ |